# ئەدەب چییە؟

ژان پۆڵ سارتەر

# ئەدەب چییە؟

مستەفا غەفوور

لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی و دواتر
لەگەڵ وەرگێڕاوە فارسییەکەی بەراوردی کردووە



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- ئەدەب چییە؟
- نووسینی: ژان پۆڵ سارتەر
- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: د. محەمەد غەنیمی هیلال
- ڕێنووس و ئامادەکردن: د. سەمیر سەرحان و د. محەمەد عەنانی
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: مستەفا غەفوور
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال ڕەواندزی
- پیتچنین: وەرگێڕ
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- چاپ: یەکەم ٢٠٠٩
- ژمارەی سپاردن: ٩٢٣
- نرخ: ٢٥٠٠
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆک)

زنجیرەی کتێب (٣٨٣)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

## پێشکەشە

بە هاوڕێ و مامۆستام

**دکتۆر ڕەفیق سابیر**

کە هانیدام بە وەرگێڕانی ڕۆمانی (**یەکەمین مامۆستا**) ئەم ڕێگایە بگرمە بەر.



## ناوەرۆک


بۆ ڕێڕوونی ............ ٧

ژیان و بەرهەمەکانی سارتەر ............ ٩

چاوخشاندنێك بە فەلسەفەی سارتەردا ............ ١٥

سنوورەکانی ئازادی ............ ١٦

پێگە (Situation) ............ ١٧

ئازادی زەینی و ئازادی ئەبستراکت ............ ١٨

کار و پابەند بوون ............ ٢٠

بنبەست ............ ٢١

دەگمەنی Rarity ............ ٢٢

چۆنییەتی دەستەبەرکردنی زانست ............ ٢٤

مەبەستگەرایی Intentionalite ............ ٢٦

پرسی زمان ............ ٣٠

نامۆیی و شکست ............ ٣٢

لەمەڕ ئەم کتێبە ............ ٣٤

پێشەکی وەرگێڕاوە فارسییەکە لە مەڕ ئەم وەرگێڕانە ............ ٣٧

پێشەکی وەرگێڕدراوە عەرەبییەکە ............ ٤١

پێشەکی نووسەر ............ ٤٣

**بەشی یەکەم: مانای نووسین چییە؟** ............ ٤٥

خاڵەکانی بەشی یەکەم ............ ٤٧

**بەشی دووەم: بۆ دەنووسین؟** ............ ٩١

خاڵەکانی بەشی دووەم ............ ٩٣

**بەشی سێهەم: بۆ کێ دەنووسین؟** ............ ١٢٥

خاڵەکانی بەشی سێهەم ............ ١٢٧

## بۆ ڕێڕوونی

زۆرجار پێشەکی بۆ بابەتی وەرگێڕدراو لە زمانی دووەم و سێهەمەوە و... و دەستاودەست پێکردنی وەك یەخەی شێتی لێدێ!، جگە لە نووسەر هەر وەڕگێڕەی بە چەند سەرنجێك لێکی دەکێشێتەوە، کە دوور نییە خوێنەر بێزار بکات. دیارە پێشەکی، نرخاندن و ناساندنی بابەتی وەرگێڕدراوە بە گشتی و نووسەرە بە تایبەتی یا بە پێچەوانەوە یا هەردووکیان. من پێموایە هەن ئەو نووسینانەی ناساندن هەڵناگرن، هەن ئەو نووسەرانەی پێویست بە ناساندن ناکەن، یا ئەوندە ناسراون پێویستیان بە ناساندن نییە، یا هەڵناگرێ بناسینرێن. ئەوسا کاری پێویست، ڕەنگە ناساندنی بابەتەکە بێ، کە ئەویش ناوەڕۆکی بابەتەکە و هەڵێنجانی وەرگێڕەکە بڕیار دەدات. ئەمەش لە بایەخ و کاریگەری پێشەکی کەم دەکاتەوە چونکە یا وەرگێڕەکە ئەوەنییە، یا زانیارییەکانی بابەتەکە لە خانەی کاری ئەودانین. کەواتە هەمیشە ئەو ترسە هەیە پێشەکی بەقەت باڵای بابەتەکە نەبێ، بۆ بابەتێکی ئاواش ئەگەر سەربار نەبێ پێویستیش نییە. بۆیە سەبارەت بەم بابەتەی بەردەست لە چەند ڕوونکردنەوەیەك بەولاوە لە خۆم ڕانەدیت پێشەکی بۆ بنووسم، جگە لەوەش وەرگێڕی عەرەبی و وەرگێڕی فارسی ئەم بەردەیان لە گۆمێ هاویشتووە!، بە تایبەتی وەرگێڕی فارسی لە زمانی **سیمۆن دی بۆڤوار**ەوە ئەم کتێبە و خودی سارتەریشی وەك نووسەر و هاوسەر ناساندووە.

دیارە بەندە سەرەتا وەرگێڕاوە عەرەبییەکەم لەبەر دەستدا بوو. هەرچەند وەرگێڕی عەرەبی وەك داهێنانێك لە پێشەنگی هەر بەشێکدا بابەتی ئەو بەشەی لە چەند خاڵێکدا چڕ کردۆتەوە، وەلێ هەستم کرد لە دەقەکاندا هێز و پێزی بابەتەکە لە ئەستاتیکی زمانی عەرەبیدا خنکاوە، تەنانەت تێگەیشتنی وەرگێڕاوە کوردییەکەشی بۆ خوێنەری کورد دژوارتر کردووە. بەگشتیش وەرگێڕانی عەرەب لە کورت کردنەوە و کلك و گوێ بڕینی بابەت شارەزان، هاوکات حەوسەڵەی ڕوونکردنەوە و پەراوێزسازییان کەمە. ئینجا وەرگێڕانی بابەتێکی ئەدەبی فەلسەفی بە زمانی سارتەر بۆ عەرەبی و لەویشەوە بۆ کوردی دوورنییە ببێتە دێوجامە و هۆی سڵ کردنەوەی خوێنەری کورد و کوردی خوێن. لەبەر ئەوە بڕیارمدا لەگەڵ وەرگێڕاوە فارسییەکەش بەراوردی بکەم. دیتم وەرگێڕی فارسی بایەخێکی زۆرتری داوە بە وەرگێڕانەکە لە هەمبەر ڕوونکردنەوە و پەراوێزسازی و گەیاندنی مانای ڕوونی دەق و دەستنیشان و ڕاڤە



کردنی ئەو زاراوانەی بۆ خوێنەر نامۆن و تایبەتن بە دەقەکە، کە وەرگێڕی عەرەبی خۆی لێبواردون و وەك هەر زاراوەیەکی سادە لە کاروانی ڕستەی ئاخنیون. بۆیە دوای بەراورد و پوختە کردنی دەقی بابەتەکە، بە باشم زانی پەراوێزی هەدوو وەرگێڕاوە عەرەبی و فارسییەکە، تەنانەت ڕوونکردنەوەکانی کۆتایی هەربەشێکی دەقە عەرەبییەکەش لە خودی دەقەکە یا لە پەراوێزرەکاندا بگونجێنم، تا لانی هەرە زۆری ڕوونکردنەوەی پێویست بخەمە بەردەست. دەتوانم بڵێم ئەم کارەش بە ئەندازەی وەرگێڕانی بابەتەکە ماندووی کردم، هەر لە شیکردنەوەی ڕستە ڕستەی دەق و ڕزگار کردنی لە فەلسەفاندنی زمانە عەرەبییەکە تا دەگاتە ڕەوانبێژی و ڕوونکردنەوەی مانا. دواتر لەو شوێنانەدا هەستم بە ئاڵۆزی ڕستە یا نەگەیاندنی مانا یا نادروونی دەق کردبێ، بۆ ساغ کردنەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلیزی زان نیم پەنام بۆ وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەش بردووە، ڕەنگە بە چنگەڕنێ توانبێتم تا ئەندازەیەك گرفتەکان بنبڕ و بابەتەکە شیاوی خوێندنەوە بکەم. بەکورتی لێنەگەڕاوم تا هەر ڕستەیەك ڕوون و شیاوی هەرس کردنی خوێنەر نەبێ، لەسەر سفرەی بابەتەکە قوت بێتەوە. کەچی هێشتا وەك وەرگێڕی فارسی دەڵێ ئەم کتێبە ئەوە نییە خوێنەر بە جارێك یا دووجار خوێندنەوە لێی تێبگات.

بەندەش ئەوەی لە دەستم هاتبێ درێغیم نەکردووە، خۆشحاڵیش دەبم وەرگێڕان لە هەڵەکان ئاگادارم بکەنەوە تا لە چاپی دواییدا ڕاستی ئەو هەڵانە لە دەقەکەدا بگونجێنم.

ئەوەی ماوە بیڵێم ئەوەیە بەشی چوارهەمی ئەم کتێبە ثیَطةی نووسةرانی ١٩٤٧ پیادەکردنی بۆچوونەکانی سارتەرە کە لە بەشی یەکەم و دووهەم و سێهەمدا هاتووە. نە لە وەرگێڕاوە عەرەبییەکە و نە لەوەرگێڕاوە فارسییەکدا نەبوو، بە چەند هۆکارێك بە پێویستیان نەزانیوە وەریگێڕن، بەڵام من پێمباشە لە دەرفەتێکدا لە هەر زمانێکەوە بۆم بکرێ وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی. چونکە ناساندنی ئەو کەڵە نووسەرانە لە سەر زمانی سارتەر جگە لەوەی ئامانجی ئەم بەرهەمەی بوون، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.

... ئومێدەوارم خزمەتێکم کردبێ.

مستةفا غةفوور

## ژیان و بەرهەمەکانی سارتەر[*]

ژان پۆڵ سارتەر لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینی لە پاریس لە دایك بووە. باوکی کە ئەفسەری هێزی ئاسمانی بوو دوای بە دونیا هاتنی منداڵەکەی، لە هیندستان کۆچی دوایی کرد. دایکی گەڕایەوە بۆ ماڵی باوکی، سارتەر لە ژێر سەرپەرشتی باپیری لە دایکییەوە، گەورە بوو. باپیری مامۆستای زمانی بیانی بوو.

ئەو منداڵە لای باپیرەی کە تەنیا پیاوی ماڵ بوو، زۆر خۆشەویست بوو. دایکی مێردی نەکردەوە تا کوڕەکەی بە قۆناخی کامڵ بوون گەیشت. سارتەر لە ناو کتێب و ژینگەیەکی بورژواییدا گەورە بوو. ئەو قۆناخ و شێوە ژیانە لەسەر بیر و ئەندێشەی ئەو زۆر کاریگەر بووە، دەڵێ: *من هیچکات خاوەنی هیچ نەبوومە، یا لە ماڵی باوکم یالە ماڵی زڕباوکم بووم، هیچ کات خاوەنی ماڵی خۆم نەبووم، کەسانی تر پێداویستییەکانی ژیانیان دابین کردووم* ... . دواتر بە درێژایی ژیانی چ لە نەداریدا و لە هەرکاتێکی تر دا لەسەر هەقدەستی نووسینی کتێبەکانی دەژیا... هەرگیز نەیتوانیوە پارە پاشەکەوت بکات. دەڵێ: ***هەرگیز هیچم نەبووە، بە نەبوونیش سەغڵەت نەبووم.*** لە داوێنی ئەم شێوازەی ژیانی بورژوایی ئاسوودە و ئارامدا بە تایبەتی لەمەڕ مافەکانی خۆیدا پێگەیشتووە. ڕەخنە گرتنی توند لەم شێوە ژیانەی دا بە تایبەتی قۆناخی منداڵی لە داستانی قۆناخی منداڵی سەرۆکێك دا دەردەکەوێت و پاشکۆیەکەی لە ڕۆمانی هێڵنج و ژیاننامەکەشی لە کتێبی دکلەمە دا دەبینین.

لە هەشت ساڵییەوە شتی وەك ڕۆمان و پێشتریش بە لاسایی کردنەوەی لاظۆنتین، داستانی نووسیوە. لە حەڤدە ساڵیدا لەگەڵ ثۆل نیزان[1] گۆڤارێکیان دەرکردووە بە ناوی

(*)ئەم بەشە تا دەگاتە پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی، لە وەرگێڕاوە فارسییەکە وەرگیراوە، بە پێویستم زانی بۆ ڕوونکردنەوەی پتری دەقی بەرهەمەکە لە پێشەنگی کتێبەکەدا بیگونجێنم. هەر پەراوێزێکیش لە دەقە فارسییەکە وەرگیرابێ ئاماژەم پێکردووە، وردە ڕوونکردنەوە و تێبینی خۆشم بە (و/ کوردی).

(١) P.nizan نووسەر و بیرمەندێکی سۆشیالیستە کە بە هۆی پەیمانی ئەڵمانیا و سۆڤییەت، وازی لە ئەندامەتی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسی هێنا و لە ساڵی ١٩٣٩ لە جەنگی جیهانی دووەمدا کوژرا. هەر



طۆظارۆکەی بێ ناو و نیشان و دواتر لە پەیمانگای باڵای پاریس وەرگیرا کە ئەزموونەکانی زۆر سەخت بوون. لە وێدا فەلسەفەی خوێندووە و لەگەڵ سیمۆن دیبۆظوار یەکتریان ناسیوە. لە ساڵی ١٩٢٥ بە خوێندنەوەی سەرمایەداری مارکس و ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی لەگەڵ بیر و هزری مارکس دا ئاشنایەتی پەیدا کردووە. لە ساڵی ١٩٢٩ دوای تەواو کردنی خوێندن لە شاری لهاظەر بووە بە مامۆستای فەلسەفە. لەو ماوەیەدا پتر بەرهەمەکانی کافکا و ڕۆمانی ئەمەریکایی و تەنانەت داستانی پۆلیسشی خوێندەوە. لە ساڵی ١٩٣١ ژیانی ئەدەبی و فەلسەفی چرۆی کرد. زۆر دەیخوێندەوە و زۆر دەینووسی. لە بەندەری لهاظەر گەڵاڵەی ڕۆمانی هێڵنج ی داڕشت، وەلێ پێش نووسینی ئەو ڕۆمانە ڕۆمانێکی تری نووسی بە ناوی ئەرنست، لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوە، دایە دەست چاپەمەنییەکان وەلێ هیچکامیان بە شیاوی چاپ نەزانی. یەکەم شانۆنامەشی بەناوی باریۆن هەرگیز چاپ نەکرا.

لە ساڵەکانی ١٩٣٣ و ١٩٣٤ خەریکی خوێندنەوەی فەلسەفەی هۆسرل[1] و هایدطەر[2] بوو. دیاردەناسی هۆسرل سەرنجی ڕاکێشا و خۆی بە دەروونناسی فرۆیدەوە خەریك کرد و بڕیاریدا دەروونناسی ئاوێتەیی لە سەر ئەو بنەمایە بنیاد بنێ. بە کورتی بڕوای پەیدا کرد کە ئەندێشەی بورژوایی و دەروونناسی فرۆید شیکاری و تاکرەهەندی یە، واتە بەو پێیە: تاکی ئادەمیزاد بەشۆکەی تەنی ڕەقە و دابەش ناکرێ و هەڵگری سروشتی

لەسەر ئەو وازهێنانە پیلانێکی نهێنییان لەدژی گێڕا، تەنانەت بە هاوکاری کردنی پۆلیس تاوانباریان کرد. سارتەر لە ساڵی ١٩٦٠ بە نووسینی پێشەکی بۆ یەکێك لە ڕۆمانەکانی، کەسایەتی ناوبراوی گەڕاندەوە.

(١) **ئەدمۆند هۆسرل** (E.Hosserl) فەیلەسووفی ئەڵمانی و دامەزرێنەری مەکتەبی دیاردەناسی یە، لە ماتماتیك و لۆجیکەوە دەستی پێکرد و سەری لە فەلسەفە دەرهێنا. دیاردەناسییەکەی کاریگەری خستە سەر **هایدگەر** و **سارتەر** و **مرلۆ پۆنتی.** لە چەند دێڕی دواتر باسی چۆنییەتی بە دەستهێنانی زانست و وتە لە **سەرنجگەرایی،** تیشك دەخەینە سەر بنەمای ئەو تیۆرییە.

(٢) **مارتین هایگەر** (M.Heldegger ) فەیلەسووفی ئەڵمای لە ساڵی ١٨٨٩ لە دایك بووە و قوتابی هۆسرلە. لە ساڵی ١٩٢٨ کتێبێکی نووسی بەناوی **بوون و کات** کە زۆر گاریگەر بوو لە سەر کتێبی **بوون و نەبوون** ی سارتەر. **ئەلبێر کامۆش** تێوری (بێهوودەیی هەبوون)ی لەم کتێببە وەرگرتووە. لە کاتێکدا پرسی مرۆڤ تەوەری هزری سارتەرە، وەلێ لای هایدگەر هەبوون تەوەرە.

مرۆییە، وەك دنكە نۆكێكی ناو كیسە وایە، دیاریكراو، داخراو، شیاوی پەیوەندی كردن نییە...، بە پێی ئەم بنەمایە، مرۆڤ مرۆڤە، وەك چۆن هەتا هەتایە بازنە هەر بازنەیە. بە پێی ئەم بۆچوونە تاكی ئادەمیزاد چ لەسەر تەختی پاشایەتی بێت یا لە سەر خاك و خۆڵ، لە رووی ژێنێتیكەوە هەر ئەوەیە كە هەیە. لە بەرامبەردا هزری شۆڕشگێڕی ئـاويَـتـەيى سۆشیالیزم (كە باوەڕی بە بوونی چینی كۆمەڵایەتی هەیە) خاوەن دەروونناسییەكی گونجاو لەگەڵ ئەم هزرەدا نییە، واتە خاوەنی دەروونناسی ئاوێتەیی نییە. سارتەر هاتە سەر ئەو بڕوایەی ئەم بۆشاییە پڕ بكاتەوە و لەتەك ئەوەدا ديـاردەنـاسـى و سۆشیالیزم پێكەوە بگونجێنێ[1]. چونكە لە دیاردەناسیدا: مرۆڤ خۆی بابەتی زانست و داهێنەری زانستیشە. سارتەر ویستی زانستە مرۆییەكان لە سەر بنەمایەكی نوێ بونیاد بنێ. بۆ ئەو مەبەستە دەستی كرد بە تاوتوێ كردنی زانستی مرۆڤ، داهێنەری زانست و تیۆرییەكانی خۆی لە چەند پەرتووكێكی دەروونناسیدا خستە روو، بە ناوەكانی خـەيالَ- ١٩٣٠ و طـەلآلـەى تيَـورييـەك لـەمـەرِ هـەلَضوون ١٩٣٩ وە ثرسى بيركردنـەوة ١٩٤٠. گرینگترین فەلسەفەی سارتەر كە لەم بارەیەوە لە فەلسەفە جیا نییە ئەوەیە: ***ئەگەر وەك گشتێك پەسند بكەین ئیتر ناتوانین ئەم بابەتە لەگەڵ كۆمەڵێك یا لەگەڵ كۆكردنەوەی ئارەزووگەلی جۆراوجۆر، كە لە ئەنجامی تاقیكردنەوە وەدیهاتون شرۆڤە بكەین، بەڵكو بە پێچەوانەوە لەگەڵ هەر تێوەگلان و ئارەزوویەك خودی مرۆڤ بە تەواوی دەخزێتە ناو بابەتەكە، هەروەها: زەینی مرۆڤ خولگەیەكی داخراو نییە، بەڵكو هەمیشە ئاگاداری غەیری خۆیەتی[2]***. سارتەر باوەڕی بە ویژدانی ناخودئاگا نییە، بە پێچەوانەوە بە ئامرازێكی بەردەستی ئەوكەسانەی دەزانێ كە نیازیان خراپە. ئەو زەین لە هەر سەپاندنێكی میكانیكی رزگار دەكات: ئیگزستانسیالیزم (بوونـطـەرايى) باوەڕی بە سۆز و هەوەس نییە. ئەم قوتابخانەیە پێی وانییە سۆزەگەلی باش لێشاوێكی بنیاتنەرە و پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بەرەوە هەندێك فاكتەر بڕوات، تا سەرئەنجام ببێتە ئامرازێكی لابردنی بەرپرسی.

كلێشە و چوارچێوەی رۆمانیش شێوازێكی نوێ و جوانی هەیە. لەو رۆمانەدا سارتەر هاوكاری كردنی چەند گۆڤاری پەسند كرد. لە ساڵی **١٩٣٩** كۆمەڵە كورتە چیرۆكی دیوار ی

---

(١) ئەم واتایە لە دێڕەكانی دواتردا روونتر دەبێتەوە.

(٢) لێرەدا فەلسەفەی سارتەر لە عیرفان جیا دەبێتەوە.



لەو گۆڤارانەدا بڵاوكردەوە كە بریتی بوو لە چەند داستان بە ناوەكانی دیوار، ئـۆروستـرات، ذوور، بيَبـەشى، منداڵى سـەرؤكيَك.

جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێكرد. سارتەر روویكردە بەرەكانی جەنگ و بەدیل گیرا و چەند مانگ لە بەندیخانەی نازییەكاندا مایەوە. لە ساڵی **١٩٤١** ئازاد كرا و دووبارە دەستی كرد بە وتنەوەی وانەی فەلسەفە و پەیوەندی بە هيَزى بـەرطريي یەوە كرد، دەستی دایە هاوكاری چەند بڵاوكراوەی نهێنی لە وانە هەفتەنامەی ئـەدەبياتـى فـەرِەنسا بە رێبەرایەتی شاعیری ناودار ئـارِاطؤن.

لە ساڵی **١٩٤٣**دا كە هێشتا جەنگ درێژەی هەبوو، یەكەمین شانۆگەری بەناوی ميَشـەكان و یەكەم كتێبی مەزنی فەلسەفی بە ناوی هـەبوون و نـەبوون بڵاوكردەوە. لەو كتێبەدا رەگ و ریشەی فەلسەفی بوونـطـەرايى شرۆڤە كرد. ساڵێك دواتر شانۆگەری داخراو ی خستە سەر سەكۆی شانۆ.

لە ساڵی **١٩٤٥** سارتەر بە هاوكاری سيمؤن دى بؤظوار و مؤريس ميَرلؤ ثؤنتى كە دوو فەیلەسووفی بوونگەرابوون، گۆڤاری مانگانەی قؤناخى نويَيان دەركرد كە تا ئەمرۆش بە رێك و پێكی دەردەچێت. لەو گۆڤارەدا باسی بابەتگەلی فەلسەفی ئەدەبی و سیاسی دەكرێ. ريمؤن ئـارؤن یش بیرمەندێكی تری فەڕەنسی هاوكاری ئەو گۆڤارەی پەسند كرد، وەلێ دواتر لەبەر ئەوەی بەلای راسترەوی دا شكایەوە بەرەبەرە كشایەوە. ذان ذينة و بؤريس ظيان لە كاتماوەی جیاجیادا هاوكاری ئەو گۆڤارەیان كردووە.

هەر لەو ساڵەدا سارتەر وازی لە مامۆستایەتی هێنا تا بە هیچ شێوەیەك بە دەوڵەتەوە نەبەسترێتەوە و بتوانی هەموو كاتی خۆی بۆ فەلسەفە تەرخان بكات. لە ساڵی **١٩٤٤-١٩٤٨** سێ بەرگی یەك لە دوای یەكی رۆمانی ريَبازى ئازادى بڵاوكردەوە. ناوی ئەو سێ بەرگە، تـەمـەنـى ئـەقلَ، توانج (تعلیق) و مردەلَة بوون وەلێ بەرگی چوارەمی دەرنەچوو، دوور نییە هەر بڵاو نەكرێتەوە، چونكە سەردەم گۆڕا بوو.

لە ساڵی ١٩٤٦دا شانۆگەری مردوانى بىَ كفن و دفن و طـەورة رووسثى و كتێبی بوونطـەرايى و رەسـەنـى مرؤظ ی بڵاوكردەوە. ساڵی دواتر بەرهەمی لێكۆڵینەوەكانی خۆی بڵاوكردەوە بە ناوەكانی ئـەدەب ضيية؟، بؤدليَر و بيرورِاكان لـەمـەرِ ثرسى يـەهود. ئەم كتێبە توێژینەوەیەكە لە هەمبەر بۆدلێر هۆزانوانی مەزنی فەڕەنسی، هاوكات پێناسەی روانگەی دەروونناسی سارتەریشە. هەر لەو ساڵەدا بەرگی

یەکەمی کۆمەڵە وتارێکی ئەو بڵاوکرایەوە، لەو بەرگانەدا وتارەکان لە هەمبەر ظاطنەر، دۆس ئاسۆس، فرانسوا مۆریاك، بۆردۆ، کامۆ و کەسانی تردا بوون. هەر لەو ساڵەدا سیناریۆی فیلمی کار لەکار ترازا بڵاو بۆوە، هەر لە سەر ئەو سیناریۆیە فیلمێك ئامادەکرا.

سارتەر لە ساڵی ١٩٤٨ بە یاوەری دوو هاوبیری خۆی کۆمەڵەی دیموکراتی شۆرشطێری دامەزراند. وەلێ کاریگەری جەنگی سارد بە شێوەیەکی ئەوتۆ فەڕەنسایان دابەش کردبوو، ڕێگەی نەدا ئەم ڕێکخراوە بکەوێتە کار. وەلێ پەرتۆکێك لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە بەجێماوە بە ناوی وتوێذ لەمەر سیاسەت.

هەر لەو ساڵەدا بەرگی دووەمی وتارەکانی لە بارەی پرسگەلی ئەدەبیدا، لەگەڵ شانۆگەری دەستانی ئالودە بڵاوکرایەوە. ئەو شانۆگەرییە ئاژاوەیەکی زۆری لە جیهاندا نایەوە، جگە لە نووسەر هەموان بە بەرهەمێکی دژی کۆمۆنیستیان لە قەڵەمدا. سارتەر کە نەیدەویست لەو ئاژاوەیەدا ناو و ناوبانگ دەستەبەر بکات، مۆڵەتی نیشاندانی ئەو شانۆگەرییەی نەدا، کە هێشتا ئەم قەدەغە کردنە بەردەوامە.

ساڵی دواتر بەرگی سێهەمی وتارەکانی بڵاوبۆوە. ئەو وتارانە بەشێکیان لە بارەی بزووتنەوەی بەرگری کردن دایە لە سەردەمی داگیر کاری ئەڵمانییەکان و بەشێکی تری لە بارەی سەردانەکەیدایە بۆ ئەمەریکا، وتارێکیش تایبەتە بە شاعیرانی ڕەش پێست بە ناونیشانی (اورفەی ڕەش) و چەند وتارێك لەمەڕ بابەتی هەمەچەشنی هونەری. هەر لەو ساڵەدا سارتەر دووەم شانۆگەری خۆی بەناوی ددانەکانی ضەرخ، وەلێ لەبەر ئەوەی هێرشی ڕاستەوخۆ بوو بۆسەر کۆلۆنیالیزم هیچ کەس ئامادە نەبوو بیکات بە فیلم تا ساڵی ١٩٦٨، ئەوسا خرایە سەر سەکۆی شانۆ.

لە ساڵی ١٩٥١ شانۆگەری شەیتان و خوای بڵاوکردەوە. هەر لەو ساڵەدا دوابەدوای بڵاوکردنەوەی پەرتووکی مرۆظی ستەمکار بەرهەمی ئەلبیر کامۆ و وتاریکی ڕەخنەئامێز لەسەر ئەو پەرتووکە کە لە گۆڤاری سەردەمی نوێدا بە پێنووسی فرانسیس جانسۆن ئەندامی دەستەی نووسەران بڵاوکرایەوە، نێوانی سارتەر و کامۆ تێکچوو. لە ساڵی ١٩٥٢ سارتەر پەرتووکی ذینەی ثیرۆز و ئەکتەر و شەهید ی بڵاوکردەوە. ئەو بەرهەمە وەك لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت لە بارەی ذان ذینە شانۆنووسی ناوداری فەڕەنسی دایە. وشەی پیرۆز لەو کتێبەدا لەبەرامبەر ئەو ستەمەدایە کە کۆمەڵگای فەڕەنسا بە قۆناخی منداڵی ئەو



نووسەرەی ڕەوا بینیوە و پاڵنەری بووە بە ئاراستەی دزی و خراپەکاری، لە هەمانکاتدا شرۆڤەیەکە بۆ هەوڵ و تەقەلای ژینە لە هەمبەر دەرباز بوون لەو گێژاوە و چوونە ناو جیهانی داهێنان. ئەم بەرهەمە دوای کتێبی بۆدلێر، ڕوانگەی سارتەر لە هەمبەر پرسگەلی دەروونناسی ئاوێتە دەخاتە روو، بواری ڕەوشتی بوونگەرایی و پەیوەندی تاك و کۆمەڵگا لەو فەلسەفەیەدا بە زمانی نافەلسەفی تاوتوێ دەکات. هەر لەو ساڵەدا لە شاری ڤییەننا پایتەختی نەمسا کۆنطرەی ئاشتی بە ڕێوەچوو کە سارتەریش تیایدا بەشدار بوو.

لە ساڵی ١٩٥٣ لەگەڵ چەند نووسەرێکی تر بەرگری کردن لە هانری مارتنیان وەئەستۆ گرت و کۆمەڵە وتارێکیان لەو بارەیەوە نووسی و دواتر لەکتێبێکدا بڵاوکرانەوە. مارتن دەریاوانێکی هێزی دەریایی فەڕەنسە و ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا بوو، سەرپێچی کردبوو لە شەڕ لەگەڵ نیشتمان پەروەرانی هیند و چین، لەبەر ئەوە لەلایەن دادگای سوپایی سزای زیندانی بەسەردا سەپا. هەوڵی سارتەر و نووسەرانی تر بوو بە هۆی ئازاد بوونی مارتین.

لە ساڵی ١٩٥٤ سیناریۆی شانۆگەری کین ی ئەلێکساندەر دۆمای بە چەند دەستکارییەکەوە ئامادە کرد بۆ نواندن. هەر لەو ساڵەدا بۆ یەکەمین جار سەری سۆڤییەتی دا. ساڵێك دواتر سیناریۆی شانۆگەری نکراسۆف ی بڵاوکردەوە کە گاڵتەکردنە بە بارودۆخی چاپەمەنی رۆژئاوا، دوای ئەوە سەرێکی پەکین پایتەختی چینی دا.

لە ساڵی ١٩٥٩سیناریۆی شانۆگەری طۆشەطیرانی ئالتونا ی بڵاوکردەوە و خرایە سەر سەکۆی شانۆ. دوای ساڵێك سەفەری کرد بۆ کوبا و بەرازیل کە جەنطی شەکر لە بیرەوەرییەکانی ئەو سەفەرەیە. لە ساڵی ١٩٦٠ دووەمین کتێبی مەزنی فەلسەفی سارتەر (کە بەرگی دووەمیشی بەدوا داهات) بە ناوی رەخنة لة هزری دیالێکتیکی بڵاوکرایەوە. کتێبی هەبوون و نەبوون بە دواداچوونێکی فەلسەفییە لەهەمبەر تاکی مرۆڤی، و توێژینەوەیە لە بواری تاك و پرسە جاوروجۆرەکانی لە کۆمەڵگادا. دوای دوو ساڵ چەند بیرمەندی مارکسیست و بوونگەرا بە بەشداری سارتەر کۆڕێکی تاوتوێکردنی دیالێکتیکیان بەست، دەرئەنجامی ئەو باس و خواسە کتێبێك بوو بە ناوی مارکسیزم و بوونطەرایی، و دواتر بڵاوکرایەوە.

لە ساڵی ١٩٦٤ کتێبی بەناوبانگی وشەکان ی بڵاوکردەوە کە باسێکی ئەدبییانەی قۆناخی منداڵی ئەو فەیلەسووفەیە. ئەم بەرهەمە سەرکەوتنێکی جیهانی دەستەبەر کرد، هەر ئەو ساڵە خەڵاتی نۆبڵیان پێ بەخشی، وەلێ بە گەلێك هۆکاری جیاواز وەرینەگرت، لەو

هۆکارانە: ئەمە خەڵاتە بۆ بڵاوکردنەوەی بورژوایی. لەو ساڵەدا سێ بەرگی تر لە کۆمەڵە وتارەکانی بڵاوکرانەوە: یەکێکیان باسی ئەدەبی و بەرگی دووەمیان شرۆڤە کردن و ریسوا کردنی کۆلۆنیالیزم و سیاسەتی کۆلۆنیالیستی بوو وەك پێشەکییەك بۆ کتێبی یاسا و وتارێك لە بارەی لۆمۆمبای شەهید. بەرگەکەی تر لە بارەی پرسە مارکسییەکاندایە کە پاشکۆیەکەی لە بەرگی حەوتەمی ئەو وتارانە لە ساڵی ١٩٦٥ بڵاوکرایەوە. هەر لەو ساڵەدا سیناریۆی شانۆگەری، بڵاوکردەوە کە لە شانۆگەری ئۆریپید وەرگیراوە ، هەر لەو ساڵەدا خرایە سەر سەکۆی شانۆ. لە ساڵی ١٩٦٦ سەفەرێکی کرد بۆ میسر و ئیسرائیل. لە ساڵی ١٩٦٧ سەرۆکایەتی دادگای نێودەوڵەتی دژی تاوانەکانی ئەمەریکا وەئەستۆ گرت. دواتر وتاری (کۆمەڵکوژی) لە گۆڤارەکەی خۆیدا بڵاوکردەوە و لەوبارەیەوە لە پاریس کۆڕێکی تاوتوێکردنی سازدا. هەر لەو ساڵەدا کاسترۆ داوای لێکرد بەشداری بکا لە کۆنگرەیەك لە هەمبەر فەرهەنگ کە لە پایتەختی کوبا بەسترا، وەلێ نەخۆشی رۆماتیزم ریگەی ئەم سەفەرەی نەدا. لە کاتی نووسینی ئەم پێشەکییەدا، کتێبێکی سارتەر لەسەر فلۆبەر نووسەری ناسراوی فەرەنسی لە ژێر چاپدایە. ئەم کتێبە کە بەشێکی لە گۆڤاری سەردەمی نوێدا بڵاوکراوەتەوە، باسێکی سادەی فلۆبەر نییە، بەڵکو نوێترین تیۆری سارتەرە لە سەر پرسگەلی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و رەوشت و پەیوەندییان بەیەکەوە.

## چاوخشاندنێك بە فەلسەفەی سارتەردا

تێکرای ئەم بەرهەمانە لە پێناوی فەلسەفەیەکدایە کە گومانی تێدانییە، کتێبی ئەدەب ضیبیة؟ لەسەر ئەو بنەمایە نووسراوە. لەبەر ئەوە باشترە لە پێشەنگی وەرگێڕانیدا کورتە باسێکی روانگەی سارتەر لەسەر بنەمای پرسی بوونگەرایی بخەینە روو کە بۆ تێگەیشتنی بابەتەکان سوودبەخشە.

## ئازادی

بناغەی فەلسەفەی سارتەر ئازادییە. ئەم ئازادییە کە تاكة سەرضاوةی مةزنی مرؤظة، چییە؟ کاکڵەی وتەکە ئەوەیە، ئازادی ماهییەت و ناوەڕۆکی مرۆڤ نییە، شتێکە مرۆڤ وەدیدێنی، شتێکە توانا دەبەخشێ بە مرۆڤ کە ماهییەتی خۆی وەدەست بێنێ و بەرە بەرە پێناسەی خۆی بدات بە دەستەوە، پێناسەیەك کە هەمیشە کراوەیە. ئازادی توانا و



بەهرەیەکە بە هۆی ئەوەوە مرۆڤ دەتوانێ خۆی و جیهان بگۆڕێ، ئازادی توانای مرۆڤە بۆ ژیانێکی باشتر. هێزی مرۆڤە بۆ ئەوەی دووبارە جیهان و ئادەمیزاد نوێبکاتەوە. فەزایەکە بەرامبەر فەزای شتەکان. فەزای شتەکان داخراو و وشك و بەکۆتا هاتووە، گۆڕانکاری لە خۆیدا نییە، بە پێچەوانەوە فەزای ئازادی، یا پانتایی هەڵس و کەوتی مرۆڤ، ***جیهانێکە کراوە، بەرفراوان و ناکۆتا کە لە خۆیدا نییە، بۆ خۆیەتی. پێویستی ئەو هەڵبژاردنەی کە لە هەر ساتێکدا چۆن جیهان دەبینین، ئازادییە. لە ژێر تیشکی ئازادیدا مرۆڤ دەتوانێ ئەو شتەی لە دەستی داوە دووبارە وەدەستی بێنێتەوە.*** دەزانین مرۆڤ زۆر شتی لەدەست داوە و گەلێك کۆت و پێوەند، دەست و پێی و زمانیان قورس کردووە. ئازادی رەتکردنەوەیە (نەفی کردنە)، رەتکردنەوەی بارودۆخی ئارا بۆ رۆیشتن بەرەو ئایندە. ئازادی دابڕانیشە لە بان سروشت (میتافیزیك). هەرکە ئازادی لەرۆحی مرۆڤدا تەقییەوە، هیچ شتێ لە بەرامبەردا ئەو مرۆڤەدا ناکرێ... کەواتە کاری ئادەمیزادانە - و تەنها کاریانە - کە لێگەڕین ئازادی لێرە بارکا بڕوا یا بیخنکێنن.

## سنوورەکانی ئازادی

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئازادی مرۆڤ سنوورێکی هەیە: کەس ناتوانێ لە جیهاندا نەبێت (لەو رووەوە کە هاتۆتە دونیاوە). پەنا بردنە بەر گەرمخانەی دەروون یا پەنا بردنە بەر دووردەستترین خەڵوەتخانە، واتە لە ئارادا بوون و لە جیهاندا بوونە. مرۆڤ بەبێ ویست و ئاگاداری خۆی هاتۆتە دونیاوە و ناچارە هەر لەم جیهانەدا بژی. خۆکوژی جۆرێکە لە رووبەڕوو بوونەوەی جیهان و ژیان لە جیهاندا، هەروەك چۆن راکردن لە جەنگ رەتکردنەوەی جەنگە. سنوورەکەی تری ئەوەیە هیچ کەس لە دونیادا ناتوانێ هیچ کارێك نەکات. بەپێ ئەو شرۆڤەیە، دەبینین ئازادی و کار دوو رووی یەك دراون. ئازادی بێ کار دەستەبەر ناکرێت. هەر مرۆڤێك کار دەکات. هەڵنەبژاردن خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە هەڵبژاردن. بێکاری و خۆدزینەوە لەکار، جۆرێکی تری کارە. سنوورەکەی تری ئازادی ئەوەیە کە تاك ناچارە لەگەڵ ئەوانی تر بژیت. ناتوانێ لەگەڵ ئەوانی تر نەبێت (تەنانەت ئەگەر کاریشی لێ نەوێن). راکردن لە کۆمەڵگا شتێکی نەشیاوە. هەر کارێك لە خودی خۆیدا کارێکی کۆمەڵایەتییە. سەرئەنجام راکردن لە دەست مردن هەرگیز ناکرێ. هەموو کەس دەزانێ دەمرێ تەنانەت ئەگەر بەسەر خۆشی نەهێنێ. بەم پێیە: ***ئەوەی لە ناو ئادەمیزادان جیاوازی هەڵگر نییە، پێویستی هەبوونە لە***

***جیهاندا، کارکردنە، ژیانە لە ناو خەڵك و لە ناوچوونە.*** ئەم پرسە داسەپاوانە لە هەر کات و شوێنیکدا، بۆ هەموان یەکسانن. ئەوە خاڵی هاوبەشی نێوان ئادەمیزادانە لە هەر رەگەز و رەسەن و دەڤەر و هەر هەرێمێك دابن. هەر لەبەر ئەوەیە ئێمە لە نووسینەکانی هۆمێر دەگەین کە هەزار و پێنج سەت ساڵ بەر لە ئێستا بەجێماون، پەی بە هەر پرۆژەیەك دەبەین کە فلان چینی یا ئەفەریقایی یا سورپێستێك دایدەرێژی. هەرچەند زانیاریمان لەمەڕ لایەنەکانی دەرەکی و زەینی مێشەنگوینە کامڵ بێت، ناتوانین پەی بە ژیانی مێشەنگوینە ببەین.

## پێگە (Situation)

پرسێکی تر کە سنوور دانەرە بۆ ئازادی ئەوەیە مرۆڤ بە ناچاری لە (لەڕووی شوێن و کات)ەوە پێگەیەکی هەیە. وەلێ ئەم پێگەیە بە پێچەوانەی ئەوەی لە سنووری ئازادیدا بینیمان، هەمیشە و بۆ هەموان یەکسان نییە. کەسایەتی هەرکەسێك بە پێی پێگەی ئەو دیاری دەکرێت. واتە لەسەر بنەمای ئەو پرسانەی کە ئەویان لەم شوێنە یا لەو شوێنە جۆگرافییەدا داناوە. ئەویان لە فلاّن چرکەساتی گەردوونی و فلان ژینگەی کۆمەلاّیەتی هێناوەتە دونیا و خستویانەتە ژێر فلان گوشاری سروشت یا کۆمەڵگا، بە کورتی ئەویان لە مێژوودا تۆمار کردووە. بەم پێیە ئازادی بوونی نییە تەنیا لە پێگەدا نەبێت و مرۆڤ ماهییەتی خۆی لە و پێگەدا و بە هۆی ئەو پێگەوە هەڵدەبژێرێ. ئەم پێگەیە کە بە ویستی تاك وەدی نەهاتووە، دەبێ بناسرێ و لەسەر بنەمای پێگە ئازادی بێتە دی. مرۆڤ بە ناسینی پێگەی خۆی دەتوانێ لەسەر ئەو پێگەیە و لەسەر خۆی، کاریگەر بێ. رەنگە بڵێین ئەم پێگەیە (ئەم دینە، ئەم بنەماڵەیە، ئەم ژینگەیە، ئەم ئیمپریالیزمە) من وەدیم نەهێناوە و لە ناویاندا دیلم، کەواتە چۆن باسی ئازادی بکەم؟ وەلاّمەکە ئەوەیە: ئەگەر ئازادی بوونی نییە تەنیا لە پێگەدا نەبێ لە بەرامبەردا پێگەش بوونی نییە بەبێ ئازادی. تێکرای ئەم فاکتەرانە، خەڵك لەسەر بنچینەی ئازادی و بە حوکمی ئازادی وەدی هێناون. ئێمە لە ناو ئەم فاکتەرانەدا دیل نین دەتوانین بیانگۆڕین، ئەوکاتە دیلین کە باوەڕ بە دیلییەتی خۆمان بکەین. ***مرۆڤ ئازادە، چونکە هەمیشە دەتوانێ خۆی رادەستی چارەنووسی بکات یا بەرەنگاری بێتەوە.*** ئەگەر بڵێ من هیچ کارێکم لە دەست نایەت وەلاّمەکەی ئەوەیە منی تەنیا چەمکێکە ئەبستراکت. بەو شرۆڤەی لەمەڕ ئازادیدا کرا من دەبێ کۆمەلاّیەتی بێ.



لەبەر ئەوە پرسیارێکی ئاوا بێ مانا دێتەگۆڕێ: منی ئازاد لە بان سروشت و رێساکانی پەیوەست بەو بان سروشتەوە، دەتوانم هەرچی دڵم ویستی لەبەرامبەر ئەوانی تردا ئەنجامی بدەم؟ لەبەر ئەوەی: ***ئازادی لە سەرچاوەکەیدا ناسینی ئازادی ئەوانی ترە و پێویستە لە لایەن ئەوانیشەوە ئاوا بناسرێ.*** بەم پێیە ئازادی لە بناغەوە لەسەر پێکەوە ژیان و هاوبەشی وەستاوە. لە رووی فەلسەفییەوە ***(بوونی ئەوی تر لای ئێمە بە ئەندازەی بوونی ئێمە بۆ ئەو جێگای بوون و متمانەیە... من بۆ ئەوەی ئەو راستییە لە بارەی خۆمدا بزانم پێویستە بە ناو ئەوانی تردا تێپەڕم. ئەوی تر پێویستی بوونی منە، بوونێك کە وەك ئازادی لە بەرامبەرمدا بوونی هەیە.*** لەو ئازادییەدا هەوەس جێگای نییە، بە پێچەوانەوە وەدیهێنانی ئازادی، ناسینی بەرپرسی و بایەخدان بە کار و دەستەویەخە بوونە لەگەڵ کار.

## ئازادی زەینی و ئازادی ئەبستراکت

پرسیاریك کە زۆر جار دێتە پێش ئەوەیە: ئایا ئازادی هەمان ئازادییە کە ژیاری سەرمایەداری باسی دەکات؟ بۆ روونکردنەوەی باسەکە سەرەتا پێویستە ئازادی بورژوایی بناسین و بزانین جیاوازییەکەی لەگەڵ ئازادی بوونگەراییدا چییە.

شارستانییەتی بورژوایی سەرەتا لە بازرگانی و دواییی لە ئازادی بیروڕا و ئازادی چاپەمەنی و ئازادی دامەزراندنی رێکخراو ...دەدوێ. چونکە بازرگانی ئازاد (کە نزیکەی دوو سەدەیە مێژوو نیشانی داوە) پەیوەستە بە کۆڵۆنیالیزم و چەوساندنەوە و سیاسەتی نیوکۆڵۆنیالیزم، واتە بە زۆر سەندنەوەی ئازادی ئەوانی تر. بەم پێیە ئەوە لە خودی خۆیدا ئازادی نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ سەندنەوەی ئازادی. دەمێنێتەوە ئازادی بیروڕا و ئازادی چاپەمەنی و حیزبەکان. جگە لەوەی لە هیچ کام لە ولاّتانی رۆژئاوادا بە تەواوی بوونیان نییە، خۆ ئەگەر ئەم شارستانییەتە ئەوەندەی ئازادی خۆی، ئازادی بە نەتەوەکانی تر رەوا دیتبا، دەکرا بڵێین شتێکە. بۆ ئازادی بازرگانی، پێویستە لە ولاّتانی تر شوێنەوارێکی ئازادی (تەنانەت بە واتا بورژواییەکەشی) نەمێنێ. بەم پێیە ئازادی بورژوایی ئازادی تایبەتی گرووپێکی بژارتەیە بۆ پێشێل کردنی ئازادی خەڵکانی تر. گومانی تێدا نییە ئازادی بیروڕا و ئازادی چاپەمەنی و ئازادی دامەزراندنی حیزبان، ئازادیگەلی پیرۆزن بە مەرجێك لە جێگای خۆیاندا بن و نەکەونە پاوانی هیچ کەسێك و لە ئازادی بازرگانی جیا بن. کورتی وتە ئەوەیە ئازادی بورژوایی زەینی نییە، ئەبستراکتە، ئازادی بورژوایی لەبەر ئەوەی لە خزمەتی

سەرمایەداری دایە پێناکۆك و نیوەچڵە، سەرئەنجام دزێو و درۆیە. پێکناکۆکە، چونکە ئازادی بۆخۆی دەوێ بۆ بە کۆیلە کردنی ئەوانی تر، ئازادی بە کۆیلە کردنیش واتایەکی پێکناکۆکی لۆجیکییە، نیوەچڵە چونکە لە وڵاتانی رۆژئاوا بۆ کەسانی نارازی، سیستمی ئازادی ناواقیعییە. دزێوە چونکە دەزانێ ئازادی ئاواتی هەموو دڵێکە، رواڵەتێکی هۆگری هەیە، وەلێ لە پشت ئەو رواڵەتەوە گەورەترین زوڵم و ستەم شاراوەیە. درۆیە، چونکە یاوەری سەندنەوەی بەرفراوانی ئازادییەکانە. بەم شێوەیە لەم جۆرە وڵاتانەدا سیستمی پشت بەستوو بە ئەنجوومەنی یاسادانان لە رووکار بەولاوە شتێکی تر نییە، پرس و ململانێ سەرەکییەکان لە دەرەوەی ئەو پانتاییە دان ...

وەلێ ***ئازادی بوونطەرایی*** *ئازادییەکی ئەبستراکت نییە.* ئازادی راستەقینە لە گۆڕینی بارودۆخی هەنووکەیی دایە: (لامان روونە کاری شۆڕشگێڕی بەرزترین نموونەی رەفتاری ئازادانەیە، نەك ئازادی ئەنارشیستی، یا ئازادی دامەزراو لە سەر رەسەنایەتی تاك. ئەگەر وابایە مرۆڤی شۆڕشگێڕ بە پشت بەستن بە پێگەی خۆی نەیدەتوانی لە مافەکانی چینەکەی خۆی بەولاوە کەم تا زۆر شتێکی تر داوا بکات. واتە خوازیاری ئەوە بوو لە ناو توێژەکانی سەرووتری کۆمەڵایەتی جێگایەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤی شۆڕشگێڕ لە هەناوی چینی زەحمەتکێش دا بۆ چینی زەحمەتکێش بنەمای کۆمەڵایەتی خۆپەسەندتر دەدۆزێتەوە، ئازادی ئەو پشت بەستوو بە کارێکە کە بەو هۆیەوە خوازیاری ئازادی تێکڕای چینەکەی خۆی و پتر لەوەش ئازادی هەموو مرۆڤە، ئالێرەدا ئازادی پەیوەندی لەگەڵ گۆڕانکاریدا پەیدا دەکات: مرۆڤی شۆڕشگێڕ بە تێپەڕین یا رۆیشتن بەو پێگەیەدا کە تێدایەتی، پێناسە دەکرێت. لە راستیدا (کردەوەی شۆڕشگێڕی سەرەتاکانی فەلسەفەی ئازادی وەخۆ دەگرێ، یا بە واتایەکی تر کردەوەی شۆڕشگێڕی لەسەر بنەمای بوونی خۆی، ئەو فەلسەفەیە دەخولقێنێ. وەلێ لەبەر ئەوەی مرۆڤی شۆڕشگێڕ هاوکات لەگەڵ پرۆژەی ئازادانەی خۆی بە هۆی ئەو پڕۆژەوە خۆی دەدۆزێتەوە، هەروەك چۆن زەحمەتکێش لە داوێنی چینی زەحمەتکێشدا، بە هۆی بارودۆخی خۆی لە زوڵم و ستەم ئاگادار دەبێت. ئەمە بەو مانایەیە لەبەر ئەو هۆیە خەڵك ئازادن - چونکە ستەمی ماددە لەبەرامبەر ماددەدا وێنا ناکرێ، بەڵکو ستەم پێکهاتەی هێز و گوشارەکانە — ئەم وتەیە بەو مانایەشە کە دەکرێ پەیوەندییەك لە نێوان مرۆڤەکان لە ئارادابێت، یەکێك ئەوی تر بە فەرمی نەناسێت و لە دەرەوەرا کاری تێبکات تا بیکات بە هاوشێوەی شمەك. لە بەرامبەردا، چونکە ئازادی زوڵم لێکراو بە زۆر



دەیەوێ خۆی رزگار بکات، بارودۆخی شۆڕشگێڕی پێوەیستی بە تیۆرییەك هەیە لە سەر پێگەی توندوتیژی دامەزرابێ بۆ وەڵامدانەوەی زوڵم...).

## کار و پابەند بوون

بەم پێیە ئازادی لە پڕاکتیکدا رووی خۆی دەردەخات. پەیوەندی ئەم دوانە وەك پەیوەندی نێوان خۆر و تیشکی خۆر وایە: ***ئازادی لە کار دانەبێ دەرناکەوێ، ئازادی لەگەڵ کاردا یەکە... ئازادی ئاکارێکی دەروونی نییە کە مۆڵەتی دابڕان لە پێگەکان، بدات... بە پێچەوانەوە ئازادی توانای دەستەویەخە بوونە لەگەڵ کار و بنیاتنانی داهاتوو.*** زەینی ئادەمیزاد بەردەوام لە گەڕ دایە، بە هۆی کارەوە دەتوانین مانا و وێنەی پێ ببەخشین. ئەگەر ئازادی مانای رەتکردنەوەبێ، دەبێ بزانین : ***رەتکردنەوە بریتی نییە لەوەی تەنیا بڵێین نەخێر. رەتکردنەوە گۆڕینە بە هۆی کار... رەتکردنەوە لە هەناوی کاردا سروشتی راستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە.*** ئارست پاڵەوانی شانۆگەری مێش و مەطەز بە پەنا بردنە بەر کار دەتوانێ مافی هاووڵاتی بوونی خۆی وەدەست بێنێ، طۆتز پاڵەوانی شانۆگەری شەیتان و خوا، هودر پاڵەوانی شانۆگەری دەستە ضەتەلەکان، تەنیا دەتوانن بە هۆی کار، بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن: ***هەرچەند باری کارەکەم قورستر بێ شادیم زۆرترە، چونکە ئازادی من ئەوەیە.***

وەك نەریت: درۆ دەکەن، دزی دەکەن، بە دوای تاواندا دەگەڕێن، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا ئەم دیاردانە قەڵاچۆ نەکراون. لەبەرچی؟ **چونکە *بە خۆ بواردن لە درۆ، درۆ لە ناو ناچێ*،** بۆ دەرکێشانی رەگ و ریشەی درۆ پێویستە بنەرەتییانە بیری لێبکرێتەوە. هەر خۆدروستکردنێك دەبێ لە سەر بنەمای جیهان سازی بێت: ... من لە کواڵێتییەکی دڵسۆزانە بەولاوە شتێکی تر نییە کە مرۆڤی ئازاد لە سەر بنەمای ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهاندا وەدی دێنێ، بە خۆی دەبەخشێ. پاڵەوانێکی ساتەر دەڵێ: ئێمە دەمێکە مردووین، چونکە ناتوانین سوود بەخش بین. ئەگەر پایەی فەلسەفەی سارتەر ئازادی بێ، کاریشە، چونکە گەیشتن بە ئازادی بە کارەوە بەستراوەتەوە. یەکەمین مەرجی بە ئەنجام گەیاندنی کار ئازادییە.

وەك لەو چەند دێڕەی دادێ، لە تەك باس لە بواری (سەرنجگەرایی)، دەبینین زەینی مرۆڤ ناتوانێ لە خۆیدا شتێك بدۆزێتەوە مەگەر تێبینی شتێکی غەیری خۆی بکات، ئەم تێبینی

کردنەش بە گەلاڵەکردن و رووکردنە پابەند بوون نەبێ مەیسەر نابێ. ئەگەر ئەو ئیرادەیەمان نەبێ زەینمان وەخەبەر بێنین، واتە لە پرۆژەیەکییەوە بگلێنین، زەینمان تەنیا و خاڵی دەمێنێتەوە. وەك چۆن پاڵەوانی شانۆگەری **هیلَنج** هەمیشە لە هەڵبژاردن رادەکات، بە چاوی هەڵچوون سەیری جیهان دەکات، ئەو هەڵبژاردنە پەسند ناکات کە بەردەوام گەلاڵەی نوێی پێیە. جیهان دەبینێ بێ ئەوەی لە خەمی گۆڕینیدا بێت، نایەوێ بوونی خۆی سەر لەنوێ بنیاد بنێتەوە، دەیەوێ لە گوناحی بوون پاك بێتەوە. ئەو رەتکردنەوەیەی ئەو بڕوای پێیەتی، گۆڕینی پڕاکتیکی جیهان نییە، رەتکردنەوەیەکی خەیاڵییە. رەوتی ئەو گەڕانی تەنیایە بە دوای خۆی دا، واتە رەوتی کەسانێك کە رزگاری خۆیان لە هەڵاتندا دەدۆزنەوە، بۆ نموونە هەڵاتن بۆ ناو جیهانی تۆکمەی هونەر. کەسێکی ئاوا هەمیشە لە داهێزران و هێڵنجدان دایە. ئاشکرایە گاڵتەجاری سارتەر لە بەرامبەر دڵی ئاسوودەیی هاووڵاتیانیدا تا چەند دیار و بەرچاوە.

لە فەلسەفەی سارتەردا پابەند بوون و بایەخدان بە بەرپرسی، ئاکار نییە، بەڵکو پێویستییەکی فەلسەفییە: مرۆڤ هەمیشە لە بەردەم پرسیار، لە بەردەم توانج، واتە لە حاڵەتی بوون دایە. بە دڵنیاییەوە ناکرێ هەر ئاوا لەم (بوون)ە بگەڕێین. ژیان، ئاگایی و کاری بەردەوامی گەرەکە.

## بنبەست

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆچی شانۆنامە و داستانەکانی سارتەر تەرخان کراون بۆ تاوتوێکردنی ئەو رێگایانەیەی بە بنبەست گەیشتوون؟ خودی سارتەر دەڵێ: پێشتر کە دەمگوت پێویستە رێگا چارەیەك هەڵبژێرین، وتەکەم ناتەواو بوو: رێگا چارە نابێ و ناکرێ هەڵبژێردرێ، رێگاچارە دەبێ دابهێنرێ، بخولقێنرێ. هەرکەس بە دۆزینەوەی ریگاچارەی خۆی، لە راستیدا خۆی دروست دەکات، مرۆڤ دەبێ هەموو رۆژێك خەریکی خۆدروست کردن بێت. **فرانسیس جانسۆن** بەدوای ئەم وتەیەدا دەڵێ: کاتێك سارتەر دەڵێ هیچ رێگایەك نییە بەو مانایەیە کە پێویستە رێگایەکی نوێ بخولقێنین. جگە لەوە بە بڕوای سارتەر: روانگەی گەشبینانەی تاریکترین پێگە، خۆی لە خۆیدا کارێکی خۆشبینانەیە، واتە ئێمە لەم پێگەیەدا لە دارستانێکی تاریکدا سەرگەردان نین، بە پێچەوانەوە دەتوانین خۆمانی لێ دەرباز کەین، لێی تێپەڕین و لە بەرامبەریدا بڕیاری خۆمان بدەین. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ خوو بە بەهاکانی لە ئارادابوودا نەگرێت، هەر ئاوا لەخۆی نەگەڕی. سارتەر لە پەرتووکی **بۆدلێر** دا دەنووسێ:



بەشی زۆری مەزنی و بژراتەی مرۆیی بۆدلێر لە مەترسی بەرەڵاکردنی کارەکان دایە، سستی و خاو خلیچکی، تاوانێکن نابەخشرێن. سارتەر دەیەوێ دژی ئەم تاوانانە ترسێك لە دروونەکاندا بخولقێنێ. ئاوایە، فەلسەفە ناتوانێ لە ئەدەب بێ نیاز بێت. بە وتەی یەکێك لە سارتەرناسان: نیازخراپی حاڵەتێکی ئاسان تر و غەریزیترە لە رەسەنایەتی و دلسۆزی. دەبێ بەردەوام بە بیری پاڵاوتن بەسەر نیازخراپیدا سەرکەوین ...

ئەگەر مرۆڤ، مرۆڤی ئازاد، خوو بە بارودۆخێکی بێ ئازادییەوە بگرێ، ئایا چەمکی سەرەکی هەبوونی خۆی (کە هەڵاتنە بە ئاراستەی هەبوونی وشك و رەق) بەسەریدا ناسەپێنێ؟ کە نەك دەتوانێ بەڵکو بۆی ئاسانترە لە بری ئەوەی لێی بەرپرسیار بێ، نکۆڵی لە ئازادی خۆی بکات[1].

ئایا بناغەی قەیرانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی جیهان، هۆکارگەلی دەروونین؟

## نەداری: دەگمەنی Rarity

سارتەر لە کتێبی **رەخنة لة ئةقلَی دیالَیکتیکی،** بەو ئەنجامە گەیشت کە فاکتەری سەرەکی لە خۆنامۆبوونی مرۆڤ واقیعی **نةدارییة**. واتە ئەو واقیعییەتەی کە سێ چوارەمی تاکەکانی مرۆڤ ناتوانن پێداویستییە گرینگەکانی خۆیان بەدەست بێنن. لە جیهاندا (نەداری کۆمەڵایەتی بوونەوەرێکی داسەپاوی دیکەیە) و (لەم جیهانەدا هەرکەس خۆی و ئەوانی تر وەك یەکێکی تر، دادەنێت). هەژاری کە سەرچاوەی لەدەستدانی دڵسۆزی و رەسەنایەتییە، بنەمای پێکهاتەی پێگەی مرۆییە: ( لە هەندێك موقعییەتدا مرۆڤ لە دوو رێگە بەولاوە رێگەی تری لەبەردەم دا نییە، خۆبەدەستەوەدان یا مەرگ).

لە جیهانی دەگمەنیدا پەیوەندی بەرامبەر یەکتر، لایەنی نەرێنی هەیە. هەرکەس دوژمنی ئەوی ترە. ئەگەر بۆ هەریەکێك تەنیا یەك نان هەبێت، ئەگەر چوار کەس بن و یەك نان، ئەوا هەریەکەیان سی کەسەکەی تر بە هۆکاری برسییەتی خۆی دەزانێ. ئەم چەمکەیە **لة ذیانی** مرۆڤدا و ماکی ئەفسانەی *مرۆڤ گورگی مرۆڤی ترە*. رەگ و ریشەی ئەم پرسە لە سروشتی مرۆڤ و لە غەریزەی مرۆڤدا، نییە، تاوانی یەکەمیش نییە، دەرئەنجامی حاشاهەڵنەگری

---

(١) لە بنەڕەتدا لە هەر رەوت و ئایین و فەلسەفەیەکدا ئەم بۆچوونە هەیە کە ئادەمیزاد لە بارودۆخی ئاساییدا خوازیاری وەستانە تا جوڵان.

نەدارییە. بۆ رەگ و ریشەی توند و تیژی و ستەم چ ئاشکرا چ شاراوە، لەم شوێنە بەم لاوە، نابێ لە شوێنی تر بۆی بگەڕێین.

ئاشکرایە ئەم بیرکردنەوەیە لە مێژوودا تازە نییە، ئەوەی کە نوێیە ئەوەیە، سارتەر لە رێگای ناماتریالیستییەوە بەو دەرئەنجامە دەگات: لە روانگەی مارکسیستەکانەوە تێکۆشانی چینایەتی هەولّی چاکە نییە دژی خەراپە، بەلّکو جیاوازی بەرژەوەندی دوو گرووپی مرۆییە. من دەزانم لە رێگای ئازادی چینی کرێکار بەولاوە، رێگایەکی تر نییە بۆ رزگاری... وەلێ پرۆلیتاریا بە باوەڕی ماتریالیستییەوە پەیوەستە و ماتریالیزمیش هزر وێران دەکات. ئایا من لە سەر دووریانێکی سەقەتدا گیرم نەخواردووە؟، کە دەبێ بۆ خزمەت بە حەقیقەت، خیانەت بە پرۆلیتاریا بکەم یا بۆ خزمەت بە پرۆلیتاریا خیانەت بەحەقیقەت بکەم؟. لەگەلّ ئەوەشدا سارتەر بۆچوونی مێژووی مارکس پەسند دەکات وەلێ باوەڕی بە ماتریالیزمی دیالێکتیك نییە. سیاسەتی سۆشیالیستی پێشکەوتووە بەلاّم بە زمانی مارکسیزم، و مارکسزم دەبوو لەسەر بنکەی رەخنە لەخۆگرتنی ئازادانە بونیاد بنرێ و پەرەبستێنێ، وەك پەرەسەندنی مێژوویی شوناسایی. ئەو کارەی تائێستا ئەنجام نەدراوە: لە هێما پەرستیدا قەتیس ماوە. هەرچی لەو بارەیەوە بگوترێ کەمە. سەرکەوتنی بێ شانازی، لەسەر مارکسیزم گران کەوت، چونکە بەرهەلستکارێکی نەبوو، ژیانی دۆڕاند. ئەگەر بەردەوام هێرشی کرابا سەر و لە گۆڕانکاری دابا تا سەرکەوێت و چەکی دوژمنانی بخستبا ژێر رکێفی خۆی، ئەوسا لەگەلّ هێزی رۆحانی یەکسان دەبوو، وەلێ لەبەر ئەوەی بەتەنیا مایەوە[(١)] بە شێوەی کلیسای لێهات و هاوکات نووسەرانی ئەریستۆکرات هەزاران فەرسەخ دوور، بوون بە پاسەوانی رۆحانیگەری ئەبستراکت.

بە بۆچوونی سارتەر، مارکیسزم هەژار و قەتیسماو و فوسیلە، لە پراکتیکدا تووشی ئەبستراکت، واتە رەستەنیَتی ئیرادة ی رووت، و لە رووی تیورییەوە گرفتاری (حوکمی هۆکاری — دیتێرمینیزم)ی میکانیکی بووە. وەلێ سارتەر بە پێچەوانەی فەیلەسووفانی تر نایەوێ فەلسەفە بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی پێش مارکس، واتە لە کاروباری کۆمەلاّیەتی دووری بخاتەوە: (*تێگەیشتن مانای گۆڕان و بەرەو پێش چوونی خۆت*) و (*فەلسەفە دەبێ ژیان نیشان بدات و بیگۆڕێ*) و (*ئێمە شانبەشانی کەسانێکین کە دەیانەوێ هاوکات بارودوخی کۆمەلاّیەتی مرۆڤ و لێکدانەوەیەك کە مرۆڤ لەسەر خۆی هەیەتی، بیگۆڕن*) و (*تێکڕای ئەو کەسانەی بڕوایان وایە سەردەمی مارکیسزم بەسەرچووە، بۆ سەردەمی پێشوو دەگەڕێنەوە کە ئەویش بەسەرچووە.*) و (*ئەمرۆش تەنیا کاری پێویست ئەوەیە: ئازادی، ئەو ئازادییەی نامۆ نەبووە، بکەینە مەبەست و بۆ لە ناوبردنی نامۆبوونی مرۆڤ بجەنگین، واتە دژی بارودۆخی هەنووکە تێبکۆشین.*) لەهەمانکاتدا سارتەر نایەوێ فەلسەفەیەکی دوای مارکس وەدی بێنێ و لەم وتەیەش کە بەڕوالّەت سەرسوڕهێنەرە، خۆی نابوێرێ: (*ئەگەر مارکسیزم جێگای خۆی بگرێت، ئیتر بوونگەرایی پێویست نابێ.*) بە بڕوای ئەو: مارکس توانای بە مرۆڤ بەخشی تا بزاوتی مێژوو بناسێ. پرسی دوایی ئەوەیە، کە ئایا مرۆڤ دەتوانێ بەسەر مێژوودا زالّ بێت یان نا؟ مرۆڤ سەد سالّە چەکی بەدەستەوەیە و هێشتا لە جێی خۆیدا چەقیوە. (*ئەمرۆ مێژوو بێ ئەوەی بناسرێ دەخولّقێنرێ*)، لە کاتێکدا ئامرازی ناسینی ئەو لە ئارادایە. (*هزری کۆمۆنیستی، وەك ئەمڕۆ دەخرێتە روو، لە ئیمانی پەرستندا قەتیسماوە، تەنانەت لە بیری کردووە سەرچاوەکانی خۆی بپالّێوێ...*).

بە بڕوای سارتەر بۆ لابردنی بەشێك لەو کۆسپانە، مارکسیزم پێویستە پەیوەندی لەگەلّ دیاردەناسی پەیدا بکات. بۆ روون کردنەوەی ئەم باسە کە پایەی دەروونناسی ئاوێتەی سارتەریشە، ئاماژەیەك بە بنەمای دیاردەناسی پێویستە. بەم مەبەستە کورتەیەك لە باسی (سەرنجگەرایی) لێرەدا دەخەینە روو. وەلێ خودی روون کردنەوەی بابەتەکە کورتە پێشەکییەکی گەرەکە: (ضۆنییەتی دەستەبەر کردنی زانست) تا دواتر بابەتەکانی ئەدەب چییە؟ تاوتوێ بکەین؟

## چۆنییەتی دەستەبەرکردنی زانست

لە کۆنەوە لەهەمبەر چۆنییەتی دەستەبەر کردنی زانست، باس و خواسی زۆر کراوە. لە فەلسەفەی کۆندا بە تایبەتی فەلسەفەی ڤیادەرۆی ئەرستۆوە سەرچاوە دەگرێ، زەین یا شعوری بە ئاوێنە چواندووە کە نیگاری شتەکان لەوێدا دەکێشرێ یا وێنەیان دەگیردرێ، زانستیشیان بە هەمان وێنەی دەسکەوتووی زەین بە ئەژمار دێنا. تەنیا جیاوازی زەین و ئاوێنەیان لەوەدا دەدۆزییەوە کە لە ئاوێنەدا تەنیا وێنەی هەستپێکراوەکان (ئەویش بەشێك لەو هەستپێکراوانەی دەبینرێن) دەردەکەوێ، لە کاتێکدا لە زەینی ئادەمیزاددا (کە هێزی پەی

(١) ئاماژەیە بەو باسە کە سالّی ١٨٧١ دوای تێکشکانی کۆمۆن دەولّەت بە توندی لایەنگرانی پرۆدۆنی سەرکوت کرد.

پێبردنی پێ دەوترێ) جگە لەوانە وێنەی دەست لێدراو، بیسراو، بۆنکراو، تەنانەت شتی هەست پێنەکراویش وێنا دەکرێ. ئاوا زانست دابەش دەبێ بە دوو جۆر: **زانستی دەسکەوتە** و **زانستی ئامادەیی**. زانستی دەسکەوتە زانیارییە لەبارەی شمەك و پرسگەلی جیهانی دەرەوە (بۆ نموونە زانیاری لەسەر درەخت و بینینی). زانستی ئامادەیی، زانیارییە لە هەمبەر حاڵەت و چۆنییەتی و دەروونی خۆ (وەك زانیاری لەمەڕ توڕەیی خۆ). جیاوازی نێوان ئەم دوو زانستە ئەوەیە: زانستی دەسکەوتە پێویستی بە ناوبەندێك هەیە تا دەسکەوێ، بەم پێیە ناڕاستەخۆیە (بۆ نموونە زانیاری لە بارەی درەخت، سەرەتا دەبێ وێنای درەختێك لە زەیندا هەبێت تا دواتر زانست لە بارەی درەختدا وەدەسکەوێت. لە کاتێکدا لە زانستی ئامادەییدا لە نێوان زانین و زانراودا (یا دەرك و پەی پێبراودا) نێوبەندێك یا واسیتەیەك نییە، لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ وەدەست دێت، (لە بارەی ئاگابوون لە توڕەیی، خود (نەفس) ئاگا و توڕەیی زانراوە، هیچ نێوبەندێك یا واسیتەیەك لە نیوانیاندا نییە). کەواتە زەین یا شعور خاوەن دوو ماهییەتی تەواو جیاوازە: زانیاری لەمەڕ جیهانی دەرەوە و ئاگایی لەمەڕ خود، یەکەمیان پێی دەوترێ ئاگایی و دووەمیان پێی دەوترێ خودئاگایی، خودئاگایی بە حاڵەتی سەرەکی و سەرەتایی زەین و جیاوازی نێوان خاوەن شعور و بێ شعور، دادەنرێ. بۆ نموونە دەڵێن: جیاوازی نێوان مرۆڤ و درەخت لەوە دایە کە درەخت ئاگایی لە بارەی خۆیدا نییە، ئەگەر ئاگایی هەبا مرۆڤ دەبوو.

دۆزینەوەکەی هۆسرل کەدواتر شرۆڤەی دەکەین، سەرەتا ئەوەیە کە خودئاگایی بەستراوەتەوە بە ئاگاییەوە. واتە ئەگەر لە جیهانی دەرەوەدا شتێك نەبایە من ئاگایی لە بارەیدا پەیدا بکەم، من ئاگاییم دەست نەدەکەوت. چونکە خودئاگایی بریتییە لە ئاگا بوون بە خودی خۆت، لە کاتێکدا خود (نفس) لە بارەی شتێکدا ئاگایی دەسدەکەوێ. بە پێی وتەی ئالن فەیلەسووفی فەرەنسی هاوچەرخ (هەر زانیارییەك لەسەر زانین، زانستە). واتە ئەگەر لە بارەی شتێکدا زانیاریم دەسکەوێ دەزانم ئاگاییم لەبارەیدا پەیدا کردووە، ئەگەر ئەم زانینە پلەدووە نەدەبوو، ئاگاییش بوونی نەدەبوو. (دوایی دەبینین دەسپێکی عروج یا تعالی لێرەوەیە). هۆسرل ئەو مانایەی لە دەستەواژەیەکی بە ناوبانگدا خستۆتە روو کە ژێرخانی فەلسەفەکەیەتی: هەر هەستێك، هەست کردنە بە شتێك. ئەوسا جیهانی دەرەوە و هەستپێکردنی، لە یەك کاتدا و پێکەوە دەستەبەر دەکرێ. ڕاستە جیهانی دەرەکی لە هەستی ئادەمیزاد سەربەخۆیە، وەلێ بەجیا لەو دیاردەیەی دەروونی ئادەمیزاد هەیەتی، مەگەر بوونی



نەبێ، دەنا شیاوی ناسین نییە. کەواتە زەین هەرگیز لە شت جیا نییە، لە بەرامبەردا، جیهان بەردەوام یاوەری هەست کردن بە جیهانە.

وەلێ لە هەمبەر چۆنییەتی دەسکەوتنی زانست لە نێوان زانایان جیاوازی زۆر هەبووە. گرووپێك هەمان (وێنەی دەسکەوتووی زەین) بە زانست دادنێن. بەم پێیە لە ڕوانگەی ئەم گرووپەوە زانست لە گوتەی (چۆن) ە (لە زنجیرەی دە گوتەکە). گرووپێکی تر (گفتوگۆی دەروون بەو شێوەیە) بە زانست لەقەڵەم دەدەن، بە واتایەکی تر کە دەروون وێنەی شتێك لە شتەکانی جیهان لە خۆیدا وەربگرێ، ئەوا لە بارەی ئەو شتەدا زانیاری بەدەست هێناوە، کەواتە بە بڕوای ئەوان زانست لە خانەی گوتەی (هەڵچوون) ە. گرووپێکی تر لە وانە ئیمام فەخری رازی، زانست ئەتیوەندی[1] نێوان (عالم و معلوم)ە، بەم پێیە لە گوتەی (پێوە لکاندن) دێتە ئاراوە. لە ناو فەیلەسووفانی ئیسلامی مەلاصەدرا لەو کەسانەیە کە زانست لەو دە گوتەیە جیا دەکاتەوە، لە بنەرەتدا لە خانەی (بوون)یان دادەنێ، نەك لە گوتەی (چۆنییەتی).

لە فەلسەفەی ئەورووپادا، کانت یەکەم کەس و هەرە گرینگترینیانە کە بە جیددی سەرنجی داوەتە ئەم پرسە و ژێربینای فەلسەفەی خۆی (لە کتێبی زەینی رووت دا) لەسەر ئەوە بنیاتناوە. بۆچوونەکەی لە سەر هەمان (پێوەلکاندنی عالم و مەعلوم)ە: زانست تەنیا بە هۆی کارلێکی هەستی (کە هەمان وێنەی دەسکەوتووی دەروونە) وەدەست نایات، و لە زەیندا بە هۆی ئەو کارلێکەی لە ڕێگەی هەستەوە وەدی دێت شتێکی پێوە زیاد دەکا و دەیخەملێنێ تا بە پلەی مەعریفە بگات. کانت تا ئەندازەیەك دەیسەلمێنێ کە لەبەر ئەوەی زانست بە جیهانی دەرەوە سنووردارە، لە سەر پایەی گوتەکان وەستاوە و گوتەکانیش شێوازی وەرگرتنی زەینی ئێمەن لە جیهانی دەرەوە، کەواتە هەرگیز ناتوانین وەك لە واقیع و خودی پرسەکەدا هەیە، بەدەر لە کاریگەری زەینی خۆمان، پەی بە جیهان ببەین. لەبەر ئەوە زانستی ئێمە تەنیا بە ڕواڵەتی شمەك و پرسەکان پەیوەستە، نەك بە خودی ئەوان.

## مەبەستگەرایی Intentionalite

(١) relation واتە پەیوەندییەك کە پێوەلکاندنیشی پێدەوترێ.

دوای کانت ئەم پرسە بوو بە گرینگترین و باوترین پرسی فەلسەفە، دەتوانین بڵێین هیچ فەیلەسووفێك بێ سەرەتا بۆچوونی خۆی ڕاڤە نەکردووە: لە ڕاستیدا گرینگترین قوتابخانە فەلسەفییەکانی ئەم سەدەی دواییی، بە وەڵامی ئەم پرسە دەسپێدەکات. هەر لەوێوە دەکرێ پەی بە ناکۆکی و جیاوازی بیروڕاکان ببەین. وەلێ ئەو وەڵامەی هۆسرل کە بەم شێوەیە بنەمای قوتابخانەیەکی گرینگی فەلسەفی ئەم سەردەمە، واتە دیاردەناسی[2] دادەمەزرێنێ، ڕەنگە ڕاستترین و باوەڕپێکراوترین وەڵام بێت. خاڵی دەسپێکی بوونگەراییش لێرەوەیە.

بۆ پتر پەیبردن بەم واتایە، باشترە سەرنج بدەینە وتەی خودی سارتەر: بە چاوەکانی، ئەوی دەخوارد. ئەم ڕستەیە و گەلێك ڕستەی تر هەن، هەم ڕیالیزم و هەم ئایدیالیزم هەردووکیان پێیانەوە گرفتارن، بەو پێیە ناسین تا ئەندازەیەك هەمان خواردنە. فەلسەفەی فەڕەنسا دوای سەد ساڵ فەلسەفاندن و خۆڕانان هەر لەم قۆناغە دایە. هەمووما‌ن نووسینەکانی برۆنشویك و لالاند و میرسۆن مان خوێندۆتەوە و دەزانین جاڵجاڵۆکەی زەین، شتەکان لە تاڵەکانی خۆی وەردەپێچێ، بە لیکاوەکەی کۆتیان دەکات و وردە وردە هەڵیان دەلوشێ و دەیانکات بە شتێکی شیکارنەکرێن وەك خودی خۆی. مێز چییە؟ بەرد چییە؟ خانوو چییە؟ جۆرێکی ئاوێتەکردنی (ناوەڕۆکی شعور)ە، گوتەیەکە لەو ناوەڕۆکە. ئای لەو فەلسەفەی خۆراکە! لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێك لەوە سادەتر نەبوو: مەگەر مێز ناوەڕۆکی واقیعی زەینی من نییە، مەگەر زەینی من حاڵەتی واقیعی شعوری من نییە؟ خواردن، شیکردنەوە بە وتەی لالاند: توانەوەی شمەك لە هزرەکاندا، توانەوەی هزرەکان لە یەکتریدا، توانەوەی زەینەکان لە یەکتریدا. بیرمەندانی پایەبەرزی جیهان ئەو خۆراکە ئەکتیڤانەی زەین لە خۆیاندا دتوێننەوە: شیکردنەوە، وێچواندن، هەماهەنگی، سادەترین و توندوتیژترین کەسانی ئێمە، بێهودە بە دوای شتێکدا دەگەڕان کە ڕەق و پتەو بێت، شتێك کە خودی زەین نەبێ، وەلێ ڕوو لە هەر کوێ دەکەن جگە لە تەم و مژێکی نەرم و قورس، جگە لە خۆیان ڕووبەڕووی شتێکی تر نابنەوە.

---

(٢) بۆ باسی دوور و درێژ لەم بوارەدا بەتایبەتی بۆ زانینی ڕای بیرمەندانی ئیسلامی لە خانەی وەدەست هێنانی زانست و ڕخنە و شیکردنەوەیان، بگەڕێوە بۆ کتێبی (توێژینەوەکانی زەینی تیۆری) لە نووسینی مەهدی حائری یەزدی (چاپی تاران -١٣٤٧) و هەروەها دوو وتاری ڕەخنەئامێزی و سەرنج ڕاکێشی مەنوچیهری بزورگ میهر (فەلسەفەی تاوتوێکردنی فۆنیمەکان) و (ناوکی دەروون و دەرەکی) کە بە ڕیز لە ژمارەکانی سەرماوزی ١٣٤٧ و گەلاوێژی ١٣٤٨ ی **گۆڤاری سخن** چاپ کراون.



هوسرل لە دژی ئەم فەلسەفەی هەرەسی و جەزبی نوێی کانتی، دژی هەر جۆرە دەروونناسیطەری، پەیتا پەیتا جەخت دەکاتەوە کە ناکرێ شمەك لە زەیندا بتوێنرێتەوە. ئێوە ئەم درەختە دەبینن، زۆرباشە، ئێوە لە قەراغ جادەیەك لە ناو خاك و خۆڵدا، تاك و تەنیا لە ژێر قرچەی گەرما، بیست فەرسەخ دوور لە دەریای سپی ناوەڕاست، ئەم درەختە ناتوانێ بێتە ناو زەینی ئێوە، چونکە لەگەڵ ئەودا یەك ڕەگەز نییە. وا بیردەکەنەوە ئەمە هەمان وتەی برطسۆنە لە بەشی یەکەمی کتێبی (مادده و یادگە). بەڵام هۆسرل لایەنگری ڕەسەنایەتی واقیعی ڕیالیزم نییە: لەم درەختە، لەسەر پارچە زەوییەکی قەڵشیو، ڕەهاییەك دروستناکات کە دوای ئەوە پەیوەندی لەگەڵماندا هەبێت. زەین و جیهان پێکەوە وەدی دێن: خودی جیهان کە لە دەرەوەی زەینە، خودیانە (پەیوەندی) لەگەڵ زەینداهەیە. لەبەر ئەوە هۆسرل زەین بە شتێکی نەگۆڕ و دابەش هەڵنەگر دەزانێ، کە هیچ وێچوونێکی زەینی ناتوانێ شرۆڤەی بکات، مەگەر وێچواندنی زووتێپەر و نارروونی تەقینەوە. ناسین مانای (تەقینەوەیە بە ئاڕاستەیەك)، مانای جیا بوونەوە لە خەڵوەتی شێداری گەدە، بەمەبەستی تێپەڕین، ڕاکردن لەخۆ، بە ئاڕاستەی شتێك کە من نییە. لەوێوە، لە نزیك درەختەکە، بەو حاڵەشەوە لە دەرەوەی ئەو، چونکە لەبەرمن هەڵدێ و پاڵم پێوەدەنێ بۆ دواوە، ناتوانم تیایدا بتوێمەوە هەروەها ئەویش ناتوانێ لە مندا بتوێتەوە: لەدەرەوەی ئەو لەدەرەوەی من. ئایا ئێوە بەم باس و ڕاڤە کردنە، ویست و هەستەکانی خۆتان نادۆزنەوە؟ ئێوە خۆتان دەتانزانی کە درەخت ئێوە نییە و ئێوە نەتاندەتوانی ڕەوانەی گەدەی تاریکی خۆتانی بکەن، ناکرێ بێ خۆ گێل کردن، شوناسایی و خاوەنداری پێکەوە بەراورد بکرێن. لەو کاتەدا شعور پاك و خاوێن دەبێتەوە، وەك (با) ڕوون و شەفاف دەبێت، ئیتر هیچ شتێکی تێدا نامینێت، مەگەر بزاوتێك بۆ ڕاکردن لەخۆ، تەکانێك بۆ دەرەوەی خۆ. گریمان دەتانتوانی بچنە ناو زەین، گرفتاری گێژاوێك دەبوون، بە ئاڕاستەی دەرەوە، نزیك درەخت، فرێدەدرانە ناو تۆزوخۆڵ. چونکە زەین (بێ دەروونە)، هچ نییە مەگەر لە دەرەوەی خۆی، هەر ئەو هەڵاتنە ڕەهایەی، هەر ئەو بێبەری بوونەی لە ماددەیە، کردوویەتی بە شعور و خولڤاندوویەتی.

ئێستا زنجیرەیەك تەقینەوەی یەك لە دوای یەك لە بەرچاو بگرە کە ئێمە لە خۆیان جیا دەکەنەوە، نەك هەر دەرفەت نەدەن بە خۆمان لە پشت ئەوانەوە دروست ببین، بەڵکو بۆ پشتەوەی ئەوان تورمان بدەن، بۆ ناو تۆز و خۆڵی جیهان، بۆسەر ڕەقەنی زەوی، بۆ ناو شتەکان، و ئێستا بێننە بەرچاوی خۆتان کە ئاوا بە حوکمی ئەو سروشتەمان کەوتووینەتە ناو

جیهانێکی دژپێك و بەدەر لە کۆنترۆڵ و ئەوسا مانای قووڵی ئەو دۆزینەوەی هۆسرل دەستەبەر دەکەین کە لەم رستە بەناوبانگەیدا خستوویەتە روو: *هەر هەستێك، هەست کردنە بە شتێك.* ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی خاڵی کۆتایی بۆ فەلسەفەی گەرم و نەرمی (حاڵگەری)[1] دابنێ کە لە وێدا هەمووشتێك بە رێبازی مودارا کردن و لەگەڵ رۆیشتن ئەنجام دەدرێ، ئەویش بە رێبازی کار و کارلێکی کیمیایی و بایۆلۆجی. وەلێ فەلسەفەی (عروج)[2] تورمان دەداتە سەر جادە، بۆ ناو بیرەوەرییەکانمان، لە ژێر تیشکی رووناکی بەهێز. هایدگەر دەڵێ: بوون مانای بوونە لە جیهاندا، ئەم (بوون لەناو)ە بە مانای جوڵان و بزاوت وەربگرن. کەواتە بوون بە مانای تەقینەوە لە جیهاندا، مانای لە نەبوونی جیهان و عەدەمی شعورەوە جوڵان و کتوپڕ بە شێوەی (تەقینەوەی شعوری جیهانی) دەرکەوتن. ئەگەر شعور بیەوێ خۆی دووبارە وەدەست بێنێتەوە و لەگەڵ خۆی جوت بێت، گەرم و گوڕ دابنیشێ و دەرگا بەرووی جیهاندا پێوەدا، لە ناو دەچێت. ئەم حوکمەی شعور کە دەبێ بەردەوام هەست کردن بێ بە شتێکی غەیری خۆی تا بێتە بوون، ئەوەیە کە هۆسرل ناوی ناوە مەبەستگەرایی Intentionalite.

من سەرەتا دەربارەی شوناسایی دوام تا مەبەستەکەم باشتر بگەیەنم. وەلێ بە بڕوای هۆسرل و دیاردەناسان، ئەو شعورەی کە ئێمە لە هەمبەر شمەکەوە دەستەبەری دەکەین، تایبەت بە شوناسایی ئەوان نییە، شوناسایی یا وێنا کردنی زەینی تەنیا شێوەیەکی لواوی شعوری منە سەبارەت بەو درەختە. من سەرەڕای ئەوەش دەتوانم خۆشم بوێ، لێی بترسم، رقم لێی بێ. ئەم حاڵەتەی کە شعور دەتوانێ لە سنووری خۆی تێپەڕێ، هەر ئەوەیە ناومان نا سەرنجگەرایی کە لە ترس و رق و لە ئەوینیشدا دەرناکەوێ. رقبوونەوە لەکەسێکی تر، تەقینەوەیە بە ئاڕاستەی ئەو، ئامادەبوونی کتوپڕە لە بەرامبەر بێگانەیەك کە سەرەتا چۆنییەتی زەینی (رق لێبوونەوە) لەو کەسە هەست پێدەکەین و بە دەستییەوە دەناڵێنین. لێرەدایە کتوپڕ ئەم کاردانەوەی سەرپێیی زەینی، کە لە خوێواوکی بۆگەنی دەرووندا مەلەی دەکرد، لێی جیا دەبێتەوە، ئەمانە هەموویان لە شێوازەکانی دۆزینەوەی جیهان بەولاوە هیچ شتێکی تر نین. شمەکن کە، قێزەوەن، خۆش هاتوو، ترسناك، خوشویستانە، خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکەن. تایبەتمەندی ئەو رۆپۆشە ژاپۆنییە، ترسناك بوونەکەیەتی (خەسڵەتی ناکۆتا،

(١) Immanence کە بە (حاڵگەری) و (دەروون بوونی) و (رابوونی بەرەوروو) وەرگێڕدراوە.

(٢) Transcendance کە بۆ **بەرزەفری** و **دەرەکی بوون**، و **رابوونی دەسکەوتە** وەرگێڕدراوە.



نادابەشکر، پێکهاتەکەیەتی) نەك کۆمەڵێك کاردانەوەی زەینی من لە ئاست پارچە تەختەیەکدا. هۆسرل دووبارە مەترسی و جازبەی لە شمەکدا جێگیر کرد، ئەو جیهانەی هونەرمەندان و پەیامبەران پیاهەڵدەڵێن دووبارە بۆ ئێمەی دروست کردەوە: جیهانی ترسناك، پێکناکوك، مەترسیدار لەگەڵ گەلێك دوورگەی رەحمەت و خۆشەویستی. جێگای بۆ نووسینی نامەیەکی نوێ لەمەڕ سۆزگەلی مرۆییدا، کردەوە، نامەیەك کە ئیلهامی لەو راستییەوە وەرگرتووە، ئەگەر ئێمە ئافرەتێکمان خۆشبوێت لەبەر ئەوەیە شایانی خۆشویستنە. بەم شێوەیە ئێمەی لە ژیانی دەروونی رزگار کرد: وەك کیژۆڵەیەك کە شانەکەی ماچ دەکات، بێ هوودە بە دوای ناز و دڵنەوایی خەڵوەتی دڵی خۆماندا دەگەڕێین، لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی ئێمە لەدەرەوەیە، تەنانەت خۆشمان: لە دەرەوە، لە جیهان، لە نێوان ئەوانی تر. نەك لە گۆشەی تەنیایی بەڵکو لە سەر شەقام، لە ناوشار، لە ناو خەڵك دەتوانین خۆمان بدۆزینەوە: شتێك لە ناو شتەکان، مرۆڤێك لەناو مرۆڤەکان.

## پرسی زمان

ئەوەی ناوی ئەدەبە زمانیشە، ئەگەر هەم ئەدەب بە تێپەڕین لە زمان بزانین، کەواتە لە هەر حالەتێکدا بێت دەبێ قەبووڵ بکەین، لەدەرەوەی زمان ئەدەبێك بوونی نییە. کەواتە ئەدەب هەمان زمانە بە پێوەلکاندن یا کەمکردنەوەی شتێکی تر. بۆ ناسینی ئەو شتەی تر پێویستە سەرەتا زمان بناسین. بەڵام زمان چییە؟ یەکێکە لە ئامرازەکانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی مرۆڤ، لە هەموویان کرینگتر و بەرفراوان ترە، سادەترین و هاوکات ئاڵۆزترینیانە. بەراوردکردنی لەگەڵ ئامرازەکانی تری پەیوەندی - وەك نیشانەکانی هاتوچۆ — بەسە بۆ ئەوەی فراوانی، مەزنی و توانای کارکردنی زمانمان بۆ دەرکەوێ. بەڵام هەرچۆنێك بێت هەردووکیان یەك خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە: ئامرازێکی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و پێداوستییەکی ژیانی کۆمەڵایەتین. هەنووکە ئەم پرسیارە دێتە پێش: بە چ شێوەیەك ئامرازی پەیوەندی کە لۆجیکانە دەبێ بە خێراترین، راشکاوترین، بگرە کاڵترین و زبرترین شێواز، ئەرکی پەیوەندی کردن ئەنجام بدات، لە پلەی ئەدەب یا واتر بڵێین لە پلەی هونەر دابێ. وتەی هەموان لێرەدایە. ئەم کتێبەش — لانی کەم بەشی یەکەمی — هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە.

پێشەکی با بزانین ئەرکی پەیوەندی زمان چۆن ئەنجام دەدرێ؟ زمان کۆمەڵێکە یا دەزگایەکە لە کۆمەڵێك نیشانە پێکهاتووە. نیشانە (Sign) چییە؟ هەر شتێك بێجگە لە

خۆی نوێنەری شتێکی تر بێ. بە پێی پێناسەی لۆجیکی کۆن لەمەڕ (نیشانە): بوونی شتێکە بە شێوەی لێ ئاگا بوون وەدەست بێ و ئاگا بوون بە شتێکی تر، بۆ نموونە (نیشانە)ی شوێن پێ بۆ ڕێبوار، فۆنیمی دیوار، بەڵگەیە (دەلالەتە) بۆ مانای دیوار. ئەگەر نیشانە لە بری دەلالەت دابنێین (پەیوەندی نیوان نیشانە و وشە پەیوەندی گشتی و تایبەتی ڕەهایە) بە پێی ئەم لۆجیکە وشە لە فۆنیم و مانا پێکهاتووە، کە فۆنیم بەڵگەیە بۆ مانا، بەم پێیە:

فۆنیم<br>
وشە = -----<br>
مانا

وەك چۆن فۆنیمی (دەنگ)ی دیوار دەلالەت لە مانای دیوار دەکات. وەلێ لەبەر ئەوەی هەر دەلالەتێك لە واتای فۆنیم دانییە (وەك دەلالەتی شوێن پێی ڕێبوار یا دووکەڵ بۆ ئاگر یا خێرایی لێدانی دڵ **نبض** بۆ لەرزوتا) لە جێگای فۆنیم و مانا دال و مدلول بە کار دێنن یا بەڵگە و بەڵگەمەند تا واتایەکەی گشتی تر بێت (بۆ نموونە شوێن پێ **دال** ە و ڕێبوار **مدلول** یا فۆنیمی دیوار **دال** ە و مانای دیوار **مدلول**) بە ڕای زۆربەی لۆجیکمەندان، مانا هەمان میسداقی وشە یا شتێکی دەرەکییە. کەچی برێکیان لەوانە (خواجە نصرالدینی طوسی) لە کتێبی (اساس الاقتباس): شت یا زەینی دەرەکی سەربەخۆ لە مانا و لە دەرەوەی مانا دادەنێ.

زمانناسی ئەمڕۆ لەم پرسەدا کە لە ڕاستیدا دەرخستنی ماهییەتی زمانە، باریك تر بووە و بە ئاکامی وردتر گەیشتووە: نیشانە، کە وردترین بەشی مانادار تا درێژترین ڕستە لەخۆ دەگرێ — دراوێکی دوو ڕوویە کە دیوێکی دال و دیوەکەی تری مەدلولە و پەیوەندی نێوانیان دلالەتە، بەم شێوەیە:

دال<br>
نیشانە = ـــــــــــ | دلالەت<br>
مەدلول

مەدلول لەگەڵ زەینی خارجی یەك نییە، بەڵکو دەلالەتی لێدەکات هەر وەك چۆن دال دەلالەت لە مەدلول دەکات. لەبەر ئەوەی نیشانەمان مەبەستە ( بریارە تەنیا فۆنیمی دیوار واتای دیوار بگەیەنێ، ئاشکرایە لە سروشتدا پەیوەندییەکی ئاوا لە نێوان دەنگ و دیوار و واتای دیواردا نییە. کەواتە هەم دال و هەم مەدلول پرسێکی گرێبەستین (نەك سروشتی)، لە کاتێکدا زەینی دەرەکی خۆی لە خۆیدا بوونی هەیە، بە پێی گرێبەست یا بێ گرێبەستی ئێمە نییە.



لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر بمانەوێ لە ڕێگەی وشەوە بە شمەك بگەین، دەبێ لە دوو برگە تێبپەڕین: یەکیان دلالەتی فۆنیم بۆ مانا و ئەوی تر دەلالەتی مانا بۆ شتی دەرەکی. لەلایەکی تر، لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بێ واسیتەی تاکەکانی مرۆڤ بوونی ناکرێ، بۆ ئەم کارە پێویستیمان بە ئامرازی زمان یا ئامرازی تر هەیە، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە لە نێوان تاکەکانی مرۆڤ هەمیشە لانی کەم دوو برگە هەیە، تێگەیاندن و تێگەیشتن، ئەمەش، واتە ئامرازی پەیوەندی، بێ تێپەڕاندنی ئەم دوانە مەیسەر نابێ. لەم ڕووەوە وتوویانە زمان وێنەی شتەکان دەگۆڕێ، تەنانەت برێك کەس زمان بە گرفت یا بە پەردەیەکی واقیعی سەر ڕێگەی تێکگەیشتنی تاکەکانی مرۆڤی دەزانن. باسی ئەم خاڵەش بکەین سارتەر بە جیاوازی نێوان واتا و مسداقی وشە ڕازی نییە و مانای وشە بە هەمان شتی دەرەکی دادەنێ (یەکێك لە بابەتەکانی ناکۆکی نێوان سارتەر و زمانناسان و لایەنگرانی ڕەخنەی نوێ و پەیڕەوانی شێوەی ناسراوی ستراکضرالیزم، لێرەدایە).

## ناموٚیی و شکست

وەلێ بە بڕوای سارتەر — بڕوایەك کە وتەپێوان پەسەندیان کردووە — ئەگەرچی زمان و دواتریش ئەدەب ئامرازی پەیوەندین، وەلێ هۆنراوە نە ئامرازە و نە بەکاری ڤەیوەندی[(١)] دێت. مەبەست لە هۆنراوە شتێکی ترە کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا بە دوور و درێژی باسی لێوەدەکرێ. لێرەوە جیاوازی لەنێوان ئەدەب و هۆنراوەدا دادەنێ و پابەندبوون (Engagement) بە مانای تایبەتی وشەکە پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەیە نەك هۆنراوە یا هونەرەکانی تر. یا هەرچۆنێك بێت شێوازی پابەندبوونیان جیاوازە. لێرەدا مەبەست لە خودی پەخشان سوودمەند بوونە — مانای بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئامانجێك وەك ئامرازێك بە کاردەبرێ کەخۆی لەدەرەوەی ئامرازەکەیە — واتە دەبێتە هۆی ناموٚ بوون لێیان. ئینجا

(١) پێویستە **پەیوەندی** بەمانای باوی زمانناسی وەربگیرێ، لە واتای پەیوەندی (Communication) واتای ماوە و نێوان یا نێوبەند، شاراوەن، لەم ڕووەوە هەر پەیوەندییەك پێویستی بە ئامرازی پەیوەندییە، پرسەکە لێرەوەیە، واتە کە ئامراز لە نێواندابێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ نییە. هونەر و سەرئەنجام هۆنراوە لە تروٚپکی خۆیاندا لە قۆناخی پەیوەندی تێدەپەڕن بە پلەی یەکگرتن دەگەن (Communion). کە دەشێ ناوی بنێین پەیوەندی ڕاستەوخۆ.

هۆنراوە بە هانای ئادەمیزادەوە دێت و بە جێگۆڕکێی نیاز و ئامراز لەگەڵ ناوەڕۆك ئاشتیان دەکاتەوە. لەوەش بەولاوەتر، پابەندبوونی هۆنراوە لە پەسند کردنی شکست دایە، تا ناکامی مرۆیی لە خۆیدا بتوێنێتەوە و هۆزانوان کەسێکە خۆی بە پابەندی شکست دەزانێ[٢].

وەلێ نامۆیی کە هێنیدێك جار لە خۆنامۆبوو مان بەکار هێناوە — بریتییە لە دۆخێك کە کەسێك لە جەوهەری خۆی، لە رەسەنی مرۆیی خۆی دوور کەوتبێتەوە. هۆکارەکانی ئەم پرسەش زۆرن. وەلێ زورجار پەیوەندی بە خاوبوونەوە یاپچڕانی پەیوەندی تاك لەگەڵ ژینگە یا سروشتدا، هەیە. لەم رووەوەیە لە زانستی دەروونناسیدا شێت بە لە خۆنامۆبوو ناودەبەن. ئەم زاراوەیە لە سەردەمی هیگلەوە هاتۆتە ناو فەلسەفە و رۆژ بەڕۆژ پتر بایەخی پەیدا کردووە.

هێندێك کات پرۆژە و چالاکی و بەرهەمەکانی کاری مرۆیی ئەوندە بەرفراوان و تۆکمە و سەقامگیر دەبن، لە سنووری توانای مرۆڤ دەردەچن و سەربەخۆ لە ئیرادەی مرۆڤ، حوکم بەسەر مرۆڤدا دەکەن، ئەوسا لەخۆنامۆبوونی ئادەمیزاد دەسپێدەکات. فیۆرباخ فەیلەسووفی ئەڵمانی سەدەی نۆزدەهەم، رێکخراوی دینی بە گەورەترین فاکتەری لەخۆنامۆبوونی مرۆڤی دەزانی. مارکس ئەم چەمکەی لە هیگل و فیۆڕباخ وەرگرت و بە مانایەکی فراوانتر بەکاری هێنا. بە پێی پێناسەکەی مارکس: نامۆبوون بە حاڵەتی کەسێك دادەنێ کە لە ژێرکاریگەری بارودۆخ و ژینگەی دەوروبەری — ئایینی، ئابووری، سیاسی — ئیرادەی خۆی لەدەست دەدا و تا ئەوجێگایەی وەك شمەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و دیلی شمەکی تایبەتە، دیلی پارەیە، لە راستیدا هەبوون دەکاتە قوربانی هەبوو.

سارتەر کە ئامانجی هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بە ئازادی مرۆڤ دەزانێ، هەوڵی داوە لە بەرهەمەکانیدا بە قووڵایی پرسی نامۆبوون دا رۆبچێت و لە هەموو روویەك و گۆشە

---

(٢) سارتەر لەم لێکدانەوەیەدا جەخت دەکاتەوە کەمەبەستی هۆنراوەی ئەمڕۆیە، وادیارە لەم وشەیەدا دەبێ هۆنراوەی ئەمڕۆی ئەورووپا وەلا بنرێ. لەو وتارەی بە ناونیشانی **ئۆرفەی رەش** کە هاوکات لەگەڵ کتێبی ئەدەب چییە؟ نووسیویەتی و لە وێدا باسی هۆنراوەی نائەورووپایی دەکات. شۆڕشی هۆنراوە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە هاوتای یەکتری دادەنێ.



نیگایەکەوە بیپشکنێ و شەن و کەوی بکات[١]. وەك وتمان لەم کتێبەدا دەردەکەوێ، لەبەر ئەوەی لە پەخشاندا گەیشتنە بە نیازێك لە دەرەوەی پەخشان و بۆ ئەم کارەش زمان وەك ئامراز بەکار دێنێ. هۆنراوە ئەم پەیوەندییە پێچەوانە دەکاتەوە: نیازی پێویست لە هۆنراوە، بزاوتە نەك طةیشتن بة ئامانج، زمان بۆ ئەو ئامانجة نەك ئامراز. بەم شێوەیە هۆنراوە رێگایەکی شیاوە، بۆ رزگار بوون لە نامۆبوون. چونکە ئادەمیزاد لە بەر ئەو ئامانجانەی هەیەتی دەکرێ تووشی لە خۆنامۆبوون بێت. لێرەدا پرسی شکست دێتە ئاراوە.

بوونگەرایی بڕوای وایە مرۆڤ ئاژەڵێکە پرۆژە دادەرێژێ، مانای ئامانج یا چەند ئامانجێك لەبەر چاو دەگرێت و بۆ وەدەست هێنانیان باز دەداتە ناو داهاتوو. تەنانەت بەس نییە بڵێین ئێمە خاوەن ئامانجین، بەڵکو واباشترە بڵێین ئێمە خۆمان ئامانجین. بە ئامانج نەگەیشتن مانای شکست. وەلێ مرۆڤ تەنیا پرۆژەی ورد دانارێژێ بەڵکو دوور نییە پرۆژریەکی گشتی تری هەبێت کە سەرتاسەری ژیانی لەخۆ بگرێت و ببێتە دیاریکەری کەسایەتی ئەو. وەك چۆن وردە پرۆژەکان تووشی شکست دەبن، پرۆژە گشتییەکانیش دوور نییە بە ناکامی بگەن و ئەو کەسە تووشی تێشکانێکی گشتی بکەن. بەم پێیە شکست، پرسێکی بنەڕەتییە و رەنگە پرسی هەرە بنەڕەتی ژیان بێت.

ئەگەرچی سارتەر زۆرجار راشکاوانە وتوویەتی ئادەمیزاد جگەلە پرۆژەکانی هیچ نییە، و هەر ئەوە لە قەوزە و پاشماوە جیای دەکاتەوە. وەلێ بێ ئاگا نەبووە کە ئادەمیزاد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە بوونی خۆی دوادەکەوێ. لە راستیدا ئادەمیزاد بەهۆی ئەو پرۆژانەی

---

(١) یەکێك لە فاکتەرەکانی لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ **نیگای یەکێکی** ترە. سارتەر لە کتێبی هەبوون و نەبووندا بە شێکی تەرخان کردووە بۆ تاوتوێکردنی نیگا. تا ئەو جێگایەی ئەوی تر لە بەر چاومدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و ئاگای لە ئامادە بوونی من نییە، من ناتوانم بە شمةك ی لەقەڵەم بدەم، ئەم حاڵەتەی منیش جۆرێك لە خۆ بەبالاتر زانینی تێدایە، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەوی تر دەبێتە برێك جولان و خۆبادان. وەلێ ئەوەندە بەسە ئەو ئاگاداری بوونی من بێت تا کتوپڕ بارودۆخەکەی پێچەوانە بێتەوە: واتە ئەمجارەیان من ئەو وەك **پەیپێبراو** هەست پێدەکەم، ئەمە ئەوە دەتوانێ من وەك شمةك لەقەڵەم بدات. ئەگەر لە ناکاو هەست بکا من نائاسایی سەرنجی دەدەم، هەریەکەمان هەستی بە نیگەرانی دەکات و پەرێشان دەبین. بەڵام کاتێك نیگای کەسێکی تر هیچ جۆرە رەخنە و گرژی تێدا نییە، **سەرمایەی مەعنەوی خۆم** لێدەستێنێ، ئەوسا من هاوکات بۆخۆم من م بۆ ئەویش هەم.

دابڕشتوون دوور نییە لەخۆی نامۆ بێت، ئەوسا تەنیا بە شکست دەتوانێ وەئاگا بێتەوە و لەگەڵ بوون ببێتەوە بەیەك. ئەم ئەرکە مەترسیدارەش لە ئەستۆی هۆنراوەدایە، چونکە هۆنراوە نوێنەری شکست و هۆزانوانیش نوێنەری تێشکاوە. ڕەنگە قوولترین و نوێترین وتە کە تائێستا وتراوە، لێرەدا بێت.

## لەمەڕ ئەم کتێبە

سیمۆن دی بۆظوار کە ساڵی ١٩٢٨ بۆ یەکەمین جار لە زانکۆی پاریس سارتەری تەمەن بیست و دووساڵەی ناسی، لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا لە بارەیدا ئاوا دەنووسێ:

(مرۆڤێك بوو هەرگیز لە بیرکردنەوە نەدەکەوت، نەك ئەوەی وشان بدرکێنێ و بنەماکەلی تیوری دەرباوێ: سارتەر رقی لە خۆنواندن و لە خۆبایی بوون دەبۆوە، وەلێ مێشکی هەمیشە لە جۆش و خرۆش دابوو، دەتگوت سستی، خەواڵویی، فەرامۆشی، چاودێری بەرامبەر و مودارا کردن، لە وجودیدا نییە... تاپێش ناسینی سارتەر خۆم پێ نموونە و دەگمەن بوو، چونکە ژیانم لە نووسین جیا نەدەکردەوە. بەڵام سارتەر ژیانی بۆ نووسین دەویست...تا ئەو کاتە — لانی کەم — ستایشی، شەپڕێوی، سەرلێشێواوی و بێ بەرنامەیم، دەکرد، ژیانی ئالودە بە مەترسی، پیاوانی سەرلێشێواو، زیدەڕۆیی لە مەی خواردنەوە و ماددە هۆشبەرەکان و هەوسبازیم بە باش دەزانی. سارتەر بە پێچەوانەوە بڕوای وابوو مادام کەسێك شتێکی بۆ گوتن پێ بێت، هەرجۆرە زیادەڕەوی و دەسبڵاوی خیانەتە. بەرهەمی ئەدەبی لە بەرچاوی نیازێکی ڕەها بوو کە هۆکاری بوونی خۆی و دروستکەری خۆی، تەنانەت هەموو جیهانی وەخۆ دەگرت. هەرچەند نەیدەدرکاند، وەلێ دەمزانی سارتەر بڕوای وایە ئەگەر ئەدەب نەبێت بوونی جیهان پوچەڵ و بێهودەیە...پیشەی نووسین بوو دوایی نۆرەی کارەکانی تر دەهات ئیتر پێراگەیشتبا یان نا. رقی لە کۆمەڵگا بوو بەو شێوەیەی لە ئارادا بوو. وەلێ لەو رقە بێزار نەدەبوو. بونیاد و بڕوا هونەرییەکانی ئەو پێویستیان بە خەڵکی گێل و چاوچنۆك بوو، تەنانەت بە پێویستی دەزانین. چونکە دەیگوت: ئەگەر لە ژیاندا شتێك نەبێ لەگەڵی دەستەویەخە بین و وەلای بنێین، ئەدەب بێ سوود دەبێت... لە راستیدا رزگاری لە ئەدەبدا دەدۆزییەوە).

بەرهەمی بیروهزری سارتەر لە هەمبەر ئەدەب و هونەر، ئەم کتێبەیە بەناوی **ئەدەب چییە؟** سەرەتا لە ساڵی ١٩٤٧ لە گۆڤاری سەردەمی نوێ دا و دوای ساڵێك، سەربەخۆ لە کتێبێکدا بڵاوکرایەوە. لەم کتێبە دایە ئەدەبی پابەند (Literature Engage) تاوتوێ



دەکات و ڕاشکاوانە دەڵێ: مەبەستی ئەدەب هەوڵ و تێکۆشانە: هەوڵ و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی ئاگایی، دۆزینەوەی ڕاستی، و ئازادی مرۆڤ، لەم ڕووەوە نووسەر لەبەرامبەر ئەوەی دەینووسێ بەرپرسە: بۆ دەنووسێ؟ چیکردووە، ئەوکارە بۆ هانی داوە پەنا بەرێتە بەر نووسین؟ چونکە وتە لە حوکمی ئەنجامدانی کار دایە.

لەو پێشەکییە کورتەی بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە پرسی پابەندبوون دەخاتە ڕوو، لە وەڵامی ناکۆکەکانیدا دەڵێت: ئێستا کە ڕەخنەگران بە حوکمی ئەدەب تاوانبارم دەکەن بێ ئەوەی بڵێن مەبەستیان لە ئەدەب چییە، باشترین وەڵام کە دەتوانم بیاندەمەوە، ئەوەیە، با هونەری نووسین پێش دادوەری تاوتوێ بکەین، نووسین چییە؟ بۆچی دەنووسین؟ بۆ کێ دەنووسین؟. کەواتە ئەم کتێبە سێ بەشی سەرەکی و بەشێکی تەواوکەرە. لە سێ بەشە سەرەکییەکەدا، بنەمای تیۆری خۆی لەبارەی ئەدەبدا شرۆڤە دەکات و لە بەشە تەواوکەرەکەدا (پێگەی نووسەری ساڵی ١٩٤٧) دەخاتە بواری پراکتیکەوە، واتە بەسەر نووسەرانی هاوچەرخی خۆیدا گشتگیری دەکات و بە پێی ئەو بۆچوونانەی خۆی، نووسەران مەزندە دەکات.

ئەم کتێبە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی، سەرنجی پسپۆڕان و خوێنەران و تەنانەت سەرنجی ناکۆکانی فەلسەفەی سارتەریشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. زۆربەی وتەناسان بە باشترین کتێبی تیۆری دەزانن کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست لە بارەی ئەدەبدا نووسراوە. یەکێك لەو ڕەخنەگرانە هنری ثایەر دەڵێ: گرینگترین وەڵامە کە تائێستا سەدەدەی بیستەم داویەتەوە بە پرسیاری: ئەدەب چییە؟، بەم شێوەیە دەرگای بەشێکی نوێ لەمێژووی ئەدەبدا کراوەتەوە. سارتەر لەو کتێبەدا لەمەڕ لێکۆڵینەوە و وتوێژ، بە ترۆپکی توانای خۆی گەیشتووە. ڕەخنەگرێکی تر سیرطی دۆبرۆفسکی ئەم کتێبە و کتێبی رۆلآن ثارت بە گرینگترین بەرهەمی ئەدەبی دەژمێرێ کە تا ئەمرۆ لە هەر کات و لە هەر زمانێکدا لە هەمبەر ئەدەب نووسراوە.

سەدەی ئێمە سەدەی پرسین و گومان و خۆ بەئاگا کردنە. ئەدەبیش لەم حوکمەی سەردەم بێبەش نەبووە. لەم ڕووەوە لەم بیست ساڵەی دواییدا، ڕەنگە پتر لە سەردەمەکانی پێشوو، لە هەمبەر ئەدەب، بیروبۆچوون هەبووە و شت گۆتراوە، کەوتۆتە ژێر پرسیار و گومان تا بگاتە ئاگاییەکی باوەڕپێکراوتر. ئاشکرایە کە ئەمرۆ - بیست ساڵ دوای یەکەم چاپی ئەم کتێبە — ئەدەب زۆر سنووری بیروڕاکانی سارتەری بەزاندووە و بە یارمەتی زانستە مرۆییەکان بە دەرئەنجامی نوێتر گەیشتووە. ئەمەش پێویستی زانستی مێژووە. بە تایبەتی لە سەردەمەی

خێرایی و بزاوت. بەڵام کتێبی سارتەر لە سەر ئەم ڕێبازە نەك تەنیا ڕێنیشاندەر و دەسپێکەری ڕێگا بووە، بەڵکو تیۆری نوێتر لە سەر بیروبۆچوونەکانی دامەزراوە یا داڕێژراوە و ڕووەو کامڵ بوون ڕۆیشتووە. هەروەها دەتوانین بڵێین لەو بیست ساڵەی پێشووەوە تائێستا هیچ توێژەرێکی باوەڕپێکراو نەبووە لەمەڕ ئەدەب شتێك بنووسێت — سەرکەوتوو یا ناسەرکەوتوو — کاریگەری ئەم کتێبەی لەسەر نەبووبێ. کەواتە ئەم کتێبە بایەخی دووسەرەی هەیە: هەم لە ڕووی بونیاد و ئەو بیروڕایانەی هێناویەتە ئاراوە، هەم لە ڕووی ئەو پلە و پایەی کە ئێستا لە مێژووی ئاگایی مرۆڤ بە کردەوەکانی خۆی، وەدەستی هێناوە.

## پێشەکی وەرگێڕاوە فارسییەکە

چەند ساڵ پێش، کاتێك یەکێك لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە، بەشی یەکەمی وەرگێڕا و لە گۆڤارێکدا بڵاوی کردەوە، بە پێویستی زانی لە پێشەکییەکەیدا ڕوونکردنەوەیەك بدات: (باسە ئەدەبی و هونەرییەکان بە ئاسانی ناکرێنە فارسی، زاراوە هونەرییەکان کەم و ناتەواون و سنوور و کەلێنەکانی فۆنیم و ماناکان ڕوون نین. وەلێ خۆشبەختانە لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە دەقانە ڕەنگە ڕەچاوکردنی شێوازی نووسەر بایەخی یەکەمی نەبێت: گرینگ گەیاندنی ماناکانە بە ڕوونترین لێکدانەوە و سادەترین شێوە. وەرگێڕ لەگەڵ هەموو هەوڵێکی بۆ لەبەر چاو گرتنی ئەمانەتی وەرگێران، ناچار بوو جارجارە جێگۆڕکی بە چەند وشەیەك یا بۆ ڕوونکردنەوەی وتە و بابەت، وشەیەك زیاد بکات یا ڕستەیەك لە دەقەکە هەڵبگرێ... لەم کارەش نیگەرانە، وەلێ چارە نییە). بەڵام ئەمرۆ خۆشحاڵە کە بڵێ وازی لەو ڕوانگەیە هێناوە: وردبینی و هەوڵدان و ئەزموونی پتر نیشانیدا لە هەمبەر ئەم جۆرە دەقانەش دەکرێ بە تەواوی ئەمانەتی وەرگێڕان لە بەرچاو بگیردرێ. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە ئەوەندە بەسە هەردوو وەرگێڕاوی بەشی ناوبراو لەو گۆڤارە و لەم کتێبەدا بەراورد بکرێن، تا جیاوازییەکان دەرکەون. دەستێوەردانی وەرگێڕان لە هەر ڕووپەرێکدا ڕەنگە لە یەك دوو وشە تێنەپەڕێ کە بۆ پاراستنی ریواڵی ڕستە فارسییەکە یا ڕوونکردنەوەی بابەتەکە زیاد کراون یا جێگۆڕکێیان پێکراوە. لەبەر



ئەوە ئەگەر بڕێك ڕستە درێژن یا تێگەیشتنیان قورسە هۆیەکەی لەبەر چاوگرتنی شێوازی نووسەر و ئاڵۆزی خودی بابەتەکەیە. بە هەر حاڵ ئەمە کتێبێك نییە خوێنەر بە یەکجار خوێندنەوە پەی بە هەموو لایەنەکانی بەرێت. بۆ ئەو خوێنەرەی پتر لە جارێك ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، یا زەحمەت بکێشێ وەرگێڕاوەکە لەگەڵ دەقە سەرەکییەکە بەراورد بکات، ڕەنگە بڕێك لەو ماندووبوونەی وەرگێڕی لەمەڕ ڕوونکردنەوە و پاراستنی ریساکانی زمانی فارسی، بۆ دەربکەوێت. هەر چۆنێك بێت هیچ وەرگێڕانێك نییە — مەگەر بە دەستێوەردانی ناڕەوای وەرگێڕ و گۆڕینی شێواز و واتاکانی نووسەر — شێوەیەکی دەقەکەی خۆی پێوە نەبێت و کەم تا زۆر لەگەڵ ئەو زمانەی پێی وەرگێڕدراوە نامۆ نەبێت. جگە لەوەی ڕێگەی خۆبواردن لەم پرسە نییە، ڕەنگە ئەمە شتێکی باش بێت نەك کەموکوڕی. لەبەر ئەوە خوێنەر دەبێ ئاگادار بێت ئەمە بەرهەمی نووسەرێکی بیانییە و بە زمانێکی تر نووسراوە. یەکێك لەو خزمەتانەی وەرگێرانی هەر زمانێك دەرهەق بە فەرهەنگی وڵاتی خۆیانی ئەنجامی دەدەن ئەم کارەیە، وەلێ لێرەدا جێگای باسکردنی نییە.

تەنیا لایەنێك کە وەرگێڕان بە مافی خۆیان زانیوە لە دەقی سەرەکی کتێبەکەدا دەستی بۆ ببەن، گواستنەوەی پەراوێزەکانی نووسەرە بۆ ناو دەقەکە تا جێگایەك بۆ ڕوونکردنەوکانیان بکەنەوە. وەلێ ئەم پەراوێزانەیان وردتر لە پانتایی کەمتردا چاپ کردووە، بە شێوەیەك کە خوێندنەوەیان ئاسان بێت. تەنیا لە چەند شوێنێکدا نەبێت کە پەراوێزەکە دوور و درێژ و بابەتەکە گرینگ بوو، بە پێویستمان نەزانی پەراوێز و دەقەکە لێك جیا بکەینەوە. بەڵام ئەوەی لە پەراوێزی لاپەرەکاندا هاتووە تێکڕای هی وەرگێڕەکانە: کە ڕوونکردنەوەیە لە بارەی نووسەر، یا کتێبێکە، یا وشەیەك، یا بابەتێکی ئاڵۆز.

لە بارەی لکاندنی ئەم راوبۆچوونانە بە دەقی کتێبەکەوە و پتر بوونی قەبارە و نرخەکەی، ماوەیەك وەرگێڕان دوودڵ بوون: ئایا واباشتر نەبوو ئەم کتێبە وەك وەرگێڕاوە ئینگلیزی و ئەڵمانییەکەی بێ هیچ ڕوونکردنەوە و پەراوێزێك چاپکرابا؟ وەڵێ ترسی ئەوە هەبوو زۆربەی خوێنەران لە بابەتەکانی تێنەگەن و بە نیوەچڵی واز لە خوێندنەوەی بێنن. ئەوەبوو وەرگێڕان لە خایاندنی کات و ماندووبوونی زۆر نەترسان و ئەوەندەی توانییان لە پەراوێزەکاندا ئاڵۆزییەکانیان سادە کردەوە. بەڵام ئەم کارەش هەروا هاسان ئەنجام نەدرا، بە تایبەتی لەهەمبەر دۆزینەوەی ناوی بێژەر یا ئەو نووسەرەی لە دەقی کتێبەکەدا ڕستەیەك یا دێری هۆنراوەیەکی بە نموونە خراوەتە ڕوو، یا گەڕان بە دوای بابەتێکدا کە لە دەقەکەدا تەنیا ناوی خاوەنەکەی هاتووە.

لە کاتی وەرگێراندا، وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکە لە بەر دەست دابووە. بەڵام لەم وەرگێڕانەدا کە یەکەمجار لە ساڵی **١٩٤٩** ئەنجامدراوە و دواتر بە هەڵسەنگاندن و چاکسازی و پێشەکی نوێوە لە ساڵی **١٩٦٥** چاپ کرایەوە، ئیستا وەرگێڕاوێکی ئینگلیزی رەواجدارە[١]— بە داخەوە هەر لە دێڕەکانی سەرەتاوە هەڵە و تێپەڕاندن و هەڵبواردن هاتۆتە ئاراوە کە زۆر جار ماناکەی تێکداوە و بڕێك جاریش پێچەوانەی مەبەستی نووسەرە[٢]. دیارە لە بڕێك شوێنیش سوودی لێوەرگیراوە و چەند گرفتێکی پێ چارەسەر کراوە.

لە کۆتایی کتێبەکەدا لە لایەن وەرگێڕانەوە فەرهەنگنامەیەکی بۆ زیاد کراوە، ئەو وشە و زاراوانە وەخۆدەگرێ کە پتر لە جارێك لە دەقەکەدا بەکار براون و لێکدانەوەیان لە پەراوێزەکاندا، دەبووە هۆی تێکدانی نەزمی لاپەڕەکە و قورسکردنی نابەجێی دەق و زۆرجار

(١) ئەمەش ناونیشانی کتێبەکەیە بۆ ئەوکەسانەی پێویستیانە What is Literature? Translated by .B , Frechtman., Harper and Row, New york, 1965

(٢) ئاماژەیە بە بڕێك لەو هەڵانە بۆ ئەو کەسانەی وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکە دەخوێننەوە یا دەیانەوێ لەگەڵ ئەم وەرگێڕاوە بەراوردی بکەن. وەرگێڕ لە هەموو شوێنێك Sans doute فەڕەنسی بە پێچەوانەی مانای رواڵەتییەکەی کە خاوەن **گومان و دوو دڵییە** بۆ **بێ گومان و بێ دوو دڵی** وەریگێڕاوە. لە سەرەتای بەشی یەکەمدا سارتەر دەڵێ: نیگارکێش نایەوێ لە سەر تابلۆیەکەی هێما بکێشێتەوە، بەڵکو دەیەوێ شتێك بخولقێنێ. وەرگێڕی ئینگلیزی دەڵێ: نیگارکێش نایەوێ شتێك بخولقێنێ. کە ئەمە پێچەوانەی مەبەستی نووسەرە. وەرگێڕی ئینگلیزی وشەی Sens کە چەند مانا دەبەخشێ و هەرمانایەك بە پێی ناوەڕۆکی رستەکە لێکدەدرێتەوە، زۆرجار بە meaninig وەریگێڕاوە. لەبەر ئەوە لەو شوێنەدا کە سارتەر دەڵێ: وشەکان درێژەدە و تەواوکەری هەست و چنگاڵ و مقاش و چاویلکەی ئەون. ئەم رستە خەندەدارەی هێناوە: وشەکان درێژە و تەواوکەری ماناکان و چنگاڵ و مقاش و چاویلکەی ئەون (جێگای سەرسوڕمانە سەرئەنجام لە لاپەڕەکانی دواتردا مانای راستەقینەی دۆزیوەتەوە، وەلێ هەڵەکانی پێشووی خۆی راست نەکردۆتەوە). لە چەند شوێنێك نەیتوانیوە سەرچاوەی جێناوەکان بدۆزێتەوە، مانای چەند وشەی لەکەدار کردووە. وەك ئەم رستە سادەیە: چونکە ئەگەر خوا، بوونی هەبا، وەك هەندێك لە عارفان بەو ئاکامە گەیشتوون، سەبارەت بە مرۆڤ لە شوێنگە دا دەبوو) چەمکی ئەوان لە جێناوی عارفاندا دەگەڕێتەوە بۆ رستەی دوای ئەو نە بۆ وشەی خوا، ئاوای وەرگێڕاوە: (چونکە ئەگەر خوایەك بوونی هەبا وەك هەندێك لە عارفان دیویانە... هتد) واتە گومانی تێدانییە کە خوایان دیوە. ئەمەش نەتەنیا پێچەوانەی مانای رستەکەیە، بەڵکو تێکڕای فەلسەفەی سارتەر رەتدەکاتەوە.



سەرلێشێوانی خوێنەر. بڕێك لەو زاراوانە، کە دواتر بەرچاو دەکەون (وەك ئوستورە، دۆخگەرایی، دیالێکتیك) پانتاییەکی زۆریان داگیر دەکرد و پەراوێزەکانی تری تێکدەدا، لانی کەم رواڵەتی لاپەڕەکە و رایەڵکەی خوێندنەوەی خوێنەری دەپچڕاند. لە بەر ئەوە بەباش زانرا بخرێنە کۆتایی کتێبەکە[١]. لەگەڵ ئەوەشدا لە پەراوێزی لاپەرەکاندا بۆ رێنوێنی کردنی پتری خوێنەر، راشکاوانە رادەستی فەرهەنگی کۆتایی کتێبەکە کراوە. لەو فەرهەنگنامەدا هەوڵ دراوە ئەو زاراوانە لێکبدرێنەوە کە زانینیان نەك بۆ تێگەیشتنی کتێبەکە و خوێندنەوەی ئاسایی خوێنەر، بەڵکو بۆ زۆرکردنی زانیاری فەلسەفی خوێنەر بەتایبەتی لە بۆاری بوونگەراییدا، بە کەڵکن.

هەروەك وتمان ئەم کتێبە چوار بەشە. بەشی چوارەمیان — بەناوی پێگەی نووسەر لە ساڵی **١٩٤٧** — لەبەر چەند هۆیەك وەرنەگێڕدراوە و دامان نەناوە: یەکەم لەبەر ئەوەی بونیادە فەلسەفییەکانی نووسەر لە سێ بەشی یەکەمدا شرۆڤە کراون و بەشی چوارەم پیادە کردنی ئەو سێ بەشەیە لەسەر نووسەرانی فەڕەنسی ئەویش تەنیا لە سەر پێگەیان لە ساڵی **١٩٤٧** کە بەرواری نووسینی ئەم کتێبەیە. هۆیەکی تر ئەوەیە ئامانجەکانی سارتەر لەو بەشەدا بۆ نووسەرانی پلە دوو وە پلە سێی فەڕەنسییە کە زۆربەیان نەك تەنیا لە ئێران بەڵکو لە ئەورووپا و خودی فەڕەنساشدا بزر، نەناسراو و لەبیرکراون. هۆی سێهەم: ئەگەر وەرگێڕدرابا روونکردنەوە و پەراوێزی زۆر دەبوو رەنگە دووهێندەی دەقەکەی با، واتە پتر لە پەراوێزەکانی سێ بەشی یەکەم، بەم پێیە قەبارەی کتێبەکە دەبوو بە سێ ئەوەندی قەبارەی ئێستایی و نرخیشی بەرزدەبۆوە بێ ئەوی سوودێکی ئەوتۆی هەبێت. لە کاتێکدا وەرگێڕانی ئەم سێ بەشە دووساڵی خایاندووە، وەرگێڕانی بەشی کۆتاییش ئەوندەی کات دەویست، ئەوسا دوور نەبوو وەرگێڕ و خوێنەرانیش حەوسەلەیان بەسەر بچێ. وەلێ ئومێدەوارین لە داهاتوودا ئەو بەشەش وەربگێڕین و بەجیا چاپی بکەین.

❊ ❊ ❊

کتێبی ئەدەب چییە؟ وەك ئاماژەمان پێکرد، هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کەوتە بەرباس و وتووێژی فراوانی لەسەر کرا، زۆر کەس لەمەڕ لاگیری، رەتکردنەوە، تەواوکاری، راستکردنەوە

(١) لەبەر ئەوەی پەراوێزی هەردوو وەرگێڕاوە فارسی و عەرەبییەکەم لێکداوە بە پێویستم نەزانی فەرهەنگی زاراوەکانی وەرگێڕاوە فارسییەکە وەرگێڕم و بیخەمە کۆتایی کتێبەکە چونکە دەبوو بە دووبارە کردنەوە.(و. کوردی)

و لێدابڕنی، دواون. تەنانەت ئەمڕۆش کە بیست ساڵ بەسەر چاپی یەکەمیدا تێدەپەڕێ، کەمتر وتار و کتێب لە هەمبەر ناسینی ئەدەب، بەرچاو دەکەوێ ئاماژەی بەم کتێبەی سارتەر نەکردبێت. ئەم باس و خواسانە هەمیشە سەرنج ڕاکێش و فێرکەرن، زۆرجار بۆ کامڵ کردنی بابەتەکانی ئەم کتێبە، بەکەڵك و پێویستن. یەکێك لە وەرگێڕەکانی ئەم کتێبە (ابوالحسن نجفی) کە چەند ساڵ دەبێ خەریکی ئامادە و ڕێك و پێك کردنی ئەم بیر و بۆچوونانەیە و دەیەوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا لە بەرگێکدا کۆیان بکاتەوە و بە یارمەتی تیۆریگەلی نوێ کە لە زانستە مرۆییەکاندا بە تایبەتی لە زمانناسیدا خراونەتە ڕوو، تاوتوێیان بکات و لە کتێبێکدا بە ناونیشانی تەواوکەری ئەم کتێبە بڵاوی بکاتەوە. لەو ڕووەوە وەرگێڕان لەم کتێبەدا لەمەڕ خاڵی لاواز و بەهێز و ڕاستی و ناڕاستی بیروڕایەکانی سارتەردا هیچ حوکمێکیان نەداوە، دایاننناوە بۆ داهاتوو. خۆ ئەگەر شتێکیشیان گوتبێ تەنیا بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی وتەکانی نووسەر بووە.

## پێشەکی وەرگێڕاوە عەرەبییەکە

وەرگێڕانی ئەم کتێبە یەکەمین وەرگێڕانم بوو دوای تەواو کردنی بۆرسی خوێندن و گەڕانەوەم لە فەڕەنسا لە ساڵی ١٩٥٢. مەبەستم بوو بەم وەرگێڕانە کەم و کوڕییەك لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی دا بنبڕ بکەم، گرینگترین دەقی ئەدەبی پابەند و ئەدەبی هەڵویست، پێشکەش بە خوێنەری عەرب بکەم کە لێکدانەوەی زۆر هەڵە و ئاڵوز لە تێگەیشتنیدا هەیە، تەنانەت لە ناو جەماوەری پسپۆڕی ڕەخنەی ئەدەبیش. ئەدەبی پابەند، وەك نووسەر لەم کتێبەدا ڕاڤەی دەکا —لە بنەما گشتییەکانیدا —لە جیهانی ڕۆژئاوادا ئاڕاستەیەکی زاڵە بەسەر ڕەخنەی جیهانیدا، تەنانەت لای بوونگەرایانیش، وەك لە ئاماژەکردنی نووسەر بۆ گەورەنووسەرانی هاوچەرخی ئەورووپا و ئەمەریکادا دەردەکەوێ، کە نووسەر تاکە لە ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی پابەندبوون و خستنە ڕووی لایەنە هونەری و سنوورە کۆمەڵایەتییەکانی، بە شێوەیەك کەس نەیتوانیوە شان لە شانی بدات بەتایبەتی ئەوانەی هاوکات دانیان بە بەرپرسی پەخشاننووس و ئازادییەکەیدا ناوە، کە هەردووکیان کوچکەی سەرەکی پابەندیین.

لەوەی باسم کرد دەردەکەوێ کە من پابەند نیم بە ڕەوتێکی ئەدەبی یا فەلسەفی، بوونگەرایی یا نابوونگەرایی. یا توێژەر هەرچەندە جیددی بێ لە خستنە ڕووی ڕاستی پرسەکان و دۆزینەوەی ڕەوتگەلی جیاوازی هزری، گومانی تێدا نییە دەبێ بکەوێتە خانەی ئەو ئاراستانەی دەیانخاتە ڕوو، و خانەی ئەو ڕەوتانەی تاوتوێیان دەکات و ئەو ڕاستییانەی بە تەنگەوەیە بیانزانێ. یا پێویستە لە سەر ئەوکەسەی بە خەمەوەیە ڕەوتێك بناسێ و بۆ جەماوەر بیخاتە ڕوو، یا لەو چوارچێوەیە دابێ تا لە هەناوییەوە لێی بڕوانێ



و حوکمی خۆیاتی بەسەردا بدات. خۆ ئەگەر پرسەکە ئاوەها بایە، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بۆ مەترسی گشتگیری و دەمارگیری دەبوو بە ئامانج. ئەوسا مانای تێکرای ڕەوتەکان لێڵ و ناروون دەبوو، چونکە هەریەکێکیان لە نێوان دوو بەرەی لێکۆڵینەوەی زەینگەراییدا لایەنگر و بەرهەڵستکار، سەرگەردان دەبوو. ئاشکرایە کە ئەمە بانگەشەیەکی پوچەڵە، ئەگەر وێردی زمانی نامۆیان بە ڕۆشنبیری یا ڕەخنەی ئەدەبی نەبایە، کە ئەمانە لە ڕاستیدا بەڵای لێکۆڵینەوەی جیددین، پێویست نەبوو خۆمانی بۆ سەرکۆنە بکەین. وەلێ بانگەشەیەکی زۆر مەترسیدارە، تەنیا بە کەمکردنەوە لە تاوتوێی تێکڕای ڕەوتە ئەدەبییە جیاجیاکان هاوسەنگ دەبێ، ئەویش بەهۆی گەلێك بیانووی بێ سەروبەر کە لە لایەن دوو دەستەوە دەردەچن: ئەو تەمبەڵ و دواکەوتوانەی لە نرخی هەرشتێك کە نایزانن کەم دەکەنەوە، دواتر نیاز خەراپانی پەککەوتە.

بڕوامان وایە ئەگەر بمانەوێ پەیوەندی نێوان ئەدەبی نەتەوایەتی و بارودۆخی ژیانی هزری کۆمەڵایەتیمان پتەو بکەین، و ئەدەبەکەمان پەیامی مرۆیی دیاریکراو بە پێی ویستی نەتەوایەتی و نیشتمانیمان، بە جێبگەیەنێ، لێکۆڵینەوەکانمان لە هەمبەر ئەدەب و ڕەخنەدا — پاش دواکەوتنێکی دوور و درێژ - بگاتە ئاستی هاوشێوەکانی لە ئەدەبی جیهانیدا، ئەگەر ویستمان تێکڕای ئەمانە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی بە توێژینەوەی جیددییەوە بەندن، بە ئەنجام بگات، بێ گومان دەبێ بە تاوتوێکردنی قووڵ و لەسەرخۆی ڕەوتە ئەدەبییەکان، یارمەتی ئاگایی ئەدەبیمان بدەین تا لە ئەدەب و ڕەخنەماندا، بتوانین ئاسانتر ئاراستەی گشتی جوانی و فەلسەفی بخولقێنین و ئاگایی مرۆیی و نەتەوییمان بە ئاگایی ئەدەبی کامڵ ببەستینەوە. مەبەستمان لە ڕەوتی ئەدەبی بە مانای ڕاست و بەرهەمداری، ئەمەیە.

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەش کە ئەمڕۆ پێشکەش بە خوێنەرانی دەکەم، یەکێکە لەو دەقە ئەدەبییە گرینگانەی یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە. ئەم کتێبەش کە نووسەر بە ناونیشانی (ئەدەب چییە؟) بەشی زۆری بەرگی دووەمی کتێبی سارتەر لەخۆ دەگرێ کە بە ناونیشانی (هەڵویستەکان)، لە سێ بەرگدا خراوەتە ڕوو. ئەم بەشەش کە وەرمانگێڕاوە و پێشکەشمان کردووە، چوار بەش و پێشەکییەکی کورتە. لە بەرگی دووەمدا دوو وتار پێشەنگن، یەکەمیان، خستنە ڕووی گۆڤاری (سەردەمە نوێکان)ە و دووەمیان بە ناوی (خۆماڵی کردنی ئەدەب)ە. لێرەدا نە وتاری یەکەم نە دووەمان وەرنەگێڕاوە، چونکە ناچنە ئەو خانەی نووسەر لە ژێر ناونیشانی ئەدەب چییە؟ دیاری کردووە، کە ئەو بەشەیە ئێمە وەرمانگێڕاوە، جگە لەوە وتاری دووەم پێشتر کراوە بە عەرەبی، وەلێ ئێمە لە ڕوونکردنەوەکانماندا ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی نووسەرەوە، هەبێت، لەمەڕ پێناسەی مانای نووسین کە بابەتی بەشی یەکەمە، ئاماژەمان پێکردووە.

وامان بە باش زانی لە سەرەتای هەر بەشێکدا خاڵە گشتییەکان ناو ببەین، تا خوێنەر لە بەدوای یەکدا هاتنی بیرۆکەکانی نووسەر ئاگادار بکەین، ئەو خاڵانەشمان بە خەتێکی جیا لە خەتی دەقەکە نووسیوە.

بەتەنگەوە بووین بە کورتی بیرۆکە فەلسەفی و ئەدەبییەکانی نووسەر، لەگەڵ ئاماژە مێژووییەکانی شرۆڤە بکەین، و روونکردنەوەمان هەبێت بۆ داستان و کتێب و نووسەران و کەسایەتییە ئەدەبییەکان، تا یارمەتی خوێنەر بدات، بۆ ئەو شتەی نووسەر دەیەوێ خوێنەر لێی تێی بگات.

روونکردنەوەکانی خۆمان بە ژمارەی ناو کەوانەی بازنەیی خستۆتە پەراوێزی لاپەرەکان، روونکردنەوەکانی نووسەریشمان خستۆتە ناو کەوانەی لاکێشەیی و کەوتوونەتە کۆتای هەر بەشێك، بە شێوەیەك باسەکەمان روونکردۆتەوە کە تێگەیشتنی ئاسان بێت (مەبەست وەرگێڕاوە عەرەبییەکەیە/ و. ك).

چاکەمان ویستووە بۆ رەخنە و قوتابییەکانی، بۆ زانست و ئەهلی زانست، هەوڵەکانمان هەر لەو پێناوەدا بووە، خواوەندیش ئاگاداری نیازمانە.

**محەممەد غەنیمی هیلال**

## پێشەکی نووسەر

گەمژەلاوێك لە بارەی منەوە دەنووسێ: ئەگەر دەتەوێ پابەند بی، چاوەڕوانی چی، بچۆرە نێو رێکخراوی پارتێکی کۆمۆنیست؟. کەڵە نووسەرێکیش کە زۆر پابەند و جارجارەش لە ئەدەبەکەیدا بەرەڵایە، وەلێ شێوازی بەرهەمەکەی لە بیر کردووە، دەڵێ[1]: (بڕوانە نیگارکێشانی سۆڤییەت، خەراپترین هونەرمەند، هەرە پابەندەکەیانە). رەخنەگرێکی بە ساڵداچووش بە چپەوە سکاڵا لە من دەکات: راسڕاستی دەتەوێ ئەدەب، ترۆر بکەی، ئەوەتا لە گۆڤارەکەتاندا[2] دزێوی

(١) گۆڤاری سەردەمە نوێکان Les Temps Modernes سارتەر بە وتاریك بە خوێنەرانی ناساند کە ئەو وتارە دواتر لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا بەناوی (**هەڵوێستەکان**) بڵاوکرایەوە، وەك لە پێشەکییەکیدا ئاماژەمان پێکرد ئەو وتارە بەشێك نییە لەم کتێبە.

(٢) بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە کە ئەدەبی پابەند بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرسەکانی سەردەم، بە ئاخاوتن لە سەر ئەو پرنسیپە گشتییانەی هیچ پەیوەندییەکیان بە بیروهزری سەردەم و گرفتە دیاریکراوەکانییەوە نییە، لە نووسەران ناخوازێ نکۆڵی لە پاشکۆیی بکەن، بەو بیانوەی ئەوانە بانگەشەی نەمری بۆ ئەدەبەکەیان دەکەن، گوایە رۆچوون بە بیروهزری ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین، ئەدەبەکەیان دەکاتە هەنووکەیی و بە مردنی ئەو پرسە هەنووکەییانەی هاوچەرخ کە ئەدەبەکەیان کردوویەتە بابەتێك بۆخۆی، ئەدەبەکەیش دەمرێ، دانەریش لە زۆر بابەتی کتێبەکەدا بەتایبەتی لە بەشی سێهەمدا، ئەم بیانوانە رەتدەکاتەوە.



هونەر و گوتاری نووسین بە ناحەزی دەردەکەوێ. ئەوانەش کە ئەقڵیان سووکە، بە کەللەڕەق ناوم دەبەن، ئەمەش لایان پیسترین ناو و ناتۆرەیە: نووسەرێك کە بەزەحمەت لە شەڕێکەوە تا شەڕێکی تر پەرەی بە ئەدەبەکەی داوە، هەندێ جار ناوەکەی لە نێو پیر و پەککەوتاندا یادگاری کاڵ و کرچ دەوروژێنێ، گلەییم لێدەکا کە من لە ئەدەبدا بایەخ بە نەمری[3] نادەم: سوپاس بۆ خوا کە دەزانێ، ژمارەیەك لە پایە بەرزان ئومێدی هەرە گەورەیان نەمرییە. هەڵەی من لە روانگەی رۆژنامەنووسێکی لەخۆبایی ئەمەریکاییەوە، ئەوەیە کە من: نە برجستون[4] نە فرۆید[1] ناخوێنمەوە. بەڵام، بەلایەوە ئەو فلوبێرەی هەرگیز لە ئەدەبەکەیدا پابەند نەبووە لە رووی ئازاری ویژدانەوە بە سەرمدا زاڵە. هێندێك پیسکە نووسەریش بە چاو نوقاندنەوە دەڵێن: لە بارەی هۆنراوە، نیگارکێشان و موزیکەوە، چ دبێژی؟ دەتەوێ ئەوانیش پابەند بن؟ هەندێك لەو خاوەن ئەقڵە منجڕانە دەڵێن: ئەم بانگەشەیە بۆ چییە؟، هەر بۆ ئەدەبی پابەندە؟ ئەوە ئەگەر ژیاندنەوەی رەوتی میللی گەرایی[2]، توندرەو نەبێ، کەواتە واقیعی سۆشیالیزمی کەونە.

(٣) Henri Louis Bergson (١٨٥٩-١٩٤١) فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، لە فەلسەفەکەیدا پشت بەو هەستانە دەبەستێت کە (شعور) لەمەر سەربەخۆیی هەردوو بیرۆکەی کات و شوێن، دەیدا بەدەستەوە. لەو باریەوە لە نووسینە هەرە گرینگەکانی (نامەیەك لەمەر دراوە راستەوخۆکانی شعور) و (پەرەسەندنی پەروەردگار) ە، لە هەمانکاتدا لە پلەوپایەی بیرکردنەوە کەم ناکاتەوە، دوایی بە دانپێدانانی ئایینەکان و هێزە روحییەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا، کۆتایی هات. یەکێك لەو کتێبانەی لەم بارەوە نووسیویەتی (**سەرچاوەی رەوشت و دین**) ە.

(٤) فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، لە فەلسەفەکەیدا پشت بەو هەستانە دەبەستێت کە (شعور) لەمەر سەربەخۆیی هەردوو بیرۆکەی کات و شوێن، دەیدا بەدەستەوە. لەو باریەوە لە نووسینە هەرە گرینگەکانی **نامەیەك لەمەر دراوە راستەوخۆکانی شعور** و **پەرەسەندنی پەروەردگار** ە، لە هەمانکاتدا لە پلەوپایەی بیرکردنەوە کەم ناکاتەوە، دوایی بە دانپێدانانی ئایینەکان و هێزە روحییەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا، کۆتایی هات. یەکێك لەو کتێبانەی لەم بارەوە نووسیویەتی (سەرچاوەی خولقاندن و دین)ە.

(١) سیگمۆند فرۆید، زانای دەروونناس (١٨٥٦-١٩٣٩)، یەکەم کەسە زانستییانە و بە پێی ئەزموون، لە دونیای (لاشعور) دوا، بە لێکۆڵینەوەکانیشی گاریگەری خستە سەر رەخنەی ئەدەبی نوێ و سەرهەڵدانی رەوتی سیریالی کە دانەر لە کۆتایی ئەم کتێبەدا، بە تایبەتی گفتوگۆی لەسەر دەکات. هەروەها دۆزینەوەکەی کاریکردە سەر فەلسەفەی ئیحای پاشکەوتوانی سامبولیست.

(٢) Le Populisme یا میللی گەرایی، رەوتێکی ئەدەبی گچکەیە، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٩ لە فەرەنسا سەریهەڵدا، ئەوەش کاردانەویەك بوو دژی ئەدەبی رەوشگەرایانی تایبەت و دژی **ئەدەبی دوودڵی**. خاوەنانی ئەم رەوتە

هۆی ئەم خۆگێل کردنە چییە؟! ئەوەیە: بە پەلە دەخوێننەوە بێ ئەوەی هیچ ئەلتێرناتیڤێکیان پێبێت، بڕیار دەدەن پێش ئەوەی بسەلمێنن. کەواتە با سەرلەنوێ تێهەڵچینەوە. گاڵتەهەڵگر نییە نە بۆ من نە بۆ ئێوە، وەلێ پێویستە قووڵی بابەتەکە بپێوین. چونکە رەخنەگرەکان بی ئەوەی بڵێن چ لە بەڵگەمەندی ئەو بابەتە تێگەیشتوون، بە ناوی ئەدەبەوە تۆمەتبارم، کەواتە باشترین وەڵامدانەوەیان ئەوەیە، بێ داشکان بە هیچ لایەکدا، لە نووسین بدوێین و بڵێین: نووسین چییە؟ بۆچی دەنووسین؟ و بۆکێ دەنووسین؟ لە راستیشدا ئەوە ئەو پرسیارەیە کە تا ئێستا مرۆڤ لە خۆی نەکردووە.

---

پێیان وابوو دەبێ لە ئەدەبەکەیاندا بە تایبەتی لە داستانەکانیاندا لەسەر خەڵکی رەشۆکی بدوێن و کەسایەتییە ئەدەبییەکانیان لە ناو دێهاتی و دانیشتوانی هەرێمەکان هەڵبژێرن تا بەمەش بەرەنگاری هاوچەرخەکانی خۆیان ببنەوە کە پێیان باشترە لە ئەدەبەکەیاندا کەسایەتییە پاریسییەکان وێنا بکەن. ئاوای خەم بەسەر چیرۆکەکانیاندا زاڵە، چیرۆکەکانیان لەبەر ئەم ئاوا خەماوییە رەواجێکی ئەوتۆی لە ناو ئەو رەش و روتانە بەروپیری دەچوون، پەیدا نەکرد. نووسەرە هەرە ناودارەکانیان **لیۆن لیمۆنییە** و **ئۆژن دابی** و شاعیری هەرە ناوداریان **لابراشیری** یە. رەوتی میللی گەراییی شتێکی نوێ نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ لەلایەن ئەو شاعیر و نووسەرانەی ئاماژەمان پێکردن، کرا بە پرنسیپ و بیر و باوەڕ.



# بەشی یەکەم

# مانای نووسین چییە؟

## خاڵەکانی بەشی یەکەم[١]

*(نیگارکێشان و داتاشین و موزیك ناتوانن وەك ئەدەب پابەند بن، نیگار و شێوە و ئاوازەکان ناکری وەك ئەدەب بەڵگەمەند بکرێن. - لە ئاوازدا مانا نە روون دەکرێتەوە و نە وێنا دەکریٚ، لە کاتێکدا هەوڵی نووسەر لە دەربڕینی ماناکاندا چڕ دەکرێتەوە. - پانتایی مانا، پەخشانە - هۆنراوەش وەك نیگارکێشان و کۆڵین و موزیك، پابەندبوون هەڵناگریٚ. -گەڕان بەدوای راستیدا لەڕێگەی ئامرازێکی وەك زمانەوە نەبیٚ ناکریٚ، ئەمەش کاری شاعیر نییە، چونکە وشەکان جیهانێکی بچووکیان هەیە لەبری ئەوەی بخرێنە بەر خزمەت، خزمەتی ئەو دونیایەی خۆیان دەکەن. — پەخشان میتۆدێکە لە میتۆدەکانی هزر، و ساتێکە لە چرکەساتەکانی کار، کارێکە بۆ دۆزینەوەی هەڵوێستی هەنووکە و تێپەڕاندنی لە داهاتوودا- پەیامی نووسەر دۆزینەوەی هەڵوێستەکانە، چونکە مرۆڤ ناتوانیٚ، دواتر بۆخۆی بانگەشەی دەرچوون لە بەرپرسی بکات. - ئەم دۆزینەوەیەش لە بایەخی ئەو رەوشە هونەرییەی نووسین کەم ناکاتەوە، بە مەرجێك رەوشی هونەری وانەبیٚ هەستی پێنەکریٚ. جوانی هێزێکی رەوان و نەرمی تێدایە کاریگەری خۆی لە رێگای ئیلهامەوە دەنوێنیٚ. - پوچی تیۆری* ***هونەر بۆ هونەر*** *و ناکۆکی خاوەنەکانیان لەگەڵ یەکتری. - هێرشی سارتەر بۆ سەر ئەو رەخنەگرانەی بۆ دوزینەوەی (لاشعور) لە ئەدەبەکەیاندا، تەنیا جەخت لەسەر شرۆڤەی دەروونناسی نووسەر دەکەن، یا لە بیرۆکەی گشتی ناپەیوەست بە هەڵوێستێکی تایبەتی. - گاڵتەکردنی سارتەر بەو رەخنەگرانە لەسەر گرد کردنەوەی بایەخی ئەدەب لە لایەنە هونەرییەکەیدا و رەتکردنەوەی کاریگەری و ئامانجداری ئەدەب، رووپەکی گشتی* ***بوونطەراکانە*** *لەرەخنەکانیاندا).*

نەخێر، نامانەویٚ وێنەکێشان و کۆڵین و موزیك پابەند بن، بە واتایەکی تر ناکریٚ بەسەر ئەو هونەرانەدا بسەپێنین لەگەڵ ئەدەب لە رووی پابەندبوونەوە یەکسان بن. بۆچی ئەوە ئامانجمان بێت؟ یا پێشتر کە نووسەر لە پیشەکەیدا بیرۆکەیەکی دادەهێنا، داوایان دەکرد لە هونەرەکانی دیکەشدا پیادە بکریٚ، بەڵام وەك چۆن خووی ئاخاوتن لەمەڕ ئەدەب ئارەزووی تێکڕای وێنەکێشانە، ئاواش ئاخاوتن لەسەر وێنەکێشان ئارەزووی تێکڕا موزیك ژەن و ئەدیبانە، وەك ئەوەی لە واقیعدا تەنیا هونەرێك هەبێت جیاوازی نییە بە چ زمانێك لە

(١) چڕ کردنەوەی بابەتەکە لە چەند خاڵێکدا کە لە پێشەکی هەر بەشێکدا هاتووە، تەنیا لە وەرگێڕاوە عەرەبییەکەدا هەیە.

زمانەکانی هونەری گوزارشتی لێدەکرێ، وەك لە - رای **سثینۆزا**- دا هاتووە هەر خەسڵەتێکی کاکڵە (جوهر) تەنیا لە خودی کاکڵەکەوە دێت[١]. لە راستیدا تێکرای بەهرە هونەرییەکان دەگەڕێنەوە بۆ جۆرێك لە جۆرەکانی توانا، کە لە بنەمادا یەکن، وەلێ دواتر بارودۆخی مرۆڤ و پەروەردە بوون و پەیوەندی بە جیهانی خۆیەوە، توانای ئەو مرۆڤە دیاری دەکات. گومانی تێدانییە، هونەرەکانی سەردەمێك، کاردەکەنە سەر یەکتر و هەمان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەر دەبن لەسەریان. ئەوانەی دەیانەوێ بانگەشەی بۆ ناوزرانی تیۆرییەکی ئەدەبی بکەن بەو بیانووەی لە سەر موزیك پیادە ناکرێ، دەبێ سەرەتا بیسەلمێنن کە هونەرەکان لە ناو خۆیاندا تەریب و هاوشێوەن. ئەم وێکچوونەش بوونی نییە. جیاوازی نێوان ئەدەب و موزیك و ئەدەب و نیگارکێشان، تەنیا هەر لە کلێشە دا نییە، بەڵکو لە کەرەستەکەشدا هەیە، چونکە بەرهەمێك بنەماکەی رەنگ یا دەنگ بێت، وەك ئەو بەرهەمە نییە کەرەستەکەی وشە بێت. ئاواز و رەنگ و شێوەکان نیشانەی بەڵگەمەند نین، بەدەر لە خۆیان بەڵگە نین بۆ شتێکی تر. ئەوی راستی بێ مەحاڵە لە بازنەی خۆیاندا کڕ بکرێن. بۆنموونە بیرۆکەی دەنگ ئەبستراکتێکی سەربەخۆیە. مرلۆ ثۆنتی[٢] M. Ponti - لە لێکۆڵینەوەی خۆیدا لە سەر دیاردەی دەرك Phenomenologie De La Perceptio – روونیکردۆتەوە خەسڵەتێك یا هەستێکی ئەبستراکت کە لە هەر مانایەك خاڵی بێ، بوونی نییە. وەلێ ئەوەندەی لێیان تێبگەین، مانایەکی کەم و لێڵن- وەك شادییەکی کەم یا خەمێکی سەرپێیی- کە هەر لەگەڵییانە و بەردەوام وەك هاڵاو بە دەوریانەوەیە، ئەو تۆزە مانایەش، رەنگ و دەنگە. کێ دەتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە تامی سێوی سەوز مزرە؟ مەگەر ناکەوێتە خانەی (مبالغە)وە کە **ترشی لە سێوی سەوز دایە**؟ کەواتە ئەوەی هەیە سوور و سەوزە و بەس. ئەم شتانەش بۆ خۆیان هەن[٣] (واتە بوونی دەرەکییان هەیە/ و. کوردی). بەڵێ دەکرێ

(١) Substance : ئەمە ئەرکی بوون خۆیەتی، کە خۆی پێی هەڵدەستێ، و بۆ بوونی خۆی لە خۆی بەولاوە پێویستی بە هیتر نییە، بە واتایەکی تر ئەوە خوایە، ئەوەش (واجب الوجود)ە.

(٢) فەیلەسوفێکی بوونگەرایی فەرەنسییە، مامۆستای زانکۆی **سۆربۆن**ە.

(٣) مەبەستی ئەوەیە، وشەی **سێوی سەوز** بەسە بۆ بەڵگەمەندی سێوی مزر یا ترش و شیرین، هەروەها **سێوی سوور** بەڵگەیە بۆ سێوی شیرین، لێرەدا رەنگ مانایەکی دیکەی هەیە، وەلێ مانایەکی لاوازی هاورێی رەنگ، کە تەنیا بە ناوهێنای تێیدەگەی.



- وەك زاراوە - ئەم شتانە بە هێمای گەلێك مانای تر بە ئەژمار بێن. بەم پێیە لە سەر زمانی گوڵان گفتوگۆ دەکرێ، وەلێ هەرکە تێگەیشتم، دەزانم، کە **گوڵی سپی** نیشانەی **وەفاداری** یە، لەبەر ئەوە من نەك هەر بە گوڵیان دادەنێم، بەڵکو بیرم بۆ پشتی پەردە، بۆ مانا ئەبستراکتەکەی دەچێت. من لە بیرم دەچێت، نە بە زۆر وریاییەکەی شاد دەبم کە وەك کەف و کوڵ هەڵدەچێ، نە بە مەعریفە ڤێزەوەنەکەی: من گوێی نادەمێ. بەو مانایە وەك هونەرمەندێك لێی ورد نابمەوە: چونکە هونەرمەند رەنگ و وزەی گوڵەکە و لەرەی کەوچك لە ناو جامی شتەکان، لە زاتی خۆیاندا بە بەرزترین پلە، بە ئەژمار دێنێ، خەسڵەتی رەنگ و کلێشە، وێنا دەکات، درێژە بەو وێنا کردنە دەدات و لە جوانییەکەیدا مەست دەبێت، خودی ئەو رەنگە بابەتییەی سەر تابلۆکەی دەگوێزێتەوە، هەموو ئەو گۆڕانەی بە سەریدا هێناوە تەنیا ئەوەیە بابەتێکی خەیاڵی لێ خوڵقاندووە. کەواتە هونەرمەند لەوە دوورە رەنگ و دەنگ بە زمانێك لە زمانەکان لە قەڵەم بدات.

*لانی کەم بەگشتی، رووی هەڵە و گەورەیی* ***ثاول کلی*** *Klee لە هەوڵەکانی دایە بۆ نیگارەکەی هاوکات ببێتە بابەت و نیشانەیەکی بەڵگەمەند.*

ئەوەی لە هەمبەر توخمەکانی داهێنانی هونەری دەگوترێ، هەمان شتە لە بارەی تێکەڵکردونیان.

*لێرەدا بە وشەی (داهێنان) واتە داهێنان، گوزارشت لە وشەی (لاسایی کردنەوە) دەکەم. ئەمەش بەسە بۆ ئەو تێکەڵییەی* ***شارل ئیتین*** *Ch.Etienne تێیکەوتووە. ئاشکرایە ئەو شتەی من نووسیومە تێی نەگەیشتووە. ئەو لە مشتومڕیدا دەستەویەخەیە لەگەڵ ئەو رەهەندانەی بوونەتە هەوێنی خەیاڵەکانی.*

نیگارکێش مەبەستی ئەوە نییە هێما لەسەر تابلۆکەی دابنێت، بەڵکو دەیەوێ شتێك بخوڵقێنێ. کە سوور و زەرد و سەوز تێکەڵ دەکات، نابێتە هۆی ئەوەی کۆی ئەو رەنگانە مانایەکی دیاریکراو ببەخشن ، واتە بیکا بە زاراوەیەك بۆ بابەتێکی تر. وەلێ گومانی تێدا نییە کە ئەم تێکەڵەیە رۆحێکی بەبەردا کراوە، لەبەر ئەوەی نیازگەلێك هەن هەرچەند شاراوەن، پاڵ بە نیگارکێشەوە دەنێن، رەنگی زەردی پێ لە وەنەوشەیی باشتر بێت، دەتوانین بڵێین ئەو بابەتانەی بەم شێوەیە دایهێناون نیازە شاراوەکانی خۆی نیشان دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو تێکڕای ئەو هەستانەدا نوقمە، بەڵام وەك وشە و سیما و دەم و چاو، گوزارشت لە تووڕەیی و بێ حەوسەڵەیی و شادمانی ئەو ناکەن. هەستەکانی هونەرمەند بە پێی

بۆچوونەکانی تێکەڵ دەبن، کاتێك لە قالبی ئەو ڕەنگانەدا دادەڕێژرێن کە پێشتر نیمچە مانایەکیان هەبووە، ماناکەیان کوێر دەبێتەوە، لەبەر ئەوە مرۆڤ ناتوانێ پڕ بە پێستی خۆیان بیانناسێتەوە. لە تابلۆی طۆلطۆتا دا[1] هونەرمەندی ئیتالی تانتوریتو[2] پەڵەیەکی زەردی بە ئاسمانی سەرشاخێکەوە بەجێهێشتووە، ئەمەشی بۆ ئەوە هەڵنەبژاردووە مانای پەشێوی و تەنگەتاوی بگەیەنێ و یا ئەو هەستە بوروژێنێ، چونکە پەڵەکە خۆی بەرتەسکە و لە هەمان کاتدا ئاسمانیش زەردە. ئەوە نە ئاسمانێکی بەرتەسکە و نە تەنگەبەر کراو، وەلێ بەرتەسك و وێنا کراوە لە شتێکدا، بە نیشانەی پەڵەیەکی زەردی ئاسمان، لە قەڵەم دراوە کە خەسڵەتی تایبەتی شتی بە سەردابڕاوە و پێی ڕەنگ کراوە، چڕی و درێژبوونەوەیەکی تێدا دروستبووە، نەگۆڕییەکی بی بەری لە هزر، لە قەوارەیەکی سەربەخۆ و گەلێك پەیوەندی تر، بە هۆی ئەوانەوە هاوبەشی شتەکانی تر دەکات، کە لە ئەژمار نایەن. واتە ڕێگەیەك بۆ خوێندنەوی ئەو مانایانە نەماوە کە هونەرمەند مەبەستی بووە. ئەوەش لە هەوڵێکی زۆر و زەوەندی بێ ئاکام دەچێت، کە نێوان ئاسمانی و زەوی هەڵبژاردووە، بۆ خستنە رووی ئەو نهێنییانەی سروشتی خۆیان ڕێگرە لە گوزارشت لێکردونیان.

هەروەها مانای ئاوازەکان — ئەگەر بکرێ ناوی بنێین مانا- شتێکی بەدەر نییە لە خودی ئاوازەکان، ئەمە لێرەدا جیاوازە لەو بیرۆکانەی دەشێ هەریەکەیان بەگەلێك ڕەوش گوزارشتیان لێبکری. حەزدەکەی ئەو ئاوازانە ناوبنێ ئاوازی شاد یا خەماوی، وەلێ ئەوەی دەتەوێ لە بارەیدا بیلێی یا کەمە یا لێی تێپەڕیوە. ئەمە لەبەر ئەوە نییە، سۆزی هونەرمەند دەوڵەمەند و بە پیت تر بێ لە ئاواز، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو سۆزانەی کە وەك ئاواز سەریانهەڵداوە، ڕەنگە لە بنەڕەتدا لە بابەتێکەوە نەهاتبن، گۆڕان لە ناوەڕۆکیاندا وەدیهاتووە و بەهاکەشیانی گۆڕیوە. ناڵە نیشانەی ئەو ئازارەیە کە وروژاندوویەتی، وەلێ ئاوازی ناڵە خودی ناڵە و شتێکی

(١) ئەو چیایەی مەسیحی لێ لە خاچ درا.

(٢) Tintoretto نیگارکێشێکی ئیتالییە (١٥١٨-١٥٩٤) خاوەنی گەلێك تابلۆی دینی و مێژوویی کە سەیر ڕەنگکراون و ئاوای دینیان هەیە



تری جیا لە ناڵەیە[3]. لەبەر ئەوە ئاواز بەڵگە نییە بۆ ئازار، وەلێ بۆتە شتێك لە شتەکان. خۆ ئەگەر وێنەکێشێك نەخشەی خانوویەك بکێشێتەوە، چی دەڵێی؟ دەڵێم: بەجێیە، لە ڕاستیدا خەریکی دروستکردنی خانوویەکە، واتە لە تابلۆیەکەیدا خانوویەکی خەیاڵی دەخولقێنێ، نیشانەی خانووی پێوە دیار نییە. بەم پێیە ئەو خانووەی دەیخولقێنێ هەم بە تارمایی دادەنرێ هەم بە خانووی ڕاستەقینە. نووسەر دەتوانێ بەرەو ئەو شوێنە بتبا کە مەبەستییەتی، ئەگەر باسی خانووچکەیەکت بۆ بکا دەتوانێ لەوێوە لە ستەمی کۆمەڵایەتی ئاگادارت بکا، و هەستی هاودەردیت بجولێنێ. وەلێ وێنەکێش خامۆشە، ئەو نەتەنیا خانووچکەیەکت دەخاتە بەردەم بەڵکو ئازادی لەوەی چۆنی لێکدەدەیتەوە. ئەو خانووچکەیەش هەرگیز نابێتە نیشانەی هەژاری، چونکە بۆ ئەوەی ببێتە هێما دەبێ هێمایەکی بەڵگەمەند بێت، لە کاتێکدا ئەوە تەنیا شمەکە. هەندێك لە وێنەکێشان نموونەیەکی مرۆییانە پێشکەش دەکەن، نموونەی عەرەبێك و منداڵ و ژنێك دەکێشنەوە، وەلێ وێنەکێشی کارامە دەزانێ ئەو نموونەی پێشکەش بە عەرەب و دونیای دەکات، بوونی نییە، چ لە واقیعدا و چ لە تابلۆکەیدا، بۆیە وێنەی کرێکارێك پێشکەش دەکات، واتە کرێکارێکی تایبەت. لە کرێکارێکدا چ دەبینی؟ لە سەر

(٣) لە وەرگێڕاوە فارسییەکەدا چەند ڕستەیەك هەیە کە لە وەرگێڕاوە عەرەبییەکەدا نییە، هەر ئەو ڕستانە پەراوێزدارن. بەندە لێرەدا ڕستەکان و پەراوێزەکەم ورگێڕاوە تا خوێنەر کەڵك لەو زاراوەیە وەربگرێ کە لە ڕستکەدا پەراوێز کراوە.(و. کوردی)

(بە پێی فەلسەفەی بوونگەرایی (ئیگزیستانسالیزم)، بوون دوو جۆرە: **بوونی ئامادە** و **بوونی دەستەبەرکراو**. بۆ نموونە بەرد خاوەن بوونی ئامادەیە (واتە بوونی لە دەرەوەی خودی خۆیەتی) بەدەر لە پانتایی کاری زەینی خاوەن هەست، بوونی دەستەبەر کراوی نییە (واتە ناتوانێ بوونێکی تر لە دەرەوەی خۆی دەستەبەر بکات)، بەو مانایە کە بوونی دەستەبەر کراو **حاڵەت** نییە **کردەوەیە،** تێپەڕینە لە قۆناغی **ناواقیعی** بۆ قۆناغی **واقیعی** یا بە وتەی هایدگەر **بە حەقیقەت بوونە**، ئەم مانایەش لە ڕەگی وشەی existar دا شاراوەیە: بوونی دەستەبەرکراو مانای کردەوەی کەسێك لەوەڕا کە هەیە دەست پێدەکا دەگاتە سنووری پێش ئەوەی **شیاوی بوون بێت جێگیر** دەبێت exister. بە وتەی هایدگەر ئەم ڕستەیە: ***مرۆڤ بوونی دەستەبەر کراوی هەیە***، وەڵامی ئەو پرسیارە نییە کە مرۆڤ بوونی دەستەبەر کراوی هەیە یان نا، بەڵکو وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە ماهییەتی مرۆڤ چییە؟. بەم پێیە بوونی دەستەبەر کراو بە واتایەکی تر هەمان لە بوونی پێگەیە ( exist in situation)، واتە دروستکردنی پەیوەندی بەرامبەر لەگەڵ جیهان و بوونەوەری خاوەن هەست.

تابلۆیەکەی گەلێك پرسی پێکناکۆك[١]، دەبینی، تێکڕای بیرۆکە و سۆزەکان لە هەمبەرِ کرێکارێك تێکەڵ بوون، هەندێکیان بە قووڵی و بیٚ جیاوازی لە یەکدیدا تواونەتەوە، دوای ئەوە کامیانت بە دڵە دەتوانی هەڵیبژێری. زۆرجار هێندێك لە وێنەکێشە خێرخوازەکان مەبەستیان ورووژاندنی هەستی ئێمەیە، دێن وێنەی ریزێك کرێکار لە ناو بەفردا دەکێشنەوە کە خەریکی وەرگرتنی هەقدەستەکەیانن، یا چرِوچاوی گرژی چەند بێکارێك دەخەنە روو، یا وێنەی گۆڕەپانی جەنگ دەکێشن. کەچی هیچیان نەگەیشتوونە ئەو گاریگەرییەی (طروز)[١] ی هونەرمەند لە تابلۆی (مندالە دەسبلاوەکە Le fils prodigne) دا پێیگەیشتووە. باشە کەس پێی وایە تابلۆی کوشتاری طیورنیکا[٢] لەمەرِ بانگەشە بۆ پرسی ئیسپانیا، تاکە دڵێکی بۆ لای خۆی راکێشابیٚ؟ سەرەڕای ئەوە، لە تێکرای ئەم بەرهەمە ئەدەبییانەدا شتێك هەیە ناکریٚ بەتەواوی لێی حاڵی بی، کەواتە دەبیٚ وشەگەلی بیٚ ئەژمار ئەو مانایە بگەیەنن.

ثیکاسۆ[٣] ش تابلۆیەکی نەمری هەیە، نیگاری دوو کۆمیدێنی قووچ و باریکەڵەن، بولێلی و نامۆییان پێوە دیارە، لە پشت حاڵەتی کورِبوونەوە و ئەو جل و بەرگانەی کە وێنەی هەندەسی زەرد هەڵگەڕاون، مانای شاراوە هەن، قەتیسماون وەك چۆن کاغەز مەرەکەب

(١) کاتێك **مۆلێر** نموونەی **پیسکە** دەخولقێنیٚ، تەنیا رووی پیسکەیی مرۆڤ نیشان دەدات، لە کاتێکدا مرۆڤ وەك هەر واقیعییەتێکی تر چەند رووی هەیە (بە پێی ئەو گۆشەیەی لێیەوە دەڕوانی) کە هێندێکیان پێکناکۆك و دژپێکن. مەبەستی سارتەر لە (گەلێك شتی پێکناکۆك) ئەم خاڵەیە، کەواتە لێرەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەرکی هونەرمند هەوڵدانە بۆ وەسف کردن نەك شرۆڤە کردن، چونکە ئەوە کاری نووسەرە.

(١) Greuze (Jean Baptiste) وێنەکێشێکی فەڕەنسییە (١٧٢٥-١٨٠٥) منالـة دةسـبلاَوةكةش کەسایەتی ئەو کەسەیە کە بانگەشە بۆ نموونەکانی ئینجیل دەکات (بڕوانە ئینجیلی لۆقا، ل١٥).

(٢) بە ناوبانگترین یا رەنگە شاکاری پیکاسۆ بێت (ساڵی ١٩٣٧) زۆر کەس بە گرینگترین بەرهەمی نیگارکێشی هاوچەرخ یا بە بەهێزترین بەرهەمی جیهانی دادەنیٚ. **گیۆرنیکا** ناوی شارێکی ئیسپانیایە لە دەڤەری باسك، لە جەنگی ناوخۆدا لە ساڵی ١٩٣٧ بەهۆی بۆمبارانی فرِۆکەکانی ئەڵمانیا بە تەواوی وێران کرا و تێکرای دانیشتوانەکەی لە ناوچوون. تابلۆیەکەی پیکاسۆ ئیلهامی ئەو رووداوەیە. (و/فارسی)

(٣) Picosso (Pablo Ruiz) وێنەکێشێکی ئیسپانییە، لە ساڵی ١٨٨١ لە مالاجا Malaga لە دایك بووە، لە هونەرەکەیدا پێشکەوت تابوو بە هونەرمەندێکی سۆریالی.



هەڵدەمژیٚ، هەستێکە نادیار، رەهەندەکانی بزرن، لە خۆی نامۆیە، بە هەموو لایەنەکانی تابلۆیەکەدا بڵاوبۆتەوە، لەگەل هەموو ئەوانەشدا لە وێدا وێناکراوە.

گومانی تێدانییە سۆزی چاکە خوازی و هەستی تورِەیی لە بابەتی هونەری تردا رەنگدەدەنەوە، تێیدا نقووم دەبن و ناویان لە دەستدەدەن، لەبەر ئەوە لەو شتانە بە ئەژمار نایەن کە گیانی ناروونیان بەبەردا کراوە. مانا نە وێنەی دەکێشریٚ و نە دەخرێتە ناو ئاوازەوە. کەواتە کیٚ زاتی ئەوە دەکات - لەم حاڵەتەدا- خوازیاری پابەند بوونی موزیك و وێنەکێشان بێت؟

بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، نووسەر کاری ئەوەیە گوزارشت لە مانایەکان بکات. لێرەدا پێویستە جیاوازییەکی تر تۆمار بکەین: ئەویش ئەوەیە، پانتایی مانا پەخشانە، هۆنراوە لە خانەی کۆڵین و وینەکێشان و موزیك دادەنریٚ، گرووپێك گلەییان لێکردم، گوایە من رقم لە هۆنراوەیە، بەو بەڵگەیەی لە گۆڤاری سەردەمی نوێدا Temps Modernes بەکەمی هۆنراوە بڵاو دەکەمەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەوە لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە ئێمە هۆنراوەمان خۆش دەویٚ [١][٢]. بۆ ئەوەی بڕوا بکەن، پێمان باشە سەرنجێك بدەنە بەرهەمی ئەدەبی هاوچەرخ، تا کەمایەسی هۆنراوە ببینن. ئەو رەخنەگرانە لەوپەری سەرکەوتنیاندا دەڵێن: هەرچۆنێك بێت ناتوانی خەون بە پابەندکردنی هونراوەوە ببینی، ئەمە راستە، کەواتە بۆ بەو ئاراستەیە کاربکەم؟ هەر لەبەر ئەوەی وشەکان وەك پەخشان بەکار دێن؟ وەلیٚ بەو رەوشە بەکاریان

(١) سارتەر هۆنراوەی وەك پەرستن خۆشدەویست، شایەتی ئەوەش ئەو وتارانەن کە لەو بارەیەوە نووسیویەتی. لەوانە ئەو پێشەکییە سەنج راکێشەی بۆ دیوانی **بۆدلێر** و **مالارمە** ی نووسیوە. لەم کتێبەدا دەبینین : (ساویلکەکان من بە دژبەری هۆنراوە لە قەڵەم دەدەن. چ وتەیەکی گیلانەیە وەك ئەوە وایە بڵێین دژی ئاو و هەوام). کەواتە هۆنراوە لە روانگەی سارتەرەوە بەرامبەرە لەگەڵ ئاو و هەوا کە توخمێکی سروشتن دەوری ئێمەیان داوە لە دەرەوەی ئێمە دەتوانین هەستیان پێبکەین، هەڵیانمژین و بە ناویاندا تێپەڕین. بەڵام وتەی سارتەر مانایەکی تری هەیە: ئەگەر هۆنراوە بوونی نەبیٚ شاعیر غائیبە. ئەم خاڵە لە باسی هۆنراوەکانی رامبۆ دا روون دەبێتەوە.(و/ فارسی).

(٢) **مۆریس بلانشۆ** M.Blanchot لێکۆڵەر و زمانناس و رۆماننووسی فەڕەنسی، بڕوای وایە کە شتێك بە ناوێك ناو دەبەین، لە راستیدا ئەو شتە لە خۆی جیا دەکەینەوە و حوکمی لە ناوچوونی بەسەردا دەدەین، چونکە ئەدەب پێویستی بە زمانە و زمانیش پێویستی بە ناونانی شمەکە، بەم پێیە تاکەکانی مرۆڤ ناتوانن لە رێگەی ئەدەبەوە پەیوەندی واقیعی بەیەکەوە بکەن. بلانشۆ ئومێدەوارە رۆژێك بێت، ئەدەب وەك چۆن شتومەك لە ناو دەبا خۆشی لەناوبەریٚ و (بە لەناوچوونی دوایین نووسەر رازی نووسین بیٚ خەبەر لە ناوبچیٚ) — (و/ فارسی).

ناهێنێ، بەڵکو دەتوانین بڵێین: لە راستیدا پەخشان وشەکان ناخاتە بەر خزمەت، بەڵکو خزمەتیان دەکات. کەچی شاعیران تیرەیەکن، زمان تا ئاستی سوودمەندسازی بەرز دەکەنەوە. چونکە گەڕان بە دوای راستیدا، بە هۆی بەکارهێنان و بەئامراز کردنی زمانەوە نەبێ، ناکرێ. کەواتە ناتوانین ئاوا وێنای بکەین: ئامانجی شاعیران، شوناسایی راستییەکان یا نومایش کردونیانە. ئەوانیش بیر لە بەڵگەویستی جیهان و ناوەڕۆکەکەی ناکەنەوە، دواتریش مەبەستیان نییە ماناکان بە گۆکرن ناودێر بکەن، چونکە ناونان خوازیاری قوربانی کردنی ناوە لە پێناوی ناودێر، بە پێی لێکدانەوەی (**هیگل- Hegel**): ناو، بە بەراورد لەگەڵ دەلالەت لێکراوەکەی (مدلول) کە کاکڵەیە، کاکڵە نییە (واتە ناو لە بەرامبەر ناونراودا، بایەخی خۆی لەدەست دەدات تا ناونراو بایەخ پەیدا بکات[1]. و/فارسی). شاعیران نە ئاخێوەرن نە خامۆش، بەڵکو پلەیەکی تریان هەیە. دەڵێن گوایە دەیانەوێ بە جوتێن[2] (مزاوجات)ی زبری فۆنیمەکان ساخڵەمی وتە لەناو بەرن، کە ئەمەش هەڵەیە. لەبەر ئەوە پێوست ناکات خۆیان بخەنە ناو بواری مەبەستە سوودسازەکانی زمان، تا بەدوای ئەو وشانەدا بگەڕێن کە بە پێکهاتەیەکی نامۆ دارێژراون، وەك وشەی "ئەسپ" و وشەی"کەرە "، تا بڵێن " ئەسپی کەرە"

***باتای*** *Bataille* ***لە کتێبەکەیدا ئەم نموونەیەی هێناوەتەوە: ئەزموونە دەروونییەکان*** *L Experience Interieure.*

(١) مۆریس بلانشۆ M. Blanchot لێکۆڵەرو زمانناس.. ل٣٨.

(٢) دانەر مەبەستی گرووپی سۆریالیستەکانە، ئەوان دەیانەوێ بە جوتێن (مزاوجات) دژپێکەکان بوروژێنن، تا بەسەر شتە باوەکانی ناو خەڵك دا زاڵبن، وە لەهەمبەر ئەودا (لاشعور) وەخەبەر بێنن، بەو مەبەستەی بگەنە ئەو خاڵەی لەسەروویەوە خەڵکی زارەوەی راستییەکانیان لەسەر دامەزراندون، بڕوای سۆریالیستی ئەوان مانای: ئەو شتەیە لە سەرووی حەقیقەتەوەیە، دەیانەوێ ئاوەها زاراوەی نوێی جیهانی بۆ چاکسازی نەزم، بجولقێنن. لەگەڵ ئەوەشدا لە رەوتەکەیاندا زیادەڕۆیی هەیە، یەکەم کەس بوون زمانی هۆنراوییان بۆ مەبەستی دەروونی و کۆمەلایەتی بەکار هێنا. نموونەیەك بۆ ئەو جوتێنە لە ئەزموونداا پارچەیەك لە شێوەی شەکر دێنن بەلام گەچە، یا لە ئەدەبەکەیاندا گەڕیدان وێنا دەکەن بە وڵاتانی خاوەن دابونەریتی جیاوازدا دەگەڕێن، تا لە زەینی خوێنەردا ئەو داب، نەریتانە بێ بایەخ بکەن، لە پشت هەستی هەر گەڕیدەیەك لە هەر وڵاتێکدا، دژپێکی ئەو هەستە لە وڵاتێکی تردا دێتە دی، کاتێك کە گەشتەکەی کۆتایی دێت، هیچ داب و نەریتێك لە لای ئەو بایەخی نامێنێ. لێرەدا بەم نموونەیە بە کۆتا دێین، چونکە دانەر لە بەشی چوارەمدا مەترسی ئەم مەزهەبە دەخاتە رو و بە دوورودرێژی وەڵامیان دەداتەوە. (و/فارسی)



ئەم کارەش، کاتێکی بێ سنووری گەرەکە، وێناچێ تەباییەك لە نێوان ئەم کارە و مەبەستی سوودسازی زمان، بێتە ئاراوە، چونکە وشەکان بە ئامرازێکی بەکارهێنان دادەنێ، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدا ئەم بە بەڵگە بوونەی لێ دابڕێ.

لە راستیدا شاعیر لەوە دوور کەوتۆتەوە زمان وەك ئامراز بەکاربێنێ[1]. رێگای خۆی هەڵبژاردووە، هەڵبژاردنێك پاشگەز بوونەوە هەڵناگرێ. رێگایەکە رەوشە شیعرییەکەی خۆی، بە سەریدا سەپاندووە، بەو پێیە وشە لە خودی خۆیدا بە شت دادەنێ نەك نیشانەی مانا. چونکە خەسڵەتی دووفاقی نیشانە (بەڵگە و بەڵگەمەند) ئەوە دەگەیەنێ دەتوانی بە ئارەزووی خۆت بە ناویدا تێپەری، وەك چۆن تیشك بە شووشەدا تێپەڕ دەبێ، ئەو مانایەی دەلالەتی لێدەکرێ دەشێ لە پشتەوەی بەدی بکەین، ئەوسا سەرنج دەدەینە واقیعی ئەو مانایە (یا بوونی دەرەکی) و ئینجا بە مەبەست وەریدەگرین. پەخشاننووس هەمیشە لە پشت وشەکانییەتی، بە ناویاندا تێدەپەرێ تا لە نووسینەکەیدا لەو مەبەستە نزیك بێتەوە گەرەکیەتی. وەلێ لای شاعیر وشەکان مەبەستن. وشە بۆ ئاخێوەر نۆکەرێکی ملکەچە وەلێ بۆ شاعیر یاخییەکی سەرکێشە کە هێشتا رام نەبووە. وشە بۆ ئاخێوەر زاراوەیەکی بە سوودە، ئامرازێکە بە بەکارهێنانی وردە وردە دەسوێ، کە کەڵکی نەما توور دەدرێ، بۆ شاعیریش شمەکی ئاساییە، سروشتییانە وەك گژ و گیا و دار و درەخت، گەشەدەکات.

بەڵام هەڵوێستەی شاعیر لەسەر وشەکان — وێنەکێش لەسەر بەراوردی رەنگەکان و موزیك لە هەمبەر ئاوازەکان — بەو مانایە نییە وشەکان لای ئەو هەرچی مانا هەیە، لە دەستیان داوە، چونکە ئەوە مانایە دەبێتە نێوبەندی وشەکان و یەکبوونێك بە دەستەواژەکان دەبەخشێت. بێ مانا، وشەکان دەبنە هێڵی خواروخێچی سەرکاغەز و دەنگی رووت، وەك فۆنیمەکان دەبنە شتێکی سروشتی، نەك مەبەستێکی ئایدیاڵ کە مرۆڤ هەڵپەی بۆ بکا و نەیگاتێ. مانا خەسڵەتی هەر وشەیەکە، وەك چۆن شێوەی سیما و دەموچاو بەڵگەن بۆ ئەو خەم و شادییەی ئاواز و رەنگەکان پێمان دەبەخشن. مانا لە ناو وشەکان لە قالب دراوە و دەنگەکەی وەخۆ دەگرێ، یا شێوەی دەخاتە سەر کاغەز، ئەوسا

(١) لە کۆنەوە وتویانە زمان ئامرازێکە بۆ پەیوەندی، کردن تێگەیشتن و تێگەیاندن (بۆ روونکردنەوەی پتر بگەرێوە بۆ پێشەکی وەرگێراوی فارسی). لێرەدا دەبێ بزانین سارتەر **کەڵك وەرگرتن لە زمان وەك ئامراز** تەنیا بە کاری پەخشانی دەزانێ نەك هۆنراوە. ئەمەش لە باسەکانی دواترادا روون دەبێتەوە.

له دونیای ئەبستراکتەوە دێتە خوارێ بۆ دونیای وێناکردن، بەم شێوازە، گوزارشت کردن دەبێتە شتێك لە شتەکان و خاوەن خەسڵەتی هەبوون یا بەردەوامی.

زمان بۆ شاعیر گیاندارێکە خاوەن قەوارەی سەربەخۆ. وەلێ بۆ ئاخێوەر[(١)]، کاتێك پەنا بۆ ئەو وشانە دەبات کە نوێنەری یەکییەتی زمانەکانن، بواری چالاکییە. وشە درێژبوونەوەی هەست و ئامرازەکانییەتی، وەك دووربین و داردەست و مقاش، لە دەروونەوە بەکاریان دێنێ و وەك لەشی خۆی هەستیان پێدەکات. گەمارۆ دراوە بە ماتریاڵی ئەو زمانەی بەسەریدا زاڵە، ئەمەش دواتر کاریگەرییەکی باڵای لە دونیای ئەودا دەبێت.

بەڵام شاعیر لەدەرەوەی خانەی زمان، وشەکان بە دیوی ئاوەژودا دەبینێ، وەك ئەوەی لە دونیای دەرەوەی خەڵك دابێت. وەك ئەوەی - لە دونیای ئەواندا نەبێ - زمانی کردووە بە پەرژێنێك لە نێوان خۆی و ئەم جیهانەدا. وادەردەکەوێ سەرەتا شتەکان بە ناوەکانیان نەناسێ، بەڵکو بێدەنگ پەیوەندیان لەگەڵ پەیدا دەکات. دواتر روودەکاتە جۆرێکی تر لە شتەکان کە ئەوانیش وشەن، دەستەمۆتر، پڕهەست تر، پتر تاقیکراوە و شایانی سەرنجن. دەبینێ جۆرە پرتەوێکی تایبەتی و پەیوەندییەکی دیاریکراویان هەیە بە زەوی و ئاسمان و ئاو و خوڵقێنراوەکانی ترەوە. کە نەتوانێ وشەکان بکا بە بەڵگەی سیماکانی جیهان، ناچارە وشە بە وێنایەکی ئەو سیمایانە بچوێنێ. ئەگەر گوزارشت کردنێك بدۆزێتەوە پەیوەندی بە درەختی شۆڕەبی یا نارەوەنەوە هەبێت، پێویست ناکا هەر ئەو وشانە بەکار بێنێت کە گوزارشتی پێ لەو جۆرە شتانە دەکات. چونکە خۆی لە

(١) لە وەرگێڕاوە فارسییەکەدا دەڵێ: ئاخێوەری ئاسایی سەبارەت بە زمان لە **پێگە** دایە. پێگەی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە کە لە دەسپێکی کتێبەکەدا باسمان کردووە: کۆی ئەو بارودۆخی زەینییەیە کە مرۆڤی تێدایە. کەسایەتی هەرکەسێك سەرەتا پاشکۆی پێگەی خۆیەتی، واتە پاشکۆی ئەو کارە شیاوانەن کە ئەویان خستۆتە ئەو شوێنە جوگرافییە کە لە فلان چرکەساتی فەلەکی و فلان ژینگەی کۆمەڵایەتیدا وەدونیای هێناوە، لە فلان بارودۆخی ئابووری و شێوەی فەرمانڕەواییدا ناچار بە کاری کردووە، لە بەرامبەر فلان گوشاری سروشت یا کۆمەڵایەتی داناوە، بە کورتی خستوویەتە ناو مێژووەوە. کەواتە پێگەی هەرکەس، رابردوو، نەژاد، چین، بارودۆخی ژیانی ئەو کەسە لە خۆ دەگرێ. پرۆژەکانی ئەون، بەکورتی ئەو کارانەن تاکایەتی ئەو دەخوڵقێنن، لە پێگە بووندا مانای لەگەڵ جیهان و لەگەڵ دانیشتوانی جیهان، لە کارلێك و کار تێککردندا بوون. مانای بوونی پەیوەندی دیار و بەرامبەر لەگەڵ جیهان و بوونەوەری خاوەن هەستی جیهان. ئەمەش بە واتایەکی تر هەمان **بوونی دەسکەوتە** یە. (و/فارسی)



دەرەوەی بازنەی زمان دادەنێت. ئەو وشانەی بۆ غەیری ئەو پاڵنەرن، رابەری دەکەن تا دەوروبەری خۆی بناسێت و دەیخەنە ناو چەقی شتەکان، چاوەکانی دەبنە تەڵەیەك بۆ گرتنی ئەو راستییە سەرکێشە. بەکورتی زمان بۆ ئەو، ئاوێنەی جیهانە.

بەم شێوەیە — لە خودی وشە و بەکارهێنانیدا - لەسەر شێوازی نوێ، گۆڕانکاری دێتە ئاراوە. دەنگ و درێژی وشە و ئەو نیشانەی نێرینە و مێینەی کۆتایی، شێوەیان لە دیدی چاوەوە، هەموو ئەوانە وشە دەکەنە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ کە پتر لەوەی بەڵگەی شتێك بێت نوێنەرایەتی مانا دەکات. کاتێك بوو بەڵگەی شتێك (دەلالەت)، سیمای ماددی وشەکەی تیادا دەردەکەوێ. ئەودەلالەتەش بە دەوری خۆی وێنەیەکە بۆ گۆکردنی فۆنیمەکان. دەبێتە نیشانەی گۆکردن، چونکە پێشەنگی خۆی لەبەرامبەر فۆنیم لەدەسداوە. لەبەر ئەوەی وشە لە خودی خۆیدا خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆیە وەك شت، شاعیر نازانێ ئایا وشەکان لە پێناوی دەلالەتەکان یا دەلالەتەکان لە پێناوی وشەکان خوڵقێنراون. بەم پێیە لە نێوان گۆکردن و مانادا پەیوەندییەکی دووسەرە لە وێچوونی جادوویی و دەلالەتی جێگۆڕکێ، دێتە ئاراوە. شاعیر چونکە وشە وەك ئامراز بەکارناهێنێ، سەرپشك نییە لە هەڵبژاردنی مانای جۆراوجۆر، هەریەك لەو فۆنیمانە لە بری ئەوەی سەربەخۆ بن لە بەجێهێنانی ئەرکێکی سەربەخۆ، خاوەن سیمایەکی ماتریاڵی تێکەڵ بەمانای ترن. بەم رەوشە هۆنراوەییە لەمەڕ وشە، ئەو خوازراوە (استعارە) جۆراوجۆرەی پیکاسۆ خەونی پێوە دەبینی دێتە دی، کە بە ئاواتەوە بوو قوتووە شقارتەیەك لە سەر شێوەی شەمشەمەکوێرە بکێشێتەوە، وەلێ لە هەمان کاتدا هەر قوتووە شقارتە بێت[(١)]. شاری فلۆرنس - Florence شاری گوڵ و ئافرەتە. هەم شاری گوڵ و هەم شاری ئافرەتە، لە یەك کاتدا گوڵ و ئافرەتە. شارەکە بەم شێوەیە شتێکی سەیرە، لە رەوانیدا خەسڵەتی رووباری هەیە، یا وەك زێر کە سوور هەڵدەگەڕێ، شەرمەزار دەبێ، دواتر دەگاتە قۆناغی کۆتایی- تا ناکۆتا- لەوێدا مانای گوڵ[(٢)] و پشکوتن بەردەوام دەبێت.

(١) بۆ مەبەستی سریالیستەکان لە فەلسەفەکەیاندا لەمەڕ جوتێنی شمەکدا، لە پەراوێزەکانی پێشوو ئاماژەیان پێکراوە.

(٢) ناکرێ لەم شرۆڤەی دانەر بگەین مەگەر سەرنج بدەینە بڕگەکانی وشەی **فلورنس** و مانایەکانیان لە فەڕەنسیدا. دانەر لێرەدا ئەم فۆنیمە و ئەوەی پێکهاتەی برگە دەنگییەکانی دەوروژێنی، لێکدەدا بۆ دەرخستنی مانای ئەو بڕگانە لە فەڕەنسیدا. وشەکە پێکهاتووە لەم بڕگانە: Fl-or-ence، بڕگەی یەکەم Flo لە دەنگەکەیدا مانای Fleuve واتە رووبارە، دووەمیان or مانای زێڕە، سێهەم ence مانای وشەی decence کە مانای شەرم دەدات، وە برگەی دوایی:

ئەوەش بێجگە لە هەوڵی ساختە بۆ یادگارەکانی ئەوانەی لەو شارەدا ژیاون. **فلۆرنس** لەلای من ئەو ئافرەتانە بوون، یا ئەو ئەکتەرە ئەمەریکییە بوو کە لە سەردەمی منداڵیمدا لە فیلمە بێدەنگەکاندا رۆڵی دەگێڕا، هەموو شتێکم لە بارەیدا لە بیر چۆتەوە، درێژ بوو وەك دەسکێشی سەما، لەسیمایدا نیشانەی هیلاکی هەبوو، هەمیشە پاك داوێن، هاوسەردار هەمیشە ناروون، خۆشم دەویست، ناوی (**فلۆرنس**) بوو. لەبەر ئەوەی پەخشان نووس ئەو فۆنیمەی لە خۆی دادەبڕێ و دەیخاتە ناو دونیای خەڵکەوە، وەك ئاوێنە خۆی وێنەی خۆی بۆ شاعیر دەنوێنێ. ئەمەش پاساوە بۆ پرۆژەکەی **لیریس**[1] کاتێك هەوڵیدا لە لیستێکی فۆنیمەکانیدا، بۆ هیندێك وشە، سنووری هۆنراوەی دیاری بکات، واتە دیاریکردنێك خۆی لە خۆیدا راڤەیەکی کۆکراوە بێ بۆ هەر جۆرە پابەندی یەکتربوون[2] لە ماددەی نێوان دەنگەکەی و گیانی ئاخاوتنی. لە هەمانکاتدا هەوڵیدا لە

---

ce لە بری نیشانەیەکە بە پیتی بێدەنگی e کۆتایی دێت، پێش ئەوبڕگەیە وشەی fleurs کە ماناکەی گوڵە: ئەمانە هەمووی لە رێگەی دەرخستنی مانایە بەهۆی دەنگەکانی وشەکە.

(١) Michel Leiris شاعیرێکی فەرەنسی هاوچەرخە لە ساڵی ١٩٠١ لە پاریس لە دایك بووە. لای ئەو شیعر بەتەواوی لە ژیانی پراکتیکی دوورە: بوارەکانی ئەو خەونن، بەتایبەتی دەلالەتی شاعیر لەسەر خودی خۆی. ئەو شاعیرەش وەك سیریالیستەکانی تر کەڵك لەو وێنە و فۆنیمانە وەردەگرێت کە ئەو شوێنە دەروونییە دەوروژێنێ کە لە "لاشعور" دا پەنهانە. دیوانە گرینگەکانی بریتین لە: **کازێوە، شەوی بێ شەو، سەردەمی مرۆڤ.**

(٢) پابەندبوون کە بەرامبەر وشەی commitment هەم لە لۆجیکدا هەم لە جوانکاریدا زاراوەیە. لە لۆجیکدا دەلالەتی (بەڵگەی بوون) فۆنیمێك بۆ شتێك لە دەرەوەی بابەتەکە وەلێ لە زەیندا یاوەری بێت، وەك دەلالەتی بنمیچ بۆ دیوار (هەر کات چەمکی بنمیچ لە زەیندا وەدی بێت چەمکی دیواریش دێتە بوون، لە بەر ئەوەی بونی بنمیچ بێ دیوار مەحاڵە. **نۆژدار** بەڵگەی بوونی **گیاندارە بڕبڕەدارەکانن.** زۆرجار **پابەندی** دوو لایەنەیە: گەوورە بەڵگەی بوونی بچووکە، کوڕ بەڵگەی بوونی باوکە، نابینا بەڵگەی بوونی چاوساغە، وە بە پێچەوانەوە. لە جوانناسیدا پابەندی (کە پێویستی ناپێویستیشی پێدەڵێن) ئەویە، نووسەر یا شاعیر ناچارە وشەیەك بێنێ کە پێویست ناکات. وەك وشەی گوڵشەن لە پێناوی سەروابەندی وشەی رەوشەن بە کاری بێنێ، لە کاتێکدا دەتوانێ بە مەسکەن و گولخەن سەروابەندی بکات (چونکە ئاوازی گوڵشەن لە زەیندا بە هۆی وێکچوونی رواڵەت خوازیاری ئاوازی رەوشەن و جەوشەنە، یا وشەی گوڵ خوازیاری وشەی شکۆفەیە بەهۆی وێکچوونی واتاییەوە. دیارە پێویست بە گوتن ناکات کە بڵێین ئەم پابەندییە ئەو پابەندییە نییە کەلە وەرگێرانی وشەی engagement بەکارهاتووە (کە مانای بەڵێن و پابەندبوون بە ئەرکەوە دەدات)، **ئەدەبی پابەند** لەو وشەیەیەوە وەرگیراوە. (و/ فارسی)



کتێبێکدا کە چاپ نەکرا، بە هۆی برێك وشەی قورس و قەبە کە تەنیا مانای خودی خۆیان دەدابەدەستەوە، بە دوای کاتە بزرەکانی ژیانیدا بگەڕێت. وەلێ وشەی هۆنراوە جیهانێکی گچکەیە.

قەیرانی زمان کەلەم سەدەیەدا سەریهەڵدا، شتێك نییە جگە لە قەیرانی شاعیرانە[1]. هەر

(١) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەورووپا بەتایبەتی ئەورووپای رۆژئاوا گۆڕانێك لە تێروانینی شاعیرانە و خولقاندنی شیعری وەدیهات و بەرە بەرە جیهانی تەنییەوە، لەوانەش ئێران، بە شێوەیەك دەکرێ شیعری ئەمرۆی جیهان بە پاشکۆی ئەم گۆڕانە لەقەڵەم بدرێ. بە پێی بۆچوونی پێشوو، شیعر **خولقاندنی شاعیرانەی واقیع** بوو وەلێ ئێستا **خولقاندنی شاعیرانەی زمانە** لە راستیدا شیعر بە دۆزینەوەی زمانی خۆی واقیعی خۆی دەخولقێنێ، هەر بەو زمانەوە لە هەمان سەردەمدا. رەوتی گرینگ بە شێوەی جیاواز و بەربلاو هەن کە ریساکانی عروض و نحو رەتدەکەنەوە، زمان و ئەدەب پوچەڵ دەکەنەوە وادیارە دەیانەوێ بە بێ وشە دەست بۆ شتەکان بەرن. هەوڵی **شیعری ئازاد** و پێشتریش هەوڵی **وارلَن** کەگەردنی بەلاغەی شکاند گومانی لە سەروابەندی دەکرد و ریساکانی عروضی تێکدا و زمانێکی شکستەی لاواندنەوەی خزاندە ناو شیعر. بە دواداچونەکانی کلودیل و ثطی و ئالیوت بۆ خولقاندنی زمانی وتووێژ و پەخشانی، تاوانبار کردنی **گەمەی دەستەواژەکان**، وەلانانی خاڵبەندی بە هۆی **ئاپۆلینێر** و ئەزموونی فۆتۆریستانی ئیتالی لەمەڕ داهێنانی وشەی ئازادکراو، تێکدانی صرف و نحو و نزیکخستنەوەی زمان لە زمانی هاوار و بە هۆی **ئیکسپیرسیۆنیست** ەکانی ئەڵمانی، وەدیهێنانی شیعری کۆپلەیی، هەوڵی دژ بە هۆنراوەی سەت دێڕیی مایکۆفسکی و بۆ تێکشکاندنی گۆرانی و بە کارهێنانی زمانی کۆڵان و بازاڕ، سادەیی **گشت پەسندی** لۆرکا و هەوڵدان بۆ رزگار کردنی شیعر لە موزیك و ریز کردنی وشەی تلگرافی و دواتر بزوتنەوەی سۆریالیستی کە دەیەوێت هەرجۆرە پێکهاتەیەك لە هونەر و زمان دەربهاوێ، ئەمانە هەموویان شایەتی ئەم وتەیەن. بەڵێ لە دەروونی شیعری نوێدا بێزاری و رەخنەیەکی ئاوا لە زمان و هەوڵێك لە ئارادایە بۆ رزگار بوون لە زمان. وەلێ ئەمە تەنیا رواڵەتی پرسەکەیە: تێکڕلی شیعری نوێ، نەتەنیا ئەو نەریتانەی گەیشتۆتە **مالارمییە** نیشانەی ئەم راستییەن کە شیعر لە وشە پێکهاتووە، دزیو کردن، هەڕەشەکردن و جیا بوونەوە لە زمان دەگەرێتەوە بۆ جۆرێکی تایبەت لە زمان، ئەویش شیعری باوی زمانی ساختە و فەرمی سوودزایە. لە راستیدا زمانێکی ئاشکرا و سەقامگرتوو وەدەر دەنرێ تا زمانێك سەرلەنوێ بخولقێنرێ. کاتێك **ئەندرییە بریتۆن** پێشەوای سۆریالیزم دەڵێ دەبێ وشەکان دڵداری لەگەڵ یەکدی بکەن، نەك هەر زمان ناخاتە روو بەڵکو چاوەڕوانە زمان هێزێکی تری خۆی بخاتە گەڕ. دەیەوێ زمانی خولقێنەر جێگای زمانی راڤە کردن بگرێتەوە. (لەبەر ئەوە ئەمڕۆ گرینگترین بابەتی رەخنەی شیعر ئەم پرسیارەیە: بە چ هەل و مەرجێك زمانی شیعر دەتوانێ ببێتە زمانی خولقێنەر) بەم شێوەیە ئاماژەی سارتەر لەو دێڕانەی پێشوو روون دەبێتەوە کە دەڵێ: شاعیران بە تێکەڵ کردنی وشەگەلی نەشیاوی تێکەڵکردن، دروستکردنی وشەی سەیر و سەمەرە دەیانەوێ بنەمای ئاخاوتن تێکبدەن. (و/ فارسی)



هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەبێت، بۆتە بانگەشەی دابڕانی نووسەر لە وشەکان، لە بەکارهێنانیدا هەڵخەڵەتاوە، یا بەوتە بەناوبانگەکەی برطسۆن: زانیارییەکەی لەسەر وشە نیوە زانیاری بووە[1]. رووبەڕووی دەبۆوە و هەستی دەکرد نامۆیە بۆی، ئەم هەستەی گەلێك دەرئەنجامی هەبوو. وشەکان موڵکی خۆی نەبوون، ئەمەشی نەدەشاردەوە، وەلێ — لەم ئاوێنە سەیرانەی وشەکان- دا زەوی، ئاسمان و ژیانی تایبەتی خۆی رەنگی دەدایەوە، لە کۆتاییدا وشەکان لە روانگەیدا بوون بە خودی شمەك، یا واتر بڵێین بوون بە ناوەندی شمەك. شاعیر زۆر لەم دونیا چکۆڵانە کە وشەن، کۆدەکاتەوە. ئەویش وەك وێنەکێشەکان وایە، رەنگ لە سەر تابلۆکانیان کۆدەکەنەوە و پێیان وایە رستەسازییان کردووە، وەلێ ئەمە رواڵەتی کارەکەیەتی: لە راستیدا شتێك دروست دەکات، وشەکانیش - بەوپێیەی شمەکن- لەبەر ئاڵۆزی ئەفسوناوییان هەمئاهەنگ یا نا هەمئاهەنگ، لای ئەو دابەش دەبن بۆ چەند کۆمەڵێك، وەك رەنگ و دەنگەکان، دەکێشرێنەوە، دوور دەخرێنەوە، لە ناو دەچن، بەشداری دەکەن لەو یەکبوونە هۆنراوەییەی رستەی لێ دروست دەبێت، لەهەمان کاتدا شتێکن لە شتەکان. بەگشتی زۆرجار شێوەی رستە لە زەینی شاعیردا دروست دەبێت، ئینجا وشەکان بە دوایدا دێن. وەلێ ئەم ئامادەکارییە پشکدار نییە لەو شتەی پێیدەگوترێ: رستەی رێسایی، چونکە ئەم شێوازە لە پێکهاتەی مانادا دەسەڵاتی نییە، بەڵکو ئەم ئامادەکارییە تا ئەندازەیەك هاوشێوەی ئەو پرۆسەیە کە هونەرمەند دەیەوێ بەرهەمی دڵخوازی خۆی پێ بخولقێنێ، وەك ثیکاسۆ پێش ئەوەی دەست بۆ فڵچەکەی بەرێت لە خەیاڵی خۆیدا وێنای دەکرد، ئیتر ئەو شتە دەبوو بە پاڵەوان یا ئەکتەرێکی کۆمیدی.

(١) بە بڕوای برگسۆن: کاتێك ئیمە فلاّن شتمان ناسیوە، کە بتوانین بە کاری بێنین . وەك لە کتێبی **مادده و یادگە** دا هاتووە دەڵێ: بەلای هێندێك کەسەوە ناسینەوی زەینی ئامادە (لە ئارادابوو) بریتییە لە گونجاننی ئەو زەینە لە رێگەی بیرکردنەوە لە دەقی پێشوو. ئەگەر فلاّن کەس بناسمەوە مانای ئەوەیە ناسیومە، بەو مانایە کە چۆنییەتی و حاڵەتەکانی یەکەمین بەراورد کردن، دەگەرێتەوە بۆ زەین و لەو بارەیەوە وێنەیەکی واقیعی وینا دەکات کە هەمان زەمینەی نییە کە دیارە. کەواتە ناسینەوە مانای پەیوەندی کردنەوە و دەرك کردنی واقیعی ئەو وێنانەیە پێشتر هەیبووە.... وەلێ لە راستیدا بۆ چۆنییەتی ناسینەوە و شیکردنەوە و دەرخستن، تەنیا پەیوەست کردنی ئەو یادەوەرییە بەو دەرك کردنە بەس نییە... ناسینەوە شتێکی بەکار براوە بە تایبەتی بریتییە لە بە کارهێنانی ئەو شتە. (و/ فارسی)

*خۆم دەرباز دەکەم، تا گوێ لە خوێندنی بولبولی بەیانی بگرم*
*وەلیٚ- ئەی دڵ- گوێی لەو ئاوازە بگرە، ئەفسونێکە بەرەو تۆ*

وشەی" وەلیٚ" سنوورێك لە سەر لێواری رستەکە دادەنێت، بێ ئەوەی دێڕی یەکەم بە دووەمەوە ببەستێتەەوە، رەنگێکی مانداری دەگمەن و تایبەت بە دێرەکە دەبەخشێت، مانایەکی دەروونییە دەرکەوتنی ئەو مانایانەی تێدایە کە هەموو لایەنەکانی دادەپۆشیٚ. هێندێك کۆپلە هۆنراوە بە واوی پێکەوەبەستن، دەست پێدەکات، وەلیٚ ئەم پیتە بۆ شاعیر تەنیا نیشانەی پرۆسەیەکی زەینی نییە، بەڵکو خۆی بە سەر هەموو کۆپلەکەدا دەسەپێنیٚ تا شێوازی بەردەوامی رەهای پیٚ ببەخشیٚ.

رستە بۆ شاعیر خاوەنی ئاواز و چێژە: لە رێگەی ئەوەوە گەلێك تامی بەهێز و جۆراوجۆر، پێکناکۆك دەچێژیٚ کە رەتکردنەوە و دەگمەنی و جیاکارییان تێدایە. گەلێك مانای رەها لەم پەیوەندییانە دادەبڕێت و دەیانکات بە خەسڵەتی راستەقینەی رستە. بۆ نموونە رەنگێکی بەرهەڵستکاری بە بەر رستەدا دەکات بیٚ ئەوەی سەرنج بداتە دیاریکردنی شتە بەرهەڵستکراوەکە. بەمەش — وەك باسمان کرد — پابەندی لە بەرامبەر یەکتریدا لە نێوان وشەی شاعیرانە و ماناکەیدا دەبینین. تێکڕای وشە هەڵبژێردراوەکان ئەرکی خۆیان بە جێدێنن لە هەمبەر بەرجەستەکردنی وێنەی پرسیار و هەڵاوێردە. پێچەوانەی ئەمەش راستە، کلێشەی پرسیار وێنەیەکە بۆ ئەو گوزارشتەی بە خودی پرسیارەکە دیاری دەکریٚ. هەروەك لەو هۆنراوە جوانەدا دەردەکەوی:

*ئەی وەرزەکان! ئەی کۆشکە بەرزەکان!*
*کام رۆحەیە بیٚ کەم وکوڕی[١] ؟!*

لێرەدا نە پرسیارکەر دیارە نە پرسیار لێکراو: شاعیر لە پشت گۆزارشتەکەی خۆی ئامادە نییە (غائیبە)[٢]، پرسیارەکەش رێگەی وەڵامدانەوە نادات، یا بەواتایەکی تر: وەڵامەکە لە خودی پرسیارەکە دایە. ئایا ئەوە پرسیارێکی راڤەکارانەیە؟ وەلیٚ گێلانەیە وابزانین رامبۆ- Rimbaud ویستویەتی بڵیٚ: تێکڕای خەڵك کەم و کوڕییان هەیە. یا بە پێی لێکدانەوەی بریتۆن[١] لەبارەی سان ڤۆلَ رۆدا: (ئەگەر مەبەستی ئەوە بایە، دەیگوت). لە هەمان کاتدا جگە لەو مانایە هیچ مەبەستێکی تری نەبووە. لەوە بەولاوە کە پرسیارێکی رەهای دارشتووە، کارێکی دیکەی ئەنجام نەداوە. گوزارشتێکی جوانی پێبەخشیوە کە لە رۆحیدا بوونێکی پرسیارئاسا سەریهەڵداوە. بەم شێوەیە پرسیار بوو بەشتێك وەك چۆن دەروون تەنگی هونەرمەندی ئیتالی تانتوریتۆ Tintoretto لە ئاسمانێکی زەرددا خۆی دەنوێنیٚ. ئەمە تەنیا نیشانە (دەلالەت) نییە، بەڵکو کاکڵەیەکە بوونی دەرەکی هەیە. رامبۆش داوا دەکات پێکەوە ئەو کاکڵەیە لەدەرەوەی چوارچێوەی خۆیدا ببینین. ئەوەی سەیرە لێرەدا ئەوەیە- بۆئەوەی ئەم کاکڵەیە ببینین - دەبیٚ خۆمان لە لایەکەی تر بەرامبەر بارودۆخی مرۆیی دابنێین: کە ئەویش لایەنی پەروەردگارە.

کەواتە دەتوانین بە ئاسانی بزانین چەند گێلانەیە کەسێك داوابکا هۆنراوە ثابەتند بیَت. بەڵیٚ دەشیٚ سەرچاوەی کۆپلە هۆنراوەیەك هەڵچوون یا خودی سۆز و هەست بێت: بەڵام لەبەرچی ناکریٚ سەرچاوەکەی توڕەیی، بێزاری کۆمەڵایەتی و یا یادەوەرییەکی سیاسی بێت؟ وەلیٚ تیکڕای دەلالەتی ئەم پاڵنەرانە وەك چۆن لە نامەی دانپیانان و هەجودا دەردەکەویٚ، لە هۆنراوەدا دەرناکەویٚ. چونکە پەخشاننووس سۆزەکانی خۆی وەك پۆلوو گەش دەکاتەوە ئینجا نیشانیان دەدات، وەلیٚ شاعیر

(١) وەرگێڕانی دوو دێڕی شاعیری فەڕەنسی **رامبۆ** یە ئەمەش دەقەکەیانە:

Saisons ! O chateaux ! O
Quelle ame est defauts.

(٢) بەڵام ئایا ئامادەیی شیعر لەڕاستیدا ئامادەنەبوونی شاعیر دەگەیەنیٚ؟ بیٚ گومان مەبەستی سارتەر ئەوە نییە کە شیعر لە هیچەوە دەخولقیٚ و لە هەوا و بۆشاییدا هەڵواسراو دەبیٚ، مەبەستی ئەو شتێکی ترە: ئامادە نەبوونی شاعییر لەمەڕ پەیوەندییەوەیە، شیعر وەستانە، وەستان لە پەیوەندی دایە. ئەم واتایە چەندین ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی ئەدەب چییە؟ لە دیمانەیەکدا لە ژێر ناونیشانی (نووسەر و زمانەکەی) لە ساڵی ١٩٦٥ چاپکرا، بە شێوەی جۆراوجۆر بە سەر زمانی سارتەردا تێدەپەریٚ : شیعر چرکەساتێکی دووبارەیە کە مروڤ وەئاگا دێنێتەوە، یا: بە رای من چرکەساتی شاعیرانە، هەمیشە **وێستە** و زۆرکات لە سەرەتادا بەزەیی بەخۆدا هاتنەوەیە، چرکەساتی خۆشەیدایی و خۆدڵدانەوەیە، چرکەساتێك کە ئارەزووەکان لە رێگەی وشەکانەوە بەڵام لە پشت خەسڵەتی پەیوندیکردنیان بوونی زەینی و بابەتی دەستەبەر دەکەن. یا شیعر چرکەساتێکی دەروونڕوانییە و رەنگە بکریٚ بڵێن لە حوکمی چرکەساتی وەستانی سووڕی خوێن دایە. دوای ئەوە دەڵیٚ: پەخشان تێپەرینە لە شیعر، چونکە دوای ویستێك (کە لە حوکمی تێڕامان و بەدەروونداروۆچوون بەرەو جیهانی منداڵی و گەڕانەوە و خۆدۆزینەوەیە) پەیوەندی، دووبارە دەکەوێتەوە گەڕ و داوای مافی خۆی دەکات. ئەم مانایانە دواتر روون دەبنەوە. (و/ فارسی)

(١) ئاشکرایە ئەندریة بریتۆن Andre Breton نووسەری فەڕەنسی هاوچەرخ کە لە ساڵی ١٨٩٦ لە دایك بووە گرینگترین دامەزرێنەری قوتابخانەی سیریالیزمە. دواتر دانەر لەبارەیەوە دەدویٚ.

کاتێك سۆزەکانی خۆی دەرژێنێتە ناو هۆنراوەکەی، پەیمانی ئاشنایەتی لەگەڵیاندا دەپچڕێ: وشەکان بەسەریدا زاڵ دەبن، بەناخیدا ڕۆدەچن و بەرگی (مجازی) دەپۆشن، تەنانەت لە ڕوانگەی خودی شاعیریشەوە وشەکان دەلالەت لە هەست و سۆزەکانی ناکەن. هەڵچوون بووە بە شتێك، چڕی شتەکانی هەیە، کەمێك ناروونی لێدەرکەوتووە، خەسڵەتی ناروونی ئەو فۆنیمانەی گرتووە کە بۆتە کۆیلەیان. لەوەش بەولاوە هەمیشە — لە هەر ڕستە و دێرە هۆنراوەیەکدا- پتر لەو شتە هەیە کە تەنیا هەست بێت. وەك لە پەڵە ئاسمانە زەردەکەی تابلۆی طۆلطۆتا دا دەردەکەوێ لەوە تێدەپەڕێ تەنیا داخێکی پەنگ خواردوو یا هەناسە سواری بێت.

کاتێك فۆنیم و ڕستە وەك شمەکیان لێهات، دەلالەتەکانیان وەك شتەکان لە ئەژمار نایەن، بەو هۆیەوە لە هەموو ڕوویەکەوە بە سەر ئەو سۆزەدا زاڵ دەبێ کە وروژاندوویەتی. چۆن دەکرێ تووڕەیی یا حەماسەتی خوێنەر ببزوێنرێ، لە کاتێکدا داوای لێدەکرێ لە دۆخی مرۆیی خۆی بێتەدەرێ و بەچاوی خوا سەیری زمان بکات، تا بەراوەژوو بیبینێ[1]؟ بەرەنگارکاران دەڵێن: شاعیرانی بەرخۆدانی نەتەوایەتی و ثترس ئەمانوئیل[2] ت لە بیر چۆتەوە، نا لە بیرم نەچوونەتەوە بەڵکو دەمەویست بۆ سەلماندنی وتەکانم باسیان بکەم.

*لێرەدا بەکورتی باسێك لەسەر ئەم ڕەفتارەی زمان، دەخەمەوە یاد.*

***لە هۆنراوەدا، بنەما ئەوەیە: لە مرۆڤ ئوستورەیەك بخولقێنێ[3]، لە کاتێکدا پەخشان وێنەی دەکێشێ[4].کردەی مرۆیی کە پێداویستی بە سەریدا زاڵە و بەرژەوندی ئاراستەی***

(١) چونکە زمانی شاعیر ئیتر ئامراز نییە بەڵکو ئامانجە، وشەکانیش چیتر دەلالەتی دەلالەت لێکراوێکی دیاریکراو نین، بەڵکو وشەکان بوونەتە خاوەن قەوارەیەکی تایبەت بۆ خولقاندنی ئەوشتەی لە دەلالەت لێکراوی زمانی تێپەدەری. وەك لەوەوپێش باسمان کرد.

(٢) شاعیرێکی فەرەنسی هاوچەرخە زۆربەی شیعرەکانی لە ماوەی نێوان دوو جەنگی جیهانی و لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا نووسیوە، ئاراستەی شیعری لە نیوان شۆڕشگێڕی و پارێزکاری دینی دایە، شێوازێکی سامبۆلێکی و دواتر دینی هەیە کە ڕەوتی مەسیحگەرای **پۆڵ کلودل** کاری تێکردووە.

(٣) وەك لە ئوستورەی پاڵەوانییەتی داستانەکاندا هەیە و نووسەر دواتر باسی دەکات.

(٤) لە چیرۆکدا لە مانای نوێ و لە شانۆگەریدا... مەبەست دۆزینەوەی لایەنەکانی ژیان و واقیع و هەڵویستە... لە پشت لاسایی کردنەوەی واقیع لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکە تر. کەواتە پەخشان سوودزایە بە مانای بەرژەوندی کۆمەڵایەتی.



***دەکات، لە ئامراز بەولاوە هیچ مانایەکی دیکەی نییە. بە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ بەرەو پێش دەچێت، پەندیش لە ئاکامەکەیدا ئەوەیە: کە دەستم بۆ پێنووس درێژکرد، لە بیرێکی تێپەڕ و لێڵ لەهەمبەر جوڵانەکەمدا هیچی ترم شك نابەم، ئەوەی دەشیبینم پێنووسەکەیە. مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی خویدا بەهۆی مەبەستەکانەوە لەخۆ نامۆ دەبێ.***

***وەلێ هۆنراوە ئەم پەیوەندییە پێچەوانە دەکاتەوە، لە وێدا جیهان - بەو شمەکەی تێیدایە - دەبێتە ناکاکڵە (لاوەکی) و هۆکارێکی ئیش، کە ئەمیش خۆی لەخۆیدا مەبەستێکە. ئەوە ئەو پێکەیە بۆ ئەوەی خۆی لە لار و لەنجەی بەژنی باریك هەڵنەسوێ، پڕ دەبێت. جەنگی ڕاوەدوونان (تروا)[1] ئامرازێك بوو بۆ وێنا کردنی زۆرانبازی نێوان ئەخیل و هیکتۆر. کە پەردە لەسەر مەبەست لادەبرێ، کار لەمەبەستەکە دادەبڕێ و خۆی لە خۆیدا دەبێتە پاڵەوانبازی، یا لار و لەنجەی سەما کردن[2]. هەرچەند شاعیر لە هەوڵەکانیدا بایەخ بە مەبەستەکان نادا، وەلێ تا سەدەی نۆزدەهەم هەروا مایەوە تا لەگەڵ کۆمەڵگا بسازێت، لەکاتێدا بۆئەو مەبەستەی پەخشان دەیەوێ، زمانی بەکار نەهێنا، هەر هەمان متمانەی پەخشاننووسی بەزمان هەبوو. کاتێك کۆمەڵگای بورژوایی سەریهەڵدا، شاعیر و نووسەران کەوتنە بەرەیەك بۆ ئەوەی شایەتی بدەن کە ئەم کۆمەڵگایە بۆ مانەوە نابێ، کاری شاعیریش وەك هەمیشە لە خانەی خوڵقاندنی ئوستۆرەی مرۆڤ دا مایەوە، وەلێ لە کێشانەوەی وێنە سەیر و سەمەرەکانی جیهان، گوازرایەوە بۆ ئەو شتە سەیرانەی هێزەکانی مرۆڤ لەبەردەمیدا توانەوە، مرۆڤ بە تەما بوو ئەو هێزانەی بیگەێننە خۆشبەختی. مرۆڤ لەو ئوستورەیەدا هەمیشە مەبەستێکی ڕەهایە. وەلێ شاعیر — بە سەرکەتنی لە هەوڵەکانیدا - لە لەرزوتای کۆمەڵگایەکی بەرژەوەندیزادا نقوم بوو. ئەنگیزەی یەکەمی کارەکەی - ئەو ئەنگێزەیەی***

(١) تروا شارێك بووە لە ئاسیای ناوەڕاست، بە پێی داستانە کۆنەکانی یۆنان جەنگێك لە نێوان یۆنان و ئاسیای ناوەڕاست ڕوویداوە کە دە ساڵی خایاندووە، بە کوژرانی **هکتۆر** ئازاترین جەنگاوەری شاری تروا و **ئەخیل** سەرداری جەنگاوەرانی یۆنانی و وێران بوونی شارەکە، کۆتایی هاتووە. ڕووداوی ئەم جەنگە بابەتی کتێبی **ئیلیادە** لە نووسینی شاعیری یۆنانی **هۆمێر**.(و/ فارسی)

(٢) **پۆل ڤالیری** هەمان بۆچوونی هەبوو لەمەڕ هۆنراوە و پەخشان. هۆنراوەی بە سەماکردن و پەخشانی بە ڕێڕەو دەچواند، دەیگوت، بەڕێدا ڕۆیشتن، ڕوویشتنە بەرەو ئامانجێك، وەلێ سەما کردن بێ ئامانجە و بە سەما کردنەوە ڕۆیشتن بەرەو ئامانج، پێکەنینهێنەرە. کەواتە مەبەستی سەماکردن خودی سەمایە. (و/فارسی)

مۆڵەتی پێدا بیپەڕێتەوە بۆ دونیای ئوستورە — ئەمەش سەرکەوتنێکە بێ تێشکان. کاتێك تێشکان بە تەنیا لە نێوان خۆی و ئەو پرۆژانەی لە ئەژمار نایەن، سەرگەردان بوو، گەڕایەوە بۆ خودە بێگەرد و بەشدارەکەی. جیهانیش لە روانگەی ئەوەوە بوو بە شتێکی ناکاکڵەیی، وەلێ لە هەمان کاتدا وەك بەڵگەیەکی تێشکان مایەوە.

مەبەست لە شتێك گێرانەوەی مرۆڤە بۆ خودی خۆی بە رێ لێگرتن. بەڵام مەبەست کۆنترۆڵ کردنی گێژاوەکانی تێشکان و ویرانی نییە لە رەوتی رووداوەکانی جیهان، بەڵکو هیچکام لە رووداوەکانی جیهان جاریکتر ناتوانن رێی لێبگرن. هەر هەوڵێکی مرۆیی دوو رووی هەیە: سەرکەوتن و تێشکان پێکەوە. لۆجیك — لە وێنەی دیالێکتیکیدا- بەس نییە بۆ بیرکردنەوە لە هەوڵدان، بەڵکو پێویستە فۆنیمەکانی زمان و ئاسۆی زەینەکان ئەندازەیەکی زۆر نەرم و فراوانیان هەبێ. رۆژێك هەوڵ دەدەم باسی راستی ئەو شتە سەیرە بکەم - کە مێژوویە- تا دەریبخەم نە پرسێکی بابەتی نە پرسێکی تەواو زەینییە. لۆجیکی خۆی دژایەتی دەکات، دەچێتە ناویەوە، شتێکی دژ بە دیالێکتیکی لێوەردەگرێ، کەچی هەر بە دیالێکتیکی دەمێنێتەوە. بەڵام ئەمە کاری فەیلەسووفە، چونکە مرۆڤ رانەهاتووە هەردوو رووی کارەکە ببینێ. پیاوی کارامە رووەکەی سەرکەوتن دەبینێ و شاعیریش رووی تێشکانەکەی .

کاتێك ئامێرەکان تێکدەشکێن و بێ کەڵك دەبن، پرۆژەکان بە ئەنجام ناگەن و هەوڵەکان بە فیرۆ دەچن ئەو کاتە جیهان بە تەڕ و تازەییەکی ترسناك و سادەوە وەك تەڕ و تازەیی منداڵێك، دەردەکەوێ، کە نە بەڵگەی هەیە نە سیما. پتر لەو راستییەی وێنا دەکرێ وەخۆی دەگرێ، چونکە بۆ مرۆڤ روخێنەر و وێرانکەرە، وەك کار کە لە هەموو دۆخەکانیدا بانگەشەی گشتگیری دەکات، تێشکان شتەکان دەگێڕێتەوە سەر راستی تاکێتییان[1]. وەلێ ئەگەر

(١) چونکە تێشکان دەمانبات بەرەو ناسینی تایبەتمەندی شتەکان و ئەو خەسڵەتە تەنیا لەواندا هەیە، کەچی- لە کاتی سەرکەوتن و هێندێك دۆخی ئاساییدا- ئەو خەسڵەتانەیان تێدا نییە. چڕی شتەکان و بەڵێنیان بۆ ئێمە، گرفت خستنە بەر ئەوەی دەمانەوێ، زامنی ئاگادار کردنمانە لەوخسڵەتانەی هەیانە. ئەمانە هەمووی لە ئامێزی ئەو هەوڵەدایە کەدراوە بۆ زاڵ بوون بەسەر گرفتەکاندا. بەبێ ئەوە شتەکان دەبنە هاوشێوە وەك وێکچوونی مرۆڤەکان، کە دەرك تەنیا بە تێکڕای ئەو راستییە گشتییانە دەکات کە تێگەیشتنیان گومراکەرە.



پرسەکە بە دیوەکەی تریدا وەرگێڕین دەبینین- وەك چاوەڕوان دەکرێ- تێشکان وەك مەبەستی کۆتای هاوکات کێشەیە لەگەڵ ئەم جیهانە و خاوەندارییەتی جیهان.

رووبەڕووبوونەوەی جیهان: لەبەرئەوەی مرۆڤ لەو شتەی مرۆڤ تێکدەشێکنێ بەرزترە[1]، ئەو رووبەڕووبووونەوەیە وەك ئەندازیار و سەرکردە، بە روانین لە سنووری بەر تەسکی راستییەکەیان، مشتومڕ لەگەڵ شتەکاندا ناکا، - بە پێچەوانەی ئەوەوە- پتر لە وێنا کردنی سنوور بۆ راستییەکەیان کێشەیان لەگەڵ دەکات، ئەوەش سنووری هەبوونی تێشکاوانەیەتی. مرۆڤی تێشکاو وێنای سەرکۆنەی ویژدانی جیهانە. شکستیش دێتە ئاراوە، چونکە، کاتێك

رەنگە باشترین نموونە لەو بارەیەوە **ئوستورەی سیزیف** بێت بە پێی لێکدانەوەی **ئەلبیرکامۆ:** خوایەکان سیزیفیان سزادابوو کە تاشەبەردێك لە داوێنی چیایەکەوە بۆ سەر لوتکەی چیاکە سەربخات. بەڵام هەرکە تاشەبەردەکە دەگەیشتە سەر لوتکەی چیا خلۆر دەبۆوە تاقولاّیی خڕ و دۆڵی ئەو چیایە و سیزیفیش ناچار بوو هەتاهەتایە ئەم کارە دووبارە بکاتەوە. کامۆ ئوستوڕەی سیزیف بە رەنگدانەوی پڕئازاری مرۆڤ دەزانێ، وەلێ هێندێك جار تێشکان بە پێشەنگی مسۆگەری سەرکەوتن و خۆشبەختی دادەنێ. وەك خۆی دەلێ: سیزیف دووبارە بەرەو داوێن سەرەو ژێر دەبێتەوە، کاتی ئەم گەڕانەوەیە، کاتی ئەم وەستانەیە کە چارەنووسی ئێمە بەرەو خۆی رادەکێشێ... من ئەم پیاوە دەبینم بە هەنگاوی قورس و گران بەرەو ئەشکەنجەیەك دەڕوا کە نازانێ کەی کۆتایی دێت. ئەم کاتە کە وەك کاتی پشوودانە، گەڕانەوەی مسۆگەرە وەك بەدبەختییەکەی، کات هەست و هۆشە. سیزیف لە هەر یەك لەو چرکەساتانەدا کە لە لوتکەی چیا دێتەخوارێ بە قولاّیی غەزەبی خوایەکاندا رۆدەچێت، لە چارەنووسی خۆی بەرزتر و لە تاشەبەردەکە بەهێزترە. ئەم ئەفسانەیە خەماوییە لەبەر ئەوەیە پاڵەوانەکەی وشیارە. کاتی هیوای سەرکەوتن دڵگەرمی دەکرد کەواتە ئازاری لەکوێ بوو؟ سیزیفی بێ توانا و یاخی لە سەرتاپای ژیانی پڕ دەردەسەری خۆی ئاگادارە، کە لە چیا دێتە خواری هەر لەو بیرکردنەوەدایە. وشیاری و روناکبینی ئەو کە دەبوو بۆی ببێتە ئامرازی ئەشکنجە هاوکات دەبێتە هۆکاری سەرکەوتنی. چارەنوسێك نییە بە دزێو کردنی نەکرێ بەسەریدا سەرکەوێ. لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامە: پێویستە سیزیف بە خۆشبەخت دابنرێ. (و/فارسی)

(١) ئەم وتەیەی باسکاڵمان دێنێتەوە یاد: مرۆڤ لە بوونەوەر بەولاوە شتێکی تر نییە، واتە بێ تواناترین بوونەوەری سەرزەوییە، بەڵام لەبەر ئەوەی بوونەوەرێکە بیردەکاتەوە. پێویست ناکا سەرتاسەری جیهان بۆ لە ناوبردنی گەلەکۆمەی لێبکەن، گەردێکی هەڵم، دڵۆپێکی ئاو بۆ کوشتنی بەسە. تەنانەت ئەگەر لەناویشی بەرن مرۆڤ لەو ئامرازەی لە ناوبردنی بەهێز ترە، چونکە مرۆڤ دەزانێ دەمرێ و لە باڵادەستی جیهان بەسەر خۆیدا، ئاگادارە، لە کاتێکدا جیهان هیچ لەو بارەیەوە نازانێ.

*جیهان نەبێتە ئامرازێکی سەرکەوتن، دەبێتە ئامرازێکی شکست هێنان. بە ناخی لایەکانیدا ڕۆدەچێت - ئەم دۆخەش- مەبەستگەراییەکی (غائیە) لێڵە، پێوەرێکە کەڵك بە پێوانەکەی دەگەیەنێ، بۆ مرۆڤ، پڕ لە دژایەتی مرۆڤ، لە خۆ دەگرێت. بەم پێیە تێشکان دەگۆڕێ بۆ سەرکەوتن[1] ، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە دەرگای جیهانێکی ترمان بۆ ئاوەڵا دەکات، لەبەر ئەوەیە لە دەروونی خۆیدا ئەمبەر و ئەوبەر دەکات و دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە زمانی هۆنراوە لە سەر وێرانەی پەخشان دروست دەبێت. ئەگەر راست بێ بڵێین وتە بە ماناشەوە خیانەتە، گواستنەوەی مانا بۆ ئەوانی تر مەحاڵ دەبێ، هەر وشەیەك دەلالەت لێکراو[2] ەتاکییەکەی*

(١) گوایە سارتەر ویستوویەتی شانۆگەرییەك لەسەر تێشکان بنووسێ. سیناریۆی شانۆگەرییەکە ئاوابووە: دایك و باوکێکی جوولەکە چاوەڕێی لە دایك بوونی منداڵەکەیان دەبن، باوکە وای بۆدەچێ ژیانی منداڵەکەی پڕ لە ناکامی و ئەشکەنجە و مەینەت دەبێ (واتە تێشکانی یەك لە دوای یەك)، بۆیە دەیەوێ هەر لە کۆرپەییەوە بیکوژێ، بەڵام دایکە رازی نابێ. پێش دەسپێکردنی شانۆگەرییەکە شەیتان دەردەکەوێ و هەق دەدا بە باوکە و پێشبینی دەکات ئەگەر منداڵەکە پێبنێتە دونیاوە رووی خۆشی دونیا نابینێ. وەلێ دیسان دایکە رازی نابێت لەبەر خۆی بەرێت، ئینجا شانۆگەرییەکە دەسپێدەکات و بەسەرهاتی ژیانی منداڵەکە دەگێڕێتەوە و هەمان پێشبینی شەیتان و بۆچوونی باوکە دەردەچێت. بەڵام ئەو ژیانە لە بری ئەوەی سیمای تێشکان بێت دەبێتە ماکی سەرکەوتن. منداڵەکە لە ناو ئەم هەموو تێشکان ئازار و بێبەری بوونەی لە خۆشی و شادی، ئازادی خۆی بەدەست دێنێ و کەسایەتی واقیعی خۆی نیشان دەدات. تێشکانی یەك لە دوای یەك نەتەنیا بەنامرادی کۆتایی نایات، بەڵکو دەگاتە گەشانەوە و شکۆمەندی تەواو. (و/فارسی)

(٢) نووسەر ئەم نووسینەی وەرمانگێڕاوە بە پێشەکییەك بەناوی: **خۆماڵی کردنی ئەدەب** پێشکەشی کردووە. ئێمەش وەریناگێڕین چونکە ناکەوێتە خانەی نووسیتی ئەدەب چییە؟، کەتەنیا گواستوومانەتەوە. پێشتر ئەم وتارە لە گۆڤاری **نووسەری میسر** بڵاوکراوەتەوە- وە لەو رووپەڕەی نووسەر ئاماژەی پێدەکات، ئەو ئەدەبەی بانگەشەی بۆ دەکات باسی ئەو پرنسیپە رەهایانە ناکات کە لە هەڵویستە مرۆییەکانی سەردەم دابڕاون، بۆ نموونە بە باسکردنی خێر لە زەیندا، یا نیشتمانپەروەری و ئازادی لە مانا رەهاکانیدا، بەڵکو بەوشێوەی پەیوەندی بەهەڵویستی نیشتیمانەکەی و سەردەمەکەیەوە هەیە. چونکە لە کاتی دابڕانیدا بێ مانا و ناکاریگەر دەبێت. وەلێ ئەگەر هەڵویستێکی تایبەتمەندی وەرگرت، تاکێتییەکەی دەردەکەوێ، لەبەر ئەوەی گومانی تێدانییە دوژمنانی ئەم پرنسیپانە لە دۆستەکاننی ( ئەگەر وەك پرنسیپێکی گشتی لە بارودۆخی ستەم لێکراوێك دوایین کە کەس نکۆڵی لەوە ناکات، لەکاتێکدا ئەگەر تایبەتمەندی بکەین بە خەڵکی فەلەستینی دەربەدەر، هەڵویستی دوژمنانی راستەقینەی مرۆیی دەردەکەوێ، کە جیاوازە لە دۆستەکانی...)



*دەشارێتەوە و بەم پێیە دەبێتە ئامرازێکی تێشکان بۆ ئێمە و شاردنەوەی ئەوشتەی ناکرێ گوزارشتی لێبکرێ. ئەمەش بەو مانایە نییە جگە لە وشە شتێکی تر هەبێ بۆ گواستنەوەی مانا، لەبەر ئەوەی، گواستنەوەی مانا لە پەخشاندا سەرکەوتوو نەبووە، کەواتە مانای هەر وشەیەك بۆتە ئەو شتە پاك و بێگەردەی ناکرێ بگەیەندرێتە ئەوانی تر. بەم شێوازە تێشکان لە گوزارشتدا دەبێتە ئیلهام کردنی ئەو مانایانەی ناکرێ بگوازرێنەوە. ئەگەر گرفت خرایە بەردەم پرۆژەی بەکارهێنانی وشەکان[1] ، پانتایی دەرکییان فراوان دەبێت. یەکالاکردنەوەی هەوڵەکەمان لە لاپەرەی شانزەدادێت، ئەو لاپەڕانەی ئەم لێکۆڵینەوەمان تێدا پێشکەش کردووە. پرسەکە روونتر دەبێتەوە ئەگەر بە چاوێکی گشتی لە رۆژئەژمارکردنی تێشکان بە شێوەیەکی رەها، بڕوانین، ئەمەش بەلای منەوە بنەمایە لە رێبازی هۆنراوەی هاوچەرخدا. چاوەڕوان دەکرێ ئەم شێوەیەی هەڵبژاردن ئەرکێکی دیاریکراو بە شاعیر بسپێرێ. لە کۆمەڵگایەکی ئاراستە یەکگرتوو یا دینی دا، دەوڵەت ئەو تێشکانە یا دەشارێتەوە یا لایەنی دینی جێگای دەگرێتەوە. وەلێ کۆمەڵگایەکی کەمتر یەکگرتوو بە ئاراستەیەك بچێتە ناو لێك جیا کردنەوەی دین لە کاروباری ژیان — وەك لە دیموکراسییەکانی هاوچەرخماندا هەیە- لەسەر هۆنراوە پێویستە ئەو تێشکانە وەدەست بێنێتەوە. هۆنراوە وەك ئەو کەسە وایە بەهۆی دۆڕانەکەی، دەباتەوە. شاعیری راستەقینەش ئەو کەسەیە بەمەبەستی قازانج تامردن زەرەر و زیان هەڵدەبژێرێ. دووبارەی دەکەمەوە، من لێرەدا لەهۆنراوەی هاوچەرخ دەدوێم. لە مێژوودا شیوە هۆنراوەی دیکە هەن نایەنە ناو بابەتی باسکردنی پەیوەندییان بە هۆنراوەی ئێمەوە. ئەگەر وابێ ئێمە باسی پابەندی شاعیر بکەین، ئەوسا دەڵێین: شاعیر دەدۆڕێ وەك مرۆڤێك،*

بەدواداچوونی ئەو پرنسیپانەی لە سەردەم دابڕاون — بەو بەڵگەیەی نەمرن - خەیاڵێکە ئەدەب لە ئەرکە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکەی دادەبڕێ، کە پێویستە بە درێژایە مێژوو دەستی لێ هەڵنەگرێ. لەمەشدا هوشیاری سەردەم، راستەقینەی بیری خودی مرۆڤ لە سەردەمەکەیدا، دەردەکەوێ، هەقانییەت لە ئەدەب و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەیدا پەرەدەستێنێ.

(١) چونکە وشەکان بە گشتی لە خودی خۆیاندا لایەنی تاکێتی شتەکان دەشارنەوە. بۆ نمونە ئەگەر ناوی کووپت هێنا، ئەوا لایەنە تاکییەی شاردرایەوە، هەروەها درەخت، یا یەکێك لە ئەندامەکانی تیپێك کە تەنیا دەبێتە نمرە، بۆنمونە دەوترێ یاریچی ژمارە ئەوەندە.

***دەباتەوە وەك شاعیر. ئەمەش نهێنی بزر بوونییەتی، و نهێنی ئەو نەفرینەیە[(١)] هەمیشە هەڵگری شێوازەکەیەتی، کە بەردەوام دەیگێڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی بارودۆخێکی دەرەکی، لە کاتێکدا هەڵبژاردەی رووتی خۆیەتی، ئاکامی ئەوە هۆنراوەکەی نییە، وەلێ بنەما و سەرچاوەکەیەتی. ئەو بڕوای تەواوی بە تێشکانی هەوڵەکانی مرۆڤ هەیە. کاروبارەکانی رێك***

(١) **شاعیرە نەفرین لێکراوەکان** یا **ئەقلییەتی توانەوە** – Lespirt decadent ئەو خەسڵەتانەن کە لە ساڵەکانی ١٨٨٠-١٨٩٠ دەدرانە پاڵ شاعیرە فەڕەنسییەکان. شاعیرەکان خۆیان ئەو ناوانەیان لە خۆیان ناوە. شاعیری سامبۆلیست فرلین کتێبێکی نووسیوە بە ناوی " شاعیرة نەفرین لیَکراوةکان – Les Poetes Maudits" لە ساڵی ١٨٨٤، بۆ ئەو شاعیرانە نووسراوە کە گوایە مافی پێشێل کردوون. وا دەردەکەوێ فرلین ئەم ئاکارەی لە هۆنراوەی یەکەم هۆنراوەی **گوڵەکانی شەڕ** Benediction لە دیوانی "**بۆدلێر**"، وەرگرتووە. لەوێدا بۆدلێر، شاعیر وێنا دەکا بە ئامرازێك کە خواوەند ویستوویەتی هەر لە رۆژی لە دایك بوونییەوە، کۆمەلگای پێ لاڵ یا خراپ بکات. قوربانییە، وەلێ خۆی ویستوویەتی، لەوەدا خۆشییەك دەبینێ کە پاساوە بۆ یاخی بوون و سکاڵایەکەی. قوربانی "واتە شاعیر"بۆ بانگی ژیان و خۆشبەختی و یاسا، رێبازی نکۆڵی کردن دەگرێتەبەر. بۆدلیَر لە بارەی شاعیری ئەمەریکیدا "ئەدطار ئالن ثۆ" دا نووسیویەتی: کەواتە دەبێ روحی پیرۆز بوونە نەبێ، ژیانی لە سەر جۆرێك پەرستن وەستابێ، بۆی براوەبێتەوە، لە رێگەی رووخاندنی خۆیەوە، بەرەو مردن و شکۆمەندی بڕوات؟. لە کاتێکدا شاعیرە رۆمانتیکییەکان – وەك **هۆگۆ و فینی،** شاعیر بە پێغەمبەری سەردەمی نوێ دادەنێن کە شانبەشانی مرۆڤایەتی دەڕوات، **بۆدلێر**-و سامبۆلیستەکانی دوای ئەو- شاعیر بە قوربانی دادەنێن، لەگەڵ هەموو دەوروبەرەکەی نامۆیە، توانای نییە لەگەڵ ویستەکانی ژیانی دەوروبەری خۆی بگونجێنێ - بڕوانە هۆنراوەی "الباترۆس"ی بۆدلیَر- ئەو شاعیرانەی ناویان لە خۆیان ناوە "شاعیری توانەوە" دواتر بوون بە ناوکی سامبۆلیزم. **فرلین** لەیەکێك لە هۆنراوەکانیدا بە ناوی **سۆنیتا** دەڵێ: نوینەرایەتی ئیمپراتۆری دەکەم دوای لێك هەڵوەشانەوەی. ئەوانە تەبیاتی گشتییان بێزاری و بێزە لە دەورە بەریان، لە هەمان کاتدا نەفرین لە هەر شیتك دەکەن بەرەلاّیی و نارەزایەتی تێدا بێت. **فرلین:** (وشەی توانەوەخوازان Decadent پێویستی بە هزر و بیری ساف و وردی شارستانییەتێك هەیە کە لە ترۆپکی خۆی دابێت، فەرهەنگێکی ئەدەبی بەرز، و روحێك شایانی شێوەکانی خۆشی بەرزەفر ...) بینیان زمان کەنەفتە لە گوزارشت کردن لە خورپەی دەروونی ئاڵۆز و ناسك، فۆنیمیان داهێنا، و ماناکانی فۆنیمە کۆنەکانیان نوێکردەوە، پەنایان بردە بەر ئامرازەکانی ئەو ئیلهامەی لە کتێبی "دەروازەیەك بەرەو رەخنەی ئەدەبی نوێ، چاپی دووەم ل٤٨٢-٤٨٧" دا باسمان کرد، هەروەها لە کتێبی "ئەدەبی بەراورد- الادب المقارن ، ل٣٧٣-٣٧٩".



***دەخات تا لە ژیانی تایبەتی خۆی تێبشکێت، تا تێشکانی تایبەتی خۆی – وەك تاکێك – بکاتە شایەتیی تێشکانی گشتی مرۆیی. شاعیریش مشتومڕییەتی، لەوەدا پلەی- وەك دواتر دەیبینین- پلەی پەخشاننووسە، وەلێ مشتومڕ لە پەخشاندا بە ناوی سەرکەوتنی گەورەترەوە دێتە ئاراوە، لە کاتێکدا لە هۆنراوەدا بە ناوی تێشکانەوە روودەدات کە لە پشت هەر سەرکەوتنێکەوە شاردراوەتەوە.***

ئەگەر هاتوو شاعیر لە "پابەندبوون" بێ بەری بکرێ، ئایا ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی پەخشاننووسیش لێی بێ بەری بکرێ؟ ئەوانە چییان وێکدەچێ؟ لە راستیدا هەم پەخشاننووس و هەم شاعیر، دەنووسن، وەلێ ویکچوونێك لە کاری نووسینیاندا نییە تەنیا لە بزاوتی دەست و نەخشاندنی پیتەکاندا نەبێت. دونیای هەردووکیان لێك جیایە و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکدییەوە نییە، ئەوەی یەکێکیان خوی پێوە گرتووە لای ئەوی تریان نامۆیە. پەخشان لە ناوەڕۆکدا بەرژەوەندییە، من دەمەوێ ئاوا پێناسەی پەخشاننووس بکەم بڵێم: ئەوکەسەیە کە سوود لە وشە وەردەگرێ. جەنابی طۆردن[(١)] کە داوای پێڵاوەکەی دەکرد، پەخشان دەئاخاوت، هەروەها (هیتلەر)یش کە جەنگی دژی پۆڵۆنیا بەرپا کرد. نووسەر ئاخێوەرە، واتە وشەکان لە بەر سوودەکانیان بەکار دێنێ: دیاری دەکا، دەسەلمێنێ، فەرمان دەدا، رەت دەکاتەوە، دەپرسێتەوە، تکا دەکا، جوێن دەدا، خەیاڵ دەکا، ئیلهامی بۆ دێ. خۆ ئەگەر بێ مەبەست ئەم کارانەی ئەنجامدا پێی نابێتە شاعیر، بەڵکو دەبێتە پەخشاننووسێك کە بێ هوودە دەدوێ.

(١) M.Jourdain کەسایەتییەکی سیاسییە **مۆلێر** خوڵقاندوویەتی (١٦٢٢-١٦٧٢) کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٦٠ لە شانۆگەرییەکدا بە ناوی (**برژوای ئەریستۆکرات رەوشت**) دەوری گێڕا. گۆردن لەوێدا نموونەی ئاخێوەری هەلپەرستە کە نکۆڵی لە رابردووی خۆی دەکات دەبێتە جێگای گاڵتەجاری هەموان. ریاکارانە دەیەوێ ببێتە ئەریستۆکرات. لە شانۆگەرییەکەدا رۆژێك فەرمان بە سکرتێرەکەی دەدات بە ناوی ئەوەوە نامەیەکی ئاشقانە بۆ خاتوونی بنەماڵەیەکی ناودار بنووسێ. سکرتێرەکە دەڵێ: نامەکە بە شیعر بنووسم یا بە پەخشان؟ جەنابی گۆردۆن رادەمێنێ کە شیعر چییە و پەخشان چییە؟. سکرتێرەکەی بۆی روون دەکاتەوە کە ئاخاوتن یا شیعرە یا پەخشانە، هەر وتەیەك شیعر نەبێ بێ گومان پەخشانە. گۆردۆن دەڵێ: کاتێك من بە نۆکەرەکەم دەڵێم پیلاّوەکانم بۆ بێنی، شیعرم گووتوە یا پەخشان. کە لە نۆکەرەکەی دەبیستێ پەخشان، بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ: **سەیرە، کەواتە من چل ساڵە پەخشان دەبێژم و بە خۆم نەزانیوە.** (و/ فارسی)

*بێگومان لە هەر هۆنراوەیەکدا هێندێك سیمای تایبەت بە پەخشان هەیە، واتە هێندێك سیمای سەرکەوتن. پێچەوانەکەشی هەر راستە: جۆری هەرە وشکارۆی پەخشان، بڕێك لە شاعیری تێدایە، واتە جۆرەکانی تێشکان. هیچ پەخشاننووسێك نییە — هەرچەند زیرەك و زەین خاوێن بێت — بتوانێ بە تەواوی ئەوەی دەیەوێ بیڵێت. هەمیشە بە گوتەی خۆی لەوەی نووسیویەتی و دەیەوێ بیڵێ تێپەریوە یا بەبێ ئەو وەستاوە. هەریەك لە رستەکانی وەك گرەو و ریسکێك ئامانجن بۆی. هەرچەند هەوڵی چاوپێداخشاندن بدات، وشە بەتەنیا لە بەردەمیدا قوت دەبێتەوە، وەك **ڤۆل ظالیری** روونی کردۆتەوە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ بە ناخی هەموو نهێنییەکانی وشەیەکدا رۆبچێت. بەم پێیە هەر وشەیەك بە مانای روون و زاراوەیی خۆی بەکار دەبرێ، لە هەمان کاتدا بەو دەنگە بەکار دەبرێ کە جۆرەها بولێڵی وەخۆ دەگرێ، دەتوانم بڵێم بۆ سەروەری خۆی بەکار دەبرێ، ئەمەش هەستەکانی خوێنەر دەوروژێنێ. دواتر ناگەرێینەوە ئەو بوارەی گوزارشتی زاراوەیی لەسەر کراوە، بەڵکو لە بواری دەربڕین و رێکەوتدا ئەو وێستانەی دێنە ناو هۆنراوەوە وێستی هۆنراوەین، ئەمانەش سیمای سنوورکەیەتی.*

*بۆ ئەوەی تەواو روون بێت لە شرۆڤەکەمدا جەختم لەسەر دوو لایەنی پێکناکۆك کردووە: دۆخی پەخشانی بێ خەوش، دۆخی هۆنراوەی بێ خەوش، هەر چۆنێك بێت پێویست ناکا بگەین بەو ئاکامەی بەهۆی زنجیرەیەکی پێك پەیوەست لە رەوشی مامناوەندی کە نە هۆنراوەیین نە پخشانیین، دەکرێ لە هۆنراوەوە بگوازینەوە بۆ پەخشان. چونکە ئەگەر پەخشاننووس لە بەڵگەمەند کردنی وشەکان، زێدەرۆیی کرد، سیمای پەخشان تێکدەشکێ و دەکەوێتە بۆشاییەوە. ئەگەر شاعیر بەرەنگاری چیرۆك و شرۆڤە و فێرکردن بۆوە، ئەوسا هۆنراوە لەگەڵ دۆخی پەخشان لێکدەدرێ، و رۆڵی خۆی لەدەست دەدات، کەواتە پرسەکە لێرەدا پێکهاتەی ئاڵۆز و ناروونە، وەلێ دیاری کراوە.*

بەم پێیە لەوەی رابورد زمانمان بە شێوەی ئاوەژوو بەدی کرد، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بە دیوی خۆیدا لێی بڕوانین. هونەری پەخشان لە ئاخاوتندا پیادە دەکرێت، بە پێی سروشتی خۆی کەرەستەکەی خاوەن دەلالەتە: واتە پێش هەموو شتێك وشە شمەك نییە، بەڵکو هێمای شمەکە. پرسی یەکەم بۆ بەهاکەی ئەوەنییە، بزانین لە خودی خۆیدا شیاوە یا نەشیاو، وەلێ دەبێ بزانیین هێمایەکی راست و روونە بۆ هێندێك شمەك یا هێندێك بیروباوەر، یان نا. لەبەر ئەوە زۆر جار پێش دێت بیرۆکەیەکمان دێتەوە یاد کاتی خۆی بە هۆی وشەوە لە هێندێك خەڵکەوە فێری بووین، بەبێ ئەوەی تاکە وشەیەکمان لەو وشانە لە بیرمابێ. کەواتە پەخشان ریبازێکە لە



رێبازەکانی هزر، یا بەپێی لێکدانەوەی ظالیری: پەخشان ئەو کاتە وەدیدێ کە وشەکان بە زەینماندا تێبپەڕن، وەك تێپەڕینی پەرداخی شووشە بە بەر تیشکی رۆژدا. کە مرۆڤ رووبەڕووی مەترسییەك یا گرفتێك دەبێتەوە پەنا بۆ هەر جۆرە ئامرازێك دەبات. کاتێك مەترسییەکە رەوییەوە، لە بیری نامێنێ ئەو شتەی دەستی داوەتێ چەکوش بووە یا تێلاّ. چونکە لەو کاتەدا هەستی بەلای ئەو شتەوە نەبووە. ئەوەی پێویست بووە ئەوە بووە: دەست بۆ شتێك ببا یا هانا بۆ ئەو شتە بەرێ کە دەستی دەیگاتێ. ئەو ئامرازەش بۆ ئەو شتێك نییە جگە لە پەنجەی شەشەم یا قاچی سێهەم، یا بە کورتی کردەیەکی ترە مرۆڤ نیشانی دەدا. زمانیش هەروایە، وەك داردەستێك یا بەرگێکی خۆپاراستن، خۆمانی پێ لە ئەوانی تر دەپارێزین، کەواتە ئەوە درێژبوونەوەی هەستەکانمانە. چاوی سێهەمە کە بە دەروونی ئادەمیزاددا دەڕوانێ. ئێمە چۆنیین لە بەرامبەر لەش و لارماندا، ئاواشین لە بەرامبەر زماندا، وەك چۆن هەست بە دەست و پێی خۆمان، دەکەین، تا ئەوکاتەی دەگەینە ئەو مەبەستانەی لە پشت زمانەوە شاراوەن، ئاوا هەستی پێدەکەین. هەست بە زمان دەکەین کاتێك ئاخێوەرێکی تر بەکاری دێنێ، هەروەك هەست کردنمان بە ئەندامی لەشی مرۆڤێکی تر. هێندێك وشە هەن مروڤ زیندوویان دەکاتەوە، هێندیکیشیان بە رێکەوت تووشیان دەبێ. وەلێ لە هەردوو حاڵەتدا لە خانەی ئەو پرۆژەیە دایە، کە بە وتە پێی هەڵدەستم تا کار بکەمە سەر ئەوانی تر، یا ئەوانی تر پێی هەڵدەستن تا کارم تێبکەن. بەم پێە وتە ساتێکی تایبەتە لە ساتەکانی کار. بەدەر لەم چوارچێوەیەش هیچ مانایەکی نییە. لە هێندێك حاڵەتی لالّیدا، تووش بوو توانای ئاخاوتن، تێگەیشتن لە سروشتی شتەکان و پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ ئافرەت، لە دەست دەدات. وا دەردەکەوێ لەدەستدانی توانای قسە کردن، وەك ئەوە وایە مرۆڤ یەکێك لە رەهەندەکانی کەسایەتی خۆی لەدەستدابێت، کە لە راستیدا لە هەموویان گرینگ تر و بەرچاوترە.

ئەگەر لە هەر حاڵەتێکیدا پەخشان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەك لە ئامرازێکی ئەکتیف بەولاوە، چیتر نەبێ، تێڕامان لە وشەکان تەنیا کاری شاعیر بێت، ئەوسا مافی خۆمانە داوا لە پەخشاننووس بکەین بڵێین: نیازت لە نووسین چییە؟ و دەتەوێ لە چ پرۆژەیەکدا جلّەوی خۆت بۆ گوتار بەرەلاّ بکەیت؟ و بۆچی ئەو پرۆژەیە ناچارت دەکا پەنا بۆ نووسین ببەی؟

هەر چییەك بێت، نیازی ئەو پرۆژەیە تێڕامانی رووت نییە، چونکە پانتایی تێڕامان و روانینی زەین بێدەنگییە، مەبەستی زمانیش دەربڕین و پەیوەندی کردنە لەگەڵ ئەوانی تر. لە راستیدا مرۆڤ بەنیازە دەرئەنجامی تێرامانەکانی بۆ خۆی تۆمار بکات، وەلێ پێی وایە ئەوندە

بەسە - ئاوا- بە پەلە چەند وشەیەك فرێداتە سەر رووپەرێك، تا ئەو شتە پێناسە بکات کە بە خەیاڵیدا هاتووە. ئەگەر وشەکان بەمەبەستی روون کردنەوە رێکخران، مانای وایە مەبەستێکی تری نامۆ لە روانینی زەین، یا نامۆ لە خودی زمان، دێتە ئاراوە: ئەویش خستنە رووی ئەو دەرئەنجامانەیە کە خۆی پێیگەیشتووە، بۆ ئەوانی تر. هەر چییەك بێت لە سەرمانە بە دوای هۆکاری ئەم نیازەدا بگەڕێین. ئەو تێروانینە دروستەی بیرمەندان فەرامۆشی دەکەن، ئەم بڕیارە دەسەپێنێت. مەگەر خو و راهاتن نییە پەلکێشمان دەکات ئەم پرسیارە بنەڕەتییە لەو لاوانە بکەین کە نیازی نووسینیان هەیە. هیچت پێیە بیلێی؟ مەبەست شتێکە شایستەی گوتن بێت. وەلێ ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ سیستمی بەها باڵاکان، چۆن دەزانین ئەوشتە نرخی گوتنی هەیە یان نا؟

ئەگەر تەنیا ئەم بنەما لاوەکییەی نیازی ئاخێوەر، کە هێزی طوزارشت لێکردنة لەبەرچاو نەگرین، هەڵەیەکی گەورەی رەوشگەراکان دەدۆزینەوە ئەویش ئەوەیە: ***بڕوایان وایە، وتە کزەبایەکە بە نەرمی بە سەر رووی شتەکاندا تێدەپەڕێ، بە هێواشی لێیان دەخشێ بێ ئەوی هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا بێنێت، ئاخێوەر تەنیا بینەرێکی شتەکانە، تێروانینە بێ هودەکانی لە وشەیەکدا چڕ دەکاتەوە.***

لەڕاستیدا ئاخاوتن کارە، هەرچی ناوت هێنا ئیتر بە وردی نەك هەر نابێتە ئەو شتە، بەڵکو بەو ناونانە رەسەنیی خۆی لەدەست دەدات. ئەگەر ناوی رەوشتی کەسێکت هێنا ئەوا ئیلهامت پێداوە، واتە وات لێکردووە خۆی ببینێ. هەرکە ئەو رەوشتەت لە هەمان کاتدا بۆ ئەوانی تریش دیاری کرد، ئەوا ئەو کەسە لەو ساتەدا کە خۆی دەبینێ، خۆی بە دیتراو دادەنێ، ئەوسا بە ناخی جیهانی فەرامۆشیدا رۆدەچێ، کتوپڕ خۆی لا مەزن دەبێت، هەبوونی خۆی بێ سنوور دەبینێ، بوونێکی ئاشکرا، ئەوسا رێگەی خۆی دەبڕێت بۆ ناو بابەتگەرایی ئەقڵەکان، بەمەش دەسەڵاتی درێژەوەبووی پتر و ژیانی نوێی کامڵ دەبێ. ئیتر چۆن دەبێ بۆ خاوەنەکەی هەمان خەسڵەتی پێشووی هەبێت؟ یا دەبێ ئەو رەوشە بپارێزێت کە پێشتر بە ئاگایی تەواو منجرییەوە پەیرەوی کردووە، یا لێی یاخی بێت. بەم شێوەیە بە هۆی پرۆژەیەکی ئەدەبی، ئەو هەڵوێستە دەردەخەم کە بە تەواوی دەمەوێ بیگۆڕم، کاکڵەی هەڵویستەکە بپێکم و بچمە ناو لایەنەکانی و لەبەر چاوم وێنایان بکەم, ئەوکاتە دەبمە خاوەنی. هەر وشەیەکیشی کە دەینێرم، کەم کەم لەم دونیایەدا نقوم دەبم و لە هەمان کاتدا وردە وردە وەمەلە دەکەوم چونکە بەرەو ئایندە دەڕۆم.

ئیدی پەخشاننووس ئەو کەسەیە رێگایەکی ناڕاستەوخۆی گرتۆتە بەر، راستترە ناوی بنێین، کار بە شێوازی دۆزینەوە. ئەگەر جارێکی تر لێی بپرسین: دەتەوێ چ سیمایەك لە سیماکانی جیهان



بدۆزیتەوە؟ دەتەوێ لە رێگەی ئەم دۆزینەوەیە چ گۆڕانکارییەك ئەنجام بدەی؟ نووسەری (پابەند) دەزانێ وتە لە خودی خۆیدا کارە، دەشزانێ دۆزینەوە جۆرێکە لە گۆڕان، تا مەبەستی گۆڕینی شتێکی نەبێت ناتوانێ بیدۆزێتەوە. نووسەر وازی هێنا لەو خەونەی نایاتە دی: واتە وازی هێنا بێ داشکان بەهیچ لایەکدا، نەخشەیەك بۆ کۆمەڵگا یا بارودۆخی مرۆیی بکێشێ. مرۆڤ ئەو خولقێنراوەیە هیچ بوونەوەرێك ناتوانێ لە ئاستیدا بێ لایەن بێ، تەنانەت خواش. چونکە خوا وەك هێندێك سۆفی وێنای دەکەن، لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤدا حاڵەتی تایبەتی هەیە. مرۆڤیش ئەو خولقێنراوەیە ناتوانێ دۆخێك ببینێ و نەیگۆڕێ. چونکە تێروانینەکەی: تۆماردەکا، دەرووخێنێ، وێنا دەکا یا بۆ نواندنی شتەکان لەسەر دۆخی خۆیان نەمرانە هەڵس و کەوت دەکات. گومانی تێدانییە مرۆڤ بە: خۆشەویستی، قین، توڕەیی، ترس، شادی، بێزاری، سەرسوڕمان، هیوا و نائومێدی، راستی مرۆڤ و جیهان دەدۆزرێتەوە. بەڕاستی نووسەری (پابەند)، بە ئاگاییەوە سستە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ تا سەرکەوتنی تەواو لەبەر چاو نەگرێ ناتوانێ بنووسێ، نابێ لە کارەکەی بۆ ئاراستە کردنی بەرهەمەکەی سستی دایبگرێ، و پێشبینی بکا زۆرترین ناوبانگ بەدەست بێنێ. ناکرێ بیر لەوە بکاتەوە و بڵێ: ئاخ خۆزگە سێ هەزار خوێنەرم دەبوو! بەڵکو پێویستە بڵێ: چ رووی دەدا ئەگەر هەموو جیهان ئەو شتەی خویندبایەوە کە دەینووسم؟ وەلی ئەگەر ئەو وتەیەی **مؤسکا** وەبیر بێنینەوە کە لە بەردەم ئەو گالیسکەیەی **فابریس و سانظریسنا**[1] ی هەڵگرتبوو: ***ئەگەر لە نێوانیاندا ئەوینێك ئەوتۆ لە دایك دەبوو من بزربم***. ئەو دەزانێ ئەو ناوەی لێ بنێ کە هێشتا لێی نەنراوە، یا کەس ناوێرێ ناوی بێنێ. هەر ئەو دەزانێ کارێکی وابکا وشەی ئەوین و کینە — کە سۆزی خۆشەویستی و کینەیان لەگەڵ دایە — لە دلێ ئەو کەسانەدا چڕۆ بکا کە هێشتا لە بەرامبەر هەست و سۆزەکەیاندا بڕیاری خۆیان یەکلایی نەکردۆتەوە. ئەو وشەکان —

(١) کەسایەتی داستانی ستاندالە بە ناوی: **دیرپارم** La Chartreuse de parme، **موسکاهوش** سەرۆك وەزیرانی دیوانی پارم بوو (لە ئیتالیا) **دۆك سانسفریسنا** ی جوانکیلەی خۆشدەویست، ئەویش پوری لاوی ئیتالی **فابریسە** کە لاگیری فەرەنسایە و جەنگاوەرێکی ناپلیۆن بووە، دوژمنانی مۆسکا هەوڵیان داوە ئەوینێك لە نێوان ئەو و پوری بخولقێنن بۆ ئەوەی کاتێك دەربار بەجێدێڵێ، لە گەڵیدا بێت، ئەمە تەڵەیەك بوو دژی ئەمیر، رووداوەکانی داستانەکە لە نێوان ساڵی ١٨١٥-١٨٣٠ دایە. لە وێدا تەماحی سیاسی و بەرژەوەندی تاك لە کیشەدان کە بەلزاك دوای پەسند کردنی داستانەکە بەم وتەیە گوزارشت لەو کێشەیە دەکات: ئەوە داستانێکە دەکرا ماکیاڤیللی بینووسێ ئەگەر لە ئیتالیاش دوورخرابایەوە.

به پێی وتەی بریس بارین[٢] - کە (دەمانچەی لەسەر پێن) پێناسە دەکات. کاتێك نووسەر دەدوێ مانای ئەوەیە فیشەکان ئاراستەی نیشانە دەکات. لە بوونیدا بێدەنگییە، وەلێ ئەگەر ویستی بیهاوێژێ دەبێ وەك پیاوێکی تفەنگچی نیشانە بهەنگێوێ، نەك وەك منداڵێك بە رێکەوت و بە چاو نوقانەوە و بێ مەبەست تەققەی خۆشی بکات. هەوڵ دەدەین - لە وەودوا— ئەوەی لە ئەدەبدا مەبەستمانە، دیاری بکەین، وەلێ لەم پلەیەدا دەتوانین ئەوە هەڵێنجین کە نووسەر خۆی پەیامی دۆزینەوەی نهێنی مرۆڤی بۆخۆی هەڵبژاردووە، تا دواتر خەڵك بەرگەی ئەو کاردانەوەیە بگرن کە هەڵقوڵاوی هەڵویستەکانیانە لەهەمبەر ئەو بابەتانەی لەبەرامبەریاندا روون و ئاشکرا دەردەکەون. ناکرێ مرۆڤ خۆی لەیاسا گێل بکات لە کاتێکدا بڕگەکانی تۆمار کراون، وەلێ ئەگەر ویستت دەتوانی سنوورەکانی ببەزێنی، بەو مەرجەی ئاگاداری ئەو مەترسییانە بیت کە لێی دەکەوێتەوە. نووسەریش لە پەیامەکەیدا هەر ئاوایە، کاتێك مامەڵەی لەگەڵ دەکات ناتوانێ جیهان پشت گوێ بخا و خۆی لە پابەندی دەرباز بکات. لەبەر ئەوەی نووسەر وای داناوە لە رێگەی زمانەوە کار بکات، دوایی نابێ کەمتەرخەم بێ لە پرسی را دەربڕین. ئەگەر دونیای فۆنیم و دەلالەتەکانت بۆخۆت هەڵبژارد، تازە رێگەی دەربازبوونت نییە. لێگەڕێ وشەکان بۆخۆیان بە ئازادی لە رەوتی رستەدا رێکبکەون، ئەوسا هەر وشەیەوك تێکڕای زمان وەخۆ دەگرێ[١]. وەك چۆن وێست لە موزیکدا لە تەك ئاوازدا مانا پەیدا دەکات، بێدەنگیش بە پێوەلکانی وشەکان دیاری دەکرێت. ئەم بێدەنگییە چرکەساتێکە لە ساتەکانی ئاخاوتن. بێدەنگی لاڵی نییە بەڵکو رەتکردنەوەی ئاخاوتنە، کەواتە جۆرێکە لە ئاخاوتن. ئەگەر نووسەر نەیویست لە سەر دیاردەیەك لە دیاردەکانی جیهان بدوێ، یا ویستی بێدەنگ بەسەری بکاتەوە، ئەوسا مافی ئەوەمان هەیە پرسیاری سێهەمی لێبکەین: بۆ باسی

(٢) نووسەرێکی فەڕەنسی هاوچەرخە گەلێك لێکۆڵینەوەی بەنرخی هەیە لەمەڕ فەلسەفەی زمان و ئەرکەکانی.

(١) چونکە لە پشت دەلالەتی تایبەتی بۆ هەڵویستێکی تایبەت، دەلالەتی گشتی مرۆیی دەبینرێ. ئەویش وەك ئەوەی بەرگری لە ستەم لێکراوێك بکەیت یا دژی ستەمکارێکی دیاریکراو بوەستی، لەگەڵ ئەوەشدا بەرگری کردنەکەت هەمووی بۆ هەڵوێست و کەسێکی دیاری کراوە، مانا مرۆییەکان لەمەڕ دژایەتی ستەم و لە رووی بەرگری کردن لە ستەم لێکراو ئیتر هەر کەسێك بێت، هەموویان ئاسۆیەکی گشتی و ماناگەلێکی بێ چەند و چوون لە پشت مانا دیاری کراوەکان نیشان دەدەن.



ئەمەیانت کرد نەك ئەوی تر؟ کاتیك کە دەدوێی مەبەستت گۆڕانکارییە، ئەدی بۆچی گەرەکتە ئەمیان بگۆڕی نەك ئەویان؟.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەمانە رێگر نین لەوەی نووسین خاوەنی میتۆد بێت. نووسەر ئەو کەسە نییە کە دەیەوێ لەسەر هێندێك بابەت، بدوێ، بەڵکو نووسەر ئەو کەسەیە دەیەوێ بە شێوازێکی دیاریکراو لێیان بدوێ. گومانی تێدا نییە نرخی پەخشان لە شێوازەکەیدایە، وەلێ پێویستە ئەو شێوازە نادیاری بێ. مادام وشەکان روونن، سەرنجەکان بەرەو ماناکان پێیدا تێپەر دەبن، گێلییە ئەگەر شووشەی تەڵخ بخرێتە نێوانیان. جوانی لێرەدا هێزێکی رەوانە، لە تێگەیشتن کەم دەکاتەوە. سەرەتا لە سەر تابلۆی هونەرمەند دەدرەوشێتەوە، وەلێ لە کتێبدا شاراوەیە، لەڕێگەی ئیلهامەوە کاری خۆی دەکات، وەك جادوی دەنگ و ئەفسوونی جوانی دەموچاو، ئەوەش بە زۆر نییە، بەڵکو بێ ئەوەی هەست پێبکا مرۆڤ بەرەو مەبەستەکە دەبات، پێی وایە خۆی داوەتە دەست لۆجیکی وتەکان، کە لە راستیدا هێزێکی جادوویی نادیارە پاڵی پێوە دەنێ. بەم شێوەیەش مۆرك و جوانی وشەکان، هاوسەنگی بەشەکانی رستە، تێکڕای ئەمانە لەسەر سۆزی خوێنەر کاریگەرن، بێ ئاگاداری بەسەر خوێنەردا زاڵن، وەك خوێندنەوە لە رێ و رەسمە دینییەکاندا، وەك سەما و مۆزیك. کە مرۆڤ خووی بەم شتانەوە گرت لەبەر خودی شتەکان، ماناکەیان بزر دەکات، ئەمەش جگە لە ئاوازگەلێکی قێزەوەن، هیچیان لێنامێنێتەوە. تام و چێژی هونەری لە پەخشاندا پاك و بێگەرد نابێ مەگەر بێ بەڵێن و بەرواڵەت لە خۆڕابێت. من شەرم ناکەم کە بەم سادەییە ئەم بیرۆکانە دێنمەوە یاد[١] وەلێ وادیارە لە ناو ئەم کۆمەڵەی ئێمەدا بەرەو ناخی فەرامۆشی شۆڕبۆتەوە، ئەگینا بۆ تانەمان لێدەدەن گوایە ئێمە دەمانەوێ ئەدەب زیندەبەچاڵ بکەین، یا بەواتایەکی تر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە (پابەندی) مەترسییەکە لەسەر هونەری نووسین، یا رەخنەگرەکانمان بیر لەوە دەکەنەوە لەسەر بابەتی دارشتن هێرش بکەنە سەرمان، لە کاتێکدا ئێمە لە مانا بەولاوە باسی شتێکی ترمان نەکردووە، ئەگەر ئەو پەتایە نەبوایە کە لە هۆنراوەوە گوازراوەتەوە بۆ پەخشان، بیروبۆچوونی رەخنەگران نەدەشێوا. بەڵام لە هەمبەر داڕشتنەوە، شتێك نییە

(١) **ئەمیل زۆلا** (١٨٠٤-١٩٠٢) خاوەنی رەوتی سروشتی لە ئەدەبدا، لەبەر پێویستی لایەنی هونەری رەوش، بەو مەرجەی خوێنەر هەستی پێنەکات لە هەمان بیروبۆچوون دواوە، چونکە لەوە تێناپەڕێ کە تەنیا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی .P. 45.Le Roman Experimental: E.Zola

پێشوەخت بگوترێ،، ئێمەش هیچ شتێك لە بارەیدا نالێین: کێ ئارەزوویەتی لە بۆتەی دارِشتندا چ بکا با بیکا، و ئەوانی تریش دوایی بڕیاری لەسەر بدەن. لە راستیدا بابەتەکان رەوشی جۆراوجۆر دەخوازن وەلێ نایسەپێنن، هیچ کامیشیان پێشوەخت بەدەر لە چوارچێوەی هونەری ئەدەبی، رێك ناخرێن. چ شتێك پابەندتر و ناخۆشترە لە هێرش بردنە سەر گرووپی پەیڕەوانی عیسا؟ **باسکال** ئەمەی کردووە بە بابەتی کتێبەکەی (*ضەند نامة بؤ دؤستێك لة هةرێمی ثرؤظینس*)[1]. بەکورتی پرسەکە لە دیاری کردنی بابەتی کتێبەکەدا چڕ دەبێتەوە: کە ئایا ئەو بابەتە لەبارەی بارودۆخی پەپولەیە یا لەهەمبەر حالّی جوولەکە؟ کاتێك بابەتەکە دیاری دەکرێت، دوای ئەو رەوشی نووسین لە بارەیدا دێتە ئاراوە. زۆر جاران هەردووکیان شان بەشانی یەکتر بە رێوە دەچن، بەڵام وەك لای گەورەنووسەران باوە، دووەمیان وەپێش یەکەم ناکەوێ. دەزانم **جیرؤد**[2] کاتی خۆی گوتوویە: **پرسەکە سەرەتا پرسی رەوشە، دوایی بیرۆکە دێت.** وەلێ ئەو بەهەڵەدا چووە، چونکە بیرۆکە هەرگیز نایات. ئەگەر وای دابنێین کە دەرگای بابەتەکان هەمیشە لەبەردەم توێژەراندا کراوەن، ئارەزووی دەکەن و چاوەڕوانن، ئەوسا دەبینین هونەر لە (پابەند) بوونیدا نەك هەر هیچ شتێك لە دەست نادا بەڵکو دەسکەوتیشی زۆر دەبێ. وەك چۆن زانستە سروشتییەکان بابەتی نوێی ئەوتۆ دەخەنە بەردەم زانایانی بیرکاری و پاڵیان پێوەدەنێ کۆدی نوێ دابنێن. کەواتە ئەوندە ژمارە، بابەتی هەمیشە نوێکراوەی ناو کۆمەڵگا و بان سروشت، پاڵ بە هونەرمەندەوە دەنێ بە دوای زمان و ئامرازی هونەری نوێدا بگەڕێ. خۆ کە زمانی نووسینی ئەمڕۆمان بە بەراورد لەگەڵ زمانی نووسینی

---

(١) ناونیشانی کتێبی (**باسکال**)ە Les Provincialea، بریتین لە هەژدە نامە، دەیان ناونیشانێکی گچکەیان هەیە کە ئاراستەی یەکێك لە دانیشتوانی (پرۆڤینس)کراوە کە هاورێیەکییەتی، نامەکانی تریش چەند ناونیشانی وردوو جیاواز هەڵدەگرن. ئەم کۆمەڵەیە لە دەوروبەری ساڵی ١٦٥٧ سەریان هەڵدا، بابەتی باسی هەموویان هێرشکردنە بۆسەر گرووپی (الیسیوعیین) و سیاسەتی دینییان، ئەمەش لە سەردەمی خۆیدا لە فەرەنسا و وڵاتەکانی تری ئەورووپادا دەنگی دایەوە چۆن دەنگ دانەوەیەك!.

(٢) Giraudoux نووسەرێکی فەرەنسییە (١٨٨٢-١٩٤٤) بایەخی تەواو بە جوانی رەوش دەدات، تەنانەت وای لێدێ بیرۆکەکە لەپشت جوانی دەستەواژەکان، بشاردرێتەوە، پەخشانەکانیشی دۆخی شیعر وەردەگرن.



سەدەی حەڤدەهەم گۆڕاوە، لەبەر ئەوەیە زمانی **راسین**[1] و زمانی **سانتفریمؤن**[2] بۆ ئاخاوتن لەمەڕ شەمەندەفەر و چینی کریکار دا، باش نییە. دوورنییە لەوەبەدوا رەوشگەرایان نەهێڵن لەبارەی شەمەندەفەرەوە بدوێین. وەڵی هونەر هەرگیز رۆژێك لاگیری رەوشگەرایان نەبووە.

ئەگەر (پابەند) بوون ئەوە ماناکەی بێ، چۆن رەخنەی لێدەگرن؟ یا باشترە بڵێین بە چی پرۆتستۆیان کردووە؟ لام وایە دژبەرەکانم پێویستیان بە جددییەت هەیە لە کارەکەیاندا، شالاوەکانیان لە هەناسەیەکی قووڵ بەولاوە شتێکی تری تێدا نییە، ئەوەش لەو نەنگەوە هاتووە کە بە زەحمەت لە دوو سێ ستونی وتارێکدا خستویانەتە روو. گەرەکمە بزانم بە ناوی چ پرنسیپێك و لەسەر چ بنەمایەکی ئەدەبی تاوانبارم دەکەن؟ وەلێ لەم بارەیەوە هیچ شتێکیان راڤە نەکردووە، چونکە خۆشیان لێی تێناگەن.

واباشتر بوو بە پشتیوانی ئەو تیۆرییە کەونەی **هونةر بؤ هونةر** منیان تاوانبار کردبا، کە هیچ کامیان ناتوانن پەسندی بکەن. ئەوەش شتێك نییە دەرەقەتی بێن. هەموومان بڕوامان وایە کە هونەری تۆکمە و هونەری پوچ یەك شتن، بانگەشە بۆ هونەری تۆکمە لە فێڵێکی زیرەکانەی بورژواکانی ئەم سەدەی دوایی بەولاوە، شتێکی تر نییە، لە بری ئەوەی بە چەوسێنەر و بەرژەوەندی خواز تاوانباریان بکەن بە رەشۆکی و نەفامیان لە قەڵەمدان. بەڵام دانیان بەوە داناوە کە دەبێ نووسەر لە شتێك لەشتەکان بدوێ، وەلێ ئەو شتە چییە؟ لام وایە ئەگەر **فةرنانديَز**[3] دوای جەنگی جیهانی یەکەم واتای **ثةيظی نووسةری** دەستەبەر نەکردبا ئەوانە دەگەیشتنە ئەوپەڕی تەنگەتاوی. چونکە دەڵێن پێویست ناکات نووسەر خۆی

---

(١) ئەو شاعیرە کلاسیکییە فەرەنسییەیە کە تراژیدیا کلاسیکییەکانی گەیاندە باڵاترین پلەی کامڵ بوون، بلیمەتییەکەی لە راڤە کردنی ئەو کێشە رەوانییە و سۆزە گوماناوییەکاندا، رەنگی دەدایەوە (١٦٣٩-١٦٩٩).

(٢) Saint-Everemond نووسەرێکی کلاسیکی فەرەنسییە، خاوەنی رەوشێکی تۆکمە و تاڵ و سروشتێکی توونده.

(٣) Fernandez (Roman) رەخنەگرێکی فەرەنسی هاوچەرخە لە ساڵی ١٨٩٤ لە دایك بووە، لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی کتێبی: **نامەکان** ە لە ساڵی ١٩٢٦ چاپکراوە، لە وێدا باسی **ستاندال** و **بەلزاك** و **برۆست** و **کونراد** و **میردیت** دەکات، دوایین کتێبی کتێبێکە بە ناوی: بەلزاك ١٩٤٤.

به پرسەکانی ژیانی ماددییەوە خەریك بکات کە دێنە پێش، و هەرگیز بۆی نییە وشەگەلێك رێکبخا مانایان نەبێت، لە لێکۆڵینەوەکەیدا رەدووی جوانی رستە یا جوانی وێنەکان بکەوێ. ئەرکی ئەو بریتییە لە گەیاندنی ئایدیا بۆ خوێنەرانی. کەواتە ئەو پەیڤە چییە؟

راست نییە لە بیر بکرێ: زۆربەی رەخنەگرەکان لەو نووسەرانە بوونە کە بەخت یاوەریان نەبووە، لەسەر لێواری بێ ئومێدی کارێکی ئاسوودەیان بۆخۆیان دۆزیوەتەوە کە ئەویش پاسەوانی گۆڕستانەکانە[1]، هەر خواش دەزانێ گۆڕستانەکان ئارامن یان نا، لەم نێوەندەدا هیچ شوێنێك لە کتێبخانە ئارامتر و خۆشەویستتر نییە، پڕە لەو مردوانەی کاریان لە نووسیندا چڕبۆتەوە، دەمێکیشە لە تاوانی ژیان پاکژ بوونەتەوە، وەلێ بەهۆی ئەو کتێبانەوە نەبێ کە گەلێك مردووی تر لە سەریان نووسیون، ژیانیان بۆ ئێمە ئاشکرا نەدەبوو. رامبۆ[2] مرد هەروەها باترن بریشون[3] Paterne Brrichon و ئیزابێل رامبۆ[4] IsabelRimbound، بەم پێیە هاندەرانی بیرتەنگی لە سەر رێگا بزر بوون، لە چەند کفنێك بەولاوە کە لە سەر تابلۆی دیوارەکان هەڵخرابوون شوێنەوارێکی ئەوتۆیان لێ بەجێنەما، وەك ئەو دەفرانەی لە گۆڕستانی رۆمەکان پاشماوەی مردووەکانیان تیا هەڵدەگیرێ.

ژیانی رەخنەگر جێگای رەزامەندی نییە، هاوسەرەکەی بە پێی پێویست رێزی لێناگرێ، منداڵەکانیشی لەگەڵی باش نین، کۆتایی مانگ بۆ ئەو زۆر دژوارە. وەلێ هەمیشە لە توانای دا هەیە بچێتە ناو کتێبخانەکەی، لە ناو کتێبە ریز کراوەکان کتێبێك دەربێنێ و بیکاتەوە. ئەوسا کزەی بۆخنك هەڵدەکات وەك ئەو هاڵاوەی لە ژێرخانەوە دێت، ئینجا پرۆسەیەکی نامۆ دەس پێدەکات کە بە ئەنقەست ناوی لێدەنێ خوێندنەوە. ئەمەش پرۆسەیەکە دووبەش:

(١) لێرەوە تا کۆتایی بەشەکە دانەر زۆر بە خەستی گاڵتە بەو رەخنەگرانە دەکات کە لە رەخنەکانیاندا لایەنەکانی جاران لە رووی دارشتن و دەروونییەوە تاوتوێ دەکەن، بێ ئاگا لە پەیوەندی نێوان ئەو ئەدەبەی رەخنەی لێدەگرن و ئەو کۆمەڵگایەی ئەو کتێبەی بۆ نووسراوە، لە رەخنەکەشیاندا لە کلێشە و لایەنی دەروونی تێناپەڕن، گوایە لە ئەدەبدا تەنیا تام و چێژی هونەری هەیە، دوای ئەوەی لە گۆڕەپانی بەرهەمی ئەدەبیدا تێشکان، کەلەپووری ئەوانەی پێش خۆیان دەکەنە کەرەستەیەکی ئەو پیشەیەی لەسەری دەژین.

(٢) شاعیرێکی سامبۆلیکی فەرەنسییە لە هۆنراوە هەرە بەناوبانگەکانی: کەشتی مەست (١٨٥٤-١٨٩١).

(٣) **ئیزابیل رامبۆ** خوشکی رامبۆیە بیرەوەرییەکانی لەمەڕ ژیانی تایبەتی رامبۆدا نووسیوە.

(٤) **باترن بریشون** مێردی **ئیزابیل رامبۆیە**، رامبۆ ئاڵوگۆڕی نامەی لەگەڵیاندا هەبوو.



لەلایەك جۆرێکە لە داگیرکردن، جەستەی بە مردووەکان دەسپێرێ تا بتوانن بگەڕێنەوە بۆ ژیان، لە لایەکی تریش جۆریك پەیوەندییە لەگەڵ دونیایەکەی تر. لە روانگەی ئەم رەخنەگرەوە نووسەر شتێك نییە لە شتەکان، بە کار و هزریش دانانرێ، چونکە مردوویەك لە چەند شمەکی مردوو را هێناویەتە سەر رێنووس، لە سەر زەوی جێگای نەماوە، وەك شتێك کە بەلامانەوە گرینگ بێت راستەوخۆ باسی لێوە ناکرێ. ئەگەر لێگەڕێن ئەو کتێبە هەر ئاوا دابنرێ، پلەی دێتە خوارێ و لە ناودەچێ، لە چەند پەڵە مەرەکەبی سەر کاغەزی رزیو بەولاوە هیچی تری لێنامێنێتەوە. کاتێك کە رەخنەگر گیان بە  بەر ئەو پەڵانەدا دەکات، پیت و وشەیان لێ بەرهەم دێنێ، وشەکان لەمەڕ ئەو سۆزانەی کە هەستیان پێناکات، ئەو شێوازە تووڕەییەی لای ئەو بابەت نەبووە، ئەو مەترسی و ئارەزوانەی کاتیان بەسەرچووە لەگەڵیدا دێنە ئاخاوتن. رەخنەگر گەمارۆدراوە بە جیهانێکی ئەبستراکت کە لەوێدا هەست و سۆزی مرۆیی کاریگەری خۆیان لەدەست داوە، بوون بەو پەیکەرانەی سۆز وێنا دەکەن، یا واتر بڵێین خزاوەنەتە ناو خانەی بەهاکان. لەبەر ئەوە پێی وایە پەیوەندی بە جیهانێکەوە هەیە تێگەیشتنی روونە، وەك ژانی ژیان و هۆکارەکانی. وەك چۆن ئەفلاتون بڕوای وابوو جیهانی هەست وێنای جیهانی باڵایە، ئەویش پێی وایە سروشت وێنای هونەرە. کە خەریکی خوێندنەوە دەبێت، ژیانی دەبێتە شەبەنگی خەیاڵ. ژنە زمانشڕەکەی و کوڕە پشت کوڕەکەشی لەخەیاڵ بەولاوە چیتر نین. ئەو دوو شەبەنگە هەر دەمێننەوە، وەك چۆن کزینۆفۆن وێنەی کزانتیث[1] و شکسثیر یش وێنەی ریضاردی سێهەم[2] یان نەمر کرد. چەند خۆشحاڵە کاتێك هاوچەرخانی بە مردونیان چاکە بۆ ئەو دەگێڕنەوە، کتێبەکانیان کە کاڵ و کرچن بەرەو کەنارێکی تر دەچن، ئینجا بەرەبەرە کاریگەرییان کەم دەبێتەوە، لە نیگایدا جوانییەکەیان گەشە دەکا، دوای

(١) **کزانتیب** Xantippe ژنی سوکراتە، بە درەندە خویی ناسراوە و زۆر لەگەڵ سوکرات خراپ بوو، بەڵام کە مرد بۆی گریا، نووسەر، فەیلەسووف و مێژوونووسی  یۆنانی لە بارەیدا دەدوێ: **کزینوفۆن** (**٤٢٧-٣٥٥** پ. ز) لە کتێبەکیدا (**بیرەوەرییەکانی سوکرات**- Memorable de Socrate) سوکرات بە پیاوێکی بڕوادار دەزانێ.

(٢) ناونیشانی **مەینەتەکانی شکسپیرە** The Tragedy of King Richard Third، لە وێدا **شکسپیر** کەسایەتی دوو روو و پیلانگێری ریچارد وێنا دەکات کە بە هۆی فێڵێکی کوشندەوە گەیشتە دیوانی شا و گەلێك تاوانی ئەنجامدا، دواییش  لەو شەودا کە تێیدا کوژرا، بوو بە نێچیری ئەشکەنجەی ویژدان، سوپاکەی تێشکا، دوای ئەویش هینری حەوتەم جێگای گرتەوە.

وچانێکی کورت لە مردووشۆرخانە، دەڕۆن تا بەهاگەلی نوێ بخەنە سەر جیهانی غەیب. ئا ئەوەتا **برجوت**[١] ، **سوان**[٢] ، **سیطفریَد**[٣] ، **بیَلا**[٤] ، **مسیۆ تیَست**[٥] تازە هاتوون، بەم زوانەش نۆرەی هاتنی **ناتانایل**[٦] و **مینالك** یش دێت. بەڵام ڕەخنەگر داوا دەکات ئەو

(١) یەکێکە لەو کەسایەتییە ئەدەبییانەی **مارسیل برۆست** لە کۆمەڵە داستانێکیدا بەناوی طەران بەدوای کاتی بزردا دروستی کردوون. کەسایەتی نووسەرێکی برژوایە، دانەر سیمای لە نووسەری فەڕەنسی ناوداری هاوچەرخ **ئەناتۆلی فرانس** دەچوێنی.

(٢) کەسایەتییەکی ئەدەبی مارسیل برۆستە، لە یەکەم داستانی لەو داستانانەی پێشتر باسمان بە ناوی: Du cote de chez Swann، لە وێدا لە کەسایەتییەکی برژوای خۆشگوزەران دەدوێت کە بنەماڵەی مارسیل پێی ئاشنان (لەو کۆمەڵە داستانەدا لە زۆربەی ڕواڵەتەکانیدا دەوری دانەر دەبینێ) کوڕی ئەم **سوان** ەش کە ناوی **گیلبێرت** ە، کەسایەتییەکی گرینگە لە داستانی یەکەم و دووەمی کۆمەڵە داستانی **گەران بە دوای کاتی بزردا.**

(3) Siegfried et le Limousin

(٤) Bella داستانێکی سیاسی دیکەی نووسەری ناوبراوە، لە ساڵی ١٩٢٦ دەرچووە، لەوێدا خۆشەویستی **بێلای** کیژۆڵە بۆ **فیلیپ** ی لاو وێنا دەکات کە لە دوو خێزانی سیاسی دژپێکن، دژایەتییەکەیان پتر لەوەی لە دوونموونەی سیاسی زەقدا دا دەربکەوێ لە دوو ژیانی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ. لە دەروونی ئەو دوو خۆشەویستەدا ئەو گرفتانە خۆیان دەنواند کە زاڵ بوون بەسەریاندا مەحاڵ بوو. هەروەها لە داستانەکەدا دانەر سەرەڕای لایەنگری یەکێك لەو دوو حیزبانە، گاڵتە بەو دوو حیزبە فەڕەنسییەی هاوچەرخی دەکات.

(٥) Monsieur Taste کۆمەڵە وتارێکن **پۆڵ ڤالیری** (١٨٧١-١٩٤٥) نووسیونی و لە ساڵی ١٩٢٩ دەرکەوتن. شێوازی داستانی فەلسەفی کەسایەتی سەیر و سەمەرەی **(مسیۆ تێست)** یان هەیە لەمەڕ کۆمەڵگا و بانگەشەکانی تایبەت بە ڕێ و ڕەسم، زەماوەند، ئەو فرۆفێڵ و فیتنەبازییەی ژیانی پاریس.

(٦) Nathanael کەسایەتییەکی ئەدەبییە لە کتێبی (خۆراکی زەوی) **ئەندرێ ژید** (١٨٦٩-١٩٥١) و لە ساڵی ١٨٩٧ دەرچووە، ژید ئەوە جۆرێك لە داهێنان دەزانێ کە مرۆڤ لەوێدا پتر لەوەی بایەخ بە زانست بدات بایەخ بە تاقیکردنەوەکانی دەدات، ئەمەش بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموونەکانییەوە خۆی و جیهانی دەوروبەری بناسێ، بایەخ بە شادی و ئازادی خۆی بدات بێ نکۆڵی کردن لە بەهرەی خولڤان. لەویدا ژید دەڵێ: "با کتێبەکەم فێرت بکات بایەخ بە خۆت بدەی پتر لەوەی بایەخی پێدەدەی، و پتر لە خۆت بایەخ بەوانی تر بدە". ڕووی وتارەکەی ئاڕاستەی کەسێك دەکات کە نەیدیوە ئەویش **ناتانایل**ە هەروەها بۆ مامۆستایەك کە خۆی ناوی بۆ داناوە بە ناوی (مینالك) و کەسایەتی یەکەم لە کتێبەکەیدا خودی دانەرە. ئەوکتێبەش بەرهەمە هەرەگرینگەکەی دانەرە کە خەڵاتی نۆبڵی لە ساڵی ١٩٤٧ لەسەر وەرگرتووە.



نووسەرانەی باکیان نییە بمرن ئاگایان لە ڕەفتارەکانیان بێت و زۆر هەوڵ بدەن هەر لە ئیستاوە بە ڕواڵەتی مردوان دەرکەون، وەك ئەوەی چاوەڕوانی مردن بن. لەم خانەیەشدا ئەزموونی **ظالیری** درەوشایەوە، نزیکەی بیست و پێنج ساڵە کتێبەکانی بڵاو دەکاتەوە، دەڵێی نووسەرێکە ئەم دونیایەی بەجێهێشتووە. وەك ئەوەی یەکێك بێت لە قەشە بلیمەتەکان، لە ژیانیدا تا پلەی شکۆمەندی بەرزبۆوە. پێچەوانەی ئەویش **مالرۆ**[١] یە، ڕێبازەکەی لە لای ئەو پۆلە نووسەرانە، ئابڕووبەرە. ڕەخنەگرەکانمان پاك و بێگەردن[٢] ، لە خواردن و خواردنەوە بەولاوە نایانەوێ کارێکی وا بکەن بە جیهانی ڕاستەقینەوە ببەسترێنەوە. بەو پێییەی مەحاڵە و ناتوانن، لەگەڵ هاوشێوەی ئێمە بژین، لە دونیای دیکەدا پەیوەندیان بە هاوشێوەکانی خۆیانەوە، کردووە. لە ڕاستیدا ئەوەی بە توندی حەماسەتیان دەبزوێنی، پرسە تاوتوێکراوەکان، جەنگە پوچەڵەکانیان و ئەو داستانانەن کۆتاییەکانیان ئاشکرایە. ئەوان هەرگیز گرەو ناکەن لە سەر ئەو شتەی ئەنجامەکەی نازانن. بەو پێیەی مێژوو، ڕێبازەکەیانی دیاریکردووە، مادام ئەو بابەتانە کۆتاییان هاتووە کە مایەی ترس و قینی خوێنەرانیان بوو، دوای دووسەدە سیمای لەخۆبایی بوونیان لە جەنگە خوێناوییەکان، کە لە ڕۆژگاری دێریندا باو بوون دەرکەوت، پێیان

(١) Malraux نووسەرێکی فەڕەنسی هاوچەرخە لە ساڵی ١٩٠١دا لە دایك بووە، لە داستانەکانیدا ئەوەندە بایەخ بە شیکاری دەروونی و وێنا کردنی کەسایەتییەکان نادات، ئەوندەی بایەخ بە وێناکردنی ڕووداوەکان دەدات لەمەڕ پەیوەندی ئاڵۆزییان لەگەڵ کۆمەڵگا و پرسە مرۆیی و ئایدیۆلۆجییەکان. داستانە هەرە بەناوبانگەکەی: **سەرکەوتووەکان** Les Conquerants (١٩٢٨) و **هەڵویستی مرۆڤ** La Condition Humaine (١٩٣٣) بابەتەکانیشیان کۆمۆنیزمە لە چین، دواتر داستانی: **هیوا** (١٩٣٧) لە جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٣٦ (کە دانەر بەشداری تێدا کردووە)، ئینجا : **سەردەمی گاڵتەجاڕی** Le Temps duMapris (١٩٣٥) وە کتێبی: **دەروونناسی هونەر** Pcychologie de l,Arts (١٩٤٨-١٩٥٠) لە سێ بەرگدایە، تێیدا باسی بنەماکانی هونەر دەکات لە سەردەمی جیاوازدا، بە گرینگترین کتێبی نوێ دەژمێردرێ لەمەڕ ئەو بابەتە.

(٢) گاڵتە پیکردنەکە ئاشکرایە، دانەر مەبەستی ئەوەیە ئەوانە پاك و بێبەرین لە هەر شتێکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی، بەو بڕوایەی بایەخدانی ئەدەب بە کۆمەڵگا و پرسە مرۆییەکان لە ئەدەب کەم دەکاتەوە. **پاکێتی** Cathares باوەڕێکی دینی خوانەناسییە زیدەڕۆیی دەکا لە ئاکارچاکی، لە سەدەی دوانزەهەمی زایینی لە فەڕەنسا بڵاو بۆوە، لەسەر ئەوە پاپا لە دەسپێکی سەدەی سێزدەهەم، هەرایەکی ساز کرد تێکرای ئەوانەی تێکشکاند کە لە پەیڕەوی ئەو دەرچووبوون.

وابوو جادووی میلۆدی، له رسته قافیەدارەکانیان دا هەیە. کارەکان لەڕوانگەی ئەوانەوە ئاوا بەئەنجام دەگەن، گوایە ئەدەب هەمووی لە زۆرویژی و وشە ریز کردن بەولاوە شتێکی تر نییە, وەك ئەوەی پێویست بێ هەر پەخشاننووسێکی تازەکار ڕێبازێکی نوێ دابهێنێ و بێ مەبەست بدوێ. یا ئاخاوتن لەمەڕ نموونە باڵاکان و لەمەڕ سروشتی ئادەمیزاد چەنەبازییەکە بێ مەبەست. زەینی ڕەخنەگرەکانمان لە بیرۆکەیەکەوە بۆ بیرۆکەیەکی تر دەچێ، وەلێ گومانی تێدانییە بیرۆکەکانیان هەڵەیە. گەورە نووسەران لە ئەدەبەکەیاندا مەبەستیان وێران کردن یا بینا کردن یا بەڵگە دۆزینەوە بووە. وەلێ جارێکی تر بایەخ بە سەلماندنەکانیان نادەین، چونکە ئەو پرسانەی گەرەکیان بووە بیسەلمێنن هیچ بایەخێکیان نەماوە. ئەو کەم و کوڕییانەی بانگەشەیان بۆ دەکرد کەم و کوڕی ئێمە نەبوون، کەچی گەلێك کەم و کوڕی هەبوون ئێمەیان توڕە دەکرد و ئەوان بە خەیاڵیشیان دانەدەهات. مێژوو هێندێك بۆچوونی ئەوانی وەدرۆ خستەوە، ئەوانەش کە وەراست گەڕاون زۆر دەمێکە بوونەتە راستی، تەنانەت لەیادمان کردبوو ئەو بۆچوونانەیان بەڵگەی بلیمەتییانە. هێندێ لە بیرۆکەکانیان بە تەواوی مردن و بڕێکیشیان لە ناو جۆرەکانی مرۆڤدا بڵاوبوونەتەوە و ئێستا بە پەند و ئامۆژگاری لە قەڵەم دەدرێن. دەرئەنجامیش ئەوە بوو: لە ناوچوونی باشترین بەڵگەی ئەوانە هیچ کاریگەرییەکی لێنەکەوتەوە. بێگومان تەنیا بە جوان ڕێکخستن و توانای گوزارشت کردونیان سەرسامین. لە روانگەی ئێمەوە، توانای نمایش و گونجاندن، لە خشڵ و درەوشانەوەی هەندەسی فۆنیمەکان بەولاوە شتێکی تر نییە، ئەمەش لایەنی پراکتیکی ناگرێتەوە، لە نووسیندا بە دیمەنی هەندەسیی دەچوێنم، وەك ئەو میلۆدییە جۆراوجۆرانەی لە بابەتێکی باخ[1] دا هەن، وەك ئەو نەخش و نیگارە عەرەبییانەی لە تالاری سووردا بە دی دەکرێن.

ئەو دیمەنە هەندەسییە سۆزدارانە بە توندی هەستمان دەهەژێنن، لە کاتێکدا بەڵگەکانیان ناگاتە ئەو رادەیەی باوڕیان پێبکەین، بە واتایەکی تر تەنیا رواڵەتی سۆزاوییان دەمان بزوێنێ. وەلێ بیرۆکەکان لە وێدا — سەرەڕای نایاب خولقانیان بە درێژایی مێژوو- ماونەتەوە وەك بە شێك لە توخمی بەرگری بوونەوەرێکی پێکهاتوو لە گۆشت و خوێن. دوای ئەوەی بەڵگە ئەقلییەکان بەهای خۆیان لەدەستدا، دێینە سەر بەهاکانی دڵ، کە چاکە و خراپەی تێدا دەبینین

(١) Bach (Jean-Sebastien) موزیکژەنێکی ئەڵمانییە، لە خێزانێکی ناوداری موزیکژەنە، ئاوازە دینییەکانی لە بیری گونجان و بەپێزی خۆی هەڵقولاوە.



و دەرك بەو هەوڵ و تەقەلا زۆرەی گیانلەبەران دەکەین. ساد[1] ی نووسەر هەوڵ دەدا بەرەو لای خۆی رامانکێشێ، تا لەکەم و کوڕییەکاندا نقوم نەبێ مەبەستەکەی ناگەیەنێ، ئەمە لە رۆحێك بەولاوە کە بۆتە خۆراکی پەتایەکی جوان، چیتر نییە، پتر لە رێکەوتێکی مرواری ئاسا دەچێت. نامەی رۆسۆ[2] ش لەمەڕ بینینی شانۆ رێگەی لەکەس نەگرت، وەلێ لە رق و کینەیدا بۆ هونەری شانۆیی، تامی ئەدەبە تەڵخەکەی دەکەین. بەم شێوەیە تام کردنمان بە شارەزاییمان لە شیکاری دەروونی[3] کامڵ دەبێ. ئەوسا دەتوانین پەیمانی کۆمەڵایەتی[4]

(١) Sade نووسەرێکی فەڕەنسی یاخییە، داستانانەکانی بە وێنا کردنی گەندەڵی ناسراون، لە پشت مەبەستە ماددییەکانی شۆڕشێکی میتافیزیکی هەیە (١٧٤٠-١٨١٤).

(٢) ناونیشانی نامەی (رۆسۆ) ئەوەیە: نامەیەك لە هەمبەر شانۆ Letter sur les Spectacles ی لە ساڵی ١٧٥٨ دا بڵاوی کردۆتەوە، وەڵامی ئەو بانگەشەی **دالامبیر** D, Alembert دەداتەوە کە داوای شانۆی کابارە دەکات لە (**جنێڤ**)، رۆسۆ لە نامەکەدا وای دەبینێ شانۆی مەلها گاڵتە کردنە بە رەوشت، وێنەی شارستانییەتی خەڵکێك دەگوێزێتەوە کە سیماکانی خراپەی ئەفسوناوی هەوەس بزوێنی تێدایە، لە کاتێکدا بەسەرهاتە شانۆییەکان ئاگری سۆز خۆش دەکەن کە پەستی بزوێنەرییەتی. ئەم رایانەی (رۆسۆ)ش یەکدەگرنەوە لەگەڵ بیروبڕوای خۆی لەمەڕ رەوشتە زگماکییەکانی پیاودا کە هەرکاتێك هاتنە ئاراوە، خراپ دەبن.

(٣) بوونگەرایان بڕوایان وایە کوڵەکەی رەخنە لە لایەنە دەروونییەکانی نووسەردا، نادۆزرێتەوە، لەو رووەوە کە ئاوێنەی جیهانی (لاشعور)ە ، یا لایەنی زەینگەرایی رووت. هیچ پەندیکیشیان لە (لاشعور) وەرنەگرتووە، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە کاریگەری روون لە ئامانجەکانی نووسەردا رەنگ دەداتەوە کە مکورە لەسەر ئەوەی بە ئاگاییەوە وێنای بکات، ئەم لایەنەش کە نووسەر لە وێناکردنی ئامانجەکانیدا مەبەستییەتی، خولگەی رەخنە و بواری ئەدەبی پابەندە. بڕوانە شیکاری دەروونی لای بوونگەرایان، کاریگەری لەسەر هونەر لە کتێبی نووسەردا بوون و نەبوون بەشی دووەم بەشۆکەی چوارهەم L,Etre et le Neant, IV, Partie, Chap.2.

(٤) Le Contrat Social یا **پەیمانی کۆمەڵایەتی**. کە پێی دەگوترا **ئینجیلی شۆڕش،** دوای شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا (**رۆسۆ**) لە ساڵی (١٧٦٢) دا بڵاوی کردەوە. لە وێدا وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە لە سەر هەقی خودایی و هێز، دەوڵەت بنیاد دەنێن. ئەو لە سەر پەیمانێکی سەرەکی دایدەمەزرێنێ کە هەموو تاکێکی کۆمەڵ پەسندی کردووە، هەر تاکێکیش بە یەکسانی لە بەرامبەر کۆمەڵدا پابەندی بەرامبەری هەیە بێ جیاوازی. بەم پەیمانە ئارەزوومەندانە کە هەر تاکێك ئازادی ئەوانی تر دابین دەکات، ئەو شتە پێکدێنن کە رۆسۆ ناوی لێناوە: **ویستی گشتی** دامەزراو لە سەر بەرژەوەندی هەر تاکێك لە ژێر سایەی یەکییەتی سیاسیدا،

که بەرهەمی گرێی خۆبەکەم زانینە وەك  طربَی ئۆدیب و رۆحی یاساکان[1] لەسەر طربَی رق و کینة شرۆڤە بکەین ، واتە ئێمە  لە رادە بەدەر تام لە باڵادەستی سەگانی زیندوو بەسەر شێرانی مردوودا دەکەین .

کە کتێبێك بەم شێوازە بیروڕای مەستی هێنەر لە خۆدەگری، رواڵەتی بەڵگەمەندانەی لە ژێر تیڕامانی خوێنەردا دەتوێتەوە، لە لێدانی دڵ بەولاوە شتێکی تر نامێنێ هەستی پێبکرێت. کاتێکیش ئەو زانیارییانەی لە ناوەڕۆکی کتێبەکە هەڵدێنجرێ، لەگەڵ مەبەستی نووسەر جیاوازن، کتێبەکە ناودەنێن ڤەیام. رۆسۆ باوکی شۆڕشی فەڕەنسا و جۆبینۆ[2]ش کە بانگەشەی بۆ باڵانەژادی توخمی مرۆیی دەکرد، هەردووکیان پەیامێکیان پێشکەش کردین کە وەك یەك دەکەونە بەر دڵان. ئەگەر لە ژیاندا مابان دەبوو رەخنەگر یەکێکیانی پێ لەوی تر باشتر بێت، یەکێکیانی خوش بوێ و رقی لەوی تر بێت. وەلێ ئەو خاڵەی هەردووکیان لای

ئـەم ویسـستە گـشتییەش سەرچـاوەی حـوکم کردنـە. نـە چەوسـاندنەوەی تـاکی تێدایـە، نـە دەسـەڵاتێك بـۆ بەرژەوەندی تاکەکـەس. رۆسـۆ ئـەم ویـستە گـشتییەی کـردووە بـە بنـەمای حـوکم کـردن. ئـەوە بنـچینەیەکە (پرۆژەیەکـە لـە بـەر ئـەوەی پـشتیوانەکەی پـەیمانی کۆمەڵایەتییـە، دادگەرانەیـە چـونکە لەسـەر یەکـسانی دامەزراوە، بە کەڵکیشە چونکە لە خێر و خۆشی گشتی بەولاوە شتێکی تری گەرەك نییە، پتەوە لەبەر ئـەوەی دابینەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە تاك فەرمانبەرداری تاك نییە، وەلێ مل کەچی ویستی خۆیەتی. ئەو کتێبـە شۆڕشێکی سیاسی کاریگەر بوو لە سەر تێکڕای جیهان. لە پێـشەکی (پـەیمانی کۆمەڵایـەتی) دا رۆسـۆ باسـی سیستمەکانی دەوڵەت دەکا کە لە پیـاوانی دەوڵـەت نـین، چـونکە ئەگـەر وابـا پێویـستی بـە سیـستمی حـوکم نەدەکرد، لەو حاڵەتەدا بوارەکەی لە کار کردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیستمە، چڕ دەبێتـەوە. دوور نییـە لـەم مانایەی دواییدا بنەمای ئەو گرێ دەروونییە هەبێ کە سارتەر ئاماژەی پێکردووە.

(١) L,Esprit des Lois یا (***روحی یاساکان***) **مۆنسیکیۆ** نووسیویەتی (١٦٨٩-١٧٥٥)، ئامانجی نووسـەر لـە ناونیشانی کتێبەکەیدا بە تەواوی دەردەکەوێ: (روحی یاساکان، یا پێویستی پەیوەندی یاساکان بە سیـستمی هـەر دەوڵەتێکەوە، بە کلتوور و داب و نەریتەوە، بە بارودوخی هەرێمـەوە، بـە دیـن و بازرگانییـەوە). لەگـەڵ ئەوەشـدا نووسەر بەگشتی لـە ئاراسـتەکانیدا نەریتییـە، بڕیـاری پرەنـسیپی نـوێی داوە بـۆ یاسـا دانـان، لەوانـە بەرپرسـی یاسادانەر، لێبوردەیی دینی، ئازادییە گشتییەکان، دواتر بانگەشەی بە یاسا کردنی بازرگانی کۆیلە.

(٢) Gobineau نووسەر و سیاسەتمەدارێکی فەڕەنسییە (١٨١٦-١٨٨٢). نووسەری کتێبی: **نامەیەك لەمەڕ باڵانەژادی مرۆیی** Essa  sur1,Inegalite des Races Humaines کە کاری کردە سەر نەژاد پەرستان، بە تایبەتی لە ئەڵمانیا.



رەخنەگرِ کۆدەکاتەوە ئەوەیە: مردن و بە مردنەکەیان هەڵەیەکی باش و مەزنیان ئەنجامدا. لەم سنوورەدا هاوشێوەکانی ئەم رەخنەگرە، ئامۆژگاری نووسەرانی هاوچەرخ دەکەن پەیامەکانی خۆیان بگەیەنن، ئەویش بەوەی تەنیا بە ئاگایی و ئارەزوو، بێ ویستی خۆیان گوزارشت لە خودی خۆیان بکەن. ئەم گوزارشتەش ناویستە، چونکە مردووەکان لە مۆنتینی[1] وە تا رامبۆ، بێ ئەوەی مەبەستیان بێ و لە رێگایەکی ناوادەوە خودی خۆیان بۆ ئێمە وێنا کردووە. لە روانگەی ئەو رەخنەگرانەوە، لە سەر نووسەرە هاوچەرخەکان پێویستە ئەو چاکەیەی نووسەرانی پێشوو بی مەبەست پێشکەش بە ئێمەیان کردووە، بیکەن بە یەکەم ئامانجیان. نە داوا لە نووسەران دەکەن دانپیانانی مشتومالْ نەکراویان پێکەشمان بکەن، نە دەمیش بکەنەوە رۆمانتیکییانە پەردە لەسەر هەموو هەست و نەستەکانیان لادەن. خۆشحاڵ دەبین پەردە لەسەر فرتوفێڵی شاتوبریان[2] یا رۆسۆ لابەرین تا کار نەکەنە سەر جەماوەر، و ویستە تایبەتییەکانیان لە پرسە جیهانییەکان جیا بکەینەوە. کەواتە لە سەر ئاخێوەران پێویستە لە نووسینەکانیاندا دەرفەتی ئەم خۆشییەمان پێبدەن. با بە بەراوردەکانیان، بەڵگەکان رەتکەنەوە و بسەلمێنن، یا پەسەندی بکەن، بەڵام بەو مەرجەی ئەو داوایانەی بەرگرییان لێدەکەن، لە نیازێکی ئاشکرای گووتارەکەیان بەولاوە شتێکی تر نەبێت، بەڕاستی بێ خۆ گێل کردن نیازی دەروونی خۆیان ئاشکرا بکەن. پێویستە سەرەتا چەکی بەڵگەکانیان دامالْن، وەك چۆن زەمەن بە نووسەرە کلاسیکییەکانی داماڵی، دەبێ لەو بابەتانەدا بخرێتە گەڕ کە تایبەت نەبێ بە

(١) Montaigne نووسەرێکی فەڕەنسییە لەسەر رەوشت نووسیویە (١٥٣٣-١٥٩٢) نووسەری **نامەکان** ە، هەوڵ دەدا لە بیرەوەرییە فەلسەفییەکانیدا خۆی لە نێوەندی پێکناکۆکی سروشتی خۆی و دەروونی خودی خۆیدا، وێنا بکات، تا لەوێدا لاوازی مرۆڤ بدۆزێتەوە لەهەمبەر زانینی راستی و رێنوێنی بەرەو دادگەری، وەلێ بێ ئەوەی بەرەو بێ ئومێدی بڕوا. لای ئەو هونەر لەسەر حیکمەتی بوێر دادەمەزرێ کە مرۆڤ لە زەوقێکی سالم و روحی لێبووردەیی وەریدەگرێ.

(٢) نووسەرێکی رۆمانتیکی فەڕەنسییە (١٧٦٨-١٨٤٨)، سارتەر لێرەدا ئاماژە بەم نووسەرە و بە رۆسۆ دەکات کە باوکی رۆمانتیکییەکانە، هەردووکیان لە ئەدەبەکەیاندا بەئاگا و بێ ئاگا خۆیان لە وێنە و هەڵویستی بەسۆزدا وێنا دەکەن، دۆزینەوەی ئەمەش خەمی قوتابخانەی شیکاری دەروونییە کە سارتەر لێرەدا رەخنەی لێدەگرێ.

کەسێك و راستییەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ گشتگیر[١] بکرێن، خوێنەران پیشوەخت باوەڕیان پێی هەبێ. وەلێ دەبێ رواڵەتێکی قووڵ بە هزرەکان ببەخشێ، دیارە نە تەنیا رواڵەت، بەڵکو بە شێوەیەکی ئەوتۆ دایانبڕێژێ کە ئەو رووداوانەی لە ئامێزی دەگرێ روون و ئاشکرابن: وەك منداڵێکی کەساس، وەك کێشەی چینایەتی، وەك خۆشەویستی ناڕەوا. پێویست ناکات بە جیددی بە ناخی پانتایی بیرکردنەودا رۆبچن، چونکە هزر لایەنی مرۆیی دەسڕێتەوە، لێرەدا خودی مرۆڤ جێگای بایەخی ئێمەیە. بێگومان دڵۆپێك فرمێسکی پاك شتێك نییە لە جوانی، بەڵکو وروژێنەرێکی لاوازە، لەبەرچاوگرتنی رێرەوی بەڵگەکانیش بە بۆچوونی ستاندالَ[٢] وروژێنەرێکی لاوازە. لە روانگەی ئەوانەوە رێگەی مەبەست لە هێنانەوەی بەڵگە دایە بە مەرجێك بارانی فرمێسکی لە پشتەوە بێ. پێوەرەکانیش بێ بەندوباری لە فرمێسکەکان، دادەبڕن. هەروەها فرمێسکیش — بە بەرجەستە کردنی بنچینەی سۆز — درێژدادری لە پێوەرەکان دەستێنێ. بەم شێوەیە نیگەرانیمان ناگاتە مەودای خۆی، و لە روویەکەوە ناگەینە پلەی قەناعەت کردن، دەتوانین بە ئاسودەیی خۆمان بەو تام و چێژە مامناوەندییە بسپێرین کە تێرامانمان لە هەر کارێکی هونەری، بەرهەمی دێنێ.

ئابەم شێوەیە دەیانەوێ (ئەدەبی بەرهەق) و (ئەدەبی بێگەرد) زەینییانە لە بەشەکانی بابەتگەراییدا بدرەوشێننەوە، باسێکی سۆزدار و نەرم بێ تا لەگەڵ بێدەنگی یەکسان بێت، بیرۆکەیەك بێ هەمیشە لە ناوخۆیدا لە مشتوومڕ دابێ، ئەقڵێك بێ لە سەرپۆشی شێتی بەولاوە چیتر نەبێ، نەمرییەك بێ لە چرکەساتێکی مێژوودا بە زەیندا تێپەڕێ، و چرکە ساتێکی مێژوویی بێت — کە لایەنە پۆخڵەکانی مانایان پێبەخشیوە - لە سەر شێوەی مرۆڤێکی نەمر، و فێرکردنێکی خاوەن بەهای نەمر کە لە ئیرادەی نائاگای ئەوانەوە دەرچووبێ بۆ بەرەنگاری ئەم جۆرە فێرکردنە.

(١) بوونگەرایان بڕواناکەن ئاخاوتن لەمەڕ ئیدە گشتییەکان سوودی هەبێت، دادگەری لە خودی خۆیدا مانایەکی لێڵی هەیە، هەروەها ئازادی و نیشتمانپەروەریش. لەبەر ئەوە نووسەران داواکارن، لەمەڕ پرسەکانی نەتەوە و گرفتەکانی جیهان، هەڵویستێکی تایبەت وەربگرن. ئەم مانایەی وتەی نووسەر لە بەشی سێهەم و چوارهەمی ئەم کتێبەدا پتر روون دەبێتەوە.

(٢) Stendhal نووسەر و رەخنەگرێکی فەڕەنسییە (١٧٨٣-١٨٤٢) خاوەن چێژێکی رومانتیکی، زۆرجاران کەسایەتییە ئەدەبییەکانی بە شێوازێکی بە سۆز شیدەکاتەوە. لە تەك داستانەکانیدا کتێبێکی نووسیوە بەناوی **راسین و شکسپیر**.



کەواتە ئەو پەیامەی نووسەران دەیانەوێ بیگەیەنن — وەك لە باسی پێشوودا روون دەبێتەوە- رۆحێکە بۆتە شتێك لە شتەکان. رۆح! چی لەو رۆحە بکەین؟ لە دوورەوە لە شکۆمەندییەکەی رادەمێنین. مرۆڤیش بێ فاکتەرێکی وێرانکەر، رۆحی خۆی پێشکەش بە کۆمەڵگا ناکات. داب و نەریتەکان تەنیا لە هێندێك حاڵەت دا نەبێ رێگە بە خەڵکانێك نادەن رۆحیان بخەنە بەردەستی تازە پێگەیشتوان، کە بە دوایدا دەگەڕێن. لەسەر ئەم شێوازە، زۆربەی خەڵك دەبینن، ئەمڕۆ کارە زەینییەکان (ئەدەبییەکان) رۆحێکی گەڕۆك و خاوەن بەهایەکی کەمن. لەوانە رۆحی پیرە پیاوچاك مونتینی، و رۆحی لافۆنتین[١]، و رۆحی ذان ذاك[٢] و رۆحی ذان ثۆلَ[٣]، و رۆحی ذیرار[٤] ی قسەخۆش. تێکرای ئەو کارانەی رۆحەکان ملکەچ و هێوڕ دەکەنەوە پێی دەوترێ هونەری ئەدەبی. دوای خەملاندن، پاکسازی، پرۆسیسە کیمیاوییەکان، ئەو کتێبانە دەبنە دەرفەتێك بۆ ئەوانەی خوازیارن، چەند چرکەساتێکی ژیانی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن کە هەموویان بۆ پیشەی دەرەکی سەرف کردووە، تا گەڕانەوە بۆ خودی خۆیان دەستەبەر بکەن (واتە بە خۆیان دا بچنەوە/ و. کوردی). بواری سوودزاییی، دابین کراوە و مەترسی تێدا نییە: کێ باوەڕی دەکرد مۆنتینی ترسنۆك - لەبەرئەوەی ئەو کاتەی پەتا بە شاری بۆردو وەربووە و ترساوە- پەیامەکانی جدی بن؟ کێ

(١) La Fontaine(١٦٢١-١٦٩٥) شاعیرێکی کلاسیکی فەڕەنسییە، بەوە بەناوبانگە کە چیرۆکەکانی لە زمانی ئاژەڵەوە دەگێڕێتەوە، گەلێك سۆز و هەڵویستی جیاواز بەوردی، نەرم و نیانی و گاڵتەجاڕی وێنا دەکات، لە بەرهەمی ئەدەبیدا ئەم توخمە ئەدەبییەی گەیاندۆتە ئەوپەڕی کامڵ بوون، هێندێك لە رەخنەگرانی فەڕەنسی لەسەر چیرۆکەکانی لەمەڕ زمانی ئاژەڵ، هەستان بە تاوتوێکردنی دەروونی (لافۆنتین).

(٢) مەبەستی ژان ژاك رۆسۆیە کە لە پەراویزی پێشووی ئەم بەشەدا، ئاماژەی پێکراوە.

(٣) Jean Paul نووسەرێکی رۆمانتیکی ئەڵمانییە (١٧٦٣-١٨٢٥). لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا هەوڵیداوە لە بەشی (لاشعور) گوزارشت لە وردترین خورپەکانی دەروون بکات، ئەزموونە دەروونییەکانیمان زۆر شرۆڤە کردووە، لە کتێبێکماندا بەناوی (رۆمانتیزم) زۆر دەقی ئەدەبیمان بە نموونە هێناوەتەوە.

(٤) **ژیرار دی نرڤال** (١٨٠٨-١٨٥٥) شاعیر و نووسەر و داستان نووسێکی رۆمانتیکییە، لە هۆنراوە و داستانەکانیدا بە رەوشێ روون کە بێگەردی زەینی دەردەخست، گوزارشتی لە خولیا و خەیاڵەکانی دەکرد، تەنانەت **تیوڤیل گۆتییە** لە بارەیدا وتوویە: (ئەو ئەقڵەیە کە یادگارەکانی دەنووسێ شێتی بەسەریدا زاڵ دەبێت) لە داستانەکانی **سیلڤی** و **ئورلیا** ن کە سیریالیستەکان بەرزیان رادەگرن، لەو دوو داستانەدا خەونەکان لە بواری واقیع تێدەپەڕن و سنووری ئەو دوو دەڤەرە دەسڕنەوە، بڕوانە پەراوێزی دوایی.

باوەڕی بە مرۆڤ دۆستی رۆسۆ دەکرد کاتێك مندالّەکانی وێڵی سەرشەقام کردبوو؟ کێ شادمان دەبێ بە ئازادی بیرەوەرییە نامۆکانی کتێبی سیلفی[١] کاتێك ذیرار دی نرظالَ شێتێك بێت؟ لەسەر هەموو ئەوانەشەوە رەخنەگری پیشەیی دەتوانێ بە هۆی گفتوگۆی گەرمی نیوان ئەو کەسایەتییانە، تێمان بگەیەنێ بیرۆکەی سەرەکی فەڕەنسی وتووێژێکی بەردەوامە لە نێوان ثاسکال[٢] و مۆنتینی. مەبەستیشی ئەوەنییە جارێکی تر ثاسکال و مۆنتینی زیندوو بکاتەوە، بەڵکو دەیەوێ زیندووەکان وەك مالرۆ و ذید[٣] بۆ دونیای فانی بنێرێ کە دەربازبوونییان نییە. کاتێك پێکناکۆکی دەروونی نووسەر و پێکناکۆکی بەرهەمەکانی بە دوای یەکدیدا دێنە ئاراوە، یەکتری نەزۆك و پوچەڵ دەکەونەوە. کاتێك پەیامی نووسەر — لەوپەڕی مەودای خۆیدا- لەو راستییانەوە سەری دەردەهێنێ: (مرۆڤ نە چاکە نە خراپ)، و

(١) ناونیشانی داستانێکی جیرار دی نرظال، لە شێوە کۆمەڵێك کورتە چیرۆك و چەند پارچە شیعرێك بڵاوکرایەوە Sonnets. بابەتی چیرۆکی **سیلڤی** خۆشەویستی **جیرارە** بۆ **ئۆرلیای** ئەکتەر، ناتوانێ خۆشەویستییەکەی بۆ دەربڕێ، رووداوەکانی ئەم خۆشەویستییە لە گەلێك زیندە خەوندان کە وەك شەبەنگ کەسایەتییەکان تێیدا دەبینرێن و بە زەماوەندی ئورلیا لەگەڵ کەسێکی تر کۆتایی دێت، جیرار پێش مردنی ئەو کاتەی کە شێتی دەیداتە کەللەی، فەرامۆشی دی، وەلێ ئەو چرکە ساتانەی هەڵدەبژارد کە وەهۆش خۆیان دەهێنایەوە. دواتر چیرۆکی ئۆرلیای نووسی کە تەواوکەر و درێژەی چیرۆکی **سیلڤی** یە، لەوێدا خەون و راستی تێکەڵ دەبن، سیریالیستەکان کردیانە بنەمای بیروبۆچوونی خۆیان. ئەو چیرۆکەی دواییم کورت کردەوە، لە **فەلسەفەی خەونەکان لای رۆمانتیکییەکان** دا ئاماژەم بە ناوەڕۆکەکەی کردووە. بڕوانە کتێبەکەم بەناوی **رۆمانتیزم.**

(٢) Pascal (١٦٢٣-١٦٦٢) زانا و فەیلەسووفی ناوداری فەڕەنسی کە پێشتر وتمان لە نامەکانیدا هێرشی کردۆتە سەر پێشەوایانی دینی مەسیح. نەتەوەکەی ئاگادار کردەوە پەستی و گەندەڵییەکان تاوتوێی بکەن کە دەروونی مرۆیی قورس دەکەن، یەکێك بوو لە گەورە جارچیان بۆدینی مەسیح. بانگەشەی پرنسیپی رێژەگەرایی لە رەوشت و خووخدەدا دەکات. هەر وەك لە نامەکانیدا دەردەکەوێ، ئەمە رووی وێکچوونی گشتی نێوان پاسکال و (مۆنتینی) یە، دەبینین هەندێك لە ئیدەکانی پاسکال ئیکزینتالیستەکان قۆستیانەوە.

(٣) کاتێك سارتەر ئەم کتێبەی نووسی، ( **ئەندریە ژید**) لە ژیاندا بوو، تێکڕای نووسینەکانی ئەندرية ذيد هەمیشە باسی خۆشبەختی و حەقیقەت دەکەن وەك خۆی، بانگەشە رەوشتییەکان قاو دەدەن تا بە هیچ شتێك پابەند نەبن. کتێبی (خۆراکی زەمینی Les Nourritures Terrestres) کە نووسینی ژیدە کراوە بە عەرەبی. سارتەر لە ئەدەبەکەیدا لە بەشی چوارهەمی ئەم کتێبەدا لە ئەدەبی ذيد دەدوێ.



(ژیانی مرویی پڕە لە ئازار)، و (بلیمەتی لە دانبەخۆداگرتنێکی دوور و درێژ بەولاوە شتێکی تر نییە)، ئەوکاتە بە رای ئەوان لەم کارە شوومەدا، خوێنەر بە ئەوپەڕی مەبەستی خۆت گەیشتووە، دەتوانێ ئارام بگرێ و کتێبەکەی دابنێ و بڵێ: (تێکڕای ئەمانە لە ئەدەب بەولاوە شتێکی تر نین).

بەو پێیەی ئێمە بەرهەمی ئەدەبی بە پرۆژەیەك لە پرۆژەکانی داهێنان دەزانین، بەو پێیەی نووسەران نەمرن پێش ئەوەی بمرن، بڕوامان وایە لەمەڕ ئەو توانایانەی لە نووسینەکانماندا خستومانەتە گەڕ، دەبێ راستگۆ و هەقخواز بین، تەنانەت ئەگەر نەوەکانی داهاتووش بە هەڵەمان بزانن، نابێ خۆمان بەهەڵە بزانین و بە هەڵەدا بڕۆین. بەو پێیەی بڕوامان وایە نووسەر لەهەمبەر هەرچی دەینووسێ دەبێ (پابەند) بێ، دوورکەوێتەوە لە گێڕانی رۆڵێکی نیگەتیڤ، پێویستە نوێنەری ئیرادەیەکی مکوڕ بێ، بە مەبەستەوە رێگەی خۆی بەرەو سەرکەوتن ببڕێ، بەو شێوازەی هەر مرۆڤێك لە ژیانیدا هەیەتی کە خۆی لە خۆیدا هەوڵێکە لە هەوڵەکانی بوون: کەواتە پێویستە — دەرئەنجامی ئەم پرسە هەمووی - ئەوەبێ سەرلەنوێ چارەسەری ئەم بابەتە بکەینەوە و لە خۆمان بپرسین: بۆ دەنووسین؟

# بەشی دووەم

# بۆ دەنووسین؟

## خاڵەکانی بەشی دووەم

*(ئازادی هەڵبژاردن کۆلکەی هاوبەشی نێوان تێکڕای نووسەرانە بە پابەند و ناپابەندەوە، بنەمای داخوازی پابەندییە - لەهەمبەر دیمەنە سروشتییەکان، پێویستییان بەکەس نییە پەییان پێ ببا، بەو مانایەی نایهێنێتە بوون - وەلێ لە داهێنانی هونەری دا هونەرمەند بۆ بوونی بەرهەمەکە پێویستە، چونکە ئەو خۆی بەرهەمی هێناوە - هونەرمەند هەرگیز کارەکەی بەلاوە نامۆ نییە، چونکە خۆی سەرچاوەیەتی، هیچ توخمێکی تێدانییە خۆی خزاندبێتە ناو بابەتەکە، بەشێك لە خودی خۆیەتی - هونەرمەند وەك سنعەتکار نییە بە پێی ئەو نموونەیەی بۆی دادەنرێ کاربکات - هونەرمەند ناتوانێ لە خودی خۆی دابڕێت - ئەوە پرۆسەی خوێندنەوەیە دەبێتە هۆی هەبوونی کاری ئەدەبی - نووسەر لە داهێنانی هونەریدا بە مانای خوێندنەوەی مەبەستدار نووسینەکەی ناخوێنێتەوە، چونکە لە نووسینەکەیدا شتێکی نوێ نادۆزێتەوە - لە خوێندنەوەدا بابەتگەرایی خوێنەر پیادە دەبێ کە نووسەر ناتوانێ وەدەستی بێنێ، چونکە لە کارەکەیدا بەردەوام زەینگەرایی هەیە - خوینەرە خەسڵەتی هەبوونی ڕەها بەکاری ئەدەبی دەبەخشێ، کە لە ڕێگەی خوێندنەوەوە بەرهەمیدێنێ - لەم خوێندنەوەیەدا خوێنەر پەی بە کاری ئەدەبی دەبات وەك بوونەوەرێکی سروشتی، واتە کاری ئەدەبی شتێکی مسۆگەرە، خەسڵەتەکانی خۆی بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێ - خوێنەر تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە پەی بەکاری ئەدەبی نابات بەڵکو لە ریگە بێدەنگی و گفتۆگۆ کردن لە سەر دەستەواژەکانیش - هەوڵی خوێنەر یەکسانە لەگەڵ هەوڵی نووسەر - ڕۆڵی نووسەر کۆنترۆڵ کردنی خوێنەر نییە بەڵکو ئاڕاستە کردنە لەسەر بنەمای ئازادی خوێنەر و ئاڵو گۆڕی متمانە لە نێوانیاندا- وتەیەکی (کانت) ی فەیلەسووف کە دەڵێ: جوانی هونەر مەبەستێکە لە خودی خۆیدا، ڕەت دەکاتەوە. ئەم خاڵانەشم لە پەراوێزەکانی پێشوودا کورت کردۆتەوە:*

*- ئامانجی مەبەستگەرایی (غائی) هونەر نوێکردنەوەی سیستمی جیهانە، ئەمەش ئامانجێکە ڕادەستی پرۆسەی خوێندنەوە کراوە.- مانای چێژی هونەری کە کاری ئەدەبی پێ کامڵ دەبێت، دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەو بانگەشەی نووسەر کە لەسەر وروژاندنی هەست و سۆزی باشی مرۆڤ بنیادنراوە، نەك لەسەر کینە و ئاژاوە.- مانا مرۆییە ڕەهاکان، لە پشت وێنەی هەڵویستە تایبەتییەکان، وەك ئاسۆیەك دەبینرێن. - بێ لایەنی لە هونەردا مەحاڵە. - نووسەر و خوێنەر پەیمانێکیان بەستووە کە بنەماکەی متمانە، ئازادی و بانگەشەیە بۆ بێدار کردنەوەی بیری جیهانی و قەڵاچۆی ستەمەکان. - ئەرکەکانی داهێنان لە هەناوی ئەرکەکانی هونەردا شاراوەن. - کاری ئەدەبی لە ماکی خۆیدا شایەتی متمانەیە بە ئازادی خەڵك. - سۆزی ڕیاکارانەی خوێنەر، لە بەهای کاری ئەدەبی کەم دەکاتەوە. - لە هەر هەوڵێکدا نووسەر مەبەستی کۆیلە کردنی خوێنەر بێ، مەترسییەکە هەڕەشە لە نووسەر دەکا لەمەڕ خودی بوونی هونەری...)*



هەر کەس بەڵگەی خۆی هەیە. هونەر لای هێندێك کەس ڕاکردنە لە واقیع، لای هێندێکی تر ئامرازێکە لە ئامرازەکانی داگیرکردن. دەکرێ مرۆڤ لە واقیع رابکا بەهۆی: دەست هەڵگرتن لە دونیا، شێتیی، مردن، وەك چۆن داگیرکردن بەهۆی چەکەوە بەدەست دێ. کەواتە مرۆڤ بۆچی نووسین هەڵدەبژێرێ نەك شتێکی تر، بۆچی سیماکانی هەڵاتنی خۆی و داگیرکارییەکانی تۆماردەکا؟ لەبەرئەوەی لە پشت ئامانجی جۆراوجۆری نووسەران، هەڵبژاردنی قوڵتر و کاتی تری هاوبەش هەیە. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەم ئازادی هەڵبژاردنە ڕوون بکەینەوە تا بزانین بە هۆی ئەم هەڵبژاردنەوە نووسین داوای ثابەتند بوونی نووسەر دەکات.

هەر تێگەیشتنێکی ئێمە ئەو هەستەی لەگەڵ دایە کە حەقیقەتی مرۆیی سروشتێکی (دۆزەرەوە)ی هەیە، واتە تەنیا بەو سروشتە هەبوون دێتە ئاراوە، بە واتایەکی تر: مرۆڤ ئەو ئامرازەیە شتەکانی پێ دێتە ئاراوە[1]. چونکە پەیوەندی نێوان بەشەکانی ئەم جیهانە بە هەبوونی ئێمە پتر دەبێ. ئەوە ئێمەین پەیوەندی نێوان ئەم درەختە و ئەم بەشەی ئاسمان دەخولقێنین. بە هۆی ئێمەوە یەکییەتی دیمەنی سروشتی دەردەکەوێ کە پێکهاتووە لەو

(١) لای بوونگەرایان جیاوازی هەیە لە نێوان مانەوی شمەك و بوونی مرۆڤ.. شمەك لە مرۆڤ جیایە لە پراکتیکدا بوونی نییە تەنیا بە پەی پێبردن نەبێ، واتە بەو پرۆسە ئەقلییەی مرۆڤ پەیوەندی لە نێوان مەعریفەی خۆی و ڕواڵەتی شتەکان وەدی دینێ. هەبوونی بەرهەق تایبەتە بە مرۆڤ. وەلێ هەبوونی پراکتیکی شمەك بەندە بە هۆشی مرۆڤ لەمەڕ ئەو پەیوەندییە جۆراوجۆرانەی لەگەڵیدا هەیەتی، بە واتایەکی تر وەك درێژبوونەوەی خۆیەتی. بۆ نموونە بڕوانە: P.15-18. Journal Metaphysique: G. Marcel. ئەم بۆچوونەش نزیکە لە بیرۆکەی فەیلەسووفی موسوڵمان محی الدین بن العربی کە دەڵێ: پەی پێبەر بە وێنا کردنی خۆی بوونەوەرەکان دێنێتە بوون. بڕوانە **محی الدین العربی- دخائر الاعلاق شرح ترجمان الاشواق**، چاپی بەیروت ساڵی ١٣١٢ کۆچی ، پێشەکی.

ئەستێرەیەی هەزاران ساڵ پێش ئێستا بزر بووە[1] ، لەگەڵ ئەم مانگە هیلالەی بۆتە چواردە و ئەو رووبارە لیخنە. خێرایی ئۆتۆمۆبیل یا فڕۆکەیە دەمانبەستێتەوە بەم زەمینە پان و بەرینە. هەر کردەیەك لە کردەکانی ئێمە روویەکی دیکەی جیهانمان پێدەناسێنێ. وەلێ ئەگەر ئێمە دۆزەرەوەی جیهان بین، دەشزانین ئێمە دروستکەری نین. ئەگەر ئێمە سەیری دیمەنێك لەو دیمەنانەمان نەکرد، ئەو دیمەنە بێ بینەر و شاراوە لە تاریکاییەکی نادیاردا لە ئارادا دەبێ[2] ، واتە بوونێکی نادیاری دەبێت. شێتی نییە بۆ مرۆڤ، ئەگەر وابزانێ ئەو دیمەنە لەو حاڵەتەدا دەچێتە عەدەم، بێگومان نەبوونیش چارەنووسی ئێمەیە. زەمین هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە تا بیرێکی دیکە دێت بێداری دەکاتەوە. بەم شێوەیە: بیرێکی تر بۆ بیری زەینگەرایانەی ئێمە کە (دۆزەرەوەین) زیاد دەبێت، ئەویش ئەوەیە: ئێمە بۆ ئەو شتە دۆزراوەیە، پێویست نین.

یەکێ لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی داهێنانی هونەری لە نیازمەندیمان بۆ ئەوهەستە دەردەکەوێ: *ئێمەش لەگەڵ جیهان دووشتی پێویستین.* ئەگەر - لە تابلۆیەك یا لە وتارێکدا- سیمای دیمەنێك لە دیمەنەکانی دەریام تۆمار کرد کە پەیم پێبردووە، ئەوا پەیوەندی نێوان بەشە جوارجۆرەکانیم پتەوتر کردووە، ئەوا — لەو کاتەدا- خاوەنی ئەم بیرۆکەیەم کە ئەم دیمەنەم بە هەموو بەشەکانییەوە بەرهەم هێناوە، واتە من هەست دەکەم پێویستم بۆ ئەو شتەی خولّقاندوومە. بەڵام ئەمجارەیان ئەوشتەی لە رووی هونەرییەوە خولّقاندوومە لێم یاخی دەبێت:

(١) سارتەر بۆیە ئەو ئەستێرە بزربووە بەنموونە دەیهێنێتەوە تا زەینگەرایی پەی پێبەر و بەها بۆشتەکان لە هزری ئەودا، روون بکاتەوە. بۆنموونە ئیمە رۆژ نابینین کە هەڵدی، تا تیشکە کەیمان نەگاتێ، گەیشتنی ئەم تیشکەش هەشت خولەك و هەژدە چرکە دەخایەنێ، واتە لەو ماوەیەدا هەڵاتووە وەلێ ئێمە نایبینین، هەروەها کاتێك ئاوادەبێت ، لەڕاستیدا ئاوا بووە وەلێ تا هەمان ماوە بۆ بزر بوونی هەر دەیبینین. بە و پێیەی ماوەیەکی دورودرێژ هەیە لە نێوان ئێمە و هێندێك ئەستێرە دەگاتە هەزارانساڵی تیشکی، خۆ ئەگەر یەکێ لەو ئەستێرە دوورانە نەمێنێ، هەزاران ساڵی پێدەچێت تا تیشکەکەی لە چاومان بزر دەبێت.

(٢) لای سارتةر شتەکان دیاردەیەکن بۆ پەی پێبەر هەستیان پێدەکرێ، وەلێ لە هەمان کاتدا مکوڕە لەسەر ئەوەی ئەو دیاردانەی پەی پێ بە شتەکان دەبەین، یا ئەو شتانەی لە رواڵەتەکانیاندا لە زەینی ئێمەدان، لە خودی خۆیاندا بوونێکی سەربەخۆیان هەیە، بنەمای پرۆسەی پەی پێبردنن، سارتةر ناوی دەنێ **ئەو بوونەی لە سنووری دیاری خۆی دەرچووە** یا **بوونی باڵایی**. بڕوانە: J,P, Sartre:Etre et le Neant,p17,27.



چونکە ناکرێ هاوکات بخولّقێنم و بشدۆزمەوە[١]. خولّقاندن سەبارەت بەو هێزەی خولّقاندوویەتی، لە پلەی شتێکی نا مسۆگەر دایە[٢]. وەك پرنسیپ روونە، ئەو بابەتەی هونەرمەند بەرهەمی هێناوە — تەنانەت ئەگەر لەچاوی ئەوانی تریشەوە کامڵ دروسکرابێت - لەڕوانگەی بەرهەمهێنەکەیەوە هەمیشە جێگای تێڕامانە: بەردەوام دەتوانێ ئەم هێڵەی تابلۆیەکە یا ئەم رەنگە، یا ئەم وشەیە، بگۆڕێ، بەم پێیە بەرهەمەکە خۆی بەسەر بەرهەمهێنەکەیدا ناسەپێنێ. وێنەکێشێکی تازەکار لە مامۆستاکەی پرسی: کەی دەتوانم تابلۆیەك لەتابلۆیەکانم کامڵ بکەم؟ مامۆستاکەی وەڵامی دایەوە: ئەو کاتەی سەیری دەکەیت و بە سەرسوڕمانەوە بە خۆت دەڵێی: ئەوەمنم ئەم کارەم کردووە!!.

مانای ئەوەیە هونەرمەند هەرگیز ناگاتە ئەم کاتە، چونکە پێویستە بە چاوی مرۆڤێکی تر چاو بە کارەکەیدا بخشێنێ تا پەی بە بەرهەمەکەی ببات. ئاساییە تا زەینمان بۆ هێزی بەرهەمهێنانمان بە هێزتر بێت، زەینمان لەمەڕ ئەو شتەی بەرهەممان هێناوە لاواز دەبێت[٣]. ئەگەر پرسەکە تایبەت بوو بە سواڵکگەری (خزف) و داتاشین، ئەوسا بە پێی ئەو نموونانەی وەرمانگرتووە و کەسانی تر بۆیان دیاری کردووین، کار دەکەین.

ئەمەش بە سەر بيرؤكةى جةماوةر ی بەناوبانگ لە فەلسەفەی هايدطةردا[٤] ، پیادە دەکرێ، چونکە ئەوانی تر بە دەست ئێمە کار دەکەن، دەکرێ لەم حاڵەتەدا، ئاکامی

(١) واتە دۆزینەوە داهێنان دوو پرۆسەن، دووەمیان بە دوای یەکەمیان دادێت، دۆزینەوە دەرکی مرۆڤە بۆ ئەو پەیوەندییانەی دەیبەستێتەوە بە شتێك یا دیمەنێك، بۆ نموونە: ئەو شمەك یا دیمەنانە سەربەخۆن خۆیان بەسەر دۆزەرەوەکەیاندا دەسەپێنن. کەچی لەپرۆسەی داهێنانی هونەریدا، واپێویستە هونەرمەند زەینگەرایی خۆی بەسەر بەرهەمەکەیدا بسەپێنێ، ئازادە لە بەرهەمهێنانی یا گۆڕینی.

(٢) واتە خۆی ناسەپێنێ بە سەر بەرهەم هێنەرەکەیدا، چونکە لە لای ئەوەوە جێگای سەرنجدان و پانتایی گۆڕان بەردەوامە.

(٣ تاچەند ئێمە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی کارەکە بین بە وردەکارەکانیشیەوە، لای ئێمە نامۆ نایاتە بەرچاو، کەواتە لە کاری هونەریدا بۆ بەرهەمهێنەرەکەی توخمی سەرسوڕمان و کتوپری، بوونی نییە.)

(٤) Martin Heidegger فەیلەسووفێکی ئەڵمانی هاوچەرخە، لە ساڵی ١٨٨٩ لە دایك بووە، لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی بوونگەراییە، لە گرووپی بوونگەرایە بڕوادارەکانە، وەك **گابریل مارسیل** لە فەڕەنسا، لە فەلسەفەکەیدا بە جێناوی **ئەوان** گوزارشت لە **بیرۆکەی خەڵك** دەکات، لەوێدا پرسەی ئەو کەسانە دادەنێت کە بە هۆی وەشوێن کەوتنی خەڵك، بێ رەئی و بیرکردنەوە، بوونی تاکایەتی خۆیان تەزویر دەکەن.

کارەکە نامۆ بێت تا ئەو ئەندازەیەی لە بەرچاوی ئێمە بابەتییەتی خۆی بپارێزێ. بەڵام ئەگەر ئێمە داهێنەری محەك، پێوەر و ڕێساکانی بەرهەمهێنان بین، ئەگەر سەرچاوەکانی بەرهەم هێنان لە قووڵایی دڵەوە هەڵقووڵابن، لەم حاڵەتەدا لە کارەکەماندا لە خۆمان بەولاوە هەرگیز شتێکی تر نادۆزینەوە، چونکە ئێمە ئەو یاسایانەمان داهێناون کە بە پێی ئەوان حوکم دەدەین، لە مێژوو و خۆشەویستی و شادیمان بەولاوە شتێکی تریان تێدا نابینینەوە. تەنانەت ئەگەر لەم کاتەدا بێ ئەوەی دەست لە کارەکەمان بدەین، تەنیا هەر چاوی پێدابخشێنین، ئەم خۆشی و شادییەی لێوەرناگرین، چونکە ئێمە خۆمان دامانناون. هەرگیز ئەو دەرئەنجامانەی لە سەر تابلۆ هونەرییەکان یا کاغەز تۆمارمان کردوون بۆ ئێمە نابنە شتێکی بابەتی. مەعریفەی ئێمە بە هۆی ئەو ئامرازانەوە بەرین بووە کە خودی بەرهەمەکە بەرهەمی هێناون، ئەو ئامرازانە وەك دۆزراوەیەکی بەنرخ وەلێ زەینی دەبن، خودی خۆمانی تێدایە لە ئیلهامەوە بگرە تا فرت و فێڵی هونەری. ئەگەر هەوڵماندا پەی بەو کارە ببەین کە بە تەماین سەر لەنوێ بخوڵقێنینەوە، ئەوسا ئەو پرۆسە فیکرییەی پێمان بەرهەم هێناوە دەبێ دووبارەی بکەینەوە، ئەوسا هەر لایەنێك لە لایەنەکانی دەبنە دەرئەنجام. بەم پێیە، لە پرۆسەی پەی پێبردندا، پەی پێبراو (ئۆبژێکت) مسۆگەرە و پەی پێبردن (سۆبژێکت) نامسۆگەرە[1] ، دواتر ئەم سۆبژێکتە لە داهێنانی هونەریدا بەدوای مسۆگەر بووندا دەگەڕێ و دەستیشی دەکەوێ، دواتر ئەو بابەتەی لە رووی هونەرییەوە خوڵقێنراوە، واتە ئۆبژێکت، دەبێتە نامسۆگەر[2].

ئەم لۆجێکە لە هونەری نووسیندا زەقترە وەك لە هەر بوارێکی تر. لەبەر ئەوەی کاری ئەدەبی شتێکی سەیرە، لە جووڵاندا نەبێ دەرنتکەوێ. بۆئەوەی بخرێتە بەرچاو، پرۆسەیەکی هەستیاری گەرەکە کە پێی دەوترێ خوێندنەوە. تا خوێندنەوە هەبێت ئەویش هەبوونی بەردەوامە، لەوە بترازێ بڕێك هێمای رەشی سەر کاغەزن. کەواتە نووسەر ناتوانی ئەوە بخوێنێتەوە کە دەینووسێ[1] ، کەچی پینەچی ئەو پێڵاوەی دروستی کردووە دەتوانی ئەندازەی بگرێ، تا بزانێ بۆ پێی دەبێت یان نا، یا ئەندازیار دەتوانێ لەو خانووەدا نیشتەجێ بێ کە دروستی کردووە، مرۆڤیش کە دەخوێنێتەوە لە پێشبینی کردن و چاوەڕوانی دایە. هەست بە کۆتایی رستە، رستەی دواتر، رووپەڕی دواتر، دەکات، چاوەڕوانە تا جەخت لەسەر ئەو رووپەڕانە بکات یا رەتیانکاتەوە. لەبەر ئەوە خوێندنەوە پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆر: گریمانە، زیندە خەون، هیوا و بێ ئومێدی. خوێنەران رکابەرن لەسەر ئەو رستانەی دەیخوێننەوە، بەو هۆیەوە بەرەو داهاتووی چاوەڕوانکراو دەڕۆن، هێندێك پایەی دەڕووخێ یا هەڵدەکشێ، لە رووپەڕێکەوە بۆ رووپەڕێکی تر دەچێت تا ئاسۆیەکی ئەدەبی گەڕۆك پێکبێنێ. بی چاوەڕوانی، بێ پاشەڕۆژ و پشت گوێخستنی ئەم پاشەڕۆژە، بابەتگەرایی نایەتە ئاراوە.

بەم پێیە پرۆسەی خوێندنەوە، خوێندنەوەیەکی نیمچە دەروونی، لە خۆدەگرێ کە خوێندنەوەی راستەقینە مەحاڵ دەکات. نووسەر ئەو وشانە دەبینێ کە لەژێر پێنووسەکەیدا لەدایك دەبن، وەلێ نەك بەچاوی خوێنەر، چونکە پێش خوێندنەوەیان دەیان ناسێ. ئەرکی نووسەر ئەوە نییە چاو بەسەر ئەو وشە نووستوانە دابگرێ کە چاوەڕوانی خوێندنەوەن، بە نیگاکانی لە خەویان هەستێنێ، بەڵکو ئەرکەکەی ئەوەیە هەست بە ریزی رستە یەك لە دوای یەکەکان بکات. نیگاکانی لە رستەدا، لە ڕێکخستنی رووت بەولاوە هیچ پەیڤێکیان پێ نییە. نووسەر بە نیگاکانی هیچ شتێك پێناسە ناکات تەنیا ئەو بۆرە هەڵانە نەبێت کە دەست بەرهەمیان دێنێ. نووسەر دەرفەتی مەزندە کردن و پەی پێبردنی نییە، چونکە ئەو سەرقاڵی پرۆژەیەکە. زۆرجار چاوەڕوان دەبێت تا شتی بێتەوە یاد، وەك دەڵێن: چاوەڕوانی ئیلهامە. وەلێ هزر وەك چاوەڕوانی مرۆڤ بۆ کەسێکی تر، چاوەروانی بە بیردا هاتن نییە. ئەگەر نووسەر دوودڵ بوو، دەزانێ هێشتا داهاتوو لە دایك نەبووە، دەبێ ئەو خۆی بیخوڵقێنێ. خۆ ئەگەر ئاگای لە چارەنووسی یەکێ لە پاڵەوانەکانی نەبێت مانای ئەوەیە، هێشتا بیری لەو چارەنووسە

---

(١) بابەتی پەی پێبراو یا ئامرازی پەی پێبردن لە وەرگێڕاندا Subject = زەین یا پەیپێبەر، بابەتی پەیپێبراو Object- شتی پەیپێبراو، بەکار دێ. لە راستیدا پەیپێبەر و پەیپێبراو هەمان (عالم و معلومە) کە زاراوەی فەلسەفەی کۆنن. (و/فارسی).

(٢) ئەمە قۆناغی دووەمە، قۆناغی داهێنانی هونەری، بەرهەمەکە لەوێدا - کە لە راستیدا وێنەی شتە دۆزراوەکەیە- دوای خوڵقاندنی نامسۆگەرە، واتە خۆی بەسەر بەرهەمهێنەرەکەیدا ناسەپێنێ، بە پێچەوانەی ئەو حاڵەتەیە کە ئەو پەی پێبەرە لە قۆناغی پەی پێبردندا و پێش داهێنانی هونەری، تێیدا بووە.



(١) چونکە نووسەر بە خوێندنەوەی ئەوەی نووسیویەتی شتیکی نوێی دەسگیر نانێ، ئەوەی بەرهەمی دێنێ شتێکی زەینییە، واتە ئەو خۆی دادەنێ بۆ ئەو را و سۆز و بیرۆکەی دەیاننووسێ، لەوەی نووسیویەتی کتێبەکانی شتێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ ئەو تێدانییە، خوێندنەوەی هەستێکی تر جیا لەو هەستەی ماڵئاوایی پێ لە بابەتەکەی کردووە و خۆی سەرچاوەی بووە، لە دەروونی دا نایورووژێنێ- ئەمەش ئەو بابەتەیە نووسەر شرۆڤەی دەکات، خوێندنەوەی راستەقینە بۆ نووسەر مەحاڵە کاتێك نووسینەکەی خۆی دەخوێنێتەوە.

نەکردۆتەوە، یا لە سەری ساغ نەبۆتەوە، چونکە داهاتوو لە بەردەمیدا رووپەڕێکی سپییە، لە کاتێکدا بۆ خوێنەر ئەو داهاتووە لەو دووسەد لاپەڕەی - پڕ دێڕ- دا دەردەکەوێ کە ماوەی نێوان خۆی و مەبەستەکەیە. نووسەر — لە هەر شوێنێکی کتێبەکەی- تەنیا پەیوەندی دەکات بە ئیرادە و پرۆژەکانی و ئەو شتەی دەیزانێ، یا بە کورتی: لەوێدا تەنیا پەیوەندی بەخۆیەوە دەکات، لە زەینییەتی خۆی بەولاوە هیچ شتێکی تری تیا دەرناکەوێ، وەلێ ئەو بابەتەی دەیخولقێنێ شوورەیەکە دەستی پێیراناگا[1]، بۆ خودی خۆی نەخولقاندووە. ئەگەر نووسینەکەی دووبارە بخوێنێتەوە ناتوانێ لەو بازنەیە دەرچێت، چونکە کاتی بەسەر چووە. هەرچییەك بێ ئەو رستەی نووسیویەتی لە بەر چاوی نابێتە شتێکی پاك و بێگەرد لە شتەکان. لە خویندنەوەکەیدا بۆ ئەوپەڕی سنووری زەینگەرایی دەڕوا، وەلێ لەو سنووره تێناپەڕێ. بەڵێ کاریگەری رستەیەکی جوان یا پەندێکی مەزن یا خەسڵەتی تایبەت بە پلەیەك مەزندە دەکات، وەلێ ئەمە کاریگەرییە لە سەر ئەوانی تر. نووسەر دەتوانێ ئەو کاریگەرییە بنرخێبێ کە لە دەروونی ئەوانی تردا وەدی دێنێ، وەلێ ناتوانی هەستی پێبکات. ڤرۆست هەرگیز پەی بە خۆشەویستی دەگمەنی سێکسی کارلۆس[2] نەبرد، چونکە پێش ئەوی دەست بە نووسینی کتێبەکەی بکات، بڕیاری دابوو کارلۆس ئابەو شێوەیە بێت. ئەگەر رۆژێك کتێبێك لە روانگەی خاوەنەکەیەوە رواڵەیتێکی (بابەتییانە) ی پەیدا کرد، ئەوە مانای ئەوەیە سەردەمی

(١) واتە خوێندنەوە پرسێکی دوو بەشە: بەشی یەکەمی پەی پێبردنە، واتە پەی بردن بە بەرهەمی هونەری، یا دۆزینەوەی ئەو بەرهەمە، لەم دۆزینەوەیەدا، خوێنەر سەبارەت بەو بابەتەی دیخوێنێتەوە، هەمان هەڵویستی نووسەری لە قۆناغی پەی بردن بە شتەکانی دەبێت، و دیمەنەکان پێش ئەوەی لە رووی هونەرییەوە لە دایك بن، ئەوسا بەرهەمهێنانی ئەدەبی بۆ خوێنەر دەبێتە شتێکی حەتمی، واتە وەك چۆن شمەك و دیمەنەکان خۆیان بەسەر پەی پێبەردا دەسەپێنن، ئاوا خۆی بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێ. لە خوێندنەوەدا خوێنەر بەو ئاکامە دەگات کە بەرهەمی هونەری و داهێنەرەکەی دوو شتی حەتمی و سەپێنراون، بە واتایەکی تر بابەتییانە دێنە بەرچاو. وەلێ بەشی دووەمی خوێندنەوە خولقاندنی ئەوشتەیە خوێنەر دیخوێنێتەوە، واتە بەرجەستە کردنی بۆ جیهانی بوون بە سەقامگیر کردن یا دەرهێنانی لە وێنەکە لە سەر بنەمای پەی پێبردنی، کاتێك شوێنی ئیلهامەکەی دەدۆزێتەوە.

(٢) Charlus یەکێکە لەو کەسایەتییە ئەدەبییانەی **مارسیل برۆست** خولقاندوویەتی لەکۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی: **گەڕان بە دوای کاتی بزردا** کە پێشتر لە پەراویزەکاندا باسی کراوە. کارلۆس رۆشنبیرێکی بەتوانایە، وەلێ دەخزێتە ناو پەستییە هەرە



نووسینەکە بەسەر چووە، نووسەر لە بیری چۆتەوە و بیرۆکەکەی بەلاوە نامۆ بووە، رەنگە نەتوانێ جارێکی تر بینووسێتەوە. ئەمە حاڵی رۆسۆ بوو کاتێك لە کۆتایی تەمەنیدا دووبارە ئەیمانی کۆمەڵایەتی خوێندەوە.

کەواتە راست نییە مرۆڤ بۆخۆی بنووسێت، دەنا ئەوە بۆی دەبێتە گەورەترین تێشکان. ئەگەر مرۆڤ سۆزەکانی خۆی لەسەر کاغەز تۆمار کرد، ئەوپەڕی هەوڵی دەگاتە ئەو ئاستەی، ئەو سۆزانە لە دەروونیدا بە پووچەڵی و لاوازی، بەردەوام بن[1]. کاری داهێنانی هونەری داهێنەر، بۆ بەرهەمی ئەدەبی، لە چرکە ساتێکی ناتەواوی ئەبستراکت بەولاوە، شتێکی تر نییە. ئەگەر مرۆڤ تەنیا بۆخۆی بژیابا، هەرچی دەیویست دەیتوانی بینووسێ، هەرگیز کتێبەکەی نەدەبوو بەکارێکی بابەتی. لەم کاتەشدا ناچار دەبوو پێنووسەکەی دابنێ یا بێ هیوا بێ. وەلێ پڕۆسەی نووسین، پڕۆسەی خوێندنەوە وەك لۆژیکی پێویست وەخۆ دەگرێ: ئەم دوو پڕۆسەیەش دوو فاکتەری گرینگیان گەرەگە: نووسەر و خوێنەر. ئەوە هەوڵ و هاوکاری نووسەر و خوێنەرە ئەم بەرهەمە هزرییە دێنێتە ئاراوە. ئەوە بەرهەمێکی ئەدەبی هەستیار و لە هەمان کاتدا خەیاڵیشە. هونەر بە هۆی ئەوانی تر و لە پێناوی ئەواندا نەبێ، بوونی نییە.

لە راستیدا وا دەردەکەوێ خوێندنەوە پرۆسەیەکی پێکهاتوو بێت لە دەرك و داهێنان:

***رەفتاری بینەر لە بەرامبەر بەرهەمێکی هونەریدا (تابلۆی وێنەکێشان، ئاوازی موزیك، پەیکەر و ...) بە پلەی جیاواز بەو شێوەیەن.***

خوێندنەوە، مسۆگەری پێکەوەبوونی نووسەر و بەرهەمەکەی، دەسەپێنێ. بەرهەمەکەی رەسەنە چونکە بە زەرورەت شکۆمەندە[2]، چونکە یاسا و رێسا تایبەتییەکانی خۆی دەسەپێنێ کە خوینەر دەبێ لە چاوەروانی و تێبینی کردندابێت. نووسەریش دیسانەوە رەسەنە، نەك لەبەر ئەوەی خوێنەر بابەتەکەی دەدۆزێتەوە ( واتە دەیهێنێتە بوون)[3]، بەڵکو بوونێکی رەها بە بەر

(١) داهینانی هونەری یاوەری سۆزی بەهێزی گومان لێکراو، نییە، چونکە رێگرە لەبەردەم ئەو بیرکردنەوە و تێڕامانەی بۆ کاری هونەری پێویستن. دیدرۆ بەدرێژی لەبارەی ئەم بیرۆکەیە دواوە و دواتریش **بنتۆ کرەتشیە** باسی دەکات و ئێمەش شرۆڤەمانکردووە لە کتێبێك بە ناوی: ***دەروازەیەك* بەڕووی رەخنەی ئەدەبی نوێدا** چاپی دووەم ل ٣٤٦-٣٤٧، ٣٦٤- ٣٧٠.

(٢) واتە لە خودی خۆیدا بوونی هەیە لە سنووری پەی پێبردنی رووت دەردەچێ، پلەی وەك پلەی شتەکانە.

(٣) بەو شێوەی شتەکان بەهەبوونیان پەیان پێدەبرێ، بڕوانە ئەو پەراوێزەی پێشوو.

بابەتەکەدا دەکات[١]، (واتە بەرهەمی دێنێ). بەکورتی خوێنەر وشیارە کە بابەتەکە دەدۆزێنتەوە و دەیخولقێنێ، ئەو لەکاتی خولقاندندا دەیدۆزێتەوە و بەم دۆزینەوەیە دەیخولقێنێ. لە راستیدا نابێ بڕوامان وابێ خوێندنەوە پرۆسەیەکی ئۆرگانییە، چۆن تابلۆی وێنەگرتن هەستیارە بەو تیشکەی دەکەوێتە سەری، پیتە نووسراوەکانیش ئاوەها کاردەکەنە سەر خوێنەر. ئەگەر خوێنەر لێو بەبار یا ماندوو یا گەمژە یا پەشێو بوو، پەی بە زۆربەی پەیوەندییەکانی ناو بەرهەمە ئەدەبییەکە نابات، ناگاتە پلەی درەوشانەوەی بابەتەکە وەك پۆلو ناگاتە پلەی گەشانەوەی خۆی. لەم حاڵەتەدا بڕێك لەو رستانەی دێنە بەر چاوی، لە تارماییدا دەردەکێشێ، وەك ئەوەی بە رێکەوت رێك و پێك بووبن. وەلێ ئەگەر خوێنەر لەوپەڕی باشیدا بێت، بۆخۆی لە پشت وشەکانەوە وێنەیەکی ئاوێتە دەدۆزێتەوە کە هەر وشە و رستەیەك، بەشێك بن لەو وێنەیە. ئەم وێنەیەش لەو پرسەدا خۆی دەنوێنێ کە نووسەر دەیەوێ، لە بابەتەکەدا، یا لە مانای گشتیدا، رەتیبکاتەوە یا بیسەلمێنێ. بەم شێوەیە لە سەرەتای خوێندنەوەدا، مانا لە هەناوی وشەکاندا خۆی حەشار نەداوە، وەلێ مانا کارێکی وا دەکات، خوێنەر لە هەر وشەیەك بگات. لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی ئەدەبی لە رێگەی زمانەوە بەرجەستە دەبێت، کەچی ناکرێ لە چوارچێوەی زماندا گۆشەگیر بکرێ. وەلێ - بە شێوەیەکی سروشتی- بە پێچەوانەی ئەم کارە، بە بێدەنگی و وتوێژ لەسەر دەستەواژەکان، بابەتەکە بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە. بۆیە دەکرێ سەد هەزار وشەی ناو کتێب، وشە بە وشە بخوێنرێتەوە، بێ ئەوەی هیچ مانای بابەتەکە بەدەستەوە بدات، واتە مانا لە کۆمەڵەی وشەکان دا نییە، بەڵکو لە کۆمەڵە ئۆرگانییەکەی دایە[٢]. شتێك بۆ خوێنەر نارەخسێ، ئەگەر بە بێ یارمەتی تێرامان، خۆی

[١] واتە شتێکی سەربەخۆی خاوەن بوونێکی کردەیی لێ دروست دەکات حەواڵەی بەڵگەمەندێکی دیکەی ناکا ئەوسا هەبوونی وەك شمەکی لێدێت، ئەوە خوێنەرە خەسڵەتی بوونی رەها بە بەر بابەتە ئەدەبییەکەدا دەکات، کە بە خوێندنەوەی بابەتەکە بەرهەمی دێنێت.

(٢) لە ئەدەبی داستان و شانۆگەریدا — لە سەردەمی نوێدا بە تایبەتی لە ئەدەبی بوونگەرایاندا — دانەر بە راڤە کردن و بەڵگە هێنانەوە بە ئاشکرا دەست ناخاتە ناو پرسەکە، بەڵکو بە هەڵویستێکی تایبەت لە وێنەیەکی پێکهاتوو لە چەند لکێك، دەیخاتە روو، ئیلهام دەدات بە خوێنەر کە رەوشی ئاگایی لە بەرامبەر هەڵویستەکەدا بگرێتە بەر، وەلێ تەنیا ئیلهام کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی قووڵ لە ئاکاری کەسایەتییەکانی داستان یا شانۆگەری دەردەکەوێ. ئەم ئەدەبەش گەرەکییەتی خوێنەر بەشدار بێ لە دروستکردنی کەسایەتی ناو داستان یا شانۆگەرییەکە، چونکە نووسەرە تازەکان نایانەوێ خواردنێکی هەرس کراو پێشکەش بە خوێنەر



بهاوێتە ئامێزی خوێندنەوەکە، بەواتایەکی تر، ئەگەر ئەو بێدەنگییە وەدی نەهێنێ، پلەی ئەو وشە و رستانە دادەبەزێ کە بێداری کردوونەوە و تۆماری کردوون.[١]

ئەگەر لێم بپرسن، واباشتر نییە ئەم پرۆسەیە ناوبنێی، داهێنان یا دۆزینەوەیەکی نوێ؟ دەڵێم یەکەم: ئەم داهێنانە نوێیە - لەلای خوێنەر- کارێکە لە جیددییەت و رەسەنیدا یەکسانە لەگەڵ داهێنانی یەکەمی دانەر، دواتر ئەگەر پێشتر بابەتەکە لەسەر دەستی نووسەر دەرنەچووبێ، لێرەدا ناکرێ باسی سەرلەنوێ داهێنانەوە، یا دۆزینەوەی بکرێ، چونکە ئەگەر ئەو بیدەنگییە بە راستی نیازی هەر نووسەرێك بێت، ناشێ ئەو بڕیارە بدەین بڵێین نووسەر هەرگیز نەیزانیوە. چونکە بێدەنگی نووسەر زەینییە و وەپێش زمانی نووسینی کەوتووە، و لەکاتی لە ئارادانەبوونی وشەکاندا دەردەکەوێت. ئەوە بێدەنگی ئەو ئیلهامە سروشتی و زیندووەیە کە وشەکان دواتر دیاری دەکەن: لە کاتێکدا بێدەنگی خوێنەر شتێکی بابەتییە نەك زەینی. هەر لە ناو خودی بابەتەکەدا جۆری تری بێدەنگی لەو بەشانەدا دەردەکەوێ کە نووسەر گوێی نەداوەتە راڤە کردونیان. لێرەدا مەبەست ئەو نیازە تایبەتییانەی نووسەرن، کە جگە لەو شوێنانەی خوێندنەوە پەردەیان لەسەر لادەبا، هیچ مانایەکیان نییە. هەر ئەم نیازانە بنەمای چڕ بوونەوەی بابەتەکەن و رواڵەتێکی دیاری کراو و تایبەتی پێدەبەخشن. دەتوانین هەر ئەوەندە بڵێین: ئەگەر راشکاوانە لێکیبدەینەوە، لە کاری ئەدەبیدا بێ بەڵگەیە، یا ئەگەر وردبینی لەبەر چاو بگرین، دەڵێین گوزارشتی لێناکرێ. لەبەر ئەوە لە کاتێکی دیاری کراوی خوێندنەوەدا نایاتە بەر چاو، لە هەموو شوێنێکە و لە هیچ شوێنێك نییە[٢]. باسی جیهان خەیاڵی و سەیر

بکەن، بەڵکو دەیانەوێ هەڵویست وەربگرێ، هزرەکە بە چەند ئاراستەی جیاواز و گرفتی دەروون و کۆمەڵایەتی جوان دابەش کراوە، تا خۆی رێگەی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. دانەر دوای ئەوە بەتایبەتی لە بەشی چوارەمدا باسی دەکات: بڕوانە کتێبەکەم: **دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێ** ل٤٩٦-٤٩٨، ٥٠٠-٥٠٤ .

(١) واتە بە سەرنج دانە یەکییەتی ئۆرگانی بابەتەکە، کە لەسەر تێگەیشتنی بەشەکانی دەوەستێت، وشەکان دەبنە یەکەی زیندووی خاوەن ئەرك لە بونیادی کارە ئەدەبییەکەدا.

(٢) چونکە کاری ئەدەبی بنەماکەی ئیلهامە نەك فەرمان، لەبەر ئەوە ئەگەر هاتوو مەبەستی بەرهەمی ئەدەبی زۆر روون بوو، کاریگەری خۆی لە دەست دەدات، لەبەر ئەوە کەم و کوڕی رۆمانتیستەکان، رەوتی گوتاربێژییانە لە داستان و شانۆگەرییەکانیان. بۆیە نووسەرە تازەکان پەنا دەبەنە بەر پشت گوێخستنی راڤە کردنی هەڵوێستەکانیان، یا پەنا دەبەنە بەر بەناو پوکانەوەی وێنەیی یا ماتریالیزمی وێنەگەرایی، تا بۆشایی

له داستانی مۆلنی مەزن[١] دا، منجڕی سەرسەختانە لە داستانی ئەرمانس[٢] دا، پلەی واقیعی بوون لە داستانەکانی کافکا[٣] دا، هیچ کامیان گوزارشتێکی روون و راشکاویان تێدا نییە. لە سەر خوێنەر پێویستە - بۆ ئەوەی تێکرای ئەم داهێنانانەی هەبێ- ئەو سنوورە ببەزێنێ کە تێیدا دەخوێنێتەوە. گومانی تێدانییە نووسەر رێگەی نیشان دەدا، هەر ئەوەندەشی لە دەست دێت. ئەو نیشانانەی لە سەر رێگا دەستنیشانیان دەکا و لێك دوورن، دەبێ خوێنەر نێوانیان پڕ بکاتەوە، دواتر لە سەریەتی تا پشت ئەو نیشانانە، سنوور ببەزێنێ. پوختەی وتە ئەوەیە، خوێندنەوە پرۆسەی داهێنانە بە رێنوێنی نووسەر. لەلایەك تەنیا ناوەڕۆکی کاری ئەدەبی زەینگەرایی خوێنەرە. چاوەڕوانی راسکۆلینکۆف[٤]، چاوەڕوانی

بۆ خوێنەر بهێلنەوە بە وریایی خۆی پڕیان بکاتەوە، ئەمەش وروژێنەری ئیلهامە. بڕوانە کتێبەکەی پێشووم ل٥٠١،٤٩٧-٥٠٤ .

(١) Le Grand Meaulnes داستانێکی سامبۆلیکی فەلسەفی نووسەری فەڕەنسی **ئالان فورینییە** Alain Fournier کە لە ساڵی ١٩١٣ دەرچووە. کەسایەتییەکانی دیلی خەونەکانیانن، ئاماژە بەوە دەکات کە خۆشبەختی خاوەنی لوتکەیەکە هەرکات مرۆڤ پێیبگات، بۆ هەمیشە سەرەوژێر دێتەوە خوارێ.

(٢) Armance داستانێکی نووسەری فەڕەنسی **ستاندال** (١٧٨٣-١٨٤٢) ە، لە ساڵی ١٨٢٧ دا دەرکەوت، کەسایەتی یەکەم **ئۆکتاف**ە کە خزمەکەی خۆی خۆشدەوێ، خۆشەویستی نێوانیان لێل و گومانی تێدەکەوێ، هەردووکیان بە دەستیەوە دەناڵێنن، تا دایکی ئۆکتاف کۆتایی بەو دوودڵییە دێنێ و زەماوەند دەکەن، وەلێ زۆری پێناچێ گومان دەکا — لە رێگەی ناحەزانەوە — کە ئارمانس لەبەر سامانەکەی و بەزەیی پێدا هاتنەوە شوی پێکردووە، بۆیە سەری خۆی هەڵدەگری، بەشداری لە جەنگی یۆناندا دەکات و هەر لەوێ دەمرێ.

(٣) Frantz Kafka نووسەرێکی چیکە بە ئەڵمانی دەنووسێ (١٨٨٣-١٩٢٤) بە دۆزینەوەی نووسینەکانی لەمەڕ سەیر و سەمەرەکانی بوونی مرۆڤ، جیهانی (شعور و لاشعور) تێکەڵ دەکات.

(٤) کەسایەتی سەرەکی داستانی **تاوان و سزا** ی نووسەری رووسی **دستۆفسکی** یە (١٨٠١-١٨٨١) لە وێدا ئەم پاڵەوانە بیرۆکەیەك بە هۆی زڕدایکەکەیەوە دەکەوێتە کەللەی کە سوود خۆرێکی پیسکەیە، هەر ماڵ و سامان کۆدەکاتەوە بێ ئەوەی یارمەتی هەژاران بدا. کێشەیەکی دەروونی دروست دەبێ لە نیوان بیری ئاسایی و سەربەخۆیی بیر کە چۆن ئەم زڕدایکە بکوژێ، تا بەو سامانە یارمەتی هەژاران بدات، لەوانە خوشکەکەی. پاساو بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی دەهێنێتەوە، وەلێ لە ماڵی کوژراو پارەیەکی ئەوتۆ نادۆزێتەوە بەشی پرۆژەکەی بکات بۆ دابین کردنی دادوەری کۆمەڵایەتی بۆ لیقەوماوان. کاتێك پۆلیس بە دوایدا دەگەڕێن



منە بۆ ئەو، بە بێ ئەم هۆگرییەی خوێنەر، لە چەند هێمایەکی سەر کاغەز بەولاوە چیتر نامێنێتەوە. رقی بۆ ئەو کارمەندە پشکێنەرەی لێی دەکۆڵێتەوە، رقی منە کە ئەو پیتە نووسراوانە وروژاندویانە و پەلبەستیان کردووە. ئەگەر بە هۆی راسکۆلنیکۆڤەوە هەڵگری ئەو رقە نەبوومایە، ئەو پشکێنەرە بوونی نەدەبوو. هەر ئەو رقەیە دەیکاتە بوونەوەرێکی خاوەن گۆشت و خوێن. وەلێ لە لایەکی دیکەوە وشەکان تەڵەیەکن هەستمان دەجولێنن و دەیگرن. هەر وشەیەك رێبازێکە بۆ شکۆمەندی، سۆزەکانمان بە پێز دەکا و لە کەسێکی خەیاڵیدا رێکیان دەخا، کە ئەرکی ئەوەیە لە دەروونی ئێمەدا ئەو سۆزانە بخولقێنێ، ئەویش هیچ ناوەڕۆکێکی نییە جگە لەو سۆزە خوازراوانە نەبێت کە بەهۆی ئەو دەبنە زەینگەرایی بابەت و ئاسۆ و چوارچێوەیان پێدەبەخشێت. هەر شتێك بۆ خوێنەر جێگای سەرنجە، وەك چۆن هەرشتێك بەتاڵ کراوەتەوە لە تێروانین. بێگومان بەرهەمێکی ئەدەبی بە پێی ئاستی توانای خوێنەر دێتە ئاراوە. خوێنەر ئەوبابەتە دەخولقێنێ کە دیخوێنێتەوە، بە قووڵبوونەوە لە خوێندنەوە و داهێنان، دەتوانێ بەردەوام لەوە دوورتر بروا. بەرهەمهێنانی خەسڵەتەکانی بەرهەمەکە لە لایەن خوێنەرەوە - لەسەر ئەم شێوە رەهایەی لە زەینگەرایی ئێمەوە دەردەچێت، هێندەی پێناچێ بە شێوەیەکی (بابەتییانە) لەبەر چاومان دەردەکەوێ - بەرهەمێکی پتەو و تۆکمەیە، دەتوانین ئەو شێوە زانستییە روونەی تێدا ببینین کە کانت تایبەتی کردبوو بە زاتی ئیلاهی[١].

دەیەوێ دان بە تاوانەکەیدا بنێ و وتووێژی لە سەر بکا ، کریکارێکی سەرخۆش دەسپێشخەری دەکا و شایەتی دەدا کە شێتە، ئیتر پرسەکەی ئاڵۆز دەبێت. ویژدانی راسکۆلینکۆف ئازاری دەدا، ئەمەش توندتر دەبێت بەتایبەتی دوای ئەوەی تووشی سۆنیای باڵابەرز دەبێ کە لەگەڵ ئەوەشدا کە کچێکی لەشفرۆشە پاك و بێگەردە، بۆ ئەوەی خیزانەکەی و براگچکەکانی بژێنێ خزاوەتە ناو ئەم کارە. سۆنیا هانی دەدا، راستی بڵێت دادگایی دەکرێ و بۆ سیبریا دوور دەخرێتەوە. دەڕوا وەلێ بڕوای وایە تاوانی نەکردووە بەڵکو هەڵەی کردووە لە هەڵسەنگاندن و خەڵەتاوە و کوشتنەکە هیچ خێرێکی بۆ نەداوەتەوە. لە شوێنی دوورخرانەوەی بیری سۆنیا رێگە نادات لە بیری تاوانەکەدا بخنکێت، لە دەروونیدا گەلێك مانای مرۆیی سەرهەڵدەن. لە پاڵ ئەوەدا لە داستانەکەدا گەلێك رووداوی لاوەکی هەن.

(١) بە بۆچوونی کانت دەکرێ هەر شتێك لەسەر بنەمای دیتنە هەستییەکان شوناسایی بکرێ. بەبڕوای کانت دیتنە هەستییەکان شوناساییەکی بێ واسیتە و راستەوخۆن لەهەمبەر شتدا. بابەتی **دیتنی هەست**

ئینجا داهێنانی هونەری تەنیا بە خوێندنەوە نەبێ نایەتە بوون، دەبێ هونەرمەند تا کۆتایی ئەو کارەی دەستی پێکردووە، ماندوو بێت، چونکە ناتوانێ پەی بە بایەخی کارەکەی ببات تەنیا لە پێچ و پەناکانی هزری خوێنەرەوە نەبێت، کەواتە هەر کارێکی ئەدەبی بانگەشەیەکە. بەم پێیە نووسین بانگەشەیەکە ئاراستەی خوێنەر دەکرێ، تا ئەو هەوڵەی بە هۆی زمانەوە بۆ دۆزینەوە، خستوویەتە گەڕ ببێتە هەبوونی (بابەتی). ئەگەر بپرسن: نووسەر بانگەشەی چی دەکا؟ وەڵامەکەی ئاسانە: لەبەر ئەوەی لە بابەتی ئەدەبیدا تەنانەت لە کتێبیشدا (کە لە جۆرەها ئاراستەی پەی پێبردن بەولاوە شتێکی تری تێدانییە) هیچ ڕێگەیەك نییە، بۆ دۆزینەوەی هۆکاری تەواوی سەرهەڵدانی ئەم جوانییەی هونەری، زەینییەتی نووسەریش کە ناتوانێ لە سنووری خۆی تێپەڕێ، پاساوێك نییە تا لە وێدا بۆ (بابەتی بوون) بێتەدەر. کەواتە سەرهەڵدانی کاری هونەری ڕووداوێکی نوێیە، بە بیروڕای زەینی پێشوو شرۆڤە ناکرێ.

ئەم داهێنانە خاوەن ئاڕاستەیە، سەرەتایەکی ڕەهایە، لە بەرهەمەکانی ئازادی خوێنەرە، بێگەردترین مانایە لە ئامێزی ئەم ئازادییەدا. بەم پێیە نووسین بانگەشەیەکە لە لایەن نووسەرەوە ئاڕاستەی ئازادی خوێنەر دەکرێ تا یارمەتییەك بێ بۆ نووسەر لە هەمبەر بەرهەمهێنانی کارەکەی. ڕەنگە بڵێن تێکڕای ئامێرەکان کە ئامرازی شیاوی کارکردنن، بانگەشەیەکی ڕاستەوخۆن بۆ ئازادی ئێمە، لەم ڕووەوە بەرهەمی هونەری خەسڵەتێکی تایبەت نییە. ڕاستە ئامێر تەنیا وێنا کردنی پرۆسەی کارە، ولێ لە ئاستی ڤرسێکی هەڵواسراو[1]

Phenomenane- **دیاردەی** پێدەوترێ، لە ڕوانگەی کانتدا دیاردە زاتێکە دەشێ هەستی پێبکرێ و دەرکی مرۆیی دەتوانێ لە چوارچێوەی ئەزموونی خۆیدا شوناسایی بکات. کانت بڕوای وایە هەر زاتێکی شیاوی هەست پێکردن خاوەن زاتێکی خودی خۆیەتی، واتە نەتەنیا شتێکە بۆ ئێمە، بەڵکو شتێکە لە خۆیەوە هەیە.، و ئەویشی ناوناوە Nomenane و بە بابەتی دیتنی نەشیاوی هەست پێکردن یا بە **دیتنی ئەقڵی** دادەنێ. ئەم جۆرە دیتنە هیچ لایەنێکی ئەزموونی نییە، لە بازنەی ئەقڵی مرۆڤ بەدەرە و تایبەتە بە ئەقڵی ئیلاهی. (و/فارسی)

(١) بە بڕوای کانت، ئەقڵی پراکتیکی مرۆڤ بێ کۆت و مەرج فەرمان دەدا کە ڕێز بۆ یاسای ڕەوشت دابنێین و بیپارێزین، لە کاتێکا لە پرسە تێۆرییەکاندا ( بۆ نموونە لەمەڕ چۆنییەتی ماددە، بوون و ڕەسەنایەتی یا چۆنییەتی و ژمارەی گووتەکانی زەین ) دەکرێ و ئاسانە ڕەئی یەکجارەکی دەرنەبڕین و بڕیار نەدەین، وەلێ لە



دایە. لە توانام دا هەیە چەکوشێك بە کار بێنم بزماری سندووقێکی پێدابوکتم یا بیکێشم بەسەری دراوسێکەمدا. ئەگەر وەك خۆی سەیری بکەم ئەوە بە مانای بانگەشەیەکی ڕاستەوخۆ نییە بۆ ئازادیم، چونکە ڕووبەڕووی ئازادیم ناکاتەوە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە جێگای داهێنانی ئازادانەی ئامرازەکان کە زنجیرەیەك ئاکاری ئاسایی و ڕێکخراون، بگرێتەوە و بەم شێوەیە خزمەت بە ئازادی من بکات. کتێبیش خزمەت بە ئازادی من ناکات، وەلێ بۆ دەسبەکاربوون دەیوروژێنێ. لە ڕاستیدا مرۆڤ ناتوانێ بە ئامرازگەلی سەرکوت کردن و فرتوفێڵ، یا بە ئامرازی بەرژەوەندی- بە مانای ئازادی- بەرەو ئازادی بڕوا. بۆ گەیشتن بە ئازادی تەنیا ڕێگایەك هەیە ئەویش سەرەتا دانپیانان و باوڕ پێبوونە، ئینجا بە ناوی ئازادییەوە داوای کار بۆ ئازادی بکرێت، واتە بە ناوی ئەو متمانەی پێیت بەخشیوە. کەواتە کتێب وەك ئامێر نییە بۆ هەر مەبەستێك ئامراز بێت، بەڵکو وەك مەبەستێك بۆ ئازادی خوێنەر خۆی دەنوێنێ. دەستەواژەی کانت: مەبەستطەرایی بێ مەبەست[1]، گوزارشتێکە بە سەر کاری

پرسە پڕاکتیکییەکاندا، ئەگەر بە مسۆگەری و یەکلاییکەرەوە بڕیار نەدەین ئاراستەی کاری ژیانمان تێکدەچێت، بەم پێیە فەرمانەکانی ئەقڵی پراکتیکی بە **پرسێکی مەرجدار** و فەرمانەکانی ئەقڵی تیۆری بە **پرسێکی هەڵواسراو** ناو دەبەین. سارتەر بەرهەمی هونەری وەك لە دێڕەکانی دواییدا دێت، و ئامراز و ئامێرەکان کە لەو دەقەی سەرەوەدا هاتووە، هەردووکیان بە گوتاری **پرسی هەڵواسراو** لە قەڵەم دەدات. (و/فارسی)

(١) لێرەدا دانەر بەرپەرچی فەیلەسووفی ئەڵمانی **کانت** (Kant ١٧٢٤-١٨٠٤) دەداتەوە، چونکە ئەم فەیلەسووفە چێژی هونەری بە خودی مەبەستێك دادەنێ، لەبەر ئەوە پیویست ناکات لە پاشکۆیدا بە دوای مەبەستێکی ئاکاری یا کۆمەڵایەتیدا بگەڕێن، بیروڕا فەلسەفییەکانی کانت پشتیوانەیەکی لایەنگرانی **هونەر بۆ هونەر** بوون. لێرەدا لەو خاڵە سەرەکییانە دەدوێین کە تایبەت بوون بە ئەستاتیکای جوانی لای کانت. هەروەك لە کتێبەکەیدا هاتووە: **(ڕەخنەی حوکم)** کەلە ساڵی ١٧٩٠ بڵاوکرایەوە، لای کانت جوانی چەند خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە. **یەکەمیان** لە ڕووی وەسفەوە، حوکمی چێژ وەرگرتنە، لە حوکمی جوانیدا لە ڕازیبوونێکەوە دێت بێ بەرژەوندییە. واتە چێژی هونەری بە پێچەوانەی هەست تامکردن کە پێویستی بەخاوەنداری هەیە، بایەخ بە حەقیقەتی بابەتەکەی نادات، بە پێچەوانەی ڕازی بوونی ڕەوشتییە کە پێویستی بە بەئەنجامگەیاندنی بابەتەکەی هەیە. وێنەکێش بە میوە یا وێنەی میوە سەرسام دەبێت، وەلێ حەزناکا وەك هونەرمەندێك بیخوا یا بیفرۆشێ. **دووەم** خەسڵەتی حوکمی جوانی لە ڕووی تێکرای بەها جوانییەکان و چەندایەتییان: جوانی ئەوشتەیە، بێ بیروڕای گشتی ئەبستراکت، هەموو خەڵك پێی خۆشحاڵ دەبێ. لەبەر

ئەوەی بێ هزرگەلی ئەبستراکتی گشتی کە بتوانین پێ مەزندە بکەین، هیچ ڕێگایەکمان نییە بۆ زانینی شتێکی گشتی جیهانی: تەنیا جوانی نەبێ، کە لەبەر ئەوەی هەست پێکراوە دەتوانین پەی پێببەین و بەو حاڵەتە دەتوانین مەزندەی بکەین مەزندەیەکی گشتی ناو خەڵك، بی ئەوەی هزرگەلی ئەبستراکتمان پێویست بێ. پێوەری جوانی سەرەتا (خۆیەتی)یە، وەلێ بە پێویست گشتی و بابەتییە، و هاوبەشی خاوەن سەلیقەکان دەسەپێنێ. ئەوەی پێچەوانەی کۆمەڵەکە بێ دەگمەنە، دەگمەنیش جەخت کردنەوەی ڕێسایە. **سێهەم** خەسڵەت تایبەتە بە پەیوەندی، واتە پەیوەندی ئامراز بە مەبەستەوە، کەواتە جوانی وێنەی مەبەستیی بابەتەکەیەتی، لەو ڕووەوە کە لەو بابەتەدا پەی پێبراوە بێ وێنا کردنی مەبەستێك لە مەبەستەکان. واهەست بکەین کە مەبەستێك لە مەبەستەکان لە بابەتی جوانیدا هەیە، وەلێ ناتوانین دیاری بکەین. بۆ نموونە ئەگەر ڕووەکناسێك یا وەرزێڕێك بیری لە سوودی میوەیەك کردەوە لە کاتی بەرهەمهێنایێکی کواڵێتیدا یا بیری لە نرخە بازرگانییەکەی کردەوە، ئەوسا بیر لە بەها جوانییەکەی ناکاتەوە. لەبەر ئەوە لە سەر هونەرمەند بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن سەلیقەی جوانی، پێویستە شتی جوانی خۆشبوێ، بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو مەبەستانە، لە هەستێکی دیاریکراودا نەبێ ئەوە هەڵناگرێ کە مەبەستێك لە بوونیدا هەیە، بێ ئەوەی ئەو مەبەستە ناوەڕۆکێکی تایبەتی هەبێت. **چوارەم** خەسڵەتیش ئەوەیە: هەر حوکمێك (پێوەرێك) سێ دۆخی هەیە: یا وەدەستهێنانی حەقیقەتە لە تاقیکردنەوە، یا سەلماندنی پرسێکی زانستییە نیاز و پێوبستی هێناویەتە گۆڕێ، یا گریمانەی ئەگەرێکی لۆجیکییە، تەنیا جوانی نەبێ کە خەسڵەتەکەی خستنە ڕووی ئەو شتەیە سەرەتا وەك پێویست خودیانە پەی پێدەبرێ، وەلێ بابەتییە لە ڕووی وێناکردنەوە بە گریمانەی شعوری گشتی. کەواتە جوانی ئەوەیە کە وەك ئاکار دانی پیادەنرێ لەبەر ئەوەی بەزەرورەت سەرچاوەی هەست کردن بە ڕازی بوونە، بە بێ پێویست بوونی بیرۆکەی پێش وەخت. ئەگەر حوکمتدا ئەم میوەیە جوانە ئەوە دەرئەنجامی پێوانێکی مسۆگەری لۆجیکی یا تاقیکردنەوە نییە، وەك لە سروشت و وەرزشدا هەیە، بەڵکو دەرئەنجامی حوکمێکی زەروری تاکییە، لە پرسی دەرچوو لە ئاگایی جوانیمان دەچێ، ئەگەر بە پێچەوانەوە حوکمماندا ئەوە یاخی بوونە لە ویژدانی جوانی کە لە یاخی بوونی ویژدانی خولقاومان دەچێ وەك ئەوەی پێچەوانەی ئەرکێکی ڕەوشتیمان بووبینەوە. لەم خەسڵەتەی دواییدا داننانێك هەیە بە پەیوەندییەکی ڕاست و ڕەوان لە نێوان جوانی و ڕەوشت. بەڵام کانت پشت بە ئاکارەکانی حوکمی جوانی گشتی دەبەستێت، ئیقرار دەکات کە وەك باسمان کرد جوانی مەبەستێکی لە پشتەوە نییە (بڕوانە کتێبەکەم دەروازەیەك بەرەو ڕەخنەی ئەدەبی نوێ ل٣٠٧-٣٠٩). بەرپەرچدانەوەی سارتەر بۆ کانت لەم خاڵانەدا کورت دەبێتەوە: ١- کانت جوانی سروشت و جوانی هونەر تێکەڵ دەکات. جوانی سروشت بە پێچەوانەی جوانی هونەر کە خۆی لە خۆیدا مەبەستە، هیچ مەبەستێکی تێدا دەرناکەوێ مەگەر گریمانەی بکرێ. ٢- جوانی سروشت بوونی هەیە ئینجا سەیر دەکرێ،



هونەریدا ناچەسپێ. لە ڕاستیدا ئەم لێکدانەوەیە ئەوە دەگەیەنێ: بەرهەمی هونەری تەنیا خاوەن ڕواڵەتی مەبەستگەراییە، ئەمەش کەمە بۆ وروژاندنی چالاکی ئازاد و ڕێك و پێکی زەین، تا ڕۆڵی خۆی بگێڕێ. لێرەدا فەرامۆش کردنێك هەیە، ئەرکی زەینی بینەر تەنیا ڕێکخستن نییە، بەڵکو گەڵاڵە کردنیشە. کاری ئەو یاری کردن نییە بەڵکو دەوروژێ بۆ سەرلەنوێ دارِشتنەوەی بەرهەمێکی هونەری، بە تێپەرین لەو ئاسەوارەی هونەرمەند بەجێی هێشتووە. زەینیش — وەك ئەرکەکانی تری ئەقڵ — ناتوانێ چێژ لە خۆی وەربگرێ، بەڵکو بەردەوام لە دەرەوەی چوارچێوەی خۆیەتی، هەمیشە بە پرۆژەیەکەوە بەستراوەتەوە. دەشێ مةبةستطةرايى بىَ مةبةست لەهەمبەر شتێك بوونی هەبێ کە نەزمێکی ئەوتۆی لە خۆیدا دروست کردووە، خوازیاری مەبەستێك بێ بەسەریدا بسەپێنین، تەنانەت ئەگەر نەتوانین ئەو مەبەستە دیاریش بکەین. ئگەر جوانیمان بەم شێوەیە دیاری کرد — ئەمە مەبەستی کانت ە- دەتوانین جوانی لە هونەردا لەگەڵ جوانی سروشت بەراورد بکەین. بۆ نمونە زۆر سیمای هاوسەنگی، هەمئاهەنگی ڕەنگ و هێڵی ڕێك و پێك لە گوڵدا هەیە، هانمان دەدات لێکدانەوەی مەبەستدارمان بۆ هەریەك لەم خەسڵەتانە هەبێ، گەلێك شتی تێدا دەبینین لە پێناوی مەبەستێکی نادیار ڕێك و پێك کراون. ئەمەش خودی هەڵەکەیە: لە هیچ ڕوویەکەوە جوانی سروشت لەگەڵ جوانی هونەر بەراورد ناکرێ. لێرەدا لەگەڵ کانت هاودەنگین: وەلێ بەرهەمی هونەری هیچ مەبەستێکی تێدا نییە چونکە خۆی مەبەستە. کانت لە لێکدانەوەیدا

وەلێ جوانی هونەری بوونی نییە تەنیا لە کاتی پرۆسەی ئەقڵیدا نەبێت کە پێی دەوترێ خوێندنەوە، پێشتر نووسەر ئەم باسەی ڕاڤە کردووە. ٣- نەك ناتوانین جوانی هونەر و بەها لێك جیا بکەینەوە، بگرە لە سایەی ئەو بەهایەوە نەبێ سەیری ئەم جوانییە ناکرێ. دواتر نرخی کاری هونەری لەو بانگەشەدایە کە ئاراستەی ئازادی خوێنەر دەکرێ. ٤- لە جوانی سروشتیدا مەبەستێك بوونی نییە لە وێنەیەکی مسۆگەردا خۆی بەسەرماندا بسەپێنێ، واتە لە دووتوێی ئەودا شتێك بوونی نییە بە مسۆگەری ڕەنگدانەوەی مەبەستی خولقێنەر بێ، بەڵکو لەبەردەم شرۆڤە و لێکدانەوەی تاکەکەس دایە، جوانی لە سروشتدا لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ دەکرێ، یا دەرئەنجامی ڕێکەوت دەبێ، وەلێ ئەگەر دیمەنی سروشتی بۆ جیهانی هونەر گوازرایەوە ئەوسا مەبەست لە جوانییەکەی دەبێتە ئامانجی نووسەر. ئەم مەبەستەش بۆ خوێنەران بابەتییانەیە، بەڵام نووسەر لە نێوان سنووری زەینگەرایی ڕووت بۆ لێکدانەوەی سروشتی و بابەتگەرایی ڕووتی خوێنەراندا دەمێنێتەوە.

هیچ نرخێك بۆ ئەو بانگەشەیە دانانێ کە لە دەروونی هەر تابلۆ، هەر پەیکەر و هەر کتێبێکدا دێتە درەێ. کانت بڕوای وایە بەرهەمی هونەری سەرەتا بوونی هەیە، دواتر سەیری دەکرێ، وەلێ تاسەیری نەکرێ لە دایك نابێ، ئەوە پێش هەرشتێك بانگەشەیەکی رووت و داوایەکە لە داوایەکانی بوون. بەرهەمی هونەری ئامێرێکی خاوەن بوونی ئاشکرا و مەبەستی بێ سنوور نییە، وەلێ وەك ئەرکێك دەردەکەوێ کە پێویستە خوێنەر پێی هەستێ، - پێش هەر شتێك - لە ریزێك فەرمانی ناهەلّواسراودا رێکخراون. تۆ تەواو ئازادی ئەم کتێبە لەسەر مێزەکە جێبهێڵی، وەلێ ئەگەر کتێبەکەت لێککردەوە، تازە وەئەستۆ گرتووە بەدوایدا بچی. چونکە ئازادی بە خۆشییەکی رەها لەمەڕ ئەو ئەرکانەی هەستی خۆیەتی، تاقی ناکرێتەوە، وەلێ بە کاری داهێنەرانە وەڵامی فەرمانێك لە فەرمانەکان دەدرێتەوە. نیاز لەو مەبەستە رەهایە[2] ئەو پرسە باڵایەیە کە دەرئەنجامی ئازادییە، لە هەمان کاتدا جێگای پەسندیشە- ئەو شتەیە کەپێی دەوترێ بەها. کاری هونەریش بەهایە، چونکە بانگەشەیەکە ئاراستەی خوێنەر دەکرێ. ئەگەر پەنا بۆ خوێنەر بەرم تا هاوکارم بێ لەو پرۆژانەی دەستم پێکردوون، ئاشکرایە بە مرۆڤێکی خاوەن ئازادی رەها و خاوەن توانای داهێنان و چالاکی بێ مەرجی دەزانم. ناشتوانم بەو مانایەی پرسێکی نێگەتیڤە، رووبەڕووی ببمەوە، واتە هەوڵبدەم کاری تێبکەم و بە دەربڕینی — رستەیەك - لەمەڕ هەستی بەزەیی، سۆز و ترس و تورەیی لە دەروونیدا بوروژێنم. نووسەرانێك هەن ئەم کارە دەکەن، چونکە رێنوێنی و ئاراستە کردن بۆ ئەوان ئاسانترە، و لەو رێبازانە شارەزان کە دەتوانن ئەم هەستەی پێ بوروژێنن. لە راستیدا ئەوانیش لە سەر ئەم رێبازەیان رەخنەیان لێدەگیرێ، وەك چۆن رەخنەگران لەمەوبەر لە سەر هێنانی منداڵ بۆ سەر شانۆ[2]رەخنەیان لە یوریبیدس گرت. لە بەرامبەر سۆزێکی ئاشکرادا ئازادی مانای خۆی لەدەست دەدا، ئازادیش — کاتێك لە بڕێك نیمچە هەوڵدا دەدۆزرێتەوە - واز لە ئەرکی یەکەمی دێنێ کە بەرهەمهێنانی مەبەستێکی رەهایە، لەدوای ئەوە نووسەران لە ئامرازێکی پڕ کینە و ئارەزوو بەولاوە، شتێکی تر نابن.

(١) لێرەدا مەبەست بۆخۆی رەها و سەربەخۆیە کە لە خۆیدا پاساوی بوونی خۆی پێیە. بڕوانە
Vocabulaire Technique et Critique dela Philosophie: A.Lalande

(٢) وەك لە شانۆی **ئەندرۆماك دا** هاتووە، کوڕی ئەندرۆماك، **مولۆسۆس** لە سەر سەکۆی شانۆ دەردەکەوێ و داوا لە **منلاوس** دەکات بیکوژێ، ئەمە رێگەیەکی سادەیە بۆ هەڵچوون، راسینی کلاسیکخواز لە شانۆگەرییەکدا بە هەمان ناو حاشای لێدەکات.



نووسەر نابێ بەدوای شتێکدا بگەڕێ، پەرێشانی و ئاژاوەی تێدا بێت، چونکە لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە کێشە. ئەگەر بابەتێکی لە خوێنەران ویست، پێویستە لە ئەرکێك کە خۆیان پێی هەڵدەستن شتێکی تریان بۆ پێشنیار نەکات. ئالێرەدا بەرهەمی هونەری خەسڵەتی بنەرەتی خۆی وەردەگرێ، ئەمە هەر تەنیا پێشنیارە. پێوستە خوێنەر دەرفەتی ئەوەی هەبێت لە بەرهەمی هونەری رابمێنێ، لە دوورییەکی ئەوتۆوە بێ بتوانێ لێی بڕوانێ. ئەمە ئەو تێکەڵ پێکەڵکردنەیە طۆتییة[1] گێلانە ئەنجامیدا و ناوی لێنا هونەر بۆ هونەر. ئەوەی ثارناسین[2] یەکانیش لە بانگەشەکەیاندا تێکەڵیان کردبوو، رزگار کردنی هونەرمەند بوو لە سۆز و هەستەکانی. مەبەستیان لەو کارە تەنیا خۆپاراستن بوو کە طینییة سەرکەوتوانەتر گوزارشتی لێدەکا: بە رەوشت بوونی نووسەرە لە بەرامبەر خوێنەردا. ئەمەش مانای ئەوە نییە نووسەر بانگەشەی ئازادییەك لە ئازادییەکانی پەی پێبردنی ئەبستراکت دەکات. بەڵکو گەڕاندنەوەی داهێنان لە کاری هونەریدا بۆ سۆز: ئەگەر کاریگەر بوو ئەوا لە فرمێسکەکانماندا، ئەگەر خەندەهاوەر بوو ئەوا لە پێکەنینماندا، دەردەکەوێ. وەلێ ئەم هەست و سۆزانە جۆرێکی تایبەتن: بنەماکەیان ئازادییە، خوازراوە و لەسەر زمانی کەسانی تر خراوەتە گەڕ. ئەگەر داستانێکم پەسند کرد ئەوا سەرچاوەکەی ئازادی خۆمە. ئەم پەسەند کردنە جۆرێکە لە بایەخ پێدان، واتە ئازادییەکە ملکەچی — ئارەزوومەندانە - جۆرێکی

(١) تیۆفیل گۆتییە T. Gautier(١٨١١-١٨٧٢) نووسەر و شاعیری فەڕەنسییە، یەکەم کەس بوو دوای ڤیکتۆر هۆگۆ تیۆری هۆنەر بۆ هونەری وەك قوتابخانەیەکی ئەدەبی راگەیاند و بەرگری لێکرد. بی پێی تیۆرییەکەی گۆتییە هونەر ئامراز نییە، ئامانجە، ئەو ئامانجەش تەنیا جوانییە و بەس، جوانی پرسێکی بێ سوودە، هەر شتێك سوودی هەبێت ناشیرنە چونکە نیازە ماددییەکانی ئەوە دەردەخا، نیازی مرۆڤیش کەلە سروشتی بێچارە و داماوی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدا دزێو و سووکە. (و/ فارسی).

(٢) **پارناسییەکان** پەیڕەوی قوتابخانەی **پارناسن** کە لە ساڵ ١٨٦٠ لە فەڕەنسا سەریهەڵداوە. بە بڕوای ئەم گرووپە، هۆنراوە وێناکردنی رۆحی ئەو کەسەیە کە هەستەکانی خۆی لە دەروونیدا خەفە کردووە. رێز و بایەخیان تەنیا بۆ هونەری رووت واتا جوانی رووکار هەبوو. دەڵێن هۆنراوە نابێ نەکەس بێنێتە پێکەنین و نەکەس بگرییێنێ، تەنیا دەبێ جوان بێ و لە خۆیدا بە دوای ئامانجەکەیدا بگەڕێ. بۆ زانیاری پتر لەمەڕ ئەم قوتابخانەیە و تیۆری هونەر بۆهونەر، بگەڕێوە بۆ کتێبی قوتابخانە ئەدەبییەکان، لە نووسینی رەزا سەید حوسەینی. (و/ فارسی)

نەرێنییە، تا لە پشت ئەم قوربانیدانە پلەیەك لە پلەكانی بەرزەفری دەسكەوێ. لێرەدا خوێنەر خۆش باوەڕە، بەناخی ئەو خۆش باوەڕییەدا ڕۆدەچێ، وا دەزانی ئەو شتانەی دەوروبەری خەونن، وەلێ لە هەر چركەساتێكدا لە ئازادی خۆی ئاگادارە. زۆرجار نووسەر دەكەوێتە ڕاڕایی: (*ئەگەر مرۆڤ باوەری بە داستانەكەت هێنا، ئەوا هەڵەیەكە لێبووردنی تێدا نییە، ئەگەر بڕواشی نەهێنا ئەوا بەرهەمە هونەرییەكەت دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی*)، وەلێ ئەمە هەڵسەنگاندنێكی گێلانەیە: چونكە خەسڵەتی هزری هونەری بڕوایەكە لە ڕێگای پاپەندی و پەیمان، بڕوایەكە پەیوەستە بە وەفاداری بۆ ئەو بڕوایە و بۆ نووسەر، ئەوە بڕوایەكی ئارەزوومەندانەیە و بەردەوام لە نوێ بوونەوە دایە. لە هەر ساتێكدا دەتوانم بەخەبەر بێم، ئاگاداریشم، وەلێ نەم گەرەكە. كەواتە خوێندنەوە خەونێكە مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی ئەو خەونە دەبینێ، بەومەرجەی تێكرای ئەو سۆزە بوێرانەیە لە پانتایی ئەم بڕوا خەیاڵییەدا، وەك ئاوازی ئازادی تایبەت بە خۆمن، ئەو ئاوازانەش بە دوورن لەوەی بتوانن ئازادیم بخنكێنن یا گۆشەگیری بكەن، وەلێ هەریەكەیان شێوازێكن ئازادیم هەڵیبژاردوون، تا حەقیقەتی خۆی بۆخۆی ئاشكرا بكا. وەك پێشتر وتم ڕاسكۆلنیكۆف لە تارماییەك بەولاوە شتێكی تر نەدەبوو ئەگەر لە دەروونی خۆمدا تێكەڵم نەكردبا لەگەڵ ئەو دوو هەستەی بێزاری و ڕاستگۆیی كە بەهۆیانەوە بۆتە كەسایەتییەكی زیندوو. جگەلەوە خەسڵەتی بابەتە خەیاڵییەكان ئەوەیە، دەكرێ لە لایەكی ترەوە سەیریان بكرێ: ئەوە ڕەفتاری ڕاسكۆلنیكۆف نەبوو پەستی دەكردم یا هانیدەدام ڕێزی بگرم، بەڵكو پەستی و ڕێزم بوون، بەردەوامی و بابەتگەراییان بە ڕەفتاری دەبەخشی. لەبەر ئەوە بابەتی خەیاڵ هەرگیز دەست بەسەر سۆزی خوێنەردا ناگرێ، هەر وەك چۆن هەر ڕاستییەكی دەرەكی ناتوانێ ئەو سۆزە سنووردار بكات. چونكە سەرچاوەكەی هەمیشە ئازادییە، بەو مانایەی هەموویان سۆزی بەجێن، مەبەستم لە سۆزی بەجێ ئەوەیە كە سەرچاوە و نیازی ئازادی بێت. كەواتە خوێندنەوە وەرزشێكی زەینی باشە. ئەوەی نووسەر لە خوێنەر داوای دەكا، بەكار هێنانی ئازادی نییە بە مانا ئەبستراكتەكەی، بەڵكو خوازیارە هەموو كەسایەتی خۆی پێ ببەخشێ، لە سۆز و نیاز و مەیل و سروشتی سێكسی و مەزندە كردنی بەها. ئەم خوێنەرە، لە سەخاوەتمەندییەوە نەبێ خۆی بە نووسەر نابەخشێ، چونكە ئازادی لە كاتی خوێندنەوەدا بە ناخی هەموو ڕەهەندەكانی خۆێنەردا ڕۆدەچێ، تاریكترین لایەنە هەستیارەكانی دەگۆڕێ بۆ شتێكی تر. چۆن خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا پابەند بوو بە لایەنی نەرێنی تا بە باشترین شێوە بەرهەمێكی ئەدەبی



بۆخۆی بخولقێنێ، هەر بەو شێوەیەش لە كارێكی ئەرێنیدا ئەم نەرێنییە لای ئەو مەحاڵ دەبێ، ئەو كەسەی دەخوێنێتەوە تا بەرزترین پلە بەرز دەبێتەوە. بۆیە كەسانی دڵڕەق، بە هۆی ئەو داستانانەی جۆرەكانی هەژاری خەیاڵی وێنا دەكەن، فرمێسكیان دێتە خوارێ. كەواتە ئەوانە ئەگەر هەموو ژیانیان بە رووپۆش كردنی ئازادی خۆیان بەسەر نە بردبا، ژیانیان ئەوە دەبوو كە لەو چركەساتەدا دەركەوت.

بەم شێوەیە نووسەر دەنووسێ تا نووسراوەكەی ئاڕاستەی ئازادی خوێنەرانی بكات تا داوایان لێبكات بەرهەمە ئەدەبییەكەی وەدیبێنن، وەلێ لەم ئاستەش ناوەستێ، بەڵكو خوازیارە ئەو متمانەیەی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ بكەن كە پێی بەخشیون، دان بە ئازادییە داهێنراوەكەیدا بنێن، بەرۆڵی خۆیان، بە بانگەشەیەك كە بەرامبەر بانگەشەكەی ئەوبێت، بیوروژێنن، دەنگ بداتەوە. لە ڕاستیدا لێرەدا خەسڵەتێكی سەیری تر لە خەسڵەتە لۆجیكییەكانی خوێندنەوە ڕەنگ دەداتەوە، ئەویش ئەوەیە: بە ئەندازەی ناسینی ئازادی خۆمان ئازادی ئەوانی تریش دەناسین، بە ئەندازەی داوایان لێمان داوامان لێیانە.

كە دیمەنێكی سروشتی سەرنجم ڕادەكێشێ، دەزانم ئەوە من داهێنەری نیم، وەلێ دەزانم ئەگەر من نەبم، هەرگیز ئەو پەیوەندییانە بوونیان نابێ، كە بە هۆی ئەوانەوە ڕوانینم، درەخت و گەڵا و زەوی و گژوگیا بەیەكەوە دەبەستێتەوە، دەشزانم من ناتوانم هۆكارێك بۆ دیمەنێكی مەبەستگەرا بخەمە ڕوو كە تیایا هاوئاهەنگی ڕەنگەكان و تەبایی شێوە و ئەو جموجوڵانە دەدۆزمەوە، كە شنەی با لەو دیمەنەدا دەیوروژێنێ. كەچی سەرەڕای ئەمە، دیمەنەكە لە ئارادایە، ئەوەتا لە بەر چاومە. كەواتە ناتوانم وارەفتار بكەم شتێك بهێنمە ئارا كە پێشتر نەبووبێ. تەنانەت ئەگەر ئیمانداریش بم ناتوانم پەیوەندییەك - مەگەر تەنیا زۆر بڵێی بێ — لەنێوان حیكمەتی ئیلاهی لەم دونیایەدا و ئەو دیمەنە تایبەتییەی دەیبینم[1]، وەدینێنم. ئەگەر گوتم ئەوە خوا دروستی كردووە تا پێی خۆشحاڵ بم، منی دروست كردووە بۆ ئەو دیمەنە، ئەوسا

---

(١) واتە لە ڕووی جوانییەوە لەو دیمەنە تایبەتەدا، دەكرێ ڕەنگەكان بەڵگەمەند بكرێن، وەك شینی ئاو بە هۆی قووڵی ڕووبارەوە، یا بەشەكانی دیمەنە جوانەكە بە ڕێكەوت بەیەك گەیشتوون، وەك دیمەنی دارودرەختی دەم ڕووبار و داوێنی چیای لوتكەی سەركەش... ئەم جوانییەی دیمەنێكی تایبەتییە لە سروشتدا، لایەنەكانی لێكدانەوەی زۆر دەبن، مەبەستەكەی مسۆگەر و یەك قسە نییە. لەو بوارەدا نووسەر بەرپەرچی (كانت) دەداتەوە..

ئەوە دانانی وەڵامە لە جێگای پرسیار. ئایا جوتێن لە نێوان شین و سەوزدا مەبەستدارە؟ چۆن بزانم؟ بیرۆکەی ئیلاهی شرۆڤە ناکرێ شرۆڤەیەکی گومانبڕ، مەبەستێکی تاکییە، بە تایبەتی ئەو حاڵەتەی بە تەمای هەین، دەکرێ گیای سەوز بە پێی یاساکانی زیندەوەرناسی و بە پێی گەلێك خەسڵەتی نەگۆڕ بە پێی ئەو فاکتەرە جوگرافیانەی دەیسەپێنن، شرۆڤە بکرێت، لەکاتێکدا رەنگی شین لە ئاودا مانای قووڵی رووبار یا دۆخی رۆیشتنی ئاو دەگەینێ. تەبایی رەنگەکان - ئەگەر مەبەستدار بێت — بە شتێکی لاوەکی ناژمێردرێ، چونکە ئەوە بە یەك گەیشتنی دووزنجیرە هۆگەرایی رووداون، واتە -سەرەتا- وا دەردەکەوێ کە لەدایك بووی رێکەوتە. بە باشترین مەزندەکردن، مەبەستگەرایی لە بابەتی مشتومڕ خاڵی ناکرێتەوە، دەمێنێتەوە هەر پەیوەندییەك کە لەگەڵ شمەك بە یەکیانەوە دەبەستێت، یەکێکە لە پەیوەندییە گریمانەکراوەکان. لێرەدا مەبەستێك نییە سەپاندنی خۆی بەسەرماندا مسۆگەر بکا، چونکە شتێکی وای تێدا نییە رەنگدانەوەی نیازی داهێنەری تێدا مسۆگەر بێ. لەبەر ئەوە جوانی سروشتی لە هەرشتێکدا، بە بانگەشەیەك بۆ ئازادیمان ناژمێردرێ، یا بە گوزارشتێکی وردتر: لە تێکڕای درەختە گەڵادارەکان و شێوە و جوڵانیان نەزمێکی رووکار هەیە، واتە بانگەشەیەکی خەیاڵی کە گوایە ئەم ئازادییە دەوروژێنێ، کەچی هێندەی پێناچێ لە بەر چاومان بزر دەبێ، پێش ئەوەی دووبارە چاو بەو نەزمەدا بخشێنینەوە، ئەو بانگەشەیە نامێنێ، دوای ئەوە دەبینین ئازادین لە بەستنەوەی ئەم یا ئەو رەنگە بەم یا بەویتر، هەروەها ئازادین لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان درەخت و ئاو، درەخت و ئاسمان، یا لە نێوان درەخت و ئاو و ئاسمان. ئازادییەکەم دەبێتە حەزێك لەو حەزانەی بێ سنوورن. بەو ئەندازەی پەیوەندی نوێ دروست دەکەم لەنێوان ئەو شتانەی دەیانبینم، هەربەو ئەندازەیەش دوور دەکەومەوە لەو بابەتگەراییە خەیاڵییەی، بانگەشەی ئاڕاستەکراوی ئازادی خۆمی تێدا دەبینم. هێشتا (خەون ) بە برێك لە پاساوی هەبوونی ئەم دیمەنەوە دەبینم کە لە بوولێڵی نێوان شتەکاندا بەدیم دەکرد. واقیعی سروشتی تەنیا بەهانەیە بۆ خەونەکانی خەیاڵ. بەداخەوەم لەمەڕ ئەوەی لە چرکەساتێکی تێپەردا لەو ستستمەدا پەیم پێبرد، نە بەرهەمی رێنوێنی هیچ کەس و نە راستییەکی نەگۆڕ بوو تا خەسڵەتی بەردەوامی بە خەونەکەم ببەخشم و لە تابلۆ یا کتێبەکەمدا تۆماری بکەم.

بەوهۆیەوە خۆم بەواسیتەیەك دادەنێم لە نێوان مەبەستگەرایی بێ مەبەست لە دیمەنە سروشتییەکاندا و تێڕوانینی خەڵکی بۆ ئەو دیمەنانە. من ئەم مەبەستگەراییەیان بۆ



دەگوێزمەوە، بەو گواستنەوەیە مەبەستەکە دەبێتە مەبەستێکی مرۆیی. هونەر لێرەدا بریتییە لە رەوتی دەرهاویشتنی ئیلهام، ئیلهامیش خۆی زامنی پرۆسەی لێکدانەوەیە. لێرەدا شتێکی بەهەمان شێوە روودەدا لەمەڕ گواستنەوەی ناوی رەچەڵەك وەك ئەو مافەی پیاو هەیەتی بۆئەوەی لە ژنەکەی جیاواز بێت، لە زنجیرەی رەچەڵەکدا دایك ناوی نابرێ، وەلێ نێوبەندێکی پێویستە لە نێوان خاڵ و خوشکەزا. کە من توانیم ئەو خەیاڵە زووتێپەرە بگرم، بە بیر و هزری خۆم پێشکەشی ئەوانی تری بکەم، پێویستە ئەوانیش بایەخی پێبدەن و متمانەی پێبکەن، چونکە بۆتە روانگە.[1]. وەلێ من گومانم نییە لە سنووری زەینی و بابەتگەراییدا دەمێنمەوە بە بێ ئەوەی بتوانم لەو نەزمە بابەتییە رابمێنم کە خۆم ئامرازێکی گواستنەوەی بووم.

لێرەدا خوێنەر بە پێچەوانەوە، بە ئاسوودەیی بەرەو پێش دەڕوا، کەچی هەرچۆنێك چاو بە رەهەندەکەیدا دەخشێنم، دەبینم نووسەر لە پێش خوێنەرەوەیە: هەرچەند پەیوەندی لە نێوان بەشە جیاجیاکانی کتێب - یا لەنێوان بەشەکان و وشەکان - وەدیبێنێ، گومانی تێدا نییە کە هەموویان بە ویست و ئیرادەیەك دارێژراون. تەنانەت ئەگەر خوێنەر بتوانێ — بە پێی لێکدانەوەی دیکارت- بانگەشەی ئەوە بکا، نەزمێکی شاراوە لە نێوان بەشەکاندا هەیە کە بەڕواڵەت نارێکن، وەلێ نووسەر لەم بوارەشدا پێش خوێنەر کەوتۆتەوە کە ئەو شتەی لە بنەرەتی جوانییدا نارێکە، هۆی کاریگەری هونەرە، واتە نەزمێکە بە دیوێکی دیکەدا.

خوێندنەوەش خۆی، بەڵگە هێنانەوە، لێپرسینەوە و بەڵێنە، بناغەی تێکڕای ئەم جۆرە چالاکییانە لەسەر ئیرادەی نووسەر بەندە، بەو شێوەیەی خەڵك ماوەیەکی دوور و درێژ پێیان وابوو (استقراء) بەڵگەهێنانەوەی زانستی دەگەرێنێتەوە بۆ ویستی ئیلاهی. لەیەکەم لاپەڕەوە تا دوا لاپەڕەی کتێبەکە ئیرادەی نووسەر لەگەڵماندایە و دەبێتە پایەیەك بۆمان و پێی خۆشحاڵین. ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە بە ئاسانی پەی بە مەبەستەکانی هونەرمەند دەبەین، ئەو مەبەستانە - وەك پێشتر وتمان - بواری مەزەندە کردنن، دوایی لە تەك ئەودا ئەزموونی خوێندنەوە مەزندە دەکرێ. وەلێ مەزندە کردنی خوێنەر دەکەوێتە سەر بڕوای قووڵی بەوەی، ئەو لایەنانەی جوانی کە لە کتێبەکەدا دەردەکەون، هەرگیز بەرێکەوت نەبوون. لە

(١) وەك لەمەو پێش نووسەر باسیکردووە مانای ئەوەیە کتێب وەك داهێنەری کارێکی هونەری مەبەست، دیاریکراوە.

سروشتدا هەمئاهەنگی لەنێوان درەخت و ئاسمان بە ڕێکەوتە. بە پێچەوانەوە لە داستاندا، ئەگەر پاڵەوانەکان لە دۆخێکی تایبەتی یا لە بەندیخانەیەکی تایبەتدا خۆیان دۆزییەوە، لە باخچەیەکدا سەیرانیان کرد، هاوکات دوو مەبەست دەگەیەنێ: ژیاندنەوەی زنجیرەیەك هۆکاری سەربەخۆ (پاڵەوانەکە لە دۆخێکی تایبەتی بیرکردنەوەدا بووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی، و هەروەها لە سەر شوێنێکی تایبەت دوودڵە، وەك چۆن شێوەی نەخشەی شارێك ناچاری دەکات بە باخێکدا تێبپەڕێ)، و گوزارشت کردن لە مەبەستگەرایییەکی زۆر قووڵتر. چونکە باخچەکە لە کاری ئەدەبیدا نایاتە هەبوون مەگەر لەگەڵ دۆخێکی دەروونی دیاریکراودا بگونجێ، تا دەلالەت لە بەڵگەمەندی شتەکان بکات، وەیا لە ڕێگەی دژپێکی ئاشکرادا دەرکەوێ، جگە لەوە خودی دۆخی دەروونی لە پەیوەندی کردن بە دیمەنی سروشتییەوە نەبێ دەرك ناکرێ. هۆکارگەرایی ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکان، دەتوانین ناوی بنێین **هۆکارگەرایی بی هۆ**، وەلێ مەبەستگەرایی ڕاستییەکی قووڵە. خۆ ئەگەر توانیم بەو هۆیەوە پرسی مەبەستەکان ملکەچی نەزمی هۆکارەکان بکەم ، لەبەر ئەوەیە — کە کتێب دەکەمەوە — دڵنیام سەرچاوەی ئەو کتێبە ئازادی مرۆڤە. ئەگەر هونەرمەندم تاوانبار کرد کە ئەو شتەی دەینووسێ بە هەوەسی خۆی و لە پێناوی ئارەزووی خۆی دایە، یەکسەر متمانەی خۆم لەدەسی دەدەم، چونکە ئیتر پاڵپشتی نەزمێکی هۆکارگەرایی بە نەزمێکی مەبەستگەرایی، بێ سوودە، نەزمی مەبەستگەرایی بە ڕۆڵی خۆی دەکەوێتە سەر هۆکارگەرایی دەروونی و لەم کاتەدا کاری هونەری دەکەوێتە خانەی زنجیرەیەك پرسی پێشوەخت ئاڕاستەکراو، ئاراستەیەکی کۆنترۆڵ کراو. بەڵێ کاتێك دەخوێنمەوە نکۆڵی لەوە ناکەم کە نووسەر ناتوانێ لە سۆزەکانی خۆی ڕزگاربێت، بەڵکو لە ژێر سۆزسالاریدا پەی بە هێلە سەرەتاییەکانی نووسینەکەی بردووە. وەلێ ساغ بوونەوەی لەسەر نووسین گریمانەی ئەوە دەدا بەدەستەوە کە خەریکە لە ژێر کۆنترۆڵی سۆز دوور دەرباز بێ، یا بەواتایەکی تر: خەریکە سۆز و هەستەکانی دەگۆڕێ بۆ سوز و هەستی ئازاد، وەك من چ بە هەستەکانم دەکەم کە دەیانخوێنمەوە، واتە باش مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. بەم پێیە خوێندنەوە دەبێتە ڕێککەوتنێکی شایستە و سەربەخۆی نێوان نووسەر و خوێنەر، هەریەکەیان بڕوا بەئەویتر دەکات و پشتی پێدەبەستێ، ئەوەی لە خودی خۆی دەخوازێ لەویشی دەخوازێ، چونکە ئەم متمانەیە لەخۆیدا جوامێری و ئازادییە: لەبەر ئەوەی شتێك نییە نووسەر ناچار بکات بڕوا بکا خوێنەرەکەی لە خوێندنەوەدا پشت بە ئازادی خۆی دەبەستێ، نە شتێکیش هەیە خوێنەر بڕوا



بکا نووسەر لە نووسیندا پشتی بە ئازادی خۆی بەستووە، ئەوە بڕیارێکی سەربەخۆیە هەردووکیان دەیدەن. بەم پێیە لۆجیکێکی نەپساوە و بەرامبەر لە نێوانیاندا دێتە ئاراوە. کاتێ دەخوێنمەوە من خوازیارم، ئەوەی کە دەیخوێنمەوە - ئەگەر ئارەزووەکانی تێرکردم - ئەوا بەردەوام دەبم لەسەر خواستەکەم لە نووسەر، مانای ئەوەیە من داوا لەنووسەر دەکەم پێ بە پێی من بێت داوای ئەو شتە بکات کە لە منی دەوێ، لە پاداشتی ئەمەشدا ئەوەی نووسەر لە من داوای دەکات، مانای وایە من بەو پێیە دەڕۆم تا ئەوەی داوای دەکەم دەیگەیەنمە باڵاترین پلە. بەم شێوازە ئازادیم - کاتێك دەدرەوشێتەوە - لە ئازادی بەرامبەرەکەم جیا دەبێتەوە.

بەلامەوە گرینگ نییە ئاخۆ کاری هونەری دەرئەنجامی هونەرێکی ڕیالیستییە (یا بانگەشەیە بۆ هونەری ڕیالیستی) یا دەرئەنجامی هونەری وێنەکێشانە. هەرچۆنێك بێت گەلێك پەیوەندی سروشتی لە کاری هونەریدا پێچەوانەن. ئەم درەختەی لە سەر سینگی تابلۆی سیزان[1] ی وێنەکێشە، وادەردەکەوێ دەرئەنجامی بە دواییەکدا هاتنی هۆکاریی بێت، وەلێ هۆکارگەرایی لە وەهم بترازێ شتێکی تر نییە، دیارە — گومانی تێدانییە- تا لە تابلۆکە بڕوانین وەك پێشنیارێك ئاڕاستەی ئێمە دەکرێ، وەلێ لە سەر پایەی مەبەسگەرایییەکی قووڵ دەوەستێ. بەڵام ئەگەر دارەکە هەرئاوا لە شوێنی خۆیدا دانرا، لەبەر ئەوەیە تابلۆیەکە پێویستی کردووە ئەو شکڵە و ئەو ڕەنگانە لەسەر سینگی دابنرێن. ئاوەها - لە چرچ و لۆچەکانی هۆکارگەراییدا وەك ڕواڵەتێك - سەرنجمان وەك بنەمای کاری هونەر قووڵ بەرەو مەبەستگەرایی دەڕوات. لە پشت ئەم مەبەستگەراییەوە سەرنجمان بەرەو ئازادی مرۆیی دەچێ کە بە سەرچاوە و بنەمای سەرەکی ئەم کارە دادەنرێ. ڕیالیزمی ظیرمیر[2] ئەوەندە قووڵە تەنانەت مرۆڤ لە یەکەم چاوپێکەوتندا وادەزانێ هونەری وێنەکێشانە. وەلێ ئەگەر سەیری درەوشانەوەی ئەو کەرەستانەمان کرد کە تابلۆکەیان پێك هێناوە، سەیری شەوقی ئەو دیوارۆکانەمان کرد کە لە خشتی گوڵی مەخمەری دروستکراون، ئەو شینییە تۆخەی لقی

(١) Paul Cezanne (١٨٣٩-١٩٠٦) وێنەکێشێکی فەڕەنسییە لە قوتابخانەی کاریگەرگەرایی، ڕەخنە هونەرییەکانی بە بنەمای ئەو یاسایانە دادەنرێ کە قوتابخانەی شەشپالوگەری (المدرسە التکعیبیە) و تێکرای بزووتنەوە نوێکانی هونەری لەسەر دامەزراوە.

(٢) Vermmer (١٦٣٢-١٦٧٥) لە وینەکێشە هەرە ناودارەکانی هۆڵەندایە، لە کێشانی وێنەی دیمەنە سروشتییەکان لە هەموویان لێهاتووترە.

لاولاو، یا بریقانەوەی دیوارەکان لە تاریکایی ڕاڕەوەکاندا، یا پێستی نارنجی ئەو دموچاوە ساف و لووسانەی وێنەیان دەکێشێ، کە دەڵێی لە مەڕمەڕ دروستکراوە، ئەگەر سەیری هەموو ئەوانەمان کرد، کتوپڕ شادییەك دامان دەگرێ و هەست دەکەین مەبەستگەرایی لە شکڵ و ڕەنگ دا نییە ئەوەندەی لە خەیاڵی وێنا کراودا هەیە. خودی کاکڵەی شمەك و مادەکەی هۆکاری بوونی شکڵن. ئێمە لەبەردەم تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەدا، لە بەرهەمێکی هونەری ڕەها زۆر نزیکین، چونکە لە نەرێنیگەرایی ماددیدا ئازادی قووڵ و بێ بنی مرۆڤ دەدۆزینەوە.

کەواتە سنووری کاری هونەری بە هونەری وێنەکێشراو، کۆڵراو یا هەڵکەنراو، کۆتایی نایات. یا لەم جیهانەدا پەی بە شتەکان نابرێ تەنیا لە شوێنی خۆیاندا نەبێ، هەروەها ئەوبابەتانەی هونەر پێشکەشیان دەکات پەیوەندی توندوتۆڵیان بە جیهانەوە هەیە. لە پشتەوەی پیلانەکانی فابریس لە ساڵی ١٨٢٠، ئیتالیا، نەمسا و فەڕەنسا دەبینران، لە پشتەوەی ئاسمان و ئەو ئەستێرانەی باوا بلانیس لێیانی دەڕوانێ، تێکڕای زەوی دەبینرا. ئەگەر هونەرمەند کێڵگەیەك یا گوڵێکمان پێشکەش بکات، تابلۆکانی دەبنە ئەو پەنجەرانەی بەسەر هەموو جیهاندا دەڕوانن. ئێمە زۆر لەوە دورتر ملی باریکە ڕێگای ناو ئەو مەرەزەیە دەگرین کە (ظان طوغ)[1] وێنەی کیشاوە، لەم پێچ و خەمی تێپەرینەدا لەنێوان پەڵە گەنمی تر و لە ژێر پەڵە هەوری تردا ڕۆدەچین تا دەگەینە ئەو رووبارەی دەرژێتە ناو دەریا، لەو بەدواداچوونەماندا تا بێ کۆتایی دەڕۆیین، تا دەپەڕینەوە بۆ ئەو بەری جیهان، تا قووڵایی زەوەی کە بناغەی کێڵگەکان و بنەمای مەبەستگەراییە. ئابەم شێوەیە ئامانجی کاری بەرهەمهێنی هونەرمەند لە بڕێك شمەکدا کە دەیخولقێنێ یا دووبارە دەیخولقێنێتەوە، نوژەنکردنەوەی تێکڕای جیهانە. تابلۆ و کتێب هەردووکیان نۆژەنکردنەوەی تێکرای بوونن، هەردووکیان لەبەردەم ئازادی بینەردا نوێنەری کۆمەڵەی بوونن. چونکە ئامانجی مەبەستگەرایی هونەر، دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەم جیهانەیە، وەلێ بەو مەزندەیەی لە مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە. لەبەر ئەوەی نووسەر بەرهەمی دێنێ، ڕاستییەکی (بابەتییانە) وەخۆ ناگرێ تەنیا لە ڕوانگەی بینەرەوە نەبێ، کەواتە ئەم نۆژەنکردنەوەیە پەیوەستە بە پرۆسەی نومایش کردنی کارە هونەرییەکان، بە تایبەتی پرۆسەی خوێندنەوە. هەنووکە ئێمە لە

(١) Van Gogh (١٨٥٣-١٨٩٠) وێنەکێشێکی هۆڵەندییە، ناودارە بەو تابلۆیانەی لەمەڕ سروشت و کەسایەتییەکاندا کێشاویەتی.



ڕابردوو ئامادەترین بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کەمێك پێشتر لەمەڕ هەڵبژاردنی نووسەر ئاراستەمان کرد، ڕووکردنە ئازادی ئەوانی تر لەناو خەڵکدا، بەو مەرجەی پێکەوە بتوانن - بەهۆی ئەو پەیمانە هاوبەشەی لە نێوان خەڵك و نووسەردا هەیە- گەردوون بکەن بە موڵکی مرۆڤ، و مرۆڤایەتی بۆ جیهان دەستەبەر بکەن.

ئەگەر بمانەوێ لەوە پتر بڕۆیین پێویستە لە بیرمان بێ نووسەر — وەك هونەرمەندەکانی تر — ئامانجی ئەوەیە هەستێك ببەخشێت بە خوێنەرەکانی کە پێیدەوترێ چێژی هونەری، من بە باشی دەزانم ناوی بنێم (شادی هونەری). ئەم هەستەش کاتێك دەردەکەوێ کە کاری هونەری کامڵ بووبێ. کەواتە لەجێی خۆیدایەتی ئەم شادییە لەسەر ڕۆشنای بیر و بۆچوونەکانی پێشوو تاوتوێ بکەین. لە ڕاستیدا ئەو شادییەی لەگەڵ هەست پێکرانی، لە بەرهەمهێنەر یاخی دەبێت و لەگەڵ هۆشی هونەری بینەر دەبن بەیەك، ئەو بینەرەش - کە ئێمە مەبەستمانە - خوێنەرە. هەستێکی ئاڵۆزە، وەلێ چەند ئاکار و مەرجی ئەوتۆی هەیە لێکدی جیا ناکرێنەوە. سەرەتا لەگەڵ ناساندنی مەبەستێکی باڵای ڕەها یەکسانە، کە بۆ چرکەساتێك پێش بە لێشاوی بەرژەوەندیزای مەبەستەکانی ئامرازی و ئامرازەکانی مەبەستگەرا، دەگرێ:

***لە ذیانی ثراکتیکیدا هەر ئامرازێك دەشێ ببێتە مەبەستێك، کاتێك مرۆظ ثەنای بۆ دەبات، هەر مەبەستێکیش دەبێتە ئامرازێك بۆ وەدەسهێنانی مەبەستێکی تر.***

واتە گرفت دەخاتە بەردەم ئەو بانگەشەیەی ئاڕاستەی خوێنەر دەکرێ، یا ئەوشتەی پێی دەوترێ بەهایەك لە بەهاکان. وەك نیازمەندی، ئەو هۆشە بەئاگاییەی[1] لەبەرامبەر ئەم بەهایەدا وەرگیراوە هۆشی نائاگای یاوەرییەتی، ئەویش هۆشی پەیبردنە بە ئازادیم، چونکە ئازادی بە ئیرادەیەکی بەرز نەبێ، ڕێگەی خۆی ناگرێتە بەر. ڕێنوێنیش بەرەو ئازادی لە خۆیدا شادییە، وەلێ بنەمای ئەم هزرە خودییە، هزرێکی تر وەخۆ دەگرێ: لە ڕاستیدا خوێندنەوە وەك خولقاندنی کاری هونەری وایە، لەبەر ئەوە ئازادیم نەك هەر تەواو سەربەخۆ، بەڵکو وەك

(١) هزری دۆخگەرایی ئەو بیرۆکەیە کاری ئەدەبی وەك پێشنیارێکی سنووردار و ئاراستەی ئازادییەکەی، دەیسەپێنێ بەسەر خوێنەردا. هزری غەیری نا دۆخگەرا کە لەگەڵ هزری یەکەمدایە، بیری هەستکردن بە ئازادییە لە بەرامبەر هەڵویستێکی تایبەت. ئەم هزرەی دواییش بە تێکڕایی بێبەرییە لە ئازادی مرۆیی، وەك چۆن هەر هەڵویستێکی تاکی بێبەرییە لە مانای مرۆیی بەگشتی.

هێزێکی داهێنەریش خۆی دەنوێنێ، واتە لە سنووری یاسایەکی تایبەت بەخۆیدا ناوەستێ، دەگاتە ئەوەی بە ماکی (جەوهەری) کاری هونەری لەقەڵەم بدرێ. لە راستیدا دیاردەی جوانگەرایی لەم ئاستەدا دەردەکەوێ، واتە ئەو داهێنانە هونەرییە لە روانگەی خوێنەرەوە وەك بەرهەمهێنەری بابەتەکە، دەردەکەوێ. ئەمەش ئەو حاڵەتە دەگمەنیە کە داهێنەر[(٢)] چێژ وەردەگرێ لەو بابەتەی بەرهەمی هێناوە. وشەی چێژ کە لەهەمبەر بابەتی خوێنراوەدا بەسەر هۆشی بە ئاگادا دەسەپێ، بەسە بۆ دەلالەت کردن لەوەی کە ئێمە لە بەرامبەر خەسڵەتێکی جەوهەری شادی هونەریداین. ئەم چێژە بەئاگایە لای خوێنەر هۆشێکی نائاگای لەگەڵدایە، ئەویش ئەو هزرەیە کە فاکتەرێکی بنەرەتییە بۆ ئەو بەرهەمە هونەرییەی خوێنەر بە کاکڵەی دادەنێت. دەکرێ هزری هونەری ناوبنێم هەستی ئاسوودەیی، چونکە بەرگێگی ئارام بەبەر بەهێزترین هەست و سۆزی هونەری دا دەکات. بنەمایەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وەدیهێنانی تەبایی تەواو لە نێوان زەینطەرایی و بابەتطەرایی دا. لە لایەکی تریش: بابەتی هونەر لە بنەڕەتدا جیهانە کە وەك ئامانجێك لە پشت بیرکردنەوەکانی هونەرمەندەوەیە، شادی هونەری هزری بابەتی لەگەڵدایە، بەو مانایەی جیهان بەهایەکە لە بەهاکان، واتە ئەرکێکە دەخرێتە ئەستۆی ئازادی مرۆیی. ئەمەش ئەوەیە کە ناوی دەنێم: گۆڕانی هونەرمەندانەی پرۆژەی مرۆیی، چونکە جیهان وەك ئاسۆیەك[(١)] لە پشت هەڵویستەکانماندا دەردەکەوێ یا وەك ماوەیەکی بێ کۆتایی کە لەخۆمان جیامان دەکاتەوە، یا وەك ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵێك بیرۆکە بێت، یا کۆمەڵێك گرفت و ئامراز بن پێکەوە، وەلێ هەرگیز وەك بابەتێکی ئاڕاستە کراوی ئازادی ئێمە دەرناکەوێ. بەم شێوەیە شادی هونەری دەگاتە ئەو ئاستە، لەبەر ئەوەی لە هزرەوە دەرچووە، دەتوانم ئەو شتانە چێبکەم و بنیاد بنێم کە بە تەواوی لەدەرەوەی خودی دایە، کەواتە من بیرۆکەکان دەگۆڕم بۆ فەرمان، و واقیع دەگۆڕم بۆ بەها، جیهان ئەرکی سەرشانی منە، واتە ئەو ئەرکە سەرەکییەی لە هەمبەر ئازادیدا وەرمگرتووە — بەوردی- ئەوەیە تەنیا بابەتە رەهاکەم بخەمەڕوو کە جیهانە، بە بزاوتێکی بێ مەرج بەرەو خەڵك بیبەم.

(٢) داهێنەر ئەو خوێنەرەیە بە پرۆسەی خوێندنەوە کە پێشتر باسمان کرد کارێکی ئەدەبی دێنێتە هەبوون.

(١) لە هەڵویستێکی دیاریکراودا، لە پشت ویژدانی ستەم لێکراوێکەوە، مانای دادگەری و ویژدانی رەها، ئارەزووی گۆڕینی هەر دیاردەیەکی ستەم لە هەرشوێنێك بێت، دەبینرێ، وەلێ لە پشت هەڵویستێکی تایبەتی.



ئەمەش لەبەر ئەوەی خەسڵەتەکانی پێشوو پەیمانێك لە نێوان ئازادییە مرۆییەکان لە ئامێز دەگرن، ئێمە لە لایەك دەبینین خوێندنەوە لە رووی متمانە پێکردن و پێویست پێبوون، داننانە بە ئازادی نووسەردا: لەلایەکی تریش شادی هونەری (المتعة الفنیة) وەك چۆن خوێنەر وەك بەهایەك لە بەهاکان هەستی پێدەکات - بابەتێکی گشتی سەبارەت بە ئەوانی تر تێدایە: ئەوەیە هەر مرۆڤێك بەو مانایەی تەواو ئازاد بێت، کاتێك هەمان کتێب دەخوێنێتەوە هەست بە هەمان چێژ دەکات، ئاوەها مرۆڤایەتی بەگشتی لە شکۆمەندترین ئازادی خۆیدا دەردەکەوێ، چونکە بڕیاری جیهانێك دەدات بۆ خوێنەر کە جیهانی خۆیەتی و هاوکات جیهانی دەرەوەی خۆیەتی. لە کاتی شادی هونەریدا هزری تایبەت بە بابەتی خوێنراوە، هزرێ وێنا کردنی جیهانە بە گشتی، وەك چۆن هەیە و دەبێ لە یەك کاتدا، بەو پێناسەیەی ئەم جیهانە هاوکات موڵکی ئێمەیە و نامۆیە بۆمان، دواتر پتر لەوەی نامۆ بێ بۆمان، خۆمان بە خاوەنی دەزانین. لە راستیدا هۆشی نائاگا کۆمەڵێك ئازادی مرۆیی دەگرێتەوە کە بابەتی متمانە و پێویستی خەڵکن.

کەواتە نووسین، دۆزینەوەی جیهانە، پێشنیاری خوێندنەوەشی ئەرکێکە خوێنەر پێی هەڵدەستێ. پەنابردنی نووسەرە بۆ بەر ویژدانی ئەوانی تر تا بە فاکتەرێکی سەرەکی گەردوون بناسرێ. ئارەزووی نووسەرە تا بە هۆی دانپیانانی خەڵکەوە، زیندووی رابگرێ. - لەلایەکی ترەوە- لەبەر ئەوەی جیهان لە رێگەی کارەوە نەبێ نهێنییەکانی دەرناکەوێ، مرۆڤ ناتوانێ لە وێدا هەست بە بوونی خۆی بکات، مەگەر بەمەبەستی گۆڕین لێی تێپەڕێ، کەواتە جیهان تەنکاوە ئەگەر لە داستانەکاندا هەوڵێك بۆ بەرز راگرتنی نەدرێ. زۆرجار تێبینی کراوە بابەتی داستانەکە نەك بە باسی هەمە چەشن و دورودرێژ، بەڵکو بە فرە پەیوەستی بە کەسانی جۆراوجۆرەوە، فرە هەبوونی دەدا بە دەستەوەوە و بەئەندازەی هەوڵدان لە وەرگرتن و رەتکردنەوەدا، واقیعی تر دەبێت. بەکورتی: واقیعی تر دەبێت بە ئەندازەی ئەکتیڤ بوونی کەسەکان بە ئاراستەی مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیان. لە جیهانی داستاندا وەخۆ گرتنی کۆمەڵانی خەڵك و شمەك، شکۆمەندییە. بۆ ئەوەی ئەم جیهانە، پتر بوونی هەبێت و نووسەر لە بەرهەمەکەیدا دەریبخات دەبێ پابەندی هونەری بە بیر و خەیاڵەوە، لە رێگەی پراکتیکەوە بدۆزێتەوە، خوێنەریش بە هۆی نووسەرەوە دەیدۆزێتەوە. بە واتایەکی تر: هەتا خوێنەر پتر هۆگری گۆڕینی ئەو جیهانە بێ کە دەیخوێنێتەوە، ئەو جیهانە هونەرییە زیندووتر دەبێت. هەڵەی ریالیزم لەوەدابوو پێی وابوو بە تێڕامان واقیع دەردەکەوێ، بەو پێیەش دەکرێ بێ لادان

وێنەی بکێشرێ. ئەمەش ناکرێ، مادام لادان لە خودی هزردا هەیە، تەنانەت ناونانی شتەکان لە خودی خۆیاندا گۆڕانی بەسەر دادێ، نووسەر چۆن دەتوانێ — کە دەیەوێ فاکتەرێکی سەرەکی بێت لەم جیهانەدا- لەهەمبەر ئەو ستەمانەی لە جیهاندا هەن، بە ئارەزووی خۆی مامەڵە بکات؟ سەڕەرای ئەوەش دەبێ دروستی بکات. وەلێ ئەگەر پەسەندی کرد ئەو ستەمانە لە بەرهەمەکەیدا وێنا بکات، مانای وایە بە ئاراستەی بەزاندنی سنووری ئەو ستەمانە دەڕوات، بەمەبەستی زاڵ بوون بەسەریاندا. وەلێ منێك - کە دەخوێنمەوە — ئەگەر جیهانێکی ستەمم خولقاند یا هێنامە بوون، ناتوانم لێی بەرپرس نەبم. هەموو هونەری نووسەر ئەوەیە هانم بدات ئەو شتە بخولقێنم کە ئەو دۆزیویەتەوە، واتە من دەکاتە دادوەر. بە دواداچوونی ئەم جیهانە هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە. چونکە بۆ ئازادیمان، پشت بە هەوڵی هاوبەشی هەردووکمان دەبەستێت، نووسەر بەهۆی منەوە هەوڵی داوە مرۆیی بێ، کەواتە دەبێ ئەو جیهانە بە قووڵترین ناوەڕۆك بێ خەوش لە خودی خۆیدا، دەربخا، وەك ئەوەی بە ناخی هەموو لایەنەکانیدا ڕۆچووبێت و ئازادییەك بە ئامانجی ئازادی تێکڕای مرۆڤایەتی، پشتیوانی بێت. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم جیهانە شاری مەبەستەکان[1] نەبێت کە دەبێ ببێ، لانی کەم دەبێ هەنگاوێك بێت بەو ئاڕاستەیە. بە کورتی پێویستە ئەو جیهانە لە گۆڕان دابێت، هەمیشە خوی بنوێنێ و — بارێك نەبێ، هەڵگرتنی سەغڵەتمان بکات - وەلێ لەڕووی پێشڤەچوونی بەرەو شاری مەبەستەکان سەیری بکرێ. مرۆڤایەتی هەرچەند چەپەڵی و بێ ئومێدی تێدابێ، دەبێ سەخاوەتمەندی سیمای ئەو بەرهەمە بێ کە مرۆڤایەتی تێدا وێنا دەکرێ[2]. بەڵێ نابێ ئەو سەخاوەتمەندییە بە شێوەی وتار و ئامۆژگاری، یا خولقاندنی کەسەکان بێت، بەڵکو دەبێ دەرکەوێ مەبەستێکی لە پشتەوەیە. لەڕاستیدا هەست و سۆزەکان کتێبی بەنرخ دروستناکەن، وەلێ ئەم سەخاوەتمەندییە، دەبێ گۆشت و خوێنی خودی ئەو کتێبە بێ کە شمەك و کەسەکانی لەسەر وێنا دەکرێ. ئەو پرسەی کتێب چارەسەری دەکات هەرچییەك بێت، دەبێ سۆزێکی ڕەسەن باڵی بەسەر هەموو لایەنەکانیدا کێشابێ، تا لە بیرمان بێت کاری هونەری تەنیا حەقیقەتێکی سروشتی نییە، بەڵکو یەکێکە لەو بابەتانەی لە دایك بووی ئیلهامن. ئەگەر باسی ئەم جیهانەم کرد بەو بێدادگەرییەی تێدایەتی، بۆ ئەوە نییە بە سارد و سڕی لەم ستەمانە ڕامێنم، بەڵکو

(١) بەتێڕوانینی (کانت) واتە ئەوەی بێ مەبەست، مەبەستی تێدا وەدی دێت، لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا نووسەر دەگەڕێتەوە سەر تاوتوێ کردنی ئەم بیرۆکەیە.

(٢) چونکە گەندەڵییەکان بە مەبەستی لە ناوبردنیان وێنا دەکا، ئیقرار کردنی گەلێك مانای مرۆیی ڕەهایە کە هەڵویستێکی دیاریکراو دەخەنە ڕوو.



بۆ ئەوەیە بە توڕەیی وەڵامێکی زیندووی بدەمەوە و پەردەیان لەسەر هەڵماڵم و بە پێی سروشتی خۆیان بیانخەمە ڕوو، واتە شتی خراپن و پێویستە لە ناوبچن. بەم پێیە، بەو قووڵییەی کتێب وێنای کردووە خوێنەر جیهان نادۆزێتەوە تەنیا بەهۆی بە دواداچوون و توڕەیی و سەر سورمان نەبێ. ئەوینی بەخشندە، هەمان سوێندی خۆبەستنەوەی خوێنەرە بە ویستی نووسەر، توڕەیی سەخاوەتمەند هەمان سوێندە بۆ گۆڕانکاری، ستایش سوێندێکە بۆلاسایی کردنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەب شتێکە و ڕەوشت شتێکی ترە، لە قووڵایی ئەرکەکانی هونەردا ئەرکی خولقاندنیش هەیە، تەنانەت ئەو ماندوو بوونەی نووسەر بۆ نووسینەکەی، دانپیانانە بە ئازادی خوێنەرەکانی، دەسکردن بە هەڵدانەوەی پەڕەکانی کتێب، دانپیانانە بە ئازادی نووسەرەکەی. کاری هونەری — لە هەر ڕوویەکەوە سەیری بکری- شایەتی بڕوابوونە بە ئازادی خەڵك. مادام خوێنەران وەك نووسەران تەنیا بەمەبەستی چەقاندنی پایەکانی ئازادی نەبێ دان بە ئازادیدا نانێن، کەواتە دەتوانین کاری هونەری پێناسە بکەین بڵێین: خستنە ڕووی خەیاڵییانەی جیهانە لە سنوورێکدا کە بۆ ئازادی مرۆیی پێویستە. لەوەی پێشتر باسمان کرد شتێك بە ناوی ئەدەبی (یا بێ ئومیدی) بوونی نییە. ئەو ڕەنگانەی جیهانیان پێ وێنا کراوە هەرچەند تاریك بن، نووسەر بۆ ئەوە وێنای کردووە خەڵکی ئازاد لە بەرامبەریدا هەست بە ئازادی خۆیان بکەن. داستانەکان یا باشن یا خراپن. خراپەکان بە ئاراستەی ئەوەن خوێنەر هۆگری ڕیایی سۆزەکانیان دەبێت، لە کاتێکدا باشەکەیان داوایەکە لە خوێنەر کە لە بڕوای نووسەرەوە سەرهەڵدەدا. هونەرمەند تەنیا لایەنێکی بەدەستەوەیە کە دەتوانێ جیهانی خۆی تێدا وێنا بکات، بۆ ئەو کەسە ئازادانەی هونەرمەند داوای پەسند کردونیان لێدەکات، ئەو لایەنەش سیمای جیهانێکە پتر پێویستی بە ئازادی هەیە تا لایەنکانی خۆی تێدا نغرۆ بکات. هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نییە نووسەر لێشاوی چاکە و پیاوەتی خۆی، بۆ ڕێدان بە ستەم بەکاری بهێنێ، نە خوێنەریش تام لەو ئازادییە وەردەگرێ کە خوێندنەوەی کتێبێك کۆیلەکردنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوەی تێدایە، نە ئەو بەکۆیلەکردنەش پەسند دەکات، تەنانەت ناتوانێ پرۆتستۆ کردنەکەشی بشارێتەوە. دەکرێ داستانێکی باشی نووسەرێکی ئەمەریکی بخەینە بەرچاومان، تەنانەت ئەگەر پڕیش بێت لە بێزاری لە سپی پێستان، دەبینین ئازادی نەژادەکەیەتی لە پشت ئەو بێزارییەوە بانگی دەکات. کاتێك داوام لێدەکەن هەڵویستێکی باش وەرگرم، ناتوانم - لە کاتێکدا هەست بە ئازادی بێگەردی خۆم دەکەم- ببمە کەسانێکی وەك ئەو نەژادە ستەمکارە، بەڵکو دژی نەژادی سپی پێست و دژی خۆشم وەك بەشێك لەو نەژادە، دەوەستم، تا ئازادیخوازان بێدار کەمەوە داوای ئازاد کردنی ئەو ڕەش پێستانە بکەن. هیچ کەس ناتوانێ نووسینی داستانێك بسەپێنێ لە سەر پیاهەڵدانی دژایەتی جوولەکە بنووسێ[1]:

(١) ئەم ڕستەیە لە وەرگێڕاوە عەرەبییەکەدا نییە، لە ڕوونکردنەوەکەشدا کە دوای ئەو ڕستەیە هاتوو، ئاماژە

*گرووپێك ئەم تێبینییەی دەرخوارد دراوە. ئەوەتا لێیان دەپرسم داستانێکی باشم بۆ بێننەوە مەبەستی خزمەت بە ستەم بێ، و داستانێك دژی جوولەکە، دژی رەش پێستەکان، دژی کرێکاران، و دژی نەتەوە ژێردەستەکان، نووسرابێت، دەڵێن: نەبوونی داستانێکی لەم جۆرە نابێتە هۆی ئەوەی رۆژێك لە رۆژان داستانی لەم بابەتانە نەنووسرێ.*

*وەلێ تۆ نەك من، دان بە تێورییەکی ئازانستیدا دەنێی: چونکە تۆ جەخت لەسەر راستییەك دەکەیتەوە کە پێشتر نەبووە، لێرەدا هیچ پشتیوانەیەکت نییە تەنیا پەی پێبردنی ئەبستراکت نەبێ بە هونەر، لە کاتێکدا من تەنیا راستییەکی حاشاهەڵنەگر راڤە دەکەم.*

کەواتە ئەو کاتەی هەست دەکەم ئازادی من پەیوەستە بە ئازادی خەڵکانی تر و جیا نابێتەوە، ناکرێ داواو لێبکرێ بە کاری بێنم بۆ کۆیلە کردنی هێندێکیان بۆ ئەوانی تر. با نووسەر، نامە نووس، وتارنووس هەجوکار یا چیرۆك نووس بێت، و باسەکەی لەمەڕ سۆزی تاکگەرایی دابێ یا هێرش بکاتە سەر سیستمی کۆمەڵایەتی، لە هەموو حاڵەتێکدا پیاوێکی ئازادە، روو دەکاتە خەڵکی ئازاد، تەنیا شتێك کە هەیەتی، ئازادیی. کەواتە هەر هەوڵێك کە نووسەر مەبەستی کۆیلە کردنی خوێنەرانی بێت، مەترسییەکە هەرەشە لە هونەرەکەی دەکات. ئاسنگەر وەك مرۆڤێك فاشیزم هەرەشە لە ژیانی دەکات، نەك وەك پێویست لەکارەکەی، وەلێ فاشیزم هەرەشە لە نووسەر و پیشەکەی لە هەردووکیان دەکات، پتریش هەرەشە لە پیشەکەی دەکات نەك لە ژیانی. نووسەرانێکم دیت پێش جەنگ لە قووڵایی دڵیانەوە بانگەشەی فاشیزمیان دەکرد، هەرکە نازییەکان نازناو و شانازییان پێ بەخشین، سەرچاوەی زەینیان وشکایی هات. لەوانەی لە بیرمن بەتایبەتی دریو لاروٚشیل[1] ە کە فریوی خوارد، وەلێ بۆ بانگەشەکەی دڵسۆز بوو، ئەم دڵسۆزییەشی سەلماند. پێش بەڕێوەبردنی گۆڤارێك بە ئیلهامەوە کاری دەکرد، هەر لە یەکەم مانگەوە هەڕەشەی لە هاوولاتیانی دەکرد و سەرزەنشتی دەکردن و ئازاری دەدان، کەس وەڵامی نەدایەوە، چونکە کەس ئەو ئازادییەی نەبوو بتوانێ وەڵامی بداتەوە. لە داخان دیقی کرد، هەستی نەدەکرد خوێنەرێکی مابێ. لە بانگەشەکەیدا پێی دادەگرت، وەلێ نە نیشانەی کینە نە

بە **جوولەکە** کراوە وەلێ لابراوە.

(1) Drieu La Rochelle (١٨٩٣-١٩٤٥) نووسەرێکی گەورەی فەرەنسییە، کۆمەڵێك داستان و نامەی سیاسی نووسیوە کە سروشتی فاشستیان هەیە، لەسەردەمی داگیر کردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە، بەڕێوەبەری گۆڤاری فەرەنسای نوێ N.R.F بوو، گۆڤارەکە لە ژێر سەرپەرشتی ئەڵمانییەکاندا بوو. ئەو نووسەرە بە خۆکوژی مرد.



نیشانەی توڕەیی، هیچ نیشانەیەك دەرنەکەوت بەڵگەی ئەوە بێ تاکە مرۆڤێك لێی تێگەیشتووە. سەری لێشێوا بوو، بە نێچیری پەرێشانی، سکاڵای کرد و سکاڵای خۆی گەیاندە ئەڵمانییەکان. وتارەکانی خاوەن پێشەکییەکی پرشنگدار و چێژێکی لیوان لێو تاڵ، بوون، دەنگدانەوەیەکیان نەبوو، تەنیا لەو گۆڤارانەدا نەبێ کە ویژدانی خۆیان فرۆشتبوو و لای خودی ئەو دزێو بوون. وازی لە کارەکەی هێنا. دواتر گەڕایەوە تا سەرلەنوێ دەسپێبکاتەوە، وەلێ وەك ئەوەی هەمیشە لە قوڵاییەکدا هاوار بکات دەنگی بە هیچ کوێ رانەگەیی. ئینجا مات بوو، بێدەنگی ئەوانی تر ئەو بێدەنگییەی بەسەردا سەپاند. داوایی کۆیلەبوونی ئەوانی تری دەکرد، بێگومان تێکچوو بوو لای وابوو کۆیلایەتی بە ئارەزوویە و لە ئازادییەوە دێ. کویلییەتی هات، خۆشحاڵ بوو چونکە هەمیشە پیاهەڵدەگوت، وەلێ نووسەر خۆی لەبەر رانەگرت. هەر لەسەر ئەو رێبازە رۆیشت، ئەوانی تر — خۆشبەختانە زۆرینە — بڕوایان وابوو ئازادی نووسین ئازادی هاوولاتی گەرەکە. مرۆڤ بۆ کۆیلە نانووسێ. هونەری پەخشانیش پەیوەستە بە تاکە نەزمێك کە پەخشان مانای خۆی تێدا دەپارێزێ: ئەویش دیموکراسییە. ئەوەی هەرەشە لە یەکێکیان بکات ئەوەی تریش دەخاتە مەترسییەوە. بەرگری کردن لە هەردووکیان تەنیا بە پێنووس، بەس نییە، ئەو رۆژەی پێنووس حوکمی وەستانی بەسەردا دەدرێت، پێویستە نووسەر چەك هەڵبگرێ. کەواتە ئەو لایەنەی هەڵتبژاردووە، ئەو بیر و باوەڕەی بانگەشەی بۆ دەکەی، هەرچییەك بێت، ئەدەب پەلکێشت دەکات بۆ ناو شەڕ. نووسین ریگایەکە لە رێگاکانی وەدەست هێنانی ئازادی، هەرکاتێکت دەستت پێکرد- پێت خۆشبێ یا ناخۆش- تۆ پابەندی.

هەندێك دەپرسن پابەندی بە چییەوە؟ پابەندی بە بەرگری کردن لە ئازادی؟ کەواتە کورتەی مەبەست چییە؟!! دەیەوێ نووسەر لە خۆیەوە پاسەوانێك بۆ بەها ئیدیالییەکان دابنێ وەك بیر و بۆچوونی بێندا [1]

(1) ذولیان بیندا Julien Benda (١٨٦٧-١٩٥٦) نووسەرێکی فەرەنسییە لە دایك و باوکێکی جولەکە لەدایك بووە، سارتەر لەکتێبی : خیانەتی نووسەر La Trahison des Clercs کە لە ساڵی ١٩٢٧ چاپی یەکەمی دەرچووە، وەڵامی دەداتەوە، لە سەر ئەو نووسەرانەی بە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە خەریکن و لە رەوتە سیاسیکاندا نقوم بوون، سەرزەنشتی بیندا دەکات کە ئەوە بە خیانەت دەزانێ. ئەو نووسەرە گەلێك کتێبی هەیە لەسەر رەخنەی ئەدەبی. یەکێکە لە دوژمنانی بوونگەرایی و کۆمۆنیزم و رۆمانتیزم. هۆگری بیروبۆ چوونی ئەبستراکتە، لەبەر ئەوە فەلسەفەی پێ باشترە لە ئەدەب، گاڵتە بە ئەدەبی هاوچەرخ دەکات. سارتەر لەو بەشەی دێت بە درێژی بیروبۆچوونەکانی بیندا تاوتوێ دەکات.

لەمەڕ نووسەر، پێش ئەوەی خیانەت بە پەیامەکەی بکات؟ یا بە بەشداری لە شێوازەکانی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پارێزگاری ئازادی کاروباری ژیانی رۆژانە بکات؟.

پرسەکە بە پرسێکی تری بە رواڵەت زۆر سادەوە بەستراوەتەوە، وەلێ هێشتا کەس لەخۆی نەپرسیوە، ئەویش ئەوەیە: بۆ کێ دەنووسین؟.



## بەشی سێهەم

# بۆ کێ دەنووسین؟

## خاڵەکانی بەشی سێهەم

*(نووسەر رووناکاتە خوێنەرێکی جیهانی، بەڵکو روودەکاتە خوێنەرێکی تایبەت بە نیشتیمانێك لە هەوڵوێستێکی دیاریکراودا- باسکردنی ئازادی بە مانا ئەبستراکتەکەی سوودی نییە، چونکە لە هەڵویستێکی دیاریکراودا نەبێت، مانای راستەقینەی خۆی وەرناگرێ - ئازادی لە مانا مرۆییەکەیدا سنووردارە، بەهۆی ئازادییەوە مرۆڤ واز لەو شتانە دێنێ کە زیان بە ئازادی ئەوانی تر دەگەیەنێ - هەر بەرهەمێکی هونەری وێنەیەکی ئەوخوێنەرەی تێدایە کە بۆی نووسراوە - نموونەی: کەسایەتی* ***مینالك*** *و* ***ناتانایل*** *– داستانی* ***بیَدةنطی دةریا***...

*مانای پابەندی و پەیوەندی بە ئازادی ئەوانی ترەوە لەگەڵ مانا مرۆییەکانی — کۆمەڵگا گەمارۆی نووسەر دەدا و لاسایی دەکاتەوە — نووسەری بەکاربەر و بێ بەرهەم لە کۆمەڵگاکان دەترسێت، چونکە لە دۆخی هەست نەکردنەوە دەیانگوێزێتەوە بۆ دۆخی هەست کردن — نووسەر لەگەڵ هێزی پارێزکار و قەتیسمان لە کێشە دایە — ئەو نووسەرانەی لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە لەسەر شۆڕش بنیاد نراوە دەکرێ ببنە واسیتەی هەموان — بوێری ویژدانی نووسەر لە کاتی بەشداری کردنی لە ململانێی کۆمەڵایەتیدا.*

*شیکردنەوەی مێژوویی لۆجیکی ئەدەب: بوێری ویژدانی نووسەر بۆ نزمترین پلە دادەبەزێت، ئەگەر لە بری ئەوەی لە پەراوێزی چینەکاندا بێت، بوو بە بەشێکی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، نموونەش: نووسەرەکانی فەرەنسا لە دەوروبەری سەدەی دوازدەهەم - نووسەر دەچێتە پاڵ رەوتی هزری باو، کاتێك جەماوەرێکی خوێنەری شیاوی نەبێت، جەماوەرەکەی بە هۆی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگای واقیعی دیاری دەکرێت. نموونەش: جەماوەری خوێنەری واقیعی کلاسیکییەکان — مانای کلاسیکگەرایی و مسۆگەری لە ئەدەبدا — سەرەڕای سروشتی پارێزکارانە لە ئەدەبدا، راستی هەڵویستە سایکۆلۆجییەکان بوو بەهۆی هەڵتەکانی بەها باوەکان، بە هۆی ئەوەشەوە رێگە بۆ ئەدەبی شۆڕش خۆش کرا.*

*هەلویستی نووسەر ئەگەر هاتوو خوینەرانی (واقیعی) خۆی دابەش بوون بۆ حیزبگەلی دژبەر، یا ئەگەر خوێنەرانی (ناواقیعی) وەدیهاتن — نموونەش: جەماوەری نووسەران لە سەدەی هەژدەی نێوان بژارتە و بورژواکان. — نووسەرانی سەدەی نوزدە بارودۆخێکی باشیان*

*هەبوو، ئەمەش خوێنەرەکانیانی کرد بە دوو نیوە لە نێوان ئەریستۆکراتەکان (ئەوانە لایەنگرانی نووسەرانی سەدەی حەڤدەهەم بوون) و بورژواکان (ئەوان لە بنەرەتدا چینی نووسەر بوون) — دەرفەت درا بە نووسەران لە دەرەوەی چینەکەیان لە چینەکەیان بڕوانن، باشتر لەو بورژوایانەی لە چینەکەیان دەرنەچووبوون پەیان بەو چینە برد، لەبەر ئەوەی لە پەراوێزی چینی ئەریستۆکراتەکاندا دەژیان، لە دەرەوە را بە چینی بورژوایاندا دەڕوانی — لە ئەنجامی ئەو پەی پێبردنەدا گوزارشتیان لە داواکانیان دەکرد کە سەرجەم مرۆیی بوون — وەلێ کەوتنە بەر مەترسی زاڵ بوون بەسەر پەیامەکەیاندا، بەهۆی ئەوەی لە سایەی گەیشتنی چینی بورژوا بە ویستەکانی ئەوانیش گەیشتن بە داواکانیان. - جەماوەرەکەیان سەرلەنوێ لەگەڵ چینی بورژوا کە چینی ئەریستۆکراتەکانی هەڵلوشیبوو یا خەریك بوو هەڵیلووشێت، یەکی گرتەوە. - کاتێك داواکانیان جێبەجێ بوو نەیانتوانی جارێکی تر لە چینە بورژواکەیان دەربچن، وای لێهات بورژواکان لە شێوەی خوێنەر یارمەتییان دەدان، هەر وەك چۆن پێشتر ئەریستۆکراتەکان پاداشتیان پێ دەبەخشین.- بورژواگەرایی وەك زیندانی کردن بە سەریاندا سەپا. - چینی بورژوا کارکەرە وەلێ بەرهەمهێن نییە، چونکە نێوبەندێکە (واسیتەیەکە) لە نێوان کریکار و بەکاربەر. — ئەدەب خزایە ناو بازنەی کاری سوودزا، پاساوی بۆ ئامرازەکان دەهێنایەوە، بیرەکانی هێور دەرکردەوە و ئاشتەوایی دەکرد — ئەدەب سەرلەنوێ پشتی بە بیرە ئەبستراکتە بەکاربراوەکان بەستەوە — ناکرێ ئەدەب بگەڕێندرێتەوە بۆ هزرێکی رووت — بورژوا، نووسەر دەترسێنێ و دەیەوێ ملکەچی بکات — مەبەستی نووسەر بە تەنیا نەبوو بە بانگەشە بۆ ئازادیگەلی رەها، بەڵکو یاساگەلی دەروونی کۆنترۆڵکراوی خستە روو بۆ خوێنەرانی وەك خۆی حوکمدراو.*

*سەرهەڵدانەوەی خوێنەرانی شایستە، دوای رۆمانتیزم — تێشکانی نووسەرانی سەدەی نۆزدەهەم بە بەراورد لەگەڵ نووسەرانی سەدەی هەژدەهەم (جگە لە هەندێکیان بە تایبەتی* **هۆطۆ***) — کەم و کورییەکانی رۆمانتیزم ، دواتر سامبۆلیزم و سیریالیزم، کە لە چینێکدا نقوم بووە هەست ناکات ئەرکێکی لە ئەستۆ دایە، لەبەر ئەوە پەنای بردە بەر رەتکردنەوەی رەها.*

*دابەشکردنێکی گشتی سەردەمەکانی داستان — رەخنە گرتن لە لایەنە هونەرییەکانی داستان لە سەدەی نوزدەهەمدا — لۆجیکی ئەدەب لە چەرخی نوێدا — هەڵێنجانی کاکڵەی پوختە لە کاری ئەدەبیدا — ئەدەب دەبێتە ئەبستراکت ئەگەر دەرفەت نەدرێت بە تەواوی ناوەڕۆکی خۆی بپارێزێت - بە جیهانی بوونی ئەبستراکت خەیاڵێکە ئەوانەی بۆ نەمری لە سەردەمەکەیان دادەبڕان، خۆیانی پێوە دەبەستەوە - ئازادی بەو مانایەیە کە داوایەکانی دەستەیەك بە سەر دەستەیەك یا چینێکی تردا زاڵ نەبێت، ئەگینا دەکەوینە دابڕان (ئەبستراکت)، دەبێ نووسەر هەمان تێکۆشانی خوێنەرەکانی بگرێتەبەر — ئەدەبی "شاری نموونەیی" ).*

بۆیەکەم جار دەردەکەوێ و گومانی تێدا نییە کە نووسەر بۆ خوێنەر دەنووسێ کە تاکێکە لە تاکەکانی خەڵکی ئەم جیهانە. بە کردەوە بینیمان کە نووسەر مەبدئییانە روو دەکاتە تێکڕای خەڵك، وەلێ خەسڵەتەکانی پێشوو خەسڵەتی ئیدیاڵ بوون. لە راستیدا نووسەر دەزانێ لە پێناوی ئازادییەکی پڕ خەوش و شاراوەدا دەنووسێ، تەنانەت ئازادی خۆشی زۆر بێگەرد نییە. وەلێ پێویستە بیخاتە روو، لەبەر ئەوە لە پێناوی خاوێنکردنەوەی ئازادیدا دەنووسێ. بەپەلە ئاخاوتن لە هەمبەر بەها نەمرەکان، هەڵدێرێکی مەترسیدارە، چونکە بەها نەمرەکان پووچەڵن. ئەگەر لە گۆشەی نەمرییەوە بە خودی ئازادیدا بڕوانین وەك لاخێکی وشکەڵ دێتە بەرچاو. ئازادی وەك دەریا وایە هەمیشە لە جولاندایە دەڵێی هێشتا خەریکە دەست پێدەکات، ئەوەش لە جولانێك بەولاوە کە بێ وچان مرۆڤ لەو کۆسپە رزگار دەکات کە دێتە بەردەمی، شتێکی تر نییە. ئازادی — هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی - نادرێت، بەڵکو بۆ دەستەبەر کردنی پێویستە مرۆڤ رووبەڕووی هەوەس و رەگەز و چین و نەتەوەکەی ببێتەوە، بە هۆی ئەمەشەوە ئازادی بۆ ئەوانیتریش دەستەبەر دەکات. لەم حاڵەتەشدا پرسەکە دەکەوێتە سەر سروشتی ئەو لەمپەرەی دەیەوێ دەستی بەسەردا بگرێ، دەکەوێتە سەر دان بەخۆداگرتن لەپێناوی سەرکەوتن. ئەمەش ئەو شێوازەیە کە ئازادی لە هەردۆخێکدا بە خۆیەوە دەگرێ. ئەگەر نووسەر پێی باش بوو- وەك بیندا[1] دەیەوێت — بەدەم وڕینەوە بدوێت، ئەوسا دەبێ بە میتۆدێکی خاوەن هەڵوێتسەی جوان لەو ئازادییە نەمرەی کە نازیزم و کۆمۆنیزم و

(١) بروانە بەشی پێشوو، لێرەدا نووسەر بەلای ئەو بیروکەیەدا چووە کە بە درێژی باسی کردووە، ئەویش ئەوەیە پرنسیپە گشتییەکان وەك ئاسۆیەك لە پێشت وسفی ئەو هەڵویستە دیاریکراوانەدا دەبینرێن کە بابەتی هەر ئەدەبێکە کە سوورە لەسەر گەیاندنی پەیڤە مرۆییەکەی.

دیموکراسییەکانی سەرمایەداری[٢] بانگەشەیان بۆ دەکرد، بدوێت. لەم حاڵەتەدا نووسەر بیَ ئەوەی کەس بە وتەکانی سەغڵەت بکات، زیان بە هیچ مرۆڤێك بگەیەنیَ، هەرچی داوای دەکا پێش وەخت پێی بەخشراوە. وەلیَ ئەمە تەنیا خەونێکە، تەنانەت ئەگەر بۆ شکۆمەندییەکی نەمریش[١] هەوڵ بدات، نووسەر بیەویَ یا نەیەویَ بۆ هاوچەرخەکانی، هاووڵاتیانی، برایانی هاورەگەزی یا هاوچینەکەی، دەدویَ.

لەڕاستیدا تا ئێستا کەس - وەك پێویست - تێبینی نەکردووە کە بەرهەمی هونەری دەرئەنجامی ئەقڵێکی شاراوەیە. نووسەر نایەویَ هەمووشتێك بگێڕێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە نیاز بیَ بابەتەکەی بە کامڵی پێشکەش بکات، هەمیشە زیاتر لەوە دەزانیَ کە دەری دەبڕیَ. چونکە زمان پەردەپۆشە. ئەگەر ویستم بە دراوسێکەم رابگەیەنم کە ژەنگەسوورەیەك لە پەنجەرەکەوە هاتە ژووریَ، پێویست بە وتەیەکی دوورودرێژ ناکات، ئەوندە بەسە ئاماژەیەك بکەم، یا وشەیەك دەرببڕم بڵێم: **وریابە یا ئەوەتا**، هەرکە چاوی پێی کەوت ئیتر هەمووشت روون دەبێتەوە. ئەگەر قاوانێکی گرامافۆن - بیَ شرۆڤە کردن — ئەو وتووێژەمان بۆ بڵێتەوە کە رۆژانە لە خێزانی کۆێرە دێیەکی وەك ثرۆظینس[٢] یا شارێکی وەك ئەنطۆلین،[٣] دا دەبیسریَ، هیچی لێتێناگەین، چونکە یادگاری هاوبەش و هزری هاوبەش لە نێوانماندا نییە یا لە هەڵویستی ژن و مێرد و پرۆژەکانیان ئاگادار نین، بەکورتی: دونیایەك کە ئاخێوەران وابزانن هەریەکەیان نموونەیەکن لە زەینی ئەوی تردا، بوونی نییە.

---

(٢) مەبدەئی ئازادی لەخودی خۆیدا تەنانەت سەرسەختترین دوژمنانی بە باشی دەزانن، وەلیَ دیاری کردنی هەڵویست، دۆستانی راستەقینەی ئازادی لە دوژمنانی جیا دەکاتەوە.

(١) نووسەر گاڵتە بەو کەسانە —دواتر روون دەبێتەوە- دەکات کە لە ئەدەبەکەیان چارەسەری ئەو پرسە نەمر و گشتییانە دەکەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە پرسگەلی سەردەمەکەیانەوە نییە، بەو بەڵگەیەی ئەوە رێگای مانەوە و نەمرییە، چونکە لە روانگەی ئەوان پرسە هەنووکەییەکان بە هاتنیان کۆتاییان دێت, دواتر نووسەر هەڵەی بیرۆکەکەیان راڤە دەکات.

(٢) Provins شارێکە لە هەرێمی سین ومارن لە فەرەنسا لەسەر لکێك لە لکەکانی رووباری سینە.

(٣) شارێکی گەورە و پایتەختی هەرێمی شارۆنتە لە فەرەنسا، لەسەر رووباری شارۆنتە ٤٤٠ کم لە پاریس دوورە.



خوێندنەوەش هەر ئاوایە: خەڵکانی یەك سەردەم و یەك کۆمەڵگا کە لە هەمان رووداودا ژیاون، رووبەڕووی هەمان کێشە بوونەتەوە یا خۆیان لێپاراستووە، یەك تام و چێژ لە ناو دەمیاندا هەیە، لەهەمبەر یەکتریدا بەرپرسن، بیرەوەری مردوویەك کۆیان دەکاتەوە. لەبەر ئەوە پێویست بە درێژدادڕی نووسین ناکات، چونکە چەند وشەیەك کلیلن. ئەگەر بێت و من داگیر کردنی فەرەنسا لە لایەن ئەڵمانیاوە بۆ خەڵکی ئەمەریکا بگێڕمەوە، پێویستیم بە پارێز و شیکردنەوەیەکی زۆر هەیە، بیست رووپەر دەکەمە قوربانی تا گەلێك شك و گومان، پرینسیپەکانی پێشوو، خوڕافاتیان لەکۆڵ بکەمەوە، دوای ئەوەش پێویستە لە هەر هەنگاوێکدا هەڵوێستی خۆم بسەپێنم، لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەدوای ئەو نیشانە و هێمایانەدا بگەڕێم کە زەمینە بۆ تێگەیشتنی مێژووی ئێمە خۆش دەکەن، دەبیَ بەردەوام جیاوازی نێوان بیَ ئومێدی ئێمەی پیری دونیادیدە و ئومێدەواری ئەوان وەك لاوانی ناشی، لە هزری خۆمدا وێنا بکەم. وەلیَ ئەگەر لەمەڕ هەمان بابەت بۆ فەرەنسییەکان بدوێم، لە نیوانماندا تەنیا ئەم وشانە بە نموونە بێنمەوە بۆ تێگەیشتنیان بەسە: مارشی مۆزیکی ئەڵمانی لە ئۆرکیستری باخێکی گشتیدا، یا لەم دەستە واژانە هەموو شتێك دەردەکەویَ: بەهارێکی تاڵ، رەز و باخێکی هەرێمی، چەند پیاوێکی سەر تاشراو، فوو بە چەند ئامێری مسین دا دەکەن، ریزێك پیادەی پەرش و بڵاو کەڕوکوتر بەهەڵەداوان دەڕۆن، لە ژێر دارەکان دوان سیانێك بە سیمایەکی گرژەوە گوێڕایەڵن، ئەو ئاوازانەی بیَ سوود بە فەڕانسادا هەڵدەلێن و بە ئاسماندا بڵاودەبنەوە، نەنگ و راڕا بوونمان، توڕەیی و خۆبەزلزانیشمان...

ئەو خوێنەرەی منیش رووی تێدەکەم نە **میکرۆمیطاس**[1]ە کە گەلێك زانیاری جیهانی گەورە و بچووکی کۆکردبێتەوە نە مرۆڤێکی **ساویلکە**[2] نە پەروەردگارە. ئەوەندەش ساویلکە و کێوی نییە هەموو شتێکی بۆ شیبکرێتەوە، تەنانەت شتە سەرەتاییەکانیش، نە رۆحە نە رووپەڕێکی سپی، وەك خوا و فریشتەکان. منی نووسەر برێك لە سیماکانی جیهانی بۆ دەخەمەڕوو، کەڵك لەوەی دەیزانێ وەردەگرم تا هەوڵبدەم ئەو شتەی فێربکەم کە نایزانێ. کەوتۆتە نێوان نەزانی رەها و زانستێکی تۆکمە، توێشوویەکی زانیاری پێیە بەرە بەرە دەگۆڕدرێ. ئەمەش بەسە بۆ ئەوی وەك خەسڵەتێکی مێژوویی بخرێتە روو. لە راستیدا هزرێکی

(١) Micromigas ناوێکە لە دوو ئاوەڵناوی یۆنانی وەرگیراوە، یەکەمیان Micro واتە گچکە، دووەمیان Megas مانای گەورەیە- ناوی ناسراوە، پاڵەوانی داستانێکی فەلسەفی ڤۆڵتێرە بە هەمان ناو لەساڵی ١٥٧٢ دەرچووە. بیرۆکەی فەلسەفی داستانەکە خاوەنی رەهەندگەلی نسبییە، بچووکی زەوی جۆری مرۆڤە لە جیهاندا. میکرۆمیگاس یەکێکە لە دانیشتوانی ئەستێرەی هۆنراوە بەرزەکانی یەمانی، درێژییەکەی سەد و بیست هەزار پێیە، بە یاوەری یەکێك لە دانیشتوانی هەسارەی زوحەل دێنە سەر زەوی کە ئەویش شەش هەزار پێ درێژە، لەگەڵ فەیلەسووفانی سەرزەوی دەکەونە وتووێژ سەرسام دەبن کە دەبینن ئەم جانەوەرە وردیلانەی پێیان دەوترێ خەڵك، خەریکی شەڕ و شۆڕن و بڕوایان وایە گەردوون لە پێناوی ئەوان دروستکراوە... بیرۆکەکە لەمێژووی کۆمیدی **سیرانوا دی براژراك** وەرگیراوە و کاریگەری سەفەرە بەناوبانگەکانی گالڤەری پێوە دیارە.

(٢) I,ingénue واتە ساویلکە، پاڵەوانی داستانێکی تری فەلسەفی **ڤۆڵتێرە** بەهەمان ناو لەساڵی ١٧٦٧ بڵاوکرایەوە، مێرمنداڵێکە لە کەنەدا لە دایك و باوکێکی فەرەنسی لە دایك بووە، وەلێ تا تەمەنی بیست ساڵی لەگەڵ هندییەکانی ئەمەریکا گەورە بووە، دوایی هاتووە بۆ فەرەنسا و، قەشەیەك و خوشکەکەی ناسیویانەتەوە و زانیویانە برازایانە. ساویلکەیی، راشکاوی و چێژی زگماکی هانیاندا کە بوو بە کاتۆلیك رەخنە لە کاروباری کاتۆلیکی بگرێت. دەچێت بۆ هەرێمی (بریتانی) لە فەرەنسا، خەم دایدەگرێ لە سەر دوورخستنەوەی کۆمەڵێك پرۆتستانت بە پێی بڕیاری نانت کەلە سەردەمی هێنری چوارەم لە ساڵی ١٥٩٨دەرچووە. لە بەندیخانەی باستیل زیندانی دەکرێ. **سانت ئیڤس** ئەو کیژەی خۆشیدەویست، هەوڵ دەدەات لە بەندیخانە رزگاری بکات، تەنیا بە لە دەستدانی ئابرووی نەبێت بەدەست وەزیرێکی دەسترۆیشتوو لە ڤەرسای لەو هەوڵانەیدا سەرکەوتوو نابێت. خۆشەویستەکی رزگار دەکات، وەلێ بەهۆی پەشیمان بوونەوەی لەسەر ئەو نەنگەی بەسەری هاتووە. لە ئەنجامی بەریەککەوتنی خوی زگماکی خاوێنی لەگەڵ خەسڵەتە خراپەکانی خووخدەی باو و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا، ساویلکە دەکەوێتە تەنگانەیەکی شیاوی پێکەنین، وەلێ خاوەن مانا گەلی قوول.



تێپەڕی ئازادی نییە، کتومت جەخت لەسەر کردنیش نییە بە زەمەنەوە بەسترابێت، بەسەر مێژوودا نافڕێ، بەڵکو تێوەی گلاوە.

نووسەرانیش بە مێژووەوە بەستراونەتەوە، هەر لەو پێناوەدا هێندێکیان خواخوایانە بە قەڵەمبازێك بەرەو نەمری لە مێژوو دەرباز بن. بەهۆی نووسەرانەوە پەیوەندی مێژوویی لە نێوان ئەو خەڵکانەدا وەدی دێت کە لە رەوتێکی مێژوویی دان و هاوکاری یەکتری دەکەن بۆ دروستکردنی ئەو مێژووە. نووسین و خوێندنەوە دوو رووی راستییەکی مێژوویین. ئەو ئازادییەی نووسەر بانگەشەی دەکات، هەستێکی ئەبستراکت و بێ خەوش نییە بۆ ئازادی مرۆڤ. ئازادی ئەگەر بەوردی گوزارشتی لێبکەین دەبینین لە هەڵویستێکی مێژوویی تایبەتدا دەستەبەر دەکرێ ئەگینا **بوونی نییە**[1]. کەواتە هەر کتێبێك بانگەشەیەکە بۆ ئازادی لە سەر بنەمای وازهێنان لە برێك کاری تایبەتی مرۆڤ، چونکە لە هەر مرۆڤێکدا حەزێکی شاراوە هەیە بۆ نەزم و رێ و رەسم و جۆرەکانی جەور و کێشە، بۆ ئەقڵ و شێتی لە کاری رۆژانەدا، بۆ ئەو سۆزانەی شیاوی سەلماندنن، بۆ جۆرەها سەرکێشی زووتێپەڕ، بۆ بەرزەفری هەمەچەشن، بۆ ئەو دەسکەوتە نوێیانەی هزر لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ، بۆ گەلێك راستی روون و ئاشکرا یا گێلی، بۆ رێبازی تایبەتی لەمەڕ ئەو پێویستییانەی زانست کردوونی بە لاسایی کردنەوەیەك کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە ئارادایە، بۆ ئارەزوو و مەترسی، خووخدەی هەستیاری و خەیاڵ، تەنانەت بیریش، دواتر بۆ بەها بەجێماوەکان، بەگشتی بۆ جیهانێك کە نووسەر و خوێنەر تێیدا هاوبەشن. ئەوە ئەو جیهانە تەواو ناسراوەیە، نووسەر گیانی بەبەردا کردووە و بە ئازادی بە ناخیدا رۆچووە، لەسەر بنەمای ئەوەیە خوێنەر بەئازادی تایبەتی خۆی دەگات. لەم جیهانەدا ئەو شتە خۆی دەنوێنێ کە پێویستە وازی لێبهێنرێ، هەڵویست بخرێتەڕوو ، ئەو

(١) یەکێکە لە پرنسیپە گشتییەکانی بوونگەرایان یا بوونی پێشوەخت لەسەر چۆنییەتی، ئەمەش جیاوازییەکی گشتییە لە نێوان ئەوان و فەیلەسووفەکانی پێشوویان. پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە ئەوان دان بە ماهییەتی وەرگیراو لە هەڵویستی هەبوونی سنووردار دادەنێن، کە پێی دیاری دەکرێ و بەهێزترین مانا دەستەبەر دەکات. لە ئەدەبدا ئاخاوتن لەسەر ئەم هەڵویستانە، ئامرازی ئەدەبە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانی. لێرەدا لەوتەی نووسەردا دەردەکەوێ - وەك لە باسی گەلێك بابەتی تردا دیارە- ئازادی تاك بەتەنیا مانای نییە تەنیا لە سنووری باوەڕبوونی تاك بە ئازادی ئەوانی تردا نەبێ لە چینەکەی یا نیشتمانەکەی، یا تێکڕای مرۆڤایەتی.

مێژووەی من دەمەوێ لەسەری بدوێم و لێی بەرپرسم، دەبێ بیگۆڕم یا بۆ لە پێناوی خۆم و ئەوانی تر بیپارێزم. چونکە ئەگەر رواڵەتی راستەوخۆی ئازادی رەتکردنەوە بێ، ئاشکرایە لە توانای هێزی ئەبستراکتدا نییە بڵێت: نەخێر، بەڵکو نەخێر لە رەتکردنەوەیەکی سنووردارردا دەردەکەوێ کە لە خۆیدا ئەو شتە هەڵدەگرێ نکۆڵی لێدەکرێ و بەو رەنگەش رەنگ دەکرێ. مادام ئازادی نووسەر و ئازادی خوێنەر بە دوای یەکتردا دەگەڕێن، لە پێچ و پەنای جیهانێکدا کاریگەری ئاڵوگۆڕ دەکەن، دەکرێ بڵێین: ئەوەی نووسەر لە خۆیەوە لەمەڕ هێندێك رواڵەتی جیهان پێی هەڵدەستێ، ئەوەیە کە خوێنەر دیاری دەکات، هەروەها دەتوانین دووبارە بڵێین نووسەر — کە خوێنەر هەڵدەبژێرێ — لە بابەتی کتێبەکەی دادەبرێ. لەبەر ئەوە تێکڕای کارە هزرییەکان وێنەیەکی ئەو خوێنەرە لە خۆدەگرن کە بۆی نووسراوە. دەتوانم وێنەی ناتانیل بە پێی کتێبی خۆراکی زەوی بکێشمەوە: دەبینم ئەو شتانەی نووسەر داوا دەکات لێیان رزگاربین، لە خێزاندا خۆی دەنوێنێ، لە میراتی بەجێماو ئێستا یا لە داهاتوودا، لە پرۆژە سوودزایەکان، لە رەوشتی ئاسایی و تەنگ بڕوایی: هەروەها دەبینم ناتانیل رۆشنبیرە و کاتی بەتاڵی هەیە، کەواتە گێلانەیە مینالك بکەم بە نموونەی کرێکار یا بێکارێك یا رەش پێستێك لە رەشپێستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان. دەزانم هەرەشەی هێزێکی دەرەکی لەسەر نییە، وەك برسییەتی، جەنگ، چەوساندنەوەی چینایەتی و سێکسی. تاکە مەترسییەك کە هەڕەشەی لێدەکات ئەوەیە: ببێتە نێچیری ژینگەی خۆی. ئیتر ئەو سپی پێستە، ئاری نەژادە، دەوڵەمەندە، میراتێکی زۆری بورژوایی بۆ بەجێماوە، لە سەردەمێکی تاڕادەیەك ئارامدا دەژی کە ژیان تیایدا دەستەبەر بووە، سەردەمێکە باری ئایدیۆلۆجی چینی خاوەن موڵك، هێشتا نەکەوتۆتە لێژی: کەواتە مینالك بە دروستی ئەو دانیل دی فۆنتانینە یە کە بەم دواییانە رۆذیة مارتن دی ذار[1] ی وەك لایەنگری ئەکتیڤی ئەندریة ذید، بەئێمە ناساندووە.

(١) Roger Martin du guard نووسەرێکی فەرەنسییە لەساڵی ١٨٨١ لە دایك بووە، گەلێك داستانی نووسیوە، لە ساڵی **١٩٣٧** خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە، داستانە بەناوبانگەکانی کۆمەڵێك داستانن بەناوی Les Thibault لە جۆرە داستانی وەك **چۆمەڵ** بۆ نەوەکانی داهاتوو دەنووسرێ، زۆلا و بەلزاك بەم جۆرە داستانە دەستیان پێکرد دوایی کەوتنە سەر رێبازی **ژۆل رۆمان**، ئەم نووسەرەش بە پێودانگی ئەوانەوە چوو- ئەمەش بە جۆرێك کاری کردۆتە سەر ئەدەبی ئینگلیزی و دواتر سەر ئەدەبی عەرەبی لە داستانەکانی مامۆستا نەجیب **محفوظ**، لە کتێبی دەروازەیەك بەڕووی رەخنەی ئەدەبی نوێ، چاپی دووەم ل **٦١٥-٦١٧** — و کەسایەتی دانیل



با نموونەیەکی تر بێنینەوە سەردەمەکەی لە ئێمە نزیکتر بێت: جێی سەرسوڕمانە داستانی بێدەنطی دەریا[2] - کەسێك لە دەسپێکی بزووتنەوەی بەرگری فەرەنسیدا نووسیویەتی، مەبەستەکەشی لای ئێمە تەواو روونە- لە ژینگەی ئاوارەکانی لەندەن و نیۆیۆرك، تەنانەت لە جەزائیریش رووبەڕووی دزێوی و نەفرینی خەڵك بۆوە، تا ئەو رادەیە بە هاوکاری دوژمنیان لە قەڵەمدا. چونکە ظرکۆر مەبەستی خوێنەرانی ئەو کۆمەڵگایانە نەبووە. بەڵام لە ناوچەی داگیرکراوەکان دۆخەکە پێچەوانە بوو، کەس گومانی لە مەبەستەکانی نووسەر و کاریگەری نووسینەکەی نییە: چونکە بۆئێمەی نووسی بوو. لە راستیدا نازانم دەکرێ بەرگری لە ڤرکۆر بکرێ بڵێم ئەو ئەڵمانییەی باسی دەکات واقیعییە، یا بڵێین پیرەمێرد و کیژە فەرەنسییەکەش دوو کەسایەتی راستەقینەن. کۆستلێر Koestler چەند رووپەری گەلێك جوانی لەو بارەیەدا نووسیوە: بێدەنگی ئەودوو کەسە فەرەنسییە هیچ لایەنێکی ئەگەری دەروونی نییە، بەڵکو تامێکی لاوازی هەڵەی مێژوویی تێدایە، لە بێدەنگی منجڕی وەرزێڕە نیشتمانپەروەرەکانی داستانەکانی مۆباسان[1]دا دەچێ کە لەسەردەمی داگیرکارییەکی تردا، داگیرکارییەکی تر و ئامانجگەلێکی تر، رۆژانێکی سەختی تر، داب و نەریتێکی تر، دەدوێ. وەلێ لەمەڕ ئەفسەرە

دی فۆنتانین Daniel de Fontanin کە نووسەر ئاماژەی پێدەکات، هەر لەیەکەم داستانی ئەو کۆمەڵە داستانانەدا دەردەکەوێت، بە ناونیشانی: نامیلکە خۆڵەمێشییەکە Le Cahier Gris، دوایین داستانی ئەو کۆمەڵەیەش لەساڵی ١٩٤٠دا سەریهەڵدا بە ناونیشانی: کۆتایی Epilogue. سەرەڕای ئەوەش ئەم کۆمەڵە داستانە باسی ژیان و داب و نەریتەکانی نەوەی داهاتوو دەکات، تەوەرەکەشی مێژووی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە کە بەسەر ئەورووپا هاتووە و بە مەینەتی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) کۆتایی هات.

(٢) Silence de Lamer داستانێکی نووسەری فەرەنسی هاوچەرخە بەنازناوی **ڤرکۆر** لەساڵی ١٩٠٢ لەدایك بووە ناوە راستییەکەی **ژان برۆلیە** یە Jean Bruller، ئەو داستانە لەساڵی ١٩٤٢ دا بڵاوکرایەوە. فرکۆر ناوی دارستانێکی چڕە لە چیاکانی ئەلپ لە جەنگی جیهانی دووەمدا (١٩٣٩-١٩٤٥) یەکێك بووە لە ناوەندە هەرەگرینگەکانی هێزی بەرگری فەرەنسییەکان لەبەرامبەر ئەڵمانییەکاندا- داستانی ئاماژە پێکراو نیمچە کێشەیەك بوو لە نێوان رەوتی نیشتمان پەروەری و سۆزی تاك. نووسەریش باسی ئەوە دەکات.

(١) Gui de Maupmssant بە ناوبانگترین نووسەری جیهانی کورتە چیرۆکە خزمەتی سەربازی لە ساڵەکانی نێوان (١٨٧٠-١٨٧١) تەواو کردووە. ئەزموونێکی زۆری تایبەت بە جەنگ و پەیوەندی نێوان ئەڵمانی و فەرەنسییەکان وەسەریەك ناوە و لە زۆربەی کورتە چیرۆکەکانیدا گوزارشتی لێکردووە.

ئەڵمانییەکە وای نیشانداوە لەژیانیدا هیچ کەم و کورییەکی نییە. وەلێ بەڵگە نەویستە کە ظرکۆر هەر پەیوەندییەکی لەگەڵ سوپای ئەڵمانی رەتکردۆتەوە — ئەم وێنەیەشی لەسەر نموونەیەکی ناواقیعی کێشاوەتەوە، لەوێدا هەموو تۆخمە ئیلهام بەخشەکانی خەیاڵی کۆکردۆتەوە. کەواتە بە حوکمی واقیگەرایی نەبوو ئەم وێنانە، لەو وێنانە باشتر بن کە پڕۆپاگەندەی ئەنگلۆساکسۆنی رۆژانە بڵاوی دەکردنەوە. وەلێ داستانی ظرکۆر لە ساڵی ١٩٤١ زۆر کاریگەر بوو لەسەر هەر فەرەنسییەکی ناو فەرەنسا. کاتێك بەربەستێکی ئاگر لە نێوان تۆو دوژمن دایە، هیچ چارت نییە دەبێ بە جەنگێکی وێناکراوی دابنێی: لە هەر جەنگێکدا شێوەیەك لە شێوەکانی مانەوی[٢] هەیە. لەبەر ئەوە رۆژنامە ئینگلیزییەکان بۆ جوێ کردنەوەی دەنکە گەنمێکی باش لە خەرمانێك، سوپای ئەڵمانی کاتیان بە فیرۆ نەدەدا. وەلێ بە پێچەوانەوە ئەو نەتەوانەی ژێردەستن و لەگەڵ داگیرکەران تێکەڵ دەبن، لە ژێر کاریگەری راگەیاندنی کارامەی دوژمن، رادێن وەك مرۆڤ بڕواننە داگیرکەران، کە ئەوانیش خەڵکی باشن یا خراپ یا چاك و خراپن پێکەوە. ئەگەر ساڵی ١٩٤١ کتێبێك سەربازە ئەڵمانییەکانی بە دێو و درنج وێنا کردبا، دەبووە مایەی پێکەنین و ئامانجەکەی نە دەپێکا.

لە ساڵی ١٩٤٢ داستانی بێدەنطی دەریا کاریگەری خۆی لەدەستدا: چونکە جەنگ لەسەر خاکی ئێمە و لەلایەن ئێمەوە بە پڕۆپاگەندەیەکی نهێنی، بەوێران کردن، یاخی بوون و هەوڵی تیرۆر دەستی پێکرد، لەلایەن ئەڵمانەکانیشەوە بە دەسبەسەر کردنی شەوانەی فەرەنسییەکان لە ناو ماڵی خۆیان، بە دوور خستنەوە و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدانی بارمتەکان، دەستی پێکرد. بەربەستێکی ئاگر ئەڵمانی و فەرەنسییەکانی لێك جیا دەکردەوە، ئێمەش نەماندەویست بزانین ئەڵمانییەکان — ئەوانەی چاوی دۆستەکانیان کوێر دەکردین و نینۆکیان دەردەکێشان — تاوانکارن یا قوربانی نازیزمن، ئیتر لە بەرامبەریاندا بێدەنگی لوتبەرزانە بەس نەبوو، ئەوانیش چیتر خۆیان بۆ ئەو بێدەنگییە رانەدەگرت، هەر لەم خاڵەی وەچەرخانی جەنگدا مرۆڤ چارەی نەبوو یادەبوو لەگەڵیان بێت یا دژیان بوەستێت، ئیتر داستانەکەی ظرکۆر لە سروودێکی سادە دەچوو بە ئاوازی خۆشەویستی لە ناوجەرگەی تەقینەوەی بۆمب و کوشتار و وێرانی لادێ و گوند و دوورخستنەوەدا، لەبەر ئەوە داستانەکە جەماوەری خوێنەری خۆی لە دەستدا. خوێنەرانی ئەو داستانە هاوچەرخانی ساڵی ١٩٤١ بوون

(٢) ململانێی نێوان چاکە و خەراپەیە.



ئەوانەی تێشکانیان پەسند کردبوو، وەلێ سەرسام بوون کاتێك ئەو سۆز و خۆشەویستییە رووکارەی داگیرکەریان بینی. لە راستیدا ئەو جەماوەرە لە ترسی تارمایی بەلشەڤیزم و گومڕابوونیان بە وتارەکانی ثیتان[١] ئارەزوومەندی ئاشتی بوون. لە قەڵەمدانی ئەڵمانییەکان بە درندە و خوێنڕێژ بۆ ئەم جەماوەرە، نەك هەر کارێکی بێهودە بوو، بەڵکو دەبوایە دەرفەتیان پێبدرێت بڕوا بکەن دەشێ ئەڵمانییەکان خۆشەویست و بەئەدەب بن مادام بە سەرسوڕمانەوە دیتیان ئەڵمانییەکان زۆربەیان (وەك ئێمە مرۆڤن)، پێویست بوو بۆیان روون بکرێتەوە کە برایەتی لەو بارودۆخەدا مەحاڵە، چونکە سەربازانی بێگانە لەبەر بێ ئومێدی و بەستەزمانیان، خۆشەویست دەرکەوتوون، لەبەر ئەوە پێویستە دژی هەر بیروباوەر و سیستمێکی شووم تێبکۆشین، تەنانەت ئەگەر خەڵکێکی بەرواڵەت لاشەریششیان هێنابێ. بەو پێیەی ئەو کاتە رووی گوتار، ئاراستەی کۆمەڵێکی بێ ئیرادە بوو، و لە ژمارەیەکی کەم بەولاوە ئەنجوومەنی گرینگ، بوونیان نەبوو، ئەوانیش زۆر بە پارێزەوە بانگەشەیان دەکرد خەڵك رەگەڵیان کەوێ. کەواتە هەموو ئەو شێوازانەی بەرهەڵست کردن کە دەبوو داوا لەگەل بکرێ پێی هەستێ ئەمانە بوون: بێدەنگی، بوغزاندن، ملکەچی ناچاری، کە نیشانیبدا قێز لێبوونەوەیە. داستانەکەی ظرکۆر ئاوا بەڵگە بۆ جەماوەری خوێنەر دێنییەوە، بەم بەڵگە هێنانەوەیە، پێناسەی خۆی دەکات: دەیەوێ بجەنگێ دژی — بیروباوەڕی چینی بورژوای ساڵی ١٩٤١ ی فەرەنسا - شوێنەواری جەنگی نێوان هیتلەر و بیتان لە شاری منتوار[١] کە تا دوای ساڵ و نیوێکیش، شوێنەواری تاڵ و کاریگەری هەر مابۆوە. وەلێ دوای نیو سەدە کەس ئارەزووی خوێندنەوەی نەدەکرد. خەڵکی بێ ئاگا لە رووداوەکانی ئەوکاتە، ئێستا دەیخوێننەوە ئەویش وەك داستانێکی بێ تامی جەنگی ساڵی ١٩٣٩. دەڵێن موز کاتی لێکردنەوەی تامی

(١) Petain (١٨٥٦-١٩٥١) سەرکردەیەکی فەرەنسییە، پاڵەوانی رووداوی **فەردانە** لە ساڵی ١٩١٦ لەسەردەمی داگیرکاری ئەلمانەکان لە ساڵ (١٩٤٠-١٩٤١) سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا بوو، بەهۆی هاوکاری کردنی دوژمن فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ بڕایەوە، لە ساڵی ١٩٤٥ فەرمانی لە سێدارەدانی دەرچوو وەلێ دواتر سزایەکەی سووك کرا بۆ زیندانی بە درێژایی ژیان.

(١) Montoire شارێکی فەرەنسییە لەسەر رووباری **لوار** لە هەرێمی **ڤەندۆم** لەو شارەدا لە ساڵی ١٩٤٠ بیتان و هیتلەر یەکتریان بینی.

خۆشە: بەرهەمی زەینیش وایە، دەبێ ئەو بابەتانەی بەرهەمیان دێنێ لە کاتی خۆیدا بەکار ببرێ.

هەر هەوڵێك مەبەستی نرخاندنی بەرهەمی ئەدەبی بێت لە سەر بۆچوونی خوێنەر، ڕەنگە بە تاوتوێکردنی ساختە و زێدەڕەوی لەقەڵەم بدرێ. مەگەر ئاسانتر و وردتر و بە پێزتر نییە, بارودۆخی نووسەر وەك فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ هەڵسەنگاندنی خودی نووسەر، وەربگرین؟ مەگەر باشتر نییە بیرۆکەی **تین**[٢] لەمەڕ کاریگەری ژینگە بەهەند وەربگرین؟ وەلێ وەڵامی من ئەوەیە ڕاڤەکردنی ژینگە، لەو ڕووەوە کە نووسەر بەرهەم دێنێ فاکتەری یەکلاکەرەوەیە، لەبەر ئەوە باوەڕم بەو لێکدانەوەیە[١] نییە. بە پێچەوانەوە خوێنەر پێویستی بە نووسەرە، کەواتە ئەم پێویستییەیە ئازادی نووسەر دەخاتە ژێر پرسیار. ژینگە هێزێکی پاڵنەرە، وەلێ کاری خوێنەران — بە پێچەوانەوە — چاوەڕوانییە، بۆشاییەکە دەبێ پڕ بکرێتەوە، دەردەکەوێ

(٢) مەبەستی **تیری تینە** لەمەڕ کاریگەری نەژاد و ژینگە و کەلەپووری نەتەوایەتی یا نیشتمانی لەسەر بەرهەمی هزری هەر گەلێك، ئەم تیۆرییەمان پێشتر باس کردووە و لە کتێبی **ئەدەبی بەراورد** دا چاپی دووەم (ل٥٠-٥٨) ڕەخنەمان لێگرتووە. **هیپۆلت تاین** مێژوونووس، فەیلەسووف و ڕەخنەگری فەڕەنسییە لە سەدەی نۆزدەهەم (١٨٢٨-١٨٩٣). تاین بڕوای وابوو دەتوانین ڕووداوی مێژوویی و بەرهەمی ئەدەبی بە هۆی سێ فاکتەری: ڕەچەڵەك و ژینگە و زمانەوە، تاوتوێ بکەین، بە تایبەتی ژینگە، چونکە وەك چۆن ئاو و هەواو و خاکی هەر ناوچەیەك، ئەو شتانە دیاری دەکەن کە لێی دەڕوێن، ژینگەی هونەرمەندیش، جۆری هونەری هونەرمەند دیاری دەکات. ئەم مانایەی لە کتێبی **فەلسەفەی هونەر** دا لە ڕستەیەکدا چڕکردۆتەووە: ***بەرهەمی ڕۆحی مرۆیی وەك بەرهەمی سروشتی زیندوو وایە، لە ڕێگەی ژینگەوە ئاڕاستە و دیاری دەکرێت.*** کەواتە بۆ ناسینی نووسەر پێویست ناکا بەرهەمەکانی لێکبدرێنەوە و تاوتوێ بکرێن، بەڵکو دەبێ ئەو هێزە نهێنییەی زادەی ڕەچەڵك و ژینگە و زمانەکەیەتی، بدۆزرێتەوە. هەرکە ئەو هێزە سەرەکییە دەستەبەر بکرێ ئیتر سەرتاپای بوونی هونەرمەند وەك گولێك لە ژێر نیگای ڕەخنەگر دەپشکوێ. دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕەخنەگرانی مارکسیست بوونی هونەرمەند و بەرهەمەکانیان تەنیا دەبەستنەوە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی، لە ڕاستیدا تائیرە بزانن یا نەزانن دواکەوتەی تاین بوون و هیچ کارێکی تریان ئەنجام نەداوە. (و/ فارس)

(١) نووسەر نکۆڵی کردنی خۆی بۆ تیۆری تین لەمەڕ کاریگەری ژینگە لە لێکدانەوەی واقیعی ژیانی نووسەر و بەرهەمەکەیدا کورت دەکاتەوە، لە کاتێکدا نووسەر مەبەستی ڕاڤە کردن نییە، بەڵکو مەبەستی ڕووکردنە ئەو توانا دابەشکراوەی جەماوەرە کە پێویستی بە دەوڵەمەند کردن و هەوێن کردن هەیە- بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بانگەشەیەی جەماوەر لەو پرۆژانەدا کە هەنووکە بە ئاراستەی داهاتوو تێدەپەڕێن.



ئەو وشانەیە مانای ڕاستەقینە و خوازراویان هەیە، بە واتایەکی کورتر: خوێنەر بەرەکەی ترە. من زۆر لەوە دوورم کارێکی ئەدەبی بە هەڵویستی نووسەرەوە ببەستمەوە، تەنانەت من بە جۆرێك سەیری پرۆژەی نووسین دەکەم کە تێپەڕاندنی هێندێك دۆخی مرۆییە بەگشتی. لە کاتێکدا پرۆژەی نووسین لەو پرسەدا لەگەڵ پرۆژەکانی تر جیاواز نییە.

***ئیتامبل* Etiemble *لە وتارێکدا (بە ناوی: خۆشبەختن ئەوانەی لە ئینیاوی ئامانجێکدا دەمرن -ڕۆژنامەی Combat 25 ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧) کە ژیرانەیە وەلێ زۆر قووڵ نییە، نووسیویە: (سەرقاڵی پێداچوونەوەی فەرهەنگێك بووم بە ڕێکەوت چاوم بە سێ دێڕ نووسینی ذان ثۆڵ سارتەر کەوت کە دەڵێ: بە ڕای ئێمە نووسەر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەو پابەندانە نییە وەك قەشە ڤێستاڵ[٢] ، نە لەو ئازادانەیە وەك (ئەریل)[٣]. هەرچی بیکات لە ناوجەرگەی ئەو کێشەدایە و پشکداری پیلانەکەیە، ئەگەر لەوپەڕی گۆشەگیری خۆیشی دابێت، سەرتاپای لەو کیشەیەدا نوقمە).* بەو واتایە ئەم وتەیەی (*بلیز باسکال*)م لێکدایەوە کە دەڵێ: *(ئێمە لەدەریادا مەلە دەکەین)*[١] ، *وەلێ هێندەی پێنەچوو* —

(٢) Vestale لە داستانەکانی ڕۆمدا (**کچی کاهن**)ێك بووە بۆ پاسەوانی خوای ئاور، لە باشترن خێزانەکانی ڕۆما هەلدەبژێردرا، شەونخونی بەدیار ئاوری پەرستگای (**ڤێستا**)وە دەکێشا، بە درێژایی تەمەنی هەر بە کچێنی دەمایەوە، خۆ ئەگەر لەو نەریتە لایدابا، زیندە بەچاڵ دەکرا.

**(٣)** Ariel — وەك پێشوو- مەبەست فریشتەی یاخییە لە (لە بەهەشتی بزر)ی شاعیری ئینگلیز میلتۆن (سروودی شەشەم دێڕی **٣٧١**) وەلێ وێدەچی ئەرێل ی شانۆگەری گەردەلوولی شکسپیر بێت، واتە فریشتەی باڵدار.

(١) ئاماژەیە بۆ **ڕهان پاسکال** ی ناودار، پابەند بوون بە هەڵبژاردنی ڕای یەکێك لە ڕاکان و ریسك کردن لەسەر لایەنگرانی. ئێمە لەم جیهانەدا وەك ڕێبوارانی ڕێگای دەریاین، هەڵبژاردن لە سەفەرەکەیاندا نییە، لە هەڵبژاردنی کەشتی بەولاوە ئاماژەیە بۆ ڕهان باسکال ی ناودار، پابەند بوون بە هەلبژاردنی ڕای یەکێك لە ڕاکان و ریسك کردن لەسەر لایەنگرانی. ئێمە لەم جیهانەدا وەك ڕێبوارانی ڕێگای دەریاین، هەڵبژاردن لە سەفەرەکەیاندا نییە، لە هەڵبژاردنی کەشتی بەولاوە هیچ دەسەڵاتێکی تریان نییە. لە بەر ئەوە باسکال دەکەوێتە وتوێژ لەسەر پرسی بوونی خودا. ئەم ڕستانەی بەنموونە دێنینەوە: (خوا ببێ یا نەبێ، بە کام لایانا دەشکێیتەوە؟ ... لە گرەو کردندا پشت بە چی دەبەستی؟ ئەقڵ بەهانای ئەم دوو ڕایەوە نایات، بە ئەقڵ ناکرێ بەرگری لە هیچ کامیان بکرێت. لە بەر ئەوە هەرچی هەڵیان بژراد بە هەڵە بوون تاوانباریان مەکە،

***دوای خوێندنەوەی ئەم دێڕانە – بینیم ئابەندی بە تەواوی بایەخی خۆی لەدەست دەدات، بە یەکجاری بۆ ئاستی پرسگەلێکی زۆر موبتەزەل دێتەخوارێ، بۆ ئاستی پرسی سەروەر و کۆیلە.***

شتێکی تر نالێم تەنیا ئەوندە نەبێت، ئیتامبلَ بانگەشەی بۆ گێل بوون دەکرد. ئەگەر بلێین کەسێك سواری کەشتی بووە مانای ئەوە نییە شارەزای دەریاوانییە. زۆر کەس کاتی خۆیان بە شاردنەوەی پابەندی خۆیان، بەسەر دەبەن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ هەمیشە لە حەقیقەت رادەکەن بەرەو پوچی، بەرەو ئەو بەهەشتە دەستکردە یا بەرەو ژیانێکی خەیاڵی. بەو پێیە تاریکی بە فانۆسەکانیان دەبەخشن، یا لە لایەنی نزیکی شتەکان دەڕوانن نەك لایەنە دوورەکانی، یا مەبەستەکان بەسەر دەکەنەوە و ئامرازەکان فەرامۆش دەکەن، یا هاوکاری هاوتاکانی خۆیان ناکەن، یا خۆیان لە کاروباری ژیان دوور دەخەنەوە گوایا دەست بە شکۆمەندی خۆیانەوە دەگرن، یا هچ بایەخێك بەژیان نادەن چونکە بە دیوی مەرگدا لە ژیان دەڕوانن. کەچی بە نقوم بوونیان لە کاروباری رۆژانەدا هەر ترسێکی مردن رەتدەکەنەوە، یا خۆیان دەخەڵەتێنن: ئەگەر لە چینی ستەمکار بن، لەبەر هەست بەرزییان خۆیان بە ئەندامێکی ئەو چینە دانانێن، ئەگەر لە چینی ستەم لێکراویش بن، بە ملکەچ کردن بۆ چەوسێنەران خۆیان لە بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانیان دەدزنەوە، بەو بیانووەی ئەگەر مرۆڤ توانای هەبێ تام لەژیانی رۆحی خۆی بکات، دەتوانێ ئازاد بێ ئەگەر دیلیش بێ، نووسەران وەك خەڵکی تر دەتوانن پەنا بۆ تێکرای ئەم ئامرازانە بەرن. گرووپێك لەو نووسەرانە کە زۆرینەن بۆ هەر خوێنەرێك بیەوێ ئاسوودە بخەوێ، جبەخانەیەك فرت و فێڵی ئامادەیان پێیە.

نووسەر ئەوکاتە پابەندە کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانی خۆی، هەوڵدەدا روونترین و کامڵ ترین هۆشی هەبێت واتە لەو بوارەدا (دەریاوان) بێت، و ئەو پابەندییە لە بواری هەستی غەریزییەوە بۆخۆی و بۆ ئەوانی تر بگوێزێتەوە بۆ بواری بیرکردنەوە. نووسەر مەزنترین واستەکارە، پابەندییەکەی لە واستەکارییەکەی دایە. وەلێ هەقی خۆیەتی لەبەرهەمەکەیدا لەسەر بنەمای بارودۆخی خۆی لە کۆمەڵگادا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەین. دەبێ ئەوەشمان لە

---

چونکە تۆ هیچ لە پرسی ئەو هەڵبژاردنە نازانی- نەخێر من لەسەر هەڵبژاردنەکەیان گلەییان لێناکەم، بەڵکو گلەییان لەسەر خودی پرسی هەلبژاردن لێدەکەم ... باشتر وایە خۆمان نەخەینە ناو ئەو گرەوە — بەڵێ، وەلێ پێویستە گرەو بکەین، ئەمە شتێکە بەدەست خۆمان نییە، تۆ بە کەشتییەك لە کەشتییەکان لە رێگای دەریادای، کام کەشتی هەڵدەبژێری؟ بڕوانە، 1, B, Pascal: Pensees,X,



بیر بێ بارودۆخی ئەو تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە بلێین مرۆڤە و بەس، بەڵکو لەوەدایە کە نووسەریشە. نووسەرێکی جوولەکە بێ، چیکۆسلۆڤاکی، یا لە خێزانێکی وەرزێر بێت، وەلێ بە هەر حاڵ نووسەرێکی جوولەکەی چیکۆسلۆڤاکییە، لە دەڤەرێکی دێهاتی. کاتێك لە وتارێکی تردا هەوڵمدا بارودۆخی جوولەکەیەك دیاری بکەم، لەم دەستەواژەیە بەولاوە شتێکی ترم نە دۆزییەوە: (جوولەکە مرۆڤێکە ئەوانی تر بەو چاوەی کە جوولەکەیە سەیری دەکەن، پێویستە لە سەر ئەو بنەمایەی ئەوان بۆیان دیاری کردووە هەڵویستی خۆی وەربگرێ). چونکە لە ناو خەسڵەتەکانماندا خەسڵەتێك هەیە، سەرچاوەکەی تەنیا ئەو حوکمەیە کە ئەوانی تر بەسەرماندا دەسەپێنن. پرسەکەش لە هەمبەر نووسەردا ئاڵۆزترە، چونکە مرۆڤێك نییە ناچار بێ پیشەی نووسین بۆخۆی هەڵبژێرێ، کەواتە ئازادی لەوێدا بنەمایە، ئەوەتا من پێش هەموو شتێك بە پێی پرۆژەیەکی ئازادی خۆم لە نووسیندا، نووسەرم، وەلێ ئەوە دەگەیەنێ من مرۆڤێکم ئەوانی تر بە نووسەر لێی دەڕوانن، واتە لەسەریەتی وەڵامی داواکانیان بداتەوە، بیەوێ یا نەیەوێ خەڵك ئەرکێکی کۆمەڵایەتییان پێ سپاردووە. ئەو رۆڵەی ئەو دەیگێڕێ هەرچییەك بێت، دەبێ وەك ئەوانی تر پێی هەستێ. پێویستە ئاکاری کەسایەتی خۆی، ئاکاری ئەو ئەدیبە بێ کە کۆمەڵگای پێی دەبەخشێ، وەلێ - بۆ ئەوەی بیگۆڕێ - پێویستە سەرەتا ئەو کەسایەتییە بە بەر خۆیدا بکات. ئالێرەدایە جەماوەر بە خووخدەکانییەوە، بە بۆچوونی لەمەڕ جیهان و بە دەرك کردنی کۆمەڵ و ئەدەب لەقووڵایی کۆمەڵگاوە دێتە مەیدان، گەمارۆی نووسەر دەدات و پلەوپایەی پێدەبەخشێ، و بنچینەی راستییەکانیش — ئەو بەرهەمانەی نووسەر لە سەرئەو راستییانە بنیادی دەنێ — یاخی بوون، مل کەچ نەکردن، داخوازییە ئاشکرا و شاراوەکانی کۆمەڵگان.

نووسەری مەزن و رەش پێست ریضارد رایت Richard Right بە نموونە وەردەگرین، ئەگەر پلە و پایەکەی وەك مرۆڤێك لە بەرچاو نەگرین، کە رەش پێستێکە لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە گوازراوەتەوە بۆ باکووری ئەو وڵاتە، یەکسەر پەی بەوە دەبەین لەمەڕ رەش پێستان بەولاوە نەیتوانیوە بنووسێ، یا لە روانگەی رەش پێستەکانەوە لەمەڕ سپی پێستان و رەش پێستان نووسیویەتی. ئایا مرۆڤ دەتوانێ ئەوە قەبووڵ بکات کە ریچارد رایت هەموو ژیانی سەرف کردووە بۆ رامان لە **هەق** و **جوانی** و **چاکەی نەمر**، لە کاتێکدا لە سەدا نەوەتی رەشپێستەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە مافی دەنگدان بێبەشن؟ ئەگەر کەسێك لەمەڕ خیانەتی رووناکبیران بدوێ، وەڵامی من ئەوەیە: لە ناو ستەم لێکراواندا نووسەر بوونی نییە، بەو مانایە نووسەران مشەخۆری ناو چین و نەژادی ستمکارانن. کەواتە ئەگەر رەش پێستێکی ویلایەتە

یەکگرتووەکان پەی بە ئیلهامی نووسینی خۆی برد، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ئەو بابەتەی دۆزیوەتەوە لە بارەیدا دەنووسێ: واتە ئەوە ئەو پیاوەیە لە رووی دەرەوەی سپی پێستەکان دەڕوانێ، بەدەر لە سپی پێستەکان فەرهەنگی سپی پێستان تاوتوێ دەکات، لە هەر کتێبێکیشدا دەیسەلمێنێ کە نەژادی رەش لە ناو جەرگەی کۆمەڵگای ئەمەریکیدا نامۆیە. لێدانەوەکەشی بابەتییانە و بە شێوازێکی ریالیستانە نییە، لە هەست و خۆشەویستی و نووسەرەوە سەرهەڵدەدا بە شێوەیەك خوێنەرەکەی دەکاتە هاوبەشی بەرپرسێتی. وەلێ ئەم تێڕوانینە، سروشتی کارەکەی بەتەواوی دیاری ناکات، رەنگە ئەو نووسەرە هەجوکار یا دانەری گۆرانی زنجی بێت لە جۆری بلۆز، یا پەیامبەرێك بێت بۆ رەش پێستەکانی باشوور، وەك چۆن ئەترمیا[1] بۆ بەنی ئیسرائیل. ئەگەر ویستمان بۆ دیاری کردنی سروشتی کارەکەی لەوە پتر بڕۆین، پێویستە خوێنەرەکانی لە بەرچاو بگرین. کەواتە ریضارد رایت بۆکێ دەنووسێ؟ بە دڵنیاییەوە رووی ئاڕاستەی ناکاتە مرۆڤ وەك تاکێك لە تاکەکانی جیهان، چونکە چەمکی مرۆڤ لەو لایەنەوە ئەم خەسڵەتە جەوهەرییەی هەیە: پابەند نییە بە هیچ سەردەمێکی تایبەت، نیگەرانی ئەو بۆ سپی پێستەکانی لویزیانا کەمتر یا زۆرتر نییە لە نیگەرانی بۆ چارەرەشی کۆیلەکانی رۆما لەسەردەمی سثارتاکۆس[2]. مرۆڤیش لەو رووەوە کە تاکێکە لە تاکەکانی جیهان، تەنیا بیر لە بەها باڵاکانی جیهانی دەکاتەوە، ئەمەش جەخت کردنەوەیەکی ئەبستڕاکتی پوختە لەسەر مافە سروشتییەکانی مرۆڤ. رایت ناتوانێ ئاوا بیر بکاتەوە و کتێبەکەی ئاڕاستەی ئەو سپی پێستانەی ڤیرجینیا و کارولاینا بکات کە بانگەشەی دەمارگیری دەکەن، چونکە ئەوان پێش وەخت بڕیاری خۆیان داوە و کتێبەکانی ناخوێننەوە، ناشتوانێ ئاراستەی ئەو وەرزێڕە رەش پێستانەی ثایۆس (لویزیانا و میسیسپی) بکات کە نەخوێندەوارن. ئەو واتە رایت بەڕاستی خۆشحاڵ بوو کە ئەوروپا بە گەرمی پێشوازی لە کتێبەکانی کرد، زۆر ئاشکرا و روونە - کە دەستی پێکرد — لە بیری خوێنەری ئەوروپاییدا نەبوو. چونکە دەربڕینی رق و بێزاری بەرامبەر ئەوروپای دووردەست، ناکاریگەر بوو، مرۆڤ چاوەڕوانی چی لەو نەتەوە باڵادەستانە دەکات کە هیندوستان و چین و ئەفەریقای رەشیان

(١) پەیامبەرێکە لە پەیامبەرەکانی بەنی ئیسراپیل، بە پێشبینییە کارەساتبارەکانی لە هەمبەر نەتەوەکەی بەناوبانگ بووە. لە پێشبینیییەکانیدا باسی ئەوەی کردووە چی بەسەر نەتەوەکەی دێت لەمەڕ وێران کردنی ئۆرشەلیم و ژێردەست کردنی بابل.

(٢) Spartacus سەرکردەی کۆمەڵەی کۆیلەکان بووە دژی دەسەڵاتی رۆما، لە ساڵی ٧١ ی پ. ز کوژراوە



کردۆتە کۆیلە. بە پێی ئەم تێبینیانە، خوێنەرەکانی دەسنیشان دەکەین: رەش پێستە روناکبیرەکانی باکووری ئەمەریکا، نیازپاکانی سپی پێستی ئەمەریکا: **بیرمەندان، دیموکراتخوازانی چەپ و رادیکالیستەکان، کرێکارانی سەندیکا و کۆمەڵەی ریکخراوە پیشەسازییەکانی**[1] **ویلایەتە یەکگرتووەکان.**

ئەمەش مانای ئەوە نییە لە ناو ئەوانە را روو ناکاتە تێکڕای خەڵك، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە ناو خەڵکدا نەبێ روو ناکاتە تێکڕای کۆمەڵانی خەڵك. وەك چۆن ئازادی نەمر لە ئاسۆی رزگاری مێژوویی تایبەتدا دەبینرێ کە نووسەر بە پێودانگییەوە دەچێت، بەجیهانی بوونی نەژادی مرۆییش، لە ئاسۆی گرووپێکی مێژوویی تایبەتی خوێنەرانی، دا دەرەکەوێ. جووتیارانی نەخوێندەواری رەش پێست و وەزرێرانی مولکداری باشوور، پەراوێزی ئەو توانا ئەبستراکتەی خوێنەرانی واقیعی رایت پێکدێنن. نەخوێندەوار لە کاتێکدا دەکرێ فێری خوێندنەوە ببێ، دەشێ کتێبی منداڵی رەش ثێست بکەوێتە دەست دەمارگیرێکی دوژمنی رەش پێست، ئەوسا چاوی بکرێتەوە. ئەمەش تەنیا بەڵگەی ئەوەیە کە هەر پڕۆژەیەکی مرۆیی سنووری واقیعی دەبەزێنێ، وردە وردە بەرەو بێ کۆتایی درێژ دەبێتەوە. پێویستە بزانین کەلێنێکی راستەقینە هەیە لە ناوجەرگەی ئەم گرووپەی خوێنەرانی واقیعی. هەژارە رەش پێستەکان لایەنی زەینی داستانەکانی رایت پێکدێنن. بە واتایەکی تر بۆ رایت حوکمی دەروونگەراییان هەیە. هەمان گرفتی ئەویان لەبەردەم بوو، هەمان سوز و بیرەوەری ئەویان هەبوو، بە کەمترین ئیلهام فەرامۆشی بەدڵیاندا دەهات. کاتێك رایت بە دوای روون کردنەوەی هەڵویستی خۆیدا دەگەڕێت بەو هۆیەوە خودی خۆیان پێ دەناسێنێ، کەواتە هەوڵ دەدا بە هۆش و بیرکردنەوە مانای ژیان بدۆزێتەوە، دیاری بکات، رۆژ بەڕۆژ ژیانی رۆژانەیان راستەوخۆ نیشان بداتەوە کە ئازاری تێدا دەچێژن، بێ ئەوەی ئەوان ئەو وشانە بدۆزنەوە گوزارشت لە ئازارەکانیان دەکات: رایت بۆئەوان وەك ویژدانە. ئەو بزاوتەی تێیدایەتی و خۆی پێی بەرز دەکاتەوە بۆ هۆشێکی بیرمەند، بزاوتی تێکڕای رەگەزەکەیەتی. وەلێ خوێنەرانی سپی پێست هەرچەند نیازیان پاك بێت، لای نووسەرێکی رەش پێست نوێنەری بەرەکەی ترن، وەك ئەوان ناژین، ناتوانن پەی بە پلەی رەش پێستێك بەرن مەگەر بە هەوڵێکی زۆر و بە پشتیوانی هاوشێوەکانیان نەبێت، کە لە هەر ساتێکدا مەترسی خیانەت کردونیان لێدەکرێ. لە لایەکی ترەوە رایت بە تەواوی نایانناسێ تەنیا پەی بە رواڵەتیان دەبات کە هاوبەشە لەنێوان

(1) Committee for Industrial Organazations (us)

تێکڕای ئاری نەژادەکان: جگە لە خۆ بە زلزانی، و دڵنیایی تەواو کە دونیا سپییە و خاوەنەکەشی ئەوانن. سپی پێست — کاتێك چەند دێڕێك دەنووسێ- ئەو ڕەهەندانە نادۆزێتەوە کە ڕەش پێستەکان دەیدۆزنەوە، دەبێ بەپێی هەست و بەراوردی وشەکان، وشەکان هەڵبژێرێ، نازانێ وتەکانی لەناو ئەو ویژدنانەدا دەنگدانەوەیان هەیە. کاتێك بۆ سپی پێستەکان دەدوێ خودی مەبەستەکەی دەگۆڕدرێ، مەبەستی ئەوەیە لە پرسەکەدا بەشدار بن تا دەرەقەتی ئەو بەرپرسییە بێن کە دەکەوێتە ئەستۆیان، لەسەرییەتی رق و کینەیان بوروژێنێ و بە نەنگ بیانڕازێنێتەوە. ئاوەها هەرکارێکی ئەدەبی کە ڕایت پێی هەڵدەستێ، وەك ئەوەیە کە بۆدلێر ناوی دەنێ: (**بابەتێکە دوو ڕووی هەیە ڕوودانیان هاوکاتە**)، هەر وشەیەك دەلالەت لە دوو هاوواتا دەکات، هەر ڕستەیەك دوو هێزی هەیە هاوکات یەکسانن و دەکەونەسەر یەك و هێزی ئەو هەوڵە بێ وێنەیەی داستانەکە دیاری دەکەن. ئەگەر تەنیا بۆ سپی پێستان دوابا، ڕەنگە بە دوور و درێژی و پتر لەوە ڕووی کردبا لایەنی فێرکاری، ئەگەر بۆ ڕەش پێستەکان دوابا کورتتر دەبوو و پتر دەچۆ نێو دڵی نەتەوەکەی، لە شێوازێکی خەماوی نزیکتر دەبۆوە، لە حاڵەتی یەکەمدا ئەدەبەکەی لە هەجو نزیك دەبۆوە، لە حاڵەتی دووەمدا لە شیوەنی پەیامبەرانە: وەك ئەرمیا پێغەمبەر کە تەنیا بۆ جوولەکە دوا. وەلێ کاتێك ڕایت بۆ جەماوەرێکی لێکدابڕاوی نووسی، زانی چۆن پشتیوانی ئەو دابڕانە بکات و لە هەمان کاتدا لێی تێپەڕێ و توانی بیکا بە فاکتەرێك بۆ خولقاندنی کاری هونەری.

نووسەر بەکاربەرە و هیچ بەرهەم ناهێنێ، تەنانەت ئەگەر بیەوێ بە پێنووسەکەی خزمەت بە بەرژەوەندی کۆمەڵگاش بکات. کارەکانی لەخۆوەن، بە پارە مەزندە ناکرێن. نرخە بازرگانییەکەی بە ئارەزوو دیاری دەکرێ، لە هێندێك سەردەمدا نووسەر مووچەی دەدرایە، لە هێندێکی تردا ڕێژەیەکی لە نرخی فرۆشتنی کتێبەکەی وەردەگرت. وەك چۆن لە ڕژێمی کۆندا مەلیك ماڵ و خۆراکی بە شاعیر دەبەخشی پێوەرێك بۆ نرخی هۆنراوە نەبوو ، لەم سەردەمەشدا جگە لە ڕێژەیەکی سەدی، پێوەری گشتی نییە بۆ ماندوو بوونی فیکری. لە ڕاستیدا نووسەر هەقدەستی نادرێتێ، بەڵکو بە پێی سەردەم چاك یا خراپ بژیوی دابین دەکرێ. لەوە بەولاوە هیچی تری لەگەڵ ناکرێ، چونکە جموجوڵەکەی بێ سوودە، هیچ قازانجی تێدا نییە، بگرە بڕێك جار زیانبەخشە بۆ - لەو کۆمەڵگایەی تێدا دەنووسێ — بیر و هۆشی خودی کۆمەڵگاکە. چونکە خەڵك بە پێی یاساکانی کۆمەڵگا، و نەزم و بەها و مەبەستە جێگیربووەکانی پێشوو، سوود پێناسە دەکەن. ئەگەر گۆمەلگا خۆی ناسی، بەتایبەت ئەگەر



هەستی کرد لای ئەوانی تر دیتەنییە، ئەمە خۆی زامنی دروست بوونی مشتومڕە لە نێوان بەها نەگۆڕەکان و سیستمی کۆمەڵگادا. نووسەر وێنەی کۆمەڵگا پێشکەش بە کومەڵگا دەکات، پێی رادەگەیەنێ یا بەرپرسی بگرێتە ئەستۆ یا خۆی بۆ گۆڕانکاری رابگرێ. هیچ چارەیەکی تر نییە کۆمەڵگا دەگۆڕدرێ، ئەوسا ئەو هاوسەنگییەی لە ڕۆژانی نەزانیدا هەیبووە لەدەستی دەدات، لە نێوان نەنگ و سوکایەتیدا ئەمبەر و ئەوبەر دەکات، ئیتر بەدنیازی[1] دەگرێتە بەر. بەو هۆیەوە هەستی ویژدانێکی بیمار، بەکۆمەڵگا دەبەخشێ. لێرەوە نووسەر لەگەڵ ئەو هێزە پارێزکارانەی نایانەوێ هاوسەنگی خۆیان لەدەستبدەن و هەوڵ دەدەن نووسەر تێك بشکێنن، هەمیشە لە ململانێدا دەبێت. چونکە گواستنەوەی بێ واسیتە (ڕاستەوخۆ) - پرسێکە بە وەلانانی ناڕاستەوخۆ (**بە واسیتە**) نەبێ بە ئەنجام ناگات - ئەمەش شۆڕشێکی بەردەوامە[2].

تەنیا چینە دەسەڵاتدارەکان دەتوانن ڕواڵەتگەرایی ئەکتیڤی بێ بەرهەم و بگرە مەترسیداریش پەسند بکەن و نرخی بۆ دابنێن. ئەمەش بۆ فریودان و خراپ لێك تێگەیشتنە، لای زۆربەیان خراپ لێك تێگەیشتنە: ئەندامانی بژارتەی دەسەڵات لە خەمی ماڵ و سامان ڕەخساون، ئەمەش ڕێگەیان دەدا ئارەزوو بکەن ئاگاییەکی لۆجیکی لە هەمبەر خۆیان وەدەست بێنن: ئەوان بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن خۆیان بدۆزنەوە. لەبەر ئەوە هونەرمەند ڕادەسپێرن وێنەیەکی خۆیان (**بژارتە**) پێشکەش بکات، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانیان. وەلێ کەمێکیان فێڵبازن، چونکە مەترسییان ناسیوە، بۆیە خۆراکی هونەرمەند دابین دەکەن، تا هێزە ڕووخێنەرەکەی کۆنترۆڵ بکەن. کەواتە نووسەر، **بژارتەی** مشەخۆری چینی دەسەڵاتدارە. کەچی بە پێچەوانەی بەرژەوندی ئەوانەی ژیانیان بۆ دابین کردووە، ئەرکی خۆی ئەنجام دەدات:

(١) لە فەرهەنگی سارتەردا بەدنیازی بە کاری کەسێك دەڵێن کە بزانێ یا نەزانی خۆی فریو بدات ، چونکە خۆی فریو دەدات ناچارە خەڵکیش فریو بدات. بۆ زانیاری پتر بڕوانە کتێبێکی تری سارتەر بە ناوی **بوونگەرایی**. (و/ فارسی)

(٢) بێ واسیتە قۆناخی تاکگەراییە، واتە دەرکی بوونی خۆت، بە واسیتە، قۆناخی بوون و پێویست بوونی ئەوانی ترە. (و/فارسی)

***ئەمڕۆ خوێنەرانی زۆرن. جاری وا هەیە کتێبێك سەد هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێ، سەد هەزار دانەی لێفرۆشراوە، چوار سەد هەزار خوێنەر، واتە سەد یەکی فەڕەنسا دەخوێننەوە.***

ئەمەیە کێشەی خوودی نووسەر کە پێناسەی بارودۆخی خۆیەتی. ئەم کیشەیە هێندێك جار زۆر بەروونی دەردەکەوێ. هێشتا باسی ئەو پیاوانەی دەوڵەت لە ئارادایە کە بوون بە هۆی سەرکەوتن و خۆشەویستی شانۆگەری زەماوەندی فیطارۆ[1].کەچی ئەم شانۆگەرییە زەنگی مەرگی رژێمی دەسەڵاتداری لێدا. هەندێك جار ئەو کێشەیە شاراوە بوو، وەلێ هەمیشە لە ئارا دابوو، چونکە ناونانی هەر شتێك راڤە نیشاندانی ئەو شتەیە، نیشاندانیش گۆڕانکارییە. لەبەر ئەوەی ئەو چالاکییە لەسەر مشتومڕ بەندە، زیان بە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار دەگەیەنێ، لە سنوورێکی تەسکدا دەرفەت دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتییەك بۆ گۆڕینی رژێمی دەسەڵاتدار، ئەمە و چینە بەشخوراوەکان کاتی ئەوەیان نییە بخوێننەوە یا تامی لێبکەن، کەواتە دەشێ رواڵەتی بابەتییانەی کێشەکە شێوازێکی بەرهەڵستکاری وەربگرێ لە نێوان هێزە پارێزکارەکان — کە جەماوەری واقیعی نووسەرن- و هێزەکانی پێشکەوتن، کە جەماوەری **(دەشێ واقیعی بن)** نووسەرن. نووسەر — لەو کۆمەڵگایانەی چینایەتین و لە سەر شۆڕشی بەردەوام دامەزراون — دەتوانێ ببێتە نێوبەندی هەموان، مشتومڕ لە سەر پرنسیپەکان رەنگە پێش گۆڕانی واقیعەکە بکەوێ یا یاوەری بێت. وەك دەیبینم ئەوە ئەو مانا قووڵەیە کە پێویستە لە پرنسیپی **رەخنە لە خۆگرتن** دا دەرك بکرێ. ئەگەر پانتایی خوێنەرانی **واقیعي** نووسەر ئەوەندە بەرفراوان بوون تا پانتایی خوێنەرانی **نا واقیعي**

(١) Mariage de Figaro شانۆگەرییەکە **بومارشیە** لە ساڵی (١٧٣٢-١٧٩٩) نووسیویەتی، بۆ یەکەمین جار لە پاریس لە ساڵی ١٧٨٤ پێشکەش کرا، لە پاڵ لایەنە گاڵتەجاڕییەکەی ناوەڕۆکی سیاسیشی هەیە، نووسەر پرسەی ئەو رژێمەی فەڕەنسا دادەنێ کە شۆڕش بۆ رووخاندنی سەریهەڵدا، لەوێدا نووسەر پرسەی جیاوکی نەجیب زادەکان دەخوێنێ. رستەیەکی بەناوبانگی تێدایە کە **فیگارۆ** ئاڕاستەی **کۆنت ئەلما فیفا** ی دەکات: (چیت کردووە تا ئەو هەموو جیاوکەت هەبێت؟، تەنیا ئەوە نەبێ بە لەدایك بوونت فەخرت بەسەر جیهاندا کردووە). لە یەکەم نیشاندانیدا لویسی شانزەهەم کە یەکێك لە بینەران بوو وتی: (شانۆگەرییەکی دزێوە، جارێکی تر نیشان نادرێتەوە). وەلێ جەماوەر بەتوندترین شێوە نارەزایەتییان دەربڕی کە نیمچە شۆڕشێك بوو. ناچار نیشان درایەوە، ئەمەش شانسێکی گەورە بوو بۆ جەماوەری بینەر و خوێنەر. شانۆگەرییەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی و نمایش کرا.



بگرێتەوە، مانای ئەوەیە لە هزری نووسەردا تەباییەك لە نێوان ئاڕاستە دژپێکەکاندا وەدی هاتووە. لەم حاڵەتەدا ئەدەب— تابە تەواوی ئازاد دەبێ- دەبێتە نوێنەری هێزی رووخێنەر، واتا هێزێکی پێویست بۆ بنیادنان. وەلێ ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بە بڕوای من هەنووکە بوونیان نییە و گومان دەکرێ لە داهاتووشدا نەبن. وەلێ ململانێیەکە هەرماوە، ئەوە بنەمایە کە دەتوانم ناوی بنێم: خۆشی و ناخۆشی، و نارەحەتی ویژدانی نووسەر.

کاتێك بە کردەوە خوێنەری (ناواقیعی) بوونی نابێ، نووسەر لە بری ئەوەی لە پەراوێز دابێت دەبێتە یەکێك لە ئەندامانی چینی خاوەن جیاوك **(امتیاز)**، ناراحەتی ویژدان بۆ نزمترین پلەی هەبوونی خۆی دادەبەزێت. لەم حاڵەتەدا ئەدەب لەگەڵ خەون و خەیاڵی فەرمانڕەوایان یەکدەگرێ. واسیتەگەری نووسەر لە ناو جەرگەی ئەو چینەدا دێتە ئاراوە. بابەتی مشتومڕ دەبێتە درێژەی باس، بەناوی ئەو پرنسیپانەوە ئەنجام دەدرێ کە لەگەڵ یەکدیدا دەگونجێن. ئەمەش لە ئەورووپا لە سەدەی دوازدەهەم روویدا: نووسەری دینی تەنیا بۆ پیاوانی دینی دەنووسی، لەگەڵ ئەوشدا دەیتوانی خاوەنی ویژدانێکی پوخت و خاوێن بێت، چونکە پێکناکۆکییەك لە نێوان شتە رۆحی و عورفییەکاندا هەیە. شۆڕشی مەسیحی بوو بەهۆی زاڵ بوونی هەر شتێکی رۆحی، واتە زاڵ بوونی خودی ئەقڵ لە دۆخێکی نێگەتیڤدا بە واتای مشتومڕ و شکۆمەندی هەمیشە بنیادنەر، وەلێ لە پشت دەسەڵاتی سروشت و فەرمانڕەوایی ئازادیی دژ بە سروشت. بەڵام وەك پێویست ئەم توانا گشتییە بۆ پەی بردن بە بابەتەکە، سەرەتا وەك بابەتێك سەیری دەکرا، رەتکردنەوەی بەردەوامی سروشتیش سەرەتا وەك خودی سروشت دەرکەوت، ئەم توانایەی خولڤاندنی بەردەوامی ئایدیۆلۆجییەکان و بەجێهێشتنیان، لە رەوتێکی ئایدیۆلۆجی تایبەتدا خۆی دەنواند. لە سەدە سەرەتاکانی زایینیدا کاروباری رۆحی دیلی مەسیحییەت بوو، یا بەشێوەیەکی تر گوزارشتی لێبکەم: مەسیحییەت خۆی کاروبارە رۆحییەکان بوو، وەلێ دواتر کە سروشتی گۆڕا، ئەو رۆحە گۆڕا بۆ بابەت[1]. لێرەدا بە روونی دەردەکەوێ کە مەسیحییەت: لە بری ئەوەی وا دەرکەوێ کە پرۆژەیەکی هاوبەشی هەمیشە نوێخوازی هەموو خەڵکە، دەرکەوت کە پسپۆڕییەکی تایبەتە بە ژمارەیەکی کەمی خەڵك. کۆمەڵگا لە سەردەمەکانی ناوەڕاست دا خاوەنی پێداویستییە رۆحییەکان بوو. بۆ ئەنجامدانی ئەو پێویستییانە، لیژنەیەکی پێکهێنا لەو پسپۆڕانەی یەکترێ هەڵدەبژێرن. ئەمرۆ خوێندنەوە و

(١) واتە بە گۆڕینی بۆ نەریتی دەرەکی.

نووسین لە مافەکانی مرۆڤن، هەردووکیان- لە هەمان کاتدا- دوو ئامرازن لە ئامرازە خودکارەکان بۆ پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ یەکدی، هەردووکیان - لەو پرسەدا- لە زمانی موخاتەب دەچن. لەبەر ئەوە نەزانترین جووتیار، خوێنەری ( **ناواقیعی**)یە. لە سەردەمی نووسەرانی دینداردا خویندنەوە و نووسین بە کاری هونەری دادەنران و تایبەت بوو بە هونەرپیشەکان. خودی خوێندنەوە و نووسین بە کاری هزر نەدەژمێردران. ئەو رەوتە مرۆییە بە مانا بەرفراوان و لێڵەکەی، نەبوو بەو رەوتەی کە دواتر پێدەوترا: لێکۆڵینەوە مرۆییەکان. بەڵکو تەنیا ئامرازی پاراستن و بڵاوکردنەوەی بەهاکانی مەسیحییەت بوون. خوێندەواری، تەنیا زانینی ئەو ئامرازنە بوو کە بۆ وەدەسهێنانی مانای دەقە پیرۆزەکان و لێکدانەوەی بێ ئەژماریان پێویست بوون، نووسینیش بۆ ئەنجامدانی ئەو لێکدانەوەیە بوو. ئەوەندەی ئێمە ئەمرۆ هەوڵدەدەین بۆ فێربوونی کاری هونەری تایبەت بە وەڕەونەق خستنەوە و تاوتوێکردنی بەڵگەنامەکان، بەبێ ئەوەی کاری ئێمە بێت، خەڵکی تر ئەوسا ئەوەند بۆ فێربوونی ئەو کارە هونەرییە پیشەییانە هەنگاویان نەدەنا. پیاوانی چینی ئەریستۆکرات لە پرسی بەرهەمهێنان و چاودێری کردن لە کاروباری رۆحیدا، پشتیان بە پیاوانی دینی دەبەست. ئەوان وەك جەماوەری ئەمرۆ، توانایان نەبوو خۆیان کاری سانسۆری نووسەران بەڕێوەبەرن، بگرە توانای ئەوەیان نەبوو بە بێ هاوکاری، بێ باوەری و بیروباوەڕە راستەکان، لێك جیا بکەنەوە. تا پاپا کە باڵەکەی تریان بوو، پەنای نەبردایە بەر هێزی عورفی واتە هێزی یاسایی، ئەوان وەخۆ نەدەکەوتن. ئەوسا ئیتر تالآن و بڕۆ دەستی پێدەکرد و هەمووشتێکیان دەسووتاند. ئەمەش تەنیا ئەو متمانە بوو کە لەمەڕ پاپا هەیان بوو، چونکە دەرفەتی تالآنیان هەرگیز لە دەست نەدەدا. لە راستیدا ئەو رەوتە هزرییە لە کۆتاییدا ئاڕاستەی ئەوان، ئاڕاستەی ئەوان و گەل ببۆوە، وەلێ بە ئامۆژگاری و رێنوێنی زارەکی نەهییان لێدەکرد، جگە لەوە کەنیسە هەر لە زووەوە خاوەنی زمانێکی سادەتر لە نووسین بوو: ئەویش وێنەکێشان بوو. کۆڵین و وێنەکێشان و هونەری میناتۆر لە دەیر و کەنیسەکان باسی خوا و مێژووی پیرۆز بوون. پیاوی دینی ئەو رووداوانەی دەنووسی کە ئارەزووی بوون، یا کتێبی فەلسەفی، یالێکدانەوە یا هۆنراوەی دەنووسی لە پەراوێزی نیازە پان و پۆڕەکەی بۆ پیاهەڵدانی باوەڕ، بەوەش رووی دەکردە هاوتاکانی، کە ملکەچی سانسۆری سەرکردەکانیان بوون. مادام پێش وەخت دەیزانی ئەوان هیچی لێنازانن ئیتر بە لایەوە گرینك نەبوو کتێبەکەی چ کاریگەرییەك لەسەر جەماوەری خوێنەر دادنێ، بەو ئاراستەیەشدا نەدەرۆیشت پەشیمانی بخاتە ویژدانی دەرەبەگی دز و خانەکان: چونکە



ستەمکاران نەخوێندەوار بوون، کەواتە مەبەستی کێشانی وێنەیەکی دەسەڵاتی عورفی نەبوو کە بە ئاراستەی ئەو دەسەڵاتەدا بڕوا، یا بە لای رایەکدا بشکێتەوە، یا بەردەوام بێ لە هەوڵەکانی بۆ جیا کردنەوەی ئەو شتەی رۆحانییە، لەو شتانەی ئەزموونی مێژوون، بەڵکو پرسەکە بە پێچەوانەوە بوو، نووسەر ئینتمای کەنیسەی هەبوو، کەنیسەش قوتابخانەیەکی رۆحی سینگ فراوان بوو، بە بەرەنگار بوونەوەی هەرگۆڕانێك، سامی خۆی رادەنا. بەو پێیەی مێژوو و دەسەڵاتی کاتی یەك شتن، بەو پێیەی نیازی دەستەی سەرپەرشتی دینی ئەوە بوو وەك دەستەیەکی دیار و پتەو بەرامبەر سەردەم، بمێنێتەوە، ئەمە و نەزمە ئابوورییەکان بەتەواوی لێکدابڕابوون، هۆکانی گواستنەوە و گەیاندن زۆر دەگمەن و سست بوون، تەنانەت رووداوی هەر هەرێمیك کاری نەدەکردە سەر هەرێمەکەی دراوسێی، هەردەیرێك دەیتوانی لە ئاشتی تایبەتی بەهرەمەند بێ، وەك ئەخارنین[1] ی پاڵەوان، کاتێك نیشتمانەکەی لە جەنگ دابوو، ئەو مێشی میوان نەبوو. لەبەر ئەوە پەیامی نووسەر هەمووی لە سەلماندنی سەربەخۆیی خۆیدا کورت ببۆوە، ئەویش بە دانانی ژیان لە پێناوی تێڕامانێکی پوخت لە خودی نەمری. ئەو هێشتا سوورە لەسەر نەمری، تەنیا خەمی، ئەوەیە بیگاتێ. لەم حاڵەتەدا ئەو نموونەیە دەسەلمێنێ کە بیندا بانگەشەی بۆ دەکرد، وەلێ مرۆڤ دەزانێ نووسەر لە چ هەل و مەرجێکدا ئەو ویستە دەستەبەر دەکات: پێویستە هەریەك لە رۆحانییەت و ئەدەب لای یەکتری نامۆ بن،

(١) شانۆگەری **ئەخارین** Les Acharnines کۆنترین شانۆگەری **لارستۆڤانس**ە (٤٥٠-٣٨٥ پ، ز) لە ساڵی ٤٢٥ لە ئەسینا پێشکەش کرا. دوای ئەوەی شارەکە دە ساڵ لەبەر جەنگی **بلۆبۆنیز** ناڵاندی. پاڵەوانی ئەم شانۆگەرییە وەك نووسەر ئاماژەی پێکردووە، (**دیکیۆپۆلیس** -Dicaiopolis) ە کە وەرزێرێکە لەبەر تالآن و بڕۆی دوژمن مەزرایەکەی بەجێهێشت و بۆ شاری ئەسینا باریکرد. دوای ئەوەی فێڵ و تەڵەکەی سیاسەتمەداران و پیشەداران لە پیاوانی جەنگ ئاستەنگیان بۆ دروستکرد، بە تەنیا پەیمانێکی ئاشتی لەکەڵ سپارتا بەست، بۆ ئەمەش پیاوانی ئەخارنیس ئیرەیان پێدەبرد و لەسەر ئەوە بە دەمەقاڵ دەهاتن، بۆ بەرگری کردن لە خۆی بە وتە دەرەقەتیان دەهات، لەبەر ئەوەی بە خیانەت تۆمەتباریان کردبوو، فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنن، لە بەرگرییەکەیدا مەینەت و ناسۆرییەکانی جەنگ دەخاتە بەر چاو، ئۆرکێستری موزیکی بۆ رێك دەخەن. ئەوکەسەی درێژەدان بە شەڕی بە باش دەزانی (**لاماکۆس**)ی سەرکردەبوو. ئەو سەرکردەیە دەچێ بۆ بەرەکانی جەنگ، هاورێیەکان بە برینداری هەڵیدەگرن دەیهێننەوە، دەبینێ پاڵەوانی شانۆگەرییەکە لەگەڵ موریدی خواوەند باخنووس شاد و سەرخۆشە.

دەبێ زۆرینەی دەرەبەگایەتی بوار بۆ گۆشەگیری نووسەر بڕەخسێنێ، تەنیا یەك ئایدیۆلۆژی تایبەت باڵ بەسەر کۆمەڵگادا بکێشێت و تێکرای کۆمەڵانی خەڵك نەخوێندەوار بن، یا ئەو تاکە جەماوەرەی نووسەر رووی تێدەکات لە نووسەرانی تری قوتابخانەی خۆی بن. ئەوەی دەرك ناکرێ ئەوەیە، مەحاڵە نووسەر بتوانێ ئەدای ئازادی بیر — کاتێك بۆ ئەو جەماوەرە دەنووسێ کە ژمارەی لە کۆی پسپۆڕانی دیاریکراو تێدەپەرێ — یەکبخا لەگەڵ ئەوەی خۆی تەرخان بکات بۆ پیاهەڵدانی ئەو بەها نەمر و بیرۆکانەی پێش وەخت باوەری پیێ هێناون. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاسودەیی ویژدانی نووسەری دینی، لەسەر حیسابی مردنی ئەدەب بوو.

وەلێ هەرگیز پێویست ناکا — بۆ ئەوەی نووسەران ئەم جۆرەی ئاسوودەیی ویژدان بپارێزن — خوێنەرانی گرووپێکی ئەهلی هونەر بن. بەڵکو ئەوەندە بەسە نووسەران لەو ئیمانە هزرییەی چینە خاوەن ئیمتیازەکانی گەل نقوم بن، بەو مەرجەی ئەوندە لێی تێر بن نەتوانن پەی بە ئیمانێکی تر ببەن: لەم حاڵەتەدا ئەرکی سەرشانیان گۆڕانی بەسەر دادێ: ئیتر پێویست ناکا پاسەوانی شەرع و ئایین بن، هەر ئەوندە بەسە بەرهەڵستکار و دژبەری دین نەبن. بڕوام وایە مرۆڤ دەتوانێ سەدەی حەڤدە وەك نموونەیەکی تر هەڵبژێرێ کە نووسەران تیایدا چوونە ناو ئایینی هزری باو.

لەو سەردەمەدا نووسەر و خوێنەر روویان دەکردە کاروباری شارستانی نەك دینی. گومانی تێدانییە بنەما لەو رەوتەدا ئەوەیە: شتی نووسراو هێزێکی رەوان و سروشتی درەوشانەوەی هەیە، دواتر هەرکارێکی هونەری بانگەشەیەکی تێدایە بۆ ئازادی. وەلێ بارودۆخی دەرەکی یارمەتی ئەم کارەی داوە وەك بڵاوبوونەوەی خوێندن و لاوازی دەسەڵاتی دینی، و سەرهەڵدانی گەلێك رەوتی هزری نوێ کە بە ئاشکرا روودەکەنە دەسەڵاتی عورفی. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئاڕاستەی شارستانییەتی ئاڕاستەیەکی جیهانییە. لەبەرئەوە جەماوەری خوێنەری نووسەر زۆر سنووردار بووە، کە — بە تێکڕایی — پێی دەوترا کۆمەڵگا. ئەو ناوەش دەستەیەك پیاوانی دینی و دادوەری پەراوێزکراو لە دەوڵەمەندانی چینی بورژوا، دەگرێتەوە. ئەگەر بە تەنیا سەیری خوێنەر بکەین ئەوا ناوی پیاوی نهێنی[1] لێدەنری. ئەو جۆریك چاودێری ئەنجام دەدا کە پێی دەوترا زەوق (چەشە)[2]. کورتییەکەی ئەندام بوو لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگا و لە

(١) مەبەست لە پیاوی نهێنی ئەوەیە کە فەرەنسییەکان لە سەدەی هەژدەهەم ناویان دەبرد I,honnete homme

(٢) بۆ جەماوەری کلاسیکەکان، بڕوانە کتێبەکەم: ئەدەبی بەراورد، چاپی دووەم، ل٣٥٣-٣٥٤.



هەمان کاتدا پسپۆریش بوو، ئەگەر رەخنەی لە نووسەرێك بگرتایە، هۆی ئەوە بوو خۆیشی نووسەر بوو. جەماوەری کۆرنی[3] و باسکال[4] و دیکارت[5]، بریتی بوون لە مادام دی سیظینییة[6] و فارس میرییة[7] و مادام دی طرینان[8] و مادام دی رامبۆی[9]، و سانتیفریمۆن[10]. وەلێ ئەمرۆ پەیوەندی خوێنەر و نووسەر لە دۆخێکی نەرێنی دایە، خوێنەر چاوەڕوانە بیرۆکە و شێوازی هونەری نوێی بە سەردا بسەپێنرێ. خوێنەر ئەو تەنە رەقەیە کە بیرۆکەی نووسەری تێدا وێنا دەکرێ، ئامرازێکی سانسۆری ناڕاستەخۆ و نێگەتیڤە. خوێنەر ناتوانێ پێدابگرێ رەئی لەسەر کارێکی ئەدەبی بدات، لەوە پتر مافی نییە کتێبەکە بکڕێت یا نەیکڕێت، واتە پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر لە پەیوەندی نێوان نێر و مێ دەچێت، ئەمەش مانای وایە خوێندنەوە لە رێگەیەکی ئاگادار کردن بەولاوە شتێکی تر نییە. نووسینیش رێبازێکی گشتییە بۆ پەیوەندی کردن، وەلێ لە سەدەی حەڤدەهەم مەعریفەی مرۆڤ لە هەمبەر نووسین گەیشتە پلە زانینی تۆکمە. ئەمەش بەو مانایە نەبوو ویستی ئیلاهی پرسی

(٣) Corneille شانۆنووس و رەخنەگری فەرەنسییە، زۆربەی شانۆگەرییەکانی کراون بەعەرەبی (١٦٠٦-١٦٨٤).

(٤) Pascal(١٦٢٣-١٦٦٢) فەیلەسووف و زانایەکە لە زانایەکانی سروشتی (زیندەوەرناسی).

(٥) Descartes(١٥٩٦-١٦٥٠) فەیلەسووفی فەرەنسی و زانایەکە لە زاناکانی بیرکاری، بە هۆی فەلسەفەکەی یارمەتی جێگیر بوونی (ئەقلییەتی) کلاسیکدا، بۆ تێگەیشتن لە ئەقڵییەتی کلاسیکی و کاریگەری دیکارت، بڕوانە کتێبەکەم: ئەدەبی بەراورد ل٢٨-٢٩.

(٦) Madame de Sevigne (١٦٢٢-١٦٩٦) ژنە نووسەرێکی فەرەنسییە بە هۆی ئەو نامانەی بۆ کچەکەی (کۆنتیس دی گرینان) ناردن ناوبانگی دەرکرد.

(٧) Le Chevalier de Mere(١٦٠٧-١٦٨٤)، ئەنتوان جۆمیۆ نووسەرێکی رەوشنگەرای فەرەنسییە، زەوقی باوی سەردەم لە پرنسیپەکانی دا حوکم دەکات، کلاسیکییەکان ناویان ناوە خۆشزەوق.

(٨) Madam De Grignan(١٦٤٦-١٧٠٥) هاوسەری هەرێمی پڕۆڤینسی فەرەنسا **کۆنت دی جرینانە** کچی مادام دی سیڤینییەی ناوبراوە، کەنامەکانی بۆ نووسیوە.

(٩) Madam de Rambouillet یا مارکیزە رامبۆیە (١٥٨٨-١٦٦٥) لە کۆشکی رامبۆیە لە پاریس لەیانەیەکدا خۆی و کچەکەی **جولی دانجین** نووسەر و شاعیرانیان کۆدەکردەوە، ئەو یانەیە بوو بە نموونەیەك، یانە ئەدەبییەکانی ئەورووپایان لەسەر دامەزرا کە رۆڵێکی مەزنیان لە ژیان ئەدەبی ئەورووپادا گێڕا.

(١٠) Saint Evremond نووسەر و رەخنەگرێکی فەرەنسییە، بە نامە و کتێبەکانی کاریکردە سەر ئەدەبی ئینگلیزی، خاوەنی شانۆگەری (ئەکادیمییەکان)ە کە تیایدا گاڵتە بە ئەکادیمییەکانی فەرەنسا دەکات.

نووسینی بەیەکسانی بەسەر خەڵکدا دابەش کردووە، بەڵکو ئەگەر خوێنەر لە خوێندنەوەدا خەسڵەتی نووسین نەدا بە خۆی، ئەوا نووسەری (ناواقیعی)یە، واتە لە خانەی بژارتەی مشەخۆراندا دایە — ئەوانەی هونەری نووسین لایان پیشە نییە- لانی کەم نیشانەی شکۆمەندی و باڵاتربوونە. دەیانخوێندەوە لەبەر ئەوەی شارەزای نووسین بوون. ئەگەر تۆزقاڵێك دەرفەتیان هەبا دەیانتوانی ئەو شتە بنووسن کە دەیانخوێندەوە. ئەوسا خوێنەران جەماوەرێکی کارکەر بوون، لەڕاستیشدا بەرهەمی ئەدەبی لە کۆنترۆڵی ئەواندا بوو، بە ناوی لیستێکی بەهاکان کە یارمەتی پتەو کردنی دەدا و حوکمی بەسەردا دەکرد. لە توانای ئەو سەردەمەدا نەبوو پەی بەشۆڕشێکی رۆمانتیکی بەرێت. چونکە دەبوو جەماوەری راڕا و پەشێو بەشداری تێدا بکەن، بە هۆی ئەو هەست و بیرۆکانەی جەماوەر لێی بێ ئاگایە نووسەر غافڵگیریان بکات و بیانهەژێنێ، بەهۆی پیتاندن و کوتانی بڕوای لەرزۆکیان، کتوپڕ بێداریان بکەنەوە.

وەلێ ئایدیۆلۆجییەکان لە سەدەی حەڤدەهەم سەقامگیر و نەگۆڕ بوون: رەوتی دینی و رەوتی هزری سیاسی یەکیان گرت کە ئەو یەکگرتنە لە خودی دەسەڵاتی عورفییەوە سەرچاوەی گرت. هیچ مرۆڤێك بەئاشکرا گومانی لە هەبوونی خوا و گومان لە مافی ئیلاهی پاشا ناکات. ئائەو (**کۆمەڵگا**)یە زمان و نەریت و رێوڕەسمی خۆی هەیە، کە پێویستە لەوکتێبانەدا کە دەیانخوێننەوە، سەرلەنوێ تیشکیان بخرێتەوە سەر. هەروەها دەرك کردنی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ سەردەم. بەو پێیەی ئەو دوو راستییە مێژووییەی بێ وچان بیریان لێدەکاتەوە - تاوانی یەکەم و دەرباز بوون [1]— کاردانەوەی رابردوویەکی دوورن، هەر لەو رابردووە دوورەوە شکۆمەندی خێزانە ئەریستۆکراتەکان و بەڵگەی سامان و جیاوکەکانیان سەرچاوە دەگرێت، لەبەر ئەوەی داهاتوو لە توانای دانییە شتێکی نوێ بهێنێ، کەواتە کەماڵی خواوەند لەوە باڵاترە بگۆڕدرێ، هەر دوو هێزی گەورە و دەسەڵاتداری سەر زەوی - کەنیسە و موڵکایەتی — تەنیا بۆ نەگۆڕی و جێگیر بوونی دەسەڵات بانگەشە دەکەن، کەواتە فاکتەری

---

(١) بە پێی دینی مەسیح، ئەو رەنج و ئازارەی مرۆڤ لە سەر زەوی دەیچێژێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانەی ئادەم باوکی مرۆڤ لە بەهەشت ئەنجامی دا ( کە خواردنی سێوێك بوو بەدەستی شەیتان) لە سزای ئەوەدا هینرایە سەر زەوی و بۆ هەتا هەتایەی دەبێ نەوەکانی بەدەست سزای ئەو تاوانەوە بناڵێنن, بەڵام حەزرەتی مەسیح بە لەخۆبردوویی کە سزای خاچی وەئەستۆ گرت، لە راستیدا ویستی تاوانەکانی تێکرای مرۆڤ وەئەستۆ بگرێ و بە پێشکەشکردنی گیانی خۆی، رزگاریان بکات. (و/فارسی)



چالاکی زەمەن رابردوو بووە، رابردووش لە سیمای (نەمریدا) دا پلەبەندی دەکرێ، (ئێستا) تاوانێکی بەردەوامە تەنیا پاساوی ئەوەیە سەردەمی رابردوو بە باشترین شێوە واتە کەمترین خراپی وێنا بکات. بۆ ئەوەی بیرۆکەیەك پەسەند بکرێ دەبێ بیسەلمێنێ کە بیرۆکەیەکی کۆنە، ئیلهامی کاری هونەری لە نموونەی کۆنەوە وەربگرێ تا شایانی خۆشویستن بێ. نووسەرانێك هەن خۆیان راشکاوانە پاسەوانی ئەم رەوتە هزرییەن. وەك هەندێك لە نووسەرانی رۆحانی کەنیسە کە هیچ خەمێکیان نەبوو تەنیا بەرگری کردن لەو شەرعە بەجێماوە، نەبێ. ئەمە جگە لەو (سەگانەی پاسەوانی) دەسەڵاتی دونیایین، وەك مێژوونووسانی پاشایان و شاعیرەکانیان و پیاوانی یاسا و ئەو فەیلەسووفانەی برەویان داوە بە پاراستن و بەهێز کردنی باوەری پاشایەتی رەها. وەلێ ئێمە لە تەك ئەوانەدا لیستی سێهەم دەبینین لە نووسەرانی شارستانی بە هەموو خەسڵەتەکانیانەوە کە زۆربەیان باوەڕە سیاسی و دینییەکانی سەردەم پەسند دەکەن، بێ ئەوەی بڕوایان وابێ پاراستنی ئەو رەوتانە سەلماندونیان گەرەکە. ئەوان لە بارەیدا نانووسن، بەڵکو لە دەروونەوە پەسندی دەکەن. ئەمەش لای ئەوان دەبێتە ئەو شتەی ناومان لێنا (قرینە - وێچووی بەرامبەر)، واتە کۆی ئەو گریمانە هاوبەشانەی پێشووی نێوان خوێنەران و نووسەر کە پێویستن بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن لەو بابەتەی نووسەر بۆ خوێنەری دەنووسێ. ئەو نووسەرانە - بە گشتی - لە چینی مامناوەندی و بورژوان، و ئەریستۆکراتەکان ژیانیان دابین دەکەن. چونکە ئەوانە بەکاربەرن نەك بەرهەمهێن، لە پلەی ئەو ئەریستۆکراتانەدان کە بەرهەم ناهێنن و لە سەر کاری خەڵکی تر دەژین — واتە مشەخۆرن لە سەر چینێك کە خۆی مشەخۆرە. ئەم نووسەرانە — دواتر - لە گرووپێکی تایبەتدا ریك ناخرێن، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی یەك ئاراستەدا دەستەیەکی شاراوە پێکدێنن. بۆ ئەوەی گوێبدرێتە بنەچەی کۆمەڵایەتی و قەواڵەی کۆنیان، دەسەڵاتی پاشایەتی لە نێو ئەوانەدا ئەو کەسانەی هەڵدەبژارد کە لە گرووپێکی سەمبۆلێك دەچوون وەك گرووپی ئەکادیمی. پاشا پارەی بۆ خەرج دەکردن و بە بژارتەی (نوخبە) گەل ناوی دەبردن، ئەوانیش تەنیا خەمیان ئەوە بوو ئارەزووەکانی ئەو جەماوەرە خوێنەرە دیاریکراوە جێبەجێ بکەن. وەك نووسەرانی (**پیاوانی دینی**) سەدەی هەژدەهەم هەست بە ئاسوودەیی ویژدان دەکەن. لەو سەردەمەدا باسی خوێنەرانی (ناواقیعی) بەجیا لە خوێنەرانی واقیعی مەحاڵ بوو. بۆ لابروێیر[1] پێش دێ،

---

(١) La Bruyere (١٦٤٥-١٦٩٦) نووسەرێکی فەڕەنسییە لەسەر رەوشت نووسیویەتی، بە کێشانی وێنە

لە بارەی وەرزێران بدوێ وەلێ هەرگیز لەگەڵ خۆیان نادوێ. ئەگەر باسی هەژارییان بکات، بەو مانایە نییە بەڵگەیەك بێ دژی ئەو رژێمەی خۆی لێی رازییە، وەلێ بە ناوی ئەو رژێمەوە بایەخی پێدەدات دەڵێ: نەداری نەنگە بۆ پاشایانی رووناکبیر و پیاوچاکانی مەسیحی. بەم شێوەیە نووسەران بە بێ جەماوەر لە جەماوەر دەدوێن. لە توانای ئەو نووسەرانەدا نەبوو بزانن نووسین یارمەتی ئەو جەماوەرە دەدات لە بارەی خودی خۆیانەوە ئاگاییان هەبێت. هەر پێكناكۆكییەك لە رۆحی نووسەرەکاندا هەبوو بێت- بە هۆی هەماهەنگی جەماوەری خوێنەر — لە ناو چووە. ئەوانە دابەش نەکراون لە نێوان خوێنەرانی واقیعی کینە لە دڵ و خوێنەرانی (ناواقیعی) دوورە دەست کە هۆگریانە. لە نێو خۆیان لە خۆیان ناپرسن کە پێویستە لەم جیهانەدا چ رۆڵێك بگێڕن؟. چونکە نووسەر لەو سەردەمانەدا نەبێت کە پەیامەکەی هێشتا بەروونی وێنا نەکراوە لە خۆی ناپرسێ پەیامەکەی دەبێ چ کاریگەرییەکی لە سەر جیهان هەبێت؟. کاتێك کە لەسەری پێویستە ئەو پەیامە دابهێنێ، یا چاو بخشێنێتەوە بەو شتەی لێیەوە داهێناوە، واتە کاتێك پەی بەوە دەبا — لە پشت بژارتەیەك لە خوێنەران — جەماوەرێکی نادیار لە خوێنەران هەیە دەتوانێ یا ناتوانێ (یا دەشێ) بیانخاتە پاڵ ئەو خوێنەرانە، دەبێ — ئەگەر بۆی رەخسا بیانگاتێ — دەست بخاتە ناو پرسی پەیوەندییەکانیان. بەڵام نووسەرانی سەدەی نۆزدەهەم ئەرکێکی دیاری کراویان هەبوو، چونکە روویان دەکردە جەماوەرێکی رووناکبیری تەواو دیاریکراو، جەماوەرێکی کاریگەر کە سانسۆرێکی بێ وچان لە سەر نووسەران دادەنێ. لەبەر ئەوەی گەل نایانناسێ، پیشەیان ئەوەیە وێنەی گەل بخەنە بەردەستی ئەو بژارتەیەی ژیانیان دابین دەکات.

---

لە ئەدەبی فەڕەنسیدا بەناوبانگە وەك فەیلەسووف و نووسەری یۆنانی **تیۆفراست لابرۆییر** لەسەردەمی خۆیدا لە خووخدەکان دەدوا و رەخنەی لێدەگرتن. نووسەر ئاماژە بە وێنا کردنی ئەو وەرزێرانە دەکات کە هەژار و کەللە رەق بوون لێرەدا ئەم وێنە **دەگمەنە** بە نموونە دێنینەوە:

(مرۆڤ لە نێوان هەندێك ئاژڵی دڕندەی لادێ لە نێر و مێ، سیمایان رەشی هەڵگەڕاوە، تۆزوخۆڵ ئازاریان دەدات، خۆر لە هەڵپروکاندیان دەستی هەبووە، پەیوەستە بەو زەوییەی دەیکێڵێ، منجرانە هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکات، لەژێر لێوەوە ورتەی دێت، کە دەکەوێتە سەرپێ، سیمای لە خەڵك دەچێ، لە راستیدا خەڵکن، شەوانە دەخزێنە ناو کۆڵێتەکانیان، ژیانیان لەسەر ئاو و نانی رەش و گژوگیای کێڵگەکانە، ئەوان بۆ ژیان بۆ خەڵکی تر زەحمەتی کێڵان و کشتوکاڵ و چنینەوە دەکێشن ئەوان هەقی ئەوەیان نییە ئەو نانەیان هەبێ کە بەرهەمی چاندنی خۆیانە). بڕوانە La Bruyere: Caracteres,XI,28



وەلێ لێرەدا گەلێك میتۆد هەن بۆ دروستکردنی ئەو وێنەیە: وێنەیەکیان خۆی لە خۆیدا مشتومڕ و مەدارا کردنە، چونکە بە بێ هۆگری و خەمخۆری ئەو وێنەگرە بۆ خاوەن وێنەکە، لە دەرەوە وێنەی کێشراوە،. بەڵام - بۆ ئەوەی نووسەر تەنیا پەی بە بیرۆکەی وێنەکە بەرێت، کە لە خودی خۆیدا نکۆڵی کردنە لەو شتەی خوێنەرەکانی بڕوایان پێیەتی — دەبێ ئاگاداری ئەو پێکناکۆکییە بێ کە لە نێوان خۆیی و خوێنەرەکانیدا هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو لە دیوی دەرەوە و بە سەرسوڕمانەوە لێیان دەروانێ، یا بە بێکەڵکیان دەزانی بۆ ئەو کۆمەڵگە بچووکەی (واتە خۆی و بژارتەی بورژوا _و/ کوردی) لە تێڕوانینیدا هاوبەشە، روانینێك کە نامۆیە بۆ خوێنەرانی لەناو کەمایەتییە رەگەزییەکان و چینە بەشخوراوەکان.

وەلێ خوێنەری (ناواقیعی) لە سەدەی حەڤدەهەمدا بوونی نەبوو، هونەرمەندیش خاوەنی بڕوای دینی بژارتەی نەتەوە بوو بێ ئەوەی رەخنەی لێبگرێت، هاوبەشی کەموکوڕی خوێنەرەکانی بوو. لەمەڕ ئەو رۆڵەی لە کۆمەڵگادا دەیگێڕا، هیچ بۆچوونێکی نامۆ بیروڕای نەدەشێواند. هیچ نەفرینێك لە سەر پەخشاننووس تەنانەت لەسەر شاعیریش نەبوو. دەستیان لە دیاری کردنی مانای نووسین و بەها ئەدەبییەکەیدا نەبوو، چونکە دابونەریتەکان ئەو بەها و ئەو مانایانەیان جێگیر کرد بوو. شاعیر و پەخشاننووس هەردووکیان لە قوڵایی کۆمەڵگایەکدا بوون کە جیاوازییە چینایەتییەکانی تێدا سڕ کرابوو. زانیارییان لەمەڕ تاکگەرایی و هەبوون یا ئەو دوو دڵییەی تاکبوون دەیوروژێنێ نەبوو. بە کورتی ئەوان **کلاسیکگەرا** بوون.

لە راستیدا کلاسیکگەرایی لە هەر کۆمەڵێکدا کاتێك وەدی دێت کە تا رادەیەك سەقامگیر و خاوەن ئاسایش بێت، ئوستورەی نەمری بەبەردا کرابێ، واتە کاتێك ئێستا و نەمری، راستییەکانی مێژو و داب و نەریتەکان تێکەڵ دەبن، و کاتێك جیاوازی نێوان چینەکان تاپلەیەك سەقامگیر دەبێ کە پانتایی خوێنەرانی ناواقیعی (کە بشێ ببێتە واقیعی) سنووری خوێنەرانی واقیعی ببەزێنێ، کاتێك خوێنەر ببێتە چاودێر و رەخنەگر لەسەر نووسەر، رەخنەگر ئاکارەکانی رەخنەگرتنی سادەی تێدا کامڵ بووبێ. کاتێك ئەوەی گۆمەڵگای داگرتووە — لە باوەڕی دینی یا سیاسی، لە هێزی دەسەڵاتدارەوە — دەگاتە پلەیەك سنوورەکانی تۆکمە و بە نیاز نەبێ بواری نوێ بۆ بیرکردنەوە بدۆزێتەوە، تەنیا ئامانجی دارشتنەوەی ئەو واتا باوانە دەبێ کە گرووپی بژارتە ئارەزوویەتی، تا وای لێدی خوێندنەوە — پێشتر بینیمان پەیوەندی ماددی لە نێوان نووسەر و خوێنەران — دەبێتە رێ و رەسمێکی ئاسایی وەك سڵاو کردن، واتە وەك ئاهەنگی جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە نووسەر و خوێنەر لە جیهانێکدان و یەك بیرو بۆچوونیان هەیە بۆ تێکرای شتەکان. بەم پێە هەر

بەرهەمێکی هزری دەبێتە کاریك لە کارەکانی رەفتار و رەوشت، شێوازیش- هاوکات — گەورەترین ئەدەبی نووسەرە بۆ خوێنەرەکەی. نووسەر لە لایەن خۆیەوە بێزار نابێت کاتێك لە تێکرای کتێباندا چاوی بە هەمان بیروبۆچوون و جیاوازی نێوانیان دەکەوێ تا دەگاتە ئەوپەڕی جیاوازی، چونکە ئەو بیرو بۆ چوونانە بیر و بۆچوونی خۆیەتی، ئەو خوازیاری بیر و بۆچوونی تر نییە، بەڵکو خوازیاری ئەوەیە، وەك پێشوو هەر ئەو بیروبۆچوونانەی خۆی دەسکەوێت بە شێوازێکی جوان دایان برێژێتەوە. کەواتە ئەو وێنەیەی نووسەر پێشکەشی خوێنەری خۆی دەکات — بە حوکمی پێویسیی — ئەبستراکتە و بەشداری کردنە لە بەرپرسی. مادام نووسەر رووی لە چینی مشەخۆرە، ناتوانی مرۆڤێکی کارکەر دەسنیشان بکات، یا بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتی دەرەکییەوە وێنا بکات. لە لایەکی ترەوە بەو پێیەی ئەنجوومەنگەلی پسپۆران - لە ژێر سانسۆری کەنیسە و پاشایەتی - بایەخ بە پاراستنی رژێمی رۆحی و دونیایی، دەدەن، زەینی نووسەر لە ژێرکاریگەری فاکتەرە ئابووری و سیاسی و دینی و میتافیزیکییەکان، تەواو خاڵییە لەهەر بیرۆکەیەکی دروست بوونی تاك. چونکە ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی ئێستا و نەمری تێکەڵ دەکات، ناتوانێ کەمترین گۆڕانکاری کە بە سروشتی مرۆیی ناو دەبری، لە زەینی خۆیدا وێنا بکات، وادەزانێ مێژوو زنجیرەیەك رووداوە، کاردەکاتە سەر رواڵەتی مرۆڤی نەمر، بێ ئەوەی گۆڕانێکی قووڵی تێدا وەدی بهێنێ. ئەگەر پێویست بێ مانایەك بۆ درێژ بوونەوەی مێژوو دابنێت، دووبارە بوونەوەیەکی نەمرانەی تێدا بەدی دەکات، بە شێوەیەك رووداوەکانی رابردوو بتوانن هاوچەرخانی لە وانەکانی بەهرەمەند بکەن، پێویستیشە ئەم کارە بکات، هاوکات زیادە رۆیی تێدا دەبینێ کە گرفتی سووکەڵە رێگا بە رەوتەکەی دەگرێت، چونکە رووداوە گەورەکانی مێژوو دەمێکە سەردەمیان بەسەر چووە، مادام نووسەران لە سەردەمەکانی کۆندا گەیشتوونەتە پلەی کامڵ بوون لە ئەدەبدا، لەبەر ئەوە نموونە کەونەکان لای ئەو کۆمەڵێك دەسکەوتی خۆشەویستن. لە هەموو ئەمانەشدا لەگەڵ خوێنەرانی تەبایە، چونکە ئەو خوێنەرانەی کار بە نەفرین دادەنێن، هەست بە هەڵویست و پێگەی خۆیان لە ناو مێژوو و جیهاندا ناکەن، ئەویش لەبەر هۆیەك: ئەوەیە کە خاوەن ئیمتیازن لە ناو گەلدا، و تاکە پیشەی سەرەکییان، بیروباوەڕ، بالا راگرتنی پاشا، خۆشەویستی، جەنگ، مردن و پاراستنی ئەدەبی نەریتەکانە. کورتی وتە: وێناکردنی پیاوێکی کلاسیکی وێناکردنێکی دەروونناسانەیە، چونکە خوێنەرانی کلاسیك لە لایەنی دەروونییەوە نەبێ هیچ ئاگاییەکی تریان نییە. پێویستە بزانین ئەو لایەنە دەروونناسییە لەسەر نەریتە کۆنەکان دامەزراوە. ئەو بایەخ بە دۆزینەوەی راستییە قووڵە نوێیەکانی ناودڵی ئادەمیزاد نادات، نە گریمانەکانیش



کەڵەکە دەکات: چونکە نووسەر لێکدانەوە داناهێنێ بۆ شرۆڤەکردنی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکان، مەگەر راڕایی باڵی بەسەردا کێشابێ کە لە کۆمەڵگا ناسەقامگیر بووەکاندا زۆرە، ئەویش کاتێك جەماوەرە خوێنەرەکەی درێژ دەبێتەوە بۆ ناو گەلێك چینی کۆمەڵایەتی. وەلێ دەروونناسی لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە پیاهەڵداندا چڕ ببۆوە، ئەوندەی پابەند بوو، گوزارشتێکی هونەری لەو بیرۆکانە بکا کە بە دەروونی بژارتەی کۆمەڵدا رادەبورد، ئەوەندە پابەند نەبوو بە ئەزموونە شەخسییەکان. لارشفۆکۆ[1] بۆ ناوەرۆك و کلێشەی نموونەکانی، کەڵکی لە شانۆی یانە و سالۆنەکان وەردەگرت. پاساو بۆ بارودۆخی ویژدان لە لایەن موریدانی مەسیح[2]، و مەراسیمی (ئەتیکت) لەلای بەرواڵەت رۆشنبیران[3]، و بایەخدان بە وێنا کردنی ئەو رەوشتەی نیکۆل[4] بانگەشەی بۆ دەکرد، و تێڕوانینی دینی بۆ هەوەسەکان، ئەمانە هەموویان ئەو کەرەستانە بوون کە سەدان بەرهەمی نووسراوی تر کەڵکیان لێوەرگرتووە. شانۆگەرییەکانیش ئیلهامیان لەو وێنە دەروونییانەی پێشینیان و دواتر لە زەوقی زاڵی چینی باڵادەستی بورژوا، وەرگرتووە. کۆمەڵگا لە وێدا خۆی وەك شەیدای وێنەکەی خۆی دەناسێنێ، چونکە ئەو بیروڕایانە دەناسێنێ کە خۆی رەنێوی هێناون، ئەو خوازیاری ئەوە نییە وێنەکەی وەك هەیە ئیلهام بکرێ، بەڵکو دەیەوێ وێنەیەك رەنگدانەوەی هەبێ کە پێی وایە وێنەی خۆیەتی. هێندێك جار مۆڵەتی چەند جۆرێك هەجو بەخۆیان دەدەن، ئەویش لە پێچ و پەنای نامە و شانۆگەرییەکاندا،

---

(١) La Rochefoucault (١٦١٣-١٦٨٠) سیاسەتمەدار و نووسەرێکی رەوشتگەرایە لەسەر رەوشت بڕیار دەدا و بێ ئومێدی بەسەریدا زاڵە.

(٢) Les Jesuites گرووپێکی دینین کە سیستمێکی پلەداری دینییان هەیە، سەرەتا لە ئیسپانیا سەری هەڵدا دواتر لە فەرەنسا فرە باوی پەیدا کرد، مەبەستی بڵاوکردنەوەی، دینی مەسیح و رێنوێنی کردنی بێ دینان، خواپەرستی و بەرەنگاری کردنی چاکسازی بوو، لە کاروباری سیاسی بەشداری دەکرد، بۆیە دژایەتی پەرلمانی وەخۆ گرت، کۆمەڵگاش رووبەڕووی وەستایەوە. ئەو گرووپە لەساڵی ١٧٦٤ لە فەرەنسا هەڵوەشا و دەست بەسەر قوتابخانەکانی دا گیرا.

(٣) گرووپێکی یانەکان بوون، بەناوی ئەدەب و زەوقەوە، بە مەبەستی گوزارشت کردن لە داب و نەریت، گیانی رازانەوە و پۆك و پۆشتەییان تێدا بڵاوبۆوە، مولێر لە شانۆگەری گاڵتەجارانی سەرتاشراو، گاڵتەیان پێدەکات.

(٤) **بترس نیکۆڵ** Nicol نووسەرێکی رەوشگەرایە، یەکێکە لە گەورەپیاوانی (دیر رۆیاڵ)، گەلێك نامیلکەی هەیە لەمەڕ رەوشت و پرنسیپە دینییەکان.

چونکە بژارتە — بە پێی ڕێساکانی بوونی خۆی- لەسەر پرۆسەی خاوێنکردنەوە و پاکتاوکردنی پێویست بۆ ساخڵەمی خۆی، وەستاوە. هەرگیز ئەریستۆکرات و دادوەر و کۆمەڵانی بە ڕواڵەت ڕۆشنبیر، کە شایانی گاڵتە پێکردن بوون، بەدەر لە ڕوانگەی چینی دەسەڵاتدار، نەکەوتوونەتە بەر گاڵتەجاری، بابەتی گاڵتە پێکردن هەمیشە ئەو کەسانە بوون کە داب و نەریتیان وەخۆ نەگرتووە و لە کۆمەڵگادا پەراوێز کراون. ئەگەر گاڵتە بە **دوژمنی کۆمەڵگا**[1] کرابێ لەبەر ئەوەی بێ ئەدەب بووە، گاڵتە کردن بە کاتۆس و مادلۆن[2]،

لەبەر ئەوە بووە زیادەڕەوییان کردووە لە ڕێوڕەسمی ئەدەبدا. فیلامێنت[1] بەرەو بەرەنگاربوونەوەی ئەو بیروڕایانە دەڕوا کە لە هەمبەر ئافرەتدا بە میرات بەجێماون، ئەریستۆکراتی

---

(١) شیعری **مۆلێرە**، لە ساڵی ١٦٦٦ پێشکەش کرا، کەسایەتییە سەرەکییەکەی **ئەلسیسیت**ە کە ڕقی لە ریا و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان چینی باڵای کۆمەڵگا دەبێتەوە. هاوکات دەبینێ هاوڕێیەکەی **فیلنت** دەیەوێ لەو کۆمەڵگایەدا بژیت وەك لە ئارادایە. ئەلسیسیت هۆگری بێوەژنێکی جوان دەبێت بەناوی **سیلمین**، ئەمەش وێنەیەکی کۆمەڵگایە لە دەسبڵاوی و خۆنواندن و ئاخاوتنی ساختە. وا پێش دیت ئەلسیست لە یەکێك لە پیاوەکانی کۆشك بپرسێت ڕای لەمەڕ پارچە شیعرێکدا چییە، ڕاشکاوانە دەڵێت بی تام و دزێوە، شاعیریش ئەمە بە سووکایەتی دەزانێ و کە دەرباز بون لەو سووکایەتییە تەنیا بە شمشیربازی دەکرێ. **(ئەرسینۆیە)** ئەلسیسیتی خۆشدەوێ لەبەر ئەوە پیلان بۆ خۆشەویستەکەی **سیلمین** دادەڕێژێ، پیلانێکی داپۆشراو بە ڕووپۆشی ریا و درۆدەلەسە کە ئەو کات لە کۆمەڵگادا باوبوو، ئەم کۆسپانەش کۆتاییان دێت بە یەکگرتنەوەی ئەلسیسیت و خۆشەویستەکەی سیلمین، لەبەر ئەوە داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات پرۆسەی زەماوەندەکەیان درێژکەنەوە تا لەو کۆمەڵگایە دووربکەونەوە، دوو دڵ دبێت و دوایی جێی دەهێڵێ. دەیەوێ بڕوا بۆ شوێنێکی دور دەست کە ئازادی پیاوی ئابروومەندی تێدابێ.

(٢) **کاتۆس** Cathos و **مادلۆن** Madelon دوو ئەکتەری ئەدەبین لە شانۆگەری خۆوبەرۆشنبیرزانانی گەپجار ی مۆلیر، لە ساڵی **١٦٥٩** پێشکەش کرا، یەکێکیان خوشکی **جۆرجیبۆس** و ئەویتریان خوشکەزایەتی، هەردووکیان زەماوەندیان ڕەتکردەوە چونکە دەزگیرانەکانیان لە دەستەواژەی داخوازییاکانیاندا نەدرەوشانەوە، ژێر نەبوون لەوتارەکانیاندا. لەبەر ئەوە ئەو دوو دەزگیرانە پیلان بۆ ئەو دوو کچە دادەنێن ، نۆکەرەکانیان لە بەرگی دەزگیران دەنێرن و ئارەزووکانیان لە داواوە بە جێدێنن. کچەکانیش ڕازی دەبن شوویان پێبکەن. بەڵام دوای ئەوەی پیلانەکە ئاشکرا دەبێت نەنگ و شەرمەزاری دایان دەگرێت.

(١) فیلامێنت کەسایەتییەکی ئەدەبییە لە کەسایەتییەکانی دوژمنی کۆمەڵ، شانۆگەرییەکی مۆلێرە کە پێشتر باسمان کرد.



شێوە بورژوا[2]: هەم لای بورژوایانی دەوڵەمەند، ئەوانەی خۆبەزلزان و متمانەیان بە پێگەی مەزنی خۆیان هەیە، دزێوە، هەم لای ئەریستۆکراتەکان، چونکە دەیەوێ بە زۆر دەرگای بە ئەریستۆکرات بوون بکاتەوە. ئەم هەجووە دەروونییە دەشێ ناوبنرێ هەجوی ئۆرگانی، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو هەجووە مەترسیدارەی بومارشیة[3] ، لویس کوربیة[4] ، ذول ظالیة[5] ، و دی سیلین[6] ، دا نییە، چونکە ئەو هەجووە کەمتر بوێرانە وەلێ پتر زبرە، لە هەمانکاتدا وەرگێڕاوی کاردانەوەی زاڵبوونی گرووپێکە لەو ڕێگەیەوە بەسەر لاواز و نەخۆش و لێقەوماندا، ئەوەش پێکەنینی بی سۆزی منداڵانی لات و سەرکیشە، بەرامبەر منداڵی بەستەزمان.

---

(٢) Le Bourgeos Gentilhomme شانۆگەرییەکی مۆلیرە، یەکەم جار لە ساڵی ١٦٧٠ نیشان درا و پاڵەوانەکەی **مسیۆ گۆردنە**، لە ڕێگەی پارەوە گەیشتە ناو ئەریستۆکراتەکان، هەوڵ دەدات ئاکاری ئەوان وەخۆ بگرێ، لەبەر ئەوە فێری فەلسەفە و سەما و ئەدەب بوو... سەرسام دەبێت کە دەبینێ بە درێژایی تەمەنی بێ ئەوەی بزانێ بە شێوازی پەخشان دواوە. ڕێگە نادات کچەکەی شوو بە پیاوێکی شایستەی خۆی بکات بە ناوی **دۆرانت**، تەنیا لەبەر ئەوەی بنەچەی نەجیب زادە نییە. لەبەر ساویلکەیی خۆی باوەڕ بە دۆڕانت دەکات کە دەڵی من لە یەکێك لە بنەماڵە نەجیبەکانی تورکم بە (برگانە) لە بەر دەمیدا دەدوێ و حاڵی دەکات کە ئەویش تورکە. شانۆگەرییەکە گاڵتە کردنێکی توندی تێدایە بە هەردوو چینی ئەریستۆکرات و ئەوانەی خزاونەتە پاڵ ئەو چینە. دواتر نووسەر باسی دەکات.

(٣) بومارشیە نووسەری **(زەماوەندی فیگارۆ)** و **(سەرتاشی ئەشبیلیە)** یە، دووشانۆگەرین کە ناوەڕۆکی سیاسییان هەیە. لە پەراوێزی پیشتر لەبارەی شانۆگەری یەکەم دوایین.

(٤) Paul Louis Courier(١٦٧٢-١٨٢٥) نووسەرێکی فەرەنسییە، نامەی هەجوو و سیاسی توند و تیژی هەیە.

(٥) Jules Valles (١٨٣٢-١٨٢٥) نووسەر و ڕۆژنامە نووسی فەرەنسییە، لە برێك نووسیندا بە درێژبوونەوەی بۆمارشیە دادەنرێ، سێ داستانی لەساڵی (١٨٩٤) دا بڵاوکرایەوە. باسی ژیان و هەوڵە سیاسییەکانی دەکات کەئەمە ناونیشانەکانیانە: **منداڵ** (١٨٧٩)، **قوتابی لە ڕۆشنبیری گشتیدا** (١٨٨١) و **شۆڕشگێڕ**.

(٦) L.F. de Celine پزیشك وە نووسەرێکی فەرەنسییە، لە ساڵی ١٨٩٤ دا لە دایك بووە، یەکێك لە داستانەکانی **گەشتی کۆتایی شەو** لە ساڵی ١٩٣٢ دا بڵاوکرایەوە.

نووسەری بە رەسەن بورژوا و خاوەن خەسڵەتی بورژوایی لە سەدەی حەڤدەهەمدا، پێگەی پتر لە ئۆرۆنیت[(١)] و کریزالَ[(٢)] دەچێ وەك لە هاوڕێیانی درەوشاوە و ڕاڕای خۆی لەناو نووسەرانی ساڵانی ١٧٧٠- ١٨٣٠دا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا جێگای خۆشحاڵی گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی بوو واتە ئەوانەی ژیانیان دابین دەکرد، کەمێك لە چینەکەی خۆی باڵاتر بوو، بەو بڕوایەی کە بەهرە شوێنی پلە و پایەی ئەریستۆکرات ناگرێتەوە، ئەو ملکەچی ئامۆژگاری و هۆشداری پیاوانی دینییە، بە ڕێزەوە لە دەسەڵاتی شا دەڕوانێ، خۆشحاڵە کە شوێنێکی سادەی لە تەلاری پانوپۆڕی کەنیسە و پاشایەتیدا داگیر کردووە، کەمێك لە بازرگان و پیاوانی فێرکاری باشترە و هەرگیز نابێتە ئەریستۆکرات و پیاوی دینی. لەبەر هەموو ئەمانە نووسەر بە ویژدانی ئاسودەوە پیشەکەی خۆی ئەنجام دەدات، پێی وایە دوای بەسەرچوونی دەرفەت هاتۆتە مەیدان، هەموو شتێك گوتراوە[(٣)]، تەنیا ئەوەندەی لەسەرە ئەو وتە نایابانەی گوتراون کاوێژیان بکاتەوە.

ئەو شکۆمەندییەی چاوەڕوانییەتی وێنەیەکی پووچەڵی نازناوی بەجێماون، ئەگەر پێی وابووبێ کە شکۆمەندی نەمری دەکات، لەبەر ئەوەیە هەرگیز بە بیریدا نەهاتووە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بەسەر خوێنەرانی دادێت و سەرەوژێری دەکات، پێی وایە بەردەوام مانەوە لە دەرباردا زامنی مانەوەی ناوبانگییەتی.

(١) Oronte کەسایەتییەکە لە کەسایەتییەکانی شانۆگەری مۆلیر: دوژمنی کۆمەڵگا، پێشتر دەربارەی دواوین.

(٢) Chrysale کەسایەتییەکی ئەدەبییە لە شانۆگەری مۆلیر کە ناونیشانەکەی: **ئافرەتانی زانا**، لە وێدا مۆلیر گاڵتە بە زانایی زماناس، فەیلەسوف و فەلەکناسان دەکات.

(٣) ئاماژەیە بە وتەی لابرۆییر: (پێش حەوت هەزار ساڵ، هەموو شتێك گوتراوە، خەڵکی بیرمەند هەبوون، ئێمە درەنگ هاتین پێڕانەگەیشتین. باشترین خێردارترین خووخدەکان دابڕاون، تەنیا وێنا کردنی دروێنە و ئەوەی پێش ئێمە کۆیان کردۆتەوە شتێکی ئەوتۆ بۆ ئێمە نەماوەتەوە). بڕوانە: L.Bruyere:Les Caracteres,I, Pensee 1



وەلێ ئەو ئاوێنەیەی[(١)] نووسەر، سادە و ساکار پێشکەش بە خوێنەرانی خۆی دەکات، بە پێچەوانەی ویستی خۆی ئاوێنەیەکی جادووییە، سەرەڕای ئەوەش: سەرنج ڕاکێشە و ریسوای دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەسەریدا سەپاوە، لە وێنەیەکی ریاکاری و بەشداری تاوان بەولاوە شتێکی تر پێشکەش بە خوێنەرەکانی ناکات، خۆییە پتر لەوەی بابەتی بێت، ناوەکییە پتر لەوەی دەرەکی بێت، کەچی دەبێ بە کارێکی هونەری لەقەڵەم بدرێ، بەو مانایەی خاوەنی بنەمایەکی ئازادی نووسەرە، و بانگەشەیەکە بۆ ئازادی خوێنەر. مادام وێنەکە جوانە، سارد و سڕە وەك سارد و سڕی سەهۆڵ، کشانەوە بە مەبەستی تێرامانی پتر لە جوانییەکەی، لە مەودای پەی پێبردن دووری دەخاتەوە، بۆیە مەحاڵە چێژی لێ وەربگیردرێ، بێ نەوای گەرم و بێ بەرییە لە لێبووردەیی شاراوە. سەرەڕای ئەوەی پێکهاتووە لە دووبارە بوونەوەی واتا و هزرە باوەکانی ڕۆژگار، کە خەڵك وەك رایەڵکەیەك بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، لەسەر شێوەیەکی ئازادی بنیادنراوە، لەم رووەوە جۆرێکی تری بابەتگەرایی دەستەبەر کردووە. ئەمەش بە دڵنیاییەوە هەمان وێنەی بژارتە خۆیەتی کە لە ئاوێنەکەدا دەیبینێ. ئەمە وەك بابەتێکی تۆمارکراو نییە کەسانی تر بابەتییانە سەرنجی بدەن، لەبەر ئەوە وەرزێڕ و پیشەوەر بەو چاوە نابینرێن. پرۆسەی پێشکەش کردنی زەینی کە تایبەتە بە سەدەی حەڤدەهەم لە پرۆسەیەکی دەروونی بەولاوە شتێکی تر نییە، بەڵام هەوڵی هەر مروڤێك دەگەیەنێتە ئەوپەڕی سنووری خۆی تا خۆی بە روونی ببینێ، پەی پێبردنێکی روون و بەردەوامە.

لەوێدا پرسیار لە سستی و چەوساندنەوە و مشەخۆری ناکرێ، چونکە ئەم دیاردانە بۆ چینی دەسەڵاتدار دەرناکەوێ تەنیا بۆ ئەوانە نەبێ کە لە دەرەوەی ئەو چینە چاودێری کاروبارەکانن، لە کاتێکدا نووسەران وێنەیەکی دەروونی تۆکمەی ئەو چینە دەکێشنەوە. وەلێ هەر رەوشتێکی نائیرادی کە دەگوێزرێتەوە بۆبیرکردنەوەی لۆجیکی، بێ تاوانی و پاساوی راستەوخۆ لە دەست دەدات. لە وەئەستۆ گرتنی بەرپرسێتی یا گۆڕینی بەولاوە هیچ دەرەتانێکی ترمان نییە. ئەو جیهانەی نووسەر دەیکاتە دیاری بۆ خوێنەر، جیهانێکە لە مەراسیم و داب و نەریتی ئاهەنگ گێڕان، وەلێ خوێنەر باڵاتر لە جیهان سەروی دەرهێناوە،

(١) لێرەوە نووسەر بیرۆکەیەکی نوێ راڤە دەکات، ئەویش ئەوەیە ئەدەبی سەدەی حەڤدەهەمی کلاسیکی - سەرەڕای سروشتی پارێزکاری - لە رێگەی راستی باسکردنی هەڵویستی دەروونی، بوو بەهۆی بەرە بەرە لەرزاندنی بەها باوەکان، ئەمەش رێگەی خۆش کرد - بە بێ ئاگایی نووسەر — بۆ ئەدەبی شۆڕش.

چونکه داواکراوه بۆ ناسینی ئەم جیهانه و ناسینی خۆی له وێدا. لەگەڵ ئەمەشدا راسین هەڵەی نەکردووه کاتێك له شانۆگەری فیدر[1] دا دەڵێ: (هەواو هەوەس بۆیه له وێدا نمایش کراون تا تێکڕای ئەو پەشێویانه نیشان بدەن که خولْقاندوویانه). به مەرجێك والیێکنەدرێتەوه که راسین به ئەنقەست مەبەستی بوو دڵەخورپەی خۆشەویستی بکاته ئیلهام، وەلێ خۆشەویستی به تێپەرین و دابڕانی پێش وەخت وسف کرد. بەرێکەت نەبووه فەیلەسووفەکان لەو سەردەمەدا به ناساندنی خۆشەویستی مەبەستیان چارەسەری خۆشەویستی بووه.

بەو پێیەی ئازادی بیر، بەرامبەر هەوا و هەوەس به ناوی رەوشتەوه ئارایش دەکرێ، پێویسته دان بەوەدا بنێین که هونەر له سەدەی حەڤدەهەمدا هونەرێکی رەوشتگەرا و شایستەی ئەو ناوه بووه. ئەمەش مانای ئەوه نییه مەبەستی ئەم هونەره فێرکردنی رەوشته، یا ژەهراوی کراوه بەو نیازه باشانەی ئەدەبی بۆگەن بەرهەمیان دێنێ، بەڵکو تەنیا بەو مەبەستەی - به بێدەنگی - وێنەی خوێنەر پێشکەش به خودی خوێنەر بکات، تاوای لێبکات خۆی لەبەر رانەگرێ، بەو هۆیەوه دەبوو به هونەرێکی رەوشتگەرا، ئەمەش هەم پێناسه و هەم خستنه رووی سنووری ئەو هونەرەن. ئەم هونەره جگه له هونەرێکی رەوشتگەرا بەولاوه چیتر نەبوو، ئەگەر له رووی دەروونییەوه له چوارچێوەی رەوشتدا داوای ناونان بکات، لەبەر ئەوەیه پرسه دینی و میتافیزیکی و سیاسی و کۆمەلایەتییەکان هەموویان به چارەسەر کراو له قەڵەم دەدات. له رووی رەوشتەوه کردەوەکەی له هیچ کردەیەکی کاتۆلیکی ناچێت. چونکه مرۆڤ به گشتی لەگەڵ ئەوانەی دەسەڵاتدارن، تێکەڵ دەکات، لەسەر ئەوه سوور نییه چینێك له چینه بەشخوراوەکانی کۆمەڵگا رزگار بکات. سەرەڕای ئەوەی نووسەر — له لایەنێکەوه - به تەواوی لەگەڵ چینی ستەمکار تێکەڵ بووه، وەلێ هاوبەشی تاوانی ئەو چینه نییه، گومانی تێدا نییه کارەکەی به ئاراستەی ئازاد کردنی ئەو چینەیه که بۆی دەنووسێ، کاریگەریشی لەسەر ئەو چینه، ئازاد کردنی مرۆڤه له خودی خۆی.

تا ئێره باسی ئەوەمان کرد که خوێنەری (ناواقیعی)، بوونی نەبوو یا له حوکمی نەبوون دابوو، وه هیچ کێشه و ململانێیەکیش جەماوەری خوێنەری واقیعی لێك دانابڕێ. بینیمان نووسەر دەتوانێ بیروباوەڕی باو به ئاسوودەیی ویژدانەوه پەسەند و له چوارچێوەی ئەو

(١) ناودارترین شانۆگەری راسینه. له کتیبی رۆمانتیزمدا ناوەرۆکی کلاسیکی گوتارەکەمان کورت کردۆتەوه، ل ٣-٤،٩.



بیروباوەڕەدا بانگەشەی ئازادی بکات. ئەگەر جەماوەری ناواقیعی کتوپڕ سەری هەڵدابا یا جەماوەری واقیعی دابەش بووبا بۆ حیزبگەلێکی پێکناکۆك، پرسەکه به تەواوی جیاواز دەبوو. ئیستا پێویسته بزانین ئەدەب چی بەسەر دێت، ئەگەر نووسەر رەوتی ئایدیۆلۆجی باوی ئەو چینانه رەتکاتەوه که رێنوێنی گەل دەکەن.

سەدەی هەژدەهەم دەرفەتێکی دەگمەنه له مێژوودا، بەهەشتێك بوو بۆ نووسەرانی فەڕەنسی که زوو لەدەستیاندا. هەڵویستی کۆمەڵایەتییان هیچ نەگۆڕا، کەمێکییان نەبێ دەنا هەموویان له چینی بورژوا بوون. به پێی ئەو بەخشین و خەڵاتانەی له گەورەپیاوانی سەردەم وەدەستیان دەکەوت، چینەکەیان گۆڕی. بازنەی خوێنەره واقیعییەکانیان فراوان بوونێکی بەرچاوی بەخۆوه بینی، چونکه چینی بورژوا دەستیکرد به خوێندنەوه، وەلێ چینەکانی خوارەوه له بوونی ئەو نوووسەرانه بێ ئاگا بوون. ئەگەر ئەو نووسەرانه پتر له لابرۆییر و فینلۆن[1] له هەمبەر ئەم چینانەدا دوابن، رووی باسیان ئاراستەی ئەوان نەبووه، تەنانەت به بیریاندا نەهاتووه له بارەیاندا بدوێن. بەڵام کودەتایەکی قووڵ جەماوەرەکەی کردن به دووکەرت، ئەوسا پێویست بوو لەسەریان وەڵامی بابەته پێکناکۆکەکان بدەنەوه، ئەمەش ئەو گرژییه بوو که هەر له دەسپێکەوه بوو به خەسڵەتی هەڵویستیان، ئەم گرژییەش له بواری خویدا رەنگیدایەوه و چینی دەسەڵاتدار متمانەی به رەوته هزرییەکەی له دەستدا و هەڵویستێکی بەرگری وەخۆ گرت، به پێی توانا هەوڵی دا پێش بەو بیرۆکه نوێیانه بگرێت، دەیزانێ پرنسیپه دینی و سیاسییەکانی باشترین ئامرازن بۆ راگرتنی دەسەڵاتەکەی، وەلێ نەیتوانی پەرەگرتنی ئەم بیرۆکانه بوەستێنێ. له ئامراز بەولاوه شتێکی تری لەو پرنسیپانەدا نەدەبینی، بۆیه باوەڕی نەدەکرد راستییه پڕاکتیکییەکان جێگای راستییه ئاسمانییەکانیان بگرنەوه. ئەگەرچی سانسۆر و جۆرەکانی رێگری کەنیسه پتر ئاشکرا بوون، بەڵام لاوازییەکی نهێنی و بێ ئومێدی له پشتیانەوه خۆی حەشار دابوو. نووسەری دینگەرا رەهەندێکی ئەوتۆی نەماوه، ئەدەبی کەنیسەگەری بووه به بەرگری کردنی بێ هووده له دینی مەسیح. ئەدەبێك که لەسەر دژایەتی کردنی ئازادی، به پشت بەستن به رێزگرتنی دین و ترس و بەرژەوەندی

(١) Fenelon (١٦٥١-١٧١٥) پیاوێکی دینی و نووسەرێکی فەڕەنسییه، له کتێبه بەناوبانگەکانی: **پیلانەکانی دیلماك** هەجویەکی توندوتیژی راستەوخۆیه بۆ سیاسەتی لویسی چواردەهەم، نووسەر لەسەر دەرکەوتنی ئەم کتێبه هەر شانسێکی له لای پاشا لەدەستدا.

تاییەتی، دامەزرابوو، چنگ گیرکردنێکی توند بوو لە بیروباوەڕە بەسەرچووەکان کە بە خێرایی بەرەو کۆتایی هاتن دەڕۆیشتن. بەوپێیەی ئەم بەرگری کردنە بانگەشەیەکی ئازاد نەبوو بۆ ئازادیخوازان، ئیتر فڕی بەسەر ئەدەبەوە نەما.

ئێستا بژارتەی سەرلێشێواو رووی کردۆتە نووسەری راستەقینە، داوای شتێکی مەحاڵی لێدەکات: دەیەوێ - ئەگەر بیەوێ راستی بڵێ — درێغی نەکا، بەمەرجێك هەناسەیەك وەبەر ئەو ئایدیۆلۆجییەی ئەواندا بێنێتەوە کە خەریکە لەناو دەچێت، رووبکاتە زەینی خوێنەرەکانی بڕوایان پێبێنێ بیروباوەڕێك هەڵگرن کە سەردەمێکە باوی نەماوە. بە کورتی، ئەو بژارتەیە داوای لێدەکات تەنیا بانگەشە بکات و هەر نووسەریش بێت. بەڵام ئەو بژارتەیە رۆڵی دۆڕاو دەگێڕێ: چونکە پرنسیپەکانی - وەك پێشوو - لەخۆیانەوە روون و بێ سنوورنین، ئەمەش پاڵی پێوە دەنێ پێشنیار بۆ نووسەر بکا بەرگری لێبکات، کەواتە پرسەکە تەنیا پرسی رزگار کردنی پرنسیپ نییە لە پێناوی پرنسیپ، بەڵکو بڕیاردانە لەسەر ئەو سیستمەی لە ئارادایە. ئەو هەوڵەی بۆ سەقامگیر کردنەوەی ئەو پرنسیپانە دەیدا، وەك گومان کردنە لە راست بوونیان. ئەو نووسەرەی رازییە ئەو ئایدیۆلۆجییە لەرزۆکە پتەو رابگرێ ئەوا پەسەندی کردووە. ناشتنی ئارەزوومەندانەی پرنسیپەکان کە پێشتر نائاگایانە حوکمی ئەقڵەکانیان دەکرد، نووسەری لە دەست ئەو پرنسیپانە رزگار کرد، نووسەر لەوەش تێدەپەڕێ، سەرەڕای ئەوە بە پێچەوانەی ویستی خۆی بەرەو تەنیایی و ئازادی دەڕوا. لە لایەکی ترەوە چینی بورژوا — کە بەپێی گوزارشتی مارکسیستی (چینی بەرزەفڕ) ە — خوازیاری رزگار بوونە لەو بیروباوەڕانەی بەسەریاندا سەپاندووە، تا بۆ خۆی ئایدیۆلۆجییەکی تایبەت بە خۆی بخوڵقێنێ.

ئەو (چینە بەرزەفڕە) کە تەنیا لە رووی سیاسییەوە دەچەوسێنرایەوە، هەر زوو داوای لێدەکرێ لە کاروباری سیاسیدا بەشدار بێ. ئەویش بە ئارامی بەرەو باڵادەستی ئابووری بەسەر چینی ئەریستۆکراتی سەرلێشێواودا، دەڕوات، ئێستا خاوەنی سامان و رۆشنبیری و کاتی بەتاڵە. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا چینێکی بەشخوراو دەبێتە خوێنەری واقیعی نووسەر. وەلێ پتر لەوە دەرفەتی بۆ رەخسا: کەچی ئەو چینە خوێنەرە رابووە، لەسەر شێوازی بیروباوەڕی کەنیسە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نەیتوانی حیزبێکی شۆڕشگێڕ، رێك وپێك و خاوەن ئایدیۆلۆژی تایبەت بەرهەم هێنێ. نووسەر - وەك دواتر دەیبینین — هێشتا نەکەوتبۆ نێوان ئایدیۆلۆژی چینێکی روو لە داکشان و ئایدیۆلۆژی ساوای چینێکی روو لە هەڵکشان. بورژوا رووەو ئاسۆ چاوەڕوانی رووناکی بوو، بەلێڵی هەستی دەکرد ئایدیۆلۆژییەکەی نامۆیە، بۆیە



گەرەگی بوو وشیاری خۆی بێت. لە راستیدا دەکرێ لەناو بیروراکانی ئەو چینەدا چەند شێوازی رێکخستن بدۆزینەوە: هەر لە گرووپی مادیگەرایانەوە بگرە بۆ گرووپی بیرمەندان تا دەگاتە ماسۆنیگەرایانی ئازاد. وەلێ ئەمانە گرووپگەلی پشکنینن، چاوەروانن ئایدیۆلۆجیان پێشکەش بکرێ نەك ئایدیۆلۆژی بەرهەم بێنن. هەر لەو چینەدا جۆرێك لە نووسینی تەواو رەشۆکی دەبینرا: کە بریتی بوو لە گەلێك بڵاوکراوەی نهێنی بێ ناو و نیشان. بەڵام ئەم جۆرە ئەدەبەی نا پرۆفیشنال، ئەوندە نەبێ کە بانگەوازی بۆ نووسەر دەکرد و دەیوروژاند، دەنا بە رکابەری نووسەری پرۆفیشناڵ نەدەژمێردرا، چونکە بەڵگەی داخوازیگەلێکی نادیار بوون.

ئاوەها چینی بورژوا هەڵدەستا بە ئەنجامدانی شێوازێك لە قۆناغی پێکهێنانی کۆمەڵێکی خوێنەر، لە بەرامبەر جەماوەری پێکهاتوو لە خوێنەرانی نیمچە پسپۆڕ، لە پیاوانی دەربار و توێژی سەرەوەی کۆمەڵگا، کە بە هیممەتی رابردوو نەبێ توانایان نەبوو لەسەر پێی خۆیان بوەستن. شێوازی بورژوا لە هەمبەر پەیوەندی بەئەدەبەوە تاڕادەیەك نەرێنی بوو، چونکە هەرگیز ممارەسەی هونەری نووسینی نەکردووە و پێش وەخت بیروڕای تایبەت بە رەوش و رەگەزگەلی ئەدەبی نەبووە، دواتر لەبەر ئەوەی بۆ هەمووشتێك چاو لەدەستی بلیمەتی نووسەر بووە: بە مانا و دارشتنیشەوە.

نووسەر کە بۆ هەردوولا پەلکێش دەکرێ، وەك ناوبژیوانی ناکۆکی، خۆی لە نێوان دوو بەرەی خوێنەری هاوسەنگدا دەدۆزییەوە. ئیتر قەشەیەکی نووسەر نەبوو، تەنیا چینی دەسەڵاتداریش نەبوو ژیانی دابین دەکرد، هەر چەند هێشتا یارمەتی هەر دەدا، وەلێ چینی بورژوا کتێبەکانی دەکڕی، دەسکەوتی لە هەردووکیان هەبوو. باوك بورژوا بووە هەروەها کوڕەکەشی: کەواتە دەشێ ئەو پێویستییانە هەبن، مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوی لێبکات، بورژوایەکی لێدەرچێ لەوان بەهرەمەندتر وەلێ وەك ئەوان چەوساوە بێ، کە بە هۆی گوشاری مێژوویی فاکتەرەکانی سەردەمی خۆی، گەیشتۆتە ئەوەی شارەزای بارودۆخی خۆی ببێ. ئەو — بەکورتی — ئاوێنەیەکی دەروونی ئەو چینەیە، بە سەرنجدانی ئەو ئاوێنەیە، هەموویان دەتوانن وەئاگا بێن و بزانن داواکانیان چییە. بەڵام ئەم چاوپێداخشاندنە ئەگەر هەر ئەوەندەبێ: پڕ بە پێستی ئەو وتەیە ناگەیەنێ، چونکە ئەم چینە ناتوانێ هزری چینایەتی خۆی دەستەبەر بکات، مەگەر هاوکات خۆی لە ناوەوە و دەرەوەرا ببینێ. بە واتایەکی تر مەگەر سوود لە رکابەرێ دەرەکییەکان وەرگرێ، ئەمەش پیشەی بیرمەندانە کە هەرگیز لە چینەکانیاندا جێگیر نین. ئەمە - بە وردی - خەسڵەتی بنەڕەتی نووسەری سەدەی هەژدەهەمە، کە چوونەدەرێکی

بابەتی و زەینییە لە چینەکەی خۆی. ئەگەر هێشتای بیرەوەری پەیوەندییەکانی بە بورژواوە، مابێ، پەیوەست بوونی بە پیاوماقوولان لە ژینگەکەی خوی دەیهێنێتە دەرێ. بیر لەوە ناکاتەوە هاوکارییەکی ئەوتۆی ئامۆزایەکەی بکات کە دادوەرە، لەگەڵ براکەی کە قەشەی ئاواییە، چونکە ئەو ئیمتیازانەی ئەو هەیەتی ئەوانی تر نییانە. رەفتار و خووخدەکانیشی لە چینی ئەریستۆکرات وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا شکۆمەندی — ئەو ئومێدەیە کە کاری خۆی بۆ تەرخان کردووە — بیرۆکەیەکی لوس و لێڵە. بیرۆکەیەکی نوێی لەمەڕ شکۆمەندی لا دروست دەبێت، بەو پێیەی پاداشتی راستەقینەی نووسەر ئەوەیە، پزیشکێکی گومناو لە شاری بورج[(١)] یا دادپرسێکی شاری رانس[(٢)] بە نهێنی کتێبەکانی بخوێننەوە. وەلێ ئەمەکناسی لێڵی ئەو خوێنەرانەی کە نووسەر بە باشی نایانناسێ، کاری تێناکا واتە رازی ناکات، چونکە لە پێشینیانی خۆی بیرۆکەیەکی باوی لەمەڕ ناوبانگ وەرگرتووە کە ئەوەیە: دەبێ فەرمانڕەوا بەهرەکەی مەزندە بکات، نیشانەی دیاری سەرکەوتنی لە هونەرەکەیدا ئەوەیە شاژنێکی وەك کاترین یا ئیمپراتۆرێکی وەك فریدریك داوەتی بکات بۆ سەر خوانی خۆی. ئەوەی پێی دەبەخشرا — لە پاداشت و موچەیەك کە لە سەرەوەڕا بۆی بڕابێتەوە — وەك ئەو خەڵات و میداڵە فەرمی و ناشەخسیانە نەبوون کە دەوڵەتانی کوماری ئەمڕۆ دەیبەخشن، بەڵکو سروشتێکی نزیك لە سروشتی دەرەبەگایەتی هەبوو لەهەمبەر پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ. دواتر نووسەر بەکاربەرێکی هەمیشەییە لە کۆمەڵگای بەرهەمهێنەران، مشەخۆری چینێکی مشەخۆرە. لە هەڵویستیدا مشەخۆرانە مامەڵە لەگەڵ سامان دا دەکات، بەرەنجی خۆی وەدەستی ناهێنێ، چونکە پێوەرێکی گشتی لە نێوان کار و پاداشتەکەیدا هەیە، ئەو هەر دەیدرێتێ و بەس. وەك خۆشگوزەرانێك دەژیت تەنانەت ئەگەر هەژاریش بێت. هەر شتێك لای ئەو خۆشگوزەرانییە، تەنانەت کتێبەکانیشی. لەگەڵ ئەوەشدا — تەنانەت لە دەرباری شاش — ئەو توندوتیژییە گشتییەی دەپارێزێ. دیدرۆ - لە وتوویژێکی ئاگرینی فەلسەفیدا — تا شین هەڵگەڕان، نقورچی لە شاژنی رووسیای دەگرت، وەلێ ئەگەر پێی لە بەڕەکەی خۆی درێژتر کردبا تێیان دەگەیاند کە تۆ لە مشەخۆرێکی پێنووس بەدەست بەولاوە شتێکی تر نیت. ژیانی ڤۆلتێر لە دارکاری و زیندانی کردن، راکردن بۆ لەندەن و دەستدرێژی کردنە سەری جۆراوجۆر

(١) Bourges شارێکە ٢٢ کم لە پاریس دوورە.

(٢) Reins پایتەختی هەرێمی مارنی فەرەنسایە.



لە لایەن پاشای بروسیاوە، لە زنجیرەیەك سەرکەوتن و سووکایەتی پێکردن بەولاوە شتێکی تر نەبوو. نووسەر زۆر جار لە جۆرەها پاداشتی زووتێپەری یەکێك لە خاتوونەکان بەهرەمەند دەبوو، ولێ لەگەڵ کارەکەری خاتوون یا لەگەڵ کچی بەننایەك زەماوەندی دەکرد.

نووسەر بە لێکدابڕانی خوێنەرانی، بیر و هۆشی پەرش و بڵاو دەبێت، وەلێ هەر باکیشی نابێت، بگرە بە پێچەوانەوە ئەو پێکناکۆکییە رەسەنە، سەرچاوەی خۆبەزلزانییەتی: لای وایە منەتباری کەس نییە، دەتوانێ دۆست و دوژمنەکانی هەڵبژێرێ، لای وایە دەست بداتە پێنووس دەتوانێ خۆی لە کۆت و پێوەندی ژینگە و نیشتمان و چینەکان رزگار بکات، باڵ بکاتەوە و بفڕێ. ئەمەش بیرۆکە و تێروانینێکی ئەبستراکتە، بۆیە نووسینی هەڵبژاردووە تا داوای هاتنەدەر لە چینەکەی بکات، ئەرکی هاتنە دەریشی خستۆتە سەر شانی خۆی، وەك هونەرمەندێکی دوورەپەرێز، بە چاوی بورژواکان دەڕوانێتە گەورە پیاوانی سەردەمەکەی لە دەرەوەی چینەکەیان، بە چاوی ئەریستۆکراتەکانیش لە دەرەوەی چینەکەیان دەڕوانێتە بورژواکان. تا بتوانێ لە دەروونەوە بیانناسێ بەشداری تاوانی هەردوولایان دەکات. لێرەوە ئەدەب بە هۆی نووسەر و هیممەتی ئەو، ئاگایی خۆی پەیدا کرد، کە پێشتر هیچ ئەرکێکی نەبوو جگە لە پاراستن و پاکسازی کۆمەڵگایەکی تاك ئاراستە. بە هۆی ئەو بارودۆخەی تێیکەوت لە نێوان داخوازی و ئەو بیروباوەرە گۆڕاوانەی بوونە ئاسەوار، شانسی ئەدەب گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، وەك ئەو نووسەرەی دابەش بووە بەسەر بورژوا و کەنیسە و دەسەڵاتی پاشایەتیدا. ئەمەش —کتوپڕ — دەرفەتی دا بە ئەدەب تا جەخت لەسەر سەربەخۆیی خۆی بکاتەوە: جاریکی تر نەگەڕێتەوە بۆ رەنگدانەوەی باس و خواسی باوی خەڵك، بەڵکو لەگەڵ ئەقڵ یەکبگرێت، واتە لەگەڵ ئەو هێزە بەردەوامە بێ کە هزرەکان دادەرێژێ و رەخنەیان لێدەگرێت. بێ گومان خۆسەربەخۆ کردنی ئەدەب بەم شێوازە سەربەخۆییەکی گشتییە، دەشێ خۆکردێکی رووت بێت، چونکە نووسراوە ئەدەبییەکان جارێکی تر ناگەڕێنەوە گوزارشت لە دۆخی چینێك لە چینەکان بکەن، نەك هەر ئەوە بگرە نووسەرەکان هەر هاوکارییەکی کاریگەری قووڵ لەگەڵ ئەو چینەی لێی هاتوونەتە دەر، رەت دەکەنەوە، هەمان هاوکاری کردنی ئەو ژینگەیەشیان رەتکردەوە کە جێگای حەوانەوەیان بوو. بە هۆی ئەمەوە ئەدەب تێکەڵ بە نەرێنی گەرایی بوو، واتە لەگەڵ گومان و رەتکردنەوە و رەخنە و مشتومڕ تێکەڵ بوو، بەڵام ئەدەب بە هۆی ئەو کارەوە رووبەڕووی ئایینگەرایانی کلیسا بۆوە کە بوو بەو پاشماوەیەی مافی ئایینگەرایانی نوێی و زیندووی لەسەر دابمەزرێ. ئەو ئایینگەراییە— ئیتر —

نەك لەگەڵ هیچ كام لە رەوتە ئایینییەكان تێكەڵ نابێ، بەڵكو وەك هێزێكی بەردەوامی بەزاندنی هەر بیرۆكەیەكی باوەر پێكراو، خۆی دەنوێنێ. پێشوو كاتێك ئەدەب لە تەك دەسەڵاتی پاشایەتی بەستراوە بە مەسیحییەت، نموونەی جوانی پێشكەش دەكرد، لەو نموونانەدا كەمتر بایەخی بە حەقیقەت دەدا، چونكە حەقیقەت لە خەسڵەتێكی زۆر كاڵوكرچی رەوتی فیكری ئەو ئەدەبە بەولاوە، شتێكی تر نەبوو، لەبەر ئەوەی لە باوەڕەكانی كلیساگەراییدا جیاوازی لە نێوان بوون و بوونی حەقیقی دا، نەبوو، لە توانادا نەبوو پەی بە راستییەك ببرێ جیابێ لە رەوتی هزری ئەو رژێمەی لە ئارادابوو. بەڵام لە سەدەی هەژدەهەمدا، ئایینگەرایی بوو بەو بزووتنەوە گشتییەی بە ناو هەموو رەوتە دینییەكاندا تێپەڕی، دواتر وەك سەدەفی خاڵی توڕیدانە سەر لارێ، بەو هۆیەوە حەقیقەت لە هەر فەلسەفەیەكی تایبەتی و دیاریكراو رزگاری بوو، سەربەخۆ و گشتگیر دەركەوت، بوو بە بیرۆكەی گوڕ و تینی ئەدەب و ئامانجی مەزنی بزاوتی رەخنە.

لە چركە ساتێكی دابڕاو لەو چركەساتانەی وەئاگا هاتنەوەی هۆش، پرنسیپەكانی ئایینگەرایی و ئەدەب و حەقیقەت پێكەوە بەسترانەوە، ئامرازەكانیشیان شیكردنەوە بوو، كە رێبازێكی نەرێنی و رەخنەییە، جیاناكرێتەوە لە شیكرنەوەی بیرۆكە سەرەتاییەكان بۆ توخمگەلی ئەبستراكت، هەروەك شیكردنەوەی دەرئەنجامە مێژووییەكان، بۆ بنەمای زانیارییە گشتییەكانی جیهان. گەنج بۆ دەرباز بوون لەو چەوساندنەوەی بە دەستییەوە دەناڵێنێ، لە هاوكاری ئەو رژێمەی مایەی سەر شۆڕییە، نووسین هەڵدەبژێرێ، بڕوای وایە — هەر لە نووسینی یەكەمین وشەوە — لەماڵەكەی، لە ژینگەكەی، لە چینەكەی، لە هەر چین و ژینگەیەك دەرباز بووە و پێگەی مێژوویی خۆی بەهۆی هۆشی رەخنەیی و هزری لە هەمبەر ئەم هەڵویستەدا، تێكشكاندووە. سەرەڕای دەسەڵاتی ئەو بورژوا و ئەریستۆكراتانەی بیروبۆچوونیان دیلی سەردەمێكی دیاریكراوە، - لەو كاتەوە دەستی پێنووسی گرتووە - هەست دەكا هزرێكی رەهای دۆزیوەتەوە كە نە بە مێژوو نە بە شوێنەوە نەبەستراوەتەوە. كورتی گوتار ئەوەیە: بووە بە مرۆڤێكی جیهانگەرا. ئەو ئەدەبەش كە پێی رزگار بووە، كارێكی ئەبستراكت و هێزێكی پێشوەختە لە هێزەكانی سروشتی مرۆیی، بزاوتێكە مرۆڤ پێی لە كۆت و بەندی مێژوو رزگار دەبێ، بەكورتی ئەو ئەدەبە ئەزموونێكی پراكتیزە كردنی ئازادییە.



لە سەدەی حەڤدەهەم - كاتێك مرۆڤ نووسینی كرد بە پیشە — لە ناو پیشەكاندا هەر پیشەیەكی خاوەن داهات، رێسا، نەریت و پلە و پایەیەكی دیاریكراوی پەسەند دەكرد. وەلێ دوای سەدەی هەژدەهەم، قالبەكان تێكشكان، هەرشتێك چاوەڕوان بوو نۆژەن بكرێتەوە. دوای ئەوەی بەرهەمە فیكرییەكان لە سەر رێسای نەگۆڕ خەملا بوون و پیادەكردونیان كەم یا زۆر سەركەوتوو نەبوو، هەریەكێكیان داهێنانێكی تایبەت و جۆرێك لە حوكمی نووسەری لە هەمبەر سروشتی هونەری ئەدەبی و بەها و ماناكەیان، تێدا بوو ، لەوەدا كە نووسەر دەیەوێ ریساگەلی تایبەت و ئەو پرنسیپانە دارێژێ كە بە پێی پێویست حوكمیان بەسەردا دەدات، هەر نووسەرێك چاوەڕوانە كتێب تێكڕای ئەدەب (پابەند) بكات و رێگای تری بۆ بكاتەوە. كەواتە بەرێكەوت نەبوو، خراپترین نووسراوی ئەو سەردەمە ئەو بەرهەمانە بوون كە بە تەنگ داب نەریتی باو و ئاساییەوە بوون. شانۆ و داستانەكان — لە رابردوودا — میوەیەكی بەتامی كۆمەڵگایەكی تاك ئاراستە بوون، وەلێ لە كۆمەڵگایەكی لێك دابڕاو و ژیانی نامسۆگەر، تەنیا ئەوەندەیە كە میرات یا لاسایی كردنەوەی دێرینن.

ئەو شتەی نووسەری سەدەی هەژدەهەم داوای دەكرد، بێ ئەوەی لە دووپات كردنەوەی بێزار بێت، مافی خۆی بوو — دژی دەسەڵاتداری سەردەمەكەی — دژی مێژوو بیر بكاتەوە. بەمەش تەنیا بابەتە بنەڕەتییەكانی ئەدەبی شرۆڤە دەكرد. بەلای ئەوەدا نەدەچوو بیری چینایەتی بۆ خوێنەرەكەی روون بكاتەوە: كارەكەی تەواو پێچەوانە بوو، ئەو بانگەوازەی ئاراستەی خوێنەرە بورژواكانی دەكرد، بانگەشەیەك بوو تا خۆشگوزەران بن و كێشە و ترسەكانیان لە بیر بەرنەوە، ئەو بانگەوازەش كە ئاراستەی خوێنەرە ئەریستۆكراتەكەی دەكرد هاندان بوو تا واز لە خۆبەزلزانی و ئیمتیازەكانیان بهێنن. لەبەر ئەوەی خۆی كردبوو بە كەسایەتییەكی جیهانگەرا، خوێنەرەكانیشی هەر جیهانگەرا دەبوون. ئەو ئازادییەی داوای دەكرد بۆ هاوچەرخەكانی تا پەیوەندی بكەن بەو جیهانگەراییەوە، لە پچڕاندنی پەیوەندییە مێژووییەكانیاندا چڕ دەبۆوە. كەواتە ئەو موعجیزەیە لە كوێوە هات، لە كاتێكدا بە هەمان ئاراستەی پەیوەستی مێژوویدا دەرۆیشت، تەنانەت لەو چركەساتەدا كە ئازادی ئەبستراكت دژی چەوساندنەوەیەكی تایبەت دەوروژێنی، و ئەقڵ دژی مێژوو هاندەدات؟. لەبەر ئەوەی یەكەم، چینی بورژوا بە ئامرازە تایبەتییەكانی خۆی (واتە فرتوفێڵ) كە ساڵی ١٨٣٠ و ساڵی ١٨٤٨ دووبارە بوونەوە، بەرژەوەندییەكانیان پێش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەگەڵ

بەرژەوندی چینە بەشخوراوەکان، کرد بەیەك. ئەو چین و توێژانە هێشتا توانایان نەبوو وەك بورژوا داوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بکەن.

ئەو پەیوەندییانەش کە دەستە و گرووپی زۆر لێکجیاوازیان لەخۆ دەگرت، نە دەکرا گشتگیر و تۆکمە نەبن، لەبەر ئەوە بورژوا بەتەنگ ئەوەوە بوو هەڵویستێکی دژ بە کرێکاران و جووتیاران وەرنەگرێ، ئەوەندەی هەوڵی دەدا رێچکەی رێبەرایەتی کردنی ئۆپۆزیسیۆن بگرێت، ئەوەندە رەچاوی ئەوەی نەدەکرد خاوەنی هزرێکی روون و ئاشکرا بێت لەبارەی خۆیدا، ئەوپەڕەکەی داواکاری سروشتی مرۆڤایەتی جیهانی دەخستە بەردەم دەسەڵاتە دەستوورییەکان. جگە لەوەی ئەو شۆڕشەی لە قۆناغی ئامادەکاری دابوو، شۆڕشێکی سیاسی بوو. نە ئایدیۆلۆجییەکی شۆڕشگێڕ و نە حیزبێکی خاوەن دیسپلین لە ئارادا نەبوون، بورژواش دەیەویست دۆخەکە بوروژێنێ، ئەوەندەی بکرێ بە خێرایی ئەو ئایدۆلۆژییەی چەند سەدەیەك وەك یادگار کاوێژیان دەکردەوە و خۆیان پێوە هەڵدەکێشا، پاکسازی بکرێت. ئینجا کاتی ئەوە دێت ئایدیۆلۆژیای تر جێگای بگرێتەوە. بەڵام بورژوا — لەو کاتەدا — وەك هەنگاوێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی دیڕوانییە ئازادی بیروبۆچوون. لێرەوە کە نووسەر داوای ئازادی بیروڕا و لێکدانەوەی هزری بۆ خۆی دەکرد— وەك نووسەرێك — کەوتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی چینی بورژوا. ئەو گرووپە لەوە زیاتری گەرەك نەبوو، لەوەش پتری پێ نەدەکرا. لە قۆناغەکانی تردا - وەك دواتر دەیبینین — نووسەر بە ویژدانێکی پەرێشانەوە داوای ئازادی نووسین دەکا، کاتێك تێدەگا چینە بەشخوراوەکان ئازادییەکی جیا لەو ئازادییەیان پێویستە: چونکە ئازادی بیرکردنەوە دەشێ وەك ئیمتیازێك دەرکەوێ و ئەوانی تر وەك ئامرازێکی چەوساندنەوە لەبەرچاوی بگرن، ئەوسا پێگەی نووسەر دەکەوێتە مەترسییەکی ئەوتۆوە ناکرێ بەرگری لێبکرێ. وەلێ لە سەروبەندی شۆڕشی مەزنی فەڕنسادا نووسەر شانسێکی بێ وێنەی هەبوو، بە پێی بەرگری لە پیشەکەی خۆی رابەرێك بوو بۆ ئارەزووەکانی چینی هەڵکشاو.

نووسەر کە خۆی بە رابەرێك و سەرکردەیەکی رۆحی دەژمێرێ، دەزانێ رووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبێتەوە کە لە هەڵویستەکەیەوە هەڵقوڵاوە، بژارتەی دەسەڵاتدار رۆژێك لەبەر بیر تەسکی، شاباشی دەکات و رۆژی دواتر لە زیندانی دەئاخنێ. لەبەر ئەوە وەك ئەوانەی پێش خۆی، ئارامی و شکۆمەندی و لەخۆبایی بوون بەخۆیەوە نابینێ. ژیانی پڕ شکۆ و ئیفلیجیی، گەلێ لوتکەی گەردن کەش و هەڵدێر و تەلانی ئەوتۆی تێدایە پیاو سەرسام دەکا، ژیانی پڕ



مەترسییە. بەم نزیکانە ئێوارەیەك ئەم وتانەی **بلیز سێندرارز**[١] م دەخوێندەوە کە وەك سکالانامەیەك لە پێشەکی چیرۆکەکەیدا بەناوی **رۆم** نووسیویەتی: (بۆ ئەو لاوانەی ئەمڕۆ ئەدەب بێزاری کردوون، تا بیسەلمێنم رۆمان و داستان دەتوانن ببنە کارێك لە کارە ئەدەبییەکان). بە بیرم داهات کە ئێمە بە راستی بەستەزمان و تاوانکارین، چونکە دەبێ ئەمڕۆ ئەوشتە بسەلمێنین کە لە سەدەی هەژدەهەم، روون و ئاسایی بووە. ئەوسا کاری ئەدەبی لە دوو رووەوە، کار بوو: لەلایەك بیروڕایەکی ئەوتۆی بەرهەم دێنا ببێتە سەرچاوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەکی تر نووسەرەکەی دەخستە مەترسییەوە. ئەم کارەش هەمیشە پێناسەیەکی یەك رەنگی هەبوو، پێناسەیەك چاو بە هەر کتێبێکدا بخشێنی دەیدۆزیتەوە: کارێکە لە کارەکانی ئازادکردن. ئەدەب لە سەدەی حەڤدەهەمیشدا ئەرکی ئازادکردنی لە ئەستۆدا بوو، وەلێ پەنهان و داپۆشراو بوو. لەسەردەمی فەرهەنگنووساندا، نووسەر مەبەستی ئازاد کردنی ئەریستۆکراتەکان نەبوو بە وێنا کردنی دزێوی ئارەزووەکانیان، بەڵکو مەبەستی بەشداری پێنووسەکەی بوو لە ئازاد کردنی مرۆڤ وەك ئەوەی مرۆڤە. ئیتر نووسەر ویستبێتی یا نەیویستبێ، ئەو بانگەوازەی ئاڕاستەی جەماوەرە بورژواکەی دەکرد، لە هاندانێك بۆ هەڵگەڕانەوە بەولاوە چیتر نەبوو، هاوکات ئەوەش کە ئاڕاستەی چینی فەرمانڕەوای دەکرد تەنیا بانگەشەیەك بوو بۆ روونکردنەوە و بەخۆداچوونەوەیان، ئینجا وازهێنان لە ئیمتیازەکانیان. هەڵویستی **رۆسۆ**[٢] تا ئەندازەیەکی زۆر لە هەڵویستی **ریضارد رایت** دەچێ کە هاوکات بۆ رووناکبیرانی سپی پێست و رەش پێست دەنووسێ: **رۆسۆ** شایەت بوو لەسەر ئەریستۆکراتەکان، هاوکات داوای لە هاورێ رەشۆکییەکانی خۆی دەکرد بە ئاگابن. داگیر کردنی زیندانی باستیل تاکە رووداوێك نەبوو پێشتر نووسینەکانی

(١) شاعیر و چیرۆکنووسێکی سویسری هاوچەرخە لە ساڵی ١٨٨٧ لە دایك بووە یەکێکە لەو کەسانەی پێشەنگ بوو لەبەشداری کردن لە رەوتی ئەدەبی **کوبیزم**، لە چیرۆکەکانی: **وێنەی گشتی یا پیلانەکانی حەوت مامەکەم** (ساڵی ١٩١٨) وە (**لە هەموو دەڤەرێکی جیهانەوە**) ساڵی ١٩١٩ دواتر ئەو داستانەی نووسەر ئاماژەی پێدەکات بە ناوی رۆم مەبەست لە جۆریك مەشروبە بە ناوی Rhum (١٩٣٠)، لەوێدا ئاماژە بە شایەتییەك دەکات کە نووسەری ئەو شایەتییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم.

(٢) J.J. Rousseau (١٧١٢-١٧٨٠) نووسەری فەڕەنسی ناودار کە بە نووسینەکانی رێگەی بۆ شۆڕشی فەڕەنسی خۆش کرد، پێشتر لە پەراوێزەکاندا ئاماژەمان بە برێك لە کارەکانی کردووە.

رۆسۆ و دیدرۆ[1] و کوندۆرسییە[2]ی بۆ ئامادەکرابێ، بەڵکو نووسینەکانیان بۆ شەوی چوارەم رۆژی مانگی ئاب ئامادەکرابوون[3].

نووسەر پێی وابوو تێکڕای پەیوەندییەکانی لەگەڵ بنەچە و چینەکەی پچڕاندووە، لە سەرەوەڕا بۆ خوێنەرەکانی لەمەڕ سروشتی مرۆیی جیهانی دەدوا، لای وابوو ئاڕاستە کردنی ئەو بانگەوازە و بەشداری کردن لە ناسۆرەکانیان، بەخشندەیی رووتن، کەواتە نووسین جۆرێك بەخشینە. بەم پێیە نووسەر رووبەڕووی ئەو پرسە بۆوە کە مشەخۆری لە کۆمەڵگایەکی کارکەردا بۆ ئەو شتێکی شیاو نییە. بەهۆی ئەم رووبەڕوو بوونەوە و ئەم بەخشینە بێ بەرامبەرە، پەی بە ئازادی رەها برد، ئەم دوو پرسەش لە خەسڵەتەکانی داهێنانی ئەدەبین. وەلێ هەرچەند نووسەر مرۆڤی جیهانی و مافە ئەبستراکتەکانی سروشتی مرۆیی رەچاو کرد بوو، نابێ وا تێبگەین بیندا گوتەنی: نووسەر رووپۆشی نووسەرێکی ئایینی بەبەر خۆیدا کردووە، چونکە هەمیشە ناوەڕۆکی هەڵویستەکانی رەخنەن، پێویستە شتێکی هەبێت رەخنەی لێبگرێت. یەکەم بابەتیش کە بۆ رەخنە لێگرتن ئامادەی دەکات سیستم و نەریت و کردەوەی حکوومەتە باوەکانە. بە واتایەکی تر: لەبەر ئەوەی دیوارەکانی نەمری و قەڵاکانی رابردوو - کە بیر و باوەڕە باوەکانی سەدەی نۆزدەهەمیان دەپاراست — درزیان تێکەوت و دارمان، نووسەر گەیشتە ئەو ئاستەی لە رێوڕەسمی خۆیدا پەی بە رەهەندێکی نوێ لە رەهەندەکانی دەسەڵاتی عورفی بەرێت کە ئەویش ئێستایە.

(١) Diderot (١٧١٣-١٧٨٤) فەیلەسووف و نووسەری بە ناوبانگی فەڕەنسییە بە دامەزراندن و بەشداری کردن لە ئەنسکلۆپیدیای فەڕنسیدا لەو سەردەمەدا بەسەر زۆربەی گرفتەکاندا زاڵ بوو، لە وێدا مانای وتەکان دیاری دەکات و بەها کەونەکانی هەڵدەتەکێنێ. گەلێك داستان و کتێبی رەخنەیی هەیە، بە یەکێك لە نوێنەرە مەزنەکانی فەلسەفەی سەدەی هەژدەهەم دەژمێردرێت. ئەویش وەك رۆسۆ بە باوکی شۆڕشی فەڕەنسی دەژمێردرێت.

(٢) Condorcet (١٧٩٤-١٨٤٣) فەیلەسووف و زانایەکە لە زاناکانی وەرز و ئابووری، بڕوای وابوو هێزی مرۆیی ئەو توانایەی هەیە بی سنوور پێش بکەوێ. لە سەردەمی توندوتیژی شۆڕشی فەڕەنسادا گیرا، لە بەندیخانەدا کتێبێکی نووسی مێژووی پەرەگرتنی هزری مرۆیی خستۆتە روو. دواتر بە تیر خۆی کوشت تا لە ئیعدام بە **گیوتین** رزگاری بێت.

(٣) رۆژی ٤ ی ئابی ١٧٨٩ رۆژێکی بەناوبانگە لە مێژووی فەڕەنسادا، لەو رۆژەدا ئەنجوومەنی نەتەوەیی Assemblee Nationale دانی بە بڕیاری مافی مرۆڤ دانا، ئیمتیازی دەرەبەگانی نەهێشت و دەنگی لەسەر دەستوور دا. بڕیاری دا کە تێکڕای هاووڵاتیان لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن.



نەوەکانی پێشوو تاوێك پەیان بەم ئێستایە دەبرد کە وێنا کردنی ئەزەلە و تاوێك بە لکێکی دابڕاو لە رۆژگاری دێرینیان دادەنا. داهاتووش هێشتا لای نووسەر وێنایەکی لێڵ بوو. دەیزانی ئەو ساتەی ژیانی — کە بە تەمای بوو و دەترسا لە دەستی دەرچێ — ساتێکی کەم وێنەیە، هی خۆیەتی، وازی لێناهێنێ و وەك ساتەکانی سەردەمی دێرین بۆ ئەو شکۆمەندن، ئەوساش کە دەستی پێکرد وەك ئێستا دەیزانی رۆژییەتی، و پێویستە لێنەگەرێ لە کیس بچن، لەبەر ئەوە ئەو شەڕەی پێویستە ئەنجامی بدات پتر لەوەی بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگای داهاتووی بێ، بە پڕۆژەیەکی کورت خایەن، راستەوخۆ و کاریگەری دادەنێ: ئەم سیستمەیە کە دەبێ هەر ئێستا رابگەیەنرێ، ئەم داب و نەریتە پوچەڵانەشن کەدەبێ یەکسەر بڕوخێندرێن و ئەم زوڵم و ستەمە دیاریکراوەش دەبێ قەڵاچۆ بکرێت. ئەم هەستەی لە ئیدیالیزمەوە پاراستوویەتی و گەیاندوویەتە ئێستا، بەم شێوەیە: تەنیا لەسەر بیرکردنەوە لە مانا نەمرەکانی ئازادی و یەکسانی ناوەستێت، بەڵکو بۆ یەکەمجار لە کاتی (چاکسازی)یەوە[1] نووسەر چووە ناو ژیانی گشتییەوە، بە نارەزایی دەربڕین دژی ئەم یا ئەو فەرمانە ستەمکارانەیە، یا داوای دووبارە دادگایی کردنەوە، یا بەکورتی: لەسەر ئەو بڕیارە بوون کە دەبێ دەسەڵاتی ئایینی لە سەر جادە و دوکان و بازاڕ و دادگاکان دا هەبێ. نووسەران هەرگیز مەبەستیان وازهێنان لە دەسەڵاتی عورفی نەبووە، بەڵکو ویستوویانە بێ پسانەوە بگەڕێنەوە سەری و لە هەر حاڵەتێکی تایبەتدا لەوەش پتر بڕۆن.

بەم شێوەیە، هۆکاری ئەوەی نووسەر ئەرکێکی نوێ رەچاو بکات، ئەو وەرچەرخانە گشتییە و ئەو قەیرانە بوو لە ویژدانی کەسی ئەورووپیدا. ئەدەب — لای نووسەری ئەو سەردەمە — پەیڕەوکردنی بەردەوامی جوامێری دەروون بوو. هێشتا ملکەچی سانسۆرێکی هاوشێوەکانی بوو، وەلێ ئەوەی لەو سانسۆرە رزگاری دەکرد چاوەڕوانی نابەجێ و پڕ جۆش، ئارەزووی جەماوەرێکی هەڵچوو و دوودڵی چینەکەی خوار خۆی بوو. دەسبەرداری دەسەڵاتی کلێسا بوو، بانگەشەی خۆی و بیروڕا نوێکانی ئەوسەردەمەی لێك جیاکردەوە. کتێبەکانی بانگەوازی ئازاد بوون، ئاراستەی ئازادی خوێنەر دەکران.

(١) La Roforme بزووتنەوەیەکی سیاسی دینییە لە ئەورووپا لە سەدەی هەژدەهەمدا هاتە ئاراوە، لە ئەنجامی بزووتنەوەی ئایدیۆلۆجی سەردەمی رابوون و هەوڵی چاکسازیخوازانی دینی وەك **مارتن لۆتەر** و لایەنگرانی، ناوەندی ئەورووپا لە هەمبەر دەسەڵاتی پاپاکانی کەنیسە سەربەخۆیی وەرگرت.

سەرکەوتنی سیاسی چینی بورژوا — لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتی نووسەران بوو - بوو بەهۆی ئاوەژوو کردنی بارودۆخی نووسەران و بەگومان بوونیان لە هەموو شتێك، تەنانەت بە گومان بوون لە ناوەڕۆکی ئەدەبیش، دەتوانین بڵێین تێکرای هەوڵەکانیان بوو بەهۆی ئەوەی ڕێگەی بزر بوونی خۆیان خۆش بکەن. گومانی تێدا نییە ئەوانە بە تێکەڵ کردنی پرسە ئەدەبییەکانیان لەگەڵ پرسی دیموکراسی سیاسی، یارمەتی بورژوایان دا تا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، کەچی دوای سەرکەوتن بینییان بابەتی داواکانیان لە ناودەچن، ئەو بابەتەی کە هەمیشە لە هەموو نووسینەکانیاندا دووپاتیان دەکردەوە. بەکورتی: ئەو هاوکارییە بەهێزەی داوا تایبەتییەکانی ئەدەبییان بە داواکاری بورژوا چەوساوەکانەوە دەبەستەوە، هەر بە دەستەبەر بوونی داخوازییەکانی ئەمان یا ئەوان، لەگرێژنە چوو. کاتێك ملیۆنها خەڵك نارازی دەبن لەوەی ڕێگە نادرێن گوزارشت لە هەستەکانی خۆیان بکەن، داخوازی ئازادی نووسین و ئازادی بیروڕا ئامانجێکی جوانە. بەڵام کە ئازادی بیرەوڕا و بە فەرمی ناسینی ئازادی و یەکسانی لە ماف و سیاسەتدا دەستەبەر کرا، ئیتر بەرگری کردن لە ئەدەب دەبێتە گاڵتەیەکی کلێشەیی رووت و کەس پەسەندی ناکات، ئەوسا وا پێویست دەکات بۆ ئەدەب بە دوای بابەتێکی تردا بگەڕێین.

هاوکات نووسەران بارودۆخی زۆر باشی خۆیان لەدەست دەدەن، بنەمای ئەم بارودۆخە باشەی هەیانبوو ئەو درزە بوو کە خوێنەرانی کرد بە دوو پارچە، هاوکات ڕێگەیان خۆش کردبوو لە سەر دوو شانۆ ڕۆڵ بگێڕن، بەڵام ئەم درزە پڕ بۆوە، بورژوا چینی ئەریستۆکراتی هەڵلوشی یا خەریکی حەپەلوش کردنی بوو، لەبەر ئەوە پێویستی کرد نووسەران بە تەنگ توێژێك خوێنەری یەکگرتووەوە بن. بە دەرباز بوون لە چینەکەی خۆیان هەموو ئومێدێکیان لەدەست دا، ئەوان زادەی چینی بورژوان، ژیانیان لەسەر ئەوەیە بورژوا بەرهەمەکانیان دەکرێ و دەخوێنێتەوە، دەبێ هەر بە بورژوایی بمێننەوە، بورژواگەری بۆیان بووە بە بەندیخانە. برینی خەمی بڕانی ئەو یارمەتییەی دەسەڵاتدارانی چینی مشەخۆری سەرشێت کە بە هەوەس و ئارەزوو پێی دەبەخشین، تا دوای چارەکە سەدەیەك سارێژ نەبوو، هەروەها خەمی لە دەست دانی ئەو ڕۆڵە دووفاقەی دەیان گێڕا، وەك ئەوە وابوو مریشکی هێلکە زێرینیان سەربڕابێ. بورژوا شێوازی نوێی چەوساندنەوەی دەسپێکرد، ولێ لەبەر ئەوەی چینێکی مشەخۆر لە ئارادا نەبوو: ئامرازەکانی کارکردنی بۆخۆی پاوانکرد، و بە جیددی هەوڵی دەدا بەرهەمهێنان و دابەشکردن ڕێك بخات، بەرهەمی ئەدەبی بە بەرهەمێکی بی کرێی بەرامبەر و بێ مەبەست لەقەڵەم نەدەدا، بەڵکو بە خزمەتێکی خاوەن کرێی بەرامبەر دادەنا.



ئوستورەی پاساودراوی ئەم چینە (بورژوا) زەحمەتکێشە نابەرهەمهێنە، سوودپەرستییە: ئەرکی بورژوا ئەوەیە، لە دوو لایەنەوە واستەیە لە نیوان بەرهەمهێن و بەکاربەر: خۆی لایەنی ناوەندە بەرزبۆتەوە بووە بە خاوەنی هەرچی هێز هەیە. لەمەڕ پرسی دووفاقی لێکدانەبڕاوی *ئامراز و مەبەست*، ئامراز بایەخی یەکەمی پێدراوە: مەبەست پەردەپۆشە و رووبەڕوو نابینرێ، بە بێ دەنگی تێبینی دەکرێت. مەبەست لە تێکڕای ژیانی مرۆڤایەتی ئەوەیە بۆ رەنێو هێنانی ئامرازەکان بەکار ببرێ. ئەو کارە جیددی نییە ئەگەر، دەستەبەر کردنی نیازێکی رەها بێ، بەبێ ئامراز. ئەمەش لە روانگەی بورژواوە لەوە دەچێ مرۆڤ بخوازێ خوا ببینێ بە بێ هاوکاری کلێسا. تەنیا متمانە بەو پڕۆژانە نەبێ نەکات کە نیاز لە ئاسۆیەوە بەردەوام لە بەرامبەر زنجیرەیەك ئامرازی بێ کۆتایی لە پاشگەز بوونەوە دایە. ئەگەر بەرهەمی هونەری ویستی بچێتە ناو بازنەی بەرژەوەندییەوە، دەبێ نیازە بێ مەرجەکان لە ئاسمان بێنە خوارێ، ئینجا ئەو بەرهەمە خۆی رادەستی بەرژەوەندگەرایی بکات، واتە ببێتە هۆیەك بۆ ڕێکخستنی ئامرازەکان. مادام بورژوا بڕوای تەواوی بەخۆی نییە، و دەسەڵاتەکەی لە سەر بنەمای فەرمانەکانی ئیلاهی دانەمەزراوە، لەسەر ئەدەب پێویستە یارمەتی بدات تا ئەو هەستە بخولقێنێ کە بورژوا بە ویستی ئیلاهی بورژوایە. بەو پێیەی ئەدەب گوزارشتێك بوو لە ویژدانی گەندەڵی خاوەن ئیمتیازاتی سەدەی هەژدەهەم، مەترسی ئەوەی لێدەکرا — لە سەدەی نۆزدەهەمدا — ببێتە گوزارشتێك لە ئاسودەیی ویژدانی چینێکی داسەپاو. پرسەکە ئاسانتر دەبوو ئەگەر نووسەر بیتوانیبا ئازادی بیروڕای خۆی لە رەخنەگرتندا بپارێزێ، ئەمەش سەرچاوەی داهێنان و بە خۆنازین بوو لە سەدەی پێشوو. وەلێ خوێنەرە بورژواکانی ئێستا لەو پرسەدا بەرەنگاری دەبنەوە. چونکە تا بورژوا دژی ئیمتیازەکانی چینی ئەریستۆکرات هەوڵ بدات، لە ئەدەبدا دەکەوێتە سەر نەرێنیگەرای روخێنەر، وەلێ ئێستا - دەسەڵاتدارە— رووی کردۆتە بنیادنان و بۆ ئەمەش داوای یارمەتی دەکات. لە راستیدا رەنگە مشتومڕ لە ناخی باوەڕە دینییەکەدا هەر مابێ، چونکە ئیماندار ئەرك و مەراسیمە دینییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ویستی خواوەند. بەم هۆیەوە پەیوەندییەکی دیاریکراو لە نێوان خۆی و خوای خۆیدا وەدی دێنێ، کە وەك پەیوەندی نێوان جووتیار و دەرەبەگ سروشتی فیۆداڵییانەی هەیە، لەبەر ئەوەی خواوەند خەسڵەتی کەماڵی رەهای هەیە و لێی دانابڕێ، پەنا بردن بۆ ئیرادەی خودایی رەها، هۆکارێك بوو بۆ هێنانە ناوەوەی توخمی کۆنترۆل لە ئەخلاقی دینیدا، لەگەڵ کەمێك ئازادی لە ئەدەبدا وەك دەرئەنجامی ئەو کارە. پاڵەوانی دینی مەسیح لە کیشە لەگەڵ فریشتەکان بە پێی

ویستی خواوەند هەمیشە (یەعقوب)ە[1] تەنانەت ئەگەر دواتر مەبەستی ملکەچ کردنی یەعقوب بوو بێت. وەلێ خووخدەی بورژوا لە ویستی ئیلاهییەوە نییە، پرنسیپە جیهانییە ئەبستراکتەکانە، خووخدەیە لە سروشتی شمەکەوە وەرگیراون، شوێنەواری ئیرادەیەکی زاڵ و پەرستراوی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکو سەرچاوەکەی مرۆڤە. ئەمەش پتر لە یاساگەلی سروشتی نەخولقێنراو دەچێت. یا لانیکەم گریمانی ئەوەدەکا: بە پارێزەوە لەو یاسایانە بڕوانین. لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەی نادیار و نامۆیە، خۆیان دەبوێرن بەوردی لێی بڕوانن. ئیتر هونەری بورژوایی ئامرازێك بووبێ یا نەبووبێ، لە ترسی ئەوەی تووشی هەرەس هێنان نەبێ، خۆی لە دەستکاری پرنسیپەکان دەپاراست، ***رستە بە ناوبانگەکەی دستۆفسکی کە دەڵێ ( ئەگەر خواوەند نەبێ هەموو کارێك مۆڵەت پێدراوە) وتەیەکی سەیرە چینی بورژوا بە درێژایی ١٥٠ساڵ دەسەڵاتداری خۆی هەوڵی دەدا خۆی لێ گێل بکات.*** دەترسا لە رادە بەدەر بە ناخی دلاّندا رۆبچێت و بیانشێوێنێ. ئەوەندەی خوێنەران و بینەرانی ئەم هونەرە، لە ئیلهامی هونەری هونەرمەند دەترسان، ئەوەندە لە هیچ شتێك نەدەترسان، چونکە شێتانە، بە ناخی شتەکاندا رۆدەچێت و بە وشەی چاوەڕوان نەکراو پەردە لەسەر ئەو دەروونە لادەدات، بە دووبارە کردنەوەی بانگەوازی ئازادی خوێنەر، دەروونی خەڵکی دەروون پەشێو پتر دەورووژێنێ. راڤەکردنی ئاسان باوی پترە، چونکە سەلیقە لەوێدا کۆت و پێوەند کراوە، بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. هونەرێك کە بە وتاری هاوسەنگ و و چاوەڕوان کراو گونجان و ئاسوودەیی زەین، لەخۆ دەگرێ، دەیسەلمێنێ کە مرۆڤ و جیهان، پووچن ، روون و ئاشکران، ترس و سەرسامییان تێدانییە، و بێ بایەخیشن.

بالاّتر لەوەش بورژوا بەهۆی خەڵکی نێوبەند (واستە) نەبێ، هیچ شتێکی تر نایبەستێتەوە بە سروشت، لای ئەو حەقیقەتی ماددی لە شێوەی بەرهەمە دروستکراوەکاندا خۆی دەنوێنێ.

(١) لە تەوراتدا یەعقوب دوای ئاوارەبوونی لە وڵاتەکەی چواردەساڵ لە کێڵگەکانی خاڵی کاری کرد تا زەماوەند لەگەڵ کچی خاڵی **رەحیل** بکات، گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی، کەنعان، تووشی کابرایەك بوو تا بەری بەیانی زۆرانبازی لەگەڵ کرد، دوای زەبرێکی ئەو کابرایە یەعقوب تووشی (عرق النسا) بوو. بەیانی زانی ئەوکابرایە فریشتە بووە لای خواوە نێردراوە. داوای لێکرد پیرۆزبایی لێبکات. لەمەڕ ئەم رووداوە ئاڵۆزەی ناو تەورات، شرۆڤەکاران دەڵێن: نیشانەی هەوڵێکی رۆحی بە ئامانج گەیشتووە. ناونیشانی ئەم رووداوەش لە تەوراتد **ململانێ لەگەڵ خوا** یە بڕوانە:

La Genese: La Lutte avec Dieu, 23-33



لەبەر ئەوەی- تا چاو بڕ دەکات — گەمارۆ دراوە بە دونیای شارستانی، وێنەی خۆی تێدا دەبینێ، هەوڵی چنینەوەی ئەو نیشانانە دەدات کە خەڵکی تر لە سەر رووی شتەکانیان داناوە. ئەم هەوڵەش لە ناوەڕۆکدا لە بەکار هێنانی هێمای ئەبستراکتی وشە و ژمارە و سەرجەم وێنە و کلێشەکاندا، چڕ بۆتەوە، تا بورژوا ئەو شێوازە دیاری بکات کە بە کرێگیراوەکانی ئەو کالاّیەی بەکاری دەبەن، چۆن دابەشی بکەن. چونکە پیشە و فەرهەنگەکەی ئامادەی دەکەن ئایدیۆلۆجییەکان لەبەرچاو بگرێت و کاریان پێبکات. بە پێی ئەم بەڵگانە بورژوا قەناعەتی وایە جیهان لە سەر سیستمی ئایدیۆلوجییەکان بەڕێوە دەچێ. سەرئەنجام دەگاتە ئەو بیرۆکانەی کە هەوڵ، سەختی، پێداویستی، چەوساندنەوە و جەنگیان تێدایە: لای ئەو وایە ئەوە شەڕ نییە، تەنیا فرە هۆکارییە. بیروڕای رەها لە کۆت و پێوەند، بوونی دەبێ، وەلێ پێویستە ملکەچی سیتمی ئارا بکرێن. ئابەم شێوەیە بەرەوپێش چوونی مرۆیی بە پرۆسەیەکی هەرس کردنی بەرفراوان، لەقەڵەم دەدات کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەقڵ و بیروڕاکان لە نێوان خۆیاندا یەك بگرن. لە مەودای ئەم پرسە هەرسییە فراوانەدا، هزر یەکبوونی خۆی کامڵ دەکات و کۆمەڵگا دەگەیەنێت بە گەشە کردنی تەواو.

ئەم گەشبینییەش لە بەرەی پێچەوانەی دەرکی نووسەرە بۆ هونەرەکەی: هونەرمەند پێویستی بە کەرەستەیەکە هەرس نەکرێ، چونکە جوانی لە بیر و هزردا ناتوێتەوە، تەنانەت ئەگەر پەخشان نووسیش بێت وشەکان رێك و پێك بکات - وەك هێمای مانا -، خۆ ئەگەر دەرکی ئەوەی نەبێ وشە خاوەنی ماتریالێکە، بەرگری ئەوتۆ لە خۆی نیشان دەدات تا ملکەچی ئەقڵ نەبێت، میتۆدەکەی ریچکە و توانای خۆی لەدەست دەدات. وەلێ ئەگەر ویستی لە کارە ئەدەبییەکەیدا جیهانێك بە پشتیوانی ئازادییەکی بێ کۆتایی بونیادبنێ، مانای وایە شتەکان بە وردی و بنەڕەتی لە خودی هزر جیادەکاتەوە. کەواتە سازانێك لە نێوان ئازادی خۆی و شتەکان دا نییە، تەنیا ئەوەنەبێ کە هەردووکیان بێ کۆتایین. خۆ ئەگەر ویستی بیابان یا دارستانێك ملکەچی حوکمی ئەقڵ بکات، نیازەکەی بە گۆڕینی بیابان و دارستان بۆ بیرۆکەیەکی ئەبستراکت، نایەتەدی، بەلاّم بە تیشك خستنە سەر ئەو لایەنانەی وەك هەن (بوونی ئامادە)[1] دەستەبەر دەکرێ، وەك بوونەوەرێك کە چڕی خۆی هەیە و کاریگەرە لە بەرامبەر ئەو شتەی مرۆڤ دەیەوێ. ئەمەش تەنیا بە پەی بردن بە زەینگەرای بێ سنووری هەبوون نەبێ، ناکرێ.

(١) واتە بە گشتی بوون کە بابەتێکی زانستی میتافیزیکە.

لەبەر ئەوە کاری هونەری ناشیّ بگەڕێندرێتەوە بۆ هزر: **یەکەم** لەبەرئەوەی بەرهەمهێنانی بوونەوەرێك یا دووبارە بەرهەمهێنانەوەی، واتە بۆ شتێك لە شتەکان "بوونی ئامادە"، بە تەواوی خۆی رادەستی بیرکردنەوە ناکات (واتە بە بیرکردنەوە نایەتە بوون. لەو رووە و کە **بوونی ئامادە** سەرتاپای شەلاّلە لە بوونی **دەستەبەرکراو.** و/ فارسی) هەروەها لەبەر ئەوەی بوونەوەر بەناخیدا رۆچووە و لە جۆریکی بوون خالّی کردووە، واتە جۆرێك لە زەینگەرایی کە چارەنووسی هزر، تەنانەت بەهاکەشی لەدەستدایە. هەر لەبەر ئەوە هونەرمەند هەمیشە تێگەیشتنێکی تایبەتی هەبووە بۆ شەڕ نەك لەبەر ئەوەی دابڕانێکی کاتییە، بە پێی توانا بۆ هزرێك ئامادەی دەکات، بەڵکو لەسەر بیّ توانایی، گۆڕینی جیهان و مرۆڤە[١] بۆ هزر.

یەکێك لەو خەسڵەتانەی کەسی بورژوا پێی ناسراوە ڕەتکردنەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکانی ترە، بە تایبەتی چینی بورژوا. ئەریستۆکرات خوازیاری فەرمانڕەواییە،

---

(١) لای بوونگەرایان نیاز لە جیهانی دەرەوەدا بوونی نییە، پرۆژەیەکی مرۆییە لە هەڵویستێکی تایبەتدا، ئەوەش هەڵویستی مرۆڤێك یا کرێکارێکە لە نەتەوەکەی یا لە کارەکەی یا لە کێشە تایبەتییەکانیدا. نیازیش یەکەیەکی پێکهاتووە لە تێکڕای ئەو ئامرازە دەرەکییانەی ئامادەکراون بۆ بەرهەمهێنانی. لەبەر ئەوەی شتەکان — بەو توانایەی تێیاندایە و ئەو بەرگرییەی هەیانە — لە دەروونی مرۆڤدا لە ڕێگەی زنجیرەیەك هۆکاری جێگیر و دڵنیا هەست و پەی پێبردنێك وەدی دێنن، لە هەمان کاتدا وێنەی ئازادییەکەی دەخولقێنن. مانای هۆکارگەرایی، پەیوەندی نیاز و ئامراز، نایەتە دی بیّ ئەوەی مرۆڤ بزانیّ ئەم نیازە رزگاری دەکات لەو هەڵویستەی لە ئارا دایە لەڕێگەی هاوسەنگ راگرتنی بەهاکان. ئەوان لەم بوارەدا دان بە دەسەلاّتێکی واقیعی دەرەکی دا دەنێن بە سەر هزر دا. لای ئەوان پەرەسەندنی جیهان لە بیروڕا ئەبستراکتەکاندا چڕ نابێتەوە، بەڵکو لە هۆشی پەیوەست و تێکەڵ بوو لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا کورت دەبێتەوە. لەمەشدا وێنا کردنی هزر و گەلاّڵەکردنی پرۆژەکان — لە مانایەکانی پێشوویاندا — جۆرێکە لە کار. مەرگ و بێکاری و نەداری — بۆنموونە — تەنیا بیر و هزر نین، بەڵکو راستییەکن خەڵك تیایدا دەژی، چڕی و تەوژم و چاوەڕوانکراوییەکی ئەوتۆ لە خۆ دەگرن لەوە دەردەچیّ کە تەنیا بیرکردنەوە بێت. لە بەر ئەوە پێویستی بە بیرکردنەوە نییە، بەڵکو خوازیاری پرۆژە و کارە. بەرهەڵستی واقیعەکە بە بیر ناکریّ، بەڵکو دەبیّ بە کردەوە بیّ. لە بەر ئەوە داوا دەکەن ئەدەب ببێتە چەکێك لە چەکەکانی کۆمەڵگا. لە نیوان ئەمەو واقیعی سۆشیالیستیدا — لەم رووەوە — بەڕواڵەت نەبیّ هیچ وێچوونیك نییە. بڕوانە J.P.Sarte: Situation 111P.114-163 ، هەروەها سەیری کتێبی دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نویّ، چاپی دووەم ل ٣٨٩-٣٩٩ )بکە.



چونکە ئینتمای بۆ چینێك هەیە کە تایبەتمەندە بەو خەسڵەتانە، وەلیّ کەسی بورژوا دەسەلاّت و مافی فەرمانڕەوایی خۆی لەسەر دەستەبەر کردنی ئەو فاکتەرانەی گەییو و کامڵن دادەمەزرێنیّ، کە بە درێژایی سەدان ساڵ سامانداری لەم دونیایەدا، پێی بەخشیوە. هیچ پەیوەندییەکی لێکدراو[١] پەسند ناکات مەگەر لە نێوان موڵکدار و ئەو شتە دابیّ کە خۆی خاوەنییەتی. وەلیّ لەوە بەولاوە بە شیکردنەوە[٢] دەیسەلمێنیّ کە خەلکی هەموویان لێك دەچن، چونکە توخمی شی نەکراوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانن، هەر یەکێکیان — پلەی لە کۆمەڵگادا هەرچی بێت - خاوەن خەسڵەتێکی مرۆیی کامڵە. لێرەوە نایەکسانی پرسێکە لەو پرسانەی کە ناتوانیّ خەسڵەتی هەتاهەتایی **یەکەی** کۆمەڵایەتی، بگۆڕێت. لە روانگەی بورژواوە چینی کرێکار بوونی نەبوو، واتە نەبوونی چینێکی لێکدراو کە هەر کارکەرێکی تیایدا رەنگدانەوەی چینەکەی بێت، وەلیّ کرێکارانێك هەن کە هەر یەکەیان لە سروشتی مرۆیی خۆیدا یەکەیەکی جیایە. هاوکارییەکی ناوخۆیی نییە پێکیانەوە ببەستێتەوە، بەڵکو ئەوەی پێکیانەوە دەبەستێتەوە تەنیا وێکچوونی پەیوەندی دەرەکییانەیانە.

لای بورژوا ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەو تاکانەی بانگەشەی شیکردنەوەی خۆی دەیانگرێتەوە، پەیوەندییەکی دەروونییە، دواتر هەر بەو بانگەشەیە لێکیان دادەبڕیّ. پەی پێبردنی ئەم پرسەش ئاسانە: بورژوا راستەوخۆی مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا ناکات، کارە بنەڕەتییەکەی پراکتیزە کردنی کاریگەرییە لەسەر خەڵکی، لەبەر ئەوە تەنیا خەمی گەورەی، خۆڕازی کردن و تۆقاندنە. خۆشحاڵی و پرنسیپەکانی نزاکەت و رێساکانی ئەدەب، بەسەر رەوشتی دا زاڵە. پێی وایە هاوتاکانی بووکەشووشەن و گەمەیان پێدەکات، ئەگەر ویستی برێك شارەزای سۆز و رەوشتیان بیّ، ئەوا لای ئەو هەر سۆزێك وەك ئەو تاڵە دەزووە وایە کە بووکەشووشەکەی پیّ دەبزوێنیّ. کتێبی نزا لای بورژوای چاوچنۆك **هونەری دەوڵەمەند بوونە**، وەلیّ لای بورژوای دەوڵەمەند هونەری **کۆنترۆڵ کردن و فەرمانڕەواییە**. بورژوا نووسەر بە پسپۆڕ دادەنیّ، وەلیّ پێی سەغڵەتە، کە دەبێتە بیرمەندێکی سیستمی

---

(١) و(٢) ) بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ پەیوەندی لێکدراو و شیکردنەوەی تاك، بگەڕێوە بۆ " هونەرمەند و سەردەمەکەی" لە کۆکردنەوە و وەرگێڕانی مستەفا رەحیمی، یەکەمین وتار "ناسینی قۆناخی نویّ" بە پێنووسی سارتەر . (و/ فارسی).

کۆمەڵایەتی، لێی دەترسێ. هەموو داوایەکەی لە نووسەر ئەوەیە، ئەزموونی پراکتیکی خۆی بە دڵێکی مرۆیی لەگەڵ بەش بکات. بەم شێوەیە ئەدەب — وەك سەدەی حەڤدەهەم — گەڕایەوە سەر شیکاری دەروونی. ئەم لایەنە دەروونییەش بانگەشەیەکی پاکسازی بوو بۆ ئازادی لە ئەدەبی کۆرنی و ڤاسکال و ڤۆڤنارگ[١]. وەلێ بازرگان چاودێری ئازادی کریارەکەیەتی، پارێزەریش پاسەوانی ئازادی تاوانبارەکەی. ئەوەی ئەوان هەوڵی بۆ دەدەن، ڕێسا و ئامۆژگاری نەگۆڕە لەسەر ڕەوشت تا خەڵکی پێ بخەڵەتێنن و فەرمانڕەواییان بەسەردا بکەن، کەواتە پێویستە فەرمانڕەوایی کردن بەسەر مرۆڤدا بە ئامرازی نەرم و نیان جەختی لەسەر بکرێ. بەکورتی دەبێ ئەو یاسایانەی دەروون کۆنترۆڵ دەکەن یەکلاکەرەوە و بێ هەڵبواردن بن. دەسەڵاتداری بورژوا، ئەوەندەی زانا بڕوای بە موعجیزە هەیە، ئەوەندە باوەڕی بە ئازادی مرۆڤ نییە. لەبەر ئەوەی سروشتی بەرژەوەندی پەرستە، پاڵنەری دەروونی لای ئەو — لە بنەرەتدا — بەرژەوەندییە. ئیتر مەبەستی نووسەر ئەوە نییە لە پیشەکەیدا بانگەشەی ئازادی ڕەها بکات، بەڵکو دەبێ یاساگەلی دەروونی سەپێنراو پێشکەش بە خوێنەرانی بکات کە وەك خۆی دیلن.

ئایدیالیزمی زەینگەرا، ڕەوتی دەروونگەرایی، و مسۆگەرگەرایی (دیتێرمینیزم)، و بەرژەوەندگەرایی، و گیانی جیددییەت (وەك لای ڤاسکال هەیە)، ئەو کاروبارانە بوون کە نووسەری بورژوا دەبوایە پێش هەموو شتێك وێنەکانی بۆ جەماوەرەکەی بخستایە ڕوو. ئیتر داوا لە نووسەر نەدەکرا هەرچی ناڕوونی و نامۆیی جیهانە زیندووی بکاتەوە، بەڵکو داوا دەکرا ئەم جیهانە شیبکاتەوە بۆ کار و کاردانەوەی زەینی سەرەتایی تا ئاسان هەرس بکرێ، هەروەها داوای لێناکرێ لە ڕەهەندە دوورەکانی ئازادی خۆیدا بگەرێ بۆ لێدانی قووڵی دڵ، وەڵی دەبێ (ئەزموونەکانی) لەگەڵ ئەزموونگەلی ئەوانی تر بەراورد بکات. کتێبەکانی — هاوکات — وەك لیستی ئامار کە تایبەتە بە بورژواکان، لەگەڵ ڕیپۆرتاژی پسپۆڕی ڕەوانی کە مەبەستی دارشتنی مافەکانی بژارتەیە، بەیەکەوە کۆبکاتەوە، لەگەڵ ئەو نامیلکانەی لەهەمبەر داب و نەریت و مەراسیمە دینییەکاندان، دەربیخا کام لە حیکمەتەکانی ئەو لە سیستمەکەدایە. دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پێش وەخت بڕیاریان لەسەر دراوە. پلەی ڕۆچوون بە ناخی

[١] Vauvenargue (١٧١٥-١٧٤٧) یەکێکە لە زانایانی ڕەوشت لە فەرەنسا، خۆشبینی ئەو زانایە لەسەر متمانەیە بە دڵی مرۆیی و ئەو هەست وسۆزەی تیایەتی. بە فەلسەفە سۆزگەراییەکەی کاریکردۆتە سەر ڕۆمانیزم.



توێژینەوەکەشیدا دیاری کراوە و پاڵنەرە ڕەوانییەکانیشی بۆ هەڵبژێردراوە و خۆدی ڕەوشەکەشی ملکەچی گەلێك ڕێسا کراوە. خوێنەریش چاوەڕوانی هیچ شتێکی کتوپڕ نییە، بە چاو نووقانەوە کتێبەکانی دەکڕن. وەلێ بە هۆی ئەوەوە ئەدەب بەتەواوی ترۆر دەکرێ. هەر لە ئیمیل ئۆژییە[١] تا دەگاتە مارسیل پریڤۆ[٢] و ئیدمۆند ژالۆ[٣] و — لە ناو ئەوانەدا نووسەرانی وەك دۆمای کوڕ[٤] و پایرۆن[٥] و ئۆهنی[٦] و بۆردۆ[٧] — پەیدابوون تا گرێبەستی ترۆر کردنی ئەدەب واژۆ بکەن، دەکرێ بڵێم: ئەوانە بە چ شانازییەکەوە ئەو گرێبەستەیان بە ناوی خۆیانەوە واژۆ کرد، بەڕێکەوت نەبووە چەند کتێبی پوچ و بێ مانایان نووسیوە، ئەگەر بەهرەیان هەبا دەبوو بیشارنەوە.

(١) Emile Augier (١٨٢٠-١٨٨٩) نووسەرێکی فەڕەنسییە، شانۆگەرییەکانی لە نێوان دراما و شانۆگەری دایە و سروشتی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەرگری لە پرنسیپەکانی ڕەوشتی برژوا دەکات. لەوانە **زاواکەی جەنابی بوارییە** و **چەپەڵان** و **کیژە سەرکێشەکە**... وە ئەندامی ئەکادیمی فەڕەنسی بووە.

(٢) Marcel Prevot (١٨٦٢-١٩٤١) یەکێکە لە چیرۆکنووسە فەڕەنسییەکان، لە چیرۆکەکانی : **ئینسافی گەورەکچان** و **نامەگەلی ژنگەرا** و ئەندامی ئەکادیمی فەڕەنسی بووە.

(٣) Edmond Jaloux (١٨٧٨-١٩٤٩) چیرۆکنووس و ڕەخنەگری ئەدەبی و ئەندامی ئەکادیمی فەڕەنسی بووە.

(٤) Alexandre Dumas Fils (١٨٢٤-١٨٩٥) بە چیرۆکنووسی دەستی پێکرد، دواتر هەموو هەوڵەکانی بۆ شانۆ تەرخان کرد، چیرۆك و شانۆکانی تۆکمەن، تیایاندا بەرگری لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. چیرۆکە هەرە بەناوبانگەکانی بریتین لە **خانمی کامیلیا** و **پرسی سامان** و **(ئافرەتە غەریبەکە)** ... وە ئەندامی ئەکادیمی فەرەنساش بووە.

(٥) Ed. Pailleron. (١٧٤٤-١٨٢٦) نووسەری شانۆگەری بووە، لە شانۆگەرییەکانیدا گیانی کۆمیدی سەرنج ڕاکیش هەبووە، لەو شانۆگەرییانە **جیهانی تەنگ** و **دڕدۆنگی**، وە ئەندامی ئەکادیمی فەڕەنسا بووە.

(٦) Ohent (١٨٤٨-١٩١٨) چیرۆك نووس و شانۆنووشی فەڕەنسییە.

(٧) Hemrri Bordeaux چیرۆك نووسێکی فەڕەنسی هاوچەرخە لە چیرۆکەکانیدا بایەخ بەو خێزانانە دەدات کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی دینی و خزمایەتی بەیەکیانەوە نابەستێتەوە. لەداستانە هەر بەناوبەنگەکانی: **(ترس لەژیان-** ١٩٠٢ و **بەفری سەرڕێ** ١٩١٢ و **عەمباردار-** ١٩٣٤ وە لە ساڵی ١٩١٩ ەوە ئەندامی ئەکادیمی فەڕەنسا بووە.

وەلێ نووسەرە لێهاتووەکان ئەمەیان رەتکردەوە. ئەم رەتکرنەوەیەش ئەدەبی لە زیندەبەچاڵ کردن پاراست، وەلێ بۆ ماوەی نیو سەدە رواڵەتی ئەدەبی وەك خۆی هێشتەوە. لە ساڵی ١٨٤٨ ەوە تا ساڵی ١٩١٤، لە بنەڕەتدا یەکبوونی خوێنەری نووسەر پاڵنەرێك بوو بۆ نووسەر تا لەسەر پرەنسیپێك دژی تێکڕای خوێنەرانی بنووسێ. - سەرەڕای ئەمەش — هەرچی بەرهەمی دێنا دەیفرۆشت، وەلێ کڕیارەکانی دەدزا و هەوڵی دەدا بێ ئومێدیان بکات. ئەوەی نووسەر بڕیاری لە سەر دابوو ئەوە بوو، بزر بێ نەك ناودار. تەنانەت ئەگەر بۆ جارێکیش لە ژیانیدا سەرکەوتن رووی تێکردبێ، خراپ تێگەیشتن بووە. ئەگەر وا رێکەوتبا نووسەر کتیبێك بڵاوبکاتەوە و بەرەنگاربوونەوەی خوێنەرانی تێدا نەبێ، هەر نەبێ پێشەکییەکی پێوە دەلکاند، تیر و توانج بێ بۆ خوێنەرانی. ئەم ناکۆکییە بنەڕەتییەی نێوان نووسەر و خوێنەر، دیاردەیەکی بێ وێنە بووە لە مێژووی ئەدەبدا. لە سەدەی حەڤدەهەمدا خوێنەران و ئەدیبان تەباییەکی تەواویان لە نێوان دا هەبوو. نووسەر لە سەدەی هەژدەهەمدا مامەڵەی لەگەڵ دوو گرووپ خوێنەری وەك یەك (واقیعی) دەکرد، دەیتوانی متمانە بە یەکێکیان بکات بەبێ ئەوی تر. رۆمانتیزم هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ هەوڵێکی بێهوودە بووە بۆ دوور کەوتنەوە لەو ململانێ زەقەی نێوان نووسەر و خوێنەر لە رێگەی ژیاندنەوەی ئەم دووفاقییەی ناو خوێنەران و پشت بەستن بە لایەنی ئەریستۆکراسی دژی بورژوای ئازادیخواز. وەلی دوای ساڵی ١٨٥٠ رێگەیەك نەمایەوە بۆ شاردنەوەی ئەو پێکناکۆکییە قووڵەی رەوتی هزری بورژوا کە بەرهەڵستی بابەتەکانی ئەدەبی پێدەکرد، هاوکات لە خوارەوەی چینەکانی کۆمەڵگا جەماوەرێکی خوێنەری (ناواقیعی) سەریهەڵدا، چاوەڕوان بوو نووسەر ئەو چینە بەحەقیقەتی خۆی ئاشنا بکات. چونکە بانگەشە بۆ خۆڕایی بوون و سەپاندنی فێرکردن، کەمێك پێشکەوتنی دەستەبەر کرد، هێندەی پێنەچوو کۆماری سێهەم دوای ماوەیەکی کەم مافی خوێندن و نووسینی بەخشی بە تێکڕای خەڵك. کەواتە نووسەر چی دەکات؟ ئایا لەگەڵ خەڵك دەبێ دژی بژارتە، و هەوڵ دەدا سەرلەنوێ — لە پێناوی بەرژەوندی خۆی — لە ناو جەماوەری خوێنەردا دووفاقی بخولقێنێ؟

سەرەتا وا دەردەکەوێ. ئەوەی هەندێ نووسەر دەیاننووسی وەك ئیلهامێك بوو بۆ خوێنەرانی (ناواقیعی)، کە بە هۆکاری ئەو بزاوتە هزرییە مەزنەی ساڵەکانی ١٨٣٠ تا ١٨٤٨، لایەنەکانی بورژوایی شپرزە و تێکەڵ پێکەڵ کرد. ئەو نووسەرانە بڕوای سۆفیگەرانەیان بەو خوێنەرانەیان دەبەخشی کە ناویان نابوو گەل و سەرچاوەی ئاشتی. وەلێ هەرچەند خۆشیان بوێن ناتوانن



بیانناسن، ئەمەش— بەتایبەتی — لەبەر ئەوەیە لە رەچەڵەکی ئەو نین. **جۆرج ساند**[١]، **بارونة دودیظاند** و **ظکتۆر هۆطۆ** کوڕی فەرماندەی گشتی ئیمپراتۆری، تەنانەت **میشلیة**[٢] کە کوڕی یەکێك لە خاوەن چاپخانەکان بوو، زۆر دوور بوو لە کرێکارانی کارگەی ئاوریشم لە شاری **لیۆن** یا لە کرێکارانی شاری **لیل**. سۆشیالیزمی ئەوان — ئەگەر سۆشیالیست بن — دەرهاویشتەیەکی تری ئیدیالیزمی بورژواییە. پتر لەو جەماوەرە خوێنەرەی هەڵیان بژارد بوو، خەڵك بابەتی هێندیك لە کتێبەکانیان بوو. رەنگە **هۆطۆ** بەخت یاوەری بووبێ کە پتر لە نووسەرانی تر بەرهەمەکانی سەریان بە هەموو بوارەکاندا کردووە، رەنگە لەو کەسە دەگمەنانە، بگرە تاکە نووسەرێکە، بە راستی میللی یا میللیگەرا بووە. وەلێ ئەوانی تر بێ ئەوەی لە ناو کرێکاراندا خوێنەر بۆخۆیان دەستەبەر بکەن، دوژمنایەتییان لەگەڵ بورژوا ناوەتەوە. بۆ باوەڕهێنان بەم پرسە ئەوەندە بەسە بەراوردی ئەو بایەخە بکرێ کە زانکۆی بورژوای فەرەنسا — ئەمەش خەسڵەتێکی بورژوایە — داویەتی بە **میشیلیة** کە پەخشاننووسی چینێکی مەزن و نوێنەری بلیمەتی رەوای ئەو چینەیە، یا ئەو بایەخەی داویەتی بە **تین**[٣] کە بە رواڵەت زانا و بێ ناوەڕۆکە، یا ئەو بایەخەی داویەتی بە **رینان**[٤] کە (شێوازە جوانەکەی)

---

(١) George Sand (١٨٠٤-١٨٧٦) بارونا دودیڤان Dudevant ژنە نووسەریکی فەڕەنسییە داستانەکانی **لیلیا** و **ئیندیانا** و **ڤادیتی ژیکۆڵ** و **دەریاچەی شەیتان**. پێشتر لە زۆر بابەتی کتێبی رۆمانیزم و ئەدەبی بەراوردا لە ئامانجی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەم داستانانە دواوین. یەکێك لە ئەویندارانی **ئەلفری دی مۆسییە** ی شاعیر بووە، هەر لە پێناوی ئەودا ئەو شاعیرە کەلێگ داستانی نووسیوە، دواتر داستانە بە ناوبانگەکەی **شەوان** ی نووسیوە.

(٢) Michelet (١٧٩٨-١٨٧٤) مێژوونووس و نووسەرێکی فەڕەنسییە. بڕوانە بەرنامە ئەدەبییەکەی لە مێژوودا. ئەدەبی بەراورد ل٢٣٠- ٢٣١، هەروەها کتێبی رۆمانتیزم ل١١٣-١١٤.

(٣) Hyppolyte Taine (١٨٢٨-١٨٩٣) مێژوونووس و نووسەر و فەیلەسووفە، لە رەخنەی ئەدەبیدا خاوەنی تیۆرییەکە، پێشتر باسمانکرد و لە کتێبی ئەدەبی بەراورد دا، رەخنەمان لێگرت لەگەڵ کورتەیەك لە فەلسەفە گشتییەکەی کە کاریگەر بووە لەسەر بارناسیزم و واقیعگەرایی ئەورووپا. بڕوانە کتێبی ئەدەبی بەراورد ل٥٠-٥٨، ٢٣١-٢٣٢، ٣٦٣-٣٦٤.

(٤) Renan (١٨٢٣-١٨٩٢) نووسەر و مێژوونووسی فەڕەنسییە، گەلێك کتێبی نووسیوە لەوانە: **ژیاننامەی عیسا**، **ئایندەی زانست**، **پرنسیپەکانی مەسیحگەرایی** و **مێژووی گشتی و بەرنامەی بەراوردی زمانە سامییەکان**.

نموونەی تۆکمەی پەستی و شەرمەزارییە. بورژوا لێگەڕا **میشیلیة** بە بیرەوەرییە بێ بەرهەمەکانییەوە بنالێنێ، وەك ئەوەی بێ هیچ پاداشتێك لە خاوێنگەیەك خزمەتگوزار بێ. ئەو (گەلەی) خۆشیان دەویست جارجارە بە بیریان دادەهات، دوایی، سەرکەوتنی مارکسیزم فرێیدایە خانەی لەبیرچوونەوە. زۆربەی ئەو نووسەرانە بوونە قوربانی شۆڕشێکی سەرنەکەوتوو، کە هەموو ئومێدێکیان پێی بوو. هیچ کام لەوانە - جگە لە **هۆطۆ** — شوێنەوارێکیان لە ئەدەبدا بەجێ نەهێشت.

ئەوانی تر لە بەردەم گۆڕانی کۆمەڵگا لە سڵیان دەکردەوە، لەو ترسەی ئەگەر گۆڕان رووبدات وەك ئەوەی قورسایی بە گەردونیانەوە هەڵواسرابێ بە خێرایی بەرەو قوڵایی رۆدەچن. تەنانەت تکای لێبووردنیش دادیان نادات، چونکە دەرفەتی ئەو بانگەشەیە نەهاتووە و هیچ رایەڵکەیەکی واقیعیش نایانبەستێتەوە بە زەحمەتکێشانەوە، ئەو چینە بەشخوراوەش نەیتوانیوە بۆ لای خۆی پەلکێشیان بکات، چونکە نازانێ چ پێویستییەکی پێیان دەبێت، کەواتە بەرگری کردونیان لەو چینە لە خانەی خەیاڵ و ئەبستراکتدا ماوەیەوە. دڵسۆزییان هەرچۆنێك بیت ئەگەر ویستبێتیان لا لە گرفتەکانیان بکەنەوە، بەچاو تێیگەیشتوون بێ ئەوەی بە دڵ هەستی پێبکەن. ئەم نووسەرانە لەو چینەی خۆیان دابەزیوون و یادی دەوڵەمەند بوون کە دەبوو لە خۆیانی حەرام بکەن، بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵبوو، لە مەترسی ئەوەدا بوون (چینێکی کریکاری جوانپۆش) لە پەراوێزی چینی کرێکاری راستەقینەدا دروست ببێت، جێی گومانی کرێکاران بێ و لە روانگەی بورژواوە دەرکراوبن، داواکانی لەبری جوامێری پڕبن لە توندوتیژی و قین، لە کۆتاییدا هەڵوێستی دوژمنکارانە بەرامبەر هەردووکیان کرێکار و بورژوا وەربگرن:

***ئەمە حاڵی ژۆل ڤالیس بوو، سەرەڕای سەخاوەتمەندی دەروونی، لەگەڵ حەسرەتەکانی لە کێشە دابوو.***

ئەمە و لە سەدەی هەژدەهەمدا ئەو ئازادییانەی ئەدەب پێویستی بوون و داوای دەکردن، لەو ئازادییە سیاسییانە جیا نەدەکرانەوە کە هاووڵاتی هەوڵی دەدا بە دەستیان بێنێ. بەم پێیە نووسەر دەبوو بەهرە لە سروشتی هونەری دەروونی خۆی وەربگرێت، داوا تیۆرییەکانی پراکتیزە بکا تاببێتە شۆڕشگێڕ. کاتێك ئەو شۆڕشەی لە قۆناغی ئامادەبوون دایە، شۆڕشێکی بورژوایی بێت، ئەدەب دەبێتە ئەدەی شۆڕشگێڕ. چونکە یەکەم شت کە دەیهێنێتە ئاراوە ئەو پەیوەندییانەیە کە لەگەڵ دیموکراسی سیاسی هەیەتی. وەلێ ئەو ئازادییانەی نووسەر و



چیرۆکنووس و شاعیر وتارەکانی، بەرگری لێدەکەن هیچ پەیوەندییەکیان بە داخوازییە بەجێیەکانی چینی کرێکارەوە نییە. ئەوانە بیر لە داواکردنی ئازادییە سیاسییەکان ناکەنەوە کە خۆیان لێی بەرخوردارن، هەرچۆنێك بێ لای ئەوان باسکردنی لە گاڵتە پێکردن تێناپەرێ:

***ئەم خاڵە پشت گوێ ناخەم کە چینی کرێکار پێش چینی بورژوا دژی ناپلیۆن بۆناپارت(١) بەرگرییان لە دیموکراسی دەکرد، چونگە بڕوایان وابوو لە سایەی ئەم دیموکراسییە دەتوانن چاکسازی بنەڕەتی ئەنجام بدەن؟***

چینی کرێکار لەو ئان و ساتەدا چ لە ئازادی بیر کردنەوە بکات، لە کاتێکدا داخوازییەکانیان بە تەواوی لەم ئازادییە ئەبستراکتە جیاوازە. ئەوان داوای چاکسازی بارودۆخی ماددی خۆیان دەکەن، - زۆر قووڵ و تەواو ئاڵۆز - داوای لە ناو بردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە دەکەن، دواتر دەبینین، ئەم داخوازییانە لەو داخوازییانەن کە هونەری نووسین بە سەر خاوەنەکانیدا دەیسەپێنێ، ئەویش ئەگەر زانییان هونەرەکەیان دیاردەیەکی مێژوویی دیاری کراوە، واتە بانگەوازێکی سەردەمییانەی تایبەتە کە لە مرۆڤەوە دەردەچێت، کە دەخوازێ لەگەڵ لۆجیکی مێژوو هەمئاهەنگ بێت، لە پێناوی بەرژەوەندی رەگەزی مرۆڤ ئاڕاستەی تێکڕای خەڵکی سەردەمەکەی دەکات.

وەلێ ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەم تازە لە رەوتی ئایدیۆلۆجی دینی رزگاری دەبوو، - لە هەمان کاتدا - رەتیدەکردەوە خزمەت بە رەوتی ئایدۆلۆجی بورژوا بکات، لە بیروباوەریدا خۆی سەربەخۆ دەکرد بە دوور لە هەر جۆرە چاو وراوێك، بەم پێیە نەرێنیگەرایی بێ خەوشی وەك رۆاڵەتێکی ئەبستراکتی خۆی پاراست. هێشتا ئەدەب پەی بەوە نەبردبوو کە خۆی رەوتێکی ئایدیۆلۆجییە، بە جەخت کردنەوە لەسەر سەربەخۆیی خۆی، خۆی رەت دەکردەوە، و هیچ کەسیش لە سەر ئەم سەربەخۆییە ناکۆك نەبوو. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو ئەدەبە هیچ بابەتیك لە بابەتێکی تر جیاناکاتەوە، دەتوانێ وەك یەك لەسەر هەموو بابەتەکان بنووسێ. گومانی تێدانییە نووسەر لە توانای دا هەیە لە هەمبەر بارودۆخی کرێکاران بنووسێ — تیایدا سەرکەوتووش بێت — وەلێ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە دەست بارودۆخ و ئیرادەی ئازادی هونەرمەند دایە، رۆژێك لەمەڕ بورژوای لادێ دەدوێ و رۆژێکی تر لە بارەی ئەنجامدانی

(١) مەبەست ناپلیۆنی سێهەمە کە لەساڵی ١٨٤٨ بە سەرکۆماری فەرەنسا هەڵبژێردرا، ساڵی ١٨٥١ خۆی کردە ئیمپراتۆر و لە ساڵی ١٨٧٠ کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هات.

سەربازگیری بورژوای شار. (فلۆبێر) — جارجارە - بێ ئەوەی بە هیچ ئاکامێکی پراکتیکی بگات، جەختی لەسەر یەکبوونی هزر و دارشتن دەکردەوە، لەبەر ئەوە فلۆبێر - وەك هەموو هاوچەرخەکانی — لە پێناسەکانیدا قەرزداری جوانییە وەك ئەوەی وینکلمان[1] و لیسینط[2] نزیك بە یەك سەدە پێشتر، دیارییان کردووە، جوانیش بە جۆرێك دەخاتە روو، وەك ئەوەی لە هەموو حاڵەتەکانیدا بریتی بێ لە: فرەیی لە یەکبووندا. مەبەستیش ئەوە بوو لە رووی هونەرییەوە بتوانرێ رەنگە گۆڕاوەکان لە یەك شتدا وێنا بکرێن و لە رێگەی میتۆدەوە، یەکبوونێکی تۆکمە بەسەریاندا بسەپێندرێ، میتۆدی هونەری جگە لە شێوازی هونەری برایانی جۆنکۆر[3] هیچ مانایەکی تری نییە: لای ئەوان رەوشێکی تایبەتییە بۆ بە یەککردنی تێکرای کەرەستەکان و جوان کردونیان، تەنانەت ئەو کەرەستانەی زۆریش جوانن. کەواتە مرۆڤ چۆن دەتوانێ پەی بە بوونی پەیوەندییەکی پتەو بەرێت لە نێوان داخوازی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا و پرنسیپەکانی هونەری نووسین؟ وا دەردەکەوێ ثرۆدۆن[4] تاکەکەسێك بووبێ هەستی بەو پەیوەندییە کردبێ، بێ گومان مارکسیش، وەلێ ئەم دوانە ئەدیب نەبوون.

(١) Lessing (١٧٢٩-١٧٨١) نووسەر و رەخنەگرێکی بە زیپکی ئەڵمانییە، لەمەڕ هونەری شانۆدا نووسیویەتی بەو مەبەستەی هزرێکی نوێی هونەر بخولقێنێ و ئەدەبێکی نیشتمان پەروەری خاوێن بدا بەدەستەوە، سەرەتا نووسەر پشت بە کلاسیزمی فەرەنسی دەبەستێت. کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی: لاوکۆن Laocoon ، بە ناوی **قەشە ئەپۆلۆ**، لە کتێبەکیدا بەراوردێك لە نیوان هۆنراوە و هونەرەکان و کۆڵێن دا دەکات، لای ئەو هۆنراوە ناسراوە بە وێناکردنی خاوەن سروشتی **کاتگەرایی** نەك شوێنگەرایی، کە پەیوەندی بە ژیانەوە پترە و لە سەرووی هونەرەکانەوەیە: (بەو ئەندازەی ژیان تابلۆی وێنە پێشکەش دەکات، هۆنراوەش نیگار), ئەم روانگەیەی کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر فەلسەفەی وێنە لای رۆمانتیستەکان. بڕوانە کتێبەکەم: ئەدەبی بەراورد ل**٣٥٨**، وە وتارێکم لە گۆڤاری (گۆڤار) ژمارەی ئابی **١٩٥٩**.

(٢) Winckelmann (١٧١٧-١٧٦٨) زانایەکی ئاسەوارناس و نووسەرێکی ئەڵمانییە، کتێبەکەی **مێژووی هونەر لای پێشینیان** گرینگترین کتێبی ئەو سەردەمەیە کە لەهەمبەر ئەو بابەتە نووسراوە.

(٣) Goncourt دوو بران: **ئیدمۆن** (١٨٢٢-١٨٩٦) و **جول** (١٨٣٠-١٨٧٠)، دوو نووسەری فەرەنسین لە قوتابخانەی سروشگەرایی، لە نووسینی کتێبەکانیاندا هاوبەش بوونە، هەروەها لە نووسینی داستانەکانی وەك: **جرمینی لاسیرتۆ** و **رینیە موبیررین،** لە سەدەی هەژدەهەمدا گەلێك لێکۆڵینەوەیان هەیە. لە فەرەنسادا ئەکادمییەك هەیە بە ناوی ئەو دوانە.

(٤) ) Proudhon (١٨٠٩-١٨٦٥) لە پەیرەوانی **سان سیمۆنە،** لە سەدەی نۆزدەهەم یەکەم بانگەشەکارانی فەلسەفەی سۆشیالیستی بوون. بانگەشەیان بۆ کۆمەڵگایەك دەکرد کە تاك لەوێدا پشت بە خاوەنداریەتی ئەو



ئەدەب — بە گەڕانی بە دوای سەربەخۆیی خۆیدا — خۆی بۆتە بابەتی تایبەت بەخۆی. بەو هۆیەوە لە قۆناغی بەخۆدا چوونەوە، تێپەڕی، دەستی کرد بە تاقیکردنەوەی میتۆدەکانی خۆی و شکاندنی قالبە کۆنەکان، و دەیەوێ لە رێگای ئەزموونەوە یاساگەلی تایبەت بە خۆی دیاری بکات و رێسای هونەری نوێ دابرێژێ، بەم پێیە هەنگاو بەرەو شێوەکانی ئێستای شانۆ و چیرۆك و هۆنراوەی ئازاد و رەخنەی زمانەوانی، بچێت. خۆ ئەگەر ئەدەب لە خودی خۆیدا ناوەڕۆکێکی تایبەت بە خۆی دۆزیبایەوە، ناچار دەبوو بیر لەخۆکردنەوە وەلانێ، تا بتوانێ رێساکانی جوانناسی خۆی لە سروشتی ئەو ناوەڕۆکە هەڵێنجێ. ئەگەر ئەوسا نووسەران لە پێناوی جەماوەری خوێنەری (ناواقیعی) بیاننووسیبا، دەبوو هونەرەکەیان لەگەڵ کرانەوەی ئەو ئەقلانەی دەوروبەریان، بگونجێنن، واتە بە هۆی داخوازییە دەرەکییەکان کە حوکم بەسەر هونەرەکەیاندا دەکات، نەك بە پێی ناوەرۆکی تایبەت بەخۆی، هونەرەکەیان پێناسە بکەن. ئەگەر نووسەران ئەو رێسایەیان وەلا نابا، دەبوو ئەدەب واز لە شێوەکانی تایبەت بە چیرۆك و هۆنراوە بێنێ، پاساوییان بۆ بێنێتەوە، کە وەك پێویست مەیسەر نییە بۆ خوێنەرانی نارۆشنبیر. بەم پێیە ئەدەب مەترسی ئەوی لێدەکرا تووشی لەخۆنامۆبوون[1] ببێ. لەبەر ئەوە نووسەر - لە نیاز پاکەوە - ئەوەی رەتکردەوە ئەدەب بکاتە پاشکۆی چەند خوێنەرێك و لە بابەتێکی تایبەتدا چڕ بێتەوە. وەلێ تێبینی ئەو کەلێنەی نەدەکرد کە کەوتە نێوان ئەو شۆڕشە (واقیعی)ییەی خەریکی سەرهەڵدانە و ئەو گەمە دیاریکراوانەی پێیانەوە سەرگەرمە. وەلێ ئەم جارەیان ئەم خەڵکە رەشۆکییە بوون چاویان بڕیبۆ دەسەلات، کە بێ فەرهەنگ بوون و کاتی بەتاڵیان نەبوو، کەواتە هەر شۆڕشێکی ئەدەبی چاو ببڕێتە بەرزکردنەوەی لایەنە هونەرییەکانی نووسین، تێکڕای ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی داوای شۆڕش دەکەن دەخاتە دەرەوەی توانای کۆمەلانی خەڵك، بەمەش خزمەت بە رەوتێکی کۆمەڵایەتی پارێزکار دەکات.

شتەی هەیەتی نابەستێ بەڵکو پشت بەو هەوڵە دەبەستێ کە دەیدا. ئەوانە دژبەری **مارکس** بوون. کتێبەکەی ثرۆدۆن بە ناوی **بنەمای هونەر و رووە کۆمەڵایەتییەکەی** (١٨٦٦) بڕوای وایە دەبێ هونەر لە خزمەتی ئەم بنەمایانە دا بێت.

(١) بەخۆنامۆبوون Alienation شتێك غەیری خۆی بێت، ستەمی پێ لە کەسی تر بکرێت، یا بەسەریدا زاڵ بێت و بیگۆڕێ بۆ غەیری خۆی.

کەواتە جگە لە گەڕانەوە بۆخوێنەرانی بورژوا، هیچ چارەیەکی تر نەبوو،. نووسەر شانازی بەوە دەکرد کە هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ جەماوەری ئەو چینە پچڕاندووە، وەلێ — بە ڕەتکردنەوەی ئەوەی شوێنێکی لە چینی خوارتردا هەبێت — ئەو دابڕانەی لە خانەی سمبۆڵیکدا هێشتەوە: بە سیما و خواردن و پۆشاك و نەریت و کەل و پەلەکانی و لە ناو چینی بورژوا ڕۆڵی خۆی دەگێڕا، وەلێ نوێنەرایەتی ئەو چینەی نەدەکرد. چینی بورژوا بەرهەمەکانی دەخوێندەوە و هەر ئەو ژیانی دابین دەکرد، ئەو شکۆمەندییەی چاوەڕوانی دەکرد، لە کۆنترۆڵی بورژوا دابوو. بێ هودە هەوڵی دەدا لێی دوور کەوێتەوە و بە سەرتاپایدا بڕوانێ، وەلێ ئەگەر بیویستبا لە بارەیدا حوکم بدا، پێویست بوو پێش هەمووشتێك لەو چینە بێتەدەرێ، تەنیا بە پراکتیزە کردنی ژیانی چینێکی تر و هەست کردن بە بەرژەوەندییەکانی نەبێت، هیچ ڕێگەیەکی تری نەبوو بۆ ئەم هاتنە دەرەوەیە. لەبەر ئەوەی لەم پرسەدا موکوڕ نەبوو، لە دەروونی خۆیدا ناکۆك بوو، چونکە — هاوکات - دەیزانی و نەیدەویست بزانێ بۆ کێ دەنووسێ. نووسەر بۆ ئارەوزوو لەهەمبەر گۆشەگیری خۆی دەدوێ، لە جیاتی بەرپرسی بەرامبەر ئەو خوێنەرانەی زیرەکانە هەڵیبژاردوون، بڕوای وابوو کە مرۆڤ بۆخودی خۆی یا بۆ خوا دەنووسی، و نووسینی دەکرد بە پیشەیەکی میتافیزیکی، یا نوێژ، یا دادگایی کردنی ویژدان، یا هەر شتێکی تر تەنیا نەبێتە ئامرازی پەیوەندی کردن بە خەڵکەوە. ئاسایی بوو خۆی بەو کەسە بچوێنێ کە شەیتان چۆتە کەوڵییەوە، خۆ ئەگەر بە هۆی پاڵنەرێکی بەهێزی دەروونیش وێڵنجی وشەکان بێنێتەوە، - لانیکەم — ناتوانێ بەباشی ئەدایان بکات. وەلێ ئەوە ڕێگر نەبوو لە بایەخدان بە چاکسازی ئەو شتەی دەینووسی. نووسەر زۆر بەدوور بوو لەوەی بورژوا بە خراب لە قەڵەم بدات، تەنانەت مشتومڕیشی لە سەر هەق و ناهەقی دەسەڵاتی بورژوا نەدەکرد. بەڵکو پرسەکە بە پێچەوانەوە بوو. دوای شۆڕشی کۆمۆن[(1)] فلۆبێر ڕاشکاوانە دانی بەم مافەدا ناوە، لە دەروونی خۆیدا ترسێکی زۆری لێنیشت، نامەکانی پڕ بوون لە وتەی ناشیرین دژی کرێکاران.

***لەهەمبەر فلۆبێر ئەوەندە بێویژدانییان لەگەڵ کردووم کە ناچارم لێرەدا ئەم وتانە وەك شایەت بێنمەوە تا هەر کەس بیەوێ سەرنجیان بداتێ:***

(۱) دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕی بوو دوای گەمارۆی بڕۆسییەکان و شۆڕشی ۱۸ ی مارتی ۱۸۷۱ دەستی بەسەر پاریس دا گرت و بە گەمارۆیەکی تری پاریس لە ۲۸ی مایسی هەمان ساڵ کۆتایی هات.



***"زیندوو کردنەوەی کاتۆلیکی لە لایەك و سۆشیالیزم لە لایەکی تر فەڕەنسایان تووشی پەستی کردووە، ژیانی ئێمە لە نێوان مریەمی سك پڕ و مەنجەڵی کرێکارێکدا دەگوزەرێ ۱۸٦۸".***

***"باشترین چارەسەر ئەوەیە خۆمان لە شەڕی هەڵبژاردنی گشتی کە شووربییەکی ڕۆحی مرۆییە، ڕزگار بکەین ۱۸۷۱".***

***"ڕای من یەکسانە بە ڕای دەنگدەری دەڤەری کرۆڤاسیا ۱۸۷۱".***

***"من هیچ ڕقێکم لە لایەنگرانی کۆمۆنە نییە، چونکە سەگی هار بۆ ئەوە نابێ ڕق بە ڕقەی لەگەڵ بکەم کرۆڤاسیا، پێجشەمە، ۱۸۷۱".***

***بە ڕای من کۆمەڵانی خەڵك ئەو مێگەلە مەڕانەن، هەمیشە شیاوی قێز لێبوونەوەن، گرینگ ئەو بژارتە بیرمەندە کەمەیە کە مەشخەڵی شارستانییەت پشتاوپشت دەگوێزێتەوە. کرۆڤاسیا، ۸ ی سێپتەمبەر ۱۸۷۱".***

***"وەلێ کۆمۆن کە لە گیانەڵڵا دایە، دوایین سیمای سەدەکانی ناوەڕاستە".***

***"من ڕقم لە دیموکراسییە (لانیکەم بەو مانایەی لە فەڕەنسادا باوە) واتە قەدردانی لە لێبووردەیی لە بەرامبەر دادپەروەریدا، دزینی ماف، بەکورتی مانای دژی کۆمەڵایەتی...".***

***"کۆمۆن پلەی مرۆڤکوژانی بەرز کردەوە...".***

***"گەل گچکەیە، هەمیشە لە نزمترین پلە دایە، چونکە زۆرینەیە، خەڵکە و بێ سنوورە".***

***" گرینگ نییە ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران خوێندەوار بن و گوێنەدەنە ڕابەرانی دینییان، وەلێ زۆر گرینگە ژمارەیەکی زۆری وەك رینان یا لیتیریة[(1)] بتوانن بژین و خەڵك گوێ بدەنە وتەکانیان، ڕزگار بوونی ئێمە بەستراوەتەوە بە ( ئەریستۆکراسییەکی بەرهەق)، خەڵك ئەو زۆرینەیەن، ژمارە بەولاوە شتێکی تر نین. ۱۸۷۱"***

***" پێتان وایە ئەگەر فەڕەنسا، لە بری خەڵك لە ژێر فەرمانڕەوایی بژارتە دابایە، کار بەم شوێنە دەگەیشت؟ واتە لە بری هەوڵدان بۆ ڕوون کردنەوەی زەینی چینە نزمەکانی کۆمەڵگا، خۆمان بە فێرکردنی چینی باڵای کۆمەڵگا... کرۆڤاسیا، چوارشەممە سێهەمی ئابی ۱۸۷۰".***

(۱) Litre فەیلەسوف و زمانەوانێکی فەڕەنسی سەدەی نۆزدەهەمە، قوتابی ئۆگۆست کۆنت و لایەنگری (الفلسفة التحصیلیة) بووە، خاوەنی فەرهەنگێکی گەورەی زمانە کە هەرچۆنێك بێت بە گرینگترین فەرهەنگی زمان دادەنرێ.

چونکە هونەرمەندی بە ناخی ژینگەی خۆیدا رۆچووە، ناتوانێ بریارێکی بابەتییانەی بەسەردا بدات (واتە ناتوانێ لە دەرەوە را ببیینێ و مەزندەی بکات)، بابەتەکانی پرۆتستۆکردنیشی جگە لە چەند دۆخێکی دەروونی ناکاریگەر بەولاوە شتێکی تر نین، تەنانەت ناگاتە ئەو دەرئەنجامە کە چینی بورژوا چینی ستەم و چەوساندنەوەیە، راستییەکەی ئەوەیە هەرگیز بەچینێك لە چینەکانی دانەناوە، بەڵکو بە کالآیەك لە کالآکانی سروشتی لەقەڵەم دەدا، ئەگەر بوێرێ باسیشی بکا، بە چەند دەستەواژەیەکی کورت کە گوزارشت لە بارودۆخی دەروونی خۆی دەکا، لێی دەدوێ پێی.

ئاوەها نووسەری بورژوا و نووسەری بەدناو[1] لەسەر یەك میتۆد رۆیشتوون کە هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت یەکەمیان لە دەروونێکی پاکەوە و ئەوی تریان لە دەروونێکی تاوانبارەوە دەردەچێت. کاتێك فلۆبێر هاوار دەکا دەڵێ **هەرکەسێك چاوچنۆکانە بیر بکاتەوە، بورژوایە**، زەینی و ئایدیالآنە پێناسەی بورژوا دەکات، واتە لە روانگەی هەمان ئایدیۆلۆژییەوە کە خۆی رەتیدەکاتەوە. لەم لایەنەشەوە خزمەتێکی زۆری بە بورژواگەرایی کردووە، بەو مانایەی ئەوانەی گەڕاندۆتەوە ناو باوەشی چینی بورژوا کە لە پێگەی خۆیان یاخی یا دوودڵ بوون، یا مەترسی ئەوەیان لێدەکرا بەرەو چینی کرێکار بڕۆن. بەو خەیاڵەی کە مرۆڤ دەتوانێ — بە کۆنترۆڵ کردنی دەروونی خۆی - هەر خەسڵەتێکی بورژوایی کە هەیەتی لە ناوی بەرێ، ئەگەر لە خەڵوەتدا (بەتەنیا) جۆرێك لە بیرکردنەوەی باشی هەبێت، ئەوا دەتوانێ بە ویژدانی ئاسوودەوە کەڵك لە ئیمتیاز و سامانەکەیان وەربگرێ، لە کاتێکدا هێشتا لە نشینگەی بورژواکاندا نیشتەجێن، هەمان دەرامەتیان هەیە کە بورژواکان هەیانە، لە ناو کۆڕ و کۆمەڵەکانی بورژوادا بەسەر دەبەن، ئەمەش لە رواڵەت بەولاوە چیتر نییە و سیمای توێژەکەشیان بە ئاکاری سوزی نەجیب نەخشاندووە.

بە هۆی ئەمەوە نووسەر رێگەی فرتوفێڵی بۆ هاوکارەکانی خۆش کرد تا هەر چۆنێك بێت بەو هۆیەوە ویژدانیان ئاسودە بکەن، لەو رووەوە کە دونیای هونەر بوارێکی لەبارە بۆ بەرز راگرتنی رۆح و سروشتی مرۆیی. بە تەنهایی بەسەر بردنی هونەرمەند لە دوو رووەوە گێلییە:

(١) بەدناو یا نەفرین کراو ناتۆرەیەکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لە هەندێك شاعیر و نووسەر دەنرا، لەوانە **بۆدلێر** و **ورلن** (زۆربەیان شانازییان بەو نازناوە دەکرد و خۆیان پێوە هەڵدەکێشا) لەو رووەوە کە وتە و رەوشت بە پێچەوانەی داب و نەریتی کۆمەڵگا بووە. (و/فارسی)



نەك هەر پەیوەندی راستەقینە بە جەماوەری خوێنەرەوە دەشارێتەوە، بەڵکو پێکهاتەی نوێی خوێنەرانی پسپۆڕیش پەردەپۆش دەکات. مادام حکوومەتی خەڵك و پارە خرایە بەر دەستی بورژواکان، لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵی ئادەمیزاد و ماڵ و سامان رادەستی بورژواکان کرا، سەر لەنوێ دەستەی رۆحی لە دەستەی عورفی جیا کرایەوە، خەڵك لە دایك بوونی جۆرێکی نوێی چینی نووسەریان بینی. جەماوەری خوێنەری ستاندال بوون بە خوێنەری بالزاك[1] یش، و جەماوەری خوێنەری بۆدلێر[2] بوون بە خوێنەری بەرهەمەکانی بارباى دۆرفیلی[3] و بۆدلێریش رۆلی خوێنەری ئەدطار ئالن ثۆ[4] ی دەگێڕا. کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکانیش رواڵەتێکی قوتابخانەی دینییان وەخۆ گرت، زۆر بەرێز و ئەدەبەوە گفتوگۆ لەسەر بابەتی ئەدەبی دەرکرا، لەوانە، ئایا موزیکژەن پتر لەوەی نووسەر چێژ لە بەرهەمەکانی وەردەگرێ، چێژی هونەری لە موزیك وەردەگرێ؟. هونەریش بە ئەندازەی دوور کەوتنەوەی لە ژیان، بوو بەشتێکی پیرۆز، نەك هەر ئەوە بگرە سیستمێکی پێکەوەنا کە هونەرمەندانی کرد بە پێشەوایانی دینی پیرۆز: خەڵك نەوە بۆ نەوەیکی تر دەستیان درێژ دەکرد بۆ سرظانتس[5] و رابلیة[6] و دانتی[7] تا بچنە ناو ئەو کۆمەڵەی

(١) Balzac (١٧٩٩-١٨٥٠) سەرقافڵەی واقیعگەرایی ئەورووپا بوو، کۆمەڵێك لە داستانەکانی بە شانۆطەری مرۆیی ناو دەبرێن. بڕوانە کتێبەکەم بە ناوی **دەروازیەك بەرەو رەخنەی ئەدبی نوێ** ل٣٥٧-٣٦٠.

(٢) ) Baudelaire (١٨٢١-١٨٦٧) سەر قافڵەی سامبۆلیستەکانە و یەکێکە لە رەخنەگرە مەزنەکان. بڕوانە پەراوێزی لاپەرەکانی پێشووی ئەم کتێبە و دواتر بڕوانە **دەروازەیەك بەرەو رەخنەی ئەدەبی نوێ**.

(٣) Barbey d Aurvilly (١٨٠٨-١٨٨٩) شاعیر، رەخنەگر و چیرۆك نووسێکی فەڕەنسییە.

(٤) Adger Allan Poe (١٨٠٩-١٨٥٢) شاعیر و رەخنەگرێکی فەڕەنسییە، کاریگەری زۆر قووڵی هەبووە لەسەر بۆدلێر.

(٥) ) Cervantes (١٥٥٧-١٦١٦) داستان نووسە و ناودارترین کتێبی **دۆن کیشوت** بەشی یەکەمی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی. داستانی دۆنکیشوت و پێشەکییەکەی دواتر کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر پێشکەوتنی داستانی و، لەکتێبی **دەروازەیەك بەرەو رەخنەی ئەدەبی نوێ** (ل٥٧٣-٥٧٥ ) دا لایەنەکانی کاریگەری ئەو داستانەمان کورت کردۆتەوەە و شرۆڤە کردووە

(٦) Rabelais لە ١٤٩٤ دایك بووە و لە ١٥٥٣ دا مردووە، نموونەیەکی کامڵی رەوتی مرۆڤگەرایانەیە لەسەردەمی بۆژانەوە (رنسانس) کە ویستیان کەڵك لە فەرهەنگی یۆنانی وەربگرن بۆ نوێکرنەوەی هزر و نموونە ئەخلاقی و فەلسەفییەکانی سەردەمی خۆیان. هاوکات پزیشك و نووسەر بوو، فەلسەفەکەی لە دووتوێی داستانە کۆمیدییەکانیدا بلآودەکردەوە، لە داستانە بەناوبانگەکانی : **جار، جانتوا** و **بانتاجرۆئیل.**

(٧) Dante (١٢٦٥-١٣٢١) نووسەر و سیاسەتوانی ئیتالییە، بە داستانە نەمرەکەی کۆمیدی ئیلاهی بەناوبانگە. کورتمان کردۆتەوە و لە کتێبی ئەدەبی بەراورد دا ل ١٤٢-١٤٩، ٢٦٠ بە پێی نوێترین توێژینەوە کاریگەری لایەنەکانی فەرهەنگی ئیسلامیمان لە سەر ئەو داستانە روونکردۆتەوە.

هاوشێوەی گرووپی موریدانی کلێسا بوون. ئەم چینەی نووسەران — لەبری ئەوەی جڤاتێکی ڕێکوپێکی کردەیی و خاوەن پێگەی دیاریکراو بێت — بوو بە دامەزراوەیەکی میرات، یا یانەیەك کە تێکڕای ئەندامەکانی مردبن تەنیا یەکێکیان نەبێت کە لە رووی مێژووییەوە دواترینیانە و دەبێتە نوێنەری ئەوانی تر لە سەر گۆی زەوی، لەودا قوتابخانەکە چڕ دەبێتەوە.

ئەم ئیمانداره نوێیانە کە پێشەوا ئایینییەکانیان خەڵکانی رۆژگاری دێرینن، خاوەن ژیانی داهاتووشن. ناکۆکی نێوان شتێکی عورفی و شتگەلی رۆحی، بوو بە هۆی گۆڕانێکی قووڵی هزری نووسەر لە چەمکی ئەو شکۆمەندییەی بە تەمایەتی: لە سەردەمی ڕاسین شکۆمەندی بۆ نووسەرێکی بەشخوراو، پتر لەوەی تۆڵە سەندنەوە بێ، درێژبوونەوەیەکی سروشتی سەرکەوتنئامیز بوو لە گۆمەڵگایەکی قەتیسماودا. وەلێ لە سەدەی نوزدەهەمدا بوو بە ئەرکێکی ئۆڕگانی گۆڕینێکی گشتگیر. ئەم وتە بەناوبانگانە: (ساڵی ١٨٨٠ تێمدەگەن)، (بە چاو پێداخشاندنەوە لە پرسەکەمدا سەردەکەوم )، بەڵگەی ئەوەن کە نووسەر ئارەزووی خۆی لەدەست نەداوە بۆ پڕاکتیزەکردنی کارێکی جیهانی لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی ڕێك و پێکدا. لەبەر ئەوەی ئەم کارە لە ئێستادا مەحاڵە، کەواتە هیچ ڕێگەیەك نەماوە تەنیا خەیاڵی ئەو گۆڕانە نەبێ کە — لە ئایندەیەکی نادیاردا — بەسەر ئاشت بوونەوەی نووسەر و خوێنەردا دێت. ئەمەش زۆر ناروونە: کەسێك لە ناو ئەو بەهرەمەندانەدا نەبوو بپرسێ لە چ گۆمەڵگایەکدا پاداشتی خۆیان وەردەگرن؟. تەنیا بەو خەونە دڵی خۆیان خۆش دەکەن، نەوەکانیان لە جیهانێکی پیر تردا، کەڵك لەو سەرکەوتنانەی ئەوان بەدەستییان هێناوە، وەردەگرن و بە ئاسودەیی دەژین. بۆدلێر یش ئاوابوو، بە هەڵویستە پێکناکۆکەکانی خۆی سەغڵەت نەدەبوو. سەرەڕای ئەوەی بڕوای وابوو کۆمەڵگا کەوتۆتە قۆناغی داڕزان کە بە لە ناوچوونی رەگەزی مرۆیی نەبێ کۆتایی نایات، کەچی زۆرجاران برینی خۆبەزلزانی خۆی بەوە سارێژ دەکرد کە دوای مردنی ناوبانگ پەیدا دەکات.

کەواتە نووسەر هەنووکە وابەستە بە خوێنەرانی پسپۆڕە، گرێبەستێکی — لە رابردوودا — لەگەڵ گەورە مردووەکان واژۆ کردووە، بۆ داهاتووش پەنای بردۆتە بەر خەیاڵی شکۆمەندی، لە پرسی خۆدابڕینی سامبۆڵێك لە چینەکەی، هیچ شتێکی پشت گوێ نەخستووە، ئەو بە حەواوەیە، لە سەردەمەکەی نامۆیە، دڕندەیە، شایستەی نەفرینە. لە تێکڕای ئەو رۆڵانەی دەیانگێڕێ تەنیا یەك مەبەستی هەیە: خۆ جێگیر کردن پەیوەست لە کۆمەڵگایەکی سامبۆڵێك، کە وێنای چینێکی ئەریستوکراتی رژێمی کۆن بێ. لە شیکاری دەروونیدا راهاتووە



لەسەر شێوەکانی تەبا کردنی هەردوو بارودۆخی کۆن و نوێی. بۆ ئەم بابەتە لە بیرۆکە هونەریەکاندا، نموونەمان زۆرن: ئەو نەخۆشەی بۆ هەڵاتن لە نەخۆشخانە، پێویستی بە کلیلی دەرگایە، دەگاتە ئەو بڕوایەی کە خۆی کلیلە. ئەو نووسەرەی بۆ گواستنەوە لە چینەکەی خۆی پێویستی بە تێکەڵ بوونە لەگەڵ گەورەپیاوان، دەگاتە ئەو بڕوایەی کە خۆی نموونەی تێکڕای چینی ئەریستۆکراتە. بەو پێیەی خەسڵەتی چینی ئەریستۆکرات مشەخۆرییە، نووسەر لە ژیانیدا رەوشێکی رەچاو کردووە کە شانازی کردنە بە مشەخۆری. خۆی دەکاتە شەهیدی ڕێگای بەکاربەریی رووت. وەك وتمان، کەڵك وەرگرتن لە ماڵ و سامانی چینی بورژوا بە خراپ نازانێ، ئەویش بەو مەرجەی سەرفی بکا بۆ شتی نەزۆك و بێ کەڵك، ئەو شتانە دەسووتێنێ، چونکە ئاور هەر شتێك بە شێوەیەك خاوێن دەکاتەوە. هەمیشە دەوڵەمەند نییە، پێویستی بەوە هەیە باش بژی، لەبەر ئەوە ژیانێکی سەیر رەچاو دەکات: ناخۆشی و هاوپەیمانی پێکەوە کۆدەکاتەوە، وەك هێمایەکی بێبەش بوون لە بەهرەی شێتی، بە مەبەستێکەوە لە ژێر پەردەی شێتیدا خۆی دەشارێتەوە. بەدەر لە کاری هونەری، ئەریستۆکراسی لە سێ پرسدا دەبینێ: سەرەتا لە خۆشەویستیدا، چونکە سۆزێکی بێ سوودە، و لەبەر ئەوەی ئافرەت - نیتچە گوتەنی - مەترسیدارترین گەمەیە. لە گەشت و گەڕاندا: چونکە گەشتیار بینەری ئەو شتانەیە کە بەرچاوی دەکەون، لە کۆمەڵگایەکەوە دەچێ بۆ کۆمەڵگایەکی تر، بێ ئەوەی لە هیچ کامیاندا ئۆقرە بگرێ، هەروەها بەکاربەرێکی نامۆیە لە کۆمەڵگایەکی زەحمەتکێشدا، کەواتە بەو هۆیەوە خۆی وێنەیەکی مشەخۆرییە، بڕێك جار لە جەنگیشدا: چونکە جەنگ لەناوبەرێکی فرەلایەنی خەڵك و سامانە.

ئەو سووکایەتییەی لەکۆمەڵگا ئەریستۆکراتییەکاندا هەیە لەهەمبەر کار و پیشە، لە نووسەریشدا بەدی دەکرێ: ئەو بەوەوە ناوستێ وەك کەسێکی بێ سوود بمێنێتەوە — وەك پیاوانی پەراوێزکراوی سیستمی کۆن — دەیەوێ ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ، کاری بە کەڵك پێشێل بکات، بسووتێنێ، خراپ بکا، تێکبدا، ئاوا لاسایی ئازادی ئەو فەرمانڕەوایانە بکاتەوە کە بە کەژاوەکانی راوکردنەوە بە ناو پەڵە گەنمی کامڵ بوودا، تێدەپەرین و پێشێلیان دەکەن. لە

نووسەردا ئەم فاکتەرە وێرانکەرانە گەشە دەکەن کە بۆدلێر لە داستانە پەخشانییەکەیدا بە ناوی شووشە فرۆش [1] باسی کردووە.

هێندەی پێنەچوو نووسەر ئەو شتانەی لا خۆشەویست بوون، بە تایبەتی ئەو ئامرازانەی بە خراپی باسی کردوون، یا باش کاریان نەکردووە، یا کەڵکی بە کارهێنانیان پێوە نەمابوو، سروشت بێ کەڵکی کردبوون، ئەمەش وێنەیەکی کۆمێدی خەسڵەتێکی ئامرازگەرایی و شمەکگەراییە. دەگمەن نەبوو نووسەر ژیانی تایبەتی خۆی بکات بە ئامرازێك تێکبشکێت، بە هەر شێوەیەك بێ لەدەستی بدا، گرەوەی لەسەر دەکا بۆ ئەوەی بیدۆڕێنێ، هەر مەشروبێك و هەر داودەرمانێکی خراپ لای ئەو باشە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەی. کەواتە کارێکی سروشتییە ***جوانی بە تەواوی لە بێ هوودەییدا چڕ ببێتەوە.*** ئیتر تێکرای قوتابخانە ئەدەبییەکان — هەر لە هونەر بۆ هونەرەوە بگرە تا دەگاتە سامبۆلیزم (هێماگەرایی)، لەوانە ریالیزمی و بارناسیزم — لە سەر یەك شت کۆکن، ئەویش ئەوەیە: ***هونەر وێنەیەکە لە وێنەکانی بەکاربەرێتی رووت.*** هونەر هیچ زانیارییەك ناگەیەنێ، هیچ رەوتێکی هزری لە ژیاندا دەرناخا، مل نانێ بۆ خزمەت کردنی رەوشت، واتە ببێتە رەوشتطەرا. ماوەیەکی دورودرێژ پێش ئەندریة جید، فلۆبیر و طوتییة و برایانی جۆنکۆر و رینار و موباسان بە رەوشی تایبەت بە خۆیان وتوویانە: ***بە هۆی هەست و سۆزی باشەوە مرۆڤ ئەدەبی گەند بەرهەم دێنێ.***

لە روانگەی هێندێکیانەوە رەوتی زەینگەرایی بەرەو رەها بوون دەچێت، وەك یاری ئاگر وایە بلێسەکەی کەم و کورپییەکان راپێچ دەکا و دەیانسووتێنێ. ئەوان - بە کرِ بوونیان لە کونجێکی ئەم جیهانە کە وەك بەندی تاکەکەسی وایە — سنووری ئەم جیهانە دەبەزێنن و لە بێزاریدا دەیتوێننەوە تا لە پشت ئەم جیهانەدا (شوێنی تر) بدۆزنەوە. وێدەچێ لە دڵیاندا خەسڵەتێکی نامۆ هەبێت زامنی نەزۆك بوونی ئەو وێنانە بکا کە دەیکێشنەوە. هەن کەسانی تر شایەتییەکی دادگەرانە دەدەن لەسەر سەردەمی خۆیان، شایەت و شایەتیدان بەرز دەکەنەوە بۆ مانا رەهاکانیان. وێنەی کۆمەڵگای دەوروبەریان بەرەو ئاسمان هەڵدەکێشن. رووداوەکانی جیهان لەو — ئەدەبەدا — یەك سیمایان هەیە،

---

(١) ناونیشانی یەکێك لە هۆنراوە پەخشانییەکانی بۆدلێرە، بەو مانایە کە شووشە فرۆش بە کۆلاندا تێدەپەڕێ، شاعیر بە ناوی گۆڕینی شووشەی شکاو دەیکێشێتە ناو ماڵ و لە وێدا سەرمایەی شووشە فرۆش وردوخاش دەکات و فرێیدەداتە بەردەمی شووشە فرۆش. (و/فارسی)



گیرۆدەی تۆڕی میتۆدێکی دەوڵەمەندن. لەبەر ئەوە سروشتی بێ لایەنیان هەیە. وەك ئەوەی لە نێوان دوو کەوانەدا [1] بن، لە راستیدا ریالیزم جۆرێکە لە (بوون لە نێوان دووکەوانەدا). لێرەدا ئەو راستییەی مەحاڵە رووبدات دەگەڕێتەوە بۆ جوانی، وەك لە وتەی بۆدلێردا هاتووە: ***جوانە وەك خەونێك لە بەرد*** [2]. نە نووسەر کە دەنووسێ خەڵکی ئەم جیهانەیە و نە خوێنەر کە دەخوێنێتەوە. هەردووکیان بوونەتە تیڕوانینی ئەبستراکتی رووت. وایان لێهاتووە لە دەرەوەی مرۆڤ، لە مرۆڤ دەڕوانن، بە تەمان لە روانگەیەکی فەزای رەهاوە لە پلە و پایەکەی بڕوانن. وەلێ دەتوانم - لەم راڤەکردنەدا — خەسڵەتە تایبەتییەکانی زەینگەرایی پێناسە بکەم. ئەگەر رۆمان لاسایی کردنەوەی زانست بێ، ئایا ناکرێ وەك زانست سوودی لێوەربگیرێ و لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە پیادە بکرێ؟

توندرۆیان نایانەوێ — لەو ترسەی کۆمەڵ بەکاریان بێنێ — کتێبەکانیان بیری خوێنەر تەنانەت دەروونیشی رووناك بکەنەوە، لەبەر ئەوە ئەزموونەکانی خۆیان بۆ خوێنەر ناگوازنەوە، تا کاری ئەدەبی بە ئەنجام بگات، ئەمەش بە هیچ شتێك پاساو نادرێ، مەگەر لە لایەنە مرۆییەکەی بێبەری بکرێت. مەبەست لەوەش ئارەزووی بنیادنانی ئەدەبێکی ئەبستراکتە کە

---

(١) ئاماژەیە بۆ پرۆسەی دانان لە نێو دوو کەوانە لە ئایدیۆلۆخی دیاردەناسی فەیلەسووفی ئەڵمانی هوسرل، کە دەیەوێ بەو هۆیەوە ناوەڕۆك لە ناوەڕۆکە فیکرییەکان دابڕێ، بە شێوەیەك رێگە لە مرۆڤ دەگرێ لەو راستەدا هیچ بارودۆخێك لە بارودۆخەکانی بوون وەخۆ بگرێ. (کەواتە لە هەر شتێکدا هەرچی بخرێتە نێوان دوو کەوانە بابەتی بیرۆکەکە لای کەسەکە وەك **تعليق الحكم — فەرمانی هەڵواسراو**، دەردەکەوێ. لە رێبازی هۆشی لۆجیکیدا هەردوو پرنسیپەکە یەك مانایان هەیە. مەبدەئی دانان لە نێوان دووکەوانەدا بە تایبەتی لە تاوتوێکردنی رواڵەتەکان لە جیهانی بابەتگەراییدا بەگشتی پیادە دەکرێت. ئەم پرنسیپە لە جیهاندا نەهی لە هیچ شتێك ناکات، لەو رووەوە رێگە دەدات بیروڕا سایکۆلۆجییەکانمان بپارێزین. جیاوازی لە نێوان ئەمە و گومانی دیکارتیدا کە هەر شتێك بە ساختە دەزانێت ئەوەیە دەکرێ کەمترین گومان قەناعەتمان پێبکات کە ئەوەی ئامادەی دەکەین حەقیقەتە نەك خەیاڵ و وەهم.

(٢) دیسانت Des Esseintes پاڵەوانی داستانی **بە پێچەوانەوە** ی A Rebours نووسەری فەڕەنسی (**ویسمانس** ١٨٤٨-١٩٠٧)ە کە لە ساڵی ١٨٨٤ دەرکەوتووە سامبۆڵیستە. پاڵەوانەکەی نوینەرایەتی ئەقڵییەتی تێشکاوەکان لە رێبازی ئەودا دەکات، ئەو مێشکی ماندووە، چارەسەرییەکەی لە ژیانی خۆشگوزەرانی دوور لە دەسبلاوی و عەیش و نۆشدا دەدۆزێتەوە، دواتر لە هەوەسدا، ئینجا پتر ماندوو دەبێت تا شێت دەبێ، دەبینێ روشنبیری و لێکۆلینەوەکانی گێڕاویەتەوە بۆ شکست هێنان و بێ ئومێدی، لە بیر و باوەر بەولاوە هیچ پەنایەکی نەبوو هانای بۆ ببات.

ماکی خۆشگوزەرانی و دەسبڵاوی و بێ سوود بێ بۆ ئەم جیهانە، چونکە نە لەم جیهانەیە و نە هیچ بیرەوەرییەکیشی هەیە، خەیاڵ هەستێکی دابڕاوە لە هەر کۆت و پێوەندێك، ئەرکیشی نکۆڵی کردنە لە واقیع، بابەتی هونەریش لە وێدا لەسەر بنەمای خاپوور کردنی جیهان دامەزراوە. لێرەدا لای دیز سانت[1] رەوتی تەزویر لە ترۆپکی خۆیدایە. شێواندی بەرەبەرەی هەستەکانە، دەرئەنجامەکەی شێواندنی زمانە. لێرەدا بێدەنگیش هەیە، بەستەڵەکی بێدەنگی، لە نووسینەکانی ملارمیة دا، یا بێدەنگی مسیۆ تیست کە هەر پەیوەندییەك لەگەڵ ئەوانی تر بە ناپاك دەزانێ.

ئەوپەڕی سنووری ئەم ئەدەبە پرشنگدارە کوشندەیە، نەمانە. ئەمە سنووری کۆتایی و کاکڵەکەیەتی. دەسەڵاتە رۆحییە نوێکەی هیچ شتێکی ئەرێنی تێدانییە، بەڵکو رەتکردنەوەی دەسەڵاتی عورفی دونیاییە. لە چاخەکانی ناوەڕاستدا (دەسەڵاتی عورفی) بە بەراورد لەگەڵ ئایینگەرایی ناجەوهەری بوو، وەلێ لەسەدەی نۆزدەهەمدا پێچەوانەکەی روویدا: کاروبارە عورفییەکان پێشەنگ بوون و ئایینگەرایی مشەخۆرانەی ناجەوهەری، هەوڵی دەدا دەسەڵاتی عورفی بسوێ و بە سەریدا زاڵ بێت، لەگەڵ سلاك کردنیدا رەتبکرێتەوە. فلۆبەر بۆیە دەینووسی، تا ئەم خەڵکە و شتەکانی لە کۆڵ ببێنەوە، رستەکانی بابەتەکەیان تەنگاو دەکرد، بە تەڵەیانەوە دەکرد، بڕستیان لێ دەبڕی، رەگ و ریشەیان هەڵدکێشا و دەلاقەیان لە سەر دادەخست، وەك بەرد دەمەیی و لەگەڵیدا دەبوون بە بەرد، دەستەواژەی کتوکوێر، بێ خوێن و دەمار، بێ بڕست، بێدەنگی قووڵ لە رستەکەی دواتر جیای دەکردنەوە، لە بۆشاییەکی هەمیشەییدا بوون، نێچرەکەشیان بۆ ئەو بۆشاییە بێ کۆتاییە پەلکێش دەکرد. هەر راستییەکی — دوای راڤەکردن- لە لیستی ئامارەکانیدا دەسڕییەوە تا بە راستییەکی دوای ئەو درێژەی پێبدات. ریالیزم جگە لەو نێچیرە ماندووە غەمبارە شتێکی تر نەبوو. پێش هەموو شتێك دەبوو خۆی ئاسوودە بکات. هەر شوێنێك ریالیزم پێیدا تێپەڕێ، گژوگیای لێ شین نابێتەوە[2]. ئەو رەوتە سەپاوەی داستانی سروشتگەرا (ناچرالیستی) خۆی پێوە بەستۆتەوە، ژیان تەفروتونا دەکات، جۆرەها ئامێری

(١) دێڕی یەکەمی هۆنراوەی **جوانی** بۆدلێرة لە دیوانە شیعرییەکەیدا **گوڵەکانی شەڕ** وەرگێڕانەکەی دەبێتە: (من جوانم، ئەی یاسا، وەك خەونێك لە بەرد). برَوانة Baudelaire ,Fleurs du Mal. XVII .

(٢) رستەیەکە لە بارەی **ئاتیلا** فەرمانڕەوای نەتەوەی **هۆن** دا گوتراوە کە ئەوسا ئەورووپای تەفرو تونا کردووە.



یا ماشێنی هاوئاڕاستە، جێگای کاری مرۆیی دەگرێتەوە، ئەم رەوتە داسەپاوە تەنیا یەك بابەت لەخۆ دەگرێت ئەویش بەرەبەرە لەناوبردنی مرۆڤ، پرۆژە، خێزان، یا کۆمەڵگایەك، کە مسۆگەرە بە عەدەمی رووت کۆتایی بێت. سروشت لە وێدا لە حاڵەتی تێکدانی هاوسەنگی بەرهەمهێناندایە، نووسەر هەوڵ دەدات ئەم لاسەنگییە چارەسەر بکات، تا بە زاڵ بوون بەسەر ئەو هێزانەی رووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە بگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی فانی. کاتێك نووسەر باسی سەرکەوتنی کەسێکی بەرزەفڕمان بۆ دەکات، لە خەیاڵ بەو لاوە شتێکی تر نییە. کەسایەتی دۆستێکی جوان[1] هەرگیز ناتوانی بە زۆر قەڵاکانی بورژوا داگیر بکات، وەلێ وەك سەنگێك وایە لە نێو ئاودا بەرزبوونەوەی خۆی نابینێتەوە تەنیا بە لێك هەڵوەشان و توانەوە نەبێ. کاتێك سامبۆلیزم ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان جوانی و مردنی دۆزییەوە، هیچی نەکرد تەنیا ئەوە نەبێ، راشکاوانە بابەتی نیو سەدەی بەتەواوی سەلماند، کە جوانی بەسەرچووی تێدابوو، چونکە نەمابوو، جوانی ئافرەتانی شارستانی، و گوڵە وەریوەکان، هەروەها جوانی ئەوتۆ هەیە، دەڕزێ و لە ناو دەچێ: وەك کەلاوەکان، کە پلەیەکی بەرزن لە سوان، وەك نەخۆشی خۆرکە، خۆشەویستی وێرانکەر، و هونەری کوشندە، و مردن لە هەموو شوێنێك: لە پاش و پێشمان، تەنانەت لە تیشکی خۆر و بۆنی زەویشدا، هونەری مۆریس باریس تێڕامانە لە مردن، شت جوان نابێ مەگەر شیاوی (سوان بێ)، واتە لەگەڵ تام لێکردنی بمرێت.

ئەو یەکە زەمنییەی - بە تایبەتی - لەگەڵ ئەم جۆرە مەلهای شاهانەدا دەگونجی، چرکە ساتێکە، چونکە تێدەپەڕێ، لە هەمانکاتدا وێنەیەکی هەمیشەییە، وەك رەتکردنەوەی زەمەنی مرۆیی واتە زەمانی سێ رەهەندی کار و مێژوو. کاتماوەی دوور و درێژ پێویستە بۆ بنیادنان، وەلێ چرکەساتێك بەسە بۆ ئەوەی هەرچی هەیە لەگەڵ زەوی تەخت بکرێ. کاتێك مرۆڤ - لە سەر رۆشنایی ئەم تێگەیشتنە- لە بەرهەمی ذید ورد دەبێتەوە، ناتوانێ نکۆڵی لەو بیرۆکەیە بکات کە بەرهەمێکی تایبەتە بە نووسەری بەکاربەر (المستهلك). ئەگەر دەرئەنجامی

(١) دۆستی جوان Bel Ami نازناوی کەسایەتی جۆرج دۆروا Douroy یە پاڵەوانی داستانی **دۆستی جوان ی مۆپاسانە**، لە ساڵی ١٨٨٥ دا بڵاوکرایەوە، کەسایەتییەکی هەلپەرست و پلە و پارە ویستە، دوای ژیانی هەژاری لە رێگەی هۆگری و پلە و پایە دەگاتە ژیانی خۆشگوزەرانی، هەژاری خۆی بە ئازایەتییەکەی دەشارێتەوە و، لە گەیشتن بە پلەوپایە بیرێکی وشك و خوویەکی درندەی بێ بەزەیی دەخاتە روو. گوایە موپاسان لەداستانەکەیدا جوێنی بەم ژینگەی رۆژنامەوانی و سیاسی و خۆشگوزەرانییەی سەردەمەکەی، داوە.

سەدەیەکی کۆمیدی نەبێت کە چینی بورژوا رۆڵی خۆی تێدا گێڕاوە، لەگەڵ بڕیاری نووسەرێك لە ریزی بێکاراندا، دەبێ ئەو ئەدەبە بێ بەرامبەرە چی بێت؟. جێگای سەرسوڕمانە نموونەکانی کەسایەتی بەکاربەرن. فیلۆکتیت[١] وێڵۆنەکەی رادەست دەکات، ملیۆنەر دراوەکانی دەبەشێتەوە، برنارد دزی دەکا، و لافکادیۆ [٢] مرۆڤکوژە و مینالك کەل و پەلی ناوماڵەکەی دەفرۆشێ.

ئەم بزاوتە رووخێنەرە تا ئەوپەڕی نیازی خۆی دەروات، بۆیە بریتۆن[٣] دوای بیست ساڵ دەڵێ: (***سادەترین کاری سۆریالیستی ئەوەیە بە دەمانچەیەکەوە بچێتە سەرشەقام و تا دەتوانێ تەقە لە جەماوەر بکات بلێ بە رێکەوت بوو***). ئەمەش کۆتایی قۆناغێکە لەو قۆناغانەی هاتنیان بەدوایەکدیدا لۆجیکییە: لە سەدەی هەژدەهەم ئەدەب نکۆڵی کردن بوو، لە فەرمانڕەوایی بورژواییدا گوازرایەوە بۆ رەتکردنەوەی رەها، کە - بەهەڵە - (**خەسلەتگەلی ئیلاهی**) یان[٤] بەسەردا بڕی بوو. ئیتر بوو بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی لەناوبردنی فرەچەشن و

(١) فیلۆکتیت Philoctet مەبەستی نووسەر داستانێکی **ئەندریە ژیدە** لە ساڵی ١٨٩٩ دا بڵاوی کردۆتەوە کە لە بارەی **فیلۆکتیت** تیرهاوێژی بە توانای شەڕی **تروا**، دەدوێ، چەند تیرێکی خۆی بەرکەوت، برینەکانی کیماوییان کرد تا وای لێهات هاورێیەکانی بەداماوی جێیانهێشت، دوای بیست ساڵ یۆنانییەکان تێدەگەن کەلەشەڕی **تروا** بە بێ تیرەکانی فیلۆکتیت رزگاریان نابێت، لەبەرئەوە چوون بۆلای کە بە موعجیزە رزگاری ببوو، داوای لێدەکەن ئەو هاورێیانەی ببەخشێ کە بەجێیان هێشتبوو. پێشتر لەمەڕ ئەم بابەتە گەلێك شانۆگەری نووسراون، یەکەمیان شانۆگەری **سۆفۆکلیستە** کەبە هەمان ناوە. بەڵام ئەندریە ژید بابەتەکە دەکاتە بانگەشەیەك بۆ بەرهەمەکەی، لە بارەی پچڕاندنی هەر پەیوەندییەکی مرۆڤ بە ئەوانی ترەوە دەدوێ تا ئەو مرۆڤە بە رۆحێکی ئاسوودەوە بژی، داستانەکەشی لە شێوازی وتووێژێکی خاوەن رەوانبێژی تۆکمە دایە.

(٢) **لافاکادیۆ** پاڵەوانی داستانی: **ئەشکەوتی ڤاتیکانە** Cave du Vatican لە ساڵی ١٩١٤ دەرکەوت، لەوێدا پاڵەوانی داستانەکە ئەو بیرۆکەیە دەخاتە روو کە ئەندریە ژید لە ئەدەبەدکەیدا ناوبانگی پێ دەرکرد، ئەمەش کارێکی بە خۆڕایی و پاساو هەڵنەگرە Acte gratuity تاوانی ئەوتۆ دەکات کە هیچ پاساوێکی نییە تەنیا وەڵامدانەوەی توڕەییەکەی نەبێ. لە گەشتێکدا برادەرەکەی لە پەنجەرەی شەمەندەرەکەوە فڕێدەداتە خوارەوە و دەیکوژێ.

(٣) ئەوانەن کە بزووتنەوەی سۆریالیستیان دامەزراند، بڕوانە پەراوێزی پێشوو، دواتر نووسەر لەبارەیدا زۆر ەدەدوێ.

(٤) واتە خەسڵەتگەلی ئیلاهی.



پرشنگدار. بریتۆن دیسان نووسیویەتی: (***سۆریالیست بایەخێکی زۆر نادات بە شتێك مەبەستی لە ناوبردنی تاك نەبێت، بۆئەوەی دەروونی لە نابیناییدا بدرەوشێتەوە، درەوشانەوەیەك نە رۆحێك بێت لە ئاور، نە رۆحێك بێت لە سەهۆڵ***). دوای ئەوە شتێکی ئەوتۆ بۆ ئەدەب نەمایەوە تەنیا ململانێی دەروونی خۆی نەبێت. ئەمە ئەو کارەیە کە بەناوی سۆریالیزمەوە پێی هەستا: نووسەران حەفتا ساڵ بە مەبەستی بەکاربەر (استهلاك)ی جیهان، نووسییان، دوای سالی ١٩١٨ ەش بە نیازی بەکاربەری ئەدەب نووسییان، زۆربەی نەریتە باوەکانی ئەدەبیان لە ناوبرد و لە بەکارهێنانی وشەدا گەلێك دەسبڵاویان کرد، وای لێهات هێندێکیان بەگژ یەکتری دا دەکرد تا هەرای لێ دروست بێت، ئیتر ئەدەب لە رەتکردنەوەی رەهاوە بوو بە دوژمنی خۆی (**دژ بەری ئەدەب**): لە وەسفی ئەدەبیدا ئەوپەڕی مافی خۆی درایە، بەو هۆیەشەوە ئەڵقەی گەمارۆی بە دەوری خۆیدا تەنگتر کردەوە.

هاوکات خەمی گەورەی نووسەر ئەوە بوو، بە لاسایی کردنەوەی گێلی ئەو ئەشرافانەی چینی ئەریستۆکرات، نابەرپسی خۆی بگەیەنێ. لەبەر ئەوە دەستی کرد بە دانانی مافی بلیمەتگەرایی تا لە سەردەمی پاشایەتی پەرستراو جێگری مافی ئیلاهی بێت. لای ئەو جوانی ئەوپەڕی خۆشگوزەرانییە، کۆلکە دارە دەسووتێ، بڵێسەکەی دەگاتە هەر شتێك و دەیسووتێنی، هەموو شێوازەکانی لە ناوبردن و تێکدان خۆراکی ئەون، بە تایبەتی ئازار و مردن، لەبەر ئەوە هونەرمەند وەك قەشەیەك وایە بۆ ئەو جوانییە، بەناوی ئەوەوە مافی داواکردنی هەرشتێکی هەیە لە سروشتی جوانی، و مافی بەدبەخت کردنی هاورێیانی هەیە لە کاتی پێویستدا. وەلێ نووسەر خۆی دەمێکە دەسووتێ و بووە بە خۆڵەمێش. قوربانی تری بۆ خۆش کردنی ئاگرەکە زۆر پیویستە، بەتایبەتی ئافرەتان، کە ئازاری هونەرمەند دەدەن، ئەویش پاداشتیان دەداتەوە، ئاواتەخوازە بەدبەختی هەموو دەوروبەرەکەی بگرێتەووە. ئەگەر ئامرازی پێویستی لە دەستدا نەبوو بۆ ماڵوێران کردن، قوربانییەکانی بەسە. ئاور لە دڵی ئەو پیاو و ئافرەتانە بەردەدا کە خۆشیان دەوێ، ماڵ و سامانیان بێ سوپاس کردن و بە بێ ویژدانی خەرج دەکات. مۆریس ساکس[١] دەگێڕێتەوە: باپیری لە دایکییەوە هۆگر و شەیدای ئەناتۆل فرانس بوو، سامانێکی زۆری سەرف کرد بۆ ناوماڵەکەی بە ناوی (ظیللای سەعید)[٢]

(١) Maurice Saches نووسەرێکی هاوچەرخە.

(٢) ناوی ئەو تالارەیە کە ئەناتۆلی فرانس تیادا نیشتەجێ بوو.

کاتێك کە مرد ئەناتۆلی فرانس لە پرسەکەیدا وتی: (**زۆر هۆگری کەل و پەلی ناو ماڵ بوو، حەیفی کرد!)**. نووسەر خوازیاری ئەوەیە ماڵ و سامانی بورژوا وەربگرێ تا بیخوا و بیکات بە دووکەڵ. لە هەمانکاتدا خۆی بە بەرپرسی باڵای پرسەکان دەزانێ: وەلێ لەبەرامبەر کێ دا بەرپرسە؟ بە ناوی چ بیروباوەڕێکەوە؟ خۆ ئەگەر کارەکەی بە ئامانجی بنیاد نان بێت، دەکرێ پرسوجۆی لێ بکرێ، وەلێ لەبەر ئەوەی کارەکەی لەسەر وێرانکردنی رووت بەندە، سزادان نایگرێتەوە.

لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا لە ناو تێکڕای ئەم پرسەدا جۆرێك لە ئاڵۆزی و پێکناکۆکی لە ئارادابوو. وەلێ لە قۆناغی سۆریالیزمدا - کاتێك ئەدەب هاندرا لە تاوانی کوشتارەوە بگلێ — مرۆڤ دەبینێ کە نووسەر دوای زنجیرەی بانگەشەکانی خۆی کەوتووە، زنجیرەیەکی لۆجیکییە، کە راشکاوانە پرنسیپی بێتاوانی تەواو لەبەرامبەر هەر بەرپرسییەك رادەگەیەنێ. لەڕاستیدا نووسەر هۆیەکانی بێتاوانی خۆی روون نەکردۆتەوە، بەڵکو لە جەنگەلێ نووسینی لەخۆوە[1] دا خۆی مەلاس داوە. بەڵام هۆکارەکان دیارن، چونکە ئەریستۆکراتی نووسەرانی مشەخۆر، بەکاربەریی رووتە، بەردەوام ئەرکەکەی سووتاندنی سامانی کۆمەڵگایەکی زەحمەتکێشی بەرهەمهێنە، لەبەرئەوە ناکرێ لە بەردەم کۆمەڵگایەکدا دادگایی بکرێ کە وێرانی دەکات. بەو پێیەی ئەم وێرانکردنە رێك و پێکە، ناگاتە سنووری ریسوایی، واتە ئەرکی یەکەمی نووسەر وروژاندنی نەنگە، دەبێ ئەو مافەشی هەبێ خۆی لە تاوانی دەرئەنجامەکانی ئەم ریسواییە ببوێرێ.

چینی بورژوا لێگەڕاوە پرسەکە بە رێڕەوی خۆیدا بڕوا و بەدەم ئەم نەفامییەوە پێبکەنێ، زۆر بە لایەوە گرینگ نییە نووسەر لێ بێزار بێ: ئەم دزێوییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە چونکە تاکە خوێنەری ئەو نووسەرە خودی بورژوایە و لەگەڵ ئەودا نەبێ نادوێ، ئەمەش وەك پەیوەندی وایە لە نێوانیاندا. تەنانەت ئەگەر نووسەر شانسی ئەوەشی

---

(١) نووسینی ئۆرگانی L Ecriture automatique ئامرازێکی نووسینە لای توندرەوانی سیریالیزم، بانگەشەی ئەوە دەکا، نووسەر هەوڵ بدات تا دەتوانێ لە حاڵەتێکی نەرێنی دابێت، دوایی ئەوەی بە زەیندا دێت بیخاتە سەر کاغەز بێ ئەوەی بیر لە بابەتێکی تایبەتی یا لەدارشتنی بکاتەوە، ئەمەش لەبەر وروژاندنی لاشعور و هەڵێنجانی سەیر و سەمەرەکانی کە کۆتاییان نایات. لەوێدا ئەدەب دەبێتە تاقیکردنەوەیەك بۆ دۆزینەوەی سەیر و سەمەرەکانی لاشعور، لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە فەلسەفەکەیان راڤە بکرێت. بڕوانە: M.Carrouge: A. Breton et les Donne es Faundamentales du Surreealisme, p 125-189.



هەبێ رووبکاتە خەڵك، بورژواکان لە چی دەترسن، ئەوەی کە بڵێ ئەندێشەی بورژوا پەستی و گەندەڵییە و نارەزایەتی خەڵك بورووژێنێ؟ ئەمەش، ئایدیۆلۆژی بەکاربەری (استلاك) ی رووت، مەحاڵە چینی زەحمەتکێش بجەڵەتێنێ. بورژوا بە باشی دەزانێ نووسەر بە دزییەوە لایەنی حیزبی بورژوا دەگرێ: چونکە بۆ پاساودانی هونەرەکەی لە هەمبەر دوژمنایەتی و بەرهەڵستکردن، پێویستی پێیەتی، هەر لە ویش ئەو پارەیە وەردەگرێ کە خەرجی دەکات، خوازیاری پاراستنی رژێمی کۆمەڵایەتییە تا هەست بکا لەو نێوەندەدا بێگانەیەکی نەمرە: بەکورتی، ئەو یاخییە[1] نەك شۆڕشگێڕ.

بورژوا بە هۆی یاخبوونی ئەوان دەگاتە ئارەزووەکانی خۆی، تەنانەت هێندێك جار دەگاتە رادەیەك دەبێتە هاوبەشی تاوانیان، کەواتە بۆ ئەوە باشە هێزی نکۆڵی کردن و رەتکردنەوە لە هونەرێکی بێهوودە و لە یاخیبوونێکی ناکاریگەردا، کۆبکاتەوە، چونکە ئەم هێزانە — ئەگەر ئازادبان — دەیانتوانی لە خزمەت هێزە بەشخوراوەکان دابن، جگە لەوە خوێنەرانی بورژوا تێدەگەن ئەوەی نووسەر بانگەشەی بۆ دەکات، بەرهەمی خۆڕایی ئەدەبە. ئەم بێتاوانییە لە روانگەی نووسەرەوە کاکڵەی خودی بانگەشەی دینگەرایی و سیمای پاڵەوانییەتی پەزەکەیەتی بۆ هەر شتێکی عورفی و دونیایی، چونکە بورژواکان کاری خۆڕایی بە کارێك دادەنێن کە لە ناوەڕۆکدا بێ زیانە، و بگرە سەرگەرمیشە: ئەوان ئەدەبی بۆردۆ و بۆرجیة[2] یان پێ باشترە، لەگەڵ ئەوەشدا بە خراپی نازانن کتێبی ئەوتۆی بێ سوود هەبن، لە کاری جیددی دا ئاوەز بە لاڕێدا بەرن، و دەرفەتێکی حەوانەوەیان بۆ بڕەخسێنێ، چونکە ئاسوودەییان گەرەکە.

ئابەم شێوەیە خوێنەری بورژوا لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێ کاری هونەری کاسبی پێوە ناکرێ، کەچی ئامرازی سوودزا لە کاری هونەریدا دەستەبەر دەکات. سەرکەوتنی نووسەر، لەسەر

---

(١) یاخی بوون لەسەر بەرژەوەندی تایبەتییە دژ بە بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمان یا ئەو چینەی یاخیبووەکە پێیەوە پەیوەستە. بەڵام شۆڕش لە روانگەی شۆڕشگێڕەوە ویستی گۆڕینی رژێمە بۆ شتێکی باشتر بە ناوی بەرژەوەندی نیشتمان و نەتەوەگەری یا خێروخۆشی بۆ ئەو دەستەیەی شۆڕشگێڕی تێدایە. لە شوێنێکی تردا نووسەر درێژەی پێدەدا و باوەڕی بە یاخی بوون نییە وەلێ شۆڕش بەلایەوە رەوایە. بڕوانە: J.P. Situations, III, Le Mythe de la Revolution.

(٢) Paul Bourget(١٨٥٢-١٩٣٥) نووسەر و رەخنەگرە و ئەندامێکە لە ئەندامەکانی ئەکادیمی فەڕەنسی، **خوێندکار، گەندەڵکاری، مەتەڵی سەخت، نێوەڕۆ شەیتان** ، لە داستانەکانی ئەون. لە داستانەکانیدا بایەخی بە شیکاری کەسایەتییە ئەدەبییەکان دەدا.

خراپ تێکگەیشتنی نێوان خۆی و بورژواکان، دامەزراوە. کەواتە ئاساییە — بەوەی کە قەدری نازانن - خوێنەرەکانی لە تێگەیشتنیدا بە هەڵەدا بچن. لەبەر ئەوەی ئەدەب لەسەر دەستی نووسەر ئەو ڕەتکردنەوە ئەبستراکتەی بە خۆیەوە بینی کە خۆی دەخواردەوە، دەبوو نووسەر چاوەڕوان بێت خوێنەرانی بە جنێو و وتە هەرە ناحەزەکانی پێبکەنن و بڵێن: (ئەمە هەمووی ئەدەبە). مادام ئەدەب ڕەتکردنەوەی رووتی ئەقڵییەتی جیددی بێت، کەواتە نووسەر پێویستە بزانێ، ڕەوایە ئەوانی تر وتەکانی بە هەند وەرنەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کتێبەکانی سەردەم زیادەڕۆیین لە ڕەوتی **نهیلیزم** و ڕەنگی ریسواییان پێوەیە، کەچی بورژواکان تەواو نائاگایانە خۆیانی تێدا دەبیننەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە نووسەر — هەرچەند هەوڵبدات تا پەردەیەك لە نێوان خۆی و خوێنەرەکانی دابنێ — هەرگیز بە تەواوی لە تۆڕی کارتێکردنی ئەوان دەرباز نابێ. نووسەری بورژواش ڕاڕایە، بۆ بورژوا دەنووسێ بێ ئەوەی دانی پێدا بنێ، لەبەرئەوە بیرۆکەی زۆر شێتانە دەرداوێ، بیرۆکەکانی شتێك نین، تەنیا بڵقن لەسەر رووی ئەقڵی ئەو لەدایك دەبن، وەلێ ڕێسا هونەرییەکان خیانەتی پێدەکەن، چونکە بە هەمان حەماسەت مامەڵەیان لەگەڵ ناکات، گوزارشت دەکات: لە ئارەزوویەکی قوڵ و راستگۆ، لە میتافیزکی لێل و لە پەیوەندی راست و ڕەوانی بە کۆمەڵگەی هاوچەرخەوە. لەگەڵ ئەو هەموو پوچییەشدا، هەر ئەندازە ئەو بابەتەی نووسەر هەڵیدەبژێرێ تێکەڵی مەینەت و خەم بێت، ڕێساکانی سەدەی نۆزدەهەم وێنەیەکی دڵنیابەخشی بورژوایی دەدەنە دەست خوێنەری فەڕەنسی.

لە راستیدا نووسەرانمان ئەم ڕێسایانەیان بە میرات بۆ بەجێماوە، وەلێ گەیاندنی بە پلەی کامڵ بوون دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆیان. سەرهەڵدانی ئەم ڕێسا هونەرییانەی کۆتایی چەرخەکانی ناوەڕاست، هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم هۆشی بیرکردنەوە کە بەهۆی ئەو هۆشەوە نووسەر هونەرەکەی خۆی ناساندووە. سەرەتا بەگێڕانەوە خەریك بوو، بێ ئەوەی لە سەر شانۆی رووداوەکان دەرکەوێ، بێ ئەوەی بیر لە ئەرکی خۆی بکاتەوە، چونکە هەرچییەك بێ، تێکڕای بابەتی داستانەکانی خاوەن ڕەگ و ریشەی نەریتی میللی یان کۆمەڵایەتی بوون. لەبەرئەوە ئەرکی نووسەر پەیوەست بوو بەو بارودۆخەوە کە تێدا دەنووسی، حوکمی سروشتی کۆمەڵایەتی بابەتی ئەدەبەکەی و بوونی پێشوەختی لە کۆمەڵگادا، ڕۆڵی نێوەندکاری (وسیط) خستبۆ ئەستۆی. لەم نێوەندکارییەدا پاساوێکی تەواو هەبوو تا بتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، بۆیە هەر ئەو شارەزای باشترین داستان بوو، وەلێ لەبری ئەوەی زارەکی بیانگێڕێتەوە، بە نووسین پێشکەشی دەکردن، کەم ڕێکدەکەوت شتێك دابهێنێ. بە رازاوەیی دەیخستنە روو، بۆ



هەرشتێکی خەیاڵی وەك مێژوونووس وابوو. کە نووسەر خۆی دەستی کرد بە خولڤاندنی رۆمان، ئەوەی بڵاوی دەکردەوە، لە داستانی خەیاڵی ئەوتۆدا دایدەڕشت کە کۆمەڵگا باوەڕی پێبکات، خۆی لە بڵاوکراوەکەیدا دەبینی، لەبەر ئەوە هەم گۆشەگیری خۆی لە کۆمەڵگادا دۆزییەوە، گۆشەگیرییەکی ئەوتۆ کارەکەی لە خۆڕاییی و تاوان بچێت، هەم لایەنی زەینگەرایی لە بەرهەمی ئەدەبییدا. بۆئەوەی لەبەر چاوی خۆی و ئەوانی تر بیشارێتەوە، بۆ ئەوەی بنەمایەك بۆ مافی خۆی لەمەڕ نووسین بچەسپێنێ، ویستی ڕواڵەتی واقیعی بە خەیاڵەکانی ببەخشێ. کاتێك نەیتوانی بوونێکی ماددی بەبەر ئەم داستانانەدا بکات — ئەمەش خەسڵەتێك بوو لە خەیاڵی کۆمەڵگاوە دەهاتە دەرێ — بڕێك جار وای دەگەیاند، گوایە لە لایەن کەسانی ترەوە نووسراون، لەبەر ئەوە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بیرەوەرین، لە ڕێی ئەو داستانبێژە ئاساییانەوە کە زارەکی داستانەکەیان بۆ دەگێرایەوە خۆی دەکردە ئەکتەری کتێبەکانی، وای دادەنا ئەوان شایەتن و نوێنەری خوێنەری واقیعی ئەون. وەك کەسایەتییەکانی ناو **دیکامرون**[1] — بە هۆی ڕەتکردنەوەیی واقیعگەریی - زۆر سەیر لە بارودۆخی کتێبەکە نزیك دەکەوتنەوە، هەر جارە یەکێکیان ڕۆڵی داستانبێژ و شایەت و ڕەخنەگریان دەگێڕا. ریالیزمی بابەتگەرای میتافیزیك سەرەتا ئاوا بوو، بە هۆی وشەکانی داستانەوە خودی شتەکان ناودێر دەکران و جیهان کەرەستەی ئەو داستانانە بوو. دواتر سەردەمی ئیدیالیزمی ئەدەبی بە دواهات کە وشەکان تەنیا لە ناو دەمێکدا نەبێ بوونیان نەبوو، یا لە داوێنی پێنووسدا، کە وشە بە کەرەستەکەیەوە دەلالەت لە ئاخێوەرێك دەکا شایەتی هەبوونی بدات، واتە کاکڵەی داستانەکە زەینگەرایی بوو کە پەی بە جیهان دەبا و دەیگۆڕێ بۆ بیرۆکە. دوای ئەوەی نووسەر ڕێگەی دەدا خوێنەر پەیوەندی راستەوخۆ بەبابەتەکەوە بکات، هۆشی ئەوەی پەیدا کرد هەست بکا ڕۆڵی نێوەندکاری هەیە، ئەم نێوەندکارییەش لە گێرانەوەیەکی خەیاڵیدا خۆی دەنواند. لەوکاتەوە هەر داستانێك - کە پێشکەش بە خوێنەر دەکرا — خەسڵەتێکی سەرەکی هەبوو کە — پێش ئەوەی بخرێتە روو — دەرئەنجامی بیرکردنەوە بوو، واتە ڕێك و پێك، پاڵێورا و پوختەکراو، بە واتایەکی روونتر: لە ناو ئاپۆڕای ئەو بیرۆکانەوە دەبینرا، کە نووسەر دوای رووداوەکە ڕێکی خستبوون. لەبەرئەوە

(١) سەد داستانی داستاننووسی ئیتالی **بۆکاتشیۆ** یە، لە ساڵی ١٣٥٥ نووسراوە دە کوڕ و دە کچی لاو لە ماوەی دە رۆژدا دەیگێرنەوە، لە هەر رۆژێکدا دە داستان.

ئاسایی بوو زەمەنی (ملحمە) لەشکرکێشی — کە لە دایك بووی کۆمەڵگاکەی بوو — ئێستا بێ، لەکاتێکدا زەمەنی داستان هەمیشە رابردووە. داستان هەر لە بوکاتشیۆ را بگرە تا دەگاتە سرظانتس، تەنانەت داستانە فەرەنسییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمی زایینی، شێوەیان رووی لە ئاڵۆزی کرد و تێکچڕژان یا پلەبەندی کران، چونکە لەسەر رێگای خۆی، هەجو و ئەفسانە و وێناکردونیان کۆ کردەوە و کردنی بە بەشێك لە پێکهاتەی خۆی:

***وەك لە "شەیتانی لەنگ" دا هاتووە، لۆساژ شێوەی داستان بە وتەکانی ناو کتێبی "رەوشت"ی لابرۆیر و پەندەکانی لارۆشفۆکۆ دەبەخشێ، واتە بە تاڵە دەزوویەکەوە بیرۆکە و پەندەکان بە یەکەوە دەبەستێت.***

دەردەکەوێ نووسەری داستان لە بەشی یەکەمدا خوێنەرەکانی ئاگادار دەکاتەوە، پرسوجۆ و داوای لێبوردونیان لێدەکات و، جەخت لەسەر حەقیقەتی داستانەکەی دەکاتەوە، من ناوی ئەمە دەنێم زەینطەرایی یەکەم، دواتر لە رێڕەوی داستانەکەدا کەسایەتی پلە دوو دێن کە داستانبێژی یەکەم دیداری لەگەڵ کردوون، لە رێرەوی سەرەکی لادەدەن تا بەسەرهاتەکانی خۆیان بگێڕنەوە، ئەمەش زەینطەرایی دووەمە کە لەسەر بنەمای زەینطەرایی یەکەم دامەزراوە و دەیپارێزێ. بەم شێوازە هەندێك لە رووداوەکان لە قۆناخی دووەمدا دووبارە دەکەونەوە بەر زەین و بە محەکی ئەقڵ لە بێژنگ دەدرێن:

***شێوازی داستانبێژی لە نامەکاندا لە شێوەیەکی تری داستان بەو لاوە شتێکی تر نییە کە من پێشتر باسم کردووە. نامە، گێڕانەوەی زەینی داستانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی نووسیویەتی، هەر خۆی ئەکتەر و زەینی شایەتی رووداوەکەیە. وەلێ خودی رووداوەکە، ئەگەر تازەش روویدابێ، هزر کاوێژ و راڤەی دەکات. نامە هەمیشە وەپێش کاتماوە دەکەوێت کە دەکەوێتە نێوان بابەتی رووداوەکە (کە دەگەڕێتەوە بۆ رابردوویەکی نزیك) و گێرانەوەکەی کە دواتر لە کاتی بەتاڵدا ئەنجام دەدرێ.***

خوێنەران هەرگیز بە رووداوەکانی داستان سەرسام نابن، خۆ ئەگەر داستانبێژ خۆشی سەرسام بووبێ بەو رووداوانەی لە داستانەکەیدا خولقاندوونی، ئەوا ئەو سەرسوڕمانە ناگەیەنێتە خوێنەرەکەی تەنیا ئەوەنەبێ کە ئاگاداری دەکات. بەڵام نووسەری داستان پێی وایە تاکە راستی لە وتەکەیدا ئەوەیە، بیبێژێ، چونکە لە سەردەمی ئەدەبدا دەژی کە خاوەن هونەری وتووێژە. لەبەر ئەوە ئاخێوەران دەخاتە ناو داستانەکەی تا پاساو بۆ ئەو وتەیە



بێنێتەوە کە دەیبێژێ, وەلێ لەبەر ئەوەی بەوتەکانی کەسانێك وێنا دەکات کە ئەرکیان ئاخاوتنە، لە گێڕانی رۆلێکی گەندەڵ رزگار نابێت:

***ئەمە پێچەوانەی رۆڵی ئەو سۆریالیستانەیە کە دەیانەویست وێنەکێشان بە وێنە لەناوبەرن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە - لە رێگەی ئەدەبەوە - ئیعتبار بۆ ئەدەب پەیدا بکرێ.***

لە راستیدا نووسەرانی سەدەی نۆزدەهەم هەوڵەکانیان ئاڕاستەی گێڕانەوەی رووداو کرد، تا بتوانن بەشێك لەو تەڕ و تازەیی و زەبروزەنگە بۆ رووداوەکە بگەڕێننەوە، وەلێ زۆربەیان پەیرەوی تەکنیکی ئایدیالیزمیان دەکرد کە بە تەواوی لەگەڵ ئایدیالیزمی بورژوا دەگونجێت. بڕێکیش لە نووسەران لە نێوخۆیاندا وەك یەك نەبوون، وەك باربی دۆرفیلی و فرۆمینتین لەگەڵ ئەو هەموو پێکناکۆکییەدا بەردەوام سوودیان لەو تەکنیکانە وەردەگرت. بۆ نموونە مرۆڤ لە داستانی دۆمینیك دا زەینگەرایی یەکەم دەدۆزێتەوە کە بناغەی زەینگەرایی دووەمە و ئەمەی دواییش پایەی داستانەکەیە. ئەم شێوازە بە روونی لە بەرهەمەکانی  مۆباسان دا دیارە. لەبەر ئەوە پێکهاتەی کورتە چیرۆکەکانی ناگۆڕێن: سەرەتا بیسەرانی داستان دەناسێنێ کە - وەك نەریت - گرووپێکی ئەریستۆکرات و رووخۆش و بە زەوقن، دوای نانی شێوان لە تەلاری پێشوازیدا کۆدەبنەوە. ئەوە ئەو شەوەیە کە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێت بەسەر هیلاکی و سۆزدا. هەم ستەم لێکراوان و هەم یاخیبووان تێیدا نوستوون، جیهان خۆی لە کفنەکەی وەرپێچاوە تا مێژوو هەناسە بدات. لە ژێر بازنەی تیشکی لامپێکی کز هەڵگەڕاودا، شەونخونی دەکێشن و بە رێوڕەسمی تایبەتی خۆیانەوە خەریکن، خۆ ئەگەر لەنیوان ئەندامەکانیدا فرت و فێڵێك هەبێت - یا جۆرێك لە کینە و خۆشەویستی - کەس باسی ناکات، سەرەڕای ئەمە کاتێك کە ئارەزوو و رق و کینەکان دامرکانەوە: ئەو ژن و پیاوانە خەریك دەبن بە پاراستنی فەرهەنگ و رێ و رەسمەکانیان و لەبەرچاوگرتنی گریمانەکانی ئادابی پێکەوە ژیان. ئەوان وێنەیەکی هەرەباشی رژیم نیشان دەدەن. شەوی ئارام و هێوری سۆزەکان هەموویان نیشانەی سەقامگیری سیستمی بورژوا بوون لە کۆتایی سەدەدا، ئەو بورژوایەی پێی وابوو سیستمی سەرمایەداری نەمرە، هەرگیز بیری نەدەکردەوە هیچ رووداوێك رووبدات. ئەوسا چیرۆکخوانێك کە پیرەپیاوێکی دونیادیتەیە، خوێندەوار و وریا بوو، خاوەن ئەزموونی پیشەیی بوو، پزیشك، جەنگاوەر، یا هونەرمەند یا دون ذوان. لە ژیانیدا گەیشتبۆ ئەو ئوستورەی- لە هەموو شتێك بۆتەوە - کە هەرکەسێك بیگاتێ لەدەست ئارەزوو و هەوەسەکانی رزگار دەبێت، بە چاوی سەرکەوتووی لێبووردە سەیری بەسەرهاتی رابردووی دەکات. دڵی وەك شەو

ئارامە، لە کاریگەری ئەو مێژووەی دەیگێڕایەوە، دەرباز ببوو، ئەگەر ئازاریشی لەدەست چێشتبێ، لەو ئازارە شیرنی دروست کردووە، جارێکی تر دەگەڕێتەوە بە چاوی حەقیقەتەوە لێی دەڕوانێ، واتە بەچاوی نەمریی.

لە راستیدا شێواوی هەبوو، وەلێ ماوەیەکی دوورودرێژە کۆتایی هاتووە، ئەکتەرەکانی یا مردوون، یا هاوسەرگیرییان ئەنجام داوە، یا ئاسودە بوون. بەم پێیە کارەساتێکی تەمەن کورت بووە، هەر زوو لە ناو چووە، بە ناوی ئەزموون و حیکمەتەوە دەگێڕدرێتەوە و بە ناوی نەزمیشەوە دەبیسرێ. لە وێدا نەزم زاڵە، هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، بە چاوی پەشێوی رابردوو سەیری دەکرێ کە لە ناوچووە، وەك چۆن ئاوی مەند لە رۆژێکی ساو و ئارامدا یادی رۆژانی شەپۆلاوی، دەکاتەوە. دەبێ هەرگیز ئاوا شێواوی بووبێ؟ تەنانەت وەبیر هێنانەوەی ئەو گۆڕانکارییە کتوپڕە دوور نەبوو ببێتە هۆی ترسی کۆمەڵگای بورژوایی. سەرکردە و پزیشك، بیرەوەرییەکانیان بە کەرەستەیەکی کاڵ و کرچ ناخەنە روو کە دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکانیانن. هەر لە دەسپێکی وتەکانیان تێمان دەگەیەنن کە داستانەکانیان ناوەرۆکی ئەخلاقییان هەیە. بەم پێیە مێژوو دەبێتەوە لێکدانەوە، مەبەستەکەی بەرهەمهێنانی یاسای دەروونییە لەسەر نموونەیەك لە نموونەکان، یاساش بە پێی لێکدانەوەی هیطل وێنەیەکی ئارامی گۆڕانە. هەروەها، مەگەر گۆڕان — کە وێنەیەکی شەخسی رووداوە- لە خۆیدا رواڵەتێك نییە لە رواڵەتەکان؟ مرۆڤ لە شرۆڤە کردندیدا، کاریگەری تەواو دەگێڕێتەوە بۆ هۆکاری تەواو، و پرسە چاوەڕوان نەکراوەکە دەبێتە پرسێکی چاوەڕوانکراو، و نوێش کۆن دەبێ. داستانبێژ لەهەمبەر رووداوە مرۆییەکان - بە پێی لێکدانەوەی مایرسۆن[١] - رۆڵی زانایەکی سەدەی نۆزدەهەم دەگێڕێ تایبەت بە راستییە زانستییەکان، ئەوسا لێکجیاوازەکان بکاتەوە بە وێکچوو. ئەگەر داستانبێژ ویستی - ناوبەناو لە رووی دەروون پیسییەوە - سروشتێکی پەشێو بە داستانەکەی ببەخشێت، ئەندازەی گۆڕان — بە وردی — بپێوێ لەنێوان ئەو توخمانەی لە گۆڕاندا، نەگۆڕن، وەك لە داستانە خەیاڵییەکاندا هەیە، لەوێدا نووسەر دەرفەت دەدات بە خوێنەر، تا لە پشت ئەو

(١) Meyerson فەیلەسوفێکی فەرەنسییە ماوەیەك لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد، دانەری کتێبی Realites Identites.



رووداوانەی شرۆڤە ناکرێن، هەست بە بوونی سیستمێکی هۆکارگەرایی بکات کە بەهۆی ئەوەوە دەکرێ سیستمێکی ئەقڵانی لەمەڕ جیهانی وەدیبێنێ. بەم پێیە لای نووسەری داستانەکە کە لەو کۆمەڵگا سەقامگرتووەدا گەورە بووە، گۆڕان دادەبەزێ بۆ پلەی نەبوون (واتە لە ناوچوون). ئەمەش پلەی بوونە لای ثارمینید[١] و پلەی شەڕە لای کلودل[٢]. لەسەر گریمانەی خراپە، لە شێواوی تاك بەولاوە شتێکی تر نییە کە لە دەروونێکی ناسازگار لەگەڵ ژینگەدا، هەڵقولاوە.

نووسەران مەبەستیان ئەوە نەبوو لە ناو سیستمێکی هەمیشە لە گۆڕاندابووی کۆمەڵگا و جیهان، گۆڕانکاری وردە نەزمەکان تاوتوێ بکەن، بەڵکو مەبەستیان ئەوە بوو لە وەستانی رەهادا، لە بزاوتی ئەبستراکتی نەزمێکی دابڕاو لە هاوشێوەکانی، بکۆڵنەوە. واتە ئەوان بۆ دیاریکردنی ئەوسیستمە دەگەڕێنەوە بۆ خەسڵەتە ئەبستراکتەکان. بەم پێیە لە حەقیقەتی رەهای خۆیدا ئەم بزاوتە دەناسێنن. لە کۆمەڵگایەکی سەقامگرتوودا — کە بیر لە نەمرکردنی سیستمەکەی دەکاتەوە و بەپێی داب و نەریتی باو لەسەر پێ رای دەگرێ — کەسێك کە تارمایی ئاژاوەی رابردوو زیندوو دەکاتەوە، رەونەق و گەشانەوەی پێدەبەخشێ، بە جۆرەها خشڵی ئاڵ و والای کۆن دەیڕازێنێتەوە، ئەگەر ئەو تارماییە ویستی ئاژاوە بگێڕێ، بە یەك تەکانی داردەستی جادوویی لە ناوی دەبا و زنجیرەیەك هۆکار و یاسگەلی نەمر لە جێگایان دادەنێ. لە هەناوی ئەم جادووگەرەدا — کە بە تێگەیشتن لە دیرۆك و ژیان، لە کۆت و پێوەندی هەردووکیان رزگاری بووە، بە زانیاری و ئەزموونەکانی، خۆی لە سەرووی خوێنەرانی دادەنێ.
— دەتوانین ئەو ئەریستۆکراتە باڵانشینە بناسین کە پێشتر باسمان کردووە:

***کاتێك مۆباسان داستانی لۆهۆرلای نووسی - باسی ئەو شێتییە دەکات کە هەرەشەی لێدەکرد — شێوازی نووسینەکەی گۆڕا، لەبەر ئەوەی شتێك - شتێکی ترسناك - خەریکی روودان بوو. زۆر شێواو و پەرێشان و نوقمی رووداوەکان بوو، نەیدەزانی دەیەوێ خوێنەر لەگەڵ***

(١) Parmenide (لە دەوروبەری ساڵی ٥٤٠ تا ٤٥٠ پ.ز) فەیلەسووفێکی یۆنانی دێرینە لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی (لە سروشتدا)، جیهان بە نەمر، تاك، هەمیشە هەبوو و نەبزووت، لەقەڵەم دەدات.
(٢) Paul Claudel(١٨٦٨-١٩٥٥) سیاسەتوان، نووسەر و شاعیر و ئەندامانی ئەکادیمیای فەڕەنسییە. لە سەرەتای بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا لە خانەی کۆمەڵەی سامبۆلیستەکانە دابوو. برێك لە هۆنراوەکانی بەبێ کێشی ئاساین.

***خۆیدا بەرێتە ناو ئەو شتەی مەترسی تێدایە. مات و گۆشەگیر بوو: چونکە شێتی و مردن و مێژوو، هیچ ڕێسایەکی هونەرییان نییە. لە بەر ئەوە نەیدەتوانی کار بکاتە سەر خوێنەرەکەی.***

دریژ بوونەوەی باسەکەمان لە هەمبەر ڕێبازی داستاننووسی موباسان، لەبەر ئەوەیە ئەو ڕێسا هونەرییانە لە خۆ دەگرێت کە داستاننووسە فەڕەنسییەکانی رابردوو و هاوچەرخی موباسان و دوای ئەو، پەیڕەویان کردووە. داستانبێژ هەمیشە خۆی تێدا دەنوێنێ. ڕەنگە بگاتە پلەی ئەبستراکت، و زۆرجاریش نایدرکێنێ وەلێ - هەرچۆنێك بێت — ئێمە لە ڕێگەی زەینی ئەوەوە پەی بە ڕووداوەکە دەبەین. تەنانەت کاتێك کە تەواو شاراوە بێ، مانای ئەوە نییە وەك شتێکی بێ کەڵك فڕیدراوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بۆتە کەسایەتی دووەمی ئەو نووسەرەی خەیاڵەکانی بوونەتە تاقیکردنەوەی سەر کاغەز، ئیتر نووسین دەرناهاوێژی، بەڵکو ئیلهامی دەکات بۆ پیاوێکی کامڵ و هەست ناسك و ئارام کە ڕووداوەکانی دیوە. بۆ نموونە: ئاشکرایە دۆدیە[1] خاوەنی زەینی داستانبێژی کۆڕە ئەدەبییەکان بوو، شێوازەکەی ئەو خەسڵەتانەی پێبەخشیبوو کە بۆ کەسایەتییەکی کۆمێدی پێویست بوون، بەم شێوەیەش خووخدەی خۆی ڕادەگەیاند، ئەمەش سروشتێکی خۆشەویست بوو لە وتووێژی کۆڕ و کۆمەڵی شادی و خۆشگوزەران: لە سەرسوڕمانەوە بۆ گاڵتەجاری، بۆ پرسین، بۆ وەڵامدانەوەی گوێگرانی: (ئاها! تارنان پیس بێ ئومێد بوو! یا دەزانی بۆ؟ هەزاران هۆکارت بۆ دەژمێرم...)[2] تەنانەت ئەو نووسەرە ڕیالیستانەی ویستیان ببنە مێژوونووسی بابەتگەرای سەردەمی خۆیان، کلێشەی گشتی ئەم ڕێبازە لای خۆیان دەپارێزن، واتە تێکڕای داستانەکانیان خاوەنی ژینگە و ڕووداوی هاوبەشن کە زەینی تاك و دیرۆکی نووسەر نییە، بەڵکو زەینگەرایی ئیدیاڵیزمی جیهانی و پیاوێکی بە ئەزموونە. کەواتە داستان یەکەمجار لە ڕابردوودا ڕوویداوە، ڕابردوویەکی دەستکرد بۆ دروستکردنی کاتماوەیەك لە نێوان ڕووداوەکان و خوێنەر، ڕابردوویەکە زەینی، هاوتای بیرەوەرییەکانی داستانبێژ، لە هەمانکاتدا ڕابردوویەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ڕووداوەکە ئەگەر لە قۆناغی گەڵاڵە بووندا، بێ کۆتایی بەجێ بهێڵدرێ، نابێتە مولکی مێژوو، وەلێ مولکی مێژوویە مادام پێش وەخت کۆتایی هاتووە.

---

(١) Alphonse Daudet (١٨٤٠-١٨٧٩) ناودارترین کورتە چیرۆك ننوسی فەڕەنسییە.

(٢) ئەم دەستەواژەیە لە داستانی (تارتاران دی تاراکسۆن -Tartarin de Taracson) ی **ئەلفۆنس دودیە** وەرگیراوە.



بەڵام ئەگەر ئەم وتەیەی ذانيية کە دەڵێ بیرەوەری لەگەڵ ژیاندنەوەی ڕابردوو جیاوازە-ژیاندنەوەیەك هاوشێوەی ڕۆیشتن بەدەم خەوەوە - ڕاست بێت، لەو ڕووەوە کە ئەم ژیاندنەوەیە، ڕووداو لە کاتماوەی ڕوودانی تایبەت بە خۆی، بەرهەم دێنێ، لە کاتێکدا بیرەوەری دەشێ تا ناکۆتا کەڵەکە بکرێت، دەکرێ گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییە لە ڕستەیەکدا یا لە کتێبێکدا، بە پێی پێویست بۆ پاساودانی داستانەکە بخرێتە ڕوو، دەتوانین بڵێین داستانی لەم جۆرە — بە چڕی کاتماوەی ڕەچاو کراو بۆ خستنە ڕووی دوورودرێژ - بەوردی جۆرێکە لە بیرەوەری. زۆر جار داستانبێژ بۆ ڕاڤە کردنی کاتماوەی خولەکێك بە درێژی هەڵوێستە دەکات، یا زۆر جار بەسەر چەند ساڵێکدا باز دەدات. بۆ نموونە دەڵێت: سێ ساڵ تێپەڕی، سێ ساڵ لە پەرێشانی و خەفەت...) باکی نییە بە هۆی ئایندەیانەوە تیشك بخاتە سەر ئێستای کەسایەتییەکان، وەك (ئەوسا بە خەیاڵیاندا نەدەهات کە ئەم کورتە دیدارە دەرئەنجامی شوومی لێدەکەوێتەوە). داستانبێژ لەوەی دەیبینێ بە هەڵەدا نەچووە، چونکە لە ڕوانگەی ئەودا، ئەم هەنووکەیە و ئایندەیە، هەردووکیان تێپەریون، و بیرەوەرییەکانی زەمەنی تاك ئاراستەیی و توانای گەڕانەوەی خۆیان لەدەسداوە، ئەمەش وایکردووە لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا و لە سەرەتاوە تا کۆتایی بڕوا. هەروەها ئەو بیرەوەرییانەی پێشکەشمان دەکات — لەگەڵ ئەو داهێنان و بیرۆکانەی ناواخنی کردوون - ئەو زانیاریانەن کە زەینییانە هەرسکراون، زۆرجار سۆز و بەرهەمی ئەوتۆی وەك نموونەی یاسای دەروونی ئادەمیزادی تێدا پێشکەش دەکرێ: (دانیل وەك هەر گەنجێکی تر وایە...) ( ئۆڤ، بەتەواوی مانا ژن بوو...) و (مرسیا خاوەنی کەل و پەلی شەخسی خەندە هاوەر بوو کە لە بیرۆکراتیدا ئاسایین...) بەو پێیەی ئەم یاسایانە ناشێ دەرئەنجامی بەڵگە هێنانەوەی پێش وەخت بن، نە لە ڕێگای دۆزینەوە وەدەست دێن، نە لەسەر تاقیکردنەوەی زانستی بنیاد دەنرێن کە ڕووداوی جیهانی بن، لەبەر ئەوە ئەم یاسایانە خوێنەر بەرەو زەینگەراییەك دەبەن کە ئەم شێوازانەی بە ژیانێکی پڕ دەردەسەری وەدەست هێنابن. کەواتە دەتوانین بڵێین زۆربەی داستانە فەڕەنسییەکان لە کۆماری فەڕەنسای سێهەمدا جێگای شانازین چونکە تەمەنی نووسەرەکانیان پەنجا ساڵ بووە، لە ڕاستیدا تەمەنی نووسەر هەر چەندێك بێت، تا لە تەمەنی لاویەتی نزیك بێت ئەم بۆچوونە بەهێزتر دەبێت.

لەم کاتماوەیەدا کە چەند نەوەیەك وەخۆ دەگرێ، داستان بە شێوازێکی ڕەها دەگێڕدرایەوە، واتە لەگەڵ ڕەچاوکردنی شێواز. ئەمەش گۆڕانێکی بابەتگەرایانە بوو لە ناو نەزمێك کە پایەکانی پتەو بوون، مەترسی نە بۆ نووسەر نە بۆ خوێنەر نەبوو. هیچ ڕێکەوتێکی، چاوەڕوانی

ترسی لێنەدەکرا: چونکە ڕووداوەکە ڕێك و پێك، ڕوون، لە ڕابردوودا ڕووی دابوو. لە کۆمەڵگایەکی سەقامگیردا کە ئاگایی ئەوەندە نەبوو بزانێ چ مەترسییەك هەڕەشەی لێدەکات، کۆمەڵگایەکی خاوەن ڕەوشتی نەگۆڕ، پلەبەندی بەهاکانی تێدایە کە لەسەر بنچینەیەك دامەزراوە لە لێکدانەوەی کاروبارەکاندا پشتی پێدەبەستێت و بە کاری دێنێ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەوگۆڕانە بابەتییانەی لە ئارادایە، بڕوای وابوو لە پشتەوەی مێژوویە و هەرگیز شتێکی ئەوتۆی بەسەرنایات شایانی باس بێت، لەکۆمەڵگایەکی ئاوادا نەدەکرا بە شێوەیەکی تر پەی بە داستان ببردرێ. ئەمە حاڵی بورژوای فەڕەنسی بوو کە هەر پارچە زەوییەکی، بە شێوەیەکی جوان دابەشکراو و یەکسان وەبەرهێنا بوو، بورژوایەك لە سەر شکۆمەندی شۆڕشەکەی خەوتبوو. لەبەر ئەوەی هەوڵ و تەقەلایەکەی بۆ نوێگەری لەو ژینگەیەدا لە سایەی حەز و ئارەزووەوە بوو، سەرکەوتنی کەمی بەدەست هێنا، یا نەزۆك بوو، نە لەلایەن نووسەرانەوە نە لەلایەن خوێنەرانەوە، نە لەلایەن سیستمی کۆمەڵگا و ئوستوورەکانییەوە پەسند نەکرا:

***سەرەتا لە ناو ئەم شێوازانەدا باسی ئەو شێوە سەیرە دەکەم کە نووسەران پەنایان بردە بەر ڕەوشی شانۆگەری وەك طیث[1] و لاظدان[2] و ئابیل[3] و هیرمان ...داستانەکە بە شێوەی وتووێژدا دەنووسرێ، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکان بە پیتی خوار لەنێو دوو کەوانەدا دادەنرێ. مەبەستیش ئەوەیە خوێنەر بە هاوچەرخی ڕووداوەکە دابنرێ، وەك بینەر لە بینینی شانۆیەکدا. لەم شێوازەدا ڕوون دەبێتەوە کە هونەری نواندن لە سەرەتاکانی سەدەی نوزدەهەمدا زاڵ بووە بەسەر کۆمەڵگای شارستانیدا. ئەم شێوازە هۆکارێکە بۆ دەرباز بوون لە ئوستوورەی زەینگەرایی یەکەم. وەلێ لەبەر ئەوەی وازیان لێهێناوە و ناگەڕێنەوە سەری - تا ئەندازەیەك - وا نیشان دەدات چارەسەرێکی پێ نییە بۆ پرسەکە. یەکەم لەبەر ئەوەی یارمەتی وەرگرتن لە هونەری دراوسێیی خۆی نیشانەی لاوازییە: بەڵگەی ئەوەیە، بواری ئەم هونەرەی نووسەر***

---

(١) GYP نازناوی **ماری ئەنتوانێت دی ریکیتی دی میرانۆ** (١٨٥٠-١٩٣٢) لە داستانەکانیدا باسی ژیانی ڕۆژانە دەکات، بڕێك جاران هەجووە و گیانی گاڵتە جاری بە بەردا کردووە.

(٢) Henri Lavedan (١٨٥٩-١٩٤٠) شانۆ نووسە، لە شانۆکەیدا گاڵتەی بە نەریت و کلتوور دەکرد، هێندێك جار ناواخنی دەکرد بە باس و خواسی ڕەوشت و کۆمەڵایەتی.

(٣) Abel Hermant (١٨٦٢-١٩٥٠) داستان نووس و ڕەخنەگربوو. گاڵتەی بە ژیانی پاریس و زانکۆیی دەکرد. لە داستانەکانی دواییدا بایەخی بە شیکاری وردی هەست و سۆز دەدا.



***کاری تێدا دەکات لە ڕووی ئامراز و تواناوە هەژارە. ئیتر نووسەر خۆی لە چوونە ناو زەینی پاڵەوانەکانی نابوێرێ و خوێنەرەکانیشی لەگەڵ خۆی دەبات. بە کەڵك وەرگرتن لە شێوەکانی نواندن ناوەڕۆکی ئەم زەینانە لە نێوان دوو کەوانە دابنێ و بە هێڵی خوار بیاننووسێ، بە شێواز و ڕێگایەکی چاپی ئەوتۆ کە بۆ ڕینوێنی کردن و دەرهێنانی شانۆیی بەکار دێ. لە ڕاستیدا ئەم هەوڵە نەزۆك بوو. ئەو نووسەرانەی ئەم شێوازەیان بە کار دەهێنا بە لێڵی هەستیان دەکرد، دەکرێ لە نووسینی داستان بە زەمەنی ئێستا نوێگەری بکرێت. وەلێ هێشتا تێنەگەیشتبوون کە ئەگەر سەرەتا واز لە شیوازی ڕاڤە کردن نەهێنن، ئەم نوێگەرییە مەحاڵە.***

***هەوڵی جیددی تر، وەدیهێنانی شێوەی وتوێژی دەروونی (مۆنۆلۆگ)[1] بوو لە سەر شێوازی شنتزلەر[2]. لە شێوازی جۆیس نادوێم کە خاوەن پرنسیپگەلی میتافیزکی زۆر لێك جیاوازە، دەشزانم لاربۆ وەك دەڵێ لە ژێر کاریگەری جۆیس[1] دایە، وەلێ پتر ئیلهامی لە***

---

(١) شێوەی ئاخاوتنی دەروونی **مۆنۆلۆگ** یا **لێشاوی زەین** کە ئەمڕۆ لە ئەدەبدا بەتایبەتی لە ڕۆمانی نوێ دا زۆر باوە، وە پێش شێوەکانی تر کەوتۆتەوە. پێناسەکەی بەم شێوەیە: *خستنە ڕووی بیرە لە کاتی سەرهەڵدانی لە زەیندا پێش دروست بوون و ڕێکخستنی*. کەواتە خوێنەر لە دەروونی کەسێکدا کە گوایە لەگەڵ خۆی دەدوێت، جێگیر دەبێت. مانای هەست بەو کارانەی ئەنجامیان دەدات و ئەو ڕووداوانەی بە سەر ئەودا تێدەپەڕن، ناکات، مەگەر بە ئامادەبوونی خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕەوتی زەینی ئەودا. نە بەو مانایەی بیری ئەو بخوێنێتەوە (وەك چۆن ڕوژنامە دەخوێنێتەوە) بەڵکو بەو مانایەی لە ناو بیر و هزری ئەودا بوونی هەیە، واتە وەك بیری خۆی هەستی پێدەکات خۆی، بیر و هزرێك کە هێشتا دروست نەبووە و بەدوای خۆیدا دەگەڕێت. ئەمەش لە خەون و خەیاڵ نزیکە. بیرۆکەیەکە لەگەڵ خۆی دەدوێ (دەڵێی خەونە). بە واتایەکی تر: ئەگەر پەیوەندی زەینی مرۆڤ لەگەڵ دونیای دەرەوە بە هۆی ئەم وێنەیە وێنا بکەین، دونیای دەرەوە پتێك لە زەین دەدات و زەینیش لە کاردانەوەیدا پتێك لە دونیای دەرەوە دەسرەوێنێ، بەم جۆرە ئاخاوتنی دەروونی چرکە ساتێکی نێوان ئەم دوو زەبرەیە. بەم شێوەیە، لە شێوازی ئاخاوتنی دەروونیدا، ڕۆماننووس یا داستانبێژ خامۆشە و پاڵەوانی داستانەکە لە جیاتی ئەو دەدوێ، بەڵام نەك وەك ئەوەی لە دەفتەری یاداشتی ڕۆژانە یا لە کتێبدا دەینووسێ، بەڵکو بە شێوەی کەسێك کە بەسەرهاتی ڕابردووی خۆی دەخاتە زەمەنی ئێستا، واتە ڕووداوەکان بە زەینیدا تێدەپەڕن بێ ئەوەی بە سەر زمانیدابێن یا لە پێنووسەکەی بتکێن. کەواتە ڕووی وتەی لە هیچ کەس نییە، تەنانەت لە خۆشی (لەم ڕووە وە **ئاخاوتنی دەروونی** لەگەڵ **وتەی دەروون** جیاوازە).

(٢) Arthur Schintzler نووسەرێکی ئەڵمانییە لە ساڵی ١٨٦٢ دا لە دایك بووە، لە داستان و شانۆگەرییەکانیدا کەسایەتی خۆشگوزەران وێنا دەکات، تەنیا باسی ئێستا دەکات، شەیدای سیمانکانی بوونە، کەمتر خەماوین، کاریگەری و ڕەوانییەکی تێدایە، بایەخ بە شیکردنەوەی بارودۆخی دەروونی دەدات.

(١) Les Lauriers sont coupes داستانی نووسەری فەڕەنسی **ئیدوارد دوژاردین**ە Edoard Dujardin (١٨٦١-١٩٤٩) لە ساڵی ١٨٨٧ بڵاوکرایەوە، لە ساڵی ١٩٢٤ دوای پێداچوونەوەی لە چاپ درایەوە. پێشەکی چاپی دووەم **لاربۆ** نووسیویەتی، داستانەکە سامبۆلیکە نووسەر بە شێوازی مۆنۆلۆگی دەروونی شیکاری دەروونی

*داستانی (درەختی لە ریشە هەڵکەنراو) و* **مادمازیل ئالیس** *وەرگرتووە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە گریمانەی زەینگەرایی یەکەم تا ئەوپەڕی مەودای خۆی بڕوات و لە ڕێگەی گەیشتن بە ئایدیالیزمی ڕەها بگوازرێتەوە بۆ ریالیزم. ئەو راستییەی بێ ناوبەند (واسیتە) پێشکەش بە خوێنەر دەکرێ، خودی شتەکە نییە، درەخت یا تەپڵەکی جگەرە، بەڵکو ئەو زەینەیە کە شتەکە دەبینێ. واقیع لە وێنا کردنی زەینی بەولاوە شتێکی تر نییە. وەلێ ئەم وێنا کردنە دەبێتە واقیعی ڕەها، چونکە بێ واسیتە راستەوخۆ دەدرێ بە ئێمە. خراپی ئەم شێوازە ئەوەیە لە زەینگەرای تاکدا چەقبەستمان دەکات و ڕێگە دەگرێ لە وەدیهاتنی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ، جگە لەوە پەیبردن بە واقیع و ڕووداوەکە، مەحاڵ دەکات. بە تایبەتی کار و ڕووداوەکە لە زەیندا وێنا ناکرێن، کە زەین دەتوانێ پەی بە درەئەنجامەکانیان بەرێ نەك بە بزاوتی زیندوویان. سەرئەنجام بەبێ ساختە و تەزویر ناتوانرێ لێشاوی (شعوری) زەین بکرێ بە وشەگەلی ریزکراو، تەنانەت ئەگەر ئەو وشانە شێوێندرابیشن. ئەگەر وشە وەك  ناوبەند بەکار ببرێ و دەلالەت لە راستییەکی سەرووی زمانەوە بکات: ئەوسا وشەکە خۆی فەرامۆش دەکرێ و زەین لە شتە پەی پێبراوەکە ئاگادار دەکاتەوە، وەلێ ئەگەر وشە وەك حەقیقەتێکی دەروونی بخرێتە روو، نووسەر - لە کاتی نووسیندا — راستییەکی لێڵ (پێکناکۆك و چەند لایەنە)مان دەداتێ کە لە بوونی بابەتیدا هێمایە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ هەر شتێکی دەرەکی و لە بنەڕەتدا شتێکە وێنا کراوە (بەو مانایەی بە بێ واستەی زەین پەی پێبراوە)، بەم پێیە دەکرێ سەرزەنشت بکرێ بێ کە لایەن ماوەتەوە و بەلای هیچکام لەو دوو لایەندا نەشکاوەتەوە، و بە هیچکام لەو یاسایانەی ڕەوانبێژی کە بەم شێوەی خوارەوە دارێژراوە، نەگەیشتووە: لە ئەدەبدا، لەو بوارەدا کە نیشانەکان بەکار دێن، نابێ لە نیشانە بەولاوە شتێکی تر بەکار ببرێ، ئەگەر ئەو واقیعەی پێویستە پێناسە بکرێ، وشە بێت، دەبێ بەهۆی وشەی ترەوە پێشکەش بە خوێنەر بکرێ، هەروەها دەتوانین سەرکۆنەی بکەین کە بۆ لە بیر خۆی بردۆتەوە کە دەوڵەمەندترین گەنجینەکانی ژیانی دەروونی لە کپیدایە. ئاشکرایە چارەنووسی گوفتاری دەروونی، لەوکاتەوە کە بوو بە وتار، واتە بوو بە هۆی گواستنەوەی هۆنراوەئاسای ژیانی دەروونی، وەك کپی و گوفتار پێکەوە، ئەمرۆ بۆتە ئامرازێکی تر لە ئامرازەکانی*

---

ئەنجام دەدات. داستانی پاڵەوانێکە بیرەوەرییەکانی خۆشەویستی قووڵی ئەو بۆ کچێك کە پێی نەگەیشتووە، دەگێڕێتەوە، کۆمەڵێك پرۆژەی خەیاڵی وێنا دەکات تا ئەگەر هاتوو پێی گەیشت کچەکە گوێ نەداتە سکاڵاکانی. نووسەر بە رابەری شێوازی **جیمیس جۆیس** لەقەڵەم دەدرێ.



*داستاننووس. ئەم شێوازە لەبەر زێدەڕۆیی لە ئایدیالیزمدا  ناراستگۆ، و لەبەر زیدەرۆیی لە ریالیزمدا ناکاملە، ئەوە ترۆپکی رێساکانی هونەری خاوەن رەوتی زەینگەراییە، لەودا بەهۆی ئەوەوە ئەدەبی ئەمڕۆ ئاگایی بە خۆی پەیدا کردووە. واتە ئەدەب لە دوو رووەوە سنووری رێساکانی هونەری وتووێژی دەروونی بەزاندووە: لایەنی بابەتگەرایی و لایەنی رەوانبێژی. وەلێ ئەمە پێویستی بە گۆڕانی بارودۆخی مێژوویی هەبوو.*

*قسەی لەسەر نییە ئەمڕۆ داستاننووس بە زەمەنی رابردوو نووسینەکەی دادەرێژێ. ئەم کارەش بە گۆڕینی زەمەنی کردارەکە ئەنجام نادات، وەلێ بە ئاوەژوو کردنەوەی رێسا هونەرییەکانی چیرۆکەکە، خوێنەر دەکاتە هاوچەرخی ڕووداوەکانی داستان.*

کۆمەڵگای بورژوا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئاوەها بوو. داب و نەریت بە ئەرکی تەواوکاری تێکۆشان هەڵدەستا، خاوەنی دیمەنێکی بێ وێنەی بوو: گرووپێك زەحمەتکێش بەدەوری دروشمی بەرهەم هێنانەوە بوون، خاوەنی ئەدەبێکی دوور لە رەنگدانەوەی وێنەی خۆیان بوو کە هەرگیز لەو شتەی بەلایەوە گرینگە نادوێ، رەوتێك رەچاو دەکات ناکۆکە لەگەڵ بڕوای خۆیدا، بەلایەوە **جوانی** و **بێ بەرهەمی** یەك شتن، لە خۆگونجاندن خۆی دەبوێرێ، ئارەزووی ئەوە ناکات بخوێنرێتەوە. کەچی وێنەی چینە دەسەڵاتدارەکان لە شێوزاکانیدا، لە ناخی پێکهاتەکەی و قووڵایی یاخیبوونەکەیدا، رەنگ دەداتەوە.

نابێ سەرکۆنەی نووسەرانی ئەو سەردەمە بکەین، چونکە هەرچی لەدەستیان هات کردیان، چەند نووسەری مەزن و دڵسۆزیان تێدایە. بەو پێیەی هەر رەوشێکی مرۆیی سیمایەکی جیهانمان نیشان دەدات، رێبازەکانیان بە پێچەوانەی ویستی خۆشیان سامانی مەعنەوی ئێمە یان پتر کردووە، لەو رووەوە کە نەبوونی پاساو رەهەندێکی ناکۆتای جیهان و ئامانجێکە لەو ئامانجانەی چالاکی مرۆیی. بەو پێیەی نووسەرن، کتێبەکانیان بانگەشەی نائومێدییە بۆ ئەو خوێنەرەی گوایە رقیان لێیەتی. ئەدەبی نکۆڵی کردن بەرەو ئەوپەری مەبەستی خۆی پاڵنرا، تەنانەت وای لێهات نکۆڵی لە خۆشی بکات. لە پشت مەرگی وشەکانەوە بێ دەنگییەکی تۆخ و لە پشت ئەقڵییەتی جیددی و پووچەڵی ڕووت، ئاسمانی بەهاکانمان نیشان دەدات، بانگەوازی ئەوە دەکات بە تێکشکاندنی ئوستوورە و بەها باوەکان لە دەریای نەبووندا (**العدم**) مەلە بکەین.  لە مرۆڤدا لە بری پەیوەندی تایبەت لەگەڵ ئاسمانی ئیلاهی، پەیوەندی نزیك و شاراوە لەگەڵ (**رەهای پووچ**) دا دەخاتە روو. ئەمەیە ئەدەبی هەرزەکاری، هەرزەکار لەم تەمەنەدا بێ بەرهەمە، هیچ بەرپرسییەکی لەئەستۆدا نییە، بێ شوناسە، لە تەڕی دەخوا و لە وشکی

دەنویّ، سەرباری دایك و باوکە، لیّپیچینەوە لەگەڵ باوکی دا دەکات، سامانی خیّزانەکەی بە فیڕۆ دەدات، بەشدارە لە رووخاندنی ئەو جیهانەی پەناگای منداڵی خۆی بووە. ئەگەر لە بیرمان بیّ بە وتەی کایوا[1]: جیّژن ساتیّکە لەو ساتە نەریّنییانەی گرووپ، ئەو سامانە خەرج دەکات کە کۆی کردۆتەوە، سنووری ئەو یاسایانە دەبەزیّنیّ کە خۆی دایناون، بۆ تام لەخەرج کردن، پارە خەرج دەکات، بۆ تامکردنی ویّرانی، ویّران دەکات، ئەوسا دەبینین ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەم - لە پەراویّزی کۆمەڵگایەکی سەقامگیری باوەڕ لەمەڕ ئابووری و پاشەکەوت — وەك جەژنیّکی مەزن و شکۆدارە، وەلیّ خەمناك وەك ریّوڕەسمی مردوو ناشتن، بانگەشەیەکی تیّدایە تاسەر سنووری مەرگ بۆ سووتان لە ناو ئاوری ئارەزوو و هەوەسی مەترسیداردا. کەواتە دەڵیّم ئەو ئەدەبە لە سیریالیزمدا گەیشتە ئەوپەڕی مەودای خۆی، ئیّمە بە تەواوی دەزانین ئەو ئەرکەی ئەدەب لە کۆمەڵگادا خستوویەتە سەر شانی خۆی، لەهەمبەر مانەوەی بە داخراوی، زۆر زیادەڕەوی تیّدایە. ئەرکی ئەو ئەدەبە وەك دەلاقەی دڵنیایی وابوو. هەر چۆنیّك بیّت ماوەی نیّوان جەژنی هەمیشەیی و شۆڕشی هەمیشەیی ماوەیەکی ئەوتۆ نییە.

سەرەڕای ئەمەش سەدەی نۆزدەهەم بۆ نووسەر سەردەمی تاوان و دارزان بوو. ئەگەر پیّش گواستنەوە بۆ چینیّکی تر غەیری چینەکەی خۆی، و هونەرەکەی بە خاوەن ناوەڕۆك کردبا، بە ریّگای پیّشینیانی خۆیدا رۆیشتبا وەلیّ بە ئامراز و بەرنامەی تر، دەکرا ریّگەی بدات ئەدەب لە دۆخی نەریّنی ئەبستراکت بگویّزیّتەوە بۆ دۆخی بنیات نانیّکی خاوەن رۆاڵەتگەلی دیاری کراو، ئەوسا دەیتوانی ئەدەبیّکی پاریّزەری سەربەخۆیی خۆی، سەرلەنویّ لە کۆمەڵگادا بڵاوبکاتەوە، هەر وەك چۆن لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ئارا دابوو، ئینجا هیچ کەس بیری لەوە نەدەکردەوە ئەو سەربەخۆییەی لیّ بستیّنیّتەوە. خۆ ئەگەر ئەو ریّبازەی گرتبا بەر، دەبوو — لە تەك خستنە رووی داواکاری کریّکاران و پشتیوانی کردونیان — بە قووڵایی هونەرەکەیدا رۆبچیّت، و بزانیّ ریّککەوتنیّك هەیە — نەك لە نیّوان ئازادی تیۆرەکی بیرکردنەوە و دیموکراسی

---

(1) Roger Caillois لە نووسەرانی فەڕەنسی هاوچەرخە، لە ساڵی **١٩١٣** لە دایك بووە، لە تویّژینەوەکانیدا بایەخ بە شیّواز و بیرۆکە دەدات، شارستانییەت رەتناکاتەوە وەلیّ بە توندی رەخنەی لیّدەگریّ، تەنانەت لە خەمیدا بووە، خەون بە کۆمەڵگایەکی ریّك و پیّك دەبینیّ، وای دەبینیّ ئەو سەردەمەی تیّیدا دەژی وەك شویّنەواری رووخاو وایە. **مرۆڤ و ئەستوورە**، **تاشەبەردەکەی سیزیف**، لە کتیّبەکانی ئەو نووسەرەن.



سیاسی — بەڵکو لەنیّوان پیّویستی ماددی هەڵبژاردنی مرۆڤ وەك بابەتیّك کە هەمیشە بیری لیّدەکاتەوە لەگەڵ دیموکراتی کۆمەڵایەتی. خۆ ئەگەر ئەم کارەی ئەنجامدابا شیّوازەکەی لەخۆوە بەهیّزتر دەبوو، چونکە ئاڕاستەی وتەی دەکردە جەماوەریّك کە لە ناوخۆیدا پارچە پارچە بوو. ئەگەر هەوڵی دابا بە قاودانی ستەمی بورژوا ویژدانی چینی کریکار بجولیّنیّ، ئەوسا لە نووسراوەکانیدا ویّنەی جیهانەکەی رەنگی دەدایەوە، و دەیزانی بەفیڕۆدان — کە ویّنەیەکی شیّویّندراوی چاکەیە - لە بەخشینی راستەقینە جیا بکاتەوە کە سەرچاوەی سەرەکی کاری هونەری و بانگەوازیّکی ئاڕاستەکراوی خویّنەری ئازادە لە هەر کۆت و پیّوەندیك، باسی شیکردنەوەی دەروونی **(سروشتی مرۆیی)** بەرەو هەڵسەنگاندنی پیّکهاتەیی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، تیّدەپەڕاند. بیّگومان کۆکردنەوەی هەموو ئەمانە نەك هەر زەحمەت بگرە مەحاڵ بوو، لە داخوازییەکانیدا هەڵەی کرد، وەلیّ نەدەبوو لەپیّناوی رزگار بوون لە کۆت و پیّوەندی چینە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵی بیّ هودە بدات، یا بەرزەفرانە بە چینی زەحمەتکیشدا بڕوانیّ، بەڵکو بە پیّچەوانەوە، بە هۆی هاوبەرژەوندی و بەسترانەوەی بە جەماوەری ستەم لیّکراو، دەبوو خۆی بە بروژوایەکی دەرکراو لە چینەکەی خۆی لەقەڵەم بدات.

نابیّ لە بیرمان بچیّت ئەوەی نووسەر دۆزیویەتەوە — لە ریّگەی گوزارشت کردنیّکی شکۆدار — خیانەت کردنە لە ئەدەب. وەلیّ بەرپرسییەکەی لەوەش پتر دریّژ دەبیّتەوە. ئەگەر نووسەران ئەو هەلەیان بۆ هەڵکەوتبا لەگەڵ چینە بەشخوراوەکان کۆببنەوە، رەنگە یارمەتی جیاوازی بۆچوون و جۆراوجۆری نووسینەکانیان دابا لە هەمبەر ئەو شتەی پیّی دەوتریّ بزاوتیّکی ئایدیۆلۆجییەکان، واتە کۆمەڵیّك باوەڕی خاوەن بنەماگەلی دیالیّکتیکی روون و پیّکناکۆك. گومانی تیّدا نییە مارکسیزم لەم حاڵەتەدا سەردەکەویّت، وەلیّ بەهەزاران رەنگی جۆراوجۆر رەنگ دەکریّ، چونکە پیّویستییەتی — ئەگەر بیەویّت سەرکەویّت — دەبیّ لە تیّکڕای ئەو باوەڕە رکابەرانە ئاو بخواتەوە و هەرسیان بکات، ئینجا دوای ئەوە توانای گەشە کردن پەیدا دەکات. ئاشکرایە چی روویدا: لە بری سەدان ئایدیۆلۆجی، تەنیا دوو ئایدیۆلۆجی هەبوون: یەکەمیان لایەنگرانی ثرۆدۆن' پیّش ساڵی ١٨٧٠ لە کۆمەڵگای کارگەری نیّودەوڵەتی **ئینتەرناسیۆنال** زۆرینە بوون، دوای شکست هیّنانی کۆمۆنە بە سەختی تیّشکان، دواتر ئەو مارکسیستانەی بە سەر رکابەرەکانیاندا سەرکەوتن، نەك بە هۆی ئەو بەرهەڵستکارییە نەریّنییەی فەلسەفەی هیگڵ کە زیادەرۆ بوو لە بەرزەفری و پاریّزکاری، بەڵکو لەبەرئەوەی هیّزگەلی دەرەکی یەکیّك لە دوو لایەنە پیّکناکۆکەیان بە تەواوی سڕییەوە. هیّشتا لەم بارەیەوە کەم گوتراوە کە مارکسیزم بیّ

شانازی ئەم سەرکەوتنەی بەدەست هێناوە، لەبەر ئەوەی بەرهەڵستکارێکی نەبوو، ژیانی لەدەستدا. ئەگەر پێشەنگی ئەوانی تر با و بەردەوام لە ململانێ و گۆڕانکاری دابایە —و چەکی رکابەرانی بە دەستەوە گرتبا — بە یاساکانی هزر پشتیوانی کرابا، سەردەکەوت، وەلی چونکە تەنیا مایەوە خۆی بوو بە باوەڕی رۆحی، لە کاتێکدا نووسەرانی ئەریستۆکرات رەوش، هەزاران فەرسەخ دوور، خۆیان کردبوو بە پاسەوان بۆ ئاییینگەرایی ئەبستراکت.

ئایا کەس بڕوای وایە کە من لەم شیکردنەوانەدا لەو کەم و کوڕی و بڕگانەی جێگای رەخنەن، ئاگادارم؟ نموونەگەلی دەگمەن زۆرن، من لێیان بێ ئاگا نیم، وەلی راڤەکردونیان کتێبێکی زەبەلاحی گەرەکە، لەبەر ئەوە کامیان زۆر پێویست و برەودارە ئەویان دەخەمە روو.

وەلی پێویستە پەی بەو مەبەستە ببرێ کە ئەم شیکردنەوەیەم لەسەری دەسپێکردووە: ئەم شیکردنەوەیە مانای خۆی لەدەست دەدات ئەگەر بۆ راڤە کردنی کۆمەڵایەتییانەی ئەدەب، بە هەوڵێکی تەنانەت سەرپێییش سەیر بکرێ. هەروەك چۆن لە روانگەی سثینۆزا وە وێنا کردنی هێڵێك کە بە دەوری یەکێك لە خاڵەکانی کۆتایی خۆیدا بسووڕێتەوە، دەبێتە وێناکردنێکی ئەبستراکت و پوچ ئەگەر لە دەرەوەی چەمکی پێکهاتەیی و زەینی دیاریکراوی چێوەی بازنە لەبەرچاو بگیرێ کە وەخۆگر و تەواوکەر و ئاراستەکەرییەتی. هەروەها ئەم بۆچوون و تێبینییانە دەبنە دەستکرد ئەگەر لە چوارچێوەی بەرهەمە هونەرییەکەدا نەبن، واتە لە چوارچێوەی بانگەشەی ئازادیدا، بەدوور لە هەر کۆت و پێوەندێك. بێ جەماوەری خوێنەر و بێ ئوستوورە، نووسین بوونی نابێت: بێ خوێنەری تایبەتی کە زادەی بارودۆخێکی مێژووییە، بێ ئوستوورەی تایبەتی کە لە پانتاییەکی زۆردا پەیوەستە بە داخوازییەکانی خوێنەری ناوبراو. بەکورتی: نووسەر خاوەن پێگەیەکی تایبەتە، وەك تێکڕای خەڵك. وەلێ نووسینەکانی، وەك هەر پرۆژەیەکی مرۆیی، هەم ئەو پێگەیە لەخۆ دەگرێت، هەم دیاری دەکات و لێشی تێدەپەڕێ، تەنانەت بنەما و شیکارییەتی، وەك چۆن بیرۆکەی بازنە، شرۆڤە سوڕانەوەی راستە هێڵە.

بوونی پێگە، بنەما و مەرجی ئازادییە. شرۆڤە و لێکدانەوەی ئەو پێگەیە هیچ زیانێك بە ئازادی ناگەیەنێ. ئایدیۆلۆجی ذانسینیوس[1] ، یاسای سێ یەکگرتە، و رێساکانی **عروضی**

(١) Jansenius (١٥٨٥-١٦٣٨) قەشەی شاری **ئیبرس** بووە، دامەزرێنەری باوەڕی **ژانسینیزم**ە کە باوەڕێکی دینییە لە پرنسیپگەلی **(وەك هونەر)** چاکسازی نزیك دەبێتەوە، ونکۆڵی لە ئازادی ئیرادەی مرۆڤ دەکات، جەخت لەسەر قەدەر و بەخشندەیی ئیلاهی دەکاتەوە. پرنسیپەکانی ژانسینیزم لە پاریس گەیشتە ناو کلیسای



هۆنراوەی فەڕەنسی، نەك هەر هونەر نین، بگرە لە روانگەی هونەرەوە نەبوونی رووتن، چونکە هەرچۆنێك بێت ناتوانن - تەنیا بە رێکخستنیان — شانۆگەرییەکی باش یا دیمەنێکی باش لە دیمەنەکانی ئەو شانۆگەرییە، تەنانەت دێڕێك هۆنراوەی باش، بەرهەم بێنن. وەلێ هونەری راسین دەبوو لەسەر ئەو بنەمایە دابمەزرێ، نەك بە ملکەچ بوون **(وەك هێندێك گێل بانگەوازی بۆ دەکەن)** و کۆت و بەند کردن، بەڵکو بە پێچەوانەوە: دەبوو سەرلەنوێ داهێنانیان بۆ بکات بە دابەشکردنی پەردەکانی شانۆ و لێکدابڕینی نیو دێرەکان و سەروابەند کردونیان، بۆ ئاکاری گرۆپی پۆر رۆیالَ، بە ئەرکێکی نوێ کە خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی خودی راسین، بە شێوەیەك یەکلا کردنەوەی مەحاڵ بی بڵێین راسین زەمەن بە سەریدا سەپاندووە ئەو بابەتانە لە قالبێکدا دابڕێژێ، یا بە راستی لەبەر نیازمەندی بابەتەکەی، ئەو رێسا هونەرییانەی هەڵبژاردووە. تا بزانین ئەوەی شانۆگەری فیدر نەیتوانی ئەنجامی بدات، چییە؟ پێویستە پەنا بۆ تێکڕای زانستی مروڤناسی ببەین. وەلێ بۆ ئەوەی تێبگەین فیدر[1] چییە؟ دەبێ شانۆگەری راسین بخوێنینەوە یا گوێ بیستی ببین، واتە دەبێ ئازادی رەها بەدەست بێنین، متمانە بە سەخاوەتمەندی هونەرمەند بکەین.

ئەم نموونانەی هەڵمانبژاردن یارمەتیمان دەدەن پێگە و هەڵوێستی نووسەر لە سەردەمە جیاجیاکان روون بکەینەوە، ئەندازەی بانگەشەکەی بە ئەندازەی ئەو داخوازییانەی لێی کراوە، مەزندە بکەین، سنووری پێویستی ئەو داهێنانە لە سەر بیروڕای خوێنەر لە هەمبەر ئەو رۆڵەی نووسەر دەگێڕێ، دیاری بکەین. ئەگەر بەڕاستی جەوهەری کاری هونەری دۆزینەوەی ئازادی بێت، بە دوای ئەمەشدا مەبەست ئازاد کردنی ئەوانی تر بێت، کەواتە راستە بە شاردنەوەی شێوە جۆاوجۆرەکانی چەوساندنەوە، لەو کەسانەی کە ئازادن، تێکڕای جەوهەری ئەدەب یا برێکی، لە نووسەر دەشاردرێتەوە. ئەمەش — وەك پێویست — ئەوەی لێدەکەوێتەوە: ئەو بیرۆکانەی نووسەران لە هەمبەر پیشەکانیان وەدیدێنن، بیرۆکەی ناتەواو و کلك و گوێ بڕاون، کە هەمیشە بڕێك لە راستییان تێدایە، وەلێ ئەوە بەشێکی راستییە، ئەگەر دریغی تێدا بکرێ،

**پۆر رۆیاڵ** ئەو باوەڕە بانگەشەی توند راگرتنی رەوشت و پابەند بوون بە ئاکارەوە دەکات. لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم زۆر تەشەنەی کرد، تەنانەت زۆر لە نووسەران بڕوایان پێبوو. ئەوانەی بڕوایان پێی نەبوو **مۆلێر** و **لاڤۆنتین** بوون. لێرەدا نووسەر ئاماژە بە کاریگەری ژانسینیزم دەکات لەسەر **راسین**.

(١) شانۆگەرییەکی راسین ە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

گومڕا دەبێ. بزاوتی کۆمەڵایەتی ڕێگە دەدات لە بیرۆکەی ئەدەبیدا پەی بە لەرەی ڕووداوەکان ببرێ، سەرەڕای ئەوەی هەر کارێکی هونەری تایبەتی — لە زۆر ڕووەوە — هەموو جۆرەکانی پەیپێ بردن تێدەپەڕێنێ کە مرۆڤ دەتوانی لە هونەردا بیانگونجێنێ، چونکە ئەو بەرهەمە لە هێدنێك لایەنییەوە مەرجدار نییە، لە نەبوو (العدم) سەریهەڵداوە، جیهان بە (عدم) وە هەڵدەواسێ. جگە لەوە ئەم باسە ڕێگەی خۆش کرد تێبینی جۆرێك لە لۆجیك بکەین لە هەمبەر بیرۆکەی ئەدەب، لەبەر ئەوە دەتوانین — بێ ئەوەی لافی ئەوە لێبدەین کە مێژووی ئەدەبیات دەنووسینەوە — بزاوتی ئەو لۆجیکە لەو چاخانەی دواییدا زیندوو بکەینەوە تا لە کۆتایی ئەم بابەتەمان ناوەڕۆکی بێ خەوشی بەرهەمی ئەدەبی بخەینە ڕوو، تەنانەت ئەگەر نموونەیەك بێ بۆ چاو پێداخشاندن، لە تەك ئەوەدا نموونەی خوێنەرانی — یا کۆمەڵگایەکی - ئەوتۆ بدۆزینەوە کە بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی پێویستن.

دەڵێم ئەدەب لە سەردەمێکی دیاریکراودا لەخۆنامۆ دەبێ ئەگەر نەگاتە ئاگاییەکی ڕوون لەهەمبەر سەربەخۆیی خۆی، یا ملکەچی دەسەڵاتی عورفی (**نارۆحانی**) یا یەکێك لە ئایدۆلۆجییە سیاسییەکان بێت، بە دەستەواژەیەکی کورتتر: واتە کاتێك کە خۆی بە ئامرازێك دادەنێ نەك مەبەستێکی ڕەها لە هەر کۆت و پێوەندێك. گومانی تێدا نییە بەرهەمی ئەدەبی لەم حاڵەتەدا لە تاکڕەوی خۆیدا کویلییەتی تێدەپەڕێنێ، لەبەر ئەوە لە بەرهەمی ئاوادا هەر کتێبێك بابەتێکتی تێدایە ڕەها لە هەر کۆت و پێوەندێك، وەلێ ئەم بابەتە لە سنووری نهێنیدا دەمێنیتەوە و تێناپەڕێ. دەڵێم ئەدەبێك ئەوکاتە ئەبستراکتە کە لە ناوەڕۆك و چۆنییەتی خۆی تەواو ئاگادار نەبێ، لە پرنسیپی سەربەخۆیی ڕووکاری خۆیدا چڕ بووبێتەوە و بایەخ بە بابەتی کاری خۆی نەدات. لەم ڕوانگەوە ئەدەبی سەدەی دوازدەهەم وەك ئەدەبێکی نائەبستراکت خۆی دەنوێنێ، وەلێ لەخۆی نامۆیە و نا ئەبستراکتە، چونکە لەوێدا مانا لەگەڵ دارشتن تێکەڵ دەبێ و لێك دەچن: مرۆڤ فێری نووسین نابێ مەگەر بۆ خوا بنووسێ، هەر کتێبێك بەو ئەندازەیە ئاوێنەی جیهانە کە وەك دەستکردی یەزدان لە جیهان بدوێ، کەواتە کتێب بەرهەمێکی لاوەکییە لە پەراوێزی بەرهەمێکی خولقێندراوی مەزندا. ئەوە پیاهەڵدان و ستایش و خۆبەقوربانیکردنە، ڕەنگدانەوەیەکی ڕووتە لە بێ ئاگایی خۆیدا. لەبەر ئەم هۆیە ئەدەب دۆخی لە خۆنامۆ بوونی وەخۆ دەگرێت، واتە بەو پێیەی — هەر چۆنێك بێ — ڕەنگدانەوەیەکی ڕووتی جفاتی کۆمەڵایەتییە، دەبێتە ڕەنگدانەوەیەکی بێ ئاگا لەخۆی: واستەیەکی جیهانی کاتۆلیکییە، وەلێ بۆ نووسەر (**قەشەیەکی ڕوشنبیر**) شتێکی ڕاستەوخۆیە واتە بێ (**واستەیە**). بەوهۆیەوە جیهان



دەکاتە موڵکی خۆی وەلێ خۆی بزردەکات. بەڵام بیرۆکەی لۆجیکی ئینعکاسی دەبێ ڕەنگدانەوەی هەبێ تا لەگەڵ جیهانی هزریدا لە ناو نەچێت.

ئەو شتانەی ئەدەب لە دەستی چوو بوو - لەو سێ نمونەی پێشتر- دیتمان چۆن بە هیممەتی خۆی وەدەستی هێنانەوە. واتە گوازرایەوە لە دۆخکی ڕەنگدانەوەی نائاگا بۆ دۆخێکی واستەگەری هزری، سەرەتا زەینی نامۆ بوو، دواتر بە نامۆیی ئازاد بوو وە گوازرایەوە بە ئەبستراکت، بە واتایەکی وردتر: پێش ئەوەی ببێتە نەرێنییەکی ئەبستراکت— لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتایی سەدەی بیستەم - لە سەدی هەژدەهەم بوو بە نەرێنییەکی ڕەها. لە کۆتایی ئەم گەشەکردنەدا هەموو پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆمەڵگادا پچڕاند، تەنانەت خوێنەریشی نەمابوو. ثاولان[1] دەڵێ: هەمووان دەزانن لە سەردەمی ئێمەدا دوو جۆر ئەدەب هەیە: ئەدەبی طەند کە شایانی خوێندنەوە نییە ( **چونکە پێش وەخت خوێنراوەتەوە**)، دواتر ئەدەبی ساخلەم ئەویش ناخوێندرێتەوە، وەلێ ئەمە بە پێشوەچوونێك دادەنرێ: لە کۆتایی دابڕانی ئەدەب لە خۆبەزلزانی، لە ترۆپکی نەرینێتی خۆیدا بە بێزاری لە هەر کارتێکردنێك، ئەدەب گەیشتە قۆناغی خۆوێرانکردن. بەم واتا سووك و مەترسیدارەوە: ***ئەمە لە ئەدەب بەولاوە شتێکی تر نییە***، دواتر لەو دیاردە ئەدەبییەی ثاولان ناوی ناوە ترۆر، ئەم ترۆرە هاوکات لەگەڵ بیرۆکەی پوچی مشەخۆری، بیرۆکەی دژبەری لە دایك بوو، بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم بەو ڕێگایە دا ڕۆیی و هەزاران پەیوەندی ناهزری بەست. دواتر لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم

(١) Jean Paulhan نووسەر و ڕەخنەگرێکی فەڕەنسی هاوچەرخە، لە ساڵی ١٨٨٤ لە دایك بووە. ئەو کتێبەی نووسەر ناونیشانەکەی وەرگرتووە Les Fleurs de Tarbes ە لە ساڵی ١٩٤١ بڵاوکرایەوە. لەوێدا نووسەر شیوەن بۆ ئەدەبی نوێ دەگێڕی کە هەموو شتەکان بە پێچەوانەی ئەو داوایەن کە لە سەری دەڕوا، وەك ئەوەی ئەدەبی (التوحش) جەنگەڵ بێ: **پۆڵ کلود** خوازیارە لەسەر پاشماوەکانی جیهانی شارستانیمان جیهانێکی پیرۆز بنیاد بنێ وەك سەدەکانی ناوەڕاست، ئەندرية ذيد خوازیارە لەسەر ئەوە بوەستێ کە مرۆڤ خوازیاری نییە، هەوڵەکانی **پۆڵ ڤالیری** ش چڕ دەبێتەوە لە گوزارشت لەو شتەی فەلسەفە ناتوانێ لێکیبداتەوە، وەلێ ئەندرية **برایتۆن** سەروەری قوتابخانەی سۆریالیزم بانگەشەی سەرکەوتنی جۆرێك لە داهێنراوی نوێ دەکات کە بنەمایەکەی عاجباتی و تاوانە... تەنانەت وای لێهاتووە ئەدیبان وەك کیژۆڵان دیلی هەوا و هەوەسیان دەبن... جیگای باسی پتر نابێتەوە ... بڕوانە سەرچاوەکانی پێشوو.

هەرەسی هێنا. ترۆر — بە واتەیەکی تر- کێشەی تیرۆریستی کێشەیەکی مارسیفەتانەیە، دەکرێ ئەم ئاکارانەی تێدا بەدی بکەین:

**یەکەم:** بێزکردنی زۆر قووڵ لە هێما، قووڵ بە ئەندازەیەك لە هەر حاڵەتێکدا شتە دەلالەت لێکراوەکە لە سەر بەڵگەوشەکەوە دابنرێ[1]، و بە باشتر زانینی کار لە وتە، بەباشتر لە قەڵەمدانی ئەو وشەیەی مەبەستی شتە وەك لەو وشەیەی مەبەستی مانایەکە لە ماناکان، کە لە راستیدا دەبێتە هۆی بالاتر دانانی هۆنراوە لەسەر پەخشان، باڵاتر دانانی هزرگەلی زەینی لە هزرگەلی رێك و پێك.

**دووەم:** لە بری ئەوەی ژیان بکرێتە قوربانی ئەدەب، ئەو هەوڵە دەخەینە روو کە ئەدەب لە نێو گوزارشتاندا، گوزارشتێك بێت لە ژیان.

**سێیەم:** لەو بزاوتەدا لە لای نووسەر قەیرانێکی ویژدانی رەوشتی هەیە، واتە بڵاوبوونەوەی مشەخۆری لە ئەدەبدا کارەساتی دەردناکە. ئاوەها - بێ ئەوەی ئەدەب چرکە ساتێکیش سەربەخۆیی رووکاری خۆی لە دەستدا - لە رەتکردنەوە و پەیوەست بوون بە کلێشەوە، گۆڕا بۆ گەران بە دوای ناوەڕۆکی خۆیدا. ئەمرۆ ئێمە لە سنووری پشتەوەی بزاوتی تیرۆریستین، دەتوانین پشت بە ئەزموونی شیکارییەکانی پێشووی، ببەستین، تا خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەدەبی ئازاد و دانەبڕاو دیاری بکەین.

پێشتر وتمان نووسەر وەك پرنسیپ رووی وتەی لە تێکڕای خەڵکە، وەلێ دواتر خێرا تێبینیمان کرد تەنیا هێندێکیان بەرهەمەکانی دەخوێننەوە. لە جیاوازی نێوان خوێنەرانی ئایدیاڵ و خوێنەرانی واقیعی، هزری گشتی ئەبستراکت لە دایك بوو، واتە نووسەر لە داهاتووی نادیاردا بەردەوام ئەو بڕە خوێنەرەی دەبێت کە ئێستا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. شانازی ئەدەبی بە تایبەتی لە (گەڕانەوەی هەمیشەیی)[2] نیتچە دەچێت. کە تێکۆشانێکە دژی مێژوو.

---

(١) پێشتر نوسەر لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە باسی ئەوەی کردووە کە پەخشان لە ناوەرۆکدا دەلالەت لە شتە دەلالەت لێکراوەکان دەکات و لێیەوە دەبینرێ، وەلێ زمانی هۆنراوە چڕوپڕە.

(٢) **گەڕانەوی هەمیشەیی** Retour Eternel لە بنەچەدا دەگەرێتەوە بۆ یۆنانی دێرین، یا دەشێ رەچەڵەکی کلدانی بێت. تیورییەکە بە پێی ئەو تیورییە دوای هەزاران ساڵ شتەکان هەمان شێوەی جارانیان، کەپێش هەزاران ساڵ بوویانە، وەخۆ دەگرن، ساڵی دەسپێکی ئەم گەڕانەوەیەش پێی دەوترێ : ساڵی مەزن. بەڵام ئەم تیورییە لە فەلسەفەی نیتچەدا مانایەکی نوێی هەیە کە ناورۆکێکی رەوشتگەرای پێبەخشراوە. لای ئەو، واتە



کەواتە لێرە و لەوێ پەنا بردنە بەر ناکۆتا بوونی زەمەن بۆ پڕکردنەوەی تێشکان لە شوێن دا، دەبینین. (گەڕانەوەی ئەریستۆکرات بۆ ناکۆتایی لای نووسەرانی سەدەی حەڤدەهەم، و درێژبوونەوەیەکی بێ کۆتایی کۆڕی نووسەران و خوێنەرانی پسپۆڕی سەددەی نوزدەهەم). گومان هەڵنەگرە دووبارە بوونەوەی ئەم خوێنەرە واقیعیانەی ئەمڕۆ، دەبێتە هۆی بێبەش بوونی هەمیشەیی ژمارەیەکی زۆری خەڵك لانیکەم لە خەیاڵی نووسەردا، جگە لەوە هەمیشە بوونی خوێنەرانی داهاتوو، خوازیاری بەردەوام بوونی خوێنەرانی واقیعی هەنووکەیە کە ئەگەری بوونیان مسۆگەرە. لەبەر هەموو ئەمانە ئەم جیهانگەراییەی شکۆمەندی ئەدەبی مەبەستییەتی، جیهانگەراییەکی بەشەکییە و دابڕاوە (ئەبستراکتە). بەو پێیەی هەڵبژاردنی خوێنەر — تا ئەندازەیەك — کاریگەرە لەسەر هەڵبژاردنی بابەتەکە، ئەو ئەدەبەش — کە ئامانج و بیرۆکەی داڕشتنی، شکۆمەندییە، — دەبێ بە دابڕاوی واتە ئەبستراکت بمێنێتەوە.

وەلێ بە پێچەوانەی ئەوە، پێویستە بزانین مەبەست لە (جیهانگەرایی سنووردار) کۆمەڵێك مروڤی زیندوون لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، خۆ ئەگەر پانتایی خوێنەرانی نووسەر، تێکڕای ئەو کۆمەڵە بگرێتەوە، ئەوە ناگەیەنێ، نووسەر پێویستە دەنگدانەوەی بەرهەمەکانی لە ئێستادا سنووردار بکات: وەلێ لە بری ئەوەی خەون بە شکۆمەندییەوە ببینێ لە کۆڕ و کۆمەڵە دابڕاوەکانی داهاتوودا — کە خەونێکی مەحاڵ و پوچەڵە - بە پێچەوانەوە بیر لە کاتماوەیەکی تایبەت و سنووردار دەکاتەوە کە خۆی بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکانی خۆی، دیاری بکات. ئەو کاتماوەیە نەك نووسەر و مێژوو لێك جیاناکاتەوە، بەڵکو پێگەی دیاریکراوی نووسەر لە سەردەم و کۆمەلگاکەیدا دەخاتە روو. لە راستیدا هەر پرۆژەیەکی مرۆیی، بە پێی پرنسیپەکانی دەکشێ بەرەو بەشێکی داهاتوو. کە دەست بە چاندنی زەوی دەکەم دەبێ ساڵێك چاوەڕوانی لە بەر چاو بگرم، ئەگەر ویستم زەماوەند بکەم ئەوسا پرۆژەکەم کتوپڕ سەرتاپای پرسی ژیانم دەخاتە بەر دەستم. ئەگەر بەرەو کاروباری سیاسی چووم مانای وایە داهاتووم کردۆتە بارمتە و تا دوای مردنم درێژە دەکێشێ. نووسینیش ئاوایە.

هەر لەمڕۆوە، لە ژێر پەردەی ئازاری چاوەڕوانی بۆ تاجی نەمری، مرۆڤ بابەتەکان سادەتر و دیاریکراوتر دەدۆزێتەوە: بێ دەنطی دەریا لای ڤرکۆر بۆ ئەوە بوو بە فەرەنسییەکان بڵێ

---

نیتچە هەر چرکەساتێکی  ژیان رووداوێکی سەرپێیی نییە تێبپەڕێ، بەڵکو بەهایەکی ئەبەدی وەردەگرێ. مادام رووی داوە وەك چۆن هەبووە دەبێ بێ ئەژمار گەڕانەوەی هەبێ.

هاوکاری کردنی دوژمن ڕەت کەنەوە. خودی داستانەکە و **خوێنەرانی واقیعی** مل کەچی داگیر کردن، نەیانتوانی تا دوای داگیرکاری کاریگەرییان هەبێت. بەڵام کتێبی ریضارد رایت زیندووە چونکە باسی پرسی ئەو ڕەش پێستانە دەکات کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئارا دایە. کەواتە مەبەستمان ئەوە نییە نووسەر واز لە نەمری یادکردنەوەی دوای مردنی خۆی بێنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم نەمرییە پرسەکە یەکلا دەکاتەوە. کەواتە تا پتر بەرهەم بێنێ پتر نەمر دەبێ. دوای ئەوەش پلەی شانازی و خانەنشینی وەردەگرێ. بەڵام ئەمرۆ — لە پێناوی ئەوەی لە مێژوو ڕزگار بێت — هەر دوای مردنی، هێندێك جار کە لە ژیاندا ماوە، پلەی خانەنشینی و شانازی دەستەبەر دەکات.

ئاوایە جەماوەری خوێنەری تایبەت وەك پرسێکی بەرفراوانی (ژنانە)یە، کە تێکڕای کۆمەڵگا چاوەڕوانییەتی، پێویستە نووسەر وەریبگرێ بە وەڵامدانەوەی هەموو ئارەزووەکانی. بەڵام لەو پێناوەدا دەبێ خوێنەر ئازاد بێ لە داوایەکەی، و نووسەر ئازاد بێ لە وەڵامدانەوەکەی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نابێ هەرگیز داوایەکانی دەستەیەك یا چینێك وەسەر داواکاری دەستە یا چینەکانی تر بکەوێت، ئەگینا دووبارە تووشی دابران دەبین. بە واتایەکی تر ئەدەبی کاریگەر لە کۆمەڵگایەکی خاڵی لە چینەکان نەبێت ناگاتە سروشتی کاملی خۆی. تەنیا لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا نووسەر تێدەگات جیاوازی لە نێوان بابەتەکەی و جەماوەری خوێنەری دانییە، چونکە بابەتی ئەدەب هەمیشە مرۆڤە لەم جیهانەدا. وەلێ خوێنەرانی (ناواقیعی) وەك دەریایەکی تاریك وان لە نزیك ڕۆخێکی کەم و ڕووناکی خوێنەرانی واقیعی، هەر لەبەر ئەوە نووسەر لەبەردەم مەترسی تێکەڵ کردنی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ و بەرژەوەندی و پرسەکانی دەستەیەکی بچووکی خۆش بەخت، دابوو. خۆ ئەگەر جەماوەری خوێنەر لەگەڵ ڕەگەزێکی تایبەتی جیهان ببێ بەیەك، ئەوسا لە سەر نووسەر پێویست دەبێ لە بارەی هەموو ڕۆڵەکانی ئەو کۆمەڵگا مرۆییەدا بنووسێ، نەك لە بارەی مرۆڤی دابڕاوی هەموو سەردەمەکان، و لە پێناوی خوێنەرێك مێژووەکەی نادیارە، بەڵکو لە بارەی هەر مرۆڤێکی هاوچەرخی نووسەر و لە پێناوی خوێنەرانی هاوچەرخی. بەمەش زاڵ دەبێ بەسەر ئەو پێکناکۆکییە ئەدەبییەی لە نێوان زەینگەرایی سترانبێژی و بابەتگەرایی پشت بەستوو بە دیتندا، هەیە. چونکە نووسەر هەمان خەباتی خوێنەر دەکات، لەکۆمەڵگایەکدا کە دابەش بوونی تێدانییە هەڵویستی نووسەر هەمان هەڵویستی خوێنەرانە. کاتێك باسی ئەوان دەکات ئەوە باسی خۆی دەکات، کەباسی خۆی دەکات ئەوە باسی ئەوان دەکات. هیچ جۆرە خۆبەزلزانییەکی ئەریستوکراتی نەیتوانی ڕێگە بگرێ لە هەڵویست



وەرگرتنی نووسەر لە بەرامبەر هەرچی لە کۆمەڵگایەکەیدا ڕووی دەدا، لەبەر ئەوە حەزی نەدەکرد بەسەر سەردەمی خۆیدا بفڕێ تا لە بەرامبەر ئەبەدییەتدا گوزارشت لە ئەرکی سەرشانی خۆی بکات، وەلێ هەڵوێستەکەی، لەو حاڵەتەدا هەڵوێستێکی جیهانی بوو، چونکە لەوێدا گوزارشتی لە ئارەزوو توڕەیی  تێکڕای خەڵك دەکرد. ئەدەبەکەی گوزارشتێك بوو لە هەموو لایەنەکانی خۆی، واتە لە گوزارشتەکەی دا وەك گیاندارێکی میتافیزیکی نەبوو لە شێوەی نووسەری سەدەکانی ناوەڕاست، نەوەك ئاژەڵێکی سایکۆلۆجی لە سەر شێوازی کلاسیکیانەی فەڕەنسییەکان، نەوەك یەکەیەك لە یەکەکانی کۆمەڵگا، بەڵکو وەك گشتێکی هەڵقوڵاو لە جیهانێکی ناو قوولایی بۆشایی. لەم حاڵەتەشدا ئەدەب دەبێتە ئەدەبێکی مرۆیی و شایستەی ئەو ناوەی بە بەژنی بڕاوە. ئاشکرایە لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا، تەنانەت لە دووریشەوە، ناکرێ بە لێك جیاکردنەوەی هەرچی نەریتی (عورفی) و ڕۆحییە شتێکی ئەوتۆ بدۆزرێتەوە شایانی باس بێت. لە ڕاستیدا بینیمان کە ئەم دابەشکردنە بۆ ڕۆحی و نەریتی وەك پێویست لەگەڵ لەخۆنامۆ بوونی مرۆڤ یەك دەگرێتەوە، دەرئەنجامی ئەوەش دەبێتە لە خۆ نامۆ بوونی ئەدەب.

ئەم شیکردنەوەیە، نیشانی داین خودی ئەم دابەشکردنە، هەمیشە بەرەو بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی ڕەشۆکی نەخوێندەوار و خوێنەرانی پیشەکار دەڕوات، یا لانیکەم بەرەنگاربوونەوەی ئارەزوومەندانی ڕووناکبیر. نووسەر چ بانگەشەی بۆ خۆی کردبێت یا نەکردبێت کە لە خزمەت خێر و کەماڵی ئیلاهی، یا لە خزمەت جوانی و ڕاستی ڕەها، دایە، هەمیشە لایەنگری دەستەی ستەمکارە. سەگی پاسەوانە یا شایانی گاڵتە پێکردن، لە هەردووکیان سەرپشکە، بیندا (داردەستی گاڵتەجاڕی) هەڵبژارد و مارسیل یش لانەی سەگ، ئەم هەڵبژاردنەش مافی خۆیان بوو، وەلێ ئەگەر ڕۆژێك ئەدەب بە تەواوی ناوەڕۆکییەوە بەهرە ببەخشێت، ئەوا نووسەر بێ ئەوەی لەگەڵ چینێك، قوتابخانەیەك، کۆڕێك بێت، بێ زیادەڕۆیی لە خۆهەڵکێشان، بێ قین لە دڵ بوون، لە جیهاندا لە نێو خەڵکی بڵاوی دەکاتەوە. ئەوسا دەبینین پرنسیپی ئەدەبی ڕۆحی دەرك ناکرێ.

لە لایەکی ترەوە ئایینگەرایی پشت بە ڕەوتێك لە ڕەوتەکان دەبەستێت، ڕەوتەکانیش لە قۆناغی خەمڵاندندا ئازادین، کە دروست بوون ئیتر دەبنە ستەم و چەوساندنەوە. کاتێك نووسەر دەگاتە ئاگایی کامڵ ئیتر نابێتە پاسەوانی هیچ پاڵەوانێك لە پاڵەوانەکانی هزر، هەرگیز — لەوەودوا - ئەو هێزە ناناسێ هانی کەسانی پێش ئەوی داوە، یا واز لە تێرامانی جیهان بێنێ تا لە ئاسمانی بەها نەگۆڕەکان رابمێنێ، دەزانێ ئیتر کارەکەی بۆ پەرستنی هیچ شتێکی ڕۆحانی

نییە، بەڵکو بۆ گیان بە بەردا کردنە. گیان بە بەرداکردنیش مانای رۆشنگەرییە. لەم جیهانە رەنگاورەنگە بابەتییە بەولاوە کە خاوەن سەنگ و چڕی و ناوچەی گشتییە، بە رووداوەکانییەوە، دواتر بەو جەنگە تێك شکێنەرەی کە جیهانی تەنگاو کردووە و بەسەردا زاڵبوونی نییە، شتێکی تر نییە ویستی ئایینگەرایی و رۆشنگەری بێت. نووسەر وەك خۆی لە جیهان دەدوێ، لە دۆخی هەرە واقیعیدا، کە خۆی هێشتا کاڵ و کرچە، ئارەقی لەسەردەرێژێ، تا لەسەر بنەمای ئازادی پێشکەش بە ئازادی تاکەکانی بکات. لەم کۆمەڵگایەی خاڵییە لە چینە کۆمەڵایەتییەکان، جیهان ئەدەب کە لەبەر دەمی خۆی دەنوێنی و چاوەڕوانی کاری ئازادانەیە، بەرەو دادوەری ئازاد دەچێ کە لە خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە ئەدەب دەبێتە خاوەن ئاگایی خۆی، چ زەینی چ لۆجیکی. ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە دەتوانن بە هۆی کتێب لە هەر چرکەساتێکدا ئاراستەی خۆیان دیاری بکەن و بەو هۆیەوە خۆشیان هەڵویستی خۆیان ببینن. وەلێ لەبەرئەوەی، وێنە حوکم بە سەر نموونەکەیدا دەکات، لەبەر ئەوەی پێشکەش کردنی وێنەکە خۆی لەخۆیدا — دواتر — نێچیری بەردەستی گۆڕانە، بەو پێیەی کاری هونەری — ئەگەر لە کۆی بابەتەکانییەوە سەیری بکرێ — تەنیا شرۆڤە کردنی ئێستا نییە، بەڵکو حوکم کردنی ئێستایە بە ناوی داهاتوو، دوایی بەو پێیەی هەر کتێبێك بانگەشەیەکە بۆ داهاتوو، کەواتە کۆمەڵگا نوینەرایەتی کردنی خۆی — بە پێی راڤە کردنی ئێمە — تێپەراندنی سنووری خۆیەتی. جیهان بابەتی مشتومڕ نییە تەنیا لەبەر ئەوەی مەیدانی بەکار بردنە، بەڵکو لەبەر ئەوەی گۆڕەپانی ئاوات و ئازارەکانی دانیشتوانییەتی. ئابەم شێوازە ئەدەبی نائەبستراکت دەبێتە پێکهاتەیەکی نەرێنیگەرایی (بەمانای رزگار بوون لە دەسکەوتی بیَواسیتة/و.فارسی)، بەو مانایەی ئەم نەرێنیگەراییە دابڕانە لە واقیع و لە پرۆژە، پرۆژەش بە مانای کرۆکی تۆکمەی سیستمی داهاتووە. ئەدەب دەبێتە جێژن، ئاوێنەیەکی ئاگر، هەرچی تیایدا رەنگ بداتەوە دەیسووتێنێ، کارێکی شەرافەتمەندانەیە، واتە داهێنانێکی ئازاد و بەهرە بەخشینە. وەلێ ئەگەر ئەدەب بتوانێ ئەم دوو دیاردە کامڵە پێکەوە کۆ بکاتەوە، تەنیا ئەوە بەس نییە ئازادی وتنی هەموو شتێك بەنووسەر بدرێ. ئەمەش مانای رەتکردنەوەی هەر دێکتاتۆریەتێك و نۆژەن کردنەوەی بەردەوامی سنووری دانراو، و سەرنگون کردنی هەر رژێمێکە بەرەو قەتیسمان بچێ. بە کورتی: ئەدەب لە ناوەڕۆکیدا زەینگەراییەکە بۆ کۆمەڵگایەك کە لە شۆڕشی بەردەوام دابێ. لەم کۆمەڵگایەدا ئەدەب ناکۆکی نێوان کار و گوتار تێدەپەڕێنێ. لە راستیدا ئەدەب - لە هەر حالەتێکدا - یەکسان نییە بە کار. راست نییە بڵێین نووسەر کار لەسەر خوێنەرانی دەکات، بەڵکو بانگەشەکەی ئاراستەی



ئازادییەکانیان دەکات. پێویستە - بۆ ئەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان کاریگەر بن — رووبەڕووی جەماوەری خوێنەری ببێتەوە لەمەڕ بەرپرسی و جوێکردنەوەیەکی بێ مەرج، واتە خوێنەران بێ مەرج، بەرهەمەکانی بە هی خۆیان بزانن. نووسراوی ئەدەبی مەرجی سەرەکی کارتێکردنە لە کۆمەڵێکی شیاوی گۆڕان و بێ وچان نوێخواز، و خۆی گەورەی خۆی بێت.

ئاوا دەکری ئەدەب بگات بە ئاگایی کامڵی خۆی، لە کۆمەڵگایەك کە نە چین، نە دێکتاتۆری و نە قەتیسمانی تێدابێ. ئەوسا ئەدەب - لەم حاڵەتە دا - پەی بەوە دەبات کە بنەما و مانا و خوێنەر و بابەت، یەك پرسن و ئازادی وتەی تیۆری و ئازادی کار تەواوکەری یەکدین. پێویستە بۆ داوای یەکێکیان ئەوی تر بەکار بهێنین، و کاتێك داخوازییەکانی خەڵك وەردەگێڕدرێ - وەرگێڕانێکی قووڵ - بە باشترین شێواز زەینگەرای تاك دەردەکەوێ. بۆ دەرخستنی زەینگەرایی خەڵکیش هەروایە کاتێك هەمان وەرگێڕان بۆ داخوازییەکانی تاك دەکرێ. ئەوسا ئەدەب دەزانێ ئەرکی سەرشانی گوزارشت کردنە لە هەر شتێك جیهانی و زەینی بێ، بۆ ئەو کەسانەی لە جیهانی زەینیدان. لە بانگەشەکەیدا نیازی رووکردنە ئازادی خەڵکە، تا پشتیوانی ئازادی مرۆیی بکەن و پێی بگەن. ئاشکرایە لێرەدا مەبەستمان یۆتۆپیا یە. کەواتە دەکرێ ئەم کۆمەڵگایە لە رووی زەینییەوە دەرك بکرێ، وەلێ ئامرازێکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە بە کردەوە پیادەی بکەین. بەڵام ئەم گریمانەیە بۆمان ئاسان دەکات، ئەو بارودۆخە ببینین کە بیرۆکەی ئەدەبی توکمە و پاکژ تیایدا رەنگدەداتەوە،. گومانی تێدا نییە ئەم بارودۆخە ئەمڕۆ نەهاتۆتە دی. لەبەر ئەوە ئێستاکە پێویستە بنووسین. خۆ ئەگەر تاوتوێکردنی لۆجیکی ئەدەب ببێتە هۆی ئەوەی کاکڵەی ئەوشتانەی لە هەمبەر پەخشاندا دەنووسرێ، ببینین، رەنگە بتوانین ئێستا وەڵامی ئەم پرسە بەپەلەیەی لەبەردەماندا ماوە، بدەینەوە: ساڵی ١٩٤٧ هەڵویستی نووسەر چی بوو؟ جەماوەرەکەی کێیە؟ دەتوانی چی بکات؟ چی دەوێ؟ پێویستە چی بنووسێ؟.